
# ڕامان

85 / 84

2004



## تەها بابان:

**دەبێ بوار بە ئەوەی نوێ بدرێ خۆی بدۆزێتەوە، بەرچاوکردنی تایبەتمەندیی خۆشمان یا سوود لە شارەزایی بیانی وەرگرین**



## سەفوەت جەراح:

**پێویستە شانۆ لە کەرتی تایبەتیدا گەشە بکات، گرفتی سەرەکی شانۆی کوردیش هونەرمەندەکان خۆیانن**



# نۆرەی ئەشقێنی

موحسین مەخمەلباف
و/ لە فارسییەوە: فەوزیە سوڵتان بەگی
(بۆکان)

**ئیستامبوڵ (شەمەندەفەر، ڕۆژ)**

گـویزەل لە شـەمـەندەفـەرەکـە دادەبەزێ. چلێ گـوڵی بەدەستەوەیە. لەوێستگەکە دەچێتە دەرێ.

**باغچەی گشتی بەردەوام**

پیرە پیاو دێتە ناو باغچە گشتییەکە. قەفەزە خاڵییەکەی لە شوێنێک دادەنێ و لەنێو دارەکاندا بە شوێن ئەو باڵندەیەدا کە ئاوازە دڵگیرەکەی باغە گشتییەکەی داگرتووە دەگەڕێ. بۆ ساتێک سەمعەکەکەی لەگوێ دەردێنێ؛ دەنگ لە دیمەنی فیلم دەبڕێ. ئەوسـیم و دوشـاخـەیەی بەسـەمـعـەکـەوەیەتی بەزەبتـەکەیەوە دەبەستێ و دەنگی باڵندەیەک لەزەبتـەکـەیەوە دەبیستێ پاشان، دەنگی زۆر دەکات، پاش تاوێک بێدەنگی، باڵندەیەک وەڵامی دەنگەکە دەداتەوە. پیرە پیاو کەیفی سازە. قەفەزەکە لەسەر کورسییەک دادەنێ و نەختێک دان بەشێوەی هێڵێک تا دەگاتە نێو قەفەزەکە ڕۆ دەکات. ئەوسا بە دەست لاسـایی باڵندەیەک دەکـاتەوە کـە بەشـوێن دانەکـاندا خـۆ بە قـەفـەزەکـەدا بـکات. دەرگـای قـەفـەزەکـە دادەخـرێ و دەستی وەبەردەکەوێ. دڵنیایە پیلانەکەی سەردەگرێ. میکرۆفۆنەکەی کە بەسیمێکی باریک و درێژەوەیە لە پەنای قەفەزەکە دادەنێ و بۆ خۆی دوور دەکەوێتـەوە و لەنێـو دارەکاندا خـۆی حەشـار دەدات، مـاوەیەک لە چاوەڕوانیـدا تێـپـەڕ دەبێ تاکـو هێـواش هێـواش دەنگی باڵندەیەک کە خـەریکە دان هەڵدەگرێتـەوە لە گوشی سەمعـەکەیەوە دەبیسـتێ، پاشان دەنگی داکەوتنی دەرگای قەفـەزەکە دێت. پیرە پیـاو بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە قەفـەزەکـە. قەلە ڕەشـەیەک بەداوەوە بووە. دەرگای قـەفـەزەکە دەکـاتەوە و قـەلە ڕەشـەکە هەڵدەفـڕێنێ و دیسـان دانی دیکە لەگیـرفـانی دەردێنێ و بەشـێـوەیەک ڕۆی دەکـات کە مـەلەکە ناچار بێت درێژەی دانە ڕژاوەکـان لەنێـو قـەفـەزەکـەدا هەڵگرێتەوە.

دەنگی خۆشی ئەو باڵندەیەی پیرە پیاوەکەی شەیدا کردووە هەروا وڵاتی داگرتووە. پیرە پیاو دیسان لەنێو دارەکاندا خۆی حەشار دەدات. بۆیاغـچـیـیـەکی قـژکـاڵ لەسـەر کورسـیـیـەکە دادەنیـشێ و چاو لە دەوروبەری دەکـات قـەفـەزەکـە سـەرنجی ڕادەکـێـشێ. چاو لە هەر لایەک دەکـات هیچ کـەس نابینێت. پیـرە پیـاو ناچار لەپشت ئەودارەی خۆی لەپشت مـات دابوو، دێتە دەرێ و بەدەست لاوە قژکاڵەکە تێدەگەیەنێ لە قەفەزەکە دوورکـەوێتـەوە، بەڵام قـژکـاڵ چاوی لە جێگایەکی دیکەیە. لەدرێژەی ڕوانینی لاوە قـژکـاڵەکـەدا گـوێزەل، ژنێکی شـۆخ و جـوانە بەلەچکەیەک سـەرو ملی داپۆشـیـوە، دێت و لە پەنای قەفەزەکە دادەنیشێ پیرە پیاو ژنەکە دەناسێتەوە و خۆی مات دەکـاتەوە. ئێـسـتـا قـەفـەزەکـە لە بەینی قژکـاڵ و گـوێزەل دایە گوێزەل چاوێک لە دەوروبەری دەکات هیچ شتێک نابینێت. پیرە پیاو لەوەی ئاوا بە باشی خۆی حەشارداوە ئۆخژنی لە دڵ دەگـەڕێ و بزەیەکی شـیـرین دایدەگرێ. گـوێزەل و بۆیاغـچی

قژکاڵیش پێدەکەنن گوێزەل لقێ گوڵ بە قژکاڵ دەدات. پیرە پیاو بۆوەی بزانێ چ باسە و لۆمی سەمعەکەکەی هەڵدەکێشێ. دەنگی قژکاڵ لەسەمعەکەی پیرە پیاوەوە دەبیسترێ.

**قژکاڵ:** ئەمن کەوشی هەمـوو کەسێ بە یادی قەدەمی تۆوە بۆیاغ دەکەم.

ئەوسا لەبەر پێی گوێزەل دادەنیشێ و کەوشەکانی بۆیاغ دەکات. گوێزەل ناهێڵێ، بەڵام قژکاڵ خێرا خێرا بۆیاغی بۆ لێ دەدات. لە نزیکەوە ڕوخساری قژکاڵ دەبینین سەیر هەوڵ دەدات پیرە پیاو بۆ ئەوەی هیچ دەنگێکی لەکیس نەچێت هەروا و لۆمی سەمعەکەکەی ئەم بارە و بار دەکات.

**گوێزەل:** خۆزگە سەربازیت کردبایە.

خۆزگە شۆفیری تاکسی بوایەی ئەو وەختە دایکم منی دەدا بە تۆ.

ئێستا بۆیاغچی بە هەموو هەوڵی خۆی کەوشی گوێزەل بۆیاغ دەکات، تەنانەت بە دەست بنی کەوشەکانیشی بۆ خاوێن دەکاتەوە. پیرە پیاو سەری سوڕماوە! گوێزەل لەسەر عەرز دادەنیشێ و فلچەی بۆیاغەکە لەدەست قژکاڵ وەردەگرێ و کەوشەکانی ئەو بۆیاغ دەکات. پیرە پیاو بەتەواوی گێژ بووە.

## تاکسی لە شەقام، شەو

تاکسیێکە بەتاڵە، قژ ڕەش لێی دەخوڕێ. ژنێک دەست هەڵدێنێ. تاکسی ڕادەوەستێ و ژنە سوار دەبێ. مۆسیقایەکی خەمناک کە لەناڵینی مرۆڤێک دەچێ، لەزەبتی تاکسیێکە بڵاودەبێتەوە. تاکسی وەڕێ کەوتووە قژ ڕەش (مێردی گوێزەل) وێنەی هاوسەرەکەی لەسەر خەرمانەکە داوە لەگەڵ سووڕانی فەرمانەکە وێنەکەی گوێزەلیش دەسووڕێ.

**ژنە موسافیرەکە:** ئەمن ژنێکی تەنیام. ئێوە جێگایەکتان نییە شەوێ لای ئێوە بمێنمەوە؟

قژ ڕەش وەر دەسووڕێ و تەماشایەکی ژنە دەکاو تورمز دەگرێ و لە گوڵفرۆشی سەرەڕێ لقێ گوڵ دەکڕێ و وەڕێ دەکەوێ. ژنە پێی وایە قژڕەش گوڵەکەی بۆ ئەو کڕیوە، دەست دەکیشێ گوڵەکە وەرگرێ، بەڵام قژڕەش لای لێ ناکاتەوە.

**ژنە موسافیرەکە:** تۆش وەک من تەنیای؟

**قژ ڕەش:** (وێنەکەی گوێزەلی نیشان دەدا) ژنەکەم لە تۆ جوانترە دوو ساڵ حەزم لێکردووە. ئەم تاکسییەم بەقیست کڕی تاکو لەگەڵ ئەو زەماوەند بکەم. من تەنیانیم بڕۆ فکرێکی دیکە بۆ خۆت بکەوە. تورمز دەگرێ تاکو ژنەکە دابەزێ. ژنە دانابەزێ!

**ژنەکە:** من هەر تەنیام مەبەستێکم نەبوو زەمانێک مێردم هەبوو، بێ وەفایی لەگەڵ کردم. یەکجار زۆرم خۆش دەویست... دەمبەی ژنەکەت ببینم؟

قژڕەش دادەبەزێ دەرگای دواوەی سەندەڵێکە دەکاتەوە پەڕۆیەک لە داشبۆرتەکە دەردێنێ و لە دەوری دەستی دەئاڵێنێ و ژنە دەکێشێتە دەرێ.

**قژ ڕەش:** بەڵێنیم بە ژنەکەم داوە لەو زیاتر دەستم لە هیچ ژنێک نەکەوێ.

ژنە بە تاقی تەنیا لە شەقامەکە لە قەراغ ئیسکلەیەک بەجێ دەمێنێ و تاکسێکە دوور دەکەوێتەوە.

## بەردەرگای ماڵی گوێزەل، درێژە

تاکسی لەبەر دەرگای ماڵی ڕادەگیرێ و قژ ڕەش بەدەم سەماو گۆرانی گوتنەوە خۆ بە ژووری دادەکات. ماڵێکی چکۆڵەیە. ژنەکەی لەماڵێ نییە. قژ ڕەش هەرای لێدەکات، بەڵام وەڵامێک نابیستێ. پاشان گوڵەکە لە حاجەتێک دەخاو لیباسەکانی دەگۆڕێ و لەبەر ئاوێنەکە خۆی ڕێک و پێک دەکاو دەستی بەسەر قژی دادێنێ. کەوشە بۆیاغ کراوەکانی گوێزەل لە ئاوێنەکەدا دیارە بریقە دەدەنەوە. لەپڕ شتێک سەرنجی قژ ڕەش ڕادەکێشێ. لەپێشدا دەڕوانێتە ئاوێنەکە. پاشان وەر دەسووڕێ و چاوی بە بەرانبەری ئاوێنەکە دەکەوێ. گوێزەل لە قوژبنێک بە دانیشتنەوە خەوی لێ کەوتووە. قژ ڕەش گوڵەکە هەڵدەگرێ و لەکاتێکدا لەبن لێوەوە گۆرانی دەڵێ دەچێ بۆ لای و گوڵەکە لە بەرلووتی گوێزەل ڕادەگرێ. گوێزەل چاو هەڵدێنێ.

## ماڵی پیرە پیاو، هەر ئەوکاتە

لە پەنای قەفەزە خاڵێکە، قەفەزێکی دیکەی لێیە قەنارییەکی تێدا زیندانی کراوە. پیرە پیاو لەپشت مێزێک کە پڕە لە سیم و کەلوپەلی کارەباو شڕوشاڵات دانیشتووە. سەمعەکەکەی لە گوێ دایە. گوێی داوەتە دەنگی گوێزەل و قژکاڵ. دیسان شریتەکە دەگێڕێتە دواوەو لەسەرڕا گوێی دەداتێ.

## باغی گشتی، ڕۆژی دوایی

قەفەزەکە لە سووچێک دانراوە. پیرە پیاو میکرۆفۆن و سیمەکەی بە کورسییەکی باغە گشتیێکەوە دەبەستێ، بەڵام ئەمجارە تەنیا بە مەبەستی ئەوەی گوێ لە قسەی ئەو دووانە بێت خۆی دەشارێتەوە. ئەمجارەش لەپێشدا بۆیاغچی قژکاڵ و پاشان گوێزەل دێن و لەسەر کورسییەکی ڕووبەڕووی کورسییەکەی دوێنێکە دادەنیشن. پیرە پیاو دەنگیان نابیسێ. هەرچی ولۆمی سەمعەکەکەی بادەدا تەنیا دەنگی ئەومەلەی لە هەولی گرتنی دایە، زیاتر دەبیستێ. گوێزەل ئەو

گوڵەی قژ ڕەش دوێ شەوهێنابوویەوە دەدا، بە قژکاڵ. پاشان هەڵدەستن و بە پەنای پیرە پیاودا ڕەت دەبن. کاتێ بە پەنای پیرە پیاودا دەڕۆن، دەنگی گوێزەل دەبیسێ.

**گوێزەل:** دەبێ ئەمڕۆ زوو بڕۆمەوە. سبەینێ وەرە هەر لەوێ پێکەوە نەهار دەخۆین.

پیرە پیاویش قەفەزو سەمعەکەکەی هەڵدەگرێ و دوابەدوای ئەواندا دەڕوات.

### هێڵی شەمەندەفەر، ڕۆژ و شەو

گوێزەل دەگاتە ئەو هێڵی ئاسنەی وا دەگاتەوە سەر ئەو کۆمەڵە باڵەخانەیەی تێیدا دەژی. قژکاڵ دڵتەنگ ڕادەوەستێ و بە چاوانێکی پڕ لە تاسەوە سەیری دوورکەوتنەوەی گوێزەل دەکات. پیرە پیاو بەدوای گوێزەلدا بە ڕێگا ئاسنەکەدا تا بەردەرگا بەدوایدا دەڕوات. گوێزەل دەچێتە ژوورێ و پیرە پیاو ڕادەوەستێ تاکو وڵات تاریک دادێ و تاکسی قژ ڕەش دێتەوە. پیرە پیاو دەچێتە پێشێ. لە دوورەوە دەیبینین لەگەڵ قژ ڕەش خەریکی چاک و خۆشییەو بەرەو لای ماڵەوە دێن.

**پیرە پیاو:** چۆن بڵێم.. من ئیدی تەمەنێکم تێپەڕ کردووە... جاری وایە لەوەی شتێکم لە وەختی خۆیدا نەگوتووە پەشیمان بوومەتەوە. ئێوە لە بەیانییەوە تاکو شەوێ زەحمەت دەکێشن بۆ وەی ژنەکەی بەختەوەر بکەی.. نەک بڵێی ئەو ئینسانێکی خراپ بێت، بەڵام کاتێ ئێوە بە ڕۆژ لە ماڵێ نین ئەو لەگەڵ پیاوێکی دیکە لەو پارکە چۆڵە چی دەکات.

هەردوو بێ دەنگ دەبن. قژ ڕەش کایە بەگوڵەکەی دەستییەوە دەکات. پاشان هەوڵ دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێت.

**قژ ڕەش:** باسی ژنەکەی من دەکەی؟

**پیرە پیاو:** کەوایە ئێوە ئەو گوڵانەی بۆ دەکڕن؟

پاشان وەک ئەوەی پەشیمان بووبێتەوە دەڕوات. قژ ڕەش هەروا لەدواوە سەیری دەکات. پاش تاوێک دەڕواتە ژوورێ، بەڵام بە پێچەوانەوەی شەوی پێشوو گۆرانی ناڵێت. لەسەرخۆ کلیلەکەی لە دەرگاکەدا دەسووڕێنی بێ دەنگ و لەپڕ دەچێتە ژوورێ.

### ماڵی گوێزەل، درێژە

دەنگی گۆرانی گوێزەل دێت و لە ژێر دەرگاکەوە هوڵم دێتە دەرێ. مانای گۆرانێکەی گوێزەل ئەوەیە: «من ئەوینی تۆ وەک نهێنییەک لە دڵمدا هەڵدەگرم»، «مەگری دڵم ناتوانێ لەبەرانبەر گریانی تۆدا خۆڕاگرێ»، «بگرە دڵم هی تۆ بێت، ئەگەر دڵم لەکن خۆم بێت دەمرم.»

قژ ڕەش بە دوودڵییەوە ساکی ژنەکەی دەکاتەوە. لە دەسرەیەکی سپی زیاتر گوڵێکی سووری لەسەر گوڵدۆزی کراوە هیچی دیکە نابینێتەوە قژ ڕەش بەرانبەری ئاوێنەکە ڕادەوەستێ، دەڕوانێتە ڕوخساری خەماوی خۆی. دەنگی گۆرانی گوتنی گوێزەل هەروا دێت.

### شەقام و تاکسی، ڕۆژی دوایی

گوێزەل بە قرتاڵەیەک کەلوپەلی چێشت لێنانەوە لەماڵێ دێتەدەرێ. قژ ڕەش لەتاکسیکەدایە و هێندێک لە دواوەتر وە شوێنی دەکەوێ. گوێزەل دەست لە تاکسیکان هەڵدێنی. قژ ڕەش خۆی پێ ڕاناگیرێ و توندتر لێ دەخوڕێ و لەبەردەم گوێزەل تورمز دەگرێ. گوێزەل لە پێشدا نیوی ئەو شوێنەی دەیویست بچێت دەڵێ. وەختێ مێردەکەی دەبینێ دادەچڵەکێ و ناچار سواری تاکسیکە دەبێت.

**قژ ڕەش:** بۆ کوێ دەچی؟

**گوێزەل:** دەمەوێ بچم هەندێ شومەک بکڕم.

**قژ ڕەش:** شتێکت دەوێ بۆ بەمن ناڵێی بیکڕم؟

**گوێزەل:** ئاخر لەماڵێ بێ تاقەت دەبم.

لە شوێنێکی دیکە گوێزەل دادەبەزێنی.

**قژ ڕەش:** زوو بگەڕێوە بۆ ماڵێ.

گوێزەل دەستی بۆ ڕادەتەکێنێ و دەڕوات. تاکسی دەورێک لێ دەدات.. لە پێچی شەقامەکەی دیکە لە شوێنێک کە ڕاوەستان قەدەغەیە تورمز دەگرێ. قژ ڕەش تاکسیکە بەجێ دێڵێ و بە پێیان بەدوای گوێزەلدا دەڕوات.

### بازاڕ، درێژە

گوێزەل لەنێو ماسییەکان، ماسییەک و لەنێو سەوزێکان دەسکێ سەوزی و نانێک لە نانەواخانە دەکڕێ و سواری عارەبانەیەک دەبێ و لەکەلی کۆڵانێکدا ون دەبێ، قژ ڕەش هێندێ دوورتر، بە شوێن عارەبانەکەدا هەڵدێ.

### دارستان، دەریا، درێژە

گوێزەل بەدەست و ئەژنۆی ئەو چرپی و چاڵەی کۆی کردۆتەوە دەشکێنی و دەینێتە سەر. ئاورەکەی کردوویەتەوە. تاوەکە لەسەر کوچکاورەکە دادەنێ و ماسییەکە لە قرتاڵەکە دەردێنێ و لەتاوەکەی دەخات قژکاڵ دەگاتێ. کەلوپەلی بۆیاغەکەی بە دارێکەوە هەڵدەواسێ و دێتە پێشێ. چاوی بە چاوی گوێزەل و ماسی و تاوەکە دەکەوێ. بەپەلە هەڵدێ و ماسییەکە لە تاوەکە دەردێنێ.

**قژکاڵ:** بیرناکەیەوە ئەم ماسییەش ئاشق بێت؟ [گوێزەل پێکەنینی بە قسەکەی دێت، بەڵام قژکاڵ نەمای خۆی گرتووە

و دوور دەکەویتەوە] ڕەنگە لە دەریا، یەکێ چاوەڕوانی بێت.،
بەرەو دەریا دەڕوات. گوێزەل بەدوایدا هەڵدێ. هەردووکیان لەنێو دارەکاندا ڕادەکەن. شاڵگەردنەکەی قژکاڵ بە لقێکەوە گیر دەکاو دادەکەوێ. گوێزەل هەڵیدەگرێتەوە و خۆی دەگەیەنێتە قژکاڵ. قژکاڵ گەیشتۆتە دەریاکە. هەردوو دەستی لە ئاوەکە ناوە. ماسییەکە لەناو حەوزی دەستەکانیدایە ئێستا هێدی هێدی خەریکە گیانی بە بەردادێ و دەجووڵێتەوە و بە بەرچاوەکانی گوێزەلەوە بەرەو ناخی دەریا دەڕوات.

**قژکاڵ:** ئەشق زیندووی کردەوە.

گوێزەل نوقمی ڕووداوەکەیە.

**قژکاڵ:** [لاقەکانی لە ئاوەکە ناوە] ئەم دەریایە منی گیرۆدە کرد. سەردەمێک لە قەراغ دەریا دادەنیشتم. عاشق بووم، بەڵام دڵدارم نەبوو، تاکو ئەتۆم دیت.

گوێزەل شاڵگەردنەکە دەخاتە سەر شانی قژکاڵ.

**گوێزەل:** ئێستاش دڵدارت نییە، چونکێ منیشت لەخۆت کرد.

بە هەڵان دووردەکەوێتە. قژکاڵ بە ئارامی بەدوایدا ڕادەکات.

قژ ڕەش لە دوورەوە ئاگای لێیانە.

## مەیدانی عارەبانەکان و ڕێگا پێچاوپێچەکانی دارستان، درێژە

گوێزەل سواری گالیسکەیەک دەبێ و بەپەلە دوور دەکەوێتەوە. قژکاڵ ناچار دەبێت بەدوایدا هەڵێت و وردە وردە خۆی بگەیەنێتە شانی عارەبانەکە. ئەسپەکان لەژێر قامچی گالیسکەچیدا بە هەموو تواناوایان غاردەدەن. قژکاڵیش سواردەبێ و شاڵگەردنەکەی دادەکەنێ و بۆ دەرەوەی کادرەکەی ڕادەدێرێ. پاش ساتێک دەستی گوێزەل بە لێچەکەیەوە دێتە ناوکادری قژکاڵەوە. قژکاڵ لێچەکەکەی ئەو بەسەر خۆی دادەدات. لە دیمەنێکی دیکەدا گوێزەل شاڵگەردنەکەی ئەوی لەسەر کردووەو تەنیا چاوەکانی دیارن. ئەسپەکان غاردەدەن. گالیسکەچی قامچییەکەی هەڵدەسووڕێنێ. با لێچەکەکەی گوێزەل لەمل ئەو دەکاتەوە و دەیباو بە لقەدارێکەوە گیری دەکا. زریکەی گوێزەل و هاواری قژکاڵ دێت. لە دوورەوە چاومان لێیە شاڵگەردنەکەی قژکاڵیش بەدەم باوە دەڕوات دەکەوێتە سەر لێچکەکەی گوێزەل. ئەسپەکان لەژێر زەربەی قامچی هەر غار دەدەن. قژڕەش وەدیاردەکەوێ و بەدوای گالیسکەکەدا ڕادەکات. قژکاڵ ئارەقی دەرداوە. ئەسپەکان، ئەسپەکان. ئەسپەکان. قامچی، قامچی، قامچی قژکاڵ، قژکاڵ، قژکاڵ. یاری شاڵگەردەن و لێچەکە کە با لەیەکیان دەئاڵێنێ.

قژ ڕەش دەسکی چەکێکی بەدەستەوە و بەدوای عارەبانەکەدا ڕادەکا. ئێستاش قامچی هەروا هەڵدەسووڕێن و لەپشتی ئەسپەکان دەدرێن. قژڕەش لەسەر گالیسکەکەیە بەو دەسکە جەکەی پێیەتی بەسەر قژکاڵ و گوێزەلدا دەدا، زریکەی گوێزەل هاواری قژکاڵ. هاواری قژڕەش. قاوچی گالیسکەچی. ڕوخساری ئەسپەکان کە غاردەکەن و لەگەڵ خۆیان گالیسکەکە بەرەو دەریا دەبەن.

## شەقام و تاکسی، تاوێک دواتر

قژڕەش قژکاڵی لەکۆڵ کردووە و بۆ لای تاکسییەکەی دەباو دەیخاتە سەر سەندەڵێکەی پشتەوە و بۆ خۆی لەپشت فەرمان دادەنیشێ، گوێزەل لەسەر سەندەڵێکەی پێشەوە بێهۆش کەوتووە، تاکسی وەڕێ دەکەوێ. قژڕەش نیگەرانی گوێزەلە. هەرای لێدەکاو بە قوربان و سەدەقەی دەبێ، بەڵام گوێزەل بێهۆشە و قژڕەش بە شڵەژاوی لێدەخوڕێ.

قژکاڵ دەجووڵێتەوە و خەریکە وەهۆش بێت، قژڕەش ئاگای لێدەبێ. تۆرمز دەگرێ و دەسکی جەکەکە لەژێر داشبۆرتەکە دەردێنێ و دیسان بەسەری قژکاڵیدا دەکوتێ. قژکاڵ بێهۆش دەبێتەوە. تاکسی بە توندی و بە سیگناڵ لێدان بە پێچەوانەی دەستی خۆی لەم شەقام بۆ ئەو شەقام دەڕوات.

## نەخۆشخانە، شەو، گالیسکە، ڕۆژ

پیرە پیاو لە ڕێڕەوە کە ڕەت دەبێ و دەچێتە ئەو ژوورەی وا گوێزەل لێی کەوتووە. لەگەڵ چوونە ژووری پیرە پیاو، گوێزەل تەماشای دەکات. پیرە پیاوە دێتە پێشێ و بەخاجاڵەتییەوە شاڵگەردنەکەی قژکاڵی دەداتە دەست.

**پیرە پیاو:** ببوورە پێم وانەبوو ئاوای لێدێ.

گوێزەل شاڵگەردنەکە وەردەگرێ. بۆنی پێوەدەکا پاشان هەڵیداون بۆ حەوا. وێنەیەکی کورت لە شاڵگەردنەکە کە با لە گالیسکەکەوە بۆ حەوای دەبات.

## دادگا، ڕۆژ

دادگاییەکی چکۆڵەیان وەڕێ خستووە. قازی و کاربەدەستانی دادگا لە شوێنی خۆیان دانیشتوون پیرە پیاو و دایکی گوێزەل لە شوێنی بینەران دانیشتوون.

**قژڕەش:** شوفێرێکی باش بووم. هەمیشە بیمەکانم لەکاتی خۆیدا دەدا. ماڵیاتم دەدا. بەژنەکەم وەفادار بووم. ژنەکەم هەموو ژیانم بوو. کاتێ ئەو خیانەتی پێ کردم، ئیتر هیچ شتێکم بۆ نەمابۆوە تاکو ئارامیم پێ ببەخشێ. هیچ کات بیرم نەدەکردەوە ڕۆژێک ببمە قاتڵ (بکوژ)

**قازی:** [دەسکی جەکی تاکسێکەی وەک کەرەسەی کوشتن

بەدەستەوەیە] تۆ مەحکوم بە ئیعدام کراوی، دوایین بەرگری خۆت بڵێ.

**قــــژڕەش:** من بەرگریم لە نامــووسم کـردووە. ئەگـەر وام نەکـردبایە لەخــۆم خــۆش نەدەبووم. من ئەرکی خــۆم بەجێ هێناوە. ئەمن ڕازیم، بەختەوەرم.

**قــازی:** بەڵام ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ناڕازیم، لە ئیعدام هیچ قـازانجێ بە قـازی ناگـات، ئەمـە کـۆمـەڵە قـازانجی پێ دەگات. دادگا بەرگری لەمافی ژیانی خەڵک دەکات جگە لە یاسا هیچ کەس مافی ساندنی ژیانی کەسێکی دیکەی نییە.. چەندەم پێ خــۆش بوو ئازادت بکەم. تێـــدەگــەم لە چ بارودۆخــێکدای، بەڵام من هیـــچم لەدەست نایەت، بەڵام چونکێ بۆ خۆت، خۆتت ناساندووە، دەتوانی بۆ خۆت شێوەی مردنەکەت هەڵبژێری.

**قژ ڕەش:** بمخەنە دەریاوە. چونکێ نەنکم دەیگوت هەرکەس لە دەریادا بمرێ جارێکی دیکە دێتەوە سەر دنیا.

**دایکی گــوێزەڵ:** (لەجێگای خـۆی هەڵدەسـتێ) زاواکـەم مەکوژن. من لێی ڕازیم ئەو کچەکەمی بەختەوەر کردبوو.

قازی بۆوەی دایکی گوێزەڵ بێ دەنگ بێت، لەسەر مێزەکە دەکوتێ.

**قازی:** ئیتر قسەیەکت نییە؟

**قـژڕەش:** با، شتێک. ئازارم دەدات. من ژنەکەم بەختـەوەر کردبوو. ئەو ژیانەم بۆ پێک هێنابوو بۆ ئاشقی بۆیاغچییەک بوو. شوفێرێکی تاکسی چی لە بۆیاغـچییەک کەمترە؟ ئێوە پێتان وایە من لەو ناحەزتر بووم؟

### دەریا، کەشتی، خۆرئاوا

کەشتـییـەک لەدەریادا بەرەو پێش دەڕوات، چەند مەلێوان قـژڕەش دێننە سـەر کـەشـتـیـیـەکـە. یەکـێـکیـان ئاڵایەک کە تەرازووی عەداڵەتی لەسەر کێشرابۆوە بەتەناف هەڵدەکێشێ. مـەلێـوانەکـان دەست و لاقی قـژڕەش دەگـرن و لەتابووتێکی دەخەن دەرگای تابووتەکە پێوە دەدەن، بەڵام وێدەچێ یەکێک لە مەلێوانەکان دەرگای تابووتەکەی جوان گیپ ناکات. پاشان بە دەسـتـووری سـەرۆکی مـەلێـوانەکـان تابووتەکـە دەخـەنە دەریاوە.

### نەخۆشخانە، ڕۆژ

دووربین بە ڕێڕەوی نەخـۆشـخـانەکـەدا دەڕوات. هاتوچۆ بەردەوامە. لە ڕادیۆوە ئەو گـۆرانییـەی گوێزەڵ لە حـەمـامـدا دەیگوت، دەبیـــسین. دووربین دەگـاتە ئەو وەتاغـەی گـوێزەڵ تێیدا کەوتووە. دایکی گوێزەڵ لە پەنایەوە دانیشتووە. گوێزەڵ بە بێـدەنگی دەڕوانێـتـە چاوەکـانی دایکی. مـاوەیەک بە بێدەنگی تێپەڕ دەبێ.

**گــوێزەڵ:** دایە بۆ ناچارت کردم لەگەڵ کەسێک خۆشم ناوێ زەماوەند بکەم؟

**دایکی گوێزەڵ:** تۆ هێشتا لە ژیان ناگەی خۆ ژیان هەمووی هەر دڵداری کردن نییە، من سێ جار ئەمەم چێشتووە.

دووربین دیسان لە ڕێڕەوەکەدا هەر بەو جێگای پێشوو پێیدا هاتبووەوە ڕێ دەکەوێ هێشتا دەنگی ئەو گۆرانییە هەر دێت. هیچ هاتـوچۆیەک لە ڕێڕەوەکەدا نییـە. دووربین دێتـە ژووری. گـوێزەڵ بە تەنیـایە. هەڵدەسـتێ. شووشـە حـەبەکـە دەکـات مـسـتـیـیـەوە و چوار چوار و پێنج پێنج بە ئاوەوە قــووتیـان دەدات. ئەوسا لیباسەکانی لە کومێدەکە دەردێنێ و لە بەریان دەکــات. هێــواش چاوێک لەڕێڕەوەکــە دەکــاو لە دیوەکــەوە دەردەکەوێ.

### بازاڕ، دەریا، درێژە

گوێزەڵ دەچێ بۆ بازاڕ، ماسییەک دەکڕێ، خۆی دەگەیەنێتە قەراغ دەریا. ماسییەکە دەخاتە حەوزێک کە بەدەستەکانی دروسـتی کـردووە، بەڵام هەرچی چاوەڕوان دەبێ مـاسـیـیـەکـە زیندوو نابێتەوە. ناچار ماسییەکە فڕێ دەداو دەڕوات.

### مەیدانی گالیسکەکان و دارستان، ڕۆژ

گـوێزەڵ دەگـاتە مـەیدانی گـالیـسکەکـان. چەند منداڵێکی گـەڕۆک خـەریکی سـازلێـدانن. گـالیـسکەیەک دەگـرێ و منداڵەکان لەگەڵ خۆی سواردەکات. گالیسکە وەڕێ دەکەوێ. ئێستا منداڵەکان سازلێدەدەن و گالیسکە دەڕواو گوێزەڵ وردە وردە حالّی بەرەو خراپ بوون دەچێ. دەست بە دڵییەوە دەگرێ و خۆی وێک دێنێ. منداڵەکان سازلێدەدەن تاکـو دەگەنە ئەو مەیدانەی گوێزەڵ جاری پێشـوو ئاورەکەی لێ کـردبۆوە. دێتە خوارێ و لە پەنای کـوچکاورە کـوژاوەکە دادەنیـشێ. پاشـان هەڵێدەکاو دەڕوانێتە گالیسکە وێستاوەکەو ئەو منداڵانەی سـاز لێـدەدەن. منداڵەکـان سـازلێـدەدەن. گـوێزەڵ وردە وردە حاڵی خراپتر دەبێ. هەرچی پووڵ لە کیفەکەیدایە دەری دێنێ و لە بەینی گـالیـسکەچی و منداڵەکـاندا بەشی دەکـات و ئاماژەیان پێدەکات بڕۆن. منداڵەکان سواری گالیسکە دەبن و بە سـازلێدان دووردەکـەونەوە. گوێزەڵ کە لەسـەرە مـەرگدایە، چاوی بڕیوەتە ئەو گـالیـسکەیەی مۆسـیـقـاکـە لەگـەڵ خـۆی دەبات. دڵێی چاوی لە مۆڵەق وەستاوە.

### پارک، ڕۆژ

پیــرە پیــاو بەســەرنجـێکی تایبـەتەوە کـەلوپەلەکـەی دادەمەزرێنێ. میکرۆفۆنێکی بچووک بە قەفەزەکەوە دەبەستێ

و سیمەکەشی بەسەمعەکەکەیەوە دەنێ و لەنێودارەکاندا خۆی دەشارێتەوە، دەنگی باڵندەکە لەزەبتە چکۆلەکەی پیرە پیاوەوە بڵاودەبێتەوە و دەنگێکی وەک ئەو لەنێو دارەکاندا وەڵامی دەداتەوە.

**شەمەندەفەر، ڕۆژ**

گوێزەل بە سواری شەمەندەفەر دێت. دەستفرۆشەکان خەریکی فرۆشتنی شتەکانیانن. فاڵگرێ فاڵ دەفرۆشێ پیرێژنێک ڕووبەڕووی گوێزەل دانیشتووە، فاڵێ هەڵدەگرێ و دەیکاتەوە و دەیداتە دەست فاڵگرەکە.

**پیرێژن:** من سەودام نییە بۆ خۆت بۆم بخوێنەوە.

**فاڵگر:** منیش سەوادم نییە.

**پیرێژن:** [ڕوودەکاتە گوێزەل] خاتوون ئێوە سەوادتان هەیە؟

گوێزەل گوێی پێنادا. لاوێک کە دەستی بە میلەیەکی ئاسنەوە گرتووە، دێتە پێشێ و فاڵەکە لە دەست پیرێژنەکە وەردەگرێ بیخوێنێتەوە.

**لاوەکە:** [لە ڕووی فاڵەکەوە]

**پەریەکی چکۆلەی خەمین دەناسم**
**لە ئۆقیانووسێکا دەژی و**
**دڵی لە شمشاڵێکی دارینا**
**دەژەنێ هێدی، هێدی**
**پەریەکی چکۆلەی فەمین**
**بەماچێک سەردەنێتەوی شەوێ و**
**بەماچێک لەدایک دەبێ بەیانی**

شەمەندەفەرەکە ڕادەوەستێ، گوێزەل هەڵدەستی دابەزێ.

**پارک، درێژ**

گوێزەل خەریکە دێت. چاوێک بە دەوروبەریدا دەخشێنێ. خۆی دەگەیەنێتە ئەو سەندەڵییەی قەفەزێکی لەسەرە، هێواش دادەنیشێ. لەگەڵ کەسێکی دیکە کە لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتووە و ئێمە هێشتا نەماندیوە قسە دەکا. پیرەمێرد هەروەک جاری پێشوو دەیەوێ سەر لەکارەکە دەربێنێ و کایە بە وڵۆمی سەمعەکەکەی دەکا. ماوەیەک دەنگیان نابیستێ! پاشان جەمسەرێکی سیمەکەی کە هەڵبڕاوە، دەیدۆزێتەوە و پێوەی دەنێتەوە، دەنگەکەی دێتە گوێ.

**گوێزەل:** خۆزگە سەربازیت کردبایە. خۆزگە شوفێری تاکسی بوایەی ئەوسادایکم منی دەدا بە تۆ.

**دەنگی پیاوێک:** دەزانی بەختەوەری لەچیدایە؟ لەوەدایە تاکسیت هەبێ سەربازیت کردبێت.

لە ڕوخساری پیرە پیاودا وادەردەکەوێ لەسەر جێگاکەیان هەستاون و بە بەردەم ئەودا تێدەپەڕن کە پشتیان دەکەوێتە پیرە پیاو دەیانبینێ کابراکە قژی ڕەشە، بەڵام هێشتاە جوانی دیارنییە. پیرە پیاو بە دوایاندا دەڕوات.

**هێڵی ڕێگای ئاس و بەردەرگای ماڵی گوێزەل، درێژە**

گوێزەل بەرەو لای ماڵی خۆیان دەڕواو قژڕەش بەچاوی پڕ لە تاسە لێی دەڕوانێ کە بەسەر هیلەکاندا هەنگاو دەنێ و دووردەکەوێتەوە. پیرە پیاو بەسەر هێڵەکەدا بەشوێن گوێزەل دەکەوێت. گوێزەل دەچێتە ژوورێ و پیرە پیاو لەبەر دەرگای ماڵی گوێزەل چاو لە قژ ڕەش دەکا کە لەسەر هێڵەکە ڕاوەستاوە و سەیریان دەکات. تاکسی مێردەکەی گوێزەل دەگاتێ لە کاتێکدا ئەمجارە قژکاڵ لێی دەخورێ، پیرە پیاو دەچێتە پێشێ و ڕێنوێنی دەکا بۆوەی قژکاڵ تاکسییەکەی باشتر بداتە لا. قژکاڵ دادەبەزێ. پیرە پیاو بە ئاماژەی دەستی قژڕەش پیشان دەدات کە لەسەر هێڵەکە ڕاوەستاوە.

**پیرە پیاو:** ئێوە ئەو پیاوە دەناسن؟

**قژکاڵ:** کامە پیاو؟

قژڕەش لەسەر هێڵەکە دووردەکەوێتەوە و تەنیا لە پشتەوە دەیبینین.

**پیر پیاو:** ئەو کابرایەی خەریکە دووردەکەوێتەوە؟

**قژکاڵ:** کامە؟

**پیرە پیاو:** وامزانی لەگەڵ ژنەکەت خزمایەتیت هەیە. دەزانی چییە من لەو پارکەدا خەریکی ئەوەم جووتێک بۆ قەناریەکەم بگرم، بەڵام ئەو ژنەی تۆ هۆشی بۆنەهێشتوومەتەوە. ئێستا ماوەیەکە لەگەڵ ئەم کابرایە..

[دوودڵە] لێبگەڕێ دەترسم کار لەوە پیستر بێ.

**قژکاڵ:** ژنەکەی من دەڵێی؟

**پیرە پیاو:** سەبارەت بە قەنارییەکەی خۆم دەدوێم. جووتێکی بۆ مرد. ڕۆژێکیان بە هەڵکەوت لە پارک گوێم لە دەنگی قەنارییەک بوو. بۆوەی قەنارییەکەی خۆم لە تەنیایی ڕزگاری بێت دەڵێم بیگرم. لەوەتەی جووتەکەی مردووە، ئیدی ناخوێنێ دەبی ئێوە ماندوون دەبێ بڕۆنە ژوورێ.

لێرەدا دەڕوات قژکاڵیش هەروا ڕاوەستاوەو تەماشای دەکا کە دووردەکەوێتەوە. کاتێ دەیەوێ بچێتە ژوورێ، ئەو لقە گوڵەی کریوبێتی لەنێو ماشێنەکە دەری دێنێ.

**ماڵی گوێزەل، ڕۆژ**

قژکاڵ دەچێتە ژوورێ. گوێزەل لە چێشتخانە چێشت لێدەنێ و هەر ئەو گۆرانییە دەڵێ واجاری پێشوو لە حەمامدا دەیگوت. (من ئەوینی تۆ وەک وەک نهێنییەک لە دڵمدا ڕادەگرم) قژکاڵ دەرگای چێشتخانەکە دەکاتەوە. گوێزەل دەیبینێ. سڵاوی لێدەکاو خەریکی چێشتەکەی دەبێ. قژکاڵ

گوڵ بەدەست لە پەنای چێشتخانەکە ڕاوەستاوە.

**قژکاڵ:** ئەمشەو بچین بۆ ماڵی دایکت،

**گوێزەل:** یانی چی خۆ ئەوەندە نییە لەماڵی دایکم بووین.

**قژکاڵ:** بۆ خۆت دەزانی چەندەم دایکت خۆش دەوێ. لە سایەی سەری دایکتەوە تۆم هەیە.

گوێزەل درێژە بە گۆرانی گوتنەکەی دەدا قژکاڵ لەبەرلێوەوە گۆرانییەکەی لەگەڵ دەڵێتەوە. گوێزەل بێدەنگ دەبێ و قاپێک ئاو لە تاوەکە دەکا چزەچزی لێ هەڵدەستێ و بێ سەرنجدان بە قژکاڵ بە بەردەمیدا دەچێتە وەتاغەکەو دەرگا لەسەر خۆی دادەخا. قژکاڵ دەچێتە پشت دەرگا داخراوەکەو چەند جار هەرای لێدەکا، بەڵام وەڵامێک نابیستێ.

### شەمەندەفەر، ڕۆژ

قژ ڕەش لە شەمەندەفەردا خەریکی دەست فرۆشییە. ئاولیمۆگیرەکەی لە دڵی لیمۆکان ڕۆدەکا و لیمۆکە لە پەنجەکانیدا دەکوشێ و ئاوی لیمۆکە دەچوڕێنێتە لیوانێکەوە و دەیداتە دەست مشتەرییەکان.

### تاکسی و شەمەندەفەر، درێژە

گوێزەل خەریکە لە شەقامەکەوە دێت قژکاڵ بەتاکسییەکە وە شوێنی کەوتووە. ئەو گوڵەی دوێنی شەو قژکاڵ بۆ گوێزەلی کڕیبوو بە دەستێوەیەتی سواری شەمەندەفەردەبێ. قژکاڵ تاکسییەکە بەجێ دێڵێ. بەدوای گوێزەلدا، لەدوایین ساتدا سواری شەمەندەفەرەکە دەبێ. گوێزەل لەسەر تەختێ دادەنیشێ. قژکاڵ لە پەنایەتی، گوێزەل بەسەر سوڕمانەوە چاوی لێدەکا.

**گوێزەل:** لەکوێ بووی؟

**قژکاڵ:** تۆ لەکوێ بووی؟

**گوێزەل:** دەچم شت دەکڕم:

**قژکاڵ:** شتێکت دەوێ بۆ بە خۆمی ناڵێی بیکڕم؛

**گوێزەل:** لەماڵێ بەتەنیا بێ تاقەت دەبم.

قژ ڕەش دەیانبینێ لە شەمەندەفەرەکەدا دێت و دەچێت و مەرای ئاو لیمۆ دەکات، بەڵام چاوی هەر لە گوێزەلە یەکدوو مشتەری بۆ کڕینی ئاو لیمۆ دەستیان بۆ لای درێژ دەکەن، کەچی ئەو ئاگای لەخۆ نییەو نایانبینێ، قژکاڵ دەیبینێ و هەرای لێ دەکا، قژ ڕەش دەچێتە پێشێ، کەرەسە ئاو لیمۆگیرەکەی لەناخی لیمۆیەک ڕۆدەکا و لیمۆکە بە پەنجەرێک دەکوشێ. چاوی لە گوێزەلە. گوێزەل لە ترسی مێردەکەی ڕووی وەرگێڕاوە و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرێ دەکات. لیوانی ئاو لیمۆکە بەدەست قژکاڵەوەیە. قژڕەش هەروا ئاوی لیمۆکە دەگرێ و دەیکاتە لیوانەکەوە تاکو سەر ڕێژ دەبێ.

### پارک، ڕۆژی دوایی

باڵندەیەک لەسەرداەکان دەخوێنێ و پیرە پیاو لە هەوڵی گرتنیدایە. قژ ڕەش لەو لاوە دێ و لە تەنیشت قەفەزەکە دادەنیشێ. پیرە پیاو خۆی حەشار دەدات و زەبتەکەی هەڵدەکا. گوێزەلیش دەگاتێ و لە تەنیشت ئەو دادەنیشێ پیرەپیاو گوێی بۆ قسەکانیان ڕاگرتووە. لە بەینی دارەکانەوە قژکاڵ دەبینێ لەتاکسیەکەی دادەبەزێ و دەسکی جەکێکی بەدەستەوەیە و بۆ لای ئەوان دێت. پیرە پیاو خۆی حەشار دەدات دەنگی ئەو سازەی لە ئەوەڵی دیمەنەکەوە دێت، بەرزتر دەبێت بەجۆرێک پیرە پیاو بە زەحمەت.

دەتوانێ قسەکانی قژ ڕەش و گوێزەل ببیستێت. دەنگی سازەکە لەگەڵ نزیک بوونەوەی ئەو منداڵانەی دەیانژەنی، نزیکتر دەبێتەوە. پیرە پیاو ولۆمی (ڤۆلیۆمی) سەمعەکەی دەباتە سەرێ، بەڵام دەنگی سازەکە دیسانیش ناهێڵێ هیچ شتێک ببیسێت. ئێستا منداڵە گەڕۆکەکان لەبەردەمی پیرە پیاو ڕاوەستاون و سازلێدەدەن و داوای پارەی لێدەکەن. پیرە پیاو هەوڵ دەدات منداڵەکان دوورخاتەوە، بەڵام ئەوان بە لاسارییەوە هەر دەژەنن. قژکاڵ لە قژ ڕەش و گوێزەل نزیک بۆتەوە. پیرە پیاو لە داخان سەمعەکەی لە گوێچکەی دەردێنێ. دەنگی سازو دەنگی دیمەنەکە تەواو دەبێ. قژکاڵ هەڕا دەکاتە قڕ ڕەش. منداڵەکان بێدەنگ هەروا ساز لێدەدەن. گوێزەل هەوڵ دەدا پێشی قڕکاڵ بگرێ. کەچی زەربەیەکی لێ دەکەوێ و دەکەوێ بە عەرزدا. پیرە پیاو دیسان سەمعەکەکە لە گوێی دەکاتەوە. دەنگی بەرزی سازەکە دێتەوە نێو دیمەنەکە. دەسکی جەکەکە دەکەوێتە دەست قژ ڕەش بە چەند زەربە قژکاڵ لەکار دەخاو هەڵدێ.

### دادگا، ڕۆژ

قازی و ئەندامانی دادگا لە شوێنی تایبەتی خۆیان دانیشتوون. پیرە پیاو و دایکی گوێزەل لە شوێنی بینەران دانیشتوون.

**قازی:** تۆ مەحکوم بە مەرگ کراوی دادگا دەیەوێ دوایین بەرگریت ببیسێ.

**قژ ڕەش:** من ڕازیم لە پێناو عەشقێکا بوومە، دەکوژرێم.

**قازی:** بەڵام دادگا ناڕازییە. دادگا هیچ قازانجێکی لە ئیعدامی هیچ کەسێک پێ ناگات. ئەم کۆمەڵە قازانج دەکات. دادگا لە ناموسی خەڵک بەرگری دەکات. جگە لە یاسا هیچ کەس مافی ساندنی گیانی کەسێکی دیکەی نییە، من بەش بەحاڵی خۆم پێم خۆش بوو کارێکت بۆ بکەم.

**دایکی گوێزەل:** [هەڵدەستێتە سەر پێ] ئەو دەبێ سزا

بدرێ. چەندجار هاتبۆ خوازبێنی کچەکەم. پێم گوت بەدبەختی دەکەی. مێردی کچەکەم هەموو شتێکی بۆ دابین کردبوو. لە هیچ شتێکی کەم نەبوو. ئەم قاتڵە بەختەوەری لە کچەکەم ساند.

قازی بۆوەی دایکی گوێزەل پێدەنگ بێت بە چەکوچ لەسەر مێزەکە دەکوتێ.

**قازی:** وەسییەتێکت نییە؟

**قژ ڕەش:** جگە لە خودا کەسێکم نییە وەسییەتی بۆ بکەم. پێم خۆشە پێی بڵێم [ڕوودەکاتە ئاسمان] خودایە لەم دنیایە زۆر خۆشم ڕابوارد. ئەگەر ویستت جارێکی دیکە بمهێنییەوە دنیا هەر ئاوا بمهێنەوە.

**قازی:** یانی لەو کارەی کردووتە پەشیمان نی؟

**قژ ڕەش:** پێش ئەوەی ئاشق بم، ژیانم زۆر بە ناخۆشی تێپەڕ دەبوو، پەشیمانم لەوەی هەموو تەمەنم ئاشق نەبووم. داوای لێبوردن لە خودا دەکەم.

**قازی:** زگم پێت دەسووتێ، بەڵام ناتوانم سزات نەدەم، یاسا ڕێگایەکی بۆت نەهێشتۆتەوە، بەڵام دەتوانی شێوەی مردنەکەت بۆ خۆت هەڵبژێری، تەنیا ناتوانی داوای ئەوە بکەی بتخەنە دەریاوە، چونکی تێبینییەک پێشی ئەم کارەمان لێ دەگرێ.

**قژ ڕەش:** کەوایە پێم خۆشە هەر لەو جێگایەی دڵداریم لێ کردووە، بمرم. لەژێر ئەودارەی لەگەڵ دڵدارەکەم لەوێ بووین.

**قازی:** من پرسیارێکم بۆ پێش هاتووە. هاوسەری ئەو ژنە لە تۆ جوانتر بوو. تاکسی بوو. تۆ هەم لەو ناحەزترین و هەمیش دەستفرۆشی، لەبەرچی تۆی لەو پێ باشترە؟

**قژ ڕەش:** منیش نازانم، بەڵام ئەگەر دەکرێ بۆ خۆی بێن لێی بپرسن با جارێکی دیکە ببینیم.

**قازی:** (لە مێزەکە دەکوتێ) کۆتایی دادگا ڕا دەگەیەندرێ.

### پارک، ڕۆژ

قژ ڕەش سواری گالیسکەیەک دەکەن دوو گالیسکەی پارێزەری دیکەشی لەگەڵن. کاتێ دەگەنە دارەکەی جاران دایدەبەزێنن. هەردوو دەستی لە پشتەوە بەتەناف بەستراوە. پەتی سێدارەی دەخەنە مل. گالیسکەچییەکان هەوساری ملی ئەسپەکان دەکەنەوە. کاتێ دەستووری ئیعدام دەدرێ دەستێک نەنافەکە دەکێشێ ئەسپە بەربۆکان بەرەو و دەریا ڕادەکەن.

### نەخۆشخانە، ڕۆژ

دووربین لە ڕێڕەوی نەخۆشخانەکەدا دەگەڕێ. هاتوچۆ بەردەوامە. کاتێ دەگاتە ئەودیوەی گوێزەلیان لێ خستووە، لەپێشدا پیرە پیاو و پاشان دایکی گوێزەل دێنە دەرێ. گوێزەل بە تەنیا دەمێنێتەوە. گوێزەل هێندێک سەبر دەکات، پاشان هەڵدەستێ لەخۆڕا بە ئەم لاو ئەولادا دەگەڕێ. شتێکی بە بیر دەگات شووشەی دەواکان هەڵدەگرێ. دەرگاکەی دەکاتەوە وڕۆی دەکاتە پەلی دەستی، بەڵام حەبی تێدا نەماوە، بیر لە ڕێگا چارەیەکی دیکە دەکاتەوە.

دووربینەکە دیسان لە ڕێڕەوی نەخۆشخانەکەوە بەرەو لای ژوورەکەی گوێزەل دەڕوا. ڕێڕەوەکە چۆڵە و دەنگی ئەو گۆرانییەی گوێزەل لە چێشتخانە دەیگوت لە ڕادیۆکە بەهێواشی دێتە بەرگوێ. کاتێ دووربینەکە دەگاتە ژوورەکەی گوێزەل لە تەرکی ژوورەکەدا کەوتووە.

### باغچەی گشتی، ڕۆژ

پیرە پیاو لەنێو دارەکاندایە دەنگی پێوەدانی دەرگای قەفەزەکە دەبیستێ. خۆی دەگەیەنێتە قەفەزەکە. قەنارییەکە پێوە بووە.

### کەشتی، ڕۆژ

گوێزەل لەسەر سەندەلییەک دانیشتووە قژکاڵی بۆیاغچیش دێت و لە تەنیشت گوێزەل دادەنیشێ کەلوپەلی بۆیاغەکەشی پێیە.

**گوێزەل:** ئەو پیرە پیاوە دەبینێ بە [قژ بۆر چاوی لێ دەکا] زۆر لە مێژە بەدوای ئێمەوەیە. تا ئێستا دووجار لەگەڵ مێردەکەم قسەی کردووە. وەرە لێرە بڕۆین. هەڵدەستن و سواری کەشتییە موسافیربەرەکە دەبن. پیرە پیاو لەکاتێکدا قەفەزی قەنارییەکەی بە کۆڵەوەیە پاش ماوەیەک خۆی دەگەیەنێتە سەر کەشتێکە. گوێزەل و قژکاڵ لە پەنای دیواری کەشتێکە ڕاوەستاون و بەیەکەوە قسە دەکەن، پیرە پیاو هێدی هێدی خۆیان لێ نزیک دەکاتەوە. کاتێ دەزانێ ئەوان دیتوویانە. دەچێتە پێشێ.

**پیرە پیاو:** دەمەوێ کەوشەکانم بۆیاغ لێدەم.

قژکاڵ داوای لێ دەکا لەسەر سەندەلییەک دانیشێ. کەوشەکانی دادەکەنێ و پەڕۆیەک لەژێر پێی پیرە پیاودا ڕادەخا و کەوشەکانی دەبا.

**قژکاڵ:** ئێستا دەیهێنمەوە. دەبێ لە پێشدا بیانشۆم.

دەچێتە سەر سەکۆی کەشتێکە. لەدوایین ساتدا لە کەلێنی دەرگاکەوە ئاماژە بۆ گوێزەل دەکا بەدوایدا بڕوات. پیرە پیاو وەر دەسووڕێ. هەر دەڕوانێتە گوێزەل. کەشتی لەنگەر دەگرێ. گوێزەل و قژکاڵ لەگەڵ موسافیرەکان دادەبەزن. پیرە پیاو هەروا چاوەڕوانە.

### ماڵی گوێزەل. شەو

زەنگی دەرگاکە لێدەدرێت. گوێزەل لە چێشتخانە دێتە دەرێ و دەرگاکە دەکاتەوە. پیرە پیاو لە پشت دەرگاکەیە. گوێزەل نازانێ بلێ چی. پیرە پیاو زەق لێی دەڕوانێ و هەڵیدەسەنگێنێ. گوێزەل دەرگاکە پێوەدەدا. پیرە پیاو لە زەنگ دەدا. گوێزەل هەروا پشتی بەدەرگاکەوە داوە و ڕاوەستاوە. پیرە پیاو چەند جار لە زەنگ دەدا ئاخر گوێزەل ناچار دەبێ دەرگا دەکاتەوە. پیرە پیاو دیسان هیچ نالێت.

**گوێزەل:** چیت دەوێ؟

**پیرە پیاو:** کەوشەکانم

**گوێزەل:** بۆچی هەمیشە بەدوامەوەی؛

**پیرە پیاو:** ئەوە ڕازێکە.

**گوێزەل:** کەوشەکانت بەمن نین.

گوێزەل دەرگاکە دادەخا. پیرە پیاو دیسان لە زەنگەکە دەداتەوە. گوێزەل پشت بەدەرگاکە ڕادەوەستێ و نازانێ چی بکات. زەنگی دەرگاکە بەردەوام لێدەدرێت. وردە وردە دەرگا دەکەوێتە بەر مست و دەست.

گوێزەل لە دەرگاکە دوور دەکەوێتەوەو لە قوژبنێکی ژوورەکە جووتێ کەوشی مێردەکەی هەڵدەگرێ، دەرگا دەکاتەوە و کەوشەکان دەخاتە دەرێ و دەرگاکە دادەخات. پیرە پیاو کەوشەکان لەپێدەکات پڕ بە پێیەتی. دیسان دایاندەکەنێ و لە زەنگ دەدات. دەرگا ناکرێتەوە. چەند جار لە زەنگەکە دەدا. دەرگاکە دەکرێتەوە و گوێزەل لە کەلێنی دەرگاکەوە سەرسام و تووڕە تەمەشای دەکات.

**پیرە پیاو:** ئەم کەوشانە لە هینەکانی خۆم تازەترن. ئێوە چۆن دڵتان دێت کڵاو لەسەر مێردەکەتان نێن؟

**گوێزەل:** تکا دەکەم بڕۆن. نامەوێ مێردەکەم شک بکات.

پیرە پیاو کەوشەکان لەپێ دەکاو دەڕوات.

### بەردەرگای ماڵێ گوێزەل، سالێ دواتر

قژ ڕەش دەگاتێ. لە زەبتەکەیەوە دەنگی مۆسیقا دێت. پیرە پیاو دەچێتە پێشێ و بەرلەوەی قژ ڕەش دابەزێ لە شووشەکە دەدا. قژ ڕەش شووشەکە دادەداتەوە.

**پیرە پیاو:** پیاوی چاک کەنگێ دەتەوێ پێشی ژنەکەت بگری؛ تا ئێستا حەوت جار بە چاوی خۆم دیتوومە! وەختێ تۆ لەسەر کاری ئەو لەگەڵ کابرایەکی غەریبە لە پارک دڵداری دەکا.

**قژ ڕەش:** ژنەکەی من؟

**پیرە پیاو:** باوەڕ ناکەی گوێ لە دەنگیان بگرە.

زەبتەکەی لە گیرفانی دەردێنێ و نەوارەکەی نێوی دەردێنی و دەیداتە دەست قژ ڕەش. قژ ڕەش بە دوودڵییەوە چاو لە نەوارەکە دەکات. پاشان نەواری مۆسیقاکە لە زەبتەکەی دەردێنێ و نەوارە تازەکەی دەخاتە سەر. دەنگی باڵندەدێت.

**پیرە پیاو:** لە پێشترەوەیە.

قژ ڕەش نەوارەکە دەخاتە پێشێ، بەڵام دیسان هەر دەنگی باڵندە دێت.

**پیرە پیاو:** بۆ خۆم دەنگیانم زەبت کرد. حەتمەن لەودیوی نەوارەکەیە.

قژ ڕەش نەوارەکە دەخاتە دیوەکەی دیکە و هەرچی ئەم بارەوباری دەکا هەر دەنگی باڵندە دێت.

**پیرە پیاو:** دەتوانێ بێی لە پارک بیانبینی.

### ماڵی گوێزەل، درێژە

قژ ڕەش دەچێتە ژوورێ. ئەو گوڵەی بۆ گوێزەلی کڕیوە بەدەستێوەیەتی. گوێزەل لە چێشتخانەکەیە و نارەی دێت. قژ ڕەش لەبەردەرگای چێشتخانەکە ڕادەوەستێ. چاو لە گوێزەل دەکات. گوێزەل لە ڕوانینەکەی سەرسام دەبێت. خۆی لێ دەدزێتەوە، بەڵام تاقەت ناهێنێ. دیسان تەمەشای دەکاتەوە. قژ ڕەش بە تووڕەییەوە چاوی بڕیوەتە گوێزەل و دانە دانە پەلکی گوڵەکە هەڵدەوەرێنێتە عەرزی پاشان هێواش قایشی شەڕواڵەکەی لە قەدی دەکاتەوە و لە دەستی دەئاڵێنێ و پەلاماری گوێزەل دەدا، گوێزەل دەقیژێنێ و خۆ لە باوەشی دەهاوێ. قژ ڕەش هەروا لێی دەدا. گوێزەل لە چێشتخانەکە ڕادەکا. دووربین لە چێشتخانە ڕادەوەستێ. قژ ڕەش وەدوای گوێزەل دەکەوێ. دەنگی شێلاق و قیژەی گوێزەل و ئەم بارەو باری کەلوپەلی ماڵێ دێت. چێشتی سەرچراکە سووتاوە دووکەڵ دەکات.

### تاکسی، شەو

گوێزەل خوێناوی لە پشتەوەی تاکسییەکەدا کەوتووە و قژ ڕەش لێی دەخوڕێ، وەردەسووڕێ و بەڕقەوە تەماشایەکی گوێزەل دەکات و وێنەکەی سەرفەرمانەکە لێ دەکاتەوە و بەددان وردوکوتی دەکات.

### نەخۆشخانە، درێژە

پەرستارێک گوێزەل دەرمان دەکات. قژ ڕەش تەمەشا دەکات.

**پەرستار:** ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

گوێزەل هیچ نالێت.

**قژ ڕەش:** مێردەکەی لێی داوە.

**پەرستار:** بۆچی ؟

**قژ ڕەش:** ئەوەندەی خۆش دەوێ بۆیە.

### ماڵی گوێزەل، سەعاتێ دواتر

گـوێزەل بە پانسـمان کـراوی (برین پێچ کـراوی) لەگـەڵ قـژ ڕەش دێنەوە بۆ مـاڵێ. گـوێزەل لە قـوژبنێک بێـدەنگ دادەنیشێ. قژڕەش لەولاترەوە دادەنیشێ. پاشان هەڵدەستێ. قـایشی شـەرواڵەکەی دەردێنێ و ڕوودەکـاتە گـوێزەل. گـوێزەل دەقیژێنێ و ڕادەکات. دووربینەکە لەنێو ئاوێنەکەوە دەیانبینێ جـار جـار بەدوای یـەکـتریدا بە بەردەم ئاوێنەکـەدا تێدەپەڕن. جـاری واشـە نایانبـینین. شـتـێـک لە ئاوێنەکـە دەکـەوێ و دەشکێ. ئێسـتـا دەنگ دێت، بەڵام لە ئاوێنە شکاوەدا هیچ شتێک دیار نییە.

### تاکسی، ساتێک دواتر

گـوێزەل بە پانسـمـانی و شەڵاڵی خـوێنەوە لەسـەر سـەندەڵی پشـتـەوە کەوتووە و قـژ ڕەش تاکسـییـەکە لێدەخـوڕێ. گـۆرانی (من ئەوینی تۆ لە دڵما وەک نهێنییەک ڕادەگرم.) لەزبتەکەوە دەبیسترێ.

### نەخۆشخانە، ساتێک دواتر

پەرسـتـارێکی دیکە پانسـمـانە خـوێناوێکەی گـوێزەل دەکاتەوە، قژ ڕەش ڕاوەستاوە.

**پەرستارە تازەکە:** ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

(گوێزەل بێدەنگە)

**قژ ڕەش:** مێردەکەی لێی داوە.

**پەرستارە تازەکە:** بۆچی؟

**قژ ڕەش:** ئەوەندەی لێ بێزارە بۆیە.

### ماڵی گوێزەل، سەعاتێک دواتر

گـوێزەل بە پەنسـمـانێ تازەوە، بەڵام دامـاوتر لە پێشـوو لەگـەڵ قـژ ڕەش دێنەوە مـاڵێ.. گـوێزەل لە ترسـاندا خـۆ دەخـا بەسەرلاقی قژ ڕەش- دا.

**گوێزەل:** ئیتر: لێم مەدە توانای خۆڕاگریم نییە.

قژ ڕەش هەڵـیدەستـێنێ و بە میهرەبانییەوە لەسەر تەختەکە دەیخـەوێنێ.لە تەنیـشت تەخـتـەکـە هەڵدەسـتـێ و پەردەی پەنجـەرەکـە لادەدا. ڕۆژ بۆتەوە. دەچێـتـە چێـشـتـخـانەکـە چەقـۆیەک هەڵدەگـرێ. لەگـیـرفـانی دەخـاو لەمـاڵێ وەدەر دەکەوێ.

### پارک، ڕۆژ

قژکاڵ دەگاتێ، دەیانبینێ دێ بگەڕێتەوە. پیرە پیاوهەڕای لێدەکا.

**پیرە پیاو:** هۆی بۆیاغچی، بۆیاغچی.

قژکاڵ نزیک دەبێتەوە، دوو دڵە، بەڵام دێتیش.

**قژ ڕەش:** وەرە ئەم کەوشانەم بۆ بۆیاغ کە.

قژکاڵ کەلوپەلەکەی دادەنێ و خەریکی بۆیاغ کردنی کەوشی قـژ ڕەش دەبێت. قـژ ڕەش قـامکی لە قـوتووی بۆیاغـەکـە ڕۆدەکـاو هەر بەو دەسـتـەی چەقـۆکـەی پێـیـە، هێـواش لەسەروچاوی قژکاڵی هەڵدەساوێ. قژکاڵ بەسەرخۆی ناهێنێ و بۆیاغی کەوشەکانی قژ ڕەش تەواو دەکات. پیرە پیاو لاقی دەنێتە سەر قوتووی کەلوپەلەکەی تا کەوشەکانی ئەویش بۆیاغ بکات. قژکاڵ سەروچاوی بە شاڵگەردنەی دەسڕێ و تەمەشای قژ ڕەش دەکات کە خوێن بەری چاوی گرتووە و کایە بەچەقۆکە دەکـات. قـژکـاڵ خـەریکی بۆیاغ لێدانی کـەوشی پیـرە پیـاو دەبێ. پیرە پیـاو قـوتووی بۆیاغـەکە هەڵدەگرێ و هەروەک قژ ڕەش بەولایەی دیکەی دەم و چاوی قژکـاڵی دادێنی. قژ کـاڵ لە پڕ هەڵدەستێ و ڕادەکات. قژ ڕەش وە دوای دەکەوێ.

### شەقام، ڕۆژ

قـژکـاڵ بەسـەرو چاوی ڕەشـەوە بە شـەقـامـدا ڕادەکـات و بە شـاڵگەردنەکـەی سـەروچاوی دەسـڕێ. قـژ ڕەش بەدوایدا هەڵدێ.

### ئیسکلەی موسافیر هەڵگرەکان، درێژە

قـژکـاڵ دەچێـتـە نـاو ئیـسکلەوە، بەسـەر ئەو مـیـلەدا کـە لەمپەری موسافیرە بێ بلیتەکانە بازدەداو بەرەو ئەو گەمیەی لایداوەتە کـەنار دەچێت. قـژ ڕەشیش لەمـیلەکە دەپەڕێتـەوە. مەعـمـوورێک پێشی دەگرێ قژ ڕەش بڕێک پارە لە گیرفانی دەردێنێ و لەباتی بلیت دەیخاتە دەست مەعـموورەکە و خۆی دەگەیەنێتە گەمێکە.

### شوێنە جۆراوجۆرەکانی گەمێ، درێژە

قژ ڕەش لەنێو موسافیـرەکاندا بەدوای قژکاڵ-دا دەگەڕێ، بەڵام نایدۆزێتـەوە. دەرگـای ئاودەسـتـەکـان یەک بەیەک دەکـاتەوە نایبـینێتـەوە، دەچێـتـە سـەر تەختی گـەمێکە هەر نایدۆزێتەوە.

لە دوایین سـاتدا قـژکـاڵ دەبینێ لە پەنایەکـدا خـۆی شاردۆتەوە. بۆ لای دەچێ و هێرش دەکاتە سەری. شەڕ دەست پێـدەکـا، بەڵام ئێـمـە ناتوانین بیـبـینین، چونکێ بەردەوام شتگەلێک پێش چاومان دەگرن. ئێسـتـا چەقـۆکە کـەوتۆتە دەست قژکاڵ و پەلاماری قژڕەش دەدات چەقۆکە لەسەر ملی قـژ ڕەش ڕادەگرێ. قـژ ڕەش مـاندوو و دامـاو خـۆ بە دەسـتـەوە دەدات.

**قـژکـاڵ:** ناتکوژم چونکی بۆوە نەهاتووینەتە ئەم دنیـایە یەکـتـری بکوژین [چەقۆکە دەداتەوە دەست قژ ڕەش]، بەڵام

حازرم بمرم [دەستی قژ ڕەش و چەقۆکە لەسەر ملی خۆی دادەنێ] بمکوژە. بە دەست خۆم نییە ناتوانم خۆشم نەوێت.

**تەلاری زەماوەند، ڕۆژ**

تەلارێکی چکۆلەو جوان کە دەروانێتە سەر دەریا بۆ ئاهەنگی زەماوەند ڕازاوەتەوە. گوێزەل بەجلی بووکێنییەوە و قژکاڵ بە پۆشاکی سپی زاوایەتییەوە لە تەنیشت یەک دانیشتوون. قازی لەکنیانە و قژ ڕەش بە پۆشاکەکانی جارانییەوە میوانداری لەمیوانەکان دەکات.

دایکی گوێزەل دەیەوێ زەماوەندەکە بەجێ بهێڵێ. قژ ڕەش پێشی گرتووە و ناچاری دەکات بمێنێتەوە.

**قازی:** لەمێژە پێم خۆشە وەک کەسێکی ئاسایی بژیم تەمەنێک بوو تەنیا ڕۆڵی کۆمەڵایەتیم بەڕێوە دەبرد. لە حەوتووی ڕابردۆوە کە هەواڵی زەماوەندی ئێوەم بیست. پیشەی قازییەتیم بەجێ هێشت و دەفتەری زەماوەندم داناوە قەزاوەت بۆ کەسێک دەبێ کە بیر لە ئاکامی کردەوەی تاوانبار بکاتەوە نەک هۆیەکەی. هەر تاوانبارێکم دادگایی کردووە هۆیەکەیم دەبیست بەوئاکامە دەگەیشتم ئەگەر منیش لەجیاتی ئەو بوایەم...

پیرە پیاو دێتە ژوورێ. قەفەزی قەنارێکانیشی پێیە بەدوای قژ ڕەش-دا دەگەڕێ. لەدەنگی ئەوسازەی کە بلاودەبێتەوە نارەحەتە. خۆی دەگەیەنێتە قژ ڕەش.

**پیرە پیاو:** قەنارێکانی خۆمم بۆ هێناوی، لە تەنیایی ڕزگارت دەکەن، بەلام ئەو کارەت بۆ کرد؟ قژ ڕەش لە تەنیشت مێزێک دایدەنیشێنێ. سەیرێکی قەنارێکان دەکات. پاشان چاو لە چاوی پیرە پیاو دەبڕێ.

**قژ ڕەش:** دوو ساڵ عاشقی بووم. شەوانە دەهاتمە بەر پەنجەرەکەیان گۆرانیم بۆ دەگوت. ئەو ئاوی دەرشت بەسەرمداو زیاتر شەیدای خۆی دەکردم. ئەوەدەم کە بۆت گێڕامەوە لێم دا. خۆشم دەویست. بۆ لێم دا؟ بۆ لێم دا؟ (کولّی گریانی هەڵدەستێ) ئەویش عاشق بوو. کاتێ من دەتوانم عاشق بم. ئەو بۆ ناتوانێ عاشق بێت؟

پیرە پیاو توانای بیستنی قسەکانی قژ ڕەشی نییە! دەست دەکا بە گریان. سەمعەکەکەی دەردێنێ و دەڕوانێتە ڕوخساری قژ ڕەش و دەنگی ناو سیمەکە تەواو دەبێ قژ ڕەش دیسان قسە دەکا، دەگری و تەنانەت جار جارەش پێدەکەنێ، بەلام نابیستێ. پیرە پیاو وێڕای ئەو پێدەکەنێ و دەگری پاشان هەڵدەستێ دەچێتە لای مێزی بووک و زاوا بە ڕقەوە سەیرێکیان دەکات و دەڕواتە دەرێ. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەم، دەنگەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەماوەندەکە، قژ ڕەش بە قەنارێکانەوە دەچێتە لای مێزەکەی گوێزەل.

**قازی:** [دەست لەسەرشانی قژ ڕەش دادەنێ] دەزانی ئێمە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی خۆمان نین. کەس باوەڕمان پێ ناکات.

تۆ دەبوایە ئەم کابرایەت بکوژتایە. منیش تۆم لە سێدارە داباو ژنەکەشت دەبوایە چارەنووسێکی تاڵی بوایە.

قژ ڕەش ئاڵقەکەی پەنجەی دەردێنێ و دەیداتە دەست گوێزەل.

**قژ ڕەش:** بیدە بە هەر کەسێکی خۆشت دەوێ.

**تاکسی لە ڕێگادا و بەر دەرگای ماڵی گوێزەل، ئێوارە و شەوێ**

قژ ڕەش ماشێنەکە لێدەخوڕێ. گوێزەل و قژکاڵ لە سەندەڵی پشتەوە دانیشتوون، هەر کامیان لە شووشەی لای خۆیانەوە سەیری دەرەوە دەکەن. ماشێن دەگاتە بەر دەرگای ماڵی گوێزەل لە ڕێکی هێڵەکە ڕادەوەستێ بەجۆرێک کە شەوقی چراکانی دەکەوێتە سەر هێڵەکە. قژ ڕەش دادەبەزێ. سیوجی تاکسییەکە دەداتە دەست قژکاڵ.

**قژ ڕەش:** دیاری زەماوەندەکەتان، خودا حافیز.

قژ ڕەش بە قەفەزی قەنارێکانەوە بەسەر هێڵەکەدا دەڕوات تیشکی چرای ماشێنەکە سێبەرێکی درێژی لێ دروست کردووە. گوێزەل و قژکاڵ تەمەشای یەکتر دەکەن.

**قژکاڵ:** ئێمە بەیەک گەیشتین؟

**گوێزەل:** هێشتا بەختەوەرنیم.

**قژکاڵ:** بەختەوەری چییە؟

**گوێزەل:** نازانم، ئێستا هەست دەکەم ئەوم خۆشتر دەوێ.

**قژکاڵ:** دەچم دەیهێنمەوە، منیش عاشقی عەشقم نەوەک عاشقی مەعشووق.

لە ماشێنەکە دادەبەزێ و بەدوای قژڕەشدا هەڵدێ.

**قژکاڵ:** ئەهۆی ڕاوەستە. ڕاوەستە.

خۆ دەگەیەنێتە قژڕەش، لە پشتەوە وەک تابۆیەک دەچێ بەدەست لەپشتی دەدا. تابۆکە وەردە سووڕێ، پیرە پیاو، باوەڕ ناکەن. چاو لە چاوی یەکتر دەبڕن. پاشان پیرە پیاو باوەش بە قژکاڵ دادەکات.

**پیرە پیاو:** ببوورە مێزەکەتانم بەجێ هێشت. بەدەست خۆم نەبوو، خۆم پێ ڕانەگیرا بۆ خۆم هاودەردی تۆ بووم. قەناری تەنیا بیانوویەک بوو. گوێزەل ئێستا لەکوێیە؟. ❖

**سەرچاوە**

........

**لە کتێبی کۆمەڵە شانۆی (نۆبەتی عاشقی)یەوە کراوە بەکوردی.**

# دەنگەکان

گابرییێل گوزبیوفیتسی
ئا/ حیکمەت ئەلحاج
و/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

**ئەکتەرەکان**

**پیاوێک**: تەمەنی چل ساڵانە. کاتی خۆی ئەکتەر بووە.

**پیرەژن**: ئافرەتێکی تەمەن چل ساڵییە. جلوبەرگی سەربازی لەبەرە.

**نیشتەجێییەک**: کە لە نهۆمی خوارەوەیە - ڕوخسارێکی دیاری نییە، دەکرێ تارماییەک بێ، یا دەنگێ.

**دیمەنەکە**

ژوورێک لە نهۆمی سەرەوەی خانوویەکی کەون، لەلای چەپەوە دەرگایەک دیارە، بەلای ڕاستدا پەنجەرەیەکی گەورە بەسەر باخچەیەکدا دەڕوانی، لە ناوەڕاستی شانۆکەدا بەرامبەر دانیشتووان، وێنەیەکی گەورەی کەسایەتییەک لە چوارچێوە گیراوە، وێنەی ئەوکەسە دەبێ کە ڕۆڵی «پیاوەکە» دەبینێ، قردیلەیەکی ڕەش بە گۆشەی چەپی وێنەکەوەیە، نیشانەی مردنی خاوەن وێنەکە دەردەخا. قەرەوێڵەیەکی ئاسن لەوانەی بۆ نەخۆشان بەکاردەهێنرێ، مێزێکی بچووک بە تەنیشت قەرەوێڵەکەوەیە، دۆڵەکەیە ئاو و پەرداخێکی بە تەنیشتەوەیە لەگەڵ هەندێ داوو دەرماندا... هەندێ پارچە کاغەز لە زەوییەکە بڵاوەیان پێ کراوە. گەڵای وشکەوەبوو و زەرد هەڵگەڕاوی داران. کورسییەکیش کەمێ شلۆق و کۆن بە تەنیشت پەنجەرەکەوەیە.

کەشی گشتی: وەڕزبوون و ناخۆشی

کات: کەمێ پاش زەردەی ئێوارە.

کە پەردە لادەدرێ، پیاوەکە دەردەکەوێ، جلوبەرگی کارکردنی لەبەردایە، ئەو جۆرە «بەدلە» شینانە کە بینەر وا هەست بکات کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە «بەدلانە» بێ کە زیندانییان لەبەری دەکەن، هەروەها کڵاوێکیشی لەسەرە کە هەمان ڕەنگی بەدلەکەی بەربەتی..

پیرەژنەکە دەردەکەوێ، قامچییەک و قاپێکی گەورەی خواردنی بەدەستەوەن، کە هەمیشە قاپەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

**پیاوەکە**: (بۆ خۆی دەدوێ) خۆ من هیچ دەنگێکم گوێ لێ نەبوو، ئەی بۆچی من وا دەلەرزم، دەبێ خۆم ڕاگرم، دەبێ بە هیچ جۆرێ نەترسم. (لەترسانا دەلەرزێ)، ڕەنگە هەر دەنگ لە ئارادا نەبووبێ. (بێدەنگی) دەبوایە شتێکم بنووسیبا، بەڵام قەت بڕواناکەم بتوانرێ لەوە دڵنیابین ئێستا، ئایا ئەو دەنگەی دەیبیسم بوونی هەیە یا نە.

دڵنیابوون لەوە گەلێ گرنگە (بێدەنگی) کەللەسەر چەند دیواری هەیە؟ دەپرسم. چەند دیوار؟ بەڵام ئەم پرسیارەم لە پای چی؟، لە کێ دەپرسم؟

دواجا من لەچی دەترسم؟ بۆ دەترسم؟. دەنگەکان لە

کەللەما دەچرپێن، لێدەدەن، لێدەدەن و بەدوای شتێکدا دەگەڕێن، دەڕوا، وەک ئاگر دەمسووتێنن، ئاههه، ئێوە وشەکان لە شوێنی بەتاڵدا سەمای خۆتان بکەن.

(پیرەژنەکە دێتە ژوورەوە، خواردنی بەدەستەوەیە، چارەی بەیەکاداوەو رووی ترشە).

**پیرەژنەکە:** بگرە، خواردنەکەت بگرە.

**پیاوەکە:** کێ بوو کەمێ پێش ئێستا گۆرانیی دەچڕی؟.

**پیرەژنەکە:** گۆرانی دەچڕی؟.

**پیاوەکە:** ئا بەڵێ، لە نهۆمی خوارەوە، لە دەنگی منداڵێک دەچوو گۆرانیی دەچڕی.

**پیرەژنەکە:** ڕەنگە.

**پیاوەکە:** ڕەنگە؟.

**پیرەژنەکە:** خۆت لابدە، من دەبێ ئەو گەڵا وشکەوە بوو و زەرد هەڵاتانەی ژێر قەرەوێڵەکە بماڵم.

**پیاوەکە:** فەرموو.

**پیرەژنەکە:** (لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە) تا چاو پڕدەکات دارو درەختەو «با» وڵە وژێکی سەیری پێ خستوون..

**پیاوەکە:** کام «با»؟.

**پیرەژنەکە:** ئەی دارە هیچ و پووچەکان، دارە پیرەڵێکەوتووەکان. (ئاوا هاوار دەکاو پەنجەرەکە پێوە دەدات).

**پیاوەکە:** هیچ کاریگەرییەکی نابێ ئەگەر بزانین چۆنی پشت گوێ دەخەین، لە هەموو بارێکدا، وا چاکە دەستی لێ نەدەیت و وازی لێ بێنی.

**پیرەژنەکە:** (خەریکە دەردەچێ) ئەوەندە بەسە، زۆرم قسان کرد.

**پیاوەکە:** ئەمڕۆ گوێم لە دەنگە دەنگ دەبێ.

**پیرەژنەکە:** تۆ هەمیشە، دەنگە دەنگ دەبیسی.

**پیاوەکە:** بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، لە کەیەوە ئەو دەنگانە دەبیسم؟.

**پیرەژنەکە:** تۆ گوێت لە دەنگە دەنگ نییە، ئەمە وەهمە، ڕاستی هەمیشە لەگەڵ خۆتدایە. لە دەوروبەری ژیانتدایە، بێ ئەوەی خۆت دەرکی پێ بکەی. ئەگەر بێت و هەوڵی ئەمە بدەی لەخۆیەوە نامێنێ.

**پیاوەکە:** بەڵام بۆچی؟ بۆ ناتوانرێ بە دەست بگیرێ؟.

**پیرەژنەکە:** ئیتر وایە. وا خولقاوین. لەپڕێکا گوێمان لە دەنگە دەنگ دەبێ، یان لە کاتی نووستندا، بەڵام ئەگەر خۆت زیرەک بی هەوڵی گوێگرتن بدەی، ئەوا ئەو دەنگانەت گوێ لێ دەبێ کە لە جەستەی خۆتەوە بەرزدەبنەوە.

**پیاوەکە:** ڕەنگە من و تۆ باس لە هەمان دەنگ ناکەین

**پیرەژنەکە:** لەوانەیە و لەوانەش نییە.

(پیرەژنەکە دەردەچێ، پیاوەکە جارێکی کە بە تەنیا دەمێنێتەوە)

**پیاوەکە:** (بۆ خۆی دەدوێ) لە زستاندا، بەیانییەکیان، منداڵەکان لەپاڵ دارێکدا لەو سەر باخچەکە بە بەرد یارییان دەکرد، ڕێگاکەش بە تەنیشتیاندا کشابوو، لە نزیک ماڵی خۆماندا یاریم دەکرد، سەرۆکی تیپەکەمان کەمێ قەڵەو بوو، پێی وتم: پێم بڵێ بۆچی تەماشای ئەو دارە دەکەی؟ بێ ئەقڵ نەکەی لە دار بترسێی. وەک لێم بپاڕێتەوە پرسی: پێم ناڵێی چی دەبینی؟ چی لەو دارە دەبینی؟ هاوڕێ قەڵەوەکەم وتی: ئەمە کارێکی ڕەوا نییە، من هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم، کەچی تۆ هیچم پێ ناڵێی، ئەمە کەی ڕەوایە. هاوڕێ قەڵەوەکە وتی: تۆ ناهێڵی هەست بە خۆشی بکەین. قەڵەوەکە ئەمجارە ڕووی کردە هاوڕێکانی: پێمان ناڵێ لەو دارەدا چی دەبینێ. ئەوانیش وتیان: دەباشە پێمان بڵێ چیت بینی؟ یەکێکیان وتی: دەترسێ، ترس ناهێڵێ قسە بکات. تیپەکە بەیەک دەنگ هاواریان کرد: پێمان بڵێ چیت بینی؟

قەڵەوەکە پرسی: تۆ بۆ دەترسێی ها؟ لێرەدا هیچ شتێک نییە پیاو لێی بترسێ. یەکێکی دیکەیان بە دەنگێکی بەرز وتی: لە دارەکە دەترسێ.

قەڵەوەکە پرسی: تۆ بۆ لە دارەکە دەترسی؟ بۆ لە پیرەدارێک دەترسی؟ قەڵەوەکە وتی: ئەو شتە چییە ترس دەخاتە دڵتەوە پیمان نەڵێی لەمەودوا یاریت لەگەڵدا ناکەین.

(بێ دەنگی)

(پیرەژنەکە دێتە ژوورەوە، قاپێکی بە دەستەوەیە)

**پیاوەکە:** گوێ بگرە، شیعرێکم نووسی.

**پیرەژنەکە:** خواردنم بۆ هێناوی .

**پیاوەکە:** دوێنێ شەو نەخۆش بووم.

**پیرەژنەکە:** تۆ نەخۆش نیت.

**پیاوەکە:** من هەمیشە دەنگی ئەو کەسە دەبیسم کە لە یەکێ لە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەیە، یەکێکیش لە باخچەکە مۆسیقا دەژەنێ. (پیرەژنەکە تەماشای باخچەکە دەکات) باسی ئەمەیانم بۆ بکە.

**پیرەژنەکە:** لەم بارەیەوە شتێکی وام نییە بۆتی باس بکەم. باخچەیەک هەبوو گۆلێک لە ناوەڕاستیدا بوو، دارەکانی قەراغ گۆلەکە خۆیان شۆڕ دەکردەوە تا وێنەکەی ببینن.. زستان هات، زیندانێک لە بەفر بەری بینینی لق و پۆپی دارەکانی گرت، دەیزانی بەند کراوە، لەو بنە زیندانی کراوە. کە خۆر هەڵهات، خۆرێکی ساردو سپی، دارەکان ترسان، بەڵام پێیان نەکرا هەڵبێن و برۆن. ئەوکاتە کچێکی بچووک بوو، هەر دەسبەجێ بە تەنیشت دارەکانەوە ڕەق هەڵهات، کچێکی

نادیاری بێ ڕوو و ڕوخسار، لەو کاتەی بە پەیژەی خۆیدا سەرکەوت، نەیتوانی ڕووی خۆی دووربخاتەوە و لادا، هەر بەو جۆرە مایەوە کە دەبوایە هەمیشە تەماشا بکات، بەسەرو ڕوخساری نادیارەوە...

**پیاوەکە:** ئەم وڕێنەیە چییە بەگوێی منیدا دەدەی؟ من داوام لێ نەکردووی باسی خۆتم بۆ بکەی، بەڵکو لە بارەی ئەوەوە دەمەوێ بزانم..

**پیرەژنەکە:** چ جیاوازییەک هەیە؟ یەکێکە، تۆش هەروا، چ جوازییەکت لەگەڵیاندا هەیە؟

(دەڕوا)

**پیاوەکە:** چ دەڵێی؟ من پرسیاری ئەوکەسەی لێ دەکەم کە لە نهۆمی خوارەوە دەژی و دەنگە دەنگی دەبیسم، ئەم باسی یادەوەرییەکانی ڕۆژانی گەنجێتیی خۆیم. بۆ باس دەکا. لەوانەشە گەنجێتی هەر نەبینیبێ.

(بێدەنگی)

**پیاوەکە:** تۆ دەمێکە دەس لە ژیانی من وردەدەی، کاتی ئەوە هاتووە بمری، لە دەنگە دەنگ بیستن ماندوو بووم و دەمەوێ منداڵەکان ببینم لە باخچەکاندا یاری بکەن، بەڵام دارەکان ئەوەند بڵندن بەر بینینی باخچەکەیان گرتووە. ڕەنگە کچەکەی من بێ و لەبەرچاو ون بێ، بۆ نەء؟ ئایا کاری وا نابێ؟.

(پیرەژنەکە دێتە ژوورەوە).

**پیاوەکە:** وشەکان خەریکن بێ تام دەبن.

**پیرەژنەکە:** (بە چاوێکی سووکەوە) وشەکان؟ چۆن دەتوانی بەشێوەیەکی گونجاو بیربکەینەوە لە کاتێکدا وشەکان سەرتیان ورووژاندووە؟

**پیاوەکە:** نەخێر خەریکە خەست دەبنەوەو لەدەممەوە گلۆر دەبنەوە و دەکەونە سەر سینگم و لەوێشەوە بۆ سەر زەوی، بێ ئەوەی بواری ئەوەم بدەن تەماشایان بکەم، یان هەستیان پێ بکەم.

**پیرەژنەکە:** وشەکان شتگەلێکی سەیرو سەمەرەن، هەمیشە دەگۆڕێن، درێژدەبنەوە، ڕادەپەڕن و خەون دەبینن..

**پیاوەکە:** گوێم لێت بوو.

**پیرەژنەکە:** لەو دیو هەموو دیوارەکانەوە؟

**پیاوەکە:** ئەی تۆ گوێت لە من نەبوو؟ . (بێدەنگی)

**پیرەژنەکە:** ئێمە زۆرمان لەگەڵ یەکتردا قسان نەکرد، وانییە؟.

**پیاوەکە:** (وتەکەی پەسەند دەکات) نەخێر.

**پیرەژنەکە:** ڕەنگە ئەم هەموو ماوەیە لە وشەیەک دەگەڕاین قورتارمان بکات.

**پیاوەکە:** زۆر بیر لە قورتار بوون دەکەیتەوە، کەچی تۆ هەرگیز لەخۆتت نەپرسیوە، بۆ دەبێ وشەکان قورتارمان بکات؟.

**پیرەژنەکە:** چونکی لە وشە زیاتر هیچی دیکەمان نییە.

**پیاوەکە:** خەڵکی کەش هەر ئەمەیان هەیە، وشەکانیشیان هەرگیز قورتارمان ناکەن.

**پیرەژنەکە:** ببوورە، دەزانی لێم تێکچوو، بیروڕاکانی تۆم دەربڕی، تۆش ئەوانەی من. زۆر جار شتی وا ڕوودەدەن.

**پیاوەکە:** کە دوو کەس لە یەک نزیک بن، یەکتر باش بناسن شتێکی ئاوا ڕوودەدا.

(تاریکی)

(تارمایی دانشتووەکەی نهۆمی خوارەوە، دەردەکەوی، تەنیا دەنگی دەبیسترێ) ئەو تاریکاییەی تۆ لێی دەترسی، خەوشەکانمان دادەپۆشێ و دەشارێتەوە، تاقی بکەرەوە، چراکە هەڵکە خەوشەکان دەردەکەون، تاقی بکەرەوە چراکە بکوژێنەوە خەوشەکان نابینرێن.

**پیرەژنەکە:** مەچۆرە بن کلێشەیەوەو لە خشتەی مەبە تا بڕوات پێ بکات. هێشتا نەخۆشییەکەت دەستی لێت بەرنەداوەو لە بەخەت نەبۆتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە تۆ کاریگەریت بەسەرمانەوە هەیە.

**نیشتەجێیەکە:** ڕێگایەکی دیار نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکان ئەوە نەبێ کە توانای ژیان بە کەسانی دیکە ببەخشی.

**پیرەژنەکە:** بەڵام ئەوەتا تۆ ئێستا دەیشاریتەوە.

**نیشتەجێیەکە:** بڕوا بکە ئەوە ترسم دەخاتە دڵەوە.

**پیرەژنەکە:** ئەگەر نەیبڕیتەوە بەندت دەکەم.

**نیشتەجێیەکە:** بۆ بێدەنگ بم؟ شتەکان وەکو خۆیانن، ماڵ، بەرزین، دارەکان، هەموو شتەکان وەکو خۆیانن، تەنیا ئەو هەستانە نەبێ کە لە سنووری لەشدان، تەنیا گۆڕان ئەوی گرتۆتەوە، کە لە هەستێکی ئاسایی زیاترە، سێبەرێکە لەپشت چاوەوە.

**پیرەژنەکە:** چەند دوورە؟.

**نیشتەجێیەکە:** هەمیشە هەمان دوورییە.

**پیرەژنەکە:** کام دووری؟.

**نیشتەجێیەکە:** دوورە نەکردەنییەکان.

**پیرەژنەکە:** باشە نیشانەکان کەی دەرکەوتن و ئاشکرابوون.

**نیشتەجێیەکە:** ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەڵام پێشتریش هەبوو، بەتەئکید هەبوو...

**پیرەژنەکە:** ئەی ئێستا پێم بڵێ دەتەوێ چ بکەی؟ (بێدەنگی)، ئەگەر وەڵامەکەش نازانی، پێم بڵێ تا شتێ بکەم.

**نیشتەجێیەکە:** دواجا، ئێستا نا دواجار (تاریکی)

**پیاوەکە:** کە یەکێک دەڵێ دواجا فلانە کار یا دواجار شتێ دەکەم، مانای وایە ئەو کارە لەکاتێکدا دەیکات، بەڵام ئەوکاتە دەکەوێتە نێوان ئەو ساتەی کە بڕیاری داوە لەگەڵ خۆیدا و کاتی مردنی. لێرەدا پرسیارێکی ڕاستەقینە دێتە ناوەوە ئەوەیە: کە دەڵێین دواجا، ئەوە ناگەیێنێ یانی دوای کار لەکار ترازاندن؟.

**پیرەژنەکە:** ئای وەعز دادەرە سەرسووڕهێنەرکە، زمانزانە بێ هاوتاکە..

**پیاوەکە:** وا سەرم تەقی، وشەیەکی یەکجا زۆر لە مێشکمدایە.

**پیرەژنەکە:** بۆ ناخۆی؟ بخۆ..

**پیاوەکە:** لەناخمدا شتێک خەریکە دەتەقێتەوە، تکایە وازم لێ بێنە.

**پیرەژنەکە:** وادیارە خۆتت پێ ڕاناگیرێ.

**پیاوەکە:** کەی دەمرم؟

**پیرەژنەکە:** ئەمە ڕێگایەکی گونجاو نییە بۆ قسەکردن؟

**پیاوەکە:** بەڕاستی دەترسێی؟.

**پیرەژنەکە:** کێ؟ من؟.

**پیاوەکە:** پێم بڵێ، لە بارەی منەوە چیی گوت؟.

**پیرەژنەکە:** کێ؟.

**پیاوەکە:** ئەو پیاوە کە لە خوارەوەیە.

**پیرەژنەکە:** جارێ یەکەم، پیاو نییە، دووەم تۆ و ئەویش دانیشتووی هەموو نهۆمەکان بە دۆزەخدا بچن.

**پیاوەکە:** زۆر شتم لێ تێکچووەو لێیان ناگەم، دەترسێم تا ئەو ڕۆژەش کە دەمرم لێیان تێنەگەم.

**پیرەژنەکە:** ئەوە کەسایەتیی هونەرمەندە کە لەناختایە. هەرچەندە بکۆشی ناتوانی خۆتی لێ قوورتار بکەی، کێ دەتوانێ لە چارەنووسی خۆی هەڵبێ؟.

**پیاوەکە:** زۆر بە زەحمەت پیاو دەتوانێ ڕێژەی گاڵتەجاڕی و تەوزکردنت تێدا بزانرێ (تاریکی)

**پیاوەکە:** وادیارە کەس لێرەدا نییە.

**پیرەژنەکە:** لە نهۆمی خوارەوە هیچ پیاوێک لە گیانەڵادا نییە.

**پیاوەکە:** شتێکی ناشیرینە، یەکێک لە خانووەکەی تۆدا بمرێ.

**پیرەژنەکە:** خودا لەو سەرەوە ئاگای لێیەتی...

**پیاوەکە:** هیچ نەبووەو هیچیش نابێ، بەڵکو لە مێشکی ئێمەدا شتەکان ڕوودەدەن.

**پیرەژنەکە:** ئاە شکسپیرەکە، بۆ هەموو شتێ وەرامێکت هەیە.

**پیاوەکە:** بەڵێ، ڕاست دەکەی، دوور لە شانۆکەسەکانی دەکوژێ.

**پیرەژنەکە:** کێ؟

**پیاوەکە:** شکسپیر.

**پیرەژنەکە:** قسە کردن لە بارەی مردنە خودایە چ شتێکی قێزەونە، پیاو تووشی غەم و خەفەت دەکات.

**پیاوەکە:** بە ئاشکرا دەرکەوتووە شکسپیر لە ساڵی (١٥٩٣ تاکو ١٥٩٨) بەختەوەر نەبوو، لە ساڵی (١٦٠٨) دڵتەنگ بووە، لە ساڵی (١٦٠٨ تاکو ١٦١٣)ەش بەبێ دەنگی مردبوو..

**پیرەژنەکە:** ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ لە مەبەستت تێ ناگەم.

**پیاوەکە:** زۆر بەچاکی ئەوە چەسپاوە کە ئەو یاسایانە دەسنیشانی شاکارە نەمرەکان دەکەن، وەکو کارەکانی شکسپیر، هەروا بە ئاسانی کورتیان بکەینەوەو ئاسانیان بکەینەوە و مێشکی قوتابییانیان پێ پڕ بکەینەوە، ئێمە لە باوک و سەردەمەکەیان وشیارترین.

**پیرەژنەکە:** من حەز ناکەم دەربارەی خۆم ئەوە بڵێم.

**پیاوەکە:** منداڵان هەمیشە لە باوکەکانیان وشیارترن.

**پیرەژنەکە:** من لەگەڵ ئەم جۆرە بۆچوونەدا نیم.

**پیاوەکە:** منداڵان مکوڕیان هەیە.

**پیرەژنەکە:** نەخێر، باوکان زیاتر پێ دادەگرن.

**پیاوەکە:** وادیارە لە منداڵ و باوکی جیاواز دەدوێین.

**پیرەژنەکە:** هەموو کاتێ ئێمە واین. (بێدەنگی)

**پیاوەکە:** لە نهۆمی خوارەوە، کەس هەیە؟

**پیرەژنەکە:** پێشتر پرسیارت کرد، وەڵامم دایتەوە، ئیتر لەم بارەیەوە پرسیارم لێ مەکە.

**پیاوەکە:** گوێم لە دەنگێ بوو لە خوارەوە دەهات.

**پیرەژنەکە:** تەنیا بزانە کە لە خوارەوەیە، مەبەستم لە نهۆمی خوارەوەیە و هیچی تر.

**پیاوەکە:** تۆ لەو بڕوایەدای ئەوە؟

**پیرەژنەکە:** کێ؟.

**پیاوەکە:** شەیتان.

**پیرەژنەکە:** نەء، لەو بڕوایەدا نیم، کێیە شەیتانێک دێنێ و لە ژوورێکی ڕووتی نهۆمی خوارەوەی ئەم بینا کۆنە دادەنێ؟.

**پیاوەکە:** وامدەزانی کە....

**پیرەژنەکە:** چی؟.

**پیاوەکە:** شەیتانەکە، لەوێ، لەو خوارە لە قووڵاییەکانی خوارەوە.

**پیرەژنەکە:** ئوووە، واز لەم بەزمەبێنە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

(تاریکی)

(دەنگی ترپەی پێ، دەنگی کردنەوەی دەرگاو پێوەدانی،

نیشتەجێ تارماییەکە دەردەکەوێ).

**نیشتەجێیەکە**: هاتووم خۆمت پێ پیشان بدەم، هاتووم لە پرسیارو ترس و دڵەڕاوکێیەکانت قورتار بکەم.... مردن لەناو هەموو شتەکاندا تەنیا یەکجار ڕوودەدات، بەڵام کە بیری لێ دەکەیتەوە لە بارەیەوە دەدوێی ئەمە کارێکی بێ هوودەیە، کاتێک ڕاستی دەبێتە کارێکی گران و ئاڵۆز، مردن دەبێتە شتێکی چاوەڕوان کراو، پێشبینی کردنی مردن لە ڕێگای خەیاڵەوە کارێکی بێ ئەنجام و پووچە.

**پیاوەکە**: بەسە.... بەسیەتی، تکایە بەم جۆرە قسە مەکە.

**نیشتەجێیەکە**: شتێکی چاکە ئاوا قسە بکەین و لێکی بدەینەوە، تۆ لەمەدا لەگەڵمدای، وانییە؟.

**پیاوەکە**: بەمەرجێ نەچینە ناو ئەو جۆرە مەسەلانەوە.

**نیشتەجێیەکە**: لەبەرچی؟.

**پیاوەکە**: چونکی ئەمەیان نابێ.

**نیشتەجێیەکە**: کێ وا دەڵێ؟.

**پیاوەکە**: خاوەن خانووەکە وای گوت.

**نیشتەجێیەکە**: (پێکەنینێکی هستیری) خاوەن خانووەکە هاهاها...

**پیاوەکە**: گوێ بگرە، تۆ ئێستا هەڵە دەکەی و من دەبێ وریات بکەمەوە...

**نیشتەجێیەکە**: واز لەوە بهێنە، دەمەوێ شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە.

**پیاوەکە**: چی ڕوون دەکەیتەوە؟.

**نیشتەجێیەکە**: دارەکان.

**پیاوەکە**: دارەکان؟.

**نیشتەجێیەکە**: بەڵێ، گیانە دارەکان، هەروەها ترس و مووچڕکە، سەرما، ئەمانە ئاسانن، زیانبەخش نین، تکایە بڕوام پێ بکە.

**پیاوەکە**: من بڕوا بە کەسێ ناکەم نەیناسم.

**نیشتەجێیەکە**: بەڵام ئێمە یەکتر دەناسین، ئێمە لەخزمانیش لەیەکەوە نزیکترین.

**پیاوەکە**: لێم دوور بکەوەوە، تۆ بەم وتانە دەمورووژێنی.

**نیشتەجێیەکە**: وشەکانم تۆ بڵێی وشەکانم بتورووژێنن.

**پیاوەکە**: شێوازێکی بێزارکەرت هەیە، بۆگەن.

**نیشتەجێیەکە**: بۆنی من؟ بۆنی من چ پێوەندیی بە وشەکانەوە هەیە؟.

**پیاوەکە**: هەموو شتێکت قێزەونن، دوورکەوەوە.

**نیشتەجێیەکە**: تکا دەکەم ئارام بگرە، کەمێ پشووبدە. تۆ ئەمڕۆ زۆر ماندوو دیاری.

(بێدەنگی)

**نیشتەجێیەکە**: ئەی ئێستا، دوای ئەوەی گوێم بۆ شل کردی، هەست بە ئارامی ناکەی؟.

**پیاوەکە**: بەڵێ، لە کانگای دڵمەوە سوپاست دەکەم.


**نیشتەجێیەکە**: ڕاستگۆیی لە قسەکانتا دیارە، پێویستی بە بەڵگە نییە. بڕۆ کەمێ بنوو.

(پەردە)

*** ئەم شانۆگەرییە، لە چیرۆکێکی نووسەرەوە وەرگیراوە کە بەهەمان ناوەوەیە.**

*** الزمان / ژ٢٩٤٤/١٩٩٩.**

# بۆیاخچییەکان یادگارییان نییە



داریۆ فۆ
و/ خالید عوسمان

**کەسایەتییەکان:**
بێوەژن
بۆیاخچی
وەستا
ڕێزدار
ئانا
لەیستۆک (جۆرجۆ)

[هۆڵێک، کە بەشێوەیەکی ناڕێک کەلوپەلەکانی دانراون. کەلوپەلی فرێ دراو لێرەو لەوێ و بەسەریەکدا کەوتوو کە گوزارشت لە زەوقێکی ناڕێک دەکات.

پەردە، تابلۆ، وێنەی کۆنی فۆتۆگرافی. لە یەکێ لەلایەکاندا لەیستۆکێکی لە مۆم دروستکراوی پیاوێکی ڕوخسار توند دانراوە، چاویلکەی لەچاوەو سمێڵ و دوو برۆی چڕی هەیە. دەنگی زەنگی دەرگا دێت، ئافرەتێک، کە جلوبەرگی تاریکی لەبەردایە و لە تەمەنی سی ساڵیدایە لە دەرگای تەنیشتەوە دەردەچێت، لەسەرخۆ دەڕوات و سەیری کەلوپەلە پەرشوبڵاوەکان دەکات و هەندێکیان ڕێکدەخات، لە لەیستۆکەکە نزیک دەکەوێتەوە و بەچاوی خۆشەویستییەوە سەیری دەکات و دەستی لێدەدات، پاشان بۆ دەرگا کردنەوە دەچێتە لای چەپ.]

**بێوەژن:** بەڵێ، بەڵێ، کێیە؟ (دەرگا دەکاتەوە)

**بۆیاخچی:** (دێتە ژوورەوە، پەیژەیەکی لەسەر شانە کە بەشێکی دەبینین و بەشەکەی دیکەشی لە دەرەوەی دیمەنەکەیە)

من بۆیاخچییەکەم خانمەکەم، ئایا ئێرە ئەو شوێنەیە، کە من بۆی بانگ کراوم؟

**بێوەژن:** لە ڕاستیدا چاوەڕوانی کرێکاری پەردە بووم، نەک بۆیاخچی.

**بۆیاخچی:** لەبەرچی؟

**بێوەژن:** چۆن لە بەرچی؟ ببوورە، ئایا تۆ کرێکاری پەردەیت؟

**بۆیاخچی:** ها، نازانم.. وا باشترە لە (وەستا) بپرسیت.

**بێوەژن:** باشە... ئەی وەستا لە کوێیە؟

**بۆیاخچی:** ئێستا دێت... چاوەڕوان بکە. تکایە بە یارمەتیی خۆت.

(بەرەو ژوورەوە هەنگاو دەنێ، وەستاش دەبینین لایەکەی دیکەی پەیژەکەی لەسەر شانی داناوە و دێتە ژوورێ)

**بێوەژن:** ئاه، لە کۆتاییدا! ئەو بەڕێزەی کە.. لایەکەی دیکەی پەیژەکەی هەڵگرتووە، پێی گوتم.. کە تۆ وەستاکەیت.

**وەستا:** بەڵێ، من وەستاکەم.

**بێوەژن:** ئەی ئێوە کرێکاری پەردەن؟

**وەستا:** گرەو دەکەم ئەو نەفرەت لێکراوە بەتۆی گوتووە، کە ئێمە کرێکاری پەردە نین.

**بێوەژن:** نەخێر، بەڵکو بەمنی گوت... کە..

**وەستا:** ئاه، بەڵێ؟

**بێوەژن:** نا، پێی نەگوتم... ئا، یان، نا.

**وەستا:** بەڵکو بەڵێ.... تکایە پەیژەکە بگرە... دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم...

(ئافرەتەکە ناچار دەکات پەیژەکە بگرێت، پەیژەکە بۆ لای ئەو ڕادەکێشێ و ئافرەتەکە بۆ دەرەوە پاڵ دەنێت و بۆیاخچییەکەش لەلایەکەی دیکەی پەیژەکەوە دەردەکەوێت.

**بێوەژن:** ئەوە چیی دەکەیت؟ تکایە من فێری پەیژە هەڵگرتن نیم.

**وەستا:** هیچ زەحمەتییەکی تێدا نییە، وەها بیری لێ مەکەرەوە کە پەیژەیە، چونکە گەر بیری لێ بکەیتەوە دەڵێیت، ماڵوێران ئەم پەیژەیە چەند قورسە.

**بۆیاخچی:** (دێتە ژوورەوە) بانگت کردم؟

**وەستا:** (یاخەی دەگرێت) چیت بە خانمەکە گوتووە؟

**بۆیاخچی:** نا، هیچم پێی نەگوتووە.... پرسیاری ئەوەی لێ کردم، کە ئایا ئێمە کرێکاری پەردەین... منیش نەمزانی بەچی وەڵامی بدەمەوە..

**وەستا:** ئاه، ئەی نازانی... چەند جارم پێ گوتویت؛ هەر کەسێک لە

بارەی هەر کارێک پرسیاری لێ کردیت، بە بەڵێ وەڵامی بدەرەوە، ئێمە کرێکارین دەتوانین ئەوە بکەین...

**بۆیاخــــچی:** بەڵام .. کــرێکاری پەردە؟... ناتوانین ئەو کـــارە بکەین....

**وەســتا:** ئاە، ئەی لەبەرچی، ئایا ئێمەی بۆیاخچی دەتوانین ئەو کارە بکەین؟... ئای کە مرۆڤێکی مرو مۆچی! پاشان ئەوە هەفتەیەکە ئێمە هیچ کارێکمان نەکردووە، کاتێکیش داوامان دەکەن تۆ دەڕۆیت کارەکە ئاڵۆز دەکەیت! نازانم، کێ دەزانێ، دەبینین کێ دەزانێ!

**بۆیاخـچی:** باشە، باشە، تووڕە مەبە، بە خانمەکە دەڵێم ئێمە توانای ئەو کارەمان هەیە؟ خانمەکە لە کوێیە؟

**وەستا:** لەسەرەکەی دیکەی پەیژەکەیە.

**بۆیاخـچی:** ئاە.... کەمێک بیگرە، هەنووکە قسەی لەگەڵ دەکەم (هەمان جووڵەی دیمەنی پێشوو، بەڵام بەشێوەیەکی پێچەوانە)

**وەستا:** باشە، بەڵام پەلە بکە، هیچ کاری قوڕی دیکە مەکە!

**بۆیاخچی:** (بەو خانمەی، کە دێتە ژوورێ)

بەخێر بێیتەوە قسەم لەگەڵ وەستا کردو گوتی بەڵێ.

**بێــوەژن:** ئەوەیان دڵخۆشم دەکات، بەڵام وا باشتر نییە کە تۆ هەڵی بگریت؟

(پەیژەکە بۆ لای بۆیاخچییەکە پاڵ دەدات)

**بۆیاخچی:** ئاە ... بەڵێ... واباشترە... ببوورە.

**بێـــوەژن:** کەواتە مادام ئێوە کرێکاری پەردەن، ئەو پەردانەتان پێ پیشـان دەدەم، کـە پێـویسـتـە بگۆڕدرێن... بەڵام هێشـتـا پارچەیەک لەوێیە، ئێوە دەزانن بیبڕن وا نییە؟

**بۆیاخـچی:** بێگومان.. ئێمە دەتوانین هەموو کارێک بکەین... بەڵێ هەموو کارێک دەکەین...

**بێـوەژن:** باشە... بەڵام، پێم وایە ئەم پەیژەیە زۆر درێژە، داخوا لێرە شوێنی دەبێتەوە؟

**بۆیاخـچی:** ها، دەکرێ بە مشار ببڕدرێتەوە ... بەڵام ئەگەر بەلاری داینێین جێی خۆی دەگرێت.

**بێـــوەژن:** بێگومان ئێوە لەمن باشتر لەم کاروبارانە دەزانن، وەک دەزانی من ئافرەتم..

**بۆیاخـچی:** ها ها! ها ها! ها ها (پێدەکەنێت) هەر یەکەم جار ئەوەم زانی، بەهۆی ملوانکەکەتەوە زانیم.

**بێـوەژن:** بەڵام، پێم بڵێ، چەند کرێ داوا دەکەن.. وەک دەبینی من بێوەژنێکی هەژارم و پارەیەکی زۆرم نییە...

**بۆیاخچی:** بێوەژن؟

**بێوەژن:** بەڵێ...

**بۆیاخچی:** هەروەها منیش.

**بێوەژن:** تۆش بێوەژنی؟

**بۆیاخچی:** نەخێر، من بێوە مێردم.

**بێوەژن:** ئاە، بەڵێ (          ) ئای کە تەنیایی چەند بە ئازارەو تۆش تێم دەگەی وانییە.. هیوادارم کرێیەکی گونجاو وەربگرن...

**بۆیاخچی:** لە بارەی کرێیەکەوە لەگەڵ وەستا قسە بکە.

**بێوەژن:** بێوەمێردە؟

**بۆیاخچی:** نا، نا

**بێوەژن:** بە داخەوە

**بۆیاخچی:** بەڵام ژنەکەی بێوەژنە.. بەڵێ بێوەژنە.

**بێـــوەژن:** ژنەکەی... ئەی خۆی کەی مردووە؟ بەر لە کەمێک لێرە بوو، لەوە نەدەچوو کە مردبێ..

**بۆیاخـــچی:** نا.. ژنەکەی بێوەژنە، بەڵام لە مێردی پێشووی... لەبەرئەوە ئەو هەقی بەوەوە نییـــە، بەڵام هەر چۆنێک بێت لە بەینی خۆمان ڕێکدەکەوین ئەوەش دەبینی .. خواحافیز.

(دەچێـتـە دەرێ و پەیژەکە بەدوای خـۆیدا ڕادەکـێـشێ، لەلایەکەی دیکەشەوە پیاوێک لەجیاتی وەستا پەیژەکەی هەڵگرتووە)

**بێوەژن:** کەواتە؟

**ڕێزدار:** بەیانی باش لۆجیا خانم... چۆنیت؟

**بێـــــــوەژن:** ئۆهـ .. ڕێزدار مـــیلگـیـــۆ ... بەڵام، بۆچی پەیژەت هەڵگرتووە؟

**ڕێـزدار:** نازانم... لە پەیژەکە دادەبەزیم.... یەکێک داوای لێ کردم کـەمـێک بیگرم... پرسـیـاری تەوالێـتی لێ کـردم. جـانتـای پارە لە گـیـرفـانی دەردەهێنێت و هەندێ پارەی کـاغـەزی لێ دەردەهێنێ و دەیداتە بێوەژنەکە و پاشان ڕووەدکاتە نهۆمی سەرەوە.

**بێوەژن:** پارەکە لە دەستی وەردەگرێت و خۆی وەها پیشان دەدات کە بایەخی پێ نادات ئۆوە پێویستی بەوە نەدەکرد ... (شێـوەی دەنگی خۆی دەگۆڕێ) هەزار لیرەی کەمە.

**ڕێزدار:** چۆن؟ ئەوە هێن نییە؟

**بێـــــوەژن:** بەڵێ... بەڵام... لەسـەر ئێـمـە پێـویسـت بوو زیادی بکەین... زۆرمـــان خــەرج کـــرد، یاخــود بە لایەنی کـــەم خــەرجی دەکـەین.... پەیژەکـەش دەتوانێت ئەوەت پێ بڵـێت... من باشـتـرین کرێکاری ئەم شارەم داوا کردووە... دەمەوێ ئەم ماڵە ببێتە گەوهەر..

(کاغەزێکی هەزار لیرەیی بۆ زیاد کرد)

**ڕێـزدار:** ئاە.. بەڵام ئەوها وەک خۆی جوانە.. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگـەر لە جێی تۆ بووام نەمـدەگـۆڕی، چونکە کـەشـوهەوا جوانـەکـەی نامێنێ، ڕەنگە بڕوا نەکـەیت ئەگـەر پێت بڵـێم هەر کـاتێک هاتبم بۆ ئێـرە هەسـتـم کـردووە کـە منداڵ بوومـەتەوە، وەک ئەوەی لەسـەرەتای یەکەم خۆشەویستیدا بم، بەڵام با یادگارییەکان بخەینە لاوە، چونکە هەمیشە بە ئازارە...

**بێـوەژن:** ئۆی.. وا مەڵێ، ئەوەی دەیڵـێیت ڕاست نییە... یادگاریی تاکـە بەخـتـەوەرییـە بە ژیانمانەوە دەبەسـتـێـتـەوە ... بەلایەنی کـەم سـەبارەت بەمن .. من تەنیـا لەناو یادگارییـەکاندا دەژیم... تەنانەت هەندێ جار لە کردنەوەی پەنجەرەکانیش دەترسێم، دەترسم شـتـێک لە یادگـارەکـانم لەم ژوورەدا بفـڕێت، هەتا هەتایە بفـڕێت، لەبەر ئەوە بە دەگمەن پەنجەرە دەکەمەوە.

**ڕێـــــزدار:** (          ).. بـەڵــێ.. مـنـش وای دەبـیـنـم...

(لەوکاتەدا دەرک بە بوونی لەیستۆکەکە دەکات) ئۆهـ ... لە بیرم کرد، وا دێتە بەرچاو کە سەرلەنوێ بژێتەوە.

**بێوەژن:** بەڵێ.... زۆر لەو دەچێت...

**ڕێـزدار:** لە ڕاستیدا جێی سەرنجە لەیستۆکێکی لە مۆم دروستکراو بەم ڕادەیە زۆرە لەو بچێت!

**بێـــوەژن:** بەڵام بۆ بەدبەختی لەیستۆکـە.. ئازیزەکـەم جۆرجۆ ئایا دێتــەوە بیــرت؟ ئەوە بەردەوام لێـرە دادەنیـشت، ئەو شـوێنەی بەلاوە پەسەندبوو (فرمێسک هەڵدەوەرێنێ)...

کـۆچی کردو بوو بە یادگاری، هەندێ جاریش وا خەیاڵ دەکەم، کە لێرەیە، لەسەر هەردوو ئەژنۆی دادەنیشم (لەسەر ئەژنۆی لەیستۆکەکە

دادەنیشێ) و چەندین کاتژمێر قسەی لەگەڵ دەکەم و بۆ یادگارییەکانم دەگەڕێمەوە و وا دێتە بەرچاوم، کە گوێی لێمەو وەڵامم دەداتەوە.

ئەم ماڵە چەند بەختەوەر بوو، بەختەوەرترین ماڵی ئەم شارە بوو...

**ڕێزدار**: ئێستاش بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر وایە...

(وەستا دێتە ژووری)

**وەستا**: ماڵۆکەتا، توالێتەکەی نهۆمی سەرەوەتان چەند جوانە.. دەکرێت لە پشوویەکی خۆشدا سەیرانی لێ بکرێت! بەڵێ، بە ڕاستی توالێتێکی جوانە....

**ڕێزدار**: ئەی کاکی ڕەسسام، ببوورە...؛ (ئاماژە بۆ پەیژەکە دەکات).

**وەستا**: (پەیژەکە وەردەگرێت) ئاه ... سوپاس ... ببوورە کەواتە گەورەم، دەتەوێ، چ کارێک بکەین؟ ئێمە گوێڕایەڵی فەرمانی تۆین و ئێستا دەستپێدەکەین.

**بێوەژن**: کەمێک چاوەڕوان بکە ... ئەو ڕێزدارە لەگەڵ خۆم دەبەم و ئێستا دەگەڕێمەوە... فەرموو ڕێزدار میلگێو .. فەرموو... سوپاس بۆ سەردانەکەت... بابتبینین!

(لە قووڵایی دیمەنەکە دەردەچن)

**وەستا**: (بەسەر پەیژەکە دەکەوێ) ئەی ئێستا، ئەمەیان لە کوێ دابنێین... ئاڵدۆ... وەرە، یەڵڵا وەرە... پێشبینیی ئەوەم دەکرد، ڕۆیشت... (پەیژەکە ڕادەکێشێ و لێکی دەکاتەوە و بەقیتی دای دەنێت)

**بۆیاخچی**: ( لە دەرەوە ڕا) ... ئێ ... چاوەڕوان کە...

**وەستا**: بەڵێ چاوەڕوان دەکەم... ئەی کەی پێوەندی دەکات... ئایا دەتوانم بزانم لەکوێ؟

کێ پێی گوتی پەیژەکە لەوێ بەجێ بهێڵە؟

**بۆیاخچی**: هێشتا لە دەرەوەیە، من لەوێم بەجێ نەهێشتووە...

**وەستا**: (بەنیگەرانییەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات)

هێی .. تۆ لە کوێی؟ ئاڵدۆ ... تۆ لەکوێی؟

**بۆیاخچی**: دەتەوێ لەکوێ بم...من لێرەم، لە شوێنی خۆمم، لە سەرەوەی پەیژەکەم...

**وەستا**: (سەیری سەرەوە دەکات) نا... بەڵام لەوە زیاتر نابێ... لەوێ چی دەکەیت؟ ... وەرە خوارەوە...

**بۆیاخچی**: ئاه، نا، ئەگەر ئەوها بەسەرمدا هاوار بکەیت نایەمە خوارەوە.

**وەستا**: باشە... هاوار ناکەم..... وەرە خوارەوە...

**بۆیاخچی**: بەڵێ، هاوار مەکە... بەڵام من دەزانم، تۆ بێزارم دەکەی...

**وەستا**: نا... (مێشکی لە کەللەدا نامێنێ).... یەڵڵا خێراکە.

**بۆیاخچی**: بەڵێ، بەڵێ ... بێزارم دەکەیت و تووشی بێ هێزی دەبم، ڕووناکییەکە بکوژێنەوە تا نەتبینم...!

**وەستا**: ڕووناکیی؟... تۆ شێتیت. یەڵڵا منداڵ مەبە.. یەڵڵا وەرە خوارەوە!...

**بۆیاخچی**: نا، نا... تاکو ڕووناکی نەکوژێنیتەوە نایەمە خوارەوە...

**وەستا**: باشە... ڕووناکییەکە دەکوژێنمەوە

(دەچێ کارەباکە بکوژێنێتەوە)

لەجێی خۆت مەجوڵێوە، هەی بەدبەخت.

(دەنگی بەریەککەوتنێکی بەهێز دەبیسترێت)

ڕاوەستە ڕووناکییەکە پێدەکەم (پەیژەکە دەکەوێت) ئەوە چی دەکەیت

**بۆیاخچی**: ئای، ئەی ... فریام کەوە.. ئاه...

**وەستا**: ئاخۆ ئازارت پێ گەیشت؟ ڕاوەستە ڕووناکییەکە دادەگیرسێنم

(کارەباکە پێدەبێت پەیژەکە دەبینین کەوتۆتە سەر سەری لەیستۆکەکە)

ئەی بەدبەخت... (هەوڵ دەدات پەیژەکە بە قیتی دابنێت) ئەوە چییە؟

**بۆیاخچی**: ها؟

**وەستا**: ئەوە چییە؟ ئایا لەسەر پەیژەکە لەگەڵت بوو؟

**بۆیاخچی**: (بەترسێکی زۆرەوە) نا، ئۆوه، ببوورە ئەی بەڕێز ... ئایا چیت بەسەرهات؟ ئەی خودایە... هەر ئەوەمان کەم بوو..

(شەقازللەیەکی لێدەدات)...

دەی ... دەی ... هیچ نەبووە... تەنیا لێدانێکی سووکە... مەترسێ .... جۆفانیمان کوشت.. کوشتمان...

**وەستا**: تۆ کوشتت... با ببینم... ئەی بۆچی خراوەتە ژێر پەیژەوە (لە لەیستۆکەکە دەچێتە پێشەوەو سەیری دەکات بەبێ ئەوەی دەستی لێ بدات، سەری دەجوولێنێ) هێدمەی عەقڵیی، پێت وانییە هەر کارێک بکەین بێ سوودە، چونکە وەک مۆمیا ڕەق بۆتەوە...

**بۆیاخچی**: (دەگریێت) ئێستا چی بکەین؟... جۆفانی .. دەی با ڕابکەین...

**وەستا**: ئای کە زیرەکیت... ئەی چیمان بەسەر دێت....

ئەوان دەزانن ئێمە لێرەین، قورتاربوونمان نییە، یەکسەر دەستگیرمان دەکەن... بەڵام پێم بڵێ، تۆ دەیناسیت؟ وابزانم پێشتر دیومە....

**بۆیاخچی**: بەڵێ، ئەگەر سمێڵ و چاویلکەکان نەبوان، دەمگوت... کەمێک سەیری کە.

**وەستا**: (قۆڵی بۆیاخچییەکە دەگرێ و ناچاری دەکات لە لەیستۆکەکەوە نزیک بێتەوە) ئا ئەوەیە هاوشێوە.. ئەو لەتۆ دەچێت... دەکرێ بڵێم تۆ بە ڕاستی بەختەوەری...

**بۆیاخچی**: لەبەرچی ... ئەو بەختە چییە، کە تۆ باسی لێوە دەکەیت... کوژرانی پیاوێک کە لە من دەچێت؟

**وەستا**: من پێت دەڵێم، ئەوە چ شانسێکە، لاقی بۆ خوارەوە ڕاکێشە، ڕای بگرە (لەیستۆکەکە دەخاتە سەر پشتی بۆیاخچییەکە) ئێستا بۆ نهۆمە بڵندەکەی ببە، لەسەرەوە، بۆ توالێتەکەو جلەکانی دابکەنەو تۆ لەبەریان بکە...

**بۆیاخچی**: جلەکانی بدزم؟ لەبەرچی، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بکەومە زیندانەوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوێکم کوشتووە، بەڵکو جلەکانیشیم دزیوە..

**وەستا**: مەترسە، هیچت بەسەر نایەت، بەڵکو تۆ دەبیتە مردووەکە...

**بۆیاخچی**: چی؟ بەڵام من نامەوێ بمرم...

**وەستا**: هەوڵ بدە تێم بگەیت! تۆ جلی ئەو لەبەردەکەیت و ئەویش جلی تۆ ... جلی بۆیاخچی .. پاشان ڕووداوێک دروست دەکەیت .... وا لە هەمووان دەکەیت، کە وابزانن، کە تۆ مردوویت، نەک ئەو..

**بۆیاخچی**: (بە ڕووگەشییەوە) ڕاستە .. ئەوجا بەهۆی مردنە کتوپڕەکەمەوە مووچەم بۆ دەبڕنەوە مەبەستم ئەوەیە من وەری ناگرم، چونکە من دەبمە مردوو، بەڵکو کەسوکارم وەری دەگرن بزانە جۆفانی، چەند دڵیان بەوە خۆش دەبێت...

**وەستا**: چی تر؟

**بۆیاخچی:** جۆفانی، نەخێر، ئەو کارە ناکەم.... نەخێر ئەی جۆفانی، من نامەوێ بمرم

(لەیستۆکەکە دێنێتە خوارەوە و لێی دەگەڕێت بکەوێتە سەر کورسی)

**وەستا:** باشە، ئەگەر تۆ زیندانی هەتا هەتاییت پێ باشە... دەی بجوولێ ... یارمەتیم بدە (وەستا خۆی ئامادە دەکات لەیستۆکەکە لەپشتی خۆی بار بکات، بۆیاخچییەکە هەوڵ دەدات یارمەتی بدات دەستی خۆی دەداتێ و دەیخاتە سەر پشتییەوە)

**بۆیاخچی:** ها ئەوەتا باسکم.

**وەستا:** (بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە دەستی بۆیاخچییەکەی گرتووە) ئاه شتێکی دیکە هەیە، کەرەسەی ڕیش تاشین لە توالێتەکە هەیە، سمێڵی بتاشە... بۆ خۆشت...

**بۆیاخچی:** (سواری پشتی وەستا دەبێت) وای لێ دەکەم درێژ بێتەوە.

**وەستا:** ئالدۆ، تۆ لە کوێیت؟

**بۆیاخچی:** من لێرەم

**وەستا:** تۆ لە کوێیت ئالدۆ؟

**بۆیاخچی:** وەک دەبینی لە شوێنی خۆمم.

**وەستا:** ئای، کەشوومی (فڕێی دەداتە سەر ئەرزەکەوە)

**بۆیاخچی:** گوتت یارمەتیم بدە، دەستی خۆمتم داێتێ.

**وەستا:** وەرە ئێرە، یارمەتیم بدە، نا نا یارمەتیم مەدە، بە تەنیا خۆم دەیکەم (لەیستۆکەکە هەڵدەگرێت)

دەمگوت، لە توالێتەکە کەرەسەی ڕیش تاشین هەیە و سمێڵی بتاشە، بەڵام تۆ..

**بۆیاخچی:** لێی گەڕێ درێژ بێت (دەردەچن)

**وەستا:** ( لەدەرەوەی دیمەنەکەوە) نا، بە فلچە بۆتی دروست دەکەم، دەی بۆ نهۆمە بەرزەکە سەرکەوە.

**بۆیاخچی:** سەرکەوە بۆ نهۆمە بەرزەکە.

**وەستا:** بەبێ ئەوەی گرفتێکی دیکە بنێتەوە، چی تر بەرگەی ئەوە ناگرم، هەمموو جارێک گرفتێکی دیکە.. (دێتە ناو دیمەنەکەوەو والدۆی لەسەر پشتە)

**بۆیاخچی:** نا، نا، نارەحەت مەبە جوفانی، گرفتی دیکە نانێمەوە،

**وەستا:** ئالدۆ، تۆ لە کوێیت؟

**بۆیاخچی:** لە شوێنی خۆمم

**وەستا:** ئای، کەشوومیت (بۆ دەرەوە دەچێت و بۆیاخچییەکەشی لەسەر پشتە، پاشان بەهۆی کەوتنی بۆیاخچییەکەوە دەنگی ترپەیەک دێت)

**بۆیاخچی:** ئەی، ئەی، دایە، دایە.

**وەستا:** ئای، کە چ شوومێکی

(دێتە ژوورەوە و پەیژەکە بەقیتی دادەنێت. ئافرەتێکی گەنج ڕۆبێکی درێژی لەبەرەو جگەرەی بە دەمەوەیەو دێتە ژوورەوە)

**ئانا:** سڵاو ... ئایا تۆ کرێکاری پەردەیت؟

**وەستا:** (بە پەشۆکاوییەوە) بەڵێ، ئێمە کرێکاری پەردەین.

**ئانا:** ئێستا کاتی ئەوە هاتووە خانم شتێک لەم مەرقەدە بکات... (هەست بە نەبوونی لەیستۆکەکە دەکات)

سەیرە... ئەی جۆرجۆ لە کوێیە؟ ببوورە، لە کاتی هاتنە ژوورەوەت نەتبینی؟

**وەستا:** (بە داماوییەوە) بەڵێ ... لێرەبوو...

پاشان نازانم .... ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کەم دەرچووبێت..

**ئانا:** دەرچوو؟ ... چ دەڵێیت.... ڕەنگە یەکێ هاتبێ و بردبێتی..

**وەستا:** ئاه ، بەڵێ، هاتەوە بیرم... برادەرێکی هات و بردی...

**ئانا:** برادەرێکی؟ ... ئاه، بەڵێ، برادەری خانمەکە.. چاککەرەوەکە .... تەماشا بکە پارە بۆ کوێ فڕێ دەدات...

**وەستا:** (بەبێ ئەوەی تێ بگات، کە چ دەڵێت)..

ئێ .. بەڵێ، هەریەکێک نەریتێکی خراپی هەیە... بەڵام، ببوورە، کێیە، مەبەستم ئەو کەسەیە، کە لەو شوێنە دادەنیشت کە ئێستا تۆ لێی دانیشتوویت؟

**ئانا:** خاوەنماڵەکە، مێردی خانم..

**وەستا:** (چاوەکانی تێدەبڕێت)، ئای ... کە جوانە...

**ئانا:** بەڵێ، کاتێک، کە زیندووش بوو هەر جوان بوو.

**وەستا:** چۆن ... کاتێ زیندوو بوو؟

**ئانا:** بەڵێ ئێستا ئەو مردووە...

**وەستا:** (لەبەرخۆیەوە) ئاه، ئەو شوومە خۆی بە تەڵەزگەوە کرد.

**ئانا:** ئای لەو خانمە بەسەزمانە، زۆر ئازاری چەشت، خەریک بوو شێت بێت....

**وەستا:** لەوە تێدەگەم... بەڵام ... دەزانی... مردنەکەی کارەسات بوو...

**ئانا:** بەڵکو جۆرێک بوو لە ڕزگاربوون لە کۆت و پێوەندەکان.. خەڵکی وا هەن بۆ ئەوە حەمدو سەنا بۆ ئاسمان دەکەن.

**وەستا:** ببوورە، پێویست بەوە ناکات... کاتێ بتوانین کاری چاک دەکەین و ئەگەر یەکێک لە ماڵەکەیدا پێویستی بە مردوو هەبێت، بەو پەڕی بەختەوەرییەوە دابینی دەکەین...

**ئانا:** ئۆوه، نازانی، هەروەها منیش ئازارم خوارد، چونکە من خێزانەکەی ئەوم، هەمموو کەس ئەو پیاوەیان خۆش دەویست، تا کار گەیشتە ئەوەی مۆمیا بکرێت، هەروەک خۆی دەیویست...

**وەستا:** ئەو ویستی مۆمیا بکرێت؟ ئۆه!

**ئانا:** لە شانسی باشی خۆمان، توانیمان بەوە قایلی بکەین، کە پەیکەرێکی لە مۆم بۆ دروست بکەین..

**وەستا:** لەمۆم ... لە مۆم بوو.. !! ئۆوه!

**ئانا:** بەڵێ، بۆ ئەوەی هەردەم لەنێوان هەردوو لاقیدا بێت، چونکە جۆرێک هەستی لەلا دەوروژاند...

**وەستا:** بەڵام ببوورە، ئەوە کەی مرد... کە جۆرێک هەستکردن لەنێوان دوو لاقاندا دەوروژێنێت؟.

**ئانا:** جۆرجۆ؟ بەر لە سێ ساڵ.

**وەستا:** سێ ساڵە، جۆرجۆ لەنێوان دوو لاقاندا مردووە؟..

**بێوەژن:** (لە دەرەوەی دیمەنەکەوە) ئانا. ئانا یەکێک بانگت دەکات.

**ئانا:** هەر ئێستا ... ڕێگەم بدە...

(دەچێتە دەرێ، لەلایەکەی دیکەشەوە بۆیاخچییەکە جلی لەیستۆکەکەی لەبەردایە و دێتە ژوورێ)

**بۆیاخچی:** چۆن دێمە بەرچاوان... دەتەوێ ئەمجارەیان چ بڵێیت... زیرەک نیم؟

**وەستا:** چ زیرەکییەک، بەڵکو چ گێلایەتییەکە زیندوو نەبوو، چۆن نەتزانی؟

**بۆیاخچی:** هەر ئێستا زانیم، کە زیندوو نەبووە....

**وەستا:** چ زیندوویەک و چ مردوویەک.... ئەو پەیکەرێکە لە مۆم،

لەیستۆکێکی دروستکراو...

**بۆیاخچی**: چی؟

**وەستا**: بەڵێ... ئەو پەیکەرە مۆمێکی مێردی خاوەن ماڵەکەیە، کە بەر لە سێ ساڵان لەنێوان دوو لاقاندا مردووە.

**بۆیاخچی**: بەڵام ئێمە بەر لە سێ ساڵ لێرە نەبووین، کەواتە ئێمە نەمانکوشتووە (لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشێ، کە پێشتر لەیستۆکەکەی لەسەر بوو)

لە شانسی باشمان...

**وەستا**: بەڵکو لە شانسی خراپمان ... هەر ئێستا بچۆرە نهۆمە بەرزەکە و بیهێنەوەو جلەکانیشی بدەرەوە...

**بۆیاخچی**: سمێڵی بۆ دروست بکەم؟

**بێوەژن**: (لە دەرەوەی دیمەنەکە)... ببوورە... هەندێ خەڵک لەوێ بوون.. لەبەر ئەوە..

**وەستا**: ڕاوەستە مەجوولێ ... فەرموو فەرموو پێویست بە داواکردنی لێبوردن ناکات ئەی خانمەکەم (ئافرەتەکە دێتە ژووری)

**بێوەژن**: ئازیزەکەم جۆرجۆ دەتبینم سەیرم دەکەیت پەردەکانم لەبیر کرد...

(خۆی بۆچوونە دەرەوە ئامادەکات)

ئێستا بۆتی دێنم (دەچێتە دەرەوە)

**وەستا**: خێراکە... بەرلەوەی بگەڕێتەوە.... قوتووە بۆیاخەکانت لەکوێ داناوە؟

**بۆیاخچی**: لەوێ ... (ئاماژە بۆ بۆیاخەکە دەکات) بۆچی؟ دەتەوێ چی بکەیت؟

**وەستا**: ماکیاژێکت بۆ دەکەم تا لە جۆرجۆ بچیت.. سمێڵت بۆ دروست دەکەم و ئەوانی دیش (فلچەکە وەردەگرێت و دەیخاتە ناو قوتووی بۆیاخە ڕەشەکەوە)

**بۆیاخچی**: بەڵام لەبەرچی؟

**وەستا**: کاتی ئەوەمان نییە ڕاستیمان دەسکەوێت لەبەرئەوە تۆ خۆت شوێنی پەیکەرەکە دەگریتەوە.. بەڵام نەکەی وا بکەیت خانمەکە بەکارەکانمان بزانێت.... چونکە فرێمان دەداتە دەرەوە و کارەکەشمان بەفیڕۆ دەچێت و دڵنیابە خوا حافیز پارە.. نەجوولێی (وەستا خۆی ئامادە دەکات سمێڵ بۆ بۆیاخچی بکات، کە لەگەڵ بەرکەوتنی فلچە ختووکەی دێتێ و دەموچاوی گرژ دەکات)

**بۆیاخچی**: تۆ ختووکەم دێنیتێ .. هی هی.

(خۆی دەگرێ و دەپژمێ و بۆیاخی سەر فلچەکە بە دەموچاوی وەستادا دەدات)

**وەستا**: ئای کەشوومی (فلچەیەکی دیکە دێنێ و دەیخاتە ناو ڕەنگی سپی و نێوچەوانی بۆیاخچییەکەی پێ سواخ دەدات و وەک بلێی مامۆستای ڕەنگکردن بێ، لێی ورد دەبێتەوە) چاویلکەکە بکە چاوانت... ئایا لەگەڵ خۆتدا هێناوتە...؟.

**بۆیاخچی**: چۆن نا، ها ئەوەتە... (لە چاوی دەکات) چۆنم؟

**وەستا**: زۆر باشە..... چاوەڕوان بکە.... جۆرجۆ لۆچێکی ناشیرینی لەوێ هەبوو... ئالێرە... بەم شێوەیە ... (لۆچی بۆ دەکات)

**بۆیاخچی**: دەترسم زۆر ناشرین بێت.

**وەستا**: نا... نا، ئێستا وا بکە ببیتە جێگای ڕەزامەندیم هەرکە خانمەکە هات هەناسە مەدە.

**بۆیاخچی**: چۆن هەناسە نەدەم، ئەی بەلووتیش؟

**وەستا**: تەنانەت بە لووتیش هەناسە مەدە.

**بۆیاخچی**: بەڵام ئەگەر لووت و بەدەم هەناسە نەدەم و وەرنەگرم....؟

**وەستا**: ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکە.. چ پێویستیت بەوە هەیە بە لووت هەناسە وەرگریت؟ بناوکاران بۆ ماوەی چەندین کیلۆمەتر لەژێر ئاودا هەناسە نادەن.

(قوتووە ڕەنگەکە دێنێت و جارێکی دیکەش بە مەبەستی لێدانی دوا فلچە لە دەموچاوی، فلچەکە دەخاتە ناو ڕەنگەکەوە.. لەو کاتدا بێوەژنەکە دێتە ژووری و دەبینێ وەستاکە دەوروخولی جۆرجۆ دەدات، بەسەریدا هاوار دەکات)

**بێوەژن**: بەو فلچەیە چی دەکەیت؟...

**وەستا**: فلچە؟ (بۆیاخچییەکە ناچار دەکات نەجوولێت)

ئاه... سەیرم دەکرد ئەگەر بزانیت، بەم شێوەیە تەنیا بۆ تاقیکردنەوە .... دیتم سمێڵی کەمێک خوار بوو.. بۆیە بە فلچە...

**بێوەژن**: ئاه، تۆ نووژەنکاریشی؟

(تێبینی پەیکەرەکە دەکات، کە لە ڕەوشتێکی نالەباردایە، وەک ئەوە وایە مۆمیا بێ).

**وەستا**: لە ڕاستیدا... نووژەنکردنەوە پیشەی سەرەکیمە... سەیرم کرد کەمێک تێکچوون هەبوو لەبەر ئەوە.... بە فلچە..

**بێوەژن**: ئاه ... باشە ... چاوەڕوانی برادەرە هاوکارێکی خۆم دەکرد... بەڵام مادام تۆ لێرەیت... دەکرێ تۆ ئەم کارە بکەیت.

(لە پەیکەرەکە نزیک دەکەوێتەوەو چاویلکەی لەچاو دەکات تاکو بە باشی ببینێت، هاوارێکی بەهێز دەکات و دەکەوێتە نێوان هەردوو دەستی وەستا، کە بەزەحمەت دەیگرێتەوە، پاشان پارسەنگی نامێنێ و دەکەوێتە سەر شەبقەکەی، کە لەسەر مێزەکە بە جێی هێشتبوو)

**بێوەژن**: ئاه...

**وەستا**: ئای کە چ شوومێکیت، یارمەتیم بدە، نابینیی خانمەکە لە هۆش خۆی چووە؟

**بۆیاخچی**: بەڵام تۆ بەمنت گوت شوێنی خۆت بەجێ مەهێڵە.

**وەستا**: مەجوولێ، وا خەریکە دێتەوە هۆش خۆی.

**بێوەژن**: (بەهۆش خۆی دێتەوەو دەبینێ لە باوەشی وەستایە)

ئاه! پاردۆن ...موتەئەسیفم

**وەستا**: ببوورە .. من موتە ئەسیفم.

(سەیری شەبقەکەی دەکات، کە قووپابووەوە لە شوێنی خۆی دایدەنێتەوە)

**بێوەژن**: ئەی خواکەم ... هەستێکی وام بۆ هات دەتگوت بە زیندوویێتی ببینیم... کارێکی باشتان کرد... ئێوە باشترین نووژەنکارن کە لە ژیانمدا ناسیبیانم...

**وەستا**: (خۆی دەردەخات) دەزانیت.... بەتوانایەکی کەمەوە...

**بێوەژن**: (بەچاوی خۆشی وەرگرتنەوە سەیری پەیکەرەکە دەکات) نا، نا، بەڵکو تۆ بە ڕاستی هونەرمەندی، هونەرمەندێکی گەورە (سەفتە پارەیەکی کاغەز لە گیرفانی دەردێنێ و هەندێکی دەداتە وەستا) بگرە... تۆ شایستەی ئەوەیت... دیارییەکی وات پێ بەخشیم، کە هەر باس ناکرێ...

**وەستا**: نا، نا، چیم نەکردووە، تەنیا سێ، یان چوار سەرە فلچەم بەکارهێناوە بۆ ڕێکخستنەوەی سمێڵی.

**بێوەژن**: تکایە قبووڵی بکە... چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردم.

**وەستا**: بەڵام .... ئەوە زۆر نییە.. شەرمەزارم دەکات.

**بێوەژن:** باشە بۆ خۆم کارەکان ڕێکدەخەم.

(سەیری لایەکەی دیکە دەکات، لەو کاتیدا بۆیاخچییەکە هەوڵ دەدات پارەکەی لە دەست وەربگرێت، بەبێ ئەوەی بێوەژن هەست بکات وەستا شەپازللەیەک لە بۆیاخچی دەدات)

**وەستا:** ئەگەر لەسەر ئەوە سوور بیت... پارەکە قەبووڵ دەکەم، ئەوە یەکەم جارە لە ژیانم لە بەرامبەر نوێکردنەوەی سمێڵ پارەی دەستکەوێت.

(بۆیاخچییەکە پارەکانی دیکە لە دەست بێوەژنەکە وەردەگرێت و لەبن جلەکانی دەشارێتەوە).

**بێوەژن:** ئۆوە... پارەکەم لە دەست کەوتووە.

(بۆ گەڕان لە پارەکان دەنوشتێتەوە) چی لێ هات.

**وەستا:** (چەمانەوەی بێوەژن بە هەل دەزانێت و لەبن گوێی بۆیاخچی پسەپس دەکات) هەی پیسکە، هەی دز، پارەکەی بدەرەوە، ئەگینا دەموچاوت دەشکێنم.

**بۆیاخچی:** ئەوە مەڵێ... بەهیچ شێوەیەک ... بۆچی پارەکانی خۆتی نادەیتێ؟

**وەستا:** (بەرۆکی دەگرێت) پارەکە دەربێنە ئەگینا دەموچاوت دەشکێنم.

**بێوەژن:** (هەڵدەستێتەوە) چ ڕووی داوە؟ چ دەکەیت؟

(لەو کاتیدا دەبینێ وەستا دەستی بەرزکردۆتەوە و دەیەوێ لە بۆیاخچییەکە بدات)

**وەستا:** بەفلێچە؟ (بەڵام هەست بەوە دەکات کە فلێچەی لە دەستدا نییە)

بەبێ فلێچە؟ ئاه، ئەو مێشەم دەردەکرد کە لەسەر لووتی جۆرجۆ بوو... سەیرکە بەم شێوەیە مێش دەکوژرێت.... دەستت وەکو بێلچەیەک لێ دەکەیت و پاشان، یەک دوو، سێ... ززز تزاک.. ئای لەو بێ شەنسییە لە دەستم قورتار بوو.

**بێوەژن:** بەڵام من هیچ مێشێک نابینم... ئاه... ئا ئەوەتا (بەتوندی پێیدا دەکێشێ)

**وەستا:** ئای...

**بێوەژن:** ئۆوه ... ببوورە... مێش نییە، خاڵە بینیت پارەکانی خۆم دۆزییەوە، سوپاس بۆ تۆ (ئەو پارانە وەردەگرێتەوە، کە پێشتر دابوونی)

**وەستا:** لە ڕاستیدا.... ئاه... بەڵێ.. لەژێر کورسییەکە دۆزیمەوە... بیژمێرە... بزانە تەواوە.

**بێوەژن:** ئای لە بێ بەختیم.... چۆن دەکرێ بڕوا بە تۆ نەکەم... هەر لە یەکەم دیداردا، ڕووی خۆشم دایتێ.. چونکە من ڕووخۆش و باشان چاک دەناسم... هەروەها جۆرجۆش زۆر ڕووخۆش و باش بوو.. لەبەر ئەوە بەختەوەر بوو.

**وەستا:** گومان لەوەدا نییە.. کە هاوسەری تۆ بێ.. ئای لەو فلێچە گەورەیە، مەبەستم ئای لە شانسی گەورە...

**بێوەژن:** تۆ چەند باش و ڕووخۆشیت.. هەرچۆنێک بێت من هەرگیز بێ ئومێدم نەکردووە... هەرگیز هەرگیز... هیچ کاتێک بێزارم نەکردووە، بەڵام ئەو شایانی ئەوە بوو.. چونکە پیاوێکی بێ وێنەو زیرەک بوو.

(بۆیاخچییەکە وا هەستی دەکرد، کە ئەو بایەخە گەورەیە بۆ ئەوە)

تەماشای بکە، ئایا وای نابینی، کە ئاسایی نییە (سەری بۆ لایەکەی دیکە دەسووڕێنێت)

**وەستا:** دەموچاوی بۆ لایەکەی دیکە وەرگێڕە، بە ڕاستی دڵگیرە...

**بێوەژن:** هزرڤان بوو... بیری لە دانانی کتێبێک دەکردەوە لەسەر دابونەریتی شارستانێتی ڕۆژهەڵات.... بەڵام کات پێی زانی...

(دەستی لێدەدات و قۆپچەی جلەکانی دەکاتەوە)

تەماشاکە بزانە نەبادا کەسێک بێت.

(دەستی دەخاتە ناو گیرفانی ناوەوەی بەدلەکەی و جۆرێک ختووکە دێنێتە بۆیاخچی، هەوڵ دەدات بەرگری بکات)

**وەستا:** بەڵام تۆ چی دەکەیت؟

**بێوەژن:** کاتێ، کە زیندوو بوو پارەی ماڵەوەی هەڵدەگرت.... ئێستاش لای ئەو دەیشارمەوە.. زۆر تەقەتترەو بەبیری کەسدا نایەت لێرە لێی بگەڕێت..

(بۆیاخچی بە هەردوولاچاوی سەیر دەکات)

**وەستا:** ئاه.... بەڵێ ... لە شوێنێکی تەقەتدایە وەک ئەوە وایە لەبانک بێ ...

**بێوەژن:** (سەیری کاتژمێری گیرفانی پەیکەرەکە دەکات) ئەی خوایە، کاتژمێر شەش و چارەکە... دەبێ ئێستا دەرزی لێبدرێت...

**وەستا:** دەرزی لێبدرێت؟ چ دەرزییەک؟

(بۆیاخچییەکە بە زەندەق چوونەوە گوێ ڕادەگرێت)

**بێوەژن:** زۆر زیندەوەر هەن حەز لە مۆم دەکەن لەبەر ئەوە دەبێ هەموو ڕۆژێ دەرزییەکی دژە زیندەوەری لێ بدەم، ئەگەر پشتگوێشی بخەم لە ماوەی یەک هەفتەدا تێکوپێک دەچێت، جۆرجۆ خۆشەویستەکەم...

**وەستا:** بەڵێ... بەڵێ ... جۆرجۆ لەمۆم دروست کراوە (پێدەکەنێت) ها ها ها ... بەڵێ لەبەر ئەوە دەبێ باش باش دەرزی دژە زیندەوەری لێبدرێت.

**بێوەژن:** زۆر ڕاستە ... بە یارمەتیی خۆت ... دەچم دەرزییەکە دێنم (دەچێتە دەرەوە)

**وەستا:** (پێدەکەنێت) لەبەر ئەوەی لە مۆم دروستکراوە دەبێ دەرزی دژە زیندەوەری لێ بدرێت... جۆرجۆی مۆم ... پێشتر ئەمەم بەرگوێ نەکەوتووە ها ها ها...

**بۆیاخچی:** چونکە لە مۆم دروست نەکراوم، لەبەر ئەوە تۆ دەرزییەکە وەردەگریت... من ڕادەکەم.

**وەستا:** چاوەڕوان بکە.. کەمێک بیربکەوە... داخوا چی دەبێ.. تەنیا شرنقەیەکی گچکەیە.. دەتەوێ ئەم هەموو نیعمەتە خواییە بەخۆڕایی بڕوات.

(ئاماژە بۆ پارەی ناو گیرفانی دەکات)

بەخت هاتۆتە ناو دەستمان...

**بۆیاخچی:** بەر لە هەموو شتێک، من لە دەستی خۆمم گرتووە و نامەوێ لە شوێنی دیکەدا بیگرم.. خوا حافیز.

(بێوەژن دێتە ژوورەوە دوو ئافرەتی گەنجی لەگەڵدایە، کە جلوبەرگی ماڵەوەیان لەبەردایە)

**وەستا:** بێدەنگ بە، مەجووڵێ..

**ئانا:** گوێ بگرە... برادەرەکەت لەکوێیە؟

**وەستا:** کام برادەر؟

**ئانا:** کرێکارەکەی پەردە...

**سۆنیا:** سەعاتێکە لەتوالێتەکەیە.. ڕەنگە شتێکی بەسەر هاتبێ؟

**وەستا:** کێ؟ ئەو شتێکی بەسەردێ؟ ئاه بەڵێ بەهۆی بیرکردنەوەی لە کارەکەی هەستی بەژانە سکێک کرد..

هەر جارێک کە بیەوێت کارێک بکات، ڕا دەکات بۆ..

**دائینا**: ئۆوھ، سەیرکە جۆرجۆ ئەمڕۆ چەند جوانە.. لە باوەشی دادەنیشێ و گەمەی لەگەڵ دەکات، چی بەسەر هاتووە؟

**وەستا**: هەندێ شوێنیم بەفڵچە ڕەنگ کردووە.

**سۆنیا**: ئای خواکەم... تۆ چەند لێهاتووی (پەیکەرەکە دەپشکنێت) ئەی ئاسمان.. دەڵێی زیندووە .. لێم دوورکەوە، دەمەوێ کەمێک چێژی لێ وەرگرم...

**دائینا**: پاڵم مەدە، من لەپێش تۆم... ئەوها

**سۆنیا**: زۆر ڕاستە، نۆرەی من هات، دەستی لێمەدە تێکی مەدە،

**ئانا**: بریا بشکابوایە.

**سۆنیا**: هێشتا ئێرەیی دەکەیت

(ڕوو لە دائینا دەکات، کە خۆی بە پەیکەرەکەوە گرتووە) هەی بەدیوم!

تۆ وام لێ دەکەیت بکەوم

(بەڕاستی دەکەوێتە سەر ئەرزەکەو بۆیاخچییەکە لەگەڵ خۆی ڕادەکێشێ، کە بەردەوام لە نواندنی ڕۆڵی پەیکەرەکەدایە)

**دائینا**: کێ بەدیومە؟ ... لە قسەی خۆت پەشیمان بەوە، ئەگینا ... (دەستی بەرزدەکاتەوە لێی بدات)

**ئانا**: بەسە... ئا بەم شێوەیە لە توانای خۆتان کەم دەکەنەوە (بەلەقە لە پەیکەرەکە دەدات، بۆیاخچییەکە ئازاری خۆی دەشارێتەوە، لەو کاتەشدا بێوەژن دێتە ژوورەوە و دەستی لەناو قەدی خۆی داناوەو هاواریان لەسەر دەکات)

**بێوەژن**: ها ئەوە دووبارە هاتینەوە؟ شەرم ناکەن، چەند جار بە ئێوەم گوتووە، کە ئەو.. دەی ... هەرکەسەو بچێتەوە ژوورەکەی خۆی .. یەڵلا.. ئەوە سزای ئێوەیە..

(ئافرەتەکان دەچنە دەرەوەو وەستاش بە شوێنیانەوە، بێوەژنەکە لە پەیکەرەکە نزیک دەبێتەوەو هەوڵ دەدات لەسەر ئەرزەکە بەرزی کاتەوە) ئای لەو ڕێگەیە.. بۆ کوێ چوویت؟

(وەستا دەگەڕێتەوە) بۆ کوێ چوویت؟.

**وەستا**: وامزانی سزاکە منیشی گرتووەتەوە

**بێوەژن**: دەی خێراکە، یارمەتیم بدە!

**وەستا**: با یارمەتی بدەین

(هەوڵ دەدات یارمەتی بدات بۆ بڵندکردنی پەیکەرەکە، بەڵام پەیکەرەکە جوولەی سەیر سەیر دەکات بە تایبەتیش کاتێ بێوەژن باس لە دەرزی دەکات)

**بێوەژن**: پێویستە پەلە بکەین، ئێستا کاتی دەرزییە.. ئەگینا تووشی کارەسات دەبین... بیگرە، چی دەکەیت؟

(جارێکی دیکەش پەیکەرەکە بەردەبێتەوە) ئەی خوایە .. باشە... دەرزییەکە لێرە دەدەین، سرنجەکە ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی دەرماناوەکەی تێبکات (لەوکاتەدا بۆیاخچییەکە ئەمە بەهەل دەزانێ بۆ ئەوەی خۆی بسووڕێنێ)، لێی مەگەڕێ خۆی بسووڕێنێت.

**وەستا**: (هەوڵ دەدات بیسووڕێنێت).

**بێوەژن**: دەی خێراکە، وەک خۆی دای نێوە.

**وەستا**: (پەیکەرەکە بەشێوەیەکی سەیر دادەنێت سەری لەخوارێ و هەردوو قاچەکانیشی بۆ سەرەوە)

ئا ئەوەتا، ناتوانێ بجووڵێت... بەڵام دەمەویست پرسیارت لێ بکەم.... ئەو ئافرەتە گەنجانە کێ بوون کە بەر لە ماوەیەک بە سزادراوی چوونە دەرێ، ئایا ئەوان بەسزا خزمی تۆن؟

**بێوەژن**: (لە نزیک دواوەی پەیکەرەکە، کە ئارەقەی کردووە، دەرزییەکە بەدەستەوە دەگرێ)

بەڵێ ئەوان بێوەژنە هەوێی منن... بەرلەوەی جۆرجۆ بمرێت ئەوان هەوێی من بوون.... ئەوان ژنی جۆرجۆ بوون..

**وەستا**: ژنی دیکە؟

**بێوەژن**: (دەرزییەکی گەورەتر لە قوتووێک دەردەهێنێت) بەڵێ، ئەمە وەک شتێکی سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام هەروەک کەمێک بەر لە ئێستا پێم گوتی، مێردەکەم بایەخی بە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان دەدا، بەڵام بۆ بێ شانسیی نەیدەتوانی بۆ بە دواداچوونی دابونەریتی ئاسیاییەکان لە نزیکەوە گەشت بوو ڕۆژهەڵات بکات، لەبەر ئەوە ناچار بوو جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات، تاکو وا هەست بکات، کە لەناو موسڵمانانندایە، وەک دەشزانی موسڵمانەکان بڕوایان بە فرەژنیی هەیە.

**وەستا**: (لە دەرزییە گەورەکە ئاگادار دەبێتەوە)... ها؟

**بێوەژن**: بە ڕاستی زۆر ماندووبووم لە گەڕان بەدوای ئەو ئافرەتانەی، کە قایل دەبن یەک مێرد لەناوخۆیاندا دابەش بکەن و پێکەوە بژین.

**وەستا**: دەکرێ تەسەوری ئەوە بکرێ...

**بێوەژن**: بەڵام من بەم دواییە سەربەخۆیی خۆم وەرگرت.

**وەستا**: چۆن؟

**بێوەژن**: ماڵێکی تەواوم کڕیوە.

**وەستا**: ماڵێک بۆ.. کەواتە ئەو خانمانە...

**بێوەژن**: بەڵێ .. ژنی ئەون... دەزانم ئەوە شتێکی نائاساییە.. بەڵام جۆرجۆی ئازیزم بۆ بەردەوامبوونی لەسەر لێکۆڵینەوەکەی..

**وەستا**: ئەی چۆن نا، دەکرێ لەپێناوی ڕۆشنبیریدا هەموو شتێک بکرێت..

**بێوەژن**: بێگومان...

**وەستا**: ئینجا ئەو هەموو ئافرەتە... بەیارمەتی خۆت با واز لەوە بێنین...

**بێوەژن**: بەڵێ .... ئێستاش چاکی بگرە تا دەرزی لێبدەم (پەیکەرەکە غلۆر دەبێتەوە و خۆی لەو دەستە ڕادەپچڕێنێت کە بەشێوەیەکی سەیر گرتبووی و پەیکەرەکە وەستاکە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی لێی بوو پاڵ دەنێت و بێوەژنەکە لەجیاتی پەیکەرەکە دەرزی لە وەستاکە دەدات... وەستا هاوار دەکات و لە شوێنی خۆی وشک دەبێت)

**وەستا**: نا، نا... هەی پیسینە...

**بێوەژن**: ئا بە تەواوی بەم شێوەیە... لە شانسی باشیش یاسایەکی نوێ هەیە بۆ ئاسانکردنی کارەکە بەم شێوەیە توانیم بە قیست بیکڕم.

(دەرزییەکە لەلایەک دادەنێ و وەستا لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ)

کارەسات لەوەدایە ئەو بەدیومانە کەوتنە داوی خۆشەویستیی ئەوەوە و لەو ڕۆژەوە تا مردنی هەستم بەخۆشی نەکرد.. دوایی هاتنەوە سەرخۆ.

**وەستا**: (دەپژمێ) ئەی بابە.

**بێوەژن**: ئاخۆ قسەی من بێزاری کردن.. ببوورن... هەنووکە بەجێتان دەهێڵم بۆ ئەوەی لەسەر کارەکەتان بەردەوام بن.. خواحافیز.. (دەچێتە دەرەوە)

**بۆیاخچی:** سەیرکە .. ئەی دەبێ دەرزییەکە چی بێت... ئەوە بۆ خۆت گوتت... بۆ وەها سەیر دەکەیت... ئەوە تۆ تووڕەیت ..باشە... جارێکی دیکە ئەوە ناکەم (وەستا بەلادا دەچێ و خەریکە بکەوێت بۆیاخچی هەوڵ دەدات بیگرێت) جۆفانی چیتە، ئایا هیچ ڕووی داوە... دەترسم دەرزییەکە ... ئۆه ... ئەی خواکەم ... وەک بەفر سارده ... جۆفانی هەستە وامەکە ددانەکانت گر مەکەوە (لەیستۆکەکە بەجلی بۆیاخچییەکەوە لە قوولاییدا دەردەکەوێت و بەشێوەیەکی میکانیکی ڕێ دەکات) بێوەژن چ دەرزییەکی لێدایت؟

**لەیستۆک:** (بە دەنگێکی گڕەوە) پێت دەڵێم چ دەرزییەکی لێدایت.. (بۆیاخچییەکە بە تۆقینەوە)

**بۆیاخچی:** ئۆوه.. ئەی خواکەم... گیانی هاتەوە بەر (پسە پس دەکات)

**لەیستۆک:** ئەو دەرزییە بۆ من بوو...

**بۆیاخچی:** بەڵێ بەڵێ، دەزانم... دەرزییەکە بۆ من دانرابوو...

**لەیستۆک:** تۆ منت بردە تـوالێت و وات لێ کـردم جلی تۆ لەبەر بکەم و سمێڵمت تاشی؟

**بۆیاخچی:** (زیاتر تۆقی) بەڵێ، بەڵێ، من ئەو کارەکەم کرد، چونکە من لە سەرەتادا وام دەزانی...

**لەیستۆک:** گرنگ نییە.. من بە ژیانی خۆم قەرزاری تۆم ئەگەر تۆ نەبوایت بەمۆمیا کراوی لەسەر ئەم کورسییە دەمامەوە...

**بۆیاخچی:** بەمۆمیا کراوی؟ ئاه، واتە تۆ پەیکەری مردووەکە نیت؟

**لەیستۆک:** نا... نەمرد بووم.... من قوربانی ئێرەیی بووم، ژنەکەم بۆیە مۆمیای کردم، تا گەشت بۆ مەغریب نەکەم..

**بۆیاخچی:** بۆ مەغریب؟ بە مۆمیا کراوی بۆ مەغریب؟

**لەیستۆک:** بەڵێ وایە، ئەو پیسە ڕووداوێکی دروست کرد تاکو هەواڵی مردنم بڵاوبکاتەوە دوای ئەوە ویستی بمکاتە هی خۆی...

**بۆیاخچی:** ئەی دەتوانێ لەگەڵ پیاوێکی مۆمیا کراودا چی بکات؟

**لەیستۆک:** تۆ ئافرەتان ناناسیت.. خۆپەرستترین مەخلووقن لەسەر ئەم زەوییەدا و ژنەکەی منیش خراپترینیانە! تۆ بیری لێ بکەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ، مۆمیای کردم.

**بۆیاخچی:** سێ ساڵ؟ هەر بەم شێوەیەش وەستا بۆ ماوەی سێ ساڵ بە مۆمیاکراوی دەمێنێتەوە!

**لەیستۆک:** مەترسە... کاریگەری دەرزییەکە ئەو پەڕەکەی چوار سەعاتە ... بەمەرجێ جارێکی دیکە دەرزی لێنەدرێتەوە .. وەک چۆن هەموو ڕۆژێ ژنەکەم لەگەڵ منی دەکرد.

**بۆیاخچی:** ئەی ئێستا چی بکەین؟ ئەگەر دەرزییەکی دیکە بێنێت، جیۆفانی تۆ دەفەوتێیت.. سێ ساڵ بەم حاڵە ئەی جیۆفانی.. لە دوای ئەمڕۆوە بخۆ..

**لەیستۆک:** ئایا ئەمە شەبقەی وەستایە؟ (ئاماژە بۆ ئەو شەبقەیە دەکات، کە لەسەر مێزەکەیە)

**بۆیاخچی:** بەڵێ، دەتەوێ چی لێ بکەیت؟

**لەیستۆک:** باشە، بیخەرە سەر سەرییەوە (شەبقەکەی پێشکەش دەکات)

**بۆیاخچی:** (شەبقەکە لەسەر دەکات) ئاه، تێگەیشتم... لەیستۆکێکی نوێی لێ دروست دەکەین.. ها ها ها (فلێچەکە دێنێ و دەیخاتە ناو بۆیاخی ڕەشەوە)

**جۆفانی:** سمێڵێکت بۆ دروست دەکەم لە سمێڵی جۆرجۆ بچێت، ئەو لۆچە تاڵانەشت بۆ دادەنێم... ها ها ها تۆ چەند جوانیت...

**لەیستۆک:** (دێتە ژوورەوە) ئای لە شانسی باشمان، ئەم سترەیەم لە سندووقەکەی خۆم دۆزییەوە (سترەکە لەبەر دەکات) ئێستا هەمان شتیش بۆ من بکە (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ)

**بۆیاخچی:** (بە ئارامییەوە) پرچ و سمێڵ بۆ بەرێزیش ... لە خزمەت دام (بەسەما کردنەوە جارێک بە فلێچە دەم و چاوی لەیستۆک و جارێکی دیکەش دەم و چاوی وەستا بۆیاخ ردەکات و بەهۆیەوە وەستا و لەیستۆک دەپژمن).. بەهیوای تەندروستییتان (خوا پاداشتتان بداتەوە)

**لەیستۆک:** بەهیوای تەندروستییەوە
(خوا پاداشتتان بداتەوە)

**بۆیاخچی:** سوپاس ... بەڵام من نەبووم... بەڵکو ئەو بوو...

**لەیستۆک:** مەحاڵە... ئەو مۆمیا کراوە...

**بۆیاخچی:** تەنانەت ئەگەر مۆمیاش کرابێ، ئەوبوو پژمی، تەماشا بکە (فلێچەکە لەبن لووتی وەستا دەخشێنێت و وای لێ دەکات بپژمێت) بینیت.

**لەیستۆک:** بەردەوام بە.... بەردەوام بە... ئەمە شتێکە بڕوا ناکرێ بەبێ ئەوەی ئارەزوو بکەیت کاریگەری دژە بەنجت دۆزییەوە...

**بۆیاخچی:** وا بە ئاگادێت ... یەڵڵا وەستا... ها تۆ لێرەیت.

**وەستا:** ها، چی ڕووی دا؟ ناتوانم بجووڵێم.

**بۆیاخچی:** مامۆستای من مەترسێ.. تەنیا کەمێک ئیفلیجییە و بەس.

**لەیستۆک:** خێراکە یارمەتیم بدە هەڵی بگرین.. پێویستە وای لێ بکەین ڕێ بکات. (بن هەنگڵی وەستا دەگرێت)

**بۆیاخچی:** بەڵێ، بەڵێ .... یەڵڵا وەستا.. کەمێک بڕۆ..

**لەیستۆک:** نا... لێرە ڕاوەستە.. نەجووڵێیت...

**بۆیاخچی:** ئەگەر ئەو جارێکی دیکە بێتە ژوورەوە منیش مۆمیا دەکات..

(هەریەکەیان بەشێوەی شەمەندەفەرێکی ڕۆیشتوو دەچێتە دەرێ و لەو دەمەشدا بێوەژن دێتە ژوورێ و دەبینێت لەیستۆکە کە دەجووڵێت)

**بێوەژن:** ئۆوه... ئەی خواکەم... خەریکە بە ئاگا بێتەوە، بەرلەوەی بە تەواوی بە ئاگا بێتەوە دەبێ دەرزییەکی دیکەی لێ بدەم... (دەچێتە دەرەوە)

**بۆیاخچی:** (گوێی لە قسەکانی ژنەکە دەبێت) ئێ ... نا... ڕێی پێ نادەم جارێکی دیکە ئەم کارە بکاتەوە.. دەرگا لە کوێیە، لە کوێ ڕابکەم؟ جۆفانی فەوتام! (لەپشت پەردەکانەوە خۆی دەشارێتەوە) خۆم لێدە دەشارمەوە... بەو هیوایەم، کە نەمبینێت ...

**وەستا:** (دێتە ژوورەوەو پاڵ بە لەیستۆکەکەوە دەدات) سوپاس، بەم شێوەیە خەریکە باش دەبم، ئارەقە دەکەیتەوە، سەرەتا وا هەستم کرد، کە من مۆمیا کراوم... شەریکەکەم بۆ کوێ چوو، پێش کەمێک لێرە بوو، بۆ کوێ چوو؟

**لەیستۆک:** نازانم... لێی پارامەوە لێرە نەجووڵێت.... بەڵام، کەمێک چاوەڕوان بکە... دەچم بزانم لەولایە (دەچێتە دەرەوە)

**وەستا:** بەڵێ: بەڵێ ... بۆ کوێ دەچێ بڕۆ... بەڵام من لێرە ناجووڵێم...ئۆوه...

(لەسەر کورسی دادەنیشێ، لەو کاتەدا بێوەژن دێتە ژوورێ و دەرزییەکی بە دەستەوەیە و سەیری کورسیی لەیستۆکەکە دەکات و دەبینێ بەتاڵە)

**بێوەژن:** ئەی خوایە، درەنگ گەیشتم... بۆ کوێ چوو؟ (بەرەو لای وەستا دەچێت).

**بۆیاخچی:** (لەپشت پەردەوە) نا، نا، لێرە نیم....

**بێوەژن:** (ڕووی بەلای دەنگەکە وەردەگێرێت، کەچی وەستا لەسەر کورسییەکە دەخزێ و لە پشتەوەی خۆی دەشارێتەوە) چۆن؟ .... تۆ کێیت؟

(ڕوو بۆ لای وەستا وەردەگێرێت و دەبینێ لە شوێنی خۆی نەماوە)

ون بوو، تۆ لە کوێیت؟

**بۆیاخچی:** من لێرەم... بەڵام، وریات دەکەمەوە من نامەوێ دەرزیم لێبدرێ...

**بێوەژن:** جۆرجۆ، ئازیزم ... من ئەوە لەبەرژەوەندیی تۆ دەکەم.

**لەیستۆک:** (دێتە ژوورەوە) ئاه، بە ڕاستی بڕوا بەوە دەکەم، کە ئەم کارە لەپێناوی مندا دەکەیت.

**بێوەژن:** بەخێرایی ئاوڕ دەداتەوە، بەڵام هەر حەپەساوە) لە کوێ دەرچوویت؟

**لەیستۆک:** بەتۆ ناڵێم...

**بێوەژن:** (ئاوڕ دەداتەوەو بۆیاخچییەکە دەبینێ کە لەژێر مێزەکەدا خۆی شاردۆتەوە) بەڵام ، بەڵام.. چ ڕوودەدات؟

(مێردە لەیستۆکەکەش خۆی دەشارێتەوە) جۆرجۆ تکات لێ دەکەم... گوێم لێ بگرە...

**وەستا:** (بەخێرایی دیمەنەکە ئاوا دەکات)

گوێم لێتە ئازیزەکەم.. ئەوەتا من گوێم لێتە.. تەماشاکە چۆن گوێت لێ ڕادەگرم... با خۆم بشارمەوە

**بێوەژن:** ئۆوه.... واز لەوە بێنە، خۆت مەشارەوە.. وام لێ مەکە شێت بم...

**لەیستۆک:** (لەسەر کورسییەکە دەردەکەوێت)

نا ئازیزەکەم ... چونکە ئەوە گوناهی خۆتە، ئەو دەرزییەی، کە لێت دام، وای لێ کردم بمرم، ئەوەی، کە لەبەردەمتە جۆرجۆ نییە... بەڵکو تارماییەکی ئاسمانییە...

**بێوەژن:** (دەرزییەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە)

ئۆوه... نا جۆرجۆ .... مەحاڵە ...

**بۆیاخچی:** (دەردەکەوێت و لەسەر مێزەکە ڕادەکشێت) ئێهـ، بەڵێ ئازیزەکەم بە تەواوی وایە (وەستاو لەیستۆک یەک بەدوای یەک و بەشێوەی جیاجیا دەردەکەون) ئەم جارەیان دەتوانی بڵێیت، کە تۆ بە ڕاستی بێوەژنی... ها ها ها.. ها ها ها...

**وەستا:** ها ها ها ... لەگەڵ یادگارییەکانی خۆتدا بژی، لەگەڵ یادگارییە تۆمارکراوەکانت .... مێردەزمە لێت ناگەڕێت بخەویت..

**لەیستۆک:** شەوەکانت پڕدەبن لە مێردەزمە...

**بێوەژن:** نا، جۆرجۆ واز لەوە بێنە... بمبوورە... تکات لێ دەکەم.

**هەرسێکیان پێکەوە:** (بەچەند دەنگێکی جیاوازو گونجاو) کاتی بەسەرچوو.

**بێوەژن:** (ناتوانی بەرەنگاری هەرسێکیان پێکەوە ببێتەوە) سێ جۆرجۆ ... نا ، ئەوە زۆرە

(لەخۆش خۆی دەچێت و دەکەوێتە سەر کورسییەکە)

**وەستا:** لەهۆش خۆی چوو.

**بۆیاخچی:** بەڵکو مرد... سەیرکە چۆن ڕەق هەڵات...

**لەیستۆک:** ئۆوه... نا... ئەمە کارەساتە... (وەستا دەست دەکات بەشێلانی پشتی ئافرەتەکە) ئەوە چی دەکەیت، یەڵڵا، کەمێک ڕێز، هێشتا هاوسەرمە..

**وەستا:** (دەرزییەکەی لێ دەردێنێ) ئا ئەمەیە هۆکارەکە بەخۆی دەرزی لەخۆی دا..

**بۆیاخچی:** ئاه... بۆ هەر یەکێک کەمێک مۆمیا کردن.

**لەیستۆک:** باشە... ئێستاش ڕۆڵی من هاتووە بۆیاخی بکەم.

**بۆیاخچی:** من سمێڵی بۆ دروست دەکەم.

**وەستا:** میهرەبانی .. گەر بپژمیت کارەسات دەقەومێ.

**لەیستۆک:** چۆن بتوانم سوپاست بکەم؟

**وەستا:** ئاه.. ڕێگایەک هەیە ...

**بۆیاخچی:** چییە؟

**وەستا:** لەبەر ئەوەی ئێمە سێ جۆرجۆین و جۆرجۆش سێ ژنی هەیە...

**بۆیاخچی:** هەریەکە و بۆ یەکێک و کەسیش زەرەر ناکات.

**لەیستۆک:** بەڵێ... با وابێت (سێ ژنەکە دێنە ژوورەوە و بەیەک دەنگ) جۆرجۆ (سەیریان دەکات) یەک، دوو، سێ، هەر ژنە و خۆی داوێتە باوەشی یەکێکیان.

**سۆنیا:** چۆن... چۆن تۆ مردبوویت و ئێستا بوویت بەسییان.

**ئەوانی تر:** سێ جۆرجۆ

**لەیستۆک:** ئازیزەکەم باکتان بەوە نەبێت، ئەوە ڕەحمەتی خوایە..

**ژنەکان پێکەوە:** ئۆوه جۆرجۆ

(خۆیان داوێنە باوەشی پیاوەکان، بۆیاخچی خۆی داوێتە باوەشی ژنێکیان)

(هەموویان لەگەڵ دەنگی ڕیتمی مارش و بەشێوازی کۆتاییهێنان بەنمایشی هەمە ڕەنگ دەچنە دەرەوە).

**سەرچاوە**

......

**و:د. قاسم ئەلبەیاتی، ژمارە «١»، ساڵی (١٩٩٨)، گۆڤاری الثقافة الاجنبیة.**

*** داریۆ فۆ: شانۆنامەنووسێکی فەرەنسییە و لە ساڵی (١٩٩٧) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.**

# جوانەمەرگ

**ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە**
**(بۆکان)**

**شـــوێن:** حـەوشـەیەک بە قـەدەر بیابانێک و دیوێک بەقەدەر زیندانێک
**کـات:** هەر کاتێک جگە لە ئێستای مرۆڤەکان

کەسایەتییەکان:

١- کـوڕ (سـەیدەوان، سـمـاییل، سوهراب)
٢- باوک (عەبدولعەزیز، ئیبراهیم، ڕۆستەم)
٣- ژن (هاجەر، سێوەخان)
٤- ئاپۆرەی خەڵک (لە دوو کەسەوە تا سەدان کەس)

«کورسییەکی نارێک لەسەر پانتایی شانۆکەیە، کوڕ مردووە و باوک شین گێڕی بۆ دەکا»

**بـاوک:** کاکۆڵی کاکە سەیدەوانێ، لەگەڵ گوڵی دەکوێستانێ، بای شەماڵ بەسەریەکیدا دێنێ، وەرن گەلی دەداسنییە کێ دیویەتی لەدەورەتی زەمانە، باوک کوڕی خۆی لەخوێندا بگەوزێنێ. ئەوە بەهارێکی لەمن بەشوومە.

**کـوڕ:** مەرگ شوومە، بەتایبەت ئەگەر جوانە مەرگ بی، مەرگ لە بێ بارانیدا شوومە مەرگ لەسیس بوونی گوڵەکاندا شوومە، هەموو منەکان جوانە مەرگ دەبن یان جوانە مەرگ بوون، هەموو ئێوەش (ئاماژە بە ئاپۆرەی خەڵک) بڵێی من نەتوانم لە جەغزی مەرگ ڕزگاربم، هەر هیچ نەبێ لە جەغزی جوانە مەرگی، نا... من نامهەوێ بمرم.

**باوک:** بەڵام من خەوم دیوە!

**دایک:** بێ ئەمری مەکە؟

**کـوڕ:** جەغز یانی دووپات بوونەوە، یانی سەردانەواندن لە بەرامبەر دووپات بوونەوەدا کامەیەک لە ئێوە سەر شۆڕی منی دیوە، تەنانەت لەبەرامبەر باوکمدا.

**بـاوک:** دەزانم، ناخۆشە خەون بە خەنجەرو بەردەوە ببینی، ناخۆشە خوێنی کوڕەکەی خۆت - خوێنی خۆت- بۆ هەمیشە لەدەستت هاڵێ و قەت لێ نەبێتەوە، دەزانم کاتێ باوکێک تاقانەکەی خۆی دەکوژێ نەمامی هیوای خۆی سەر دەبڕێ، بەڵام...

**کـوڕ:** نا... جەغزی ئاواتەکانی دەسڕێتەوە. جەغزی دووپات بوونەوەی باوکەکان.

**باوک:** ئەمرە تێ دەگەی؟!

**کوڕ:** بۆ ئەوەی من بە سێوێ نەگەم.

**باوک:** لەبەر ئەوەی ئەمە گەورەترین ئەزموونی ژیانمە، من هیچ نیم، ئەگەر نەتوانم کوڕەکەی خۆم لەبەرامبەر ئەو ئەزموونەدا سەربڕم، زۆر ئازارم چێشتووەو تا ئێرە هاتووم تا ئازارەکان گەورەترین، چێژەکانی گەورەترن، گەورەترین ئازارم بەچێژ ترینیانە. چێژی سەربڕینی تاقە کوڕەکەت.

**کوڕ:** نا من تاقانە نیم. ئەی ملکەوان و نێچیروان مەگەر کوڕی تۆ نین، نا من کوڕی تۆ نیم، باوکم دوای تەقەی تفەنگەکان و لوورەی تاژییەکان سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی، باوکم دوای بڵاوەی شاییەکە، تێک شکا دوای گەڕانەوەی بووک بۆ ماڵەبابی کێوی داسنی هەڵی لووشی (ئاماژە بە ئاپۆرەی خەڵک مەگەر ئێوە لە چپەچپی ئێوارانی گۆڕەپانی دێ، واتان نە گوت؟ مەگەر دوای هەڵبەستنی جگەرەکانتان ئاخێکتان بۆشاییەکەی عەبدولعەزیزی داسنی هەڵنەکێشا؟ ئەی بۆ ئێستا دەمکەنە قوربانی پێکەنینەکانی خۆتان!؟

**بـاوک:** بیرکردنەوەی بێهوودە بەسە. هەستە بڕۆین سماییل.

**دایـک:** ئەگەر نەڕۆی شوومە، بەڵا بەسەرماندا دەبارێ.

**بـاوک:** هەستە، چارەنووسمان وایە دەبێ شوکرانە بژێر بین، کەس ناتوانێ لە چارەنووسی خۆی هەڵێ.

**کوڕ**: بەڵام من سماییل نیم تا تووشی چارەنووسی سمایییل بم، ئەمە کە کابووسە تۆ کابووسی، بڵێی شایییەکەش کابووس نەبێ، بڵێی بوونی منیش کابووس نەبێ؟!

**دایک**: شێت بووە!

**باوک**: ڕەنگە ئێمە چارەنووسێکی شوومان هەبێ، بەڵام هەرگیز کابووس نەبووین، ترسی مەرگ شێتی کردووی یان چێژی خۆبەخت کردن؟

**کوڕ**: جەغز!

**باوک**: دەبێ بڕۆین هەر چرکەیەک کە دێ بەقەت خەنجەرێک تیژەو جارێکم سەردەبڕێ.

**کوڕ**: چیرۆکی سەربڕینی سماییلم لەنێو کتێبە ئایینیەکاندا خوێندۆتەوە، ئەگەر بەرەو قوربانگا بچم، حەتمەن قۆچی قوربانی دێتەخوارێ، بەڵام من نامەهەوێ و زایەڵەی سمایییل بم، چارەنووسی من و ئەوجیایە، ئەو سەفەرە بەرەو مەرگە، دەزانم خەنجەر دەبریسکێتەوە، قۆچی قوربانی نایە، خەنجەر سوور دەبێ، قۆچی قوربانی نایە، خەنجەر دەکەوێتە سەر عەرز قۆچی قوربانی نایە، چیرۆکی مەرگی من لەگەڵ سماییلی نێو کتێبە ئایینیەکان جیایە.

بڵێی سماییل شانامەی خوێندبێتەوە! ئێمە جیا لە چیرۆکی سمایییل شانامەشمان دەخوێندەوە، یان بۆیان دەخوێندینەوە. چ ترسێکی پڕ لەچێژ دەنیشتە دڵمان کاتێ ڕۆستەم لەبەرامبەر سوهرابدا ڕادەوەستاو بەسەر خۆیدا هەڵدەکوت چ لەخۆبایی بوو.

بەڵام کتێبەکەمان تا دوایین شەڕی ڕۆستەم و سوهرابی تێدا بوو، ئیتر تەواو دەبوو و دەرسێکی تر، بە وەرەزییەوە لاپەڕەکانمان هەڵدەداوە. ئێستاو ئێستاش هیچمان نەمان زانی ڕۆستەم سوهرابی کوشت، یان سوهراب ڕۆستەمی کوشت.

**باوک**: سوهراب ڕۆستەمی کوشت وەک چۆن ئەمرۆ وەک هەزاران جاری تر سماییل ئیبراهیم دەکوژێ و لەدوێنێی داهاتوویەکیشدا سەیدەوان عەبدولعەزیز.

**کوڕ**: بەڵام من بڕیار نییە کەس بکوژم یان کەس بمکوژێ.

**باوک**: من دەسەڵاتم نییە هیچ جەغزێک بسڕمەوە. ناشمهەوێ.

**کوڕ**: من مردووم یان تۆ؟

**باوک**: دەبێ بڕۆین.

**کوڕ**: من مردووم یان خەڵک؟

**باوک**: دەبێ بڕۆین.

**کوڕ**: تۆ مردووی یان خەڵک؟ خەڵک مردوون یان من؟ من کێم خەڵک یان مردوو؟

من باوکمم یان باوکم مردووە؟

(باوک خەنجەر لەکالان دەردەکێشێ، دایک بەگریانەوە بەدەوریاندا هەڵدەسووڕێ)

**دایک**: تاقانەیە!

**باوک**: (دەستی دەلەرزێ) ئەرێ.

**دایک**: بێ ئەمری مەکە؟

**باوک**: ئا...

**کوڕ**: من بۆ دەبێ بمرم ئەوە سماییلە کە دەبێ بمرێ. سماییل..! سماییل..! وەرەوە بەرەو چارەنووسی خۆت (ماوەیەک بێدەنگی) ئەی هەونیم کێم؟ یانی باوکم نێوی من نازانێ؟

(باوک خەنجەر بەرزدەکاتەوە، یەکێک دێتەپێشێ ڕوو لەکوڕ)

– کاکت

**کوڕ**: خۆ من برام نییە

**(یەکێکی تر)**: ملکەوان

**کوڕ**: من هیچ باوک و برایەکم نییە، من لە وڵاتی غەوارەدا گەورەبووم، تەنیا زۆران فێربووم. لەهیچ شاییەک هەڵنەپەڕیوم و هیچ باوک و برایەکم خۆش نەویستووە.

(چپە چپی خەڵک): پەردووگیر بووە...

**باوک**: کەس نابێ شایی بەردا، نابێ دڵی کیژو کوڕانم لێ بێشێ، من هێشتا کوڕی دیکەم ماوە.


(سێوی سوور لەدەستی سێوەخان بەردەبێتەوە)

**کوڕ**: سێوێ! بڵێی لەشایی من و تۆشدا هەڵپەڕن، بەڵام تۆ نامناسییەوە و ڕووم لێ وەردەگێڕی، بۆ تەنیا لەجێیەکی دوور دەڕوانی؟ بۆ لە هەموو بیرەوەرییەکانمدا تەنیا تۆ ماوی؟! بۆ من تەنیا تۆ دەناسمەوە؟ بۆ ئەوانیکە لەبەرچاوم ڕواڵەتیان دەگۆڕێ و تۆ هەروەک خۆتی، بۆ کراسە سوورەکەت لەبەر نەکردووەو ئەم جلەشینە چییە پۆشیوتە؟ بۆ وەڵامم نادەیەوە؟ لەتەپ و تۆزی سیمام دەترسی، یان لە جلە خوێناوییەکانم؟ من لەشەڕێکی قورسەوە هاتوومەوە، قورسترین شەڕی جیهان، شەڕ لەگەڵ پاڵەوانێکی ئازای وەک باوکم.

**باوک**: سوهراب هاتە مەیدان، لەڕووی ڕۆستەمدا ڕاوەستاو گوتی: تۆ کێی؟» (ئاماژە بەکوڕ) سوهراب! وەرە ئێرە!

**کوڕ**: بەڵام من سوهراب نیم! من سماییلم، نا..نا.. سەیدەوانم نا.. نا.. من کێم؟ تۆش باوکم نی نەباوکی من نە باوکی سوهراب تەنیا شانامە خوێنێک کە زۆر لە شانامە خوێنی نازانێ، تۆ کێی؟!

**باوک**: ڕۆستەم سوهرابی لە عەرزدا، دەستوبرد خەنجەری لەکالان دەرکێشا تەنیا چرکەیەک لەقۆڵ و مەچەکی کوڕەکەی، لەسیمای نەڕوانی، خوێن بەرچاوی گرتبوو، خەنجەر هاتە خوارێ، خوێن سیمای داگرت.




**کـــــوڕ**: ئەی ئەگــەر لێی ڕامــایە دەیناسیەوە؟ ئەگەر هیچ نەبێ چرکەیەک ڕاوەســتــایە نا... نا.. هیچ باوکـێک کوڕی خۆی ناکوژێ.
**بـــــاوک**: بەڵام ڕۆستــەم ســوهرابی کوشت.
**کوڕ**: نەیناسییەوە!
**بـــاوک**: بەڵام تەنیـا چرکـەیەکـیش ڕانەوەستا.
**کوڕ**: لەخۆیایی بوو.
**باوک**: دەترسا! (پێدەکەنێ) ڕۆستەم دەترسا.
(بەدەم پێکەنینێکی شێـتانەوە دوور دەبێتەوە)
**(یەکێکە لەخەڵک):** کاکت!
**کوڕ**: نا من برام نییە.
**(یەکێکی تر):** نێچیروان!
**(یەکێکی تر):** خۆی کوشت.
**(یەکێکی تر):** لە پەنا مەیتی کاکی.

**کـــــوڕ**: بەسـە! ئەوشـاییـە بەردەن، براکـانی منتـان بەکوشت دا هەر دەست هەڵناگـرن، دەنگی هەورەتریشـقـە دێ دەست بەردەن، ئێـرە چۆڵ کـەن لێـتـان بێزارم! کەربوون... یان لەبەر قاقاکانی خــۆتان هیچ نابیــستن هەمـــوو بۆنی تاوانتان گرتووە، ماڵی ئێمە نابێ شایی لێ بگەڕێ، دەبێ شینی تێدا بگێڕی.
**بـــاوک**: من کـوڕێکی دیکەم مـاوە. نامـهـەوێ ئەم بووکـە بەکـچی لەمـاڵم بڕواتە دەرێ.
**کـــوڕ**: ئەی سێـوەخـان؟! ئەو شاییـە بەرنادەن تا من بەسێوەخان نەگەم.
سێوێ! یان لەگەڵ تۆم یان لەگەڵ گڵ. ئەی تۆ بۆ هیـچ ناڵێی بەمن ڕازی نی؟ (ماوەیەک بێدەنگی)
**کـــوڕ**: کـەی لەم کـابووسـە خـەبەرم دەبێـتـەوە؟ کـەنگی ڕۆژ دەبێـتـەوە؟ نامــهــەوێ دیســان جـوانە مــەرگ بم س...س دەنگی شانامـە خوێندنەوە دێ س..س.. دەنگی دایکم دێ س..س.. دەنگی چەمـەری بۆ کـاکم دێ من کـێم خۆم یان تۆ یان کەسێکی تر؟ سماییل؟ ســوهراب؟ ســەیدەوان؟ (ســێــوەخــان دەیهــەوێ قــســە بکا، بەڵام ژنێکی ڕەشپۆش دەمی دەگرێ)
**کـوڕ**: کارەساتەکان لەکامە تاوانەوە ســەرچاوە دەگـرن؟ تاوانی ئەوەی خـۆم ناناسم و نێوی خۆمم لەبیرچۆتەوە؟! یان لەتاوانە یەک لەدوای یەکەکانی باوکم؟ یان هی ئەوەیە سێوەخان نامناسێتەوەو ڕووم لێ وەردەگـــێـــڕێ؟ لوورەی ئەو تاژیانە چ هەواڵێکی تری لەپشـتــە، جوانە مەرگی من؟!
نا... من نامـهـەوێ جوانە مەرگ بم. دەمهەوێ بەسێوێ بگەم.
**(شێتانە)**: بۆچی ڕۆستـەم سوهرابی کـوشت؟! بۆ هەرکەسەو بەنێوێ بانگم دەکا؟ بڵێی ئەو کابرایە وا هەر سمێڵی دەجاوێ، باوکم بێ؟ ئەی بۆ هەر جارەو بەرواڵەتێکی دەیبینم. بۆ ئەو ژنە تەنیا دەزانێ بڵێ بێ ئەمـــری مــەکــە؟ بۆ سێـوەخـان هیچ ناڵێ؟! چەن ناخـۆشـە جوانە مـەرگ بی. ئەو نهێنییـە بە کێ بڵـێم؟ بەکـێـو کـە دڵی گـەورەیە؟! بەرووبار کە لەخۆیدا دەیتوێنێتەوە؟ بە ئاگر کـە دەیسـووتێنێ، یان بەبا کـە بێ سەرو شوێنی دەکات؟!
بەسوهرابی بڵێم یان بەسمـاییل یان بەســـــەیدەوان؟ دەبێ ڕاکـــــەیت و لێرەنەمێنییـەوە، دەبێ لە جـەغـزەکـان هــەڵــێـی و دەربــاز بــی، مــن دەڕۆم نامهەوێ جوانە مەرگ بم.
(کوڕ لەنێوان سوهراب و سمـاییل و سەیدەواندا خۆی ون کردووە).
**سوهراب**: بۆ کوێ دەچی؟
**سماییل**: بەرەو قوربانگا؟
**ســەیدەوان**: جێیـەک جگە لێرە کە نە خۆم و نە کەس نەزانێ کوێیە، دەڕۆم و ڕۆژگـارێک کە هەمـوو کـەسم لەبیـرکـرد جگە لەسێوەخان و هەمووکەس لەبیری کردم جگە لەسێوەخان جا دەگەڕێمەوە.
**ســمــاییل**: بۆ هەر کـوێیـەک بچی لەم جەغزە دەرباز نابی.
**ســوهراب**:من لەشـەڕێکی بێ کـۆتایی هەڵاتووم تا خۆم لەو ئاژاوەیەدا ون کەم، بـەڵام چـاولـێـکـە بـاوکـم چـۆن لـەمـن دەڕوانێ، سمێڵی دەجاوێ و بانگم دەکا بۆ مــەیدان ســـوهراب وەرەپێــشــێ! دەیهــەوێ ببــمــە قــوربانی لەخـۆبایی بوونی.
**سماییل**: من نەمردم، بەڵام هەمیشە هەست دەکەم قوربانیم و دەترسم.
**ســـــەیدەوان**: مـنـیـش دەتـرسـم لەبەرزبوونەوەی دەنگی شــاییــەکــە، لەبەرزبوونەوەی قــا.. قــاکــان و لەکپ بوونەوەی جار بەجاری هاوارەکانم.
**ســوهراب**: دەنگی سمی ئەسـپـەکـان نزیک دەبێتەوە و من دەترسم
**سماییل**: چەقۆ!
**سوهراب**: زۆران!
**ســەیدەوان**: شایی! ئەی ئەگـەر لێرە بڕۆین؟
**سمـاییل**: من سـاڵەهایە لە هەڵاتندام و تەنیـا چاوێک کـە هەر بەدوامــەوەیە چاوی باوکمە.
**کـــــوڕ**: بڵـــێی چاوێک هەبێ بۆم بگری؟!
(دەنگی تەقـەی تفـەنگ دێ، باوک دەشلــەژێ ڕادەکــاو دەگـری، خــەڵک دەهاروژێن جگە لەســێــوەخــان کــە دانیــشــتــووە و لەجــێـــیــەکی دوور دەڕوانێ).
**سێـوەخـان**: من تۆم خـۆش دەوێ تا هەمیشـەی سەفـەرێک بەرەو جەغزە بێ کۆتاییەکان. من جوانە مەرگ دەبم، تۆ جوانە مەرگ دەبی، ئەوین جوانە مەرگ دەبێ. من تۆم خۆش دەوێ تا هەمیشەی جەغزەکان.
(دەنگی هەورە تریشـقـە دێ، خـەڵک بووکـە بارانەیان بەدەسـتـەوەیە و داوای باران دەکـەن دەنگی هەورەتریشـــقــە تێکەڵ بە لوورەی تاژییەکان دەبێ)
**خەڵک**:
**بووکە بارانە ئاوی دەوێ**
**نانی نێو دەغلانی دەوێ**
**دەرزی گەورە کچانی دەوێ.**

**بـــــــاوک**: ئـەوە بـەهـارێـکـی لـەمـن بەشوومە.

**تێبینی:**
**١- مـاکی ئەم شـانۆنامـەیە لەچیـرۆکی سـەیدەوان، نـووسـراوەی سـەدیق ڕەسـوولی وەرگـیـراوە کـە لەبڵاڤـۆکی خـۆر ژمـارەی (١)دا چاپ بووە.**
**٢- ئەم شـانۆنامـەیە لەلایەن گـرووپی شـانۆی کـانی شـاری بۆکـان لەسـاڵی (١٣٨٢، (٢٠٠٣ز) لەدەرهێنانی ڕەحیم عـەبدولڕەحیم زادە هاتە سـەر سێن و لە پێنجەمین میهرەجانی شانۆی کوردی نمایش کـرا کـە جـیـا لەوەی خـەڵاتی باشـتـرین شانۆنامەی وەدەست هێنا، کارەکەش وەک سەرکەوتووترین کاری میهرەجان ناسرا.**

# زەوی



**برایم فەرشی**
**(ئەڵمانیا)**

پێشکەش:
بەو کەسانەی کە ڕاستیان لەخۆیان خۆشتر دەوێ

شانۆنامەی زەوی بۆ یەکەم جار لە ڕۆژانی (٣و٤)ی مانگی شوباتی- ١٩٩٦(١٤و١٥ی ڕێبەندان ٢٦٩٦)
لە لایەن شانۆگێڕانی ناوەندی شانۆی کۆچ-ەوە لە ئەڵمانیا - شاری کۆڵن پێشکەش کراوە.

شانۆنامەی زەوی لە سەر ئەم بۆچوونە نووسراوە و پێشکەش کرا کە وێنەیەکی کوردانە بێ لە لایەنی ناوەرۆک و فۆرم و شێوەی پێشکەشکردنەوە، ئەویش لەکۆمەڵگایەکی نامۆ بە کورد و فەرهەنگی کورد. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بە گشتی لە بیرو بۆچوون و هەست و فولکلۆر و دابونەریتی ناو کوردان و هەروەها لە عونسرو دیاردەی شانۆی کوردان کەڵک وەرگیراوە. لە نووسین و شێوەی دراماتۆگیشدا زۆرتر لایەنی کوردانە ڕەچاو کراوە. ئەم شێوە نووسین و پێشکەشکردن و چاولێکردنە لە شانۆ، لە (١٥) ساڵی ڕابردوودا نیشانەیەکە لە ناسنامەی کوردانەی من. بێ گومان دەوڵەمەندی ئەم ناسنامەیە لە ناوخۆی وڵات و لە سەر سەکۆی شانۆی وڵات دەتوانێ زۆرتر خۆی بنوێنێ.

**برایم فەرشی**
**(٢٠٠١/١٠/٣٠)**

**کەسەکان:**
**ژن**
**منداڵ**
**لاو**
**مەلا**
**شێت**
**مچەگەردەڵ**
**مام عەلی**
**سمکۆ**
**شاعیر**
**خەڵکی ئاوایی**

**شوێن:** کوردستان
**کات:** لە سەرەتای تاک پەرەستییەوە تا ئەمڕۆ
**دیـکـۆر:** لە سەر عەرد چوار دەرکە، لە ئاسمان چوار پەڵە هەور، لە چوار سووچ چوار داوڵ
**جلوبەرگ:** کوردی
**موسیقا:** کوردی
**کاییە و یاری ناو شانۆ:** کوردەواری

## وێنەی یەکەم

[پەردە لادەدرێ] [هەوا بۆمـەڵێـڵی بەیانیــیـە] [دەنگی موسیقایەکی کوردی (هۆرە) دێتە گوێ] [لە ناوەڕاستی سەکۆی شانۆ کێـوێک لە ڕواڵەتی ژنێکدا بەرچاوە]. [لە ناو لەشی کێوەکەدا سەما دەست پێدەکا، سەماکەران بە نەرمە سەما لە عەرز (کێو) جیا دەبنەوە، لە ڕێگای پشتێنەکانیانەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە! سەماکەران (هەشت کەس ژن و پیاو) لە سەر سەکۆ بە دەوری ژندا (کێو) بە تاک دەکەونە سەما و شیعر خوێندنەوە]

ئەی مەزنی مەزنان
ئەی سەرچاوەی ژیان
ئەی خۆشەویستی دڵان
**کۆ:** لێمان مەکە دووری، لێمان مەکە دووری!
[ئاهەنگ دەگۆڕدرێ]
وەرە دایە بمگرە ئامێز
دایەی ژین بەخش
ژنی ژیان بەخشی سروشت
**کۆ:** زیندووکەرەوە ئەم خاکە قەدیمە
وەرە دایە
دوورم لە تۆ
گیانم، خاکی نەزۆکە
گیانم، خاکی نەزۆکە
خاکی تەنت
پڕ لە خۆشی
ئامێزی ژینە!
وشکە دڵم،
ئاوەدە ئەوینم
**کۆ:** بەسیەتی دووری! بەسیەتی دووری!
[دەگـەڕێنەوە ناو زەوی] (دەنگی مـوسـیـقـا (هۆرە) زاڵ دەبێ] [ چرا دەکوژێتەوە]

## وێنەی دووەم

[دەنگێ بۆڕەی گا، لوورە لووری گورگ، عەو عەوی سەگ، حیلەی ئەسپ، قـولەی کەڵەباب] [چرا] [لە تاریک و ڕوونی بەیانیـدا تارمـایی دێن و دەڕۆن] [هەوا ڕۆشنتـرە] [دەنگی مـوئەزن و مـەلا بانگدان] [خـەڵکی گـوند لە پشت مـەلاوە نوێژدەکەن، مەلا پاش تەواو بوون سڵاوت دەگێڕێتەوە]
**مـەلا:** وایە لە شەڕی شعیتان و بەڵای ناگەهان بە دوورمان کە! خوایە ڕێگەی ڕاستمان وەڕێ گێرە! خوایە هەموو سەگی دەرگای خۆتین لێمان ببوورە!
**خەڵک:** ئامین.
[ورتە ورت دوای نوێژکـردن دەکـەوێتـە ناو خـەڵـک، لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن]
**مەلا:** بە ڕووحانەتی ڕەسووڵی خوا سەلام و سەلاتی لە سەر بێ، بە ڕووحانەتی خەلیفەی موسڵمانان، بە ڕووحانەتی شای گەیلانی، بە ڕو....
[دەنگی مەلا و خەڵک تێکەڵ دەبێ] [دەنگی موسیقا زاڵ دەبێ] [چرا دەکوژێتەوە]

## وێنەی سێیەم

[هەوا ڕوونترە] [کچـۆڵەیەک بە گسکە کۆتەرەیەک عەرز دەماڵێ، لە بەر خۆیەوە گۆرانی دەچڕێ، ژنێک کۆڵێک چرپی بە کۆڵەوە وەدیار دەکەوێ.]
**دەنگ:** کوشتیان، کوشتیان، کوشتیان!
**گوڵان:** دایە، دایە [ڕادەکا بۆ لای دایکی]
**دەنگ:** کوشتیان، کوشتیان، کوشتیان!
[چوار داوڵ لە سەر سەکۆ سەما دەکەن]
**دەنگ:** کوشتیان، کوشتیان، کوشتیان!
[ژن و کچ لە ناوەڕاستی سەکۆ] [ژن بە شێوەی ژنانی کورد شیوەن دەکا]
**ژن:** وەی ڕۆ وەی ڕۆ
[دەنگی موسیقا بەرزتر دەبێتەوە] [چرا دەکوژێتەوە]

## وێنەی چوارەم

[لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و چەمەری خوێندن دێتە گوێ]
**دەنگ:** ببەم بەومەچۆ ڕوڵە بەومەچۆ
دیبەت وە دیبەی بەبەی من مەچۆ
[لە دوورەوە دەنگی منداڵان دێ]
**دەنگ:** بووکە بارانە ئاوی دەوێ
ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ
دەرزی گەورە کچانی دەوێ
[خەڵک دەگەنە سەر سەکۆ، مەیتێک لەگەڵ خۆیان دەگێڕن و لە سـەر عـەرز دایدەنێن. چوار پیـاو لە دەوری تابوت دادەنیـشن. چوار ژن سـەمـاکـەران بە دەوری مـەیتـەکـەدا وا دەخوێنن]

**ژن:** سوار هەی سوار هەی وەنەوشم ڕۆ
**ژن:** لە ئۆردوبرای تۆرمەپۆشم ڕۆ
**ژن:** سوار هەی سوار هەی وەنەوشم ڕۆ
**ژن:** لە ئۆردوبرای خەڵات پۆشم ڕۆ
**ژن:** سواربووە لە زین چوێن هەردە جاران
**ژن:** شان ئەدا لە شان شوڕە سواران
**کۆ:** هەی لاو ، هەی لاو، هەی لاو ، هەی لاو
**ژن:** کوڕە زەردە لاو
گیریا لە جاو
بردیان وە تاو
نایان لە شاڵ
نایان لە چاڵ
**کۆ:** هاوسێی خاسم بۆت خەلاسم
**ژن:** ئەوجا دەر ئەچێ خەم لە خەیاڵم
دەنگ دایە وتنت بایە ماڵم
بلێنە دایکم خۆی بگرێ لە نەفت
لاشەی ڕۆڵەکەی لەومەیدانە کەفت
**کۆ:** ببەم بەو مەچۆ ڕۆڵە بەو مەچۆ
دیبەت وە دیبەی بەبەی من مەچۆ
**ژن:** بەنان بەنانەن بازار گشت بەنەن
ئیزرایل وە زۆر کۆرپەم لێم سەنەن
تو ئاگر وەودەست من پووش بە بار
خۆمنت سووتان خۆت دا وەکەنار
**کۆ:** ببەم بەو مەچۆ ڕۆڵە بەو مەچۆ



دیبەت وە دیبەی بەبەی من مەچۆ
**ژن:** فیشەک دانەکەت تون بوەست وەپشت
وەکوڕی نامەرد خۆت مەیە وەکوشت
**کۆ:** ببەم بەو مەچۆ ڕۆڵە بەو مەچۆ
دیبەت وە دیبەی بەبەی من مەچۆ
**ژن:** دەلال بانگ دەکا وە دەنگی زولال
کەنیشک بێ برا بکەن زندەچاڵ
**کۆ:** ببەم بەو مەچۆ ڕۆڵە بەو مەچۆ
دیبەت وە دیبەی بەبەی من مەچۆ

[ژنان کە تا ئێستا لە دەوری مەیتەکەدا دانیشتبوون و چەمەریان دەخوێند هەڵدەستن] [دەڕۆنە دەر، بەڵام دەنگیان هەر دێ] [لە چوار دەرگاوە منداڵان لەگەڵ خوێندنی ئاهەنگ دێنە ژوور]

**مناڵ:** بووکە بارانە ئاوی دەوێ
ئاوی ناو دەغڵانی دەوێ
دەرزی گەورە کچانی دەوێ
نانی ناوکەندوانی دەوێ

[لە بەر دەرکی ماڵێک ڕادەوەستن، کچێک دێتە دەر دەرزیلە لە بووکە بارانە قایم دەکا و جامێک ئاوی بە سەردا دەکا]

**مناڵ:** هەیاران و مەیاران
یاخوا بیکەیتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران
بۆ گوڵ و لالەزاران
بۆ سەیرانگای دڵداران
لە دەشت و لە کۆساران
[دەچنە بەر دەرکی ماڵێکی تر]
**مناڵ:** بووکە بە بارانمان دەوێ
ڕەحمەتی جارانمان دەوێ
کۆستە مل بارانمان دەوێ
ڕەحمەتی جارانمان دەوێ[دەڕۆنە دەر]

**دەنگی مناڵ:** باران خێر وخێراتە
دغڵ و دانی پێ هاتە

[لە دوو لاوە کچ و کوڕێک سەماکەران بەرەو قوولایی سەکۆ دێن]

**کوڕ:** باران، تەڕم کە، فێنکم کەوە
**کچ:** بەهەموو لەشمدا بچۆڕێوە
**کوڕ:** ئەگەر ببارێی گشت کەس شاد دەبن
[سەما و جووڵە و کاییە تێکەڵ دەبێ و کاییەی گەنم گەنم دەکەن][ کچ و کوڕ دوو گەڵای گوڵە گوڵە گەنمێکن]
**کچ:** گەنم،گەنم ،گەنم [بە دەوری کوڕدا]

**کوڕ:** گەنم، گەنم، گەنم [بە دەوری کچدا]
**کچ:** ئارد، ئارد، ئارد
[لە سەر زەوی وەک باگردێن دەسووڕێ بە سەر کوڕدا، کوڕ گوڵەگەنمە]
**کوڕ:** ئارد، ئارد، ئارد
[لە سەر زەوی وەک باگردێن دەسووڕێ بە سەر کچدا، کچ گوڵەگەنمە]
**کچ:** نان، نان، نان
[کچ نانکەر و کوڕ تەندوورە]
**کوڕ:** نان، نان، نان
[کوڕ نانکەر و کچ تەندوورە] [کۆتایی سەما]
**کچ:** ئەگەر نەبارێی، خەڵک چارەڕەش دەبن
**کوڕ:** گەنمەکان لە گەرما دەسووتێن
**کچ/کوڕ:** ئیدی نان ناکرێ، ئیدی نان ناکرێ
**کوڕ:** خەڵک لە برسان قڕیان دێ
**کچ/کوڕ:** زیندەوەر نامێنێ، زێندەوەر نامێنێ، زیندەوەر نامێنێ
**کوڕ:** ژیان وەک دۆزەخی لێدێت
**کچ:** ژیان وەک دۆزەخی لێدێت
**کوڕ:** لە بیرمە ئەو کاتە ڕۆژانی جێژنی نەورۆز خەڵک گۆرانیان دەکوت و هەڵدەپەڕین.
[دەنگی موسیقای هەڵپەڕکێ بە نەرمی] [ لە هەر چوار سووچی سەکۆوە گەڕی هەڵپەڕکێ بەرەو قووڵایی سەکۆ دێت و پاشان هاوبەش گەڕ دەگەڕێ]
**کوڕ:** مناڵ جلوبەرگی نوێیان لە بەر دەکرد، لەهەموو لایەکەوە دەنگی خۆشی و شادی دەهات، بۆنی پلاو و خۆرشت هەموو وڵاتی دادەگرت.
**کچ/کوڕ:** ئاخ چەندە خۆش بوو. [هەڵپەڕکێ کۆتایی هاتووە]
**کچ:** دایک و خوشکم و هەموو کچانی ئاوایی دەست و پێیان لە خەنە دەگرت و خەڵک دەچوونە میوانی و جێژنە پیرۆزەیان لە یەکتر دەکرد.
**کوڕ:** جحێڵ و لاوانی گوند ڕێگەی سەرکانیان بە کچان دەگرت و گۆرانی گۆڵمەزیان دەگوت.
[کچ گۆزە لە سەر شان بە لەنجەولار لە دەستی چەپی سەکۆوە بەرەو دەستی ڕاست دەڕوا] [کوڕان دەورەی دەدەن]
**لاو:** سوێندم خواردووە کچە خەجێ ناچمە حەجێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** حەجم بۆ بێتە لەجێ
**کۆ:** ئەمان کەژێ، دیدەم کەژێ، کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** شەدەی سەرت بە میرات بێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** نەحلەت لە شەرت و بەقات بێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** هەر وا دەڕوا دەکا ڕەوتێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** وەکو کۆتری بەر مزگەوتێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ
**لاو:** سووتام برژام چۆقەم کەوتێ
**کۆ:** کەژ و کەژاڵێ ،ئەمان کەژێ، دیدەم کەژێ، کەژ و کەژاڵێ
[لەگەڵ دەرچوونی کچ کوڕان دەردەچن]
**کچ/کوڕ:** گشت کەس شاد بوون
**کوڕ:** بەڵام ئێستا خەفەت بارن
**کچ:** مناڵ بیر وهۆشی کایە وگاڵتە و حەلوابەشەقێن و زۆرانبازییان نییە
**کوڕ:** بێری و سەرکانی چوونی کچان و گۆڵمەزی کیژوکوڕان نییە.
[دەنگی بووکە بارانە لە دوورەوە دێ]
**کچ:** باران ببارێ، توخوا ببارێ، زەوییەکان تێرئاوکە، چاڵەکان پڕ ئاو کە، گیان بدە چۆمەکان، کێوەکان زیندووکەوە.
**مناڵ:** [دێنە ژوور]
بووکەبارانە ئاوی دەوێ
ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ
دەرزی گەورە کچانی دەوێ
[شێت دێتە ژوور]
**شێت:** خەفەت مەخۆن باران دەبارێ، زۆریش دەبارێ،ئەگەر هەر نەباری بە تەیارە دەچم ئاوی تارانتان بو دێنم، نا نا ئاوی بەغدا خۆشترە، ئەگەر هەر ئەوەش نەبوو شەربەتی شام و ئانکاراتان بۆ دێنم.
[قاقای پێکەنین]
**شێت:** من گەورەی ئێوەم
**مناڵ:** بژی گەورە، بژی گەورە
**شێت:** دەچم ئاوی حەیاتتان بۆ دێنم
**مناڵ:** بژی بژی [چەپڵە]
**شێت:** نا نا من شوانم
**مناڵ:** مە مە مەمە مە مە مە مە
**شێت:** یالا یالا
**مناڵ:** مە مە مە مە مە
**شێت:** باران دەبارێ، زۆریش دەبارێ [قاقای پێکەنین] گەوجانە درۆ دەکەم درۆ، ئێوە زوو باوەڕ دەکەن. نە بە قسەی من دەکا و نە بە قسەی ئێوە، دەبێ بە تەیارە بچینە ئاسمان

بیهێنین. یالا برۆین .[دەرۆن]

**شـێت:** ئێرە ئاسمانە، دەبێ لە بەر ئەم هەورانە بپارێینەوە، بەڵام هەتا موسڵدانیان پڕ نەبێ نارژێنە خوارێ، نانا دەبێ لە بەر خودا بپارێینەوە، نا دەبێ لە بەر هەردووکیان بپارێینەوە.

**منـاڵ:** هی یا هوو، هی یا هوو، هی یا هوو، هی یا هوو، هی یا هوو

**مناڵ(١):** ئەو هەورە لە خۆم گاتەوە.

**مناڵ (٢):** ئەوەش لە خۆم گاتەوە

**کچ:** نا ئەوە لە من گاتەوە

**مناڵ (٢):** من لە پێشدا کوتم، لە من دەگاتەوە

**مناڵ(١):** نەخێر من لە پێش ئێوەدا دیتم هی منە

**مناڵ (٢):** هی منە

**مناڵ(١):** نەخێر هی منە

**مناڵ (٢):** هی منە

**مناڵ(١):** هی منە

**مناڵ:** هی منە، هی منە، هی منە، هی منە[لە کێشە لەگەڵ یەکدا هەمـوو لە ئاسمـان دەکەونە خوار] [شێت لە قـاقـای پێکەنین دەدا]

**مناڵ:** [سەریان دادەخەن] [عەلی لە بەر یەک لە دەرگاکان ڕاوەستاوە سەیریان دەکا، شێت خەفەتبار دانیشتووە، چاو بە بینەراندا دەگێڕێ لەناکاو لە قاقای پێکەنین دەدا]

**شـێـت:** پێبکەنە، پێبکەنە، پێبکەنە[بە مست لە عـەرز دەدا، سەری دەڕنێ] [وەک دەروێشان دەکەوێتە سەما]

**شێت:** هەیاران و مەیاران
یاخوا بیکەیتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران
بۆ گوڵ و لالەزاران
بۆ سەیرانگای دڵداران
لە دەشت و لە کۆساران

[دەکەوێ، دەناڵێنێ] [عەلی دێتە ژوور]

[شێت هەڵدێ بۆ لای لە بەر دەمی دەیکاتە سەما]

**شێت:** بۆ فەقیر و هەژاران، بۆ فەقیر و هەژاران

[بە مست لە سنگی عـەلی دەدا]بۆ فەقیر و هەژاران [شێت لە حـاندی خـۆی شـۆڕدەبێتـەوە سەر عـەرز و بە زگـەخـشکە دەڕواتە دەر]

[عەلی خەریکی سیغار هەڵپێچانە]

**عـــەلی:** مناڵ بووم، قـات و قـڕی کـەوتە وڵات، هەژاری بەرۆکی هەموو ماڵێکی گرت، خەڵک لە برسان کەوتنە گیانی سەگ و پشـیلە، نەخـۆشی کەوتە ناو مـیللەت، مـردن شەوانە دەهاتە ناو جێگاکەمان، ماڵ نەبوو بێ مردوو. نازانم من چۆن لە مـەرگ ڕزگـار بووم؟ پاشـان بووژاینەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو گـەڕاندیانینەوە دۆخی جـاران. دەرفـەتێکی تر ڕەخسـا کۆشکی ئاواتمان دامەزراند، سەرەک کۆمارمـان دانا، ئەویش شەڵاڵی خوێن کرا. هەر لە زووەوە هەتا ئەمڕۆ بەناو مەرگ و ژیاندا هاتووین. ئەمـڕۆش ئەو غـەزەبە تووشـمـان هاتووە. دۆزەخێک بۆتە وڵاتمان. گڕ هەمـوو لایەکی داگرتووە. ژیانمان خەریکە تێدا دەچێ.

[کـەسـێک کـە سـەرو چاوی ڕەش کـراوە و بەدەنی ڕووتە و بەخوری داپۆشراوە دێتە ژوور]

**کۆسەبەبە:**
هەیاران و مەیاران
یاخوا بیکەیتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران
بۆ سەیرانگای دڵداران
لە دەشت و لە کۆساران [دەچێتە دەر]

**مچە:** سەلام و عەلێکم [عەلی لە خەیاڵاتدا]

**مچە:** مام عەلی سەلام

[داوڵێـک لە ژوورەکـەدا دەسـوورێتـەوە و کـەوتۆتە نێـوان مچە و مام عەلی]

**مچە:** مام عەلی، مام عەلی

**عەلی:** بسم الله بسم الله

**مچە:** مامە جندۆکەت دیوە؟

**مـام عـەلی:** بەڵێ. نانانا استغفرالله استغفرالله کاک مستەفا ببوورە براله فیکرو خەیاڵ گێژی کردووم، چاکە بە خوا شێت نابین.

**مچە:** خوا ڕاوەستاوت کا، فیکرو خەیاڵی چی؟

**مـام عـەلی:** دیارە گێرەت لە بەغدا دەگەڕێ! چۆن فـیکرو خـەیاڵی چی! فـیکرو خـەیاڵی ئەوەی چمـان بەسـەر دێت! دڵم خـۆش بوو کە ئەم ساڵ دەحەسێینەوە، بەڵام هەمـووی بوو بە هیچ. ڕەنج بە خـەسـار و مـاڵ وێران بووین. دنیـا خـەریکە لە ئاهمان دەسووتێ.

**مـچـە:** مام عەلی لە سەرەخۆ خێر دەبێ ئیشالا، پەنا بەر خودا. باشە چۆنە لێرە دانیشتووی؟

**عـــەلی:** ئەدی بچمە سەر گۆڕی بابم مچە؟! بچمە کوێ؟ سـەری مـووچە و مـەزرام بدەم؟ بژار بکەم؟ دوورنیـیـە بچم؟ بێـسـتـان خـڕکـەمـەوە؟ خـۆدرکـیش شین نەبووە کـەر پێی بحەسێتەوە.

**مـچـە:** بەخوا ڕاسـتە. دارودرەخت وشک بوون. خۆت باش دەزانی گـەنمم قـەرز کـردووە و چاندوومـە. دەزانم دەنکێ شین نابێ. هەرچیش سـەردەربێنێ ئەوە کرۆشـە، ئەم کـرمـە پیـسـە سەری دەقرتێنێ.

**مام عەلی:** ئاگات لە خۆ بێ کرم نەچێتە ناومێشکتەوە!

[کـەسـێک کـە جـووتێک کـڵاشی لە جـیـاتی گـوێ بەم لاو ئەولای سەرییەوە بەستووە و کۆتێکی فرنجی درێژی لەبەردایە

و هەموو گیانی بە پەت بەستراوەتەوە لەگەڵ کەسێکی تر بە ناوی جاشولکە کە زەنگوڵەی لە ملدایە و دەستی لە گیرفانی پاتۆڵە قووڵەکەیدا بەستراوەتەوە دێنە ژوور]

**کۆسە/ جاشولکە:**

بووکە بە بارانمان دەوێ
ڕەحمەتی جارانمان دەوێ
کۆستە مل بارانمان دەوێ
ڕەحمەتی جارانمان دەوێ

[بە شوێن ئەوانەدا منداڵ دێن و تێدەپەڕن]

**منداڵ:** باران خێرو خێراتە
دەغڵ و دانی پێ هاتە

**عەلی:** خوایە ڕەحمێک

[سمکۆ دێتە ژوور]

**سمکۆ:** ڕەحمی چی مامە، غەزەبە غەزەبە!

**عەلی:** ئەستەغفیروڵڵا، ئەستەغفیروڵڵا. چی بووە؟

**سمکۆ:** چی، چی بوو؟ وشکی کردووە!

**مچە:** لە خۆڕا خۆتی لەگەڵ ماندوو دەکەی.

**عەلی:** ئاوا بڕوا دەریاش وشکی دەکا، جۆماڵ کردنیش چاری ناکا.

**مچە:** یاڕەبی شوکر، چی بکەین!؟

**عەلی:** چمان نەکردووە؟ هەموو ڕۆژێک نوێژی باران. هەشت ڕۆژ ڕۆژووگرتن. سەدەقەدان. چوار ڕۆژ دەمی کاریلە و بەرخ و گوێلک نەگەیشتە گوانی دایکیان، وتمان ڕەنگە خوا بەوان ڕەحم بکا. سەید و سۆفی و دەروێش نەما لە جۆگە و گۆماودا سەرتاپایان لە ئاو هەڵنەژەنین، چاوەڕوان بووین خوا تکاکاری ئەوان قەبووڵ بکا، بەڵام سوودی نەبوو. سوودی نەبوو.

**مچە:** خوا غەزەبی لێگرتووین، میرزا جەعفەر وا دەڵێت، دەڵێ ئێمە لە چاو خەڵک نە دنیامان هەیە و نە ئاخرەت. دەیگوت بووینەتە خول خولە، سەدان ساڵە بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە. لەم چاڵ دێینە دەر و لەو چاڵ دەکەوین. دەیگوت نیعمەتی خوا هەر لە هەندەرانە، خوا ژیان و ماریفەتی هەر بەوان بەخشیوە. دەیگوت بۆ دەستی ژن و منداڵت ناگری و لەم وێرانەیە دەربازیان ناکەی؟ بۆ زوڵم لەوان دەکەی؟ با منداڵەکانت خۆشبەخت بن، با ئەوان ببن بە بەشەر.

[بێ دەنگی]

**سمکۆ:** مچەگەردەڵ وادیارە زۆر موعجبی خاڵی منداڵەکانت بووی؟!

**مچە:** گاڵتەمان پێ بکە کاکە سمکۆ. هەر ئەو میرزا جەعفەرە نەبوو لێرە پێیان دەگوت گژ و خۆڵە، فەرموو ئەمڕۆ قازییە. ئەگەر لێرە مابا ئەوپەڕەکەی لای باوکی دەبوو بە فەقێ یاخۆ شوان وگاوان.

**سمکۆ:** کاکە مچە خوێندن زۆر باشە، بەڵام نەک بۆ ئەوە بێزت لە نیشتمانەکەت بێتەوە. قازی جەعفەری جەنابت لە بیری ئاوەدان کردنەوەی ئێرەدا نییە. فێری هەڵات هەڵاتمان دەکا. وەدوای کڵاوی بابردوومان دەخات.

[شێت بە تەپڵ لێدان دێتە ژوور]

**مچە:** چەرچییەکان دەیان گوت خەڵکی دێهاتەکانی سەرێ گوندەکانیان چۆڵ کردووە و ڕۆیشتوون.

**عەلی:** ئەدی ماڵ و شتومەکیان چ لێ کردووە؟

**مچە:** ئەوەی بۆیان کراوە لەگەڵ خۆیان بردوویانە دەنا بەجێیان هێشتووە.

**عەلی:** مەڕوماڵاتیان چی؟

**شێت:** لە ڕێگای چۆدارەوە ڕەوانەی سەلاخخانەکانی شارکراون. [دەڕوا]

**سمکۆ:** یانی لەو گوندانە کەس نەماوە؟

**مچە:** باوەڕ ناکەم.

**عەلی:** پەنا بۆ کوێ بەرین؟ داوا لە کێ بکەین؟ عومرێک داهاتی ڕەنج و زەحمەتی خۆمان خواردووە، ئێستا چۆن دەتوانین دەست بۆ ئەو و ئەم درێژکەین؟ خوایە چارەیەک!

[شێت دێتە ژوور]

**شێت:**

فڕی فڕی قەل فڕی
فڕی فڕی قەل فڕی
فڕی فڕی گۆچان فڕی
فڕی فڕی مەلاژن فڕی
فڕی فڕی مەلا فڕی
مەلا و مەلاژن فڕی فڕی

**سمکۆ:** مەبەستت چییە وەستا سەدیق؟

**شێت:** مەلا و مەلاژن ماڵ دەپێچنەوە.

**مچە:** ئەدی بۆ بە منی نەگوت!

**شێت:** لە بەر ئەوەی دەتزانی.

[مچە شاڵاوی بۆ دەبا]

**عەلی:** بۆ وا بێ خەبەر؟

**سمکۆ:** بۆ کام کارەسات لە پێشدا خەبەریان کردین؟ تا ئەمڕۆ خەبەرمان کەن؟ مامە گیان لە کام مێژوودا ئاگاداریان کردووین هەتا ئەمڕۆ مەلا ئاگادارمان کات؟ من و تۆ هەموو ساتی ژیانمان بە سەر کارەساتدا کەوتووین. ڕاستیان لێ شاردووینەتەوە. گەز و جاو بە دەست خۆیان بووە، بڕیویانە و دووریویانە و بە بەری ئێمەیان داکردووە، جا چ کورت و تەنگ، چ فش و زەلام، هەر خۆشیان لە بەریان دامالیوین. ڕیش و سمێڵی ئێمە دایم وەبەر مقەستی ئەوانەی خۆمان و بێگانە کەوتووە.

**شـێت:** من ڕیش و سمێڵم نییە، مچەش هەر بە منداڵی نێرەمووک بوو. هاهاهاها

**ســـمکۆ:** مـام عـەلی سـەرو لەشی ئەم مـیللەتە کـەی یەک بووە؟ مـەلا کـە دەڕوا ئێـمـەش دەبێ وەشـوێنی کـەوین، ئەمـە چارەنووسی ئێـمەیە، بەڵام مـەلا ئەرخایەنە کـە دەڕوا. لە شار مـاڵی هەیە. پارەی دەوڵەتی هەیە. قـازی جـەعـفـەری هەیە. نانی چەوری لە کەوڵی نانیدایە. ئێمە چمان هەیە؟

**مچە:** ئەستەغفـیروڵڵا ئەستەغفیروڵڵا. برا بۆ لەخۆڕا خۆت کافر دەکەی؟ لە جیاتی ئەوەی قەدری بگرین و دەستی ماچ کەین و بە سەر پێـڵاوەکانیـدا بکەوین کـە جێـمان نەهێـڵێ، قسەی ناشیرینی پێ دەڵێی، بە ڕاستی فامیدەی.

**سمکۆ:** مچەگەردەڵ تا کەنگێ دەبێ هەر دەست و پێی شێخ و مـەلاو سـەرۆک و ڕابەر مـاچ کـەین؟ ئەگـەر دەست و پێ ماچکردن و بە سەرا هەڵگوتن فامیدەبوونە، توخوا لێم گەڕێ با هەر گێژ و خوڵ و نەفام بمێنم. دەفـەرمـێت عـالمە و مەلای دوازدە عـیلمـە ئەی باشـە بۆ لەم وەزعـەدا جـێـمـان دەهێـڵێ؟ کەسێک کە ئەو هەموو ساڵە لەگەڵ ئێمە ژیاوە و ڕازی بووە، مانای چییە بێ خەبەر لێدەدات دەڕوا.

**مـــچـــە:** دەی برا ڕەنگە مـەسـڵـەحـەت وابێ. ڕەنگە بۆ هەموومان وا باشتر بێ.

**سـمکۆ:** مەسڵەحەتی کێ؟ مـان و نەمانی ئەو لێرە پێوەندی بە خێر و زەرەری خۆیەوە هەیە. پارە ئەمڕۆ خوا و پێغەمبەرە، کە ئێمە نیمانە.

**مچـە:** ئەستـەغفیـروڵڵا ئەستەغفیروڵڵا، خوایە تۆبە، خوایە تۆبە بە منی ببخشە. بەوەڵڵا تۆ کافر بووی لەونت لێ گۆڕاوە. بەزات و بێ عـەیبی خـودا حـەق بە مـامـۆسـتـایە، سـەرتاپای مـانگی هاوین سەرت بە مزگەوتدا نەکرد. مەلای بەستەزمان بێکار و تەنیا لە ناو گونددا دەسووڕایەوە. سوێندی دەخوارد لە بێـکاری وەڕەز بـووە وا دڵـی بتـــۆقـێ. ســـەرەڕای ئەوە نامـوسڵـمان تا ئێستا سەدان مەوعـیزە و پەندو نەسیحەت و قسەی چاکت لێ نەبیستووە؟

**سـمکۆ:** یانی تۆ نازانی هاوین لەم کژ و کێوانە ئاوارە بووم هەتا پاروە نـانێـک بـۆ ژن و منداڵم پەیدا کـــەم کـــە چاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبن. مـەلای خەزوورت بۆ لە بێکاری دڵی نەتۆقی؟ برسێتی کێشاوە؟ خەمی نانی منداڵەکانی بووە؟ نا ماڵ وێران من و تۆ ڕەنجمان کێشاوە هەتا ئەو تێروتەسەل و پۆشتە بێ و بە باخ و باخاتدا بسووڕێتەوە و باسی نیشتمان و ئاوو خاکمان بۆ بکات و شیعرمان بۆ بهۆنێتەوە.

[دەنگی دەف] [شاعیر بە دەف لێدان دێتە ژوور]

[کەسانی سەر شانۆ دەبنە کۆڕی مەولوودنامەخوانی]

**شاعیر:** ئەی بێ نەزیرو هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری

بێ دار و پێ دیاری، بێدار و پایەداری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

**شاعیر:** بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی

بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

تۆ پادشانیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم

بێ سەدر و شانشینی، بێ پەردە پەردەداری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

**شاعیر:** خەلاقی بێ فتووری، سوڵتانی بێ قوسوری

ڕەزاقی مارو مووری، ئاودێری دێمەکاری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

**شاعیر:** فەیرووزە تەختی گەردوون مەسنووعی دەستی تۆیە

یاقووت و لەعلی ڕۆژە ئەستێرەکان دەراری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

**شاعیر:** هەر جێ و مەکانی تۆیە بێ جێ و بێ مەکانی

لەیل و نەهاری تۆیە بێ لەیل و بێ نەهاری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

**شاعیر:** هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم

هەرچەندی بێ وەزیر و بێ سەدر و کاروباری

**کۆ:** مەولا یەسەلی وەسەلی ..........

عەلا حەبیبی ............

[شاعیر دەڕوا]

**ســـمکۆ:** مامۆستا هەر مەلامان نەبوو، دەمڕاستمان بوو، شارەزامان بوو، دنیاناسمان بوو. کوا چی لێهات ئەو هەموو بەڵێنە؟ ئەو هەمـوو قسەو باسە؟ ئەو هەمـوو مەوعـیزە کە ڕۆژ نەبوو وەک قەوانی کۆن بۆمان لێنەداتەوە.

**مچە:** بە زات و بێ عەیبی خودا تۆ لەو شێتە شێتتری!

**ســـمکۆ:** ئەرێ کـاکە مـچە لەم دەورو زەمـانەدا ڕاست بێـژ شێتە. ئەم وەستا سەدیقە لە بەرچی شێت بووە؟ خۆ وەستای وەک ئەو لەم ناوچە دا نەبوو و ئێستاش نییە. چییان بە سەر ژن و منداڵی هێنا؟ بۆ ماڵیان وێران کرد؟ بۆ دەزگا و ژیانیان تێک دا؟

**مـچـە:** کاکە سمکۆ کای کۆن بە با مەکە ئەمە دەخڵی بە ئێمەوە نییە.

**ســـمکۆ:** ئەوە بڤـەیە نابێ باسی بکرێ. ئەرێ خـاڵە ئێـمـە شـێـتین، لە بەر ئەوە چەپڵـــە بۆ (قـائدی اعظم) بۆ ڕابەری گوندەکـەمـان لێنادەین. ئێـمـە بە ڕاستی شـێـتین.عـاقڵ ئەو

کـەسـەیە سـەری دادەنەوێنێ و چاو لە ڕاسـتی دەنووقـێنێ و لمبۆزی لە ئاخوڕدا دەگەڕێ.

**مچە:** کافری بێ دین لێرە بتتۆپێنم؟

[بە چەقۆ هەڕای سمکۆ دەکا] [عەلی ناوبژی دەکات]

**عـەلی:** خواتان لێ ڕازی، چ باسە؟ بەدبەختی نەماوە جگە لەبەگـــژ یەکـــدیداچوون. ئەم بەیانیـــیــــە دووانمان ناشت. سلاواتێک لێدەن.

[هەر کەس لە بەر لێوەوە سلاوات دەنێرێ]

**شێت:** مەلا دەچێتە شوێنێک کە خەڵکەکەی موسڵمان بن.

**عەلی:** وست بە نەگبەتی ئاورهەڵایسێن.

[بێ دەنگی] [شێت گۆرانی دەڵێت]

**شـێت:** باران بارانە باران تەڕمی کرد، لەنجە و لارەکەی لە دین دەرمی کرد.

**عەلی:** بێ دەنگ بە بەدفەڕ.

**شێت:** [بە هەوای ئازیزە]

کـەس نییـە بپرسێ لە دڵی من، چەندی لە ئێشـە، چەندی لە ژانـە، چـەنـدی لـە دەردە لـە نـاڵـە نـاڵـە، هـاوەر ئـازیـزە، وەرە ئازیزە...

پەرچەمت بە من بمێنێ بە گـــوڵی دە ســـۆسنێ، هەڵاڵە و بەیبوونێ، سوورەگوڵ و سوومبول و گیانبەند و خاوێ.. دەوەرە ئازیزە. منداڵ و گـەورە و بچـووک، کچ و کـوڕان و پیـرێژنان مەیلی بارانیان هەیە دەوەرە ئازیزە...

کەرو گا زەڕەزەڕی دەبۆ بارانێ دەکەن، زەوی توونی بارانە و گـەنم سووتاوی دەسـتی خـۆمـانە، منیش دەبۆ خـاتری دە ئێـوە بانگی دە بارانێ دەکەم دەنا نە مەزرام هەیە و نە گەنم دەوەرە ئازیزە....

**عەلی:** خۆزگەم بە دڵی خۆت وەستا سەدیق.

**مچە:** ئێستا وەختی بەیت و بالۆرەیە؟

**شێت:** نا وەختی تەقڵە لێدانە.

**مچە:** دەمت گرێ دە تەپلۆس.

**شێت:** مچە گەردەڵ چۆنی گرێ دەم؟

**مچە:** شەیتان دەڵێ مستێکی لە شێویلکەی ڕاکێشی و بۆ بابی عاقڵ کەی.

**شێت:** مچە شەیتان ، مچە شەیتان زاوای مەلا موسڵمان!

**مچە:** [ڕادەکا لێیدا]

**عـــەلی:** واز بێنە مـچە. نەهاتیـیە و بەرۆکی هەمـووماني گـرتووە، ئەگـەر بتـوانین چارەیەک بدۆزینەوە، بە سـوودی گشتمانە.

**مـچـە:** کـەلاکە تۆپیـو و مندارەوەبوو لە دەوروبەری ئاوایی کەوتوون، ئەگەر وەخۆ نەکەوین، نەخۆشی دەمانکوژێ. مانەوە لێـرە بێ مـانایە. هەتا زووتر بڕۆین بە قـازانجـە. من مـاڵم کۆدەکەمەوە و دەڕۆم.

**شـێت:** [بە هەوای ئازیزە] بفەرموو کۆم کـردۆتەوە، هەڵێ بڕۆ مەلا ماتڵە.

**عەلی:** بۆ کوێ دەڕۆی؟

**مچە:** بۆ هەر شوێنێک جگە لێرە.

**عەلی:** ئەی ماڵ و ژیانت،

**مچە:** کام ماڵ و ژیان؟

**عەلی:** ماڵ وێران بووین.

**شـێت:** ها وەرە ئازیزە ماڵ وێران بووین مچە بار دەکا، ئەو شـار و شـار دەکـا، بە شەو و ڕۆژ کـار دەکـا، داوای کـچی شـا دەکا

**مچە:** [لینگە کەوشێکی تێدەگرێ]

**عـــــەلی:** پێـویسـتـە بە یەکـەوە بین جـا چ بۆ ڕزگـاری چ بۆ نەهاتی و بەدبەختی.

**مـــچــە:** من دەڕۆم. مـاڵ و منداڵم لێـرە بە کـوشت نادەم. بەشکم خوا وەزعەکەی خۆش کردو گەڕاینەوە.

**شێت:** منیش دەڕۆم.

[بە ئاهەنگی فـارسی و عـارەبی و تورکی و ئوروپی سـەمـا دەکا تا شەکەت دەکەوێ]

**عەلی:** سمکۆ تۆ دەڵێی چی؟

**سمکۆ:** من ناڕۆم

**مـــچــە:** لێـرە چی دەکـەی؟بە چی دەژی؟ خـۆ من دەزانم تۆ نەپارەت هەیە نەگەنم.

**سمکۆ:** من گەرمێن و کوێستان بارم سووک ناکا.

**مـــچــە:** سبـەی کە ئـەم کـانییـە وشک بێ، ژن و منداڵت دەمرن.

**سمکۆ:** ئێمە لە سەر خاکی خۆمان نامرین.

**عـــەلی:** تۆ زۆر ئەرخاین قسە دەکەی دەبێ فیـکرێکت بۆ خۆت کردبێتەوە.

**ســـمکۆ:** فیـکری من ئەوەیە ناتـوانم دەست لەم ئاو و خـاکـە هەڵگرم.

**مچە:** زەوی وەک بەرد ڕەق دەبێ.

**سمکۆ:** نەرمی دەکەین.

**مچە:** شێت بووی؟

**سمکۆ:** نە براکەم ئەم زەوییە هەموو ژیانی منە، لە باوکم بە من نزیکترە، ئەوەندە کە لەگەڵ ئەم بووم، لەگەڵ باوکم نەبووم، ئەو ساڵ باران نییە جێی بێڵم؟ پار ئەو هەموو بارانە باری، کـەچی گـەنم هەمـووی ژەنگ لێـیـدا. پێـرار سـێـلاو وڵاتی نەهێشت، ساڵی بەرلەو کولله گیای لە عەرز بڕی. یانی هەر سـاڵێک بەڵای خـوا هەیە، جگە لە تـانک و تۆپ کـە دایم بە سەرمانەوەیە. جانازانم ئەم ساڵ بۆ هەموو زەندەقمان چووە؟!

**مچە:** بە خوا ئەم قسانە نابنە نان و ئاو.

**عەلی:** باشە چ دەکەی؟

**سمكۆ:** پار چمان كرد؟ پێرار چمان كرد؟ باو باپیرانمان چییان كردووه؟ ئەوانیش هەر ڕایان كردووه؟ مام عەلی خۆت بەسەرهاتی ئەم ولاّتە باش دەزانی، هەر سووچێكی دەیان كارەسات و ژان و برین وەبیر دەهێنێتەوه. مام عەلی ئێمە شتمان زۆر زوو لە بیر دەچێتەوه، ئێمە فەرامۆشكارین، فەرامۆشكار. چاومان خووی بە دیتنی ئەمڕۆ گرتووه، نە دوێنێمان لە بیر ماوە نە داهاتوو دەبینین. چ دەكەم لە مالّی خۆم دەمێنمەوه. بیردەكەمەوە قۆلّم باشتر هەلّدەمالّم، خۆم باشتر تەیار دەكەم. مام عەلی ئەگەر زەوی ئەم نیشتمانە ئاوم نەداتێ ئەوە ئاوی هیچ شوێنێك توونیەتیم ناشكێنێ. ئەگەر ئەم خاكە وەخۆیم نەگرێ و نانم ببڕێ، ئەوە هیچ خاكێكی ژێر ئەم ئاسمانە لە ئامێزم ناگرێ.

**مچه:** كاكە ناچارین ناچار خۆ ناتوانین لەگەلّ عەرز و ئاسمان بەشەڕ بێین. ئەمە ئاو نادا ئەوەش شین نابێ.

**سمكۆ:** كاكە ئێمە كوا شەڕی عەرز و ئاسمانمان كردووه؟ من وتۆ هەر بۆ یەكتر كوشتن ئازاین. ئەم كەژ و كێوانەش بە ئاهی ئێمەوە سووتاون، زامداری دەستی ئێمەن. ئێمە دوژمنایەتی ئاو و خاكیش دەكەین. هەزاران سالّە ئەو ئێمەی پاراستووه، ژیانی پێبەخشیوین ئێستا لەم وەزعەدا وێلّی كەین، پشتی تێكەین؟ ئەمەكی ئەم نیشتمانە نامانگرێ؟ هەزاران سالّە چاو و دەستمان لە ئاسمان و دەمی قائد و ڕابەر و شێخ و مەلا و شاو خەلیفەیە، دەبا ئەمڕۆ سەیری خۆمان كەین، سەیری ژێر پێی خۆمان كەین بزانین لە كوێ ڕاوەستاوین. نەبراكەم من ئێرە بە جێ ناهێلّم. جا زەوی تەڕ بێ یان وشك.

**عەلی:** بە خوا زۆرم حەز لە قسەكانتە، بەلاّم ئەم قسانە هیچی لێ دەرنایەت.

**سمكۆ:** باب و باپیرانمان بۆ وەك دەنكە هەرزن بە جیهاندا پەرشوبلاّو نەبوونەوە؟ بۆ ئەم ئاو و خاكەیان سەرەڕای هەزاران كارەساتی تالّ گەیاندە دەست ئێمە؟ باشە بۆ ئێمە وا بەهاسانی دەستی لێ هەلّدەگرین؟

[دەنگی خەلّك].

**مچه:** ئەوە هەموو دەڕۆن با وەدوا نەكەوین. [دەڕوا]

**عەلی:** مچە ڕاوەستە. خالّە حەز ناكەم جێت بێلّم، بەلاّم چارە چییە؟

[دەڕوا] [دەگەڕێتەوە]

**عەلی:** نازانم بڕۆم یان نەڕۆم؟ نەڕۆم لێرە لە ناو دەچم. بڕۆم چم بە سەر دێ؟ ناتوانم دلّ لێرە هەلّكەنم. هەر شوێنێكی ئەم ولاّتە ڕازو نیازی منی لەگەلّە. دارودرەخت كە ئێستا وشك هەلاّتوون بەشێك لە ژیانم لەگەلّ خۆیان دەبەن. شاخ و كێوەكان كە ئەمڕۆ سووتاون، جێگەی حەسانەوەم بوون. كانیاوەكان كە ئێستاكە پڕی مارمێلكەن توونییەتی ژیانیان شكاندووم. ئەم باخ و ڕەزانە شوێنی ژووان و دلّداریم بوون، ئەم كووچە و كۆلاّنانە گۆڕەپانی یاری و ڕمبازێنم بوون.ئەم زەوی و زارە كە ئەمڕۆ ئاوریان لێ دەبێتەوە ناندەری گشتمان بوون. چۆن ئەتوانم ئەم بەشانەی ژیانم بەجێ بێلّم؟ بریا بە بریای خودا ئەمانەش وەك جاجم و بەرمالّەكەم بان، بە كۆلّم دادەدا و لێم دەدا دەڕۆیشتم، دەڕۆیشتمە شوێنێك كە دلّم لێی بحەسێتەوه، بەلاّم جگە لێرە لە پالّ كام شاخ دلّم دەحەسێتەوە؟ لە ژێر كام دار خەو دەچێتە چاوانم؟ لە سەر كام كانیاو توونیەتیم دەشكێ؟ ئاخ دلّم تەقی! بریا دلّ بەردان هاسان بایە. بریا عادەت و خووگرتن لە ژیاندا نەبایە. نازانم بڕۆم یان نەڕۆم. دەترسم بڕۆم و ئیتر چاوم بەو بەشەی خۆم نەكەوێتەوە. ئەگەر بڕۆم تەنیا قالّبەكەم ڕزگار كردووه، ڕۆح و گیانم لێرە بەجێ دەمێنێ. ئەی ئەگەر نەڕۆم چی؟ نازانم نازانم خوایە هاوار.

**سمكۆ:** مام عەلی خەیالاّتی ناوێ.

**عەلی:** حەز ناكەم ،بەلاّم چارەم نییە. [دەڕوا]

[شێت كە تا ئێستا بێ دەنگ بوو، ڕادەكا]

**سمكۆ:** تۆ بۆ كوێ وەستا سەدیق؟ [لە بەر خۆیەوە]

[دەنگی بەیت بێژ بەرز دەبێتەوە].

**بەیت بێژ:** ئا ئەوە لە دەورو زەمانێكی نە دوور و نە نزیك لە ولاّتی كوردان...

[شێت دەگەڕێتەوه، سمكۆ بزەی لە سەر لێوە]

**سەرماوەزی (١٩٩٥)- كۆلّن-**

**تێبینی: بەشێك لە فۆلكلۆر و شیعر و گۆرانی و بابەتی ئەم شانۆنامەیە لەم بەرهەمانەی خوارەوە كەلّك وەرگیراوه، سوپاسی دانەرەكانیان دەكەم:**

**-دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆلّینەوەی سەردار حەمید میران، كەریم مستەفا شارەزا. پێداچوونەوەی مەسعوود محەمەد، ١٩٨٦**

**- ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە كوردستاندا، ڕەشاد میران، ستۆكهۆلّم ١٩٩٣**

**- دابونەریتی كوردەواری ناوچەی گەرمیان، هەردەوێلّ كاكەیی**

**- سەلیقەی كوردەواری، محەمەد ئەمین حوسێن، لە بلاّوكراوەكانی كۆمەلّەی فەرهەنگی سوێد-كوردستان**

**- فۆلكلۆری كوردی لە ناوچەی دزەییاندا، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی و لەسەر نووسینی ئاوازی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی.**

**- هەگبەیەك لە گۆرانی ڕەسەنی كوردی، عوسمان شارباژێڕی(گۆرانییەكانی حەسەن زیرەك)**

**- پسر خاك، عمر حمیدی**

# مـــیــوانی ئەم ئێـــوارەیە



**گەزیزە**
**(سلێمانی)**

**کەسایەتییەکان:**
**١- خانم**
**٢- نازدار**
**٣- پیاو**

## جووڵەی یەکەم

**خانم:** (دێتە ژوورەوە، شانەیەکی بەدەستەوەیە و خەریکی قژیەتی نازدار لە دوایەوە دەڕوات و سەرپۆشێکی بەدەستەوەیە) (هەر بە قاقای پێکەنینەوە)... ئەوە بەڕاستتە نازدار؟!

**نازدار:** (هەر بەخۆشییەوە).. ئەی باوەڕناکەیت خانم؟

**خانم:** (بەپێکەنینەوە) باشە تۆ ئەم قسە خۆشانەت لەلایە بۆ جار جار بۆم ناکەیت نازدار؟

**نازدار:** جا خانم تۆ لەبەر تووڕەبوونەکانت، ڕێگە دەدەی؟!

**خانم:** ئۆی دە واز لەم قسانە بێنە... با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان.. دەزانی نازدار قژم ماوەیەکە زۆر دەڕووتێتەوە.. نازانم بۆ؟

**نازدار:** خانمەکەم ئەگەر تۆ کەمێک ئارام بیتەوە هیچ کارێک بەگران نەگریت باری دەروونیشت زۆر ئاسایی دەبێتەوەو ئەو نیگەرانییەت دەڕەوێتەوە، باوەڕت بێت ئەو قژ ڕووتانەوەیەشت هەر پێوەندیی بەو باری دەروونییەوە هەیە..

**خانم:** چی بکەم.. ناتوانم.. بەخۆم نییە.. بەڵام.. بەڵێن بێت چی تر تووڕەنابم.. دەمەوێت لەم ئێوارەیەوە هەموو ماڵەکە پڕ بێ لە خۆشی، دەبێت ئەم ئێوارەیە هەموو کەلوپەلەکانی ئەم ماڵە بە جوانترین و خاوێنترین شێوە بنوێنن.. دەبێ هەموو سووچێکی ئەم ژوورە پڕکەیت لە گوڵی نێرگز.. ئا.. ئەوە با پێت بڵێم تا خۆم بانگت نەکەم نەیەیتە ژوورەوە،... تەنانەت بۆ هێنانی خواردن و ئاوو شتی تریش نایەیتە ژوورەوە.. دەبێت میوانداریی ئەم ئێوارەیە زۆر تایبەتی بێت (هەر خەریکی خۆبەتی و ڕێکخستنی جلەکانی)، وەرە ئەوەم بۆ چاکە.

**نازدار:** بەڵام خانمەکەم تۆ بەو هەموو جوانییەوە چ پێویستیت بەم خۆڕازاندنەوەیە.

**خانم:** چ قسەیەکە نازدار.. جوانان زیاتر شەیدای جوانیی خۆیانن، ژنی جوان دەیەوێت هەردەم جوانترو جوانتر بنوێنێت، دەمەوێ ئەم ئێوارەیە لە هەموو ژنانی ئەم دنیایە جوانتر بم، هەست دەکەم ڕۆحم ئەم ئێوارەیە سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە هەست دەکەم گەنجتر دەبمەوە.. بۆنێکی خۆش لە هەناسەمەوە دێت.. سییەکانمی پڕ کردووە.. (توند دەستی نازدار دەگرێت).

**نـــازدار:** چەند خۆشحاڵم کە ئاوا بە شادییەوە دەتبینم.. خۆزیا بەردەوام ئاوا بوویتایە..

**خـانم:** لەمڕۆ بەدواوە ئاوا دەبم، چیتر خەم لەسەر ڕوخسارم نابینیت.. بەڵێن بێت ئیتر لە کەستان تووڕە نابم.. لە کەس..

**نـــازدار:** بەڕاستـتە خانمەکەم لەمنیش.. لە ئازارەکانی مامۆستاش..؟!

**خـانم:** لەویش.. لە مامۆستاش.. بەڵام بێدەنگ بە ئێستا ئەو لە شیرین خەودایە.. با خەبەری نەبێتەوە باوەڕدەکەی بەدرێژایی ئەمشەو نەنووستووە (بە خەمبارییەوە) دەزانی یەعنی چی نەنووستووە.. یەعنی منیش نەنووستووم، تا بەرەبەیان بەدیارییەوە هەر وەنەوزم داوە.... ئەی ناهەقمە ئەگەر جار جار تووڕەش ببم.

**نـــازدار:** من ناهەقی تۆ ناگرم... بەڵام ئەویش گوناهی چییە؟

**خـانم:** تکات لێ دەکەم... جارێ واز لەم قسانە بێنە.. تۆ سەیرێکم بکە.. بزانە.. ئاوا جوانە.. یان... ئاوا؟!

(هەر خەریکی قژیەتی).

**نازدار:** باوەڕت بێت بە هەموو شێوەیەک هەر جوانیت.

**خـــانم:** دەرگاکەی دەرەوە دامەخە... نەوەک گوێمان لە دەنگی دەرگا نەبێت..

**نـازدار:** چۆن دەرگا دانەخەم نازانیت بارودۆخی شار چەند شڵەقاوە لەپڕ یەکێ خۆی کرد بە ژووردا چی بکەین؟.. من زۆر دەترسم خانم.

**خـانم:** لەچی دەترسی؟ مەگەر ژیانی ئێمە هەر پڕ نەبووە لە ترس.. کەی ئێمە ترس و مەترسی لەژیانماندا نەبووە پێم بڵێ؟

**نـــازدار:** نازانم ترسی ئەم جارە زۆر گەورەترە.. دوێنێ لەگەڕەکدا وابلاوبوو.. کە دوژمن هێرشێکی بێ شوماری کۆکردۆتەوەو بەنیازە زۆر دڕندانە ئەم جارە پەلامار بدات.

**خـــانم:** جا نازدار کەی ئەمە هەواڵی گەڕەکە، هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکان ئەمە دەڵێن و لەوە دەچێت هەر واش بێت... بەڵام ئێمە چیمان پێ دەکرێت بەتایبەت من..

(هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ) من چیم بۆ دەکرێت؟

**نـــازدار:** دەڵێن (بەچرپە) خەڵکی وابەنیازن شار بەجێ بهێڵن و چۆڵی کەن.

**خـانم:** ئێ دەمن شینی ئەوکاتە دەکەم، کە ئێمە ناتوانین لەبەر مامۆستا نە ئەم ماڵە و نە ئەم شارەش جێ بێڵین.

**نازدار:** منیش لەوە دەترسم، ئاخر چی بکەین؟

**خـــانم:** خۆمان دەدەینە دەست قەدەر.. (دەچێتەوە لای کەلوپەلەکانی خۆی).

بەڵام نازانم ئەی دەرگاکە بکرێتەوە یان داخرێت؟

**نازدار:** ئەی نەموت با داخرێت.

**خـانم:** نازانم ماوەیەکە زوو شتم لەبیر دەچێتەوە، خۆ پێت وتم داخراوە..

**نـازدار:** نازانم.. هەست دەکەم هاتنی ئەو میوانەی ئەمڕۆ زۆر تۆی شـڵـەژاندووە...؟ هەمـوو ئارامی ڕۆحـتی ورووژاندووە!

**خـانم:** ڕۆحم.. مێشکم... دڵم.. هەموو جەستەم.. نازانم چیمە؟ (دەستی نازدار دەخاتە سەر دڵی) دڵم لە خۆشیداو جەستەشم لە ترسا دەلەرزێت..

(حاڵەتێکی لەرزینی تەواو سەرتاپا جەستەی دەگرێتەوە)

**نـــازدار:** (بەترسەوە)... ئەوە چیتە؟.. کەمێک ئارام بەرەوە... (دەکێشێ بە ڕوومەتیدا).. خانم.. لەگەڵ تۆمە..

(دەنگی گرمەی تۆپ).. ئەو دەنگانە چین؟!

پێ دەچێت تۆپی دوژمن بێت... خانم (لەبەرخۆیەوە)

**خـانم:** (وەک ئاسایی بێتەوە) بڕوانە کاتژمێرەکە.. بزانە چەندە؟ لەوە دەچێت من پێش وەخت خۆم بۆ ئەو میوانە ئامادە کردبێت؟

(دەنگی هاواری مامۆستا)

**خـانم:** (زیاتر ئاسایی دەبێتەوە).. ئەوە خەبەری بووەوە. وتم هاوار هاوار مەکە.. وتم کارێک مەکە خەبەری بێتەوە.

**نـــازدار:** ئێ من چی بڵێم.. من ترسام تۆ تەواو تێکچوویت.. ئیتر کەی من دەنگم بەرز کردۆتەوە؟

**خـــانم:** دەبڕۆ.. بڕۆ بزانە.. چی دەوێت.. خۆ ئەوەندە نەنووست.. ئاخر کەی ئێستا کاتی هەڵسانە؟!

(نازدار دەڕواتە دەرەوەی شانۆ.. دەنگی مامۆستا نامێنێت)

**خـانم:** (زۆر نائارامە و.. هەردەڕوانێتە کاتژمێرەکە) پێ دەچێت لە زرمەی ئەوتۆپانە خەبەری بووبێتەوە.

نازانم کەی دەبمە ژنێکی ئاسایی..؟! کەی؟ ژنێک وەک ژن ڕەفتاری خۆی بکات؟! دوازدە ساڵە ئەو دەناڵێنێ و من گوێی لێ دەگرم.. دوازدە ساڵە من دەگریم و ئەو سەیرم دەکات.. دوازدە ساڵە.. دوازدە شەو خەوێکی ئاساییم نەکردووە.

**نـازدار:** (دێتە ژوورەوە).. داوای ئاوی کرد.. کەمێک گەرمای بوو.. بەتانیەکەم لەسەری لابرد... بەڵام هەر پرسی- ئەوە دەنگی تۆپە؟!. وتم هیچ شتێکی وانییە.

**خانم:** (تووڕەیە) منی بۆ چییە؟ مەگەر تا خەوی لێ کەوت لە ژوور سەریەوە نەبووم.. چی دەوێ؟

**نازدار:** دیسانەوە خۆت تووڕە مەکە.. بچیتە لای چاکترە.. بزانە چی دەوێ؟!

**خـانم:** ماندووم.. منیش زۆر ماندووم.. ناتوانم.. پاشان

من ئێستا چاوەڕێی میوان دەکەم.. بڕۆ.. بڕۆ دەرمانەکەی بەرێ و پێی بڵێ ناتوانم..

**نازدار:** ئەوە تۆ چی دەڵێی.. من بچم پێی بڵێم خانم دەڵێ ناتوانم بێمە لای؟! چۆن شتی وا دەڵێم.. پاشان تۆ کەی وا بوویت؟

**خانم:** منیش ماندووم.. پێم وتی ماندووم.. تەنیا ئەم ئێوارەیە لێم گەڕێن.. بڕۆ پێی بڵێ ناتوانم.. نا.. زۆر ماندووم.. (دەگری)

**نازدار:** (دەچێتە لایەوەو هێمنی دەکاتەوە) خانم گیان.. تۆ کەمێک هێواش بە.. ئارامی بدە بەگیانی خۆت.. تۆ بەڵێنت نەدا چیتر لە کەسمان تووڕە نەبیت؟!

**خانم:** وازم لێ بێنە.. لێم دوورکەوە.. بڕۆ.. بڕۆ دەرمانەکانی بەرێ.

**نازدار:** خوایە گیان.. ئێستا من چی بکەم، ئەم منی ناوێت و ئەویش بە من ڕازی نابێت.. چی بکەم؟! (دەڕواتە دەرەوە)

**خانم:** نازدار.. نازدار

نازدار (بەڕاکردن دێتەوە ژوورەوە و زۆر شڵەژاوە)

**نازدار:** فەرموو..

**خانم:** سەیری دەرگای دەرەوەت کرد، بزانی کراوەتەوە..

**نازدار:** نەخێر ئەی نەموت داخراوەو ناتوانم بیخەمە سەر پشت... بەڵام.. مامۆستا دەرمانەکانی ناخوات و هەر داوای تۆ دەکات.

**خانم:** وتم من ناتوانم.. بڕۆ.. ئەو بێنە بۆ ئێرە..

(نازدار خەریکە دەڕوات)

یان.. وەرە.. بڕۆ پێی بڵێ.. بۆ کارێکی پێویست چۆتە دەرەوە.. با دەرمانەکانی بخوات.

**نازدار:** بەڵام گوێی لە دەنگمان بوو.. دەزانێ کە لە ماڵێت.

**خانم:** چیم پێ وتی بڕۆ پێی بڵێ و بڕایەوە..

**نازدار:** (دەڕواتە دەرەوە و بەناچاری)

**خانم:** (سەیری کاتژمێرەکە دەکات).. بۆ دواکەوت؟

**نازدار:** (زۆر بە بێزارییەوە دێتەوە ژوورەوە) قەناعەتم پێ کرد، وتم بەپەلە بۆ کارێکی پێویست چۆتە دەرەوە، وتم هەوڵ بدە کەمێک بخەویت، کە خانم هاتەوە، ئاگادارت دەکەمەوە..

**خانم:** ئافەرین.. وەرە بزانم.. چۆن خەوی لێ کەوت.

**نازدار:** خەوی لێ نەکەوت، داوای ڕادیۆکەی کرد، زۆر هەوڵ دەدا بزانێ دەنگوباس گەیشتۆتە کوێ؟.. وتی هەواڵی تازە نەبوو.. بەڵام هیچم پێ نەوت، وتم با خەفەت نەخوات.

**خانم:** (هەناسە هەڵدەکێشێ)

**نازدار:** بەڵام توخوا خانم چۆن دڵت دێت ئاوا ئازاری دەدەیت گەلێک جار هەیە کە داوات دەکات، هەست دەکەم ناتەوێ بچیتە لای.. ئاخر بۆ؟.. دەزانی ئەو چەند تۆی خۆش دەوێت.

**خانم:** چ خۆشەویستییەک؟ کام خۆشەویستی.. ئەو خۆشەویستییە وشکەی هەناسەی تێدا نییە.. دوازدە ساڵە ئەو دەڵێ خۆشم دەوێیت و منیش هەر گوێی لێ دەگرم، لە ناخەوە دەگریم و بە ڕوخساریش بۆی پێدەکەنم، خۆشەویستییەکەی من بۆ ئەو زۆر زۆر زیاترە لەوەی کە ئەو دەیلێ.. زەمەنێکە من ڕۆژ و شەوی لەگەڵ دەکەم.. هەموو ژیانم بوو بە ئەو،، گرانە.. کچێ زۆر گرانە.. ژیان لەگەڵ نەخۆشدا ژنێکی جوان و پیاوێکی نەخۆش، شکستە، تۆ هەرگیز لۆمەمم مەکە ئێمە هەردووکمان ئافرەتین و لە خەمەکانی یەکتر دەگەین، دەزانی من چۆن و بە چ شێوەیەک شەوو ڕۆژم بەسەردەبەم؟! ژنێکی گەنجی جوانی دڵ پڕ لە ئارەزوو، پیاوێکی بەتەنیا بەناو پیاو.

**نازدار:** ئەی ڕۆشنبیرییەکەی؟ ئەی زانایی و زانستەکەی؟

**خانم:** (بە گاڵتە پێکردنەوە) زانست؟! نازدار زانست چی بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی دەکات؟! ئەوانەی تۆ باسی دەکەی هیچ ناخەنە سەر ژیانی هاوسەریەتیمان، من تەنیام.. تەنیا هەر خۆم و خەمەکانی خۆم بەتەنیا، ئەو لە ئازارا دەناڵێنێ،



بەڵام من ئازارەکانی ئەویش لەگەڵ خەمەکانی خۆمدا دەنۆشم.. من وەک ژنێک مافی ڕەوای ژنیەتیی خۆم نییە..
(وەک بەئاگابێیتەوە) بزانە کات چەندە...
بڕۆ سەیرێکی دەرگای دەرەوە بکە..
**نازدار:** (دەڕواتە دەرەوە)...
**خانم:** دەترسم.. نەیەت.. خۆ ئەگەر ئەم ئێوارەیەم بێ وەڵام بێت.. تەواو ئارامم لەبەر هەڵدەگیرێت.
**نازدار:** (دێتە ژوورەوە).. کەس دیار نییە.. بەڵام لەوە دەچێ شار تەواو نەبێت؛
**خانم:** چۆن دەزانیت؟
**نازدار:** نازانم گەرەک دەڵێی خۆڵی مردووی بەسەراکراوە، من ئەمجارە زۆر دەترسم.
**خانم:** تۆ هەموو جارەکان هەر ئاوا ترساویت، بەڵام هەمووجار دەڵێیت ئەمجارەیان زۆر دەترسم.. کەچی جار لەدوای جاریش خراپتر دەبی.
**نازدار:** بەخۆم نییە کە ناوی شەڕو هێرش دەهێنن.. من هەست دەکەم نیوە خۆمم.. لێ دەبمەوە.. ئەوڕۆژانەم دێتەوە یاد.. کە.. کە باوکمیان هێنایەوە... باوکم قوربانی ئەو شەڕانە بوو هەواڵی کوشتنی باوکم ئەو خورپەو ترسەی خستە دڵمەوە.. من ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەیادناچێت. ترس بۆتە هەموو ژیانم..
**خانم:** (دەچێتە لایەوە و دەیلاوێنێ و دەست بەسەریدا دێنێ) کێ بێ لەم وڵاتەدا ژیابێت و باجی خۆی نەدابێت، هەموومان قوربانیی ئەم خاکەمان داوە.. هەریەکەمان بەجۆرێ.. بەڵام گرنگ توانیومانە بەردەوامی بدەین بەژیانمان لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییەدا هەر ژیانمان لەلا جوان بووە ئادەی نازدار.. سەیرم کە.. چاوەکانت زۆر جوانن با فرمێسکیان پێوە نەبێت،، تۆ زۆر لەوە جوانتری کە بگریت.
(دەنگی مامۆستا)
**نازدار:** (ڕادەکات)
**خانم:** (لە دوورەوە سەیریان دەکات)
**نازدار:** (دێتە ژوورەوە)
**خانم:** چی بوو.. داوای چی کرد
**نازدار:** وتی ڕادیۆکە بکوژێنەوە و بەتانییەکەم پێدابدە.
**خانم:** ئاخ... (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) خوایەگیان.
**نازدار:** خانم.. دەڵێم.. هەست دەکەم لەگەڵ هەموو تووڕە بوونەکانتدا مامۆستات زۆر خۆش دەوێت.
**خانم:** ... (پاش کەمێک بێدەنگ بوون)... ئەو ڕۆژەی بڕیارم دا خۆشم بوێت، بەڵێنم پێدا تا مردن بیر لە کەسی تر نەکەمەوە، ئێستاش کە سەیری چاوەکانی دەکەم تێڕوانینی ئەو ڕۆژەم بیردێتەوە.. لە قەراغ ئاوێک دانیشتبووین، دەستمان لەناو دەستی یەکتردا بوو، شەپۆلی ئاوەکە جارجار قاچمانی تەڕ دەکرد.. هێشتا زەردەپەڕ بوو.. چاومان بڕیبووە چاوی یەک، سێ جار لەسەریەک بەڵێنمان تازە کردەوە کە تەنیا مەرگ لێکمان جیا بکاتەوە، ئیدی ئەو بەڵێنەمان بەشەپۆلی ئەو ئاوە نووسی.
**نازدار:** چ بەڵێنێکی جوانە..
**خانم:** ڕۆژانە ئەو خۆشەویستییە تەڕە گەورەتر دەبوو، ئەو تاقانەی باوکی بوو.. باوکێکی خاوەن سامان، ئەم هەموو ماڵ و موڵکەی بەردەستی تۆ، هی باوکی ئەوە.. باوکی یەکێک بوو لە گەورە پیاوانی ئەم شارە.. پاش مردنی خۆی، هەمووی بەخشییە مامۆستا، ئەویش پاش شکست بوونی هەمووی بەخشییە من.
**نازدار:** من چەند جار پێم وتووی کە مامۆستا تۆی زۆر خۆش دەوێ. پیاوی ئاوا زۆر کەمە خانمەکەم.
**خانم:** بەڵام ئێستا ئەو خۆشەویستییە وشکە، وشک.. ئاوی پێوە نەماوە.. ئەو تەنیا بە وشە دەتوانێ هەستی خۆیم بۆ دەربڕێت.
**نازدار:** ئەی ئەم هەموو سامانە خۆشەویستی نییە؟!
**خانم:** من چی لە ماڵ و سامان بکەم، دوازدە ساڵە من لەم کۆشکە خۆشەدا دەژیم و ئەویش هەر دەناڵێنێ.. من چی لە ژیانێک بکەم هیچ جوانییەکی ژن و مێردایەتیی تێدانەبێت! من چی لە... (دەکێشێ بەسەری خۆیدا)
**نازدار:** (زۆر بەشەرمەوە)، بەڵام... داوای لێ بووردنت لێ دەکەم، نەمویست برینداریت بکەم.
**خانم:** (هەناسەیەک هەڵدەکێشێ) من ڕۆحم بریندارە، ڕۆحی خۆمم بەو بەڵێنەوە بەستووەو پەشیمانیش نیم..
**نازدار:** بەڕاستی سەلماندت کە ژنێکی نموونەییت.
**خانم:**... ئەو مامۆستایەکی گەورە بوو.. منیش قوتابییەکی بچووکی بەردەستی... زۆرجار کە سەیری دەکەم هەموو ڕۆحم چاوم... دڵم .. پڕ دەبێ لە خۆشەویستی و ڕق.. ڕق لە خۆم لە تووڕەییەکانی خۆم.. خۆشەویستیش لەو لە گەورەییەکانی ئەو کاتانەی کە باسی کوێرەوەرییەکانی جەنگەکەم بۆ دەکات حەز دەکەم تێر ماچی کەم، خزمەتی زیاتر بکەم، بەو قورسییەی خۆی لە ئامێزی گرم، کە لە ئازارەکانیدا دەناڵێنێ، لە ناخەوە بۆی دەگریم کەچی جاریش هەیە.. لێی تووڕە دەبم، بەڵام بەبێدەنگ ڕقم لەخۆم هەڵدەستێ، قێز لەخۆم دەکەمەوە.. ئاخر.. ئەو چ گوناهێکی کردبوو.. ئەو هەموو تەمەنەی بەو جۆرە بردە سەر بۆ؟.. شەوێکیان زۆری خەو دەهات.. ئازار نەیدەهێشت بنوێت، سەریم خستە سەر سنگی خۆم.. خەوت، ماوەیەکی زۆر لەجێی خۆم نەجووڵام، ترسام بجووڵێم خەبەری بێتەوە کە خەبەری بووەوە وتی:..

دەزانی نازدار وتی چی؟

**نازدار:** وتی چی؟.. دە توخوا بۆم تەواوکە..

**خـــانم:** وتی: دەزانی ئەمشەو هەستم کرد پیاوم.. پیاو شکستەنیم... ئازام.. هەستم بە بوونی خۆم کرد.. خەوێکی زۆر ئارامم لێ کەوت خاڵی لە هەموو ئازارێک... پاشان گریا.. زۆر گریا.. زۆر.. فرمێسکەکانم بۆ سڕی.. پێم وت.. مەگری تۆ ئەو مامۆستا مەزنەیت کە لەپاڵ شەپۆلی ئاوەکەدا بەڵێنی خۆشەویستیم بۆ دووبارە کردیتەوە،، بەڵام ئەو هەر دەگریاو... دەیوت من شکستم.. شکست.. (دەگری).

**نـــازدار:** تکات لێ دەکەم خانمەکەم... لەوە زیاتر خۆت دڵتەنگ مەکە.. ئاخر ناکرێت.. ئەی تۆ کە هێندە خۆشت دەوێت دە هەڵسە بچۆرە لای.. هەڵسە خانمەکەم با ئارام بیتەوە.

**خـــانم:** زۆر ماندووم.. زۆر.. تکات لێ دەکەم خۆشی ئەم ئێوارەیەم لێ مەشێوێنن، ڕێگەم بدەن با کەمێک هەست بەو خۆشییە بکەم ساڵانێکە چاوەڕێیم.

(دەنگی مامۆستا بەرز دەبێتەوە)

**نـــازدار:** چی پێ بڵێم.. ئێستا دیسان داوای تۆ دەکات، بڵێم گەڕاوەتەوە؟!..

**خانم:** (بێ دەنگە)... خۆم پاش کەمێکی تر دەچمەوە لای خەمەکانی دەڕەوێنمەوە..

(دەنگی لێدانی دەرگا)

## جووڵەی دووەم

**خـــانم:** خێراکە... جارێ بڕۆ دەرگاکە بکەوە.. (زۆر شڵەژاوە).. لەوێشەوە بە مامۆستا بڵێ هێشتا نەگەڕاومەتەوە.. (لەبەر خۆیەوە) (خەریکی ڕێکخستنی خۆیەتی) خوایە گیان یارمەتیم بدە.. زۆر دەترسم... بڵێیی ئەمە ئەو ڕۆژە بێت کە من چاوەڕێی دەکەم..؟!

**پیاو:** (دێتە ژوورەوە، منداڵێکی کۆرپەی بە باوەشەوەیە)

**خانم:** (خێرا بەرەو ڕووی دەچێت و بەخۆشی و تاسەوە لێی وەردەگرێت)

فەرموو... زۆر پێ خۆشحاڵم.. بەهاتنت، بەڵام لەکاتی خۆت کەمێک دواکەوتی..

**پیاو:** خۆت دەزانی کە منداڵ بووە هاوڕێیی ئینسان، زۆربەی شتەکان دەگۆڕدرێت..

**خانم:** (بەخۆشییەوە دەڕوانێتە منداڵەکە) زۆر ڕاستە

ماشاء الله، زۆر منداڵێکی جوانە... دەفەرموو.. دانشین.. چۆن بەپێوە؟!

**پیـــاو:** (لەسەر کورسییەک دادەنیشێ) وەک بیەوێت قسەیەک بکات

**خـــانم:** ئەمجارەش بەخێرهاتن.. فەرموو چۆن دەتەوێت بچینە ناو باسەکەوە..

**پیـــاو:** ئێمە پێشتر باسمان کردووە، بەڵام... (کەمێک بێ دەنگی)

**خـــانم:** بەڵام چی؟.. باسی هەموو شتێکمان کردووە و بەڵێنی تەواویشمان داوە.. کە ئەو منداڵە..

**پیاو:** (قسەکەی پێ دەبڕێ) کە ئەو منداڵەت بۆ بێنم... تا ئێرە ڕاستە... بەڵام.. لەنیوەی بەڵێنەکەم پەشیمانم

**خـــانم:**.. ئەوە چی دەڵێیت؟! پەشیمانی چی.. من زۆر دەمێکە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە دەکەم.. پاشان تۆ بە ڕەزامەندیی خۆت ئەو بەڵێنەت داوە..

**پیـــاو:** خانمەکەم.. ڕاستە من لەو بارەیەوە قسەم کردووە و ئێستا ئەو منداڵە بێ دایکە و تەنیا کەسێکی ئەو منداڵە کە ماوە منم و منیش باوکی ڕاستەقینەی ئەوم.. بەڵام ئێستا بارودۆخی وڵات تەواو نییە.

**خانم:** ئێستا دەزانیت بارودۆخی وڵات تەواو نییە؟! مەگەر تۆ لەم شارەدا ناژیت؟. کەی بارودۆخ تەواو بووە؟! پێم ناڵێیت؟!

**پیـــاو:** بۆ من مەسەلەکان دەگۆڕدرێت، دەنگوباسی هێرش هێنانی دوژمن زۆر بەربڵاوە..

**خـــانم:** (پێی دەبڕێت) ئەم باسە پێوەندیی بەمن و ئەو منداڵەوە نییە.

**پیاو:** بەڵێ پێوەندیی بەمن و ئەو منداڵەوە هەیە...

ڕاستە تا ئەو ڕۆژەی بەڵێنم پێ دایت کە بیکەمە منداڵی تۆ، من وانەبووم، بەڵام ئەمڕۆ بەهاتنی پەلاماری دوژمن بۆ ئەم شارە... من ناتوانم بێنمەوە و بەڕۆیشتنیشم..

**خـــانم:** (پێی دەبڕێت) دڵنیابە.. من.. من دایکێکی دڵسۆزم بۆی، من لەناو چاوانمدا دەیپارێزم.

**پیـــاو:** من دڵنیام لە دڵسۆزی تۆ.. بەڵام دەبێ ئەو منداڵە هەر ناوی خۆم هەڵگرێ..

**خـــانم:** کەی ئەمە ڕاستە.. تۆ پێشتر وات نەوتووە.. من بۆیە ئەم هەموو ساڵە چاوەڕێم کردووە تا بتوانم منداڵێک بکەمە موڵکی خۆم و ناوی مامۆستا هەڵگرێت.. ناوی من وەک دایکی.. چۆن وا زوو پەشیمان دەبیتەوە...؟!

**پیـــاو:** پێم وتی بارودۆخەکە وام لێ دەکات کەوا بیر بکەمەوە. تکات لێ دەکەم بەهیچ شێوەیەکی تر بیر لەوەمەکەرەوە.

**خانم:** چیت دەوێت.. ماڵ.. سامان.. پارە.. هەرچییەک تۆ دەتەوێت، بە تەنیا داواکارییەکەم بەجێ بێنە، تکات لێ دەکەم هیوا بڕاوم مەکە.. وەک وتم لە گلێنەی چاومدا.. دەیپارێزم.. دڵنیابە..

**پیــــاو:** من تکات لێ دەکــەم... لە باوکـایەتیی خـۆمم دامەماڵە..

من ئێـستـا لە بارێکی دەروونیی زۆر نا ئاسایـیدا دەژیم، دایکیم لەدەست چووە و ئێـستـا منداڵەکەش زۆر سـتـەمـە.. ستەم.

**خـــانم:** سـتـەم نـابێت.. مـردنی دایکی. کـارێکەو کـەس دەسەڵاتی کاری خودایی نییە.. دەبێ ملی بۆ کەچ کەیت،.. بۆ منداڵەکەش دڵنیابە من بۆ ئەو زۆر گونجاوترم، پاشان باری سیاسی وڵات ئاسایی نییە.. تۆ ناتوانیت بە پەروەردەکردنی ئەو منداڵەوە خەریک بیت.

**پیـــــاو:** مـن نـەم وتـووە.. دەتـوانم پـەروەردەی بـکـەم... نـاتوانم.. باوەڕ بکە ئەو منداڵە دڵنیـــــام تەنیـــا لای تۆ دەحـەوێتـەوە، بەڵام تۆش دڵنیـام کـە.. کـە گـەورە بوو تەنیـا ناوی خۆمی پێوە بێت و بەس.

**خانم:** (دەچێتەوە لای منداڵەکە و هەڵیدەگرێت)

چ گـێـژاوێکە.. چۆن دەتوانم گـەورەی بکەم و بیـدەمـەوە دەست خـاوەنی؟!.. چۆن؟!.. ئەی خـۆم دایکایەتیی خـۆم.. ئەی ناوی مامۆستا؟!.. (دەگەڕێتەوە لای پیاوەکە)

**خـانم:** حەز دەکەم گوێ لەمن بگریت.. بڕوانە.. تۆ هێشتا گـەنجـیت و ژیانێکی دوورو درێژت لە ڕێگەدایە... دەتوانی سەرلەنوێ ژیانێکی خێزانی تر دروست کـەیتەوە.. لەسەروو هەموو ئەمـانەشەوە تۆ دەتوانی منداڵ بەرهەم بێنیت.. ئەمە بۆ تۆ زۆرە.. لێم تێ بگە.. تکات لێ دەکەم.. تکات لێ دەکەم لێم تێ بگە.

**پیاو:** (وەک بەزەیی هاتنەوە بە خانمەکەدا)

**نازدار:** (زۆر بە پەلە) دێتە سەرشانۆ

**خانم:** پێم نەوتی تا خۆم بانگت نەکەم مەیەرە ژوورەوە.

**نــــازدار:** ئاخـر (زۆر شـڵـەژاوە).. خـانم.. خـەڵک تەواو خرۆشاوە گـەرەک وا هەمـوو خـۆیان پێـچاوەتەوە و خـەریکە شـارچۆڵ دەبێت.. ناچاربووم ئاگـادارت بکەم.. پێم بڵێ چی بکەین؟

**خــــانم:** چی؟.. ئەوە چی دەڵێی.. ئەی مـامۆسـتـا.. بڕۆ بەلایەوە دەرمان و کەلوپەلە پێویستییەکانی بۆ ئامادەکە..

**پیــاو:** من ناتوانم بێنمـەوە.. بە هەر جـۆرێک بووە، دەبێ بچـمـە دەرەوەی شـار.. بەڵام تەنیـا داواکـارییـەکی مـن بۆ تۆ ئـاگـــاداری ئەو منداڵـەیە.. تۆو ئەو منداڵـە.. (مـــاچێکی منداڵەکە دەکاو دەڕوات)..

**خـــانم:** (ڕادەکـات بۆ لای منداڵەکـە)... نـا.. ناکـرێت.. مـــەڕۆ تکات لێ دەکــەم.. (دەنگە دەنگێکی زۆر دەرەوەی گـرتۆتەوە، منداڵـەکـە دەگـرێتــە باوەشی و تەواو سـەرنجی دەدات.. پاش وردبوونەوەیەکی زۆر تێکدەچێت)

– نـاکـرێت.. ئێـــمـــە ناتوانین بەرەو هیـچ لایەک بڕۆین پیـــاوێکی شکست و دوو ژن و منداڵێکی کــوێرپە.. نـا.. مـەحـاڵە بتـوانین دەرچین و لە هیـچ شـوێنێک جـێگـەمـان نابێتەوە، ئێمە ناڕۆین.. هەر لە ماڵی خۆمان دەمێنینەوە.

**نــازدار:** (ڕادەکـاتە ژوورەوە) چی بکەین خـانم.. من زۆر دەترسم.

**خــانم:** تازە هیچ شتێک فریامان ناکەوێت.. دەبێ ئێمە لەشاردا بمێنینەوە.. خۆمان دەدەینە دەست قەدەر (هەر سەیری منداڵەکە دەکات و بەدەستی دەیخاتە بەرچاوی)

– ئـای.. نـازدار وەرە.. ســــەیرکـــــە.. (بێ دەنگـی) لەوەدەچێ.. ئەم منداڵـە... ئادەی... وەرە ســەیری کــە... چاوی... نازدار... بزانە.. چاوی... تەواو نییە... بزانە... (وەک بیەوێت دڵنیابێت لەقسەکانی).. ئەوە چییە.. چاوی نابینێت... کـوێرە.. نازدار ئەو منداڵـە... کـوێرە کـوێر... (دەیخـاتە باوەشی نازدارەوە)... تۆ بڕوانە.. دەسـتت لەبەر چاویدا بجووڵێنە... باوکی بۆ قسەی نەکرد.. دیارە نازانێ.. (نازدار– تەواو ســـەرنجی منداڵـەکـــە دەدات و دەیداتەوە بەخانم)


**نازدار:** ڕاستە خانم.. خۆ.. ئەو منداڵە کوێرە...

**خـانم:** ڕاکە... ڕاکە.. فریاکەوە.. باوکیم بۆ بدۆزەرەوە.. ڕاکە.. مامۆستا.....

(دەنگە دەنگێکی زۆر لە دەرەوە).

**(٢٠٠٣)**

# ئەوانەی توونی بابا چوون



ئەحمەد سالار

**کەسانی شانۆییەکە:**
**سالار**: نووسەرە
**پیرۆز**: خێزانی نووسەرە
**هونەر**: منالّی نووسەرە
**شەنگە**: منالّی نووسەرە
**پاشا**: پاشای هەقایەتە
**شاژن**: شاژنی هەقایەت
**ئەستێرەوان**: ئەستێرەوانی دیوانی شایە
**نازەنین**: شازادەیە
**لاوە**: ئاشقی نازەنینە
**کەسێک**: نێردراوی شاری هەقایەتە

**سالار**: (گۆڤاری «ڕامان»ی بەدەستەوەیە و ئەی خوێنێتەوە)
عێل پاشای کوڕی جەمشید پاشا ئەمری بەدەوروبەرەکەی کردو وتی:
(ئەبێتەعێل پاشا) هەر لاوێک بتوانێ بچێتە- توونی بابا- و دەروازەکانی بشکێنێ ئەوا (سەوڵ) خانمی کیژمان ئەبێتە بووکی و..
**پیرۆز**: ئەوە ئەو هەرایەت لەچییە؟ ئەوە چی ئەخوێنیتەوە؟
سالار بەسەری باوکم وامزانی تەلەفزیۆنەکەیە.
**سالار**: پیرۆز ئەمە بابەتێکە کاک سەلام مەنمی لەسەر (توونی بابا) نووسیویەتی. بابەتەکە کارێکی بەراورد کارییە. لەنێوان (توونی بابا) و کۆشکی پەیکەرەکانی (خۆرخە لویس بۆرخیس) کە چیرۆکێکی هونەرییەو (توونی بابا) کەی لەمەڕ خۆشمان ئەفسانەیە.
**پیرۆز**: باشە خۆ تۆ ساڵەهایەکە خولیای شانۆی کەلەپووریت. چۆنە بیرت لەو ئەفسانەیە نەکردۆتەوە؟ (توونی بابا)، جاران ڕکیان لە کەسێ بوایەتەوە. ئەیان وت ( ئاوی ئاموون چێ. توونی بابا چێ) مەبەستیان لەوە بوو نەیەتەوە.
**سالار**: (توونی بابا) هەزارو نۆسەدو دوو دەرە نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بە دوو سەرە!
**پیرۆز**: ئێستا ئەڵێی چی؟ ها؟
**سالار**: بیرێکی لێ ئەکەمەوە.
(تاریکی)

**شەنگە**: (بەدەنگی بەرز وانە ئەخوێنێتەوە)
ڕۆژێکیان دەمەو بەیان دایکی ئازاد کوڕەکەی بانگ کردو پێی وت: ئازاد، ڕۆڵە، زووکە لە خەو ڕاپەڕە، وا باوکت و براکانت پێشت کەوتوون و چوونەتە کێڵگە (بەرە بەرە دەنگ

بەرز دەکاتەوە)، چونکە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی گەنم تۆو کردنە کە ئازاد..

**هونەر:** (دێتە ژوورەوە) شەنگە، شەنگە، دایکم چیی پێ وتین؟ باوکم خەریکی شانۆنامە نووسینە.

**شەنگە:** (زیاتر دەنگ بەرز ئەکاتەوە) کە ئازاد چاوی کردەوە تەماشای کرد وا دایکیشی خۆی ئا..

**پیرۆز:** چییە کردووتانە بە جەنگی مەغلووبە، گوناحە با سەری لێ تێک نەچێ، وتی منالەکانیشم دەوریان ئەبێ، بەشدار ئەبن. ئیتر مەیکەنە هەرا...

**شەنگە:** باشە من دەوری چی ئەبینم؟

**هونەر:** هەر شەنگە؟

**شەنگە:** ئەی دایکم؟

**پیرۆز:** دایکتانەو ئەشتوانێ دەوری شازادەی حەقایەتەکەش ببینێ.

باشە چۆنە باوکتان دەنگی لێوە نایە ئادەی با بزانین.

(تاریکی)

**هونەر:** ئەوە چییە! پرخە پرخیەتی.

**شەنگە:** باوکە.

**پیرۆز:** خەبەری مەکەنەوە.

**سالار:** (دێتە ژوورێ) لەلایەکەوە خەوم لێ کەوتبوو، لەلایەکی تریشەوە خەونم ئەبینی و دەنگە دەنگی ئێوە.. ئەزانی چۆنم بەسەر هاتووە؟

**پیرۆز:** خەونەکەت پچڕپچڕ بووە.

**سالار:** دەفەرموون بۆم گرێ بەنەوە.. ئادەی بزانم چۆن چۆنی بەیەکەوە ئەی بەستنەوە..

با بزانم.. ئێ زۆر چاکە، با نیوەی خەون و نیوەی ڕاستی بێت.

**هونەر:** باوکە خەونەکەت چی بوو، خەونت بەچییەوە بینی؟

(تاریکی)

**سالار:** چوون، ئەوانەی چوون.. چوون..

**هەموان:** چوون، چوون، ئەوانەی (توونی بابا) چوون، ئەوانەی چوون و نەهاتنەوە ئایا زەوی قووتی دان؟

ئاسمان هەڵیکێشان و هەڵیلووشین؟ چییان لێهات و لە کێ بپرسین و چۆن سۆراغیان کەین؟

**سالار:** دۆزیمەوە، ئا لێرەوە دەست پێ ئەکەم:

کێ بتوانێ پەی بە نهێنیی پڕ لە گرێ کوێرەکان و کلاڵە ئالۆزەکانی بەرێ؟ جەربەزە! کام جەربەزە؟ ئەی گوایە ئەوانی تر چی بوون؟!

دیارە تەلیسمێک لە ئارادایە، ئەو تەلیسمە؟ بۆتە دەردو بەڵای خەڵکێک.. جوانە.

**پیرۆز:** بیرت چووەوە، تۆ خۆت باست لە حەوت دیوار بەندەکەوە ئەکرد.

**سالار:** تۆ بڵێی حەوت تاقەکە. حەوت تاقەکە. باشە کە زانرا ئەو دیوار بەندانە، چی ئەنوێنن. ئەوا ئیتر نهێنییەکە ئاشکرا ئەبێ. ئەو حەوتە مەبەستێکی گرنگی تیایە. باشە گریمان شوێن گۆڕەکەیان پێ کرا، کەواتە چی ئەبێ؟.

**هەرسێکیان:** بابەتەکەی ئالۆز ئەبێ.

**سالار:** بەڵام هەر بە حەوتی ئەمێنێتەوە.

**هونەر:** باوکە چوزانی باسی چی ئەکا، کێ ئەڵێ هەر تاقە و بابەتێک نییە.

**سالار:** ئەو ژمارە حەوتە بە خۆڕایی نەهاتووە. حەوت واتای تەواوبوون و تەواوەتی ئەگەیێنێ.

(تاریکی)

**سالار:** ئەوەی خەیاڵی شازادە نازەنینی لە کەلەنابێ، ئەوا سەر بە گەرووی نەهەنگا ئەکات، هەر ئەوەندە زیاترەو زیاتر... بگرە هەزارو یەک کوێرەوەری و چەرمە سەری. ناتوانی مەبەست بپێکی، تەنها مەگەر بتوانی زەبری عەقڵ و زەبری بازوو یەکانگیر بکات. ئەو دەمە ئەتوانی هەست بە شوێن گۆڕگەییەکە بکات و وەک خۆی لێ بکاتەوە. ئادەی بابزانم من ئەمە ئەو پەیمان دەرەو وا ڕوو لەدیاری بەرزو جوانی شازادە نازەنین خانمی کچی پاشای هەقایەتی پشت کێوان ئەکەم. وا لە دەرگا ئەدەم.

(تاریکی)

**(دیوانی شای شاری هەقایەت)**

**شا:** ئاوا! خانمە خاسەکەم. ئەوە ڕای نازەنینی کچمانە؟ زۆر چاکە. من بەدڵمە.

**شاژن:** ئەمە بەلایەکەو هەمووانی گرتۆتەوە.

**شا:** خانمی خانمان، بفەرموون بزانین ئەستێرەوان چی لە هەگبەدایە، با بێتە ژوورەوە (ئەستێرەوان ئامادە ئەبێ)

**ئەستێرەوان:** سلاو لە شاهی شاهان. پاشای ولاتی هەقایەت.

**شا:** سلاو. ئادەی. با بزانین بۆچی شازادە نازەنینی کچمان مەلوولەو پەستی بەری نادات؟

**ئەستێرەوان:** گەورەم شاهی سەروەرمان. تەنها دەرمانێ دەرمانی دەردی شازادەمانە.

**شا:** کام دەرمانە؟

**ئەستێرەوان:** لەو شیرازە تێکچوونەوەی لە کاری شوێن گۆڕکەی دیوار بەندەکانی سەربوردەی پیرۆزەوە سەری

هەڵداوەو بۆتە مایەی ترازانی مەدارەکانی بورجەکانی فەلەک.
(تاریکی)

**(ماڵی سالار)**

**پیــرۆز:** ئێ پاشان؟ ئەوی شازادە لەچیی کەمە. چیی تری ئەوێ؟

**سالار:** ئەزانی بۆ پەستە؟ با بۆت ڕوونکەمەوە.

**پیرۆز:** تۆ چوزانی؟ خۆ تۆ لە وێوە نەهاتووی؟

**سالار:** ئەی من نووسەری بابەتەکە نیم؟

**پیــــرۆز:** ناڵێم نووسـەر نیت، بەڵام نـابێ هۆکـارێکی زۆر بەهێز هەبێ تا ئەو شازادە نازەنینە خەمبار بکات؟

**ســالار:** بەپێی کام مەنتیق؟ ئێستا یان ئەوسا. دیارە بۆ ئەمڕۆکەیە.

**پیرۆز:** خۆ شازادە خەڵکی ئەم دەوروزەمانە نییە.

**ســالار:** ڕەنگە من و تۆ لەژێر کاریگەریی هەقایەتەکانا مـابین. وەرە با لە منداڵەکـان بپـرسین. ئادەی کـاکـە هونەر. شەنگە خان.

(تاریکی)

**نازەنین:** ئەمە منم شازادە نازەنین. چاکتر وایە بڵێم نازەنینە کلۆڵەکە. چۆن و بەچی دڵـم خۆش کەم. ناکرێ و نابێ.. نا.. نا.. لەیەک ترازان و دەست تێــوەردانێکی بنچـینەکـان ئەو کارەساتەی ناوەتەوە. ئەوەتا لەو دەمەوە درەختەکان زڕبوون و ئافرەتەکان نەزۆک و کانییـەکان کوێر بوونەوە.. باڵندەکانی ئاسـمـان هەواریش پەڕەوازە بوون و سـەریان لێ شێـوا. بێ هێـلانە و بێ دان و ئاو.. تەمی بێ ئارامی و خـاکـە ساریی ئاسمـانی شاری تەنیـوە. نە گوڵ بوون و ڕوخسـاری جـارانی هەیە، نەسازو نەی سۆزی ماوە. نە بلبل چریکە و چەهـ چەهەو خرۆش.

(هەڵوێستەیەک ئەکات، هەست بە هاتنی کەسێک ئەکات)

(لاوە دێتە ژوورەوە)

لاوە. ئەوە تۆی. بۆ درەنگ هاتی، ئەزانی چاوەڕوانی بەرۆژ و دەورو زەمــان ئەگــۆڕێت. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تاڵتــر ئەبێ.. ئەزانی بیرم لەچی ئەکردەوە؟

**لاوە:** بڵـێم لەمن؟ یان لە ڕۆژگاری زڕ.. یان ڕەشـە ڕۆژان. یان.. یان.. نازانم.

**نازەنین:** لەهیچ شتێ تەنها لەشتێ نەبێ.

**لاوە:** خۆشەویستی.

**نازەنین:** ئەو بەڵایەی خۆشەویستی ئاڵوودەیەتی.

**لاوە:** حـەز ناکـەم زۆر بیـری لێ بکەیتـەوە. ئەمـە قـەدەرەو هاتووە.

**نــازەنــین:** ئەی ئەگـەر ڕەشـەبای قـەدەر درەخـتی بوونی هەمووانی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەند؟

(تاریکی)

**(ماڵی سالار)**

**پیـــرۆز:** ئەوەش هەر لە خەونەکـەتا بوو؟ ئەوە ئەڵێ چی؟ باشە ئەگەر ئەو لاوەیە لە خۆشەویستییەکەیا سەر ڕاستە. بۆ نابزوێ، بۆ کارێک ناکا؟

**هـونـەر:** خەونی چی و هەقایەتی چی. خۆ ئەوە وەک ئێمە قسە ئەکات.

**ســـــالار:** باشـە کـوڕم چۆن قـسـە بکات؟ ئەزانی ئێـوە نەتانهێشت قسەکانی تەواو بکات.

**شەنگە:** بابە ئەوە وەک ئەفلام کارتۆنەکەیان لێ کرد.

**سالار:** ئەفلام کارتۆنی چی؟

**شــەنگە:** دوێنێ سەیرم ئەکرد. گەیشتە ئەوەی کچە پاشا قسەکەی بە باوکی بڵێ.

کارەبا کوژایەوە.

**پیرۆز:** سالار بزانە شەنگە چی ئەڵێ؟

**ســالار:** شەنگە خان ئەگەر تۆ بوویتایە، چیت بە باوکت ئەوت؟

**شەنگە:** کچی ئەفلام کارتۆنەکە، یان شازادەی هەقایەتەکە؟

**سالار:** بە ئارەزووی خۆت.

(تاریکی)

**نــازەنــین:** ئەگەر لەسـەر خواستـەکەت سووریت و بە خۆتا ڕائەپەڕمـووی، فـەرمـوو، لەمـڕۆ زووتر نییــە. وەرە دیوان و بەوپەڕی بڕوا بەخۆ بوونەوە بڵێ.

(تاریکی)

**لاوە:** بەڵێ پاشای گەورەم، من ئامادەم، گیان لەسەر دەست و پشت بە یەزدان. وا لەبەر چاوی ئەم دەست و دایەرە بەڕێزەو لە دیاری بەرزو پاکژتاندا بەڵێن ئەیەم، ئەڕۆم یان نهێنییەکە ئاشکرا ئەکەم و ئەو تەلیسـمە ئەشکێنم کەتەرازووی بابەتی تاقە پیرۆزەکانی بوونی، نەنەگ و لەنگ کردووە.. یان ئەوەتا وەک ئەوانی پێشتر ئێوە خۆش، سەروەرم ئەمە دوا بەڵێنمە.

**شا:** دروستە و من ڕازیم، بزانن شازادە ئەڵێ چی.

(تاریکی)

**(لە دەرگا ئەدرێ)**

**ســالار:** توخوا ئەمە کاتی لە دەرگا دان و میوانە.. بە هەر حاڵ کوڕم بزانە کێیە (دەرگا لێدان زیاد ئەکات) بابە وا هات،

وا هات دەرگاکە لەبن دەرمەهێنە و لە گرێژەنەی مەبە. ئەرێ دوایی بیرم بخەنەوە گەیشتبووینە کوێ، باشە شەنگە خان تۆ بیرت تیژە باشە؟

**هونەر:** باوکە پەیامنێری تەلەفزیۆنە و ئەڵێ بۆ دیمانەی باوکت هاتووین.

**سالار:** باشە بەخێر بێن سەرچاو، کورم نەیان وت کام کەناڵەیە؟ نەتناسین؟ دەی خێراکە فەرموویان لێ بکە با بفەرموونە ژووری میوان. ئا پیرۆز چایەکیان بۆ لێنێ. (بەتەنیا ئەمێنێتەوە)

سەد لە سەد بۆ باسی ئەم بەرهەمەم هاتوون ئای (توونی باوە عەمرە) چۆن منیشت ون کرد. نا.. نا بەسەری خۆی هەر سەری لێ دەر ئەکەم. باشە لەکێوە هەواڵی ئەم ئیشەیان بیستووە.. زۆر ئاساییە کە من نووسینێکم بەدەستەوە ئەبێ تا بینراوێکی لێ ئەنووسم بەدەم باسی دەبینراوی ئەکەم، ئەوە گرفت نییە. بە هەر حاڵ. با پێشەکی پرۆڤەیەکی بۆ بکەم.

**ئەو ئەپرسێ:** ئەم بەرهەمەت ئە..

**منیش ئەڵێم:** پێشەکی سوپاستان ئەکەم. بان چاوان هاتن. ئەم بەرهەمەم (ئەوانەی توونی بابا چوون) پێکەنینێکی بۆ ئەکەم. نەتان بیستووە.. توونی بابا چێ. خۆی (توونی بابا) کەوتۆتە ناوچەی دەربەندی خان، نێوانی خڕی دەرەوێن و گوندی پونگڵە، واتە رووباری سیروان ڕۆژهەڵاتییەتی. وا بزانم ئەم پێشەکییە بەسە پاشان دووەم پرسیار. چی بپرسن؟ ئا.. من باسی گرفتەکە ئەکەم. باس لە گرێ کوێرەی سەرەکیی شانۆییەکەوە ئەکەم، ئەڵێم بەهۆی دەستکاریی یەک بەدوای یەکی بابەتی تاقەکانەوە سەر لە وەرزەکان و ڕەوتی ژیان تێکچووە. ڕەنگە بپرسن. شتی وا چۆن ئەبێ! ئەی باشە وەرامی من چۆن ئەبێ؟ براتم ئەڵێم: ئەگەری ئەم رووداوە بێنەرە بەر چاوت. گریمان بەیانییەک خەڵکی کاتێ بە ئاگا هاتن خۆر لە بری ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵهاتبێ لە ڕۆژئاواوە سپێدە ئەداو گزنگ پەخش ئەکات. جوانە.. جوانە.. ئێ؟ ئەپرسم: باشە ئەوە سەرمەوقولات بەزۆر شت لێ نادات؟

لە وەراما چی ئەڵێن؟ چی تر ئەپرسن..

**پیرۆز:** باوکی دیار. ئەڵێم باوکی دیار لەگەڵ تۆمە.
(سالار بیر ئەکاتەوە)

**سالار:** گەیشتە کوێ و.. (پیرۆز دێتە ژوورەوە)

**پیرۆز:** گەیشتە کوێ؟ ڕۆیشتن. وتیان بۆ جارێکی تر.
(تاریکی)

**نازەنین:** ئەوانەی بینینەوەیەک وێڵی سۆراغی ڕاستییەکی کردوون. ئەوانە لە چاوی ئەو هەست و ئارەزووەوە یەکتری ئەبینن، ئەوانە سەردەمەکان و سنوورەکان وەلاوە ئەنێن.. ئەوەتا لەلایەکەوە چاوم لەلاوەی دڵ بوریانە و لەلایەکی ترەوە چاوم لەماڵی (سالار) ناوێکە ئەگەر وانەبێ ئەو لە کوێ و ئێمە لەکوێ.. ئێرە دوو هەزار ساڵی بەر لەدایکبوونی (عیسا) پێغەمبەرەو ئەوانیش هەر لە کوردستانن، بەڵام لە ڕۆژانی لێ ئەداو لێ نادا.. فەرموون ئا ئەوەتا پەنجەرەکەی کردەوە، هەردوو تاکەکەی خستە سەر پشت.
(تاریکی)

**سالار:** هەوایەکی بەهاری دڵکەرەوەیە، بای وەشتەو درەخت شکۆفە ئەکات، بۆنی ژیانی پێوەیە..
(نازەنین دەرئەکەوێ. سالار ئەوق ئەبێ و ئەحەپەسێ)

**نازەنین:** سڵ مەکەو مەحەپەسێ. من نازەنینم ئەوەی...

**سالار:** نووسینەکەی من.

**نازەنین:** لە سێ هەزار ساڵەوە هاتووم.

**سالار:** (چاوی هەڵئەگلۆفێ) بەینی خۆمان بێ. ئەمەیە جهانگیریی ڕاستەقینە و تەواوەتی. خانم ئەمەوێ سەردانێکتان بکەم.

**نازەنین:** بەخێر بێی، بەڵام ڕەنگە لای خەڵکەکەی سەردەمی ئێمە سەیر بێ. وا نییە.

**سالار:** نامۆ! ڕەنگە لای ئەو خەڵکە ئاخافتن و پۆشاکەکەم سەیر بێ، لەوەیە باسی ئەمرۆ بکەم شایانی پێکەنین بێ.

**نازەنین:** دوو دڵ مەبە و ڕێکەوە نایەڵین بێ هاوڕێ بیت، دیارییەکیشم بۆ هێناوی.

**سالار:** دیاری!

**نازەنین:** دیاری لە شاری هەقایەتەوە بۆ سالاری هاو مەبەستمان، بروانە ئەم کڵاوە (کڵاوێکی پیشان ئەدات) ئەمە لای ئێوە بە (کڵاوی سحری جن) ناسراوە، ئێمە پێی ئەڵێین (کڵاوی گرەوی بەخت بردنەوە).. ئەمە هەر کاتێ لە سەرت کرد نابینرێی، بەڵام تۆ خەڵکی ئەبینی. ئا ئەم زەنگۆڵە گچکەی قوچکەکەشی بۆ بە دەنگەوە هاتنە، فەرموو منیش ئەگەڕێمەوە شارەکەم بە ئومێدی کۆشش یەکخستن... ماڵئاوا. (ئەڕوات)

**سالار:** خەونە یان ڕاستی!؟ وا چاکە لای کەس باسی نەکەم و نهێنییەکانی ئەم کڵاوە زەنگۆڵەدارەش نەدرکێنم. باشە پرسیارێک ئەبێ ئەوان بەو توانا سەیرەوە چ پێویستەکیان بە کەسێکی وەک من هەبێ! دیارە ئەمە جەختە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە حەقیقەت بزر نابێ و سێ هەزار ساڵیش بەسەریا بڕوا هەر ئەچینەوە سەری
(تاریکی)

(ئەندامانی خێزانی سالار ئەم گۆرانییە ئەڵێن)
ئێمە پەندێکتان بۆ ئەڵێینەوە
ئێوەش بۆ خۆتان لێکیدەنەوە
پەند نەخشی بەردی گشت دەورانێکە
یادگاری جوانی باو باوانێکە
وتیان ماسییەک گێژاو لوولی دا
ئەشکەنجەو ئازار وریای کردەوە
بووە وانە بۆی، بڕیاری پێ دا
ڕوو لە زەریای گەورە کاتەوە
پەندێکی تریش وای گێڕایەوە
جارێ هوشترێ ڕێگای بزر کرد
ئەزانێ چۆنی بە هۆش هاتەوە؟
کاتێ بیابانی وەبیر کەوتەوە
ڕەشەبا گوڵی لە ڕەگ هەڵکێشا
وەرزان ڕابوردو بەهار هاتەوە
گوڵ چون ڕەشەبای لە بوغزا تاسان
لەسەر بەردی ڕەق خونچەی کردەوە
(تاریکی)

**هونەر:** باوە گیان کەی کڵاوەکەت لەسەر ئەکەی؟

**سالار:** ئێستا ئەچمە دەرەوە بە کڵاوەکەوە دێمە ژوورەوە. بزانن ئەمبینن.

**شەنگە:** ئەی چیی لێ دێ.

**پیرۆز:** کچم ئارامت بێ، ئیتر ئەوە باوکتانە و..

(سالار ئەچێتە دەرەوە)

**سالار:** (لە دەرەوە دەنگی دێ) ئادەی چاوتان بنووقێنن.. نووقانتان؟

**هەمووان:** بەڵێ، بەڵێ.

**سالار:** یەک، دوو، سێ، وا هاتم.. چاوتان بکەنەوە

**هەمووان:** کوا؟ کوا..

پیرۆز مناڵینە باوکتان ملی ڕێگای گرتووە.. چوو
(تاریکی)

**سالار:** ئەوەتام، ئەوەتام، لێرەم، گەیشتوومەتە بەردەم دەروازە هەرە گەورەکەی شاری هەقایەت، ئێستا سێ هەزارو سێ ساڵ بەر لەلای خۆمانە، کڵاوەکەم لەسەر ناوە و کەس نامبینێ. ڕێگایەکی دوورو درێژی پڕ لە لێوارو هەڵدێرو پڕ لە دەعباو دڕندەم بڕیوە. هەنگاو نانم شەوو ڕۆژی بەیەکەوە گرێ ئەدا. ئای خەمم بە دەست ئەژنۆکانمەوە خواردووە. وادەی دەمەو بەیان بوو، کانییەکم هاتە ڕێ کە شۆڕەبییەکی بەژن خان و مان، پرچ و کەزییەی بە سەریا شۆڕکردبووەوە دوو قوم ئاوم خواردەوەو پریاسکەکەم ژێر سەرم ناو، تا ئەوەندی چاو ترووکاندنێ. نوقمی خەوێکی گران بووم.

(قاقای پێکەنین دێ و بە ئاگا دێت)

ئێوە کێن؟

**کەسێک:** دۆستین، هیچ شپرزە مەبە و سڵ مەکە.

ئێمە تۆ ئەناسین و بۆ کۆمەکی تۆ نێردراوین.

**سالار:** کێ ئێوەی ڕاسپاردو ناردوونی؟

**کەسێک:** ئەوەی هاتە دیدارتان، شازادەی مەملەکەتی هەقایەت. نازەنین خانم.

**سالار:** بان چاوان.

**کەسێک:** جارێ پشووی خۆت بدە پاشان ڕێگا ئەگرینە بەر. (لاوە)ی دڵخوازی شازادەش لە شوێنی دیاری کراو چاوڕوانتە. فەرموو ئەم سپاردەیەشی بۆ ناردووی.

(پێچراوەیەکی ئەداتە دەست)

(تاریکی)

**پیرۆز:** شەنگە گیان. بڕۆ باوکت لە خەو هەڵسێنە. وا نیوەڕۆیە، قۆری و پیاڵەکان لا ئەبەم. (شەنگە ئەڕوات باوکی خەبەر کاتەوە)، چاک ئەم پیاوە سەری خۆی بەم توونی بابایەوە جەنجاڵ کردووە، لە ئەوەڵەوە خەتاکەش خەتای من بوو دیارە درەنگ خەوی لێ کەوتووە..(شەنگە دێتەوە).

**پیرۆز:** ها کچەکەم خەبەرت کردەوە؟

**شەنگە:** ئەڵێ: با خەونەکەم بیر نەچێتەوە، بە بینراو ئەیاننووسمەوە.. تازە نانی بەیانی ناخۆم.

**پیرۆز:** خۆی داناوە لەماڵی پاشای هەقایەت نان بخوا چاک لە کەللەی داوە، (هونەر دێت)

**هونەر:** دایکە لەگەڵ باوکمتە؟

**پیرۆز:** ئەی هەر ئەو نییە بۆتە پاڵەوانەکەی (توونی بابا)؟

**هونەر:** ئەبێ ئێستا لەتاقی چەندە هەمیا بێ؟

(تاریکی)

**(سالار باسی بینراوی دیوار بەندەکە ئەکات و لەلایەن ئەکتەرەکانەوە نمایش ئەکرێ)**

**لاوە:** (دێتە سەر شانۆ) وەرە لێرەوە بڕوانە. با بزانین ئەمە یەکەم بابەت و یەکەم تاق و دەرووە.

**سالار:** ئادەی (تەماشا ئەکەن).

**لاوە:** ئەمە لە یەکەم تاق ئەکات. ئەزانی بە چیا ئەزانم؟ بابەتەکەی سەرەتایە بۆ سەر گوزشتەکە.

لەم سوارە بۆشناغە دەماغ بەرزە بڕوانە شەدەی لار داناوە و خەنجەری گۆپکە زێڕینەی بە پشتێنی قەف قەفیا کردووە و لە مشتووی سپی ساکاری بڕوانە، ئەو جووتە کەوشە شەمامە

ڕەنگەی لەپێی کردووە و پووزەوانەی گوڵنگەداری مەرزی لێ هەڵکێشاوە. ئاو زەنگی لێ ئەداو ڕیشووی شەدەی لەناو پەنجەکانی باکەدا گەمان ئەکات. ئەها کە عەجەب شۆڕە سوارێکە. ئەبێ هەوای چ کۆنە هەواری لە پەردەی دڵی دابێ.

(گۆرانی لەسەر تەپڵی سواری، یان تەپڵی جەنگ)

گۆرانی:

هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە
تەپڵی سوارییان لێ دا
دارو بەیداخ هەڵبڕا
ئاوزەنگی چەخماخەی دا
خرمە خرمی سمانە
نەعرەتە تا ئاسمانە
ئەسپان باڵیان گرتووە
شەدە با ئەیشەکێنێ
ئای لە کوڕی گەرمێنێ
هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە

**هـونـەر**: دایکە تا بازاڕ ئەڕۆم، زۆرم پێ ناچێ، زوو ئەگەڕێمەوە.

**پیـرۆز**: باشە کوڕەکەم ئاگات لە خۆت بێ. لە گەڕانەوەتا سەرێ لە دایە وەنەوش بدە. بڵێ بۆیە باوکم دیار نییە. ئەم ماوەیە تۆزێ سەرقاڵە، با دایە وەنەوش غایلە نەکات کە کوڕەکەی سەری لێ نادات.

**هونەر**: باوکم هەر خەوتووە.

**شەنگە**: خەوتنی چی! دەمێکە ڕۆیشتووە.

**پیرۆز**: بۆ کوێ چووە؟ لە ژوورەکەی نەهاتۆتە دەرێ.

**هونەر**: ئادەی (خۆی ئەکا بە ژوورا)

(تاریکی)

**(دیوانی پاشای هەقایەت)**

**شـاژن**: کەواتە ئێستا نهێنییەکە ئاشکرا بوو. نەیانوتووە کەی ئەگەڕێتەوە؟

**شـــا**: گەڕانەوە! ئەوەیان زۆری ماوە کارەکەیان زۆر ئەخایێنێ.

**شاژن**: کەی ئەم هەواڵانەیان گەیشت؟ و چۆن توانرا..

**شـــا**: ئەوە بوو.. ها پەردەدار، ئەوە کێیە چاوەڕوانە؟ (تەماشا ئەکات)

فەرموو حەکیمی داناو ئەستێرەوانی شاهانە (ئەستێرەوان دێتە ژوورەوە)

**ئەستێرەوان**: سڵاو لە شاهی سەروەرمان.

**شـــا**: سڵاو، بەخێرهاتی ئەستێرەوان، باش بوو لەکاتی خۆیدا هاتی.

با بزانم تۆ ئەڵێی چی؟

**ئەستێرەوان**: لەخزمەتام تاجی سەرمان.

**شـــا**: تاوێ لەمەوبەر، لەگەڵ شاژنا باسی ئەو هەواڵەمان ئەکرد. هەواڵی ئەو جووتە هاوڕێیەی، یەکێکیان لای ئێمە و بە بەڵێنەوە ڕووی لە توونی باباکردووە و ئەوی تریان، کە هەر لە وڵاتی کوردانەوە هاتووە و هەر بۆ هەمان مەبەست.

**ئەستێرەوان**: ئاگادارم، گەورەم ئەتەوێ بیانبینی؟

**شا**: بەڵێ، بەڵام چۆن و بەچی؟!

**ئەستێرەوان**: شازادە نازەنین خانم، کڵاوی ئەفسووناویی بردنەوەی گرەوی بەخت و نگینی بەو بەخشی و ئەویش بەدیاری ئەو شتەی بۆ هێنابوو کە دنیای پێ ئەبینرێ ئەمەیان قسەی من نییە، قسەی ئەوە. گوایە لەگەڵ مانگا یەکخراوە، لە مانگەوە سەیری دنیا ئەکا، ئەمەش هەر قسەی ئەوە.

**شاژن**: لەمانگەوە!

(تاریکی)

**سالار**: باشە بۆ نابێ؟ من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو دێر زەمانەو ئامێری سەتەلایت ئەکەمە دیاری، ئەوان ئێمە ببینن و ئێمەش ئەوان ببینین.

**پیرۆز**: هەردوولامان ئەحەپەسێن. شتی وا ئەبێت؟

**هونەر**: باوکم ئەیەوێ هەردوو زەمانەکە یەکخات.

**سالار**: تەواوە، مادامەکی کێشەی ئاڵۆزکردنی بابەتەکانی (توونی بابا) لە ئارادایە و هەر چۆن گرفتی ئەو باپیرانەمان بووە. گرفتی ئێمەشە کەواتە (گۆرانی) هەمووان:

با تەماشاکەین بڕوانین
ئەمەش سندووقی دنیایە
شتی سەیر سەیری تیایە
پێکهێنانی ئەو پردەیە
دوو سەردەمی ئەم خەڵکەیە
بەیەک مەبەست ئەگەیێنێ
پەیامبەری پەیامێکە
لە مۆمدانی داگیرساویا
مۆمی ئەشقی مەمی دوێنێ
مەمی ئەمڕۆ، مەمی سبەی
دائەگیرسێ..
با هەزاران ساڵی سڕی
شەختەو سەهۆڵ
کەڕو کاسی و کپێتی بێ

تەماشاکەن چاک بڕوانن.

(تاریکی)

### (دیوانی شای هەقایەت)

**نــــازەنــــین**: ئەســتــێــرەوان وای وت؟ دیارە دوو تاقــیــان نەقشەکەی کوێر کراوەتەوە، دزراوە.. لە کتێبە پیرۆزەکەدا و لە لەوحی یەکەما بە حەوت تاق ناوی ئەبات. نەک پێنج تاق.

**شاژن**: هەرواشە کەواتە

**نازەنین**: دایکە گیان ئەم ئاڵۆزییە، ئەم سەر لێشێوانییە..

(شا دێتە ژوورەوە)

**شـــــا**: نەمزانی، هەر تاقە و چ باسێکە. کوا؟ لە کوێیە ئەستێرەوان؟ با ئامادەبێ.

**شاژن**: بۆ چیتە؟

**شا**: بزانم لەوێ چ باسە؟

**شاژن**: لە دنیای عەجایەبات؟

**شا**: نەخێر لە (توونی بابا). ئەو تاقانەی تر کێوە چوون؟

**نـــازەنـــین**: بابی سەروەرم، ئێستـا ئەو شتـە ئەهێنم، دیارییەکەی دنیای شپرزەیی.

**شا**: ئەوەی هیچی لێ حاڵی نەبووین.

**نـازەنـین**: نا.. بابە گیـان، ئەوا ئەیهێنم و لە (توونی بابا) بڕوانە.

(تاریکی)

### (ماڵی سالارە)

**پیـــرۆز**: گەیشتیتە کوێ؟ ئەوە زانیمان، ئەتوانن ئێمە و ئەوێ ببینن.

**سالار**: بیر لەوە ئەکەمەوە، ئەم باسەی لەم ماڵەوە دەستمان پێ کــرد، تەشــەنە بکات و هەمـــوان بگرێتـــەوە، ئەوە مەبەستمە. ئەی بۆچی ئەنووسم؟ نەمانی ئەو دوو تاقە ناتەواو کردنە.. ئەمەم بە چارەنووسی خۆمانەوەم گرێ داوە. ئەوەی لێیـان دزیوین چییە و کێ دزیوبەتی، ئەمە گرێی باسەکەیە. ئایە ئەینێنەوە لە کوێ و چۆن ئا لێرەوە ئەبێ و..

**پیرۆز**: دیارە حەوت لێ تەری بووە، بۆیە..

**ســـالار**: خەو.. بۆیە لێرەدا نووسینەکەت وەستاوە. بەڵێ بەڵێ.. ئێستاکە قسە ئەکەین ئەمە بینراوەکانی ئەمڕۆیە کە پێویستی بە تەواوی کەرەکانی هەیە، ئەویش خەون.. خەون.. بەڵێ خەون.

**پیرۆز**: گریمان تووشی خەوزڕان بووی.. ها؟

**ســــالار**: ئافەرین ئەمەش ئەبێتـە بینراوێک.. دکتـۆرم بۆ بانگ ئەکەیت، دکتۆری دیار.. دکتۆری دەروون ناسی.. ئیتر

(کەسایەتی دوکتۆرو خۆی ئەنوێنێ)

سوپاس دکتـۆر گیـان، ئەزانی گرفتەکەی من لە کوێوە دەست پێ ئەکات، حەز ئەکەم پێشەکیەکت بخەمە خزمەت.. بەڵێ مــاوەیەکــە ســەرقــاڵی بابەتێکم ئەویش بابەتی (توونی بابا)یە...... بۆچی توونی بابا؟

:بۆچی توونی بابا؟

مامۆستـای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بووم، ئەو ڕۆژە. وادەی تاقی کــردنەوەی پراکـــتــیکیی ئەو قوتابییانە بوو کە پێشکەشی پەیمانگایان کردبوو بە ئومێدی وەرگرتنیان. ئێمە چەند مامۆستایەک بووین لە ڕیزی یەکەمی بەر تەختـەی شـانۆکەدا دانیـشـتـبووین. ناوی قـوتابییـەک خوێنرایەوە بانگ کرا بۆ سەر شانۆکە. مـامۆسـتـا (بەدیعـە دارتاش) یادی بەخێر، وتی: ئەزانن کوڕی کێیە؟

: ئەم قوتابییە؟

: بەڵێ.

: (بەچرپە) کوڕی هونەرمەندە بێ سەرو شوێنەکەیە.. کوڕی (قادر کابان)ە.

: ئادەی با بزانین، چیت ئامادە کردووە.

(قوتابییەکە بینراوێکی بێ دەنگ نمایش ئەکات)

کە سەرنجی بینراوەکەم دا، بینراوێکی ترم ئەهاتە بەرچاو، ئەو ڕۆژەی باوکیان بانگ کرد، دەوری چێشت هەنگاو بوون.. چاوەڕوان بوو.. ئەو کوڕە، تەمەنی سێ چوار ساڵێک ئەبوو.. هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی بوو.. پێنج ساڵی پەیمانگەی ڕابردوو هەر چاوەڕوان بوو.. لەم ڕۆژانەدا سۆراغیم کرد وتیان هەر چاوەڕوانە.. بۆ نەهاتەوە.. (وەک بە ئاگـا بێتـــەوە) دکتـۆر. بۆ خەوزڕانەکەم.. دکتـۆر بۆ خەوزڕانەکەم.. پێویست ناکات، پێویست ناکات.

ئا.. بینراوێکی تر.. جارێکی تریش مەملەکەتی هەقایەت و بە یادی چاوە کـەژاڵەکـانی شازادە نازەنینی خـان و مـانەوە (لاوە) هۆرە ئەچریکێنێ و (ســالار)یش ئەوەتام باسی تاقی دووەم ئەکەم و بە تەلەفزیۆن ئەبینرێ.

(هونەر) ئادەی بابە بیکەنەوە.

(تاریکی)

### (نمایشی تاقەکان ئەکرێ)

**نـازەنـین**: بڕوانن.. ئەوە دەروازەی دووەمە. ئەو دیواربەندە، قاڵیچە ڕەنگاوڕەنگەکەی حەزرەتی (سلێمانە) و بڕوانن نزای باران بارین لە یەزدان ئەکات.

قــاڵیــچـەیەکی جـوان و ڕازاوەیە وێنەی چەندەها باڵندەی لەسـەر نەخش کـراوە.. ئەوەش دەروازەی سێـیـەم، فـەرمـوون بڕوانن. شــەن و ســێلک و بێــژنگ و جــەواڵ و هۆریان بە دەستەوەیە و ڕووەو خەرمانێکی کوتراو ئەچن.. ئەوە کەسێکە

و خوێدانێکی بەدەستەوەیە و مەڕو بزن لەسەر گاشە بەردەکان خۆی ئەدات..

**پیــرۆز:** (خوێدانەکەی بەدەستەوەیە پیشانی منداڵەکانی ئەدات)

تەماشاکەن ئائەمە خوێدانەکەیە.. بڕوانن ئەمە وێنەی لەسەر نەخش کراوە.. ئەوە مانگ و ئەوە ئەستێرەکانە..

با (سالار) تەواوی کات و بۆتانی باس کات. وەرە نۆرەی تۆیە.

**سالار:** چییە؟ ئەو هەرایەتان لەچییە؟

دووبارە نەتانهێشت خەونەکەم بە تەواوەتی ببینم.

**پیرۆز:** ئەوەی کە بینیت چی بوو؟ بە کورتی.

**سالار:** بەهۆی ئەو ئامێرەی کە بە دیاری بۆ شازادەی شاری هەقـایەتم ناردووە. ئێـــستـا ئەوانیش شـەوانە سـەیری بەرنامـەکـانی ئێـمـە دەکـەن. زیاتر حـەزیان لە فـیلمـە کارتۆنییەکانە و بڕیاردیان داوە پاش هەڵهێنانی نهێنییەکانی (توونی بابا)سەردانێکمان بکەن ئێمەش بۆ پێشوازییان ڕوو لە دەری توونی بابا ئەکەین و.. ئەوەندە

(تاریکی)

هەمووان/ (گۆرانی)
ئەگێڕنەوە توونی بابا
لەتاقی یەکەمینا
ململانێ گەرم بوو
پڕ ئەشکەنجەو سەخت بوو
وادەی ڕووبەڕوو بوونە
ئاوزەنگی ئاگر گرتی
ئەسپی سەرکەش هەڵشاخی
شەدە با ئەیشەکێنێ
حیلە شاخە و شاخ ئەڕوا
بۆتە تەپڵ و کەڕەنا
ئەگێڕنەوە توونی بابا:
تاق تاقی دووەمینە
پێغەمبەر سلێمانە
قاڵیچەی باڵندە نەخش
دنیای تیادا ئەنوێنێ
نزای باران بارینیە
جووتیار چاوی لە هەورە
زەوی چاوی لەتۆوە
ئەخەی دڵ بۆ بارانە
خوایە بارانێ داکا
ژیان لە بارانایە

* * *

**(توونی بابایە)**

**لاوە:** یەکەمان دی، دووەمان دی.. بەڵێ ئەوا گەشتینە دوا تاق، کە پێنجەمین تاقە قسەکەی تۆیە، ئەبوو حەوت تاق بوایە. ئەی دوانەکەی تری!

**ســـــالار:** کێشەکەی ئێمە بۆ ئەو دوو تاقە بزر کراوە ئەگەڕێتەوە. چییان لێهاتوو؟ بۆ کوێ براوە، ئەم هەموو بەڵایە بەسەر شاری یارانی هەقایەت هاتووە یارانی شاری ئەمڕۆش. وەرە با شـتـێک بکەین، ڕەنگە باری ڕاسـتـیـەکـەمـان بۆ دەرکەوێ.

**لاوە:** چۆن؟

**ســالار:** با سەیری بابەتەکانی تاق بەتاق بکەین و ئەوسا بزانین چی لێ دابڕکراوە

**لاوە:** چی لێ دزراوە. دیارە بە ناتەواوی واتاکـــــەدا دەرناکەوێ.

**سالار:** فەرموو با پیادا بچینەوە

(تاریکی)

**(دیوانی شای هەقایەت)**

**شـا:** ئەوە ئەستێرەوان وای بۆ ئەچێ. ئەی با بزانین شازادە نازەنین خانمان چی ئەڵێ.

**نـــازەنـــین:** بابی سەروەرم، گەلێک بیـرم لێ کـردۆتەوە، هەرچەندە سـەر ئەهێنم و سـەر ئەبەم، بە ئاشکرا هەست بە شوێن گۆڕکەییان ئەکەم

**شا:** ئادەی با بزانین چۆن چۆنی؟

**ئەســتــێــرەوان:** گەورەم پاشـای زەمـان، ڕێگا بفـەرمـوو بە نۆکەرتان پرسیارێ بخەمە خزمەت شازادە خان.

**شا:** پرسیار؟ لە بارەی چییەوە؟

**ئەســتــێــرەوان:** قوربان گەر تاقەکان شوێن گۆڕکەیان پێ کراوە، بۆ ئەڵێن یەکەم تاق و دووەم تاق و ئەو جۆر ناونانە لە چییەوە هاتووە؟

**نـازەنـین:** ڕێگا بفەرموون. جەنابی ئەستێرەوان، بەر لەناو شـتـەکـە هەبوو، جگە لەوەی کـە ئەو تاقی سەرەتایە دانراوە دووەم لە ئارادا نەبووە. بابی سـەروەرم ڕێـگا بفـەرمـوێ ئەم پرسیارە لەکاکی ئەستێرەوان بکەم: تاقی یەکەم ململانێ بێ و دووەم ژیان. ئەمە ئەبێت؟ بێگومان نەخێر، سەرەتا ژیانە و پاشان ململانێ کەواتە کێ ڕاستە؟

(تاریکی)

**(توونی بابایە)**

**لاوە:** نازەنینەکـــەم، ئەمـــەش ناوەرۆک و بابەتی تاقی سێیەمین دەروازەیە.

ئا ئەو نووسینانە گوزارشت لە کوشتن و بڕین و وێرانکاری و ئەتک ئەکات. بڕوانە ئەها لەم دیوار بەندەدا چۆن شمشێر لە گەردن ئەداو خوێن تا تەپڵی سەر فیچقە ئەکات... ئەها (شمشێر پیشانی بینەران ئەدرێ)

بڕوانن شمشێرەکان لەت بوون (بە شکاوی فڕێی ئەدات) کوژراوەکان زیندوو بوونەوە. خۆر لە ئاسۆوە هەڵهات و تاریکی نەما.

**سالار:** (لاوە) تۆ بڵێی نازەنین خانم گوێی لێت بێ؟

(تاریکی)

**نازەنین:** بەردەوام بە، گوێم لێتە، زۆر باش. ڕوو لە پێنجەم دەروازەکە.

**لاوە:** ئەوەتا، ئەمەش پێنجەمین دەروازەیە. دوا دەروازەو کۆتاییە.

**هەمووان:** دوایین دیواری بەندەکەیە
کتێب و ئاگر و چیا
پیر شالیاری مەزنە و نزا ئەکا
کتێب و ئاگر و چیا
کتێب و ئاگر و چیا...

(تاریکی)

**(ماڵی سالار)**

**پیرۆز:** سالار خەوت؟

**هونەر:** کوێرا!

**شەنگە:** باوکە...

**پیرۆز:** دەنگت نەبوو، وتمان دیارە خەوتووە.

**سالار:** من نەخەوتووم، ئەوان خەوتن.. پاش ئەوەی تەواو ماندوو بوون. دوو تاق ونە.. نییە.. کوێوە چووە.. چ دەستێ هەڵیکەندووە و بۆچی هەڵیکەندووە؟ ئەوان خەوتن.. شای دڕندەو دێو و درنج. گشت خرۆشان چاو چڵکنێکیان نارد سۆراغیمان کات..

**پیرۆز:** ئەوەیان ئەزانین.. لاقیان بەناو لاقی یەکا کرد، بۆ ئەوەی هەر گیانلەبەرێ بیەوێ زەفەریان پێ بەرێ بە ئاگا بێن. کاتێ چاوچنۆک بینی.. دای بەسەریا و هاواری کرد:

**هەمووان:**
توونی بابا هەزارو نۆسەدو دوو دەرە
نەمدیوە کەس تێیدا بخەوێ بە دوو سەرە.

**سالار:** کەواتە دوو سەر دوو عەقڵ لە عەقڵێ بەهێزترە.

(تاریکی)

**(دیوانی شای هەقایەت)**

**نازەنین:** هەژدیهاکانی دەوروبەریش بە ئاگا هاتوون!

**شاژن:** کچەکەم دڵ لە دڵ مەدە، بابت ئەیوت گەلێک چوون و چوون.

**نازەنین:** ئەی چار. چارە؟ هەر چاوەڕوانی، هەر بێ دەنگی؟ نا..ئەبێ کارێک بکەین باشەکەی ئەو بای وادەیە هەڵدەکات و شکۆفە بەدرەختەکان ئەکات. ئەی کەی دایکان کۆرپە بە سینەی خۆیانەوە ئەبینن.

**شاژن:** ئەبێ ئەستێرەوان چی بڵێ؟

**نازەنین:** ئەو لە ئەستێرەو ئاسمان ئەڕوانێ..

**شاژن:** ئەی لەکوێ بڕوانێ؟ ئەو ئەستێرەوانە.

**نازەنین:** لە زەوی.

(تاریکی)

**(ماڵی سالار)**

**سالار:** پیرۆز ئەمە کۆتایی شانۆییەکەیە.

**هونەر:** باوکە کۆتایی!

**سالار:** ئەبێ کۆتایی بێ

**هونەر:** ناکرێ بەردەوام بێ.

**سالار:** بۆ کوێ؟

**پیرۆز:** باشە، زۆر جار، کۆتاییەکە بۆ بینەر بەجێ دێڵن. نابێ.

**سالار:** بۆ بینەر. نە. ئێمە دەستمان پێ کرد بەدوای گرفتەکەدا چووین، ئەو گرفتەی کە ئەوە هەزارو... پێویست ناکات تا حەوتەکە شوێنی خۆیان نەگرنەوە، هەر وا ئەڕوا

**منداڵەکان:** حەوتەکە!

**سالار:** بەڵێ تەواوە نییە کە.. بەڵێ..

**پیرۆز:** ئەی لاوەی بەستەزمانی دڵبراوت کوێوە برد؟ ئەو شازادە نازەنینە چاوەڕوان بێ؟

**سالار:** تەواو.. تەواوبوون.. ئەوە نازەنین، ئەو بەیانییە بە بەرگی سەرتاپا شینەوە و گوڵێکی سوور سووری بەدەستەوە گرت و ڕووی لە بانیژە بەر کراوەکەی کۆشکی شاهانە کرد و ورد ئەیڕوانی، چاوەڕوانی چاونەترسێکی لە (لاوە) جەربەزەتری ئەکرد لێی وەرگرێ و بۆی لەسەر پەرچەم دا.

(کۆتایی)

**پایزی ۲۰۰۲**

# مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی هونەری سینەما

**کاروان محەمەد**
**(سلێمانی)**

هونەری سینەما بەشێک لە شارستانیەتی گەلان و مرۆڤایەتی ئەمرۆ پێکدەهێنێ و مێژوویەکی تایبەتی هەیە و بە گەورەترین هونەرو پیشەسازیی دنیای ئەم سەردەمە دادەنرێت کە بریتییە لە هونەری وێنەی جووڵاوەو پێکهاتەی کۆمەڵێ ڕەگەزی هونەرییە و گرێدراوی یەکن.

بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە مامەڵە لەگەڵ زمانە هونەرییەکانیدا دەکرێت کە یاساو بنچینە و تیۆریی جوانکاریی خۆی هەیە و دوای چەندین ئەزموون و بڕینی قۆناغی هونەری گەشەی کردووە و گەیشتۆتە ئەم ئاستە بەرزەی ئەمرۆکە بە مەزنترین هونەری ئەم سەردەمە دادەنرێت و پێشکەوتنێکی هونەری و زانستیی بەخۆوە بینیوە..

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم هونەرەو چۆنیەتیی پەیدابوونی کورتەیەک لە مێژووی سەرەتای دروست بوونی وێنەو چۆنیەتی جووڵانەوەیی و گەیشتنی بە هونەری سینەما باسی لێوەدەکەین.

**پێشڕەوانی یەکەمی سەرەتای سینەما**

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی زانستی مرۆڤایەتی دەبینین هەر لەو کاتەوە لەلایەن زاناو فەیلەسووفەکانەوە باس لە دروست بوونی وێنە و چۆنیەتی جووڵاوەی هەوڵی بۆ دراوە و چەندین ئەزموون و تاقی کردنەوە ئامادەکراوە و ئامێری هونەری دروست کراوە بۆ مەبەستی گەیشتن بەم کارە هونەرییە..

سەرەتا فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ) لەسەردەمی چوارەمی پێش زاییندا وەک کارێکی تیۆریی گرنگیی داوە بە تیشکی ڕووناکی و دەڵێ کاتێ تیشکی ڕووناکی بە بۆشاییەکدا تێپەر دەبێت پارچەیەک ڕووناکی دەدات. کە وەک دیاردەیەکی سروشتی باسی لێوە کردووە. بە هەمان شێوە لەسەرەتای سەدەی یازدەیەمدا زانای عەرەب (حەسەنی کوڕی هەیسەم) لە کتێبی (بینراوەکان)دا باسی لە تیۆریی شکانی ڕووناکی و کاردانەوەی کردووە و دەڵێ تێپەڕبوونی ڕووناکی بە کونێکدا پارچەیەک ڕووناکی دەدات، کە ئەمە لەمێژوودا بەسەرەتای زانستی بینراو دادەنرێت، دواتریش لەسەدەی سێزدەیەمدا زانای ئینگلیزی (ڕۆجێر باکۆن) بە ڕوونی باسی تیشکی ڕووناکیی کردووە و دەڵێ گەر ڕووناکی بە هەر بۆشاییەکدا تێپەڕێت ئەوا پارچەیەک ڕووناکی دەدات بەشێوەیەکی بازنەیی. بەشێوەیەکی گشتی ئەم زانایانە هەریەکەی بەجۆرێک گرنگیی داوە بەم کارە.. هەربۆیە لە سەدەی چواردەیەمدا (جیۆڤانی فۆنتانا) کاری پیشاندانی وێنەی لەسەر دیوار داهێنا بەهۆی تیشکی ڕووناکییەوە کە وێنەی شەیتانێک بوو لەسەر شووشەیەکی لوولەکی کێشرابوو و بە (شەوی ترساندنی خەڵک) ناسرابوو. کە لێرەوە زیاتر بیر لەم کارانە کرایەوە. بۆ نموونە لە سەدەی یازدەیەمدا وێنەگری ئیتاڵی (لیۆناردۆ دافنشی) ئامێری (ژووری تاریک)ی داهێنا. کە ئەم ئامێرە بریتیی بوو لە سندووقێک کە لەناوەوە

بە ڕەنگی ڕەش ڕووپۆش کرابوو، لەلایەکیدا کونێکی بچووکی تێدابووە و بەهۆی عەدەسەیەکەوە وێنەی پیشان دەداو دافنشی دەڵێ کاتێ شێوەی وێنەیەک بەهۆی ڕووناکییەوە دەچێتە ژوورێکی تاریکەوە لە ڕێگای کونێکەوە وێنەی بابەتەکە دەردەکەوێت و زانای ئیتالیش (جیۆفانی دیللا بۆرتا) زیاتر گرنگیی داوە، بەم ئامێرەو ئەزموونی لەسەر کردووە، بەڵام دواتر ئامێری (فانووسی سیحری) جێی ئەم کارەی گرتەوە کە (ئەثانا سیۆس کیوفر) لە ساڵی (١٦٥٠)دا دایهێناوە. ئەمەش ئەو ئامێرەیە کە لەسەر دیوار وێنە پیشان دەدات، بەهۆی عەدەسەیەکی قۆقزەوە کاتێک تیشکی بەردەکەوێت. هەربۆیە کیرفر لەو سالانەدا وێنەی ژیانی مەسیحی نیشانی خەڵکی داوە، لەسەدەی حەڤدەیەمدا ڕێگایەکی نوێ و سەرسوڕمان دۆزرایەوە بۆ پیشان دانی وێنەکە، بینەر سەیری دەکرد وێنەکە دەجوولایەوە، ئەمەش بەهۆی ئامێری (فانتۆسکۆب)ەوە بوو کە زانای فیزیاویی فەرەنسی (ڕۆبیرتسون) دایهێناوە کە وەک ئامێری فانووسی سیحری وابووە، بەڵام بەشێوازێکی تر کە چەند عەدەسەیەکی لەخۆ گرتبوو و گەلی فەرەنسی ئەم ئامێری پیشاندانەیان دەبینی. هەر لە پاریس-یش لە ساڵی (١٨٢٢)دا پرۆژەی (دیوراما)یان خستەکار کە پێکهاتبوو لە شانۆیەک بۆ پیشاندانی دیمەنی سروشتی بەهۆی ڕووناکییەوە کە بینەرێکی زۆر دەچوون بۆ بینینی و دیسانەوە هەر لە پاریس لە ساڵی (١٨٢٥)دا (جۆن هیرشل) ئامێری (تاوماتروبیو)ی داهێنا کە بریتیی بوو لە لووکێکی کارتۆنی و لەسەر ڕووی کارتۆنەکە دوو وێنەی جیاواز هەیە کاتێ بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە وێنەکە دەجوولێ. بۆ نموونە کاتێ لەسەر ڕوویەکی کارتۆنەکە وێنەی باڵندەیەک دروست کراوە و لەسەر ڕوویەکی تر وێنەی قەفەزێک هەیە. کاتێ لوولەکەکە دەخولێتەوە بینەر وای دەبینێ کە باڵندەکە لەناو قەفەزەکەدایە. ئەمەشی دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزەکەی زانای ئینگلیزی (ڕۆجێ) کە دەڵێ وێنەی هەر بابەتێک لەسەر تۆڕی چاو بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە گەر بابەتەکەش نەمێنێ.

لەساڵی (١٨٣١)دا میشێل فارادای بەهاوکاریی جۆن مێرشل گرنگییان دا بە (زانستە بینراوەکان) کە تا چەند لە تۆڕی چاودا دەمێنێتەوە دواتریش (تشارلز هیویتستون) ئامێری (ستیریۆسکۆب)ی داهێنا کە وێنەی بەرجەستە دەکرد بە ڕێگای پیشاندان. پاشان ئامێری (زویترۆب)ی داهێناو وێنەی بە جوولاوەیی پچڕ پچڕ نیشان دەدا. کە هویستون ئەم ئامێرەی بۆکاری نەخشەکێشانی ئەندازەیی بەکاردەهێنا.

ساڵی (١٨٣٢)ش (بلاتۆ) ئامێری (فیتاکیتسکۆب)ی داهێنا کە لوولەکێکی بازنەیی کارتۆنی بوو. لەسەر کەناری کارتۆنەکە وێنەی لەسەر دروست کراوە و پاشان چەند کونێکی تێدایە و لە بەرامبەریشدا ئاوێنەیەک هەیە. کاتێ ئەم ئامێرە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە لە ئاوێنەکەدا وەدەردەکەوێت کە وێنەکە دەجوولێ. لێرەوە زانایان زیاتر گرنگییان دا بە جوولانەوەی وێنە بەهۆی ئامادەکردنی چەندین ئامێرەوە و مێشکی چەندین زاناو داهێنەری دنیا بەم کارەوە خەریک بوون و لە ساڵی (١٨٣٤)دا زانای بەریتانی (جۆرج هۆرنر) ئامێری (دیدالیۆم)ی ئامادەکرد کە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵی دەجوولاندەوە و، پێی دەوترا (ڕەوڕەوەی شەیتانی)، چونکە بۆ یەکەم جار وێنەی شەیتانیان پێ جوولاندەوە.


ساڵی (١٨٥٠) ئامێری (فیناکستۆسکۆب)ی دوو لوولەکی بلاوبۆوە کە یەکێکیان بۆ وێنە بوو ئەوی تریان کونی تێدا بوو و ئاوێنەیەکیش چاودێریی جوولەکەی دەکرد. وەکو شێوەی ئامێرەکەی بلاتۆ وابوو.

ساڵی (١٨٥١) زانای جیهانی (جول دی بوسک)ی فەرەنسی لوولەکێکی سیحریی ئامادەکرد بەناوی (بیۆسکۆب) کە وێنەی نیشان دەدا. بۆ یەکەم جار لەماوەی چرکەیەکدا دە وێنە دەجوولایەوە لە یەک گرتەدا کە بەشێوەیەکی ڕوون لەسەر لوولەکێک بەچوار دەوریدا وێنە دروست دەکرا کە لە جوولەدا تەواوکەری یەک بوو و بەدوای یەکدا دەهاتن. کاتێ سەیر دەکرا وێنەکان دەجوولانەوە بۆیە لە ساڵی (١٨٥٣)دا یەکەم کاری پیشاندانی وێنەی فۆتۆگرافی ئامادەکرا. لە ساڵی (١٨٥٩)دا زانای ئینگلیزی (تۆماس هرمان دی مۆنت) کامێرای (زۆر تروبیکا)ی داهێنا بۆ تۆماری وێنە جوولاوە لەسەر پارچە شووشەی بچووک کە ساڵی (١٨٦٢) لە فەرەنسا تۆماری کرد. گرنگیی ئەم ئامێرە ئەوە بوو چەند وێنەیەکی تۆمار دەکرد کە لە لەقتەیەکدا بەدوای یەکدا دەهاتن.

ساڵی (١٨٦١) ئەندازیاری ئەمریکی (کۆلمان سلرز) ئامێری (سینەما توسکۆب)ی داهێنا کە بریتی بوو لە ڕەوڕەوەیەکی جوولاو لەسەر فۆتۆگرافیا وێنەی دەجوولاندەوە. بۆ یەکەم جار وشەو ناوی سینەما هاتە ئاراوە. دواتر لە ساڵی (١٨٦٦)دا (هیات)ی ئەمریکی سیلۆلۆیدی) دروست کرد و لە بازاڕدا فرۆشتنی کە بۆ کاری تۆمارکردنی وێنەی جوولاوە بەکار دەهێنراو ئەزموونیان لەسەر دەکرد. ساڵی (١٨٧٤) زانای فیزیاویی گەردوونی (جۆل سیزار جانسن) بۆ یەکەم جار کۆمەڵێ وێنەی فۆتۆگرافی لەیەک فیلمدا تۆمار کرد. کە بابەتێک بوو لەسەر ئەستێرەی زوهرە. لە ساڵی

(١٨٧٦)دا زانای فەرەنسی (ئەمیل ڕینو) ئامێری (براسینۆسكۆب)ی ئامادە كردو كۆمەڵێ فیلمی ڕەنگاو ڕەنگی نیشان دا. كە لەسەر فیلم وێنەی كێشابوو. كاتێ ئەم ئامێرە دەخولایەوە بینەر وای دەبینی كە وێنەكە دەجوولێتەوە. هەر لەم ساڵەدا (ولیەم مایبردج) ئەزموونێكی نوێی تۆماركرد. كە غاردانی ئەسپی لە چەند وێنەیەكدا تۆمار كرد. بە ئامێری (ترۆبرسكۆب) پیشانی دا. كە هەر خۆی ئامادەی كردبوو. مایبردج لەتۆماركردنی غاردانی ئەسپدا بیست و چوار وێنەی تۆماركرد بەهۆی بیست و چوار كامێراوە كە دایانابوو هەریەك بەدوای یەكتریدا. هەریەكەی پەتێكی پێوە بەستبووە كاتێ ئەسپەكە دەڕۆیشت پەتەكەی دەپچڕاندو كامێراكەش وێنەكەی تۆمار دەكرد. پاشان هەر چوار قاچی ئەسپەكەی پیشان دەدا كە بەرزدەبۆوە. كە ئەوەش لەوكاتەدا بە ئەزموونێكی نوێ دانرا.

دواتر زانای ئەمریكیی بەناوبانگ (تۆماس ئەدیسون) دەركەوت كە داهێنەری (فۆتۆگراف)ە. یەكێكە لەوانەی بەشدارییەكی كاریگەری و گرنگی هەیە لە دروست كردنی وێنەی جوولاودا. ئەمەش بەهاوكاری (دیكسون)، ئامێری فۆتۆگرافی دۆزییەوە. دواتریش ئامێری پیشاندانی (كنتۆسكۆب)ی داهێنا كە ئامێری پیشاندانی وێنەی جوولاوەی یەك كەسی بوو. كە بەهۆی دەلاقەیەكی بچووكەوە دەبینرا. هەروەها ئەدیسون هەوڵی دا دەنگ لە فیلمدا لەگەڵ وێنەدا دابنێ، بەلام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا. هەر لە ساڵی (١٨٧٨)دا (داڤید ئەدوارد هوجز) میكرۆفۆنی داهێناو ساڵی (١٨٧٩)دا (فرییە) ماددەی سیلۆلۆیدی بەكارهێنا بۆ پیشاندانی وێنە لەشانۆی بینراودا یان بۆ كاری لێكۆڵینەوەی فسیۆلۆجی لە



ئامێری «فۆنۆگراف» – ئەدیسۆن – (١٨٧٧)

بواری باڵندەو گیانداراندا. لە ساڵی (١٨٨٢) دا لەلیۆن مون كارگەی بەرهەمهێنانی فۆتۆگرافی دانرا كە لۆجیروئۆجست ماری دایان هێنا. (ڕینۆ) بە ئامێری (برسینۆسكۆب) كۆمەڵێ وێنەی پیشان دا. هەر لەم ساڵەدا (ولیەم فریزگرین) كۆمەڵێ ستۆدیۆی وێنەگرتنی فۆتۆگرافی كردەوە و هاوێنەی دەفرۆشت لە ساڵی (١٨٨٤)دا زانای ئەمریكی (جۆرج ئیستمان) گرنگیی بە وێنەگرتنی تیشكی دا و بۆ یەكەم جار كامێرای (سندوقی كۆداكی) داهێنا و فیلمی خامی تێ دەكرد و سەد وێنەی دەگرت. هەروەها ئەدیسۆن ئامێری (سینۆتۆگراف)ی داهێنا كە یەكەم هەوڵدان بوو بۆ تۆماركردنی جووڵەو پیشاندانی لە فیلمدا. ئەم ئامێرە لە چركەیەكدا (٤٨) وێنە پیشان دەدا هەروەها (ماری) كاری ئەزموونی (كرۆتۆفۆتۆگرافیا)ی ئەنجام دا لەسەر فیلمی خانم. كە بەكارهێنانی وێنەگرتنی تیشكی بوو لە جووڵەداو بەشێوەی پچڕ پچڕ وێنەی دەگرت و دواتر كردی بە فیلمێك.

لە ساڵی (١٨٨٨)دا داهێنەری ئینگلیزی (ئۆجستین لۆبرنس) یەكەم فیلمی جەلاتینی كون كراوی بەكارهێنا

كە بەردەوامییەك دەداتە جووڵەی فیلمەكە بەهۆی (عجلە مسننە) و وێنەی (بەهۆی یەك هاوێنەوە) تۆمار دەكرد. هەر لەو ساڵەدا وێنەی جوولاوی لەسەر شاشە بەرجەستە كردەوە.

ساڵی (١٨٨٩) بۆ یەكەم جار جۆرج ئیستمان لەسەرداوای ئەدیسون فیلمی كون كراوی لە جۆری (٣٥ملم)ی بەكارهێنا كە درێژییەكەی (١٥) مەتر بوو. دواتریش (فریزگرین و مورتیمار ئیفاتر) بە ئامێری وێنەگرتن فیلمیان تۆمار كرد بە ماددەی سیلۆلۆید كە خێراییەكەی دە وێنە بوو لە چركەیەكدا. كە ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ وێنەگرتنی سینەمایی. هەر لەو ماڵانەدا كار بۆ ئەوە دەكرا كە لێكۆڵینەوە بكەن بۆ شتنەوە و چاپ كردنی فیلم و ئامێرێك بۆ ئەم كارە ئامادە بكەن..

بۆیە لێرەوە وێنەی جوولاوە و تۆماركردنی فیلم و پیشاندانی زیاتر بەرەو بەرجەستەكردن دەچوو. چەندین زانای جیهانی بەم كارەوە خەریك بوون.. ساڵی (١٨٩١) ئەدیسون فیلمی تۆماركرد لە دروست كراوی سیلۆلۆیدی كون كراو كە لەوێنەدا بوعدێكی یەكسانی هەبوو. (ئۆتومار ئەنشوتز) لە ئەڵمانیا یەكەم كاری پیشاندانی سینەمایی بە ئامێری

(ئەلیکترۆکیسکۆب) ئەنجامدا کە بریتی بوو لە کۆمەڵێ وێنەی فۆتۆگرافی ئەسپ کە چاپ کرابوو لە سەر فیلم. هەر لەم ساڵەدا (جۆرج دمنی)ی فەرەنسی خولیای کاری وێنە گرتن بوو لە کۆمپانیای ماریا ئەندازیاربوو. ئامێری (فۆتۆسکۆب)ی ئامادەکرد، کە وێنەی پیشان دەدا بە جوولەی پچڕ پچڕ. بۆ یەکەم جار وێنەی جووڵاوەی مرۆڤی بەرجەستە کرد کە دەمی دەجووڵاندەوە دواتریش (ڕینۆ) یەکەم کاری نواندنی لە مۆزەخانەی (گریفن). پیشان دا بە هۆی شانۆی بینراوەوە لە ساڵی (١٨٩٣)دا ئەدیسون بۆ یەکەم جار لە پێشانگای نێو نەتەوەیی لە شیگاگۆ. وێنەی جووڵانەوەی نیشانی بینەردا بەهۆی ئامێری (سینتیکۆب)ەوە کە ئەمەش کارێکی گرنگ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ساڵی (١٨٩٤)یش برایان (لویس- ئۆجست- لۆمبیر) ئامێرێکی وێنەگرتنی سینەماییان داهێناکە بۆ کاری پیشاندانی وێنەش بەکاردەهێنرا. هەروەها ئامێرەکەی ئەدیسون (سینتیکۆب) لەم ساڵەدا لە ئەوروپا بڵاوبۆوە. کە بووە ئامێرێک بۆ نیشاندانی فیلمی جووڵاوە.

لە (١٤ی نیسانی ساڵی ١٨٩٤)دا تۆماس ئەدیسون لە ئاهەنگێکدا لەهۆڵی (میوزیکهۆڵ کوستروبیال) لە نیویۆرک-دا بەهۆی ئامێری (سینتسکۆب)ەوە کاری نیشاندانی ئەنجام دا تەنیا یەک کەس دەیتوانی فیلمی وێنەیی جووڵاوە ببینێ کە فیلمەکەش ناوی (Peeshoy) بوو کە ڕووداوێکی بچووک بوو.

بەڵام هەر لەم ساڵەدا (جانکنز) کاری پیشاندانی وێنەی جووڵاوەی لەسەر شاشە ئامادەکرد لەبەردەم بینەرانداو سەرکەوتنێکی گرنگ و گەورە بوو بۆ ئەم هونەرە کە لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری ئەتلانتیک-دا بەهۆی ئامێری (فانتۆسکۆب)ەوە بەرجەستەکرا.

هەروەها لاڤام و ساموێل کە دوو گەنجی ئەمریکای خواروو بوون بە ناوی کۆمپانیای (پیشاندانی کنتۆسکۆب)ەوە لە هۆڵێک لە شاری نیویۆرک فیلمیان نیشان دا. شەش ئامێریان خستبووەوە ڕوو کە هەریەکەی فیلمێکی لەسەر بوو درێژبەکەی (١٥ بۆ ٤٥) مەتر بوو کە فیلمەکە یاریی بۆکسێن بوولەبەینی مایکل لیۆناردۆ جاک کوشینج دابوو. بەم جۆرە لە مێژوویدا چەندین ئامێری نیشاندان و وێنەگرتن پەیدابوو لە زۆر ناوچەی دنیادا. هەریەکەی بەجۆرێک ئەم کارەی بەرجەستە دەکرد لە ڕووی تەکنیکییەوە لە ئیتالیاش لە ساڵی (١٨٩٥)دا (فیلۆتیۆ ئەلبرینی) ئامێری (سینیۆگراف)ی داهێنا کە بریتی بوو لە کامێرای وێنەگرتنی سینەمایی و پاشان فیلمیشی چاپ دەکردو پیشانیشی دەدا. کە ئەمەش بە ئەزموونێکی گرنگ دانرا. لە (١٣ی شوباتی ساڵی ١٨٩٥)دا برایانی لومییر ئامێری (سینەماتوگراف) یان داهێنا. کە بریتی بوو لە ئامێری پیشاندانی فیلمی سینەمایی. کە کۆمەڵێ وێنەی چاپ کراو و بوو لەسەر فیلمی سیلۆلۆیدو کاتێ دەخرایە ئامێرەکەوە وێنەکە دەجووڵایەوە. کە ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو لەم بوارەداو هەنگاونان بوو بۆ کاری نوێتر. هەر لە (٢٢ی مایس) لویس لومبیر بە ئامێرەکەی یەکەم کاری پیشاندانی لە پاریس بۆ کۆمەڵێ خەڵک ئەنجام دا. هەر لەوێدا لومییر لێدوانێکی لەبارەی ڕۆڵی گرنگی سینەماوە بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد.

### یەکەم ئەزموونی پیشاندانی فیلمی سینەمایی لەجیهاندا

ساڵی (١٨٩٥) کاری ئامێری پیشاندانی وێنەی جووڵاوە پێش کەوتنی مەزنی بەخۆوە بینی. ئەوەبوو لەپاریس برایانی لومبییر لە ڕۆژی (٢٨ی کانونی یەکەم)دا یەکەم کاری پیشاندانی فیلمی سینەماییان بۆ جەماوەر ئەنجام دا بە ئامێری (سینەما تۆگراف) لە هۆڵی (بولیڤار). کارتی چوونە ژوورەوە بۆ هەر کەسێ نرخی یەک فرانک بوو کە بۆ یەکەم ڕۆژ (٣٥) کەس ئامادە بوون و دە فیلمی بێدەنگ نیشان درا.

کە هەریەکەی ماوەی یەک یان دوو خولەک بوو. وەک فیلمی (گەیشتنی شەمەندەفەرەکە بۆ وێستگە) و (کاتی چوونە دەرەوە لەکارگەی لومییردا).. فیلمی دووەم باس لە دەرچوونی کرێکارەکانی کارگەی لومییر دەکات کە دەچنە دەرەوە و پاسکیلەکانیان لێ دەخوڕن و دەڕۆن و دواتر پاسەوانەکە دەرگای کارگەکە دادەخات. فیلمەکانی لومییر زۆربەی شێوازی تۆماری هەبووە کە باسی ژیانی ڕۆژانەی لەخۆ گرتووە. لە ڕووی هونەرییەوە کاری سەرەتایی تێدابووە وەک بەکارهێنانی ڕووناکی و سێبەرو پێکهاتنی وێنەو هەڵبژاردنی گۆشە هونەرییەکان، بەڵام کامێرا نەدەجووڵا. دیمەنی گشتی و ناوەندی لە فیلمەکانیدا بەکارهێنابوو. جگە لەوەش ڕۆژی (٢٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٥) بووە ڕۆژی لەدایک بوونی هونەری سینەما لەجیهاندا و بەسەرکەوتنێکی گەورەو گرنگ دانرا. بۆلۆمییر، کە توانی ئەم مێژووە تۆمار بکات. لێرەوە زیاتر کاری پیشاندانی وێنەی جووڵاوە بڵاوبۆوە.

لە (٢٣ی نیسانی ساڵی ١٨٩٦)دا ئەدیسون یەکەم کاری نیشاندانی بە ئامێری (فیتاسکۆب) ئەنجام دا لە هۆڵی (کوستروبیال) لە شاری نیوریۆرک-دا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ڕۆژنامەی نیوریۆرک تایمز لە

وتارێکدا لەژێر ناونیشانی (دواسەرکەوتنی ئەدیسون) ئەم هەواڵەی لە ڕۆژی (٢٤ی نیسانی ١٨٩٦)دا بڵاوکردۆتەوە.. دواتریش ڕۆژ بەڕۆژ هونەری سینەما سەرتاپای جیهانی گرتەوە. (١٧ی شوباتی ساڵی ١٨٩٦) ئامێری (سینەماتۆگراف)ی لومییر لە لەندەن نیشان درا. لە ڕۆژی (٢٥)ی شوباتی هەمان ساڵ یەکەم کاری پیشاندانی فیلم بە ئامێری (بیۆسکۆب) لە لەندەن ئەنجام درا.

لەمانگی مارتی ساڵی (١٨٩٦)دا سینەما گەیشتە وڵاتی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و سویسرا. مانگی نیسانی هەمان ساڵ گەیشتە ئیسپانیاو نەمسا.. لە (١٨ی) حوزەیرانی هەمان ساڵ یەکەم کاری نیشاندانی فیلمی سینەمایی لەنیویۆرک ئەنجام درا. مانگی تەمووزیش سینەما گەیشتە رووسیا مانگی ئابی (١٨٩٦) گەیشتە ڕۆما و سویسرا.

بەم جۆرە هونەری سینەما گەیشتە هەموو دنیا. کە لەلایەن زانایان و داهێنەرانی جیهانییەوە ئەم ئامێرە گرنگە پەیدابوو، بەڵام دروست بوونی بۆ تەنیا کەسێک ناگەڕێتەوە، بەڵکو دوای چەندین ئەزموون و تاقی کردنەوە و دانانی تیۆروبیری داهێنەرانە و بڕینی چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەم هونەرەی پێ لەدایک بوو، چونکە سینەما تۆگرافی لومییرو فیتاسکۆبی ئەدیسون هەر ئاوا بە ئاسانی نەگەیشتە ئەنجام، بەڵکو پێشتر هەریەک لە زانایان کارێکی ئەنجام داوە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە.

### بەرەو بە هونەرکردنی سینەما

سەرەتا سینەما وەک ئامێرێک دەرکەوت وێنەی بە جووڵاوەیی لەسەر شاشە نیشان دەدا، بەڵام دواتر پێی نایە قۆناغی هونەرییەوە کە لەلایەن هونەرمەندانی سینەماییەوە بنچینە سەرەتاییەکانی هونەری بەرجەستەکرا. جگە لەوەش ئەدیسوون گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەم هونەرە کارێکی گرنگی بەرهەم هێنانی پیشەسازیشە و دەست کەوتی ماددیی دەبێت. بۆیە لە جیهاندا چەندین فیلمی سینەمایی بەرهەم هێنران لەلایەن دەرهێنەرانەوە کە زۆربەی بابەتەکانیش واقیعی ڕاستی ڕۆژانە بوو.

جۆرج میلییە یەکێکە لە یەکەم پێشڕەوانی سینەمایی جیهانی و فەرەنسی، کۆمەڵێ کاری سەرەتای هونەری سینەمایی ئەنجام داوە. خۆی یەکێک بوو لەو کەسانەی لە یەکەم کاری پیشاندانی فیلمی لومییردا ئامادە بووە.

میلییە لەسەرەتادا کاری لە شانۆدا کردووەو خاوەنی شانۆیی هودینی بووە. بۆیە شانۆو سینەمای بە یەکەوە گرێ داوە و ڕەگەزەکانی وەکو سیناریۆو ئەکتەرو میکیاج و دیمەن و جلوبەرگ.. کە لە سینەمادا بەرجەستەی کرد، لە شانۆوە وەریگرت. شانۆییەکانیشی تایبەت بوو بە یاریی و سیحری و سەماو ئەکرۆباتیک. هەربۆیە بەرهەمەکانی (خانمە شاراوەکە، قەڵا جنۆکاوییەکە) لە سینەمادا تایبەت بوو بە یاریی سیحری و کۆمەڵێ کاری نوێی تێدا ئەنجام داوە لە ڕووی تەکنیکییەوە وەکو (تێکەڵ کردن، دەرکەوت و دیارنەمان، جووڵەی پێچەوانەی ڕووداو..) هەروەها میلییە لە ساڵی (١٨٩٦)دا لە شەقامی ئۆپێرا لە پاریس وەک کارێکی سەرەتایی وێنەی هاتوچۆی خەڵکی تۆمار کردووەو بۆ یەکەم جار جووڵەی ترافلنجی کامێرای بەکارهێناوە کە کارێکی نوێ و هونەری سینەما بووە و وەک سەرەتایەک دەرکەوت. ساڵی (١٨٩٩) فیلمی (سەندریللا)ی بەرهەم هێناو درێژییەکەی (٤١) پێ بوو کە ئەمەش ئەزموونێکی نوێ بوو، چونکە فیلمەکانی لومییر تەنها (٥٠)پێ بوو. دواتر میلییە هەوڵی دا ڕووداوەکان بکات بە چەند بەشێکەوە و شێوەی چیرۆکێک وەربگرێت ئەمەش بەرجەستە کردنی شێوازی شانۆیی بوو لە سینەمادا. زۆربەی دیکۆری فیلمەکانی خۆی دروستی کردەوە و کارێکی سەرکەوتوو و جوانیش بوو. بۆ یەکەم جاریش لەساڵی (١٨٩٧)دا ڕووناکیی دەستکردی کارەبایی لە فیلمی (البالولوص)دا بەکارهێنا وەک سەرەتایەکی هونەری.

لە ساڵی (١٩٠٢)دا میلییە لەبەرهەمی (فوران مونبلیە)دا کۆمەڵێ کاری هونەری دەرهێنانی ئەنجام دا. جگە لەوەش لە فیلمی (گەشتێ بۆ سەرمانگ)دا کاری نواندنی سینەمای بەرجەستە کرد کە باس لە گەردووناسەکان دەکات کە دەچنە سەر مانگ و بە یەکێک لە سەرکەوتووترین فیلمەکانی دادەنرێت لە ڕووی دەرهێنانەوە کە درێژییەکەی (٢٨٠) مەتر بوو. هەر لەو سەردەمەدا میلییە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سینەمایی جیهانی یەکەم و دووەمی کردووە لە ساڵی (١٩٠٨ و ١٩٠٩)دا

میلییە جگە لەوەی زۆری فیلمەکانی لە ستۆدیۆدا وێنەگرتووە پاشان شانۆی هۆدینی کردە شوێنی پیشاندانی فیلمی سینەمایی و بەیەکەم دەرهێنەری سینەمایی دادەنرێت لە مێژووی سینەمادا.


### قوتابخانەی برایتون

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێ دەرهێنەرو وێنەگر لە بەریتانیا دەرکەوتن کە پێشڕەوانی سینەمان بریتانی دادەنرێن و ئامانجیان دروست کردنی فیلمی

سینەمایی بوو. مێژوونووسی سینەمای جیهانی جۆرج سادول ناوی لێ ناون (قوتابخانەی برایتون) کە بریتی بوون لەم هونەرمەندانە (ولیەم پۆل، جێمس ولیامسون، جۆرج ئەلبرت سمیث، ئەلفرێد کۆلتر، سیسیل هبورت..) و بەگشتی بنچینەکانی یەکەمی هونەری سینەمایان بەرجەستەکرد. وەکو بەکارهێنانی لەقتە (گشتی، ناوەند، نزیک). و سادول وای دادەنێت کە بۆ یەکەم جار (لەقتەی گەورە) لە فیلمێکی ولیامسوندا بەکارهێنرا. هەر ئەم هونەرمەندانەش لە فیلمەکانیاندا گرنگییان بە بڕین و پێکهاتن داوە لە لەقتەدا. زۆربەی بەرهەمەکانیان شێوازی زانستی و هەواڵی و گەشتیاری بووە و کاری درامیشی لەخۆ گرتووە...

ولیەم پۆل یەکێکە لەم هونەرمەندانە و بە باوکی سینەمای جوولاوەی بەریتانی دادەنرێت و کاری لە کۆمەڵێ فیلمی هەواڵ و دیمەنی دەرەکیدا کردووە و جووڵەی کامێرای بەکارهێناوە و یەکەم ستۆدیۆی وێنەی جوولاوەی لە لەندەن دامەزراندووە، ساڵی (١٨٩٨) فیلمی (گەشتێ بۆ باکووری سەروو)ی بەرهەم هێناوە و شێوازی تۆماری لەخۆ گرتبوو. ساڵی(١٩٠٠) فیلمی (پێشبڕکێیەکی شێتانە بە ئۆتۆمبێل لەسەرکی پیکادیللیلی-دا) دەرهێناوە و یەکەم جووڵەی کامێرای ترافیلنجی لەسەر عەرەبانە لەم فیلمەدا بەکارهێناوە. لەگەڵ چەند کارێکی تردا. جۆرج سمیث بە هەمان شێوە دەرهێنەرو وێنەگربووەو کۆمەڵێ فیلمی بەرهەم هێناوە وەک (برایانی کورسیکون) لە ساڵی (١٨٩٨)دا. کۆمەڵێ لەقتەی جیاوازی بەکارهێناوە. جۆرج سادول لەم بارەیەوە دەڵێ (لەقتەی نزیک و گشتی لەیەک دیمەندا بەکارهێناوە و بنچینەی هونەری بڕین و مۆنتاژیشی ئەنجام داوە).

جێمس ولیامسون سەر بە قوتابخانەی برایتون بووە و پێشتریش سەر بە قوتابخانەی لومییری فەرەنسی بووە ئەمیش یەکێکە لەوانەی سەرەتاکانی زمانی جوانکاریی سینەمایی ئەنجام داوە ڕووداوی یەکسان و پێکهاتنی لەقتەو دژە لەقتەی لە مۆنتاژدا بەرجەستە کردووە. هەروەها هاوێنەگرێکی باش بووە کە ساڵی (١٨٩٩) فیلمی (پێشبڕکێی هانتی)ی تۆمار کردووە کە چەند لەقتەیەکی لەخۆ گرتووە وەک (وێنەگرتنی بینەران و دەرچوونی بەلەمەکان و سەرکەوتووترین کەسی بەرجەستە کردووە) کە شێوازێکی نوێ بوو لە سینەمادا. دواتر فیلمی (هێرش بردنە سەر مژدەبەخشانی چین)ی لە ساڵی (١٩٠٠)دا بەرهەم هێناوە و ماوەکەی پێنج خولەک بووە کە شێوازی چیرۆکی سینەمای لەخۆ گرتووە لە ڕووی مۆنتاژیشەوە کاری نوێی تێدا دەرکەوتووە و کۆمەڵێ لەقتەی جیاوازیشی بەیەکەوە گرێ داوە. یەکێکە لەفیلمە مەزنەکانی ولیامسون. تشارلز ئوربان لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیەدا کاری کردووە و ساڵی (١٩٢١) لە لەندەن کۆمپانیای (واریک)دا دەنێ کە تەنیا کاری وێنەگرتنی هەواڵی بووە لەو سەردەمەدا و کۆمەڵێ فیلمی هەواڵی ئەنجام داوە و ئەم شێوازەی بەرەو پێشەوە بردووە.



ئامێری «دیدائیۆم» - هۆرنەر - (١٨٣٤)

### سەردەمی باتیە

شارل باتیە بە یەکێک لە پێشڕەوانی سینەمای فەرەنسی دادەنرێت و کۆمەڵێ کاری ئەنجام داوە و چالاکیی کاری سینەمایی فراوان کردووە لە ڕووی بەرهەمهێنان و دابەش کردنەوە. باتیەساڵی (١٨٩٥) نوێنەری دابەش کردنی فیلمی ئەدیسون بووە. یەکەم کۆمپانیای سینەمایی لە فەرەنسا دامەزراندووە بەناوی (برایانی باتیە) و ئامێری سینەماتۆگرافیی لومییری بەکاردەهێناو گەورەترین کۆمپانیا بوو لە جیهاندا و لە هەر وڵاتەش بەشێکی هەبووە. کە کاری دروست کردنی فیلمی خام و ئامێری پیشاندان بووە. لە بازاڕی جیهانیدا نیشانەی (دیک)ی هەبووە. پێنج ستۆدیۆی کارەبایی

لەکۆمپانیاکەدا دروست کردووە و کۆمەڵێ فیلمی سینەمایی بەرهەم هێناوەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو دەست کەوتی ماددیی هەبووە، بەڵام دواتر لەلایەن هەندێ کۆمپانیای جیهانیی ترەوە دژایەتیی باتیە کراوە. دواتر لە ساڵی (١٩٠٦)دا کۆمەڵێ فیلمی بەرهەم هێناوە وەک فیلمی (ئەشکەنجەی مەسیح) و فیلمی (کوشتنی دۆق جیز) لە ساڵی (١٩٠٨)دا و لە هۆڵی (شارا)دا پیشانی ئەدیب و هونەرمەندانی داوە و ڕێزیان لێ ناوە. کە سەرکەوتنێک بوو بۆ کۆمپانیای باتیە.

## پێشکەوتنی هونەری سینەما لە ئەمریکادا

دوای ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی چەند فیلمێکی سینەمایی لەلایەن لومییر و باتیە و میلییە وە.. کۆمەڵێ خاڵی وەرچەرخاندن لەم هونەرەدا بەدی کرا. بە شێوەیەکی سەرەتایی بنچینەکانی هونەری لە هەندێ بەرهەمدا دەرکەوت. دواتریش لەسەردەستی ئەدوین بورترو جریفیث و چەند هونەرمەندێکی تری ئەمریکی زیاتر هەنگاوی ناو ئاستێکی بەرزی بەخۆوە بینی... ئەدوین بورتر یەکێکە لە پێشڕەوانی یەکەمی سینەمای ئەمریکی و لەگەڵ ئەدیسوندا کاری کردووە و ئەندازیاری پیشاندانی وێنەی سینەمایی و وێنەگری فۆتۆگرافی بووە. لەگەڵ ئەدیسوندا چەند کارێکی سەرەتایی ئەنجام داوە کە لەیاریی پێشبڕکێکاندا بە لەقتەی جوان و شێوەی (سلویت) وێنەی تۆمار کردووە. ساڵی (١٩٠٢) فیلمی (ژیان پیاوێکی ئاگر کوژێنەوە)ی دەرهێناوەو کاری هونەری نوێی داهێناوەو شێوازی درامیی لەخۆ گرتووە و لە چەند دیمەنێکدا کارەکانی (سەرەتا، ناوەند، کۆتایی) لە ڕووداوەکاندا بەرجەستە کردووە و بەیەکەوە گرێ داون کە پێچەوانەی فیلمەکانی میبلیە بووە کە پچڕ پچڕ لەڕووداوەکاندا هەبووە.. دواتر فیلمی (دزینی شەمەندەفەرە گەورەکە)ی دەرهێناو بەیەکەم فیلمی سینەمایی ڕاستەقینە دادەنرێت کە شێوازی هونەریی تێدا بووە و ماوەکەی بیست و دوو خولەک بووە و کۆمەڵێ دیمەنی دەرەکیی تێدا بووە و جووڵەی کامێراو لەقتەی نزیکی بەکارهێناوە جگە لەوەش گۆشەگەلێکی لەیەک شوێنی وەستاودا بەکارهێناوە. بە کورتی بورتر لە کاری دەرهێنان و وێنەگرتن و چیرۆکدا کاری هونەری نوێی سینەمایی ئەنجام داوە.

دافیدوارک جریفیث بە هەمان شێوە دەرهێنەرێکی بەتوانای سینەمای ئەمریکییەو گەورەترین کاری نوێ و شێوازی هونەریی ئەنجام داوە. کە ڕەخنەگرانی سینەمایی دەڵێن (بریفیث بە مامۆستای یەکەم و باوکی هونەری سینەمادادەنرێت لە جیهاندا..).. سەرەتا چەند فیلمێکی کورتی بەرهەم هێناوە.. ساڵی (١٩١٥) یەکەم فیلمی ئەمریکیی درێژی دەرهێناوە و لەبارەی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا بووە بەناوی (لەدایک بوونی نەتەوە) ماوەکەی سێ سەعات بوو پاشان لەساڵی (١٩١٦)دا فیلمی (دەمارگیری) دەرهێناوە کە بە بەرهەمێکی گەورەو سەرکەوتووی جریفیث دادەنرێت. دیکۆرێکی گەورە و چەندین ئەکتەری بەناوبانگ و زیاد لە هەزار کۆمبارس تێیدا بەشداربوون. لە ڕووی هونەریشەوە کاری نوێی ئەنجام داوە لە بواری پێکهاتنی لەقتەو مۆنتاژدا. کە لەسەر بنچینەی لەقتە کاری کردووە. بەکارهێنانی لەقتەی (گشتی، ناوەند، نزیک، گەورە) لە دیمەنەکاندا ئەنجام داوەو کاری تەفسیلی لەخۆ گرتووە. بۆ یەکەم جار لەقتەی گەورەی بۆ کاری سایکۆلۆژی بەکارهێناوە کە دەم و چاوو دەستی ئەکتەری نیشان داوە. بڕینیش جووڵەیەکی بەردەوامی هەبووە و بڕینی پچڕ پچڕی بەکارهێناوە لە ڕووی مۆنتاژەوە. کە ئەمانە بە بنچینەی سەرەتایی دادەنرێت لە سینەمادا. لە ڕووی وێنەگرتنەوە چەند شێوازێکی نوێی داهێناوە وەک وێنەگرتن لەسەر ئۆتومبێل و باڵۆن لە دیمەنە گەورەکاندا و تەعبیری دەموچاوی ئەکتەری لەکاری نواندندا لە لەقتەی نزیکدا تۆمار کردووە.. زۆر گرنگیی داوە بە پێکهاتنی وێنە و بەکارهێنانی ڕووناکی بەشێوەی هونەری کە سێبەرو ڕووناکی هەبووە. بۆ یەکەم جار بەپێی ڕووداوی دیمەنەکان گۆشەکانی وێنەگرتنی بەکارهێنا لە چەندین گۆشەی جیاوازدا. بۆیە جریفیث کاریگەریی گەورەی لەسەر هونەری سینەما هەیە و پێکهاتە بنچینەییەکانی فیلمی دروست کردووە.

هەر لە ئەمریکادا هونەرمەندی بەناوبانگ شارلی شاپلن دەرکەوتووە و بە قوتابخانەی کۆمیدی ئەمریکی ناودەبرێت لە جیهاندا کە سینەمای بێدەنگی بەرەو پێشەوە بردووە و سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێناوە و بە گەورەترین هونەرمەندی سینەمایی دادەنرێت لە بواری دەرهێنان و نواندندا. ساڵی (١٩١٤) دەیان فیلمی کورتی بۆ کۆمپانیای (کیستون) بەرهەم هێناوە، پاشان یەکەم فیلمی کۆمێدی درێژی بەرهەم هێناوە بە ناوی (لیجوس) کە بەگۆڕانێک دادەنرێت لە ژیانی چاپلندا و بەیەکەم هونەرمەند دادەنرێت لەم بوارەدا. کەسایەتی و ڕووداو لە فیلمەکانی چاپلندا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە و بە زۆری لەقتەی گشتیی بەکارهێناوە و بەم لەقتەیەش بەناوبانگە لەسینەمادا. مۆنتاژیش ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە فیلمەکانیدا و

ئامانجی وێنەش ئەوە بووە خەڵکی خستۆتە پێکەنین.

دواتریش چەند فیلمێکی بەرهەم هێناوە وەک(ژیانی سەگێک-١٩١٨) و فیلمی (کوڕەکە- ١٩٢١) و فیلمی (گەڕان بەدوای زێڕدا- ١٩٢٥) و فیلمی (سێرک-١٩٢٨)دا. ئەمانە لە بەناوبانگترین و باشترین فیلمەکانی چاپلن کە هێزێکی نوێیان داوە بەم هونەرەوە بەرەو پێشەوەیان بردووە..

هەروەها دەرهێنەری بەتوانا ئەریک فۆن سترۆهایم لە سینەمای ئەمریکادا جێدەستی دیارەو لەبواری دەرهێنان و نواندن و سیناریستدا کاری کردووە و بە یەکێک لە گەورەترین دەرهێنەری شێوازی واقیعی دادەنرێت و بەشێوەی هونەرییانە چارەسەری بابەتەکانی واقیعی کردووە و ئازایانە ڕووداوەکانی واقیعی خستۆتە سەرشاشە. ساڵی (١٩١٨) یەکەم فیلمی بابەتی سێکسی دەرهێناوە بەناوی (مێردە کوێرەکان) کە دەرهێنان و نواندن و سیناریۆ و دیکۆر سترۆهایم ئەنجامی داوە و زۆر ئازایانە ڕووداوەکانی تۆمارکردووە و لەمێژووی سینەمادا بێ وێنەیە. ساڵی (١٩٢٣) فیلمی (تەماعی) لە کۆمپانیای گۆڵدوین بەرهەم دەهێنێ و بە فیلمێکی واقیعی درێژی ئەمریکی دادەنرێت کە لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی کالیفۆرنیاو سان فرانسیسکۆدا وێنەی گرتووە. ئەم فیلمە لە ڕۆمانی (ماکیتج)ی فرانک نووسیس وەرگیراوە و بەشێوازی سینەمایی ئامادەی کردووە و لە ڕووی هونەرییەوە سەرکەوتووە. سترۆهایم یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بە تەکنیکی جریفیث کاریگەر بووە، چونکە لە چەند فیلمێکیدا یاریدەدەری جریفیث بوو. بۆیە لە فیلمەکانیدا کاری نوێی ئەنجام داوە. ئامێری وێنەگرتن بە تەفسیلی سروشت و واقیعی بەرجەستە کردووە بە جووڵەی کامێرای جوان و لەقتەی نزیک و گشتی بەکارهێناوە. پاشان کاری تێکەڵکردن و دەرکەوتن و دیارنەمانی ئەنجام داوە و کارێکی گرنگی کردۆتە سەر سینەمای ئەمریکی و جیهانی.

هەروەها (سیسل دی میل) یەکێکە لە بەهرەمەندەکانی سینەمای ئەمریکی و ئاستێکی هونەریی گەورەی هەیە و کۆمەڵێ فیلمی کۆمیدی پێکەنیناوی و پڕوپاگەندەیی و میلۆدرامی هەبووە کە زۆری بابەتەکانی لەشانۆوە وەرگرتووە.

فیلمی (فیلباز)ی لە ساڵی (١٩١٠)دا دەرهێناوە و بە باشترین فیلمی ئەمریکی دادەنرێت. ڕەخنەگری فەرەنسی لیون موسیناک لەبارەی ئەم فیلمەوە دەڵێ (یەکەم ڕووداوە کە لە مێژووی سینەمادا تۆمار کراوە، دەکرێ لە ئاستی یەکەم فیلمی لومییردا دابنرێت..). پێکهاتنی هونەری لەقتەو شێوەی ئاسایی لە نواندندا و لەقتەی نزیک و بەکارهێنانی ڕووناکیی هونەرییانە شێوازی ئەم دەرهێنەرەیە.

(ڕۆبرت فلاهرت)یش نموونەیەکی بێ وێنەیە لە هونەری سینەمای ئەمریکاداو لەبواری فیلمی واقیعی تۆماریدا دەستێکی ڕەنگین و باڵای هەبووە و بە پێشڕەو دادەنرێت. زۆر لە فیلمەکانی سیناریۆ و دەرهێنان و وێنەگرتن و مۆنتاژ خۆی بەرجەستەی کردووە. چەندین شوێنی شارستانی گەلان گەڕاوە و گیروگرفتەکانی و چۆنیەتیی ژیانیانی تۆمار کردووە. یەکەم فیلمی لە ساڵی (١٩٢٢)دا بەرهەم هێناوە بەناوی (نانوکی ئاسکیمۆ) و ناوبانگی پێ دەرکردووە و دنیای هەژاندووە. فلاهرتی شێوازێکی هونەری دیاریکراوی هەبووە لە بواری دەرهێنان و وێنەگرتن و مۆنتاژدا. هەریەکەی بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ واقیعدا پێ کردوون. (تێبینی درێژ) شێوازە بەناوبانگەکەیەتی و یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی جێدەستی بەسەر سینەمای ئەمریکییەوە دیارە. هەربۆیە جۆرج سادول ناوی لێناوە (جان جاک ڕۆسۆی سینەما).

## سینەمای سۆڤێتی

لەدوای بڵاوبوونەوەی هونەری سینەما لە جیهاندا. سۆڤێت ئەو وڵاتەیە کە ڕۆڵێکی گرنگی لەم بوارەدا بینیوە و کۆمەڵێ هونەرمەندی سینەمایی تێدا دەرکەوتووە و هەریەکەیان خاوەنی شێوازی تایبەتین و ئەم هونەرەیان بەرەو پێشەوە بردووە کە بە قوتابخانەی سۆڤێتی بەناوبانگن لە سینەمادا.

یەکەم فیلمی سۆڤێتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٨) کە ئەلکسندەر ڕانکۆف دەری هێناوە بەناوی (لەسەر ڕێگای فەرەنسی)، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری لە سۆڤێتدا لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەست پێدەکات. هونەرمەندانی وەک کۆلیشۆف ویتسە و فیرتون ڕاستەوخۆ ڕووداوەکانی جەنگیان تۆمار کردووە و شێوازی فیلمی تۆماری هەواڵی لەخۆ گرتووە. کە دواتر لە فیلمێکی درێژدا کۆکراوەتەوە بەناوی (یادی ساڵانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٨) و بە یەکەم فیلمی درێژی سۆڤێت دادەنرێت و کردنەوەی کارگە ئەزموونییەکەی کۆلیشۆف لە سۆڤێتدا ساڵی (١٩٢٢) ڕەنگدانەوەیەکی مەزنی بینیوە لەبەرەو پێشبردنی سینەمادا. هونەرمەندانی وەکو فیرتۆف ئەیزنشتاین و بودوفکین... کاریان تێدا کردووە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر فیلمی سینەمایی کردووە. بەتایبەتی لەسەر فیلمەکانی جریفیث.

فیسفولود بودوفکین یەکێکە لە دانەرانی تیۆری هونەری سینەمایی و جوانکارییەکانی فیلم و مۆنتاژی بەرجەستە کردووە و خاوەنی شێوازی

مۆنتاژی بینادارەو یەکێکە لە گەورەترین دەرهێنەرەکانی سینەمایی سۆڤیێتی. ساڵی (١٩٢٥) یەکەم بەرهەمی تۆماری زانستی بەرهەم هێناوە بەناوی (کاری مێشک) و ساڵی (١٩٢٦) فیلمێکی کۆمیدی کورتی (تای شەترەنج- حمی الشطرنج)ی دەرهێناوە. ساڵی (١٩٢٦) یەکەم بەرهەمی هونەری گەورەی دەرهێناوە بەناوی (دایک) لەگەڵ فیلمی (کۆتایی سانت لبترسبورج)دا کە توانای هونەری بودوفکین لەم فیلمەدا دەرکەوتووەو چەندین شێوازی هونەری نوێی لە بواری لەقتەو مونتاژو دەرهێناندا ئەنجام داوە.

سیرجی ئەیزنشتاین-یش بە هەمان شێوە خاوەنی شێوازو تیۆری هونەری سینەمایە و بەشێوازی شۆڕشگێڕانە بەناوبانگەو لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و خاوەنی تیۆریی شێوازی مۆنتاژی فیکرییە. یەکەم فیلمی لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەرهێناوە بەناوی (مانگرتن)ەوە، بەڵام ساڵی (١٩٢٥) گەورەترین فیلم بەرهەم دەهێنێ و لە سینەمادا دەنگ دەداتەوە، ئەویش فیلمی (زرێپۆشی بوتمکین)، لەگەڵ چەندین فیلمی تردا. لەبەرهەمەکانیدا چەندین شێوازی هونەری نوێی لەبواری مۆنتاژو لەقتەو پێکهاتنی وێنەدا بەرجەستە کردووە و سەرەتاکانی بنچینەی هونەری جوانکاری فیلمی خولقاندووە لە سینەمادا.

یەکێکی تر لە دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی سینەمای سۆڤێتی کە جێدەستی دیارە (دزیفافیرتۆف)ەکە بە پێشڕەوی فیلمی تۆماری دادەنرێت و لە بواری مۆنتاژ و وێنەگرتندا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و (چاوی کامێرا) یەکێکە لە شێوازە هونەرییەکانی ساڵی (١٩٢٤)و فیلمی (چاوی سینەما) و (تێپەڕ بوونی ساڵێک بەسەر کۆچی لینین)ی دەرهێناوەو ساڵی (١٩٢٦) فیلمی (بۆ پێشەوە ئەی شورای سۆڤێت) لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تردا. لە فیلمەکانیدا شێوازی هونەری تێدایە و بنچینەکانی هونەری فیلمی ئەنجام داوە کە لە ڕووی لەقتەو زەوایە و مۆنتاژ و دەرهێنانەوە کاری جوان و نوێکاری هەیە و ئەم هونەرەی گەورەتر کردووە، جگە لەوە ئەم سێ دەرهێنەرە مۆنتاژ بە بنچینەی هونەری سینەما دادەنێن، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی و ئەم هونەرەیان بەرەو پێشەوە بردووە و لە ڕووی هونەرییەوە گەشەی کردووە.

ئەلکسندەر دوجمنکو بەهرەمەندێکی تری سینەمای سۆڤێتییەو ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بنیاتنانی سینەمای جیهانیدا. بەرهەمەکانی (بەرهەمی خۆشەویستی- ١٩٢٦)، (جانتای دیبلوماسی- ١٩٢٧) و فیلمی (زفینجورا- ١٩٢٨) کە لەم بەرهەمانەدا ناوبانگی دەرکردووە و لە فیلمەکانیدا هەستێکی شاعیری و واقیعی خەیاڵی هەبووە و شێوازێکی قووڵ و کاریگەری هەیە لە جیهانی سینەمادا و هێزێکی نوێی داوە بەم هونەرە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم هونەرمەندانەی سینەمای سۆڤێتی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە داڕشتنی تیۆرییە جوانکارییەکانی فیلمدا، بۆیە ڕەخنەگرانی سینەمایی ئەم قۆناغەی سینەمای سۆڤێتی ناودەنێن بە قۆناغی زێڕینی سینەمای سۆڤێتی.

## سینەمای ئەڵمانی

ڕەخنەگری هونەری ئەرثر نایت دەڵێ (لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا دوو قوتابخانە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە پێشکەوتنی هونەری سینەمادا کە یەکەمیان لە ئەڵمانیایە و ئەوی تریان لە یەکێتی سۆڤێتیدایە).

سینەمای ئەڵمانی بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای ساڵانی بیستەوە ئاستێکی هونەری هەبووە و بەسەردەمی سینەمای زێڕین ناودەبرێت. کۆمەڵێ شێوازی هونەری تێدا دەرکەوتووە. ڕەگەزەکانی ڕووناکی و دیکۆرو جلوبەرگ و کامێرا کاری تەعبیری و هونەری داهێنانی تێدا دەرکەوتووە و شێوازێکی شاعیری هەبووە. فیلمەکانیش بەگشتی چارەسەری بابەتی مرۆڤایەتی و مێژوویی لەخۆ گرتووە.

لە بواری فیلمی مێژووییدا دەرهێنەری بە توانا ئەرنست لوبتیش ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە لەم بوارەدا کە بەشێوازێکی هونەری و تەعبیری ئامێری وێنەگرتنی بەکارهێناوە لەبەرهەمەکانیدا . چەند فیلمێکی مێژوویی وەک (ئان دی بولین) و (ژنی فرعۆن)ی دەرهێناوە پاشان فیلمی (سوموریوم)ی بەرهەم هێناوە و شێوازی نواندنی تەعبیری هەبووە و فیلمێکی ئۆپەرێتی بەدیکۆرێکی نوێ و تازەوە دەرهێناوە کە (پشیلەی کێوی) بووە. پاشان دەرهێنەری بەتوانا فرتزلانج دەرکەوتووە و بە پێشڕەوی سینەمای تۆماری دادەنرێت و بەوە بەناوبانگە لە فیلمەکانیدا بیری گەورەو جووڵانەوەی ئامێری وێنەگرتن ئاستێکی بەرزی هونەری هەبووە وەک فیلمی (سیجفرید) و (تۆڵەکردنەوەی کریمهیلد) لەساڵی (١٩٢٤)دا کە لە ڕووی دەرهێنانەوە زۆر سەرکەوتوو بوو و دیکۆرێکی بێ وێنەی هەبووە.

بەڵام سینەمای ئەڵمانی لە ڕووی تەعبیرییەوە بەناوبانگە و شێوازی هونەری نوێی بەخۆوە بینیوە. یەکەم فیلمی تەعبیری ساڵی (١٩١٣) بول فیجتز دەری هێناوە بەناوی (خوێندکارێک لە براغ) و دواتریش بەناوبانگترین و مەزنترین فیلمی تەعبیری بەرهەم هێنرا لەلایەن (ڕوبرت

فینی)یەوە لەساڵی (١٩١٩)دا کە فیلمی (دکتۆر کالیمجاری) بوو. لە مێژووی سینەمادا لە ڕووی گرنگییەوە بەناوبانگەو هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی شێوازێکی تەعبیری هەبوو. کاری دیکۆر والترڕیمان و والتر ڕوهریج وهرمان ورم بەرجەستەیان کردووە کە سێ هونەرمەندی ئەڵمانیا بوون. ڕووناکیش کارێکی تەعبیری جوانی لەخۆ گرتبوو. جگە لەوەش بەکارهێنانی لەقتەی ناوەندی و نزیک و زۆر نزیک و فلاشباک و دەرکەوتن و دیارنەمان و بڕینی پچڕ پچڕ.. بەشێوەیەکی تەعبیری و جوان بەکارهێنراوە لەگەڵ جوانترین شێوەی بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتن.. جۆرێکی تر لە سینەمای ئەڵمانی کە لەو سەردەمەدا لەدایک بووە، پێی دەوترێت (فیلمی سەرجادەکان) و نرخێکی زۆری هەبووە کە مێژوونووسی سینەمای ئەڵمانی دکتۆر (کراکاو) ناوی لێناوەو دەڵێ لەم فیلمانەدا شەقام و سەرجادە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەو بەرهەمانەدا. وەک فیلمی (سەرجادە- ١٩٢٣) و فیلمی (شەقامێکی دڵتەنگ- ١٩٢٥) و فیلمی (تراژیدیایەک لە جادەیەک- ١٩٢٧)دا کە بەناوبانگترین فیلمەکانی دەرهێنەر (ج. و. بابست)ەو بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکانی تۆمارکردووە و هۆکارە دەروونییەکانی مرۆڤی بەرجەستە کردووە و باس لە ژیانی خەڵک دەکات لە یەکێک لە شەقامەکانی ڤییەننا کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم کارەساتە لە ئەنجامی باری خراپی ئابووری ڕامیارییەوە ڕووی داوە و خەڵکی سەری لێشێواوە. بابست بە جوانترین شێوە کاری وێنەگرتنی تەعبیری لە بابەتەکەدا بەکار هێناوە. هەروەها بابست نەهامەتییەکانی جەنگی لە



ئامێری «براسینۆ سکۆپ» - ڕینۆ - (١٨٧٦)

چەند بەرهەمێکی تردا تۆمار کردووە وەک (شەڕی خۆرئاوا- ١٩١٨) و فیلمی (دریج ڕوشنوبر) و بە تەکنیکێکی نوێ لە بواری وێنەگرتن و مۆنتاژدا. هەروەها جوانترین زەوایەی وێنەگرتن و پێکهاتە بابەتییەکانی بەرجەستە کردووە کە جووڵەیەکی تەکنیکی سەرتاپای فیلمەکەی پێک هێناوە.

هەر لە کۆتایی سەردەمی سینەمای زێڕینی ئەڵمانیدا شێوازی فیلمی تۆماری و هەواڵی دەرکەوتووە و ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە.. والتر ڕوتمان یەکێکە لەو دەرهێنەرانە و ساڵی (١٩٢٧) فیلمی (سەمفونیای بەرلین)ی بەرهەم هێناوە و بەیەکەم فیلمی جیهانی تۆماری دادەنرێت کە شێوەیەکی نوێیە لەبابەتی فیلمدا. کۆمەڵێ لەقتەی جیاوازی لەخۆ گرتووە و ئیقاعێکی سەمفۆنی جوانی هەبووە و قوتابخانەیەکی هونەری نوێی لە جیهاندا خوڵقاندووە کە وێنەگری بەتوانا (کارل فرۆید) بەرجەستەی کردووە. دواتریش فیلمی (ئامێری گۆڕەپانی)ی دەرهێناوە.

### سینەمای فەڕەنسی

دوای ئەوەی هونەری سینەما لە فەڕەنسا لەسەر دەستی لومییر لە دایک بوو، دنیای گرتەوە. پاشان دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش، ئەم هونەرە زیاتر گەشەی کرد لە فەڕەنسادا لەسەردەستی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و حکوومەتی فەڕەنسی کە چەندین ستۆدیۆ کۆمپانیای هونەری فیلم دامەزران و گەشەیان بەم هونەرەداو کۆمەڵێ دەرهێنەرو ڕۆشنبیری سینەمایی پەیدابوون کە بە (لویس دیللوک و کۆمەڵەکەی) بەناوبانگن و خاوەنی قوتابخانەیەکی هونەری سینەمایی فەڕەنسی بوون و ڕۆڵێکی مەزنیان بینیوە لە گەشەکردنی سینەمادا.

لویس دیللوک یەکێکە لە گەورەترین کەسایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سەرەتای ساڵانی بیست لە سینەمای

فەڕەنسیداو سەربەشێوازی ئینتیباعی سینەمابووەو گرنگیان داوە بە سروشت و ژیان و چەندین فیلمی لەم جۆرەیان بەرهەم هێناوە، بەناوبانگترین فیلمی دیللوک (ئافرەتێکی بێ شوێن)بوو کە ساڵی (١٩٢٢) بەرهەمی هێناوە. دیللوک بەتەواوی لە یاسا بنچینەییەکانی هونەری سینەما گەیشتبوو، چەندین بابەتی هونەری لەسەر سینەما نووسییەوە. دواتر کۆمەڵێ هونەرمەندی سینەمایی لە دەوری کۆبوونەتەوە وەک (ئەبیل جانس، جان ئەبشتاین، جیرمین دولاک، مارسیل بیربییە...) کە خاوەنی شێوازێکی هونەری بوون و کاریگەرییان هەبووەو چەندین فیلمیان بەرهەم هێناوە، پاشان هونەرمەندان (جان رینوارو ئەلبرتو کافالکانتی و رینیەکلیر) چونەتە پاڵ ئەم کۆمەڵەیەو زیاتر کارو چالاکی هونەری سینەماییان ئەنجام داوەو خاوەنی ئەزموونێکی هونەری بوون. (وێنە) لای ئەم هونەرمەندانە بە بنچینەی سەرەکی هونەری سینەما دانراوەو گرنگییان بە ڕەگەزی بینراو داوە وەکو ڕەنگ و رووناکی و سێبەر لە شێوەو ئیقاعێکی هونەریدا.

رینیەکلیر کە یەکێکە لەم کۆمەڵەیەو گەورەترین دەرهێنەری سینەماییەو یەکەم فیلمی (پاریسی خەوتوو)بوو کە ساڵی (١٩٢٣) بەرهەمی هێناوەو شێوازێکی داهێنەرانەی کۆمیدی هەبوو. زۆری دیمەنەکانی لە بورجی ئیڤل تۆمارکردووەو وێنەگرانی بەتوانا (دیفاسیو- جیشاو) بەرجەستەیان کردووە بەشێوەیەکی هونەرییانەوە چەندین شوێنی جوان و بێ وێنەیان تۆمار کردووە. زیاتر بابەتێکی پێکەنیناوی هەبووە ئەم فیلمە. ساڵی (١٩٢٧) فیلمی (کڵاوێک لە پووشی ئیتاڵی)ی دەرهێناوە و توانای ئاستی هونەری دەرکەوتووە. کامێرا بەشێوەیەکی جووڵاوەی بەردەوام کاری پێ کراوە و کاریگەر بووە بە قوتابخانەی ئەڵمانی. مۆنتاژو ڕووداویش کارێکی خێرایی بەدوایەکدا هاتنی هەبووە و ڕووداوەکانیش کۆمیدی بوون. هەر بۆیە جون جریدسون دەڵێ (کلیر دەرهێنەرێکی بەتوانا بووەو فیلمەکانی پڕو تەفسیلی هەیە. دواتریش کەسایەتییەکانی بارزن...).

جان ئەبشتاینیش یەکەم فیلمی (ژیان باستیر) بووەو بوارێکی پەروەردەیی لەخۆگرتووەو ساڵی (١٩٢٢)بەرهەمی هێناوەو تەکنیکێکی بەهێزو ئیقاعێکی خێرای هەبووە. جووڵەی کامێراش توانای هونەری تێدا بووەو چەندین فیلمی لەم جۆرەی بەرهەم هێناوە کە لە رووی بابەت و هونەرییەوە سەرکەوتوو بووە.

ئەبیل جانس کە هەریەکێکە لەم کۆمەڵەیە. سەرەتا ئەکتەرو نووسەربووە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕووی کردۆتە کاری دەرهێنان و فیلمی (من تاوانبار دەکەم)ی بەرهەم هێناوە لە ساڵی (١٩١٩)دا و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. دواتریش فیلمی (ڕەوڕەوە) لە ساڵی (١٩١٩) دەردەهێنێ کە زۆربەی دیمەنەکانی سروشتی و ڕاستەقینەبووەو کامێرای بەسەربەستی بەکارهێناوە بێ ئەوەی پەیوەست بێت بە شێوازێکەوە. ساڵی (١٩٢٦) فیلمی (ناپلیۆن) بەرهەم دەهێنێ بەشێوازی سینەما سکۆب کە چوار ساڵ بەم فیلمەوە خەریک بووەو ئەبیل جانس لەبەر توانایی هونەری بە (جریفیثی فەرەنسی) ناودەردەکات.

جان رینواریش ساڵی (١٩٢٦) فیلمی (نانا) دەردەهێنێ و چیرۆکی (ئەمیل زۆلا) بووەو ناوبانگ بەم فیلمە دەردەکات هەر بۆیە سادول دەڵێ (باشترین فیلمی فەرەنسییە کە لە ساڵی بیستەکاندا دەرکەوتووەو لە رووی وێنەگرتن و واقیعی زۆلاوە کاریگەری هەبووە..).

هەروەها کارل درایدی دەرهێنەر فیلمی (جان دارک) بەرهەم دەهێنێ. کە تایبەتمەندی ئەم فیلمە ئەوەبووە کامێرا هەمیشە لە کەسایەتی و ڕووداوەکانەوە نزیک بووەو بەهێزی کردوون.

پاشان لە واقعدا کەسایەتییەکان چۆن بوون هەر ئاوا دەری خستوون بێ کاری مکیاج ئەم فیلمە لە دواساڵەکانی سەردەمی سینەمای بێ دەنگدا بەرهەم هێنراوەو بایەخێکی گرنگی هەبووە کە هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی لەخۆگرتووە.

هەروەها یەکێک لە سیماکانی سینەمای فەرەنسی ئەوەبووە کە کاری ڕەخنەی سینەمایی تێدا دەرکەوتووە. ئەم هونەرمەندانە جگە لەوەی لەبواری دەرهێناندا جێدەستیان دیاربووە ڕەخنەو نووسینی هونەرییان لەسەر جوانکارییەکانی فیلم ئەنجام داوە. ریتشیوتو کانودو یەکێکە لە ڕەخنەگرەکانی سینەمایی و چەندین وتاری هونەری لەسەر جوانکارییەکانی سینەما ئەنجام داوە لە ساڵی (١٩١١)دا. دواتریش لیون موسیناک و لوی دیللوک دەرکەوتوون کاری ڕەخنەییان بەرهەم هێناوە، دیللوک خاوەنی گۆڤاری ڕەخنەیی سینەمایی (سینیا)بووە. لیون موسیناک بەهەمان شێوە خاوەنی گۆڤاری (فیلم)بوو لەساڵی (١٩٢١)دا و چەندین بابەتی ڕەخنەیی هونەری نووسیوە. پاشان رینیە کلیرو کافالکانتی و جرمان دولاک لێکۆڵینەوەی سینەماییان ئەنجام داوەو خاوەنی گۆڤاری (جازیت هونەری حەوتەم) بوون کە بەگشتی ڕەخنەی سینەمایی و بابەتی جوانکاری فیلمیان دەنووسی و ساڵی (١٩٢٣) کانودو

خاوەنی گۆڤاری (هونەری حەوتەم) بووەو چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی سینەمایی نووسیوە و ناوی سینەمای ناوە (هونەری حەوتەم)، چونکە بەبڕوای کانودو سینەما پێکهاتەی چەند هونەرێکەو گرێدراوی یەکن و ساڵی (١٩٢٤) یەکەم کۆنگرەی ڕەخنەگرانی سینەمایی لە پاریس ئەنجام دراو هەموو فیلمە گرنگەکانی سینەمایی هەر لەسەردەمی لومییرەوە تا ئەوکاتە بەرهەم هاتبوون، لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردو باسیان لە گرفت و گرنگی هونەری سینەماکرد.

هەر بۆ یەکەم جار لە فەرەنسا یانەی سینەمایی لەسەردەستی ئەم هونەرمەندو ڕەخنەگرانە لە ساڵی (١٩٢٤)دا دامەزرێنرا بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر فیلمی سینەمایی.

**سینەمای ئیتاڵی**

لەسەردەمی سینەمای بێ دەنگدا ئیتاڵیا یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە لە دروستکردن و پێشکەوتنی ئەم هونەرەداو هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا سیمایەکی تایبەتی لەخۆگرتووە کە فیلمەکانیان گەورەو نایاب بووە لە رووی هونەری و بەرهەمهێنانەوە. سەرەتای ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەند فیلوتیو ئەلبرینی و یەکەم کەس بووە لە ساڵی (١٨٩٦)دا ئامێری وێنەی جووڵاوو وێنەگرتنی داهێناوەو هەر لە ساڵی (١٩٠٥)دا یەکەم فیلمی بەناوی (ڕووخانی ڕۆما) دەرهێناوەو لە مێژووی سینەمادا بەناوبانگەو ڕووداوێکی مێژوویی نیشتمانی بووە. دواتریش لە ساڵی (١٩٠٩)دا جیوزیب دی لیجبورو فیلمی (دۆزەخ) دەردەهێنی و (بیروفوسکو)ش لە ساڵی (١٩١٠)دا فیلمی (ڕووخانی طروادە) بەرهەم دەهێنێ. ڕەخنەگرانی سینەمایی بە فیلمی گەورە (الضخم)ی دادەنێن کە کۆمەڵێ خەڵکی زۆر بەشداریان تێدا کردووەو بە فیلمی مێژوویی ڕۆمانی کۆن دادەنرێت.. ساڵی (١٩١٠) باسکالی فیلمی مێژوویی (سپارتا کۆس) دەردەهێنێ و جوزیب دی فیلمی (ئودیسا) دەردەهێنێ لە ساڵی (١٩١١)دا باسترونی لە ساڵی (١٩١٣) فیلمی (کوفادیس) بەرهەم دەهێنێ و بە گەورەترین کاری هونەری دادەنرێت لە سینەمادا، فیلمێکی درێژبشە و جوانترین دیمەنی سووتانی شاری ڕۆمایە.

پاشان لە ساڵی (١٩١٣)دەرهێنەری بەتوانا ماریوکازینی فیلمی (دوا ڕۆژی بومبای) بەرهەم دەهێنێ و ماوەکەی سێ کاتژمێرو. وێنەگر ئەربترو ئومیتا تۆماری کردووە. بۆیە لەلای ڕەخنەگرانی مێژووی سینەما، ئەم فیلمە بە خاڵێکی وەرچەرخان دانرێت لە سینەمای ئیتالیادا. بەگشتی فیلمەکانی ئیتالیا بە بابەتەکانی مێژوویی بوون و دیکۆرێکی هونەری گەورەی هەبووە لەگەڵ سروشتی جوان و شوێنەواری کۆن و زۆری دیمەنەکانیش دەرەکی بووە. کۆمبارسێکی زۆریش تێیدا بەشداربوون کە بە بەرهەمی گەورە بەناوبانگن و زۆری بابەتەکان کۆن و مێژوویین و لەلایەن نووسەرە گەورەکانی ئیتالیاوە ئامادەکراون.

هەر لەوساڵانەدا کۆمەڵێ فیلمی هەزلی بەرهەم هاتوون لەلایەن ئەکتەرانی وەکو (مارسل فابر، فردیناند غیوم، ئەندریە دید) کە فیلمەکانیان کۆمیدی بەناوبانگن لە سینەمای ئیتالیادا. ساڵی (١٩١٤) فیلمێکی هونەری نوێ بەرهەم دەهێنرێت بەناوی (کابیریا)وە لە دەرهێنانی بیرو فوسکو. بە یەکێک لە بەناوبانگترین فیلمەکانی ئیتالیا دادەنرێت کە چیرۆکێکی ئاڵۆزی دەبێت و پێکهاتن و مۆنتاژێکی هونەری جوان لەخۆدەگرێت لەگەڵ چەندین لەقتەی هونەری، کامێراش هونەریانە بەکارهێنراوە لە هەندێ دیمەندا کامێرا لەسەر عەرەبانە دەجووڵێ بۆ نزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوە لە بابەتەکەوە. کە وێنەگری ئیسپانی سیجوندو شوفون بەرجەستەی کردووەو شێوازێکی نوێی جووڵانەوەی کامێرای لەخۆگرتووەو بێ وێنەیە. دیکۆرێکی گەورەو جوان و ڕووناکیش هونەرییانە بەکارهێنراوە.

بۆیە مێژوونووسان ئەم فیلمە بەبەرهەمێکی گەورەو سەرکەوتوو دادەنێن لە سینەمادا. فیلمی (گومبووەکانی ناوتاریکی) کە هەر لەوساڵەدا بەرهەم هێنراوە، بە بەرهەمێکی باش دادەنرێت و دەرهێنەر نینومارتو جیلو بەرجەستەی کردووەو بە فیلمێکی واقعی دادەنرێت و بەسەرەتای سەرهەڵدانی واقعی نوێ دادەنرێت لە سینەمادا..❖

**سەرچاوەکان**

.........

**١- تكنيك الخدع السينمائية- د. سيد علي.**

**٢- معجم الفن السينمائي- أحمد كامل مرسي- مجدي وهبة.**

**٣- خطوات علي طريق السينما- زهير الخالدي.**

**٤- تأريخ السينما في العالم- جورج سادول/ د. ابراهيم الكيلاني- فايزكم نقش.**

**٥- قصة الخيالية التسجيلية في نصف قرن- محمد علي الفرجاني.**

**٦- تعريف النقد السينمائي- علي شلش.**

# ئۆپەرێت Operetta



**باکووری**

ئەم ناوە لە زمانی ئیتاڵییەوە هاتووە و بە واتاش بچووک کردنەوەی وشەی (ئۆپێرا)یە.

پێناسەی (ئۆپەرێت Operetta، یاخود- Operette- ئەمەی دووەم نووسینە ئینگلیزییەکەیەتی) لە قامووس و لە کتێبی (مع الموسیقی العالمیة- دانانی د. طارق حسون فرید)دا، بەم جۆرەیە: ئۆپەرێت: پێک دێ لە (ئۆپێرا)یەکی سووکەڵە (خفیف) و پڕ لە خۆشی (مرح).. گفتوگۆیەکە (واتا حیوارێکە)، نوکتەبازی و گەمەپێکردن و گاڵتەجاڕی و درێشی (خشونە) تێدا دەبێ! یا کۆمیدیایەکە، سادە و سووک و لەسەر هەڵوێستی ڕەخنەگرتن و دابی نامۆ و نا ئاسایی دادەمەزرێ.

جیاوازی نێوان ئۆپێرا و ئۆپەرێت لەوەدایە کەوا ئۆپێرا: شانۆیەکە بە هەڵبەست (شیعر) دەهۆنرێتەوە، شیعرو هۆنراوەکەشی، هەمووی بە ئاوازەوە، وەک (گۆرانی) دەگوترێ! بابەت و مەوزووعەکانیشی دراما، ئەفسانە، ڕووداوی نیشتمانی و دڵداریش دەگرێتەوە، بەڵام کەم وا دەبێ (کۆمیدی) بێت. بە پێچەوانەشەوە، وەک لەسەرەوە باسم کرد، ئۆپەرێت: کۆمیدیایەکی سووک و پڕ گاڵتەوگەپەو حیوارەکەشی هەمووی بە گۆرانی ناگوترێ: مەرج نییە هەر ڕستەیەکی ئاوازێکی هەبێ! بەشێکی زۆری گفتوگۆیەکە، هەروا، بەبێ ئاواز، وەک قسە کردنێکی ئاسایی لە دەو (لە زار) دێتە دەرەوە!، وەک لە شانۆگەری دیکەدا.

لە ئەوروپا، ئۆپەرێت پەیدا بوو وەک دەرەنجامێکی زۆربوونی (ئۆپێرا) و گەیشتنە لووتکەی ئەوپەڕی (جیدی)یەت لەسەر دەست و داهێنانی هەردوو هونەرمەندی ئەم بوارە.. ڤاگنەری ئەڵمانی و (ڤێردی) ئیتاڵی هاوچەرخی و چەند کەسانێکی تر. ئا لەم کاتانەدا، بە پێویست زانرا کە جۆرە شتێک بکرێ .. واتا جۆرە چالاکییەکی هونەری تر دروست بکرێ و بەرهەم بهێنرێ کە بەرامبەر ئۆپێرا بوەستێ و خەڵک بە پێکەنین بهێنێ و دوای ئەو هەموو دانیشتنە بە ناڕەحەتی لە هۆڵ، بۆ سەیرکردنی ڕووداوی گرژ یا توند و تەنانەت نەرم و خۆشیش، لە ئۆپێرا مێژووییەکان، بۆ نموونە کە زۆرجار دەبووە مایەی ماندوو بوونی (ئەعصاب)ی سەیرکەرەکان.. زۆرجاریش خەڵکانێک هەبوون، هۆڵەکەیان بەجێ دەهێشت، ئەگەر مەجرای ڕووداوەکان یا نواندنی ئەکتەرەکان، یا ئاوازەکان مومیل بوونایە!! سا بەرامبەر ئەوە، هونەرمەندان بیریان لە جۆرە ئۆپێرایەکی تر کردەوە کە هەر هەمان شت بێ، وەک ناوەڕۆک، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدیانە و بە جووڵەو حەرەکاتی سووک و سەمای سەیر و قسەی وای تێدا بێ

بـبـێـتـه مـایەی دڵخـۆشی و پێکـەنین بۆ دانیشتووانی ناو هۆڵەکە..

ئەو بەرهەمـه نوێیـه کـه پێـچـەوانەی ئۆپێراو دراما و مۆسیقـای جددی بوو، ناوی لێنرا (ئۆپەرێت) وەک بچـووک کەرەوەی وشەی (ئۆپێرا)..

ئۆپەرێت، بەشـێـوەیەکی یەکـجـار ڕێکوپێک و بەرچاو، ڕەنگە لەو کاتەوە دەسـتی پێکردبێ کـه لە شـاری (پاریس)، ئۆپەرێتی (ئۆرفـیـۆس لە دۆزەخ)دا نمایش کرا و بەدیارکەوت، کە لە دانانی (ئۆفنبـاخ) بوو، سـاڵی (١٨٥٨ز).

ئۆفنبـاخ، دامـەزرێنەری ئۆپەرێتی فـەڕەنسی، لە فـەڕەنسـا لەسـاڵی (١٨١٩ز)دا لە دایک بـووە و کـەیشـتـه ئەو بڕیارەش بۆ دۆزینەوەی (ئۆپەرێت)، پاڵپشت و سـەنەدی ئەو (ئۆپێرا) میللی و گاڵتەجاڕیانە بوون، کەوا گـەلێک دیمەنی سەما و دەربڕینی هەندێ نوکـتـەی پڕ لە ڕەخنەی کـۆمەڵایەتی و (قەشـمـەری) کـردن بە هەندێ وەزعی نالەبار کـه لەنێـو شـارو کۆمەڵدا سەریان هەڵدەدایەوە!

ئۆفنبـاخ، لەدوا سـاڵانی ژیانیـدا، ژمـارەیەک چـیـرۆکی بەنـاوی (چیـرۆکـەکـانی هۆفـمـان)، کـردن بە ئۆپەرێت، یاخـود ئۆپێـرای هەژەلی بەناوەرۆک و شکڵـێکی نوێتـر، بەڵام ئەم بەرهەمـانەی- کـه زۆریش سـەرکـەوتوو بوون و ناوبانگیـان وەرگـرت- لە دوای مـردنی ئۆفنبـاخ بە ساڵێک، واتا لە ساڵی (١٨٨١ز)دا لە فـەڕەنسـا و شـوێنی تر پیشـان دران و خەڵک بینیانن!

هـەروەهـا، جـگـه لـه ئـۆپـەرێـتـی (ئۆرفـیـۆس لە دۆزەخ)دا، کـه پێشـتـر باسـمـان کـرد، ئۆپەرێـتـێکی دیکەی ژێکەلە و بەتامی ئۆفنبـاخ، ئۆپەرێتی (هێلینای جـوان) بوو کـه لە سـاڵی (١٨٦٤ز)دا نمایش کـرا و ناوبانگی دەرکرد.

دوای دە سـاڵ لە دەرچوونی هونەری ئۆپەرێت، لە پاریس، ئینجا لە شـاری (ڤییـەنا) ئەم جۆرە چالاکییە هونەرییە، هونەری ئۆپەرێت بەدیارکەوت و سەری هەڵدا لەسـەر دەستی هونەرمەند (فرانز فۆن سووبە). ئەم هونەرمەندە، تا ساڵی مـردنی کـه سـاڵی (١٨٩٥ز) بوو، نزیکی دوو سـەد کـارێکی ئا لەم جـۆرە هـونەرە، (هـونـەری ئـۆپەرێت)ی دانـاو بەرهەمی زۆر سـەرکـەوتووشـیـان تـیـادا بەدی کراو خەڵک خۆشیان ویستن!

گرنگترین و بەناوبانگترین میراتگری ئەو دانەرە ئەوروپیـانە، هونەرمـەندی بەناوبـانـگ (یۆهان شـتـراوس) بوو. هەڵبـەتە مەبەست (یۆهان شـتراوسی) دووەمە، واتا کوڕی (شتراوس)ی باوک کـه مـۆسـیـقـارێکی گـەورە بـوو، بەڵام کـوڕەکـەی، ئەوەی لێرە باسی دەکەین، ئەمـەیان لە سـاڵی (١٨٢٥ز)دا لە دایک بووە و لەساڵی (١٨٩٩ز)دا هەر لە نەمسا کۆچی دوایی کردووە. جا ئەم کـوڕە، ئەم هونەرمـەندە ئاوازدانەرە، بە (مەلیکی ڤالس) ناوی لە (ڤییـەنا)ی پایتـەخـتی (نەمسـا) و پایتـەخـتی هونەری مۆسیـقا لە ئەوروپا دەرکـرد، چونکە سـەمـای (ڤـالس) باڵاترین و گەورەترین ناوبانگی لە سەدەی نۆزدەیەم وەرگـرت، وەک سـەمـایەکی کـۆمـەڵانی ئەوروپا، بەتایبەتی لەناو ئاهەنگەکانی چینی ئورسـتـوکـراتیـدا، چونکە (شـتـراوس)ی کـوڕ، دانەری زۆرینەی ئاوازەکـانی مۆسیـقـای (ڤالس) بوو، بۆیە ناویان لێنا (پاشـا.. یا مـەلیکی ڤـالس). هەر ئەم (یوهانس)ەش بوو، چەندین ئۆپەرێتی نووسی و مۆسسقای بۆ دانان و کە زۆربەشیان سەرکەوتووانە و بە پلەی یەکەم ناوبانگیان دەرکرد.



ئۆپەرێتێکی لوبنانی

سەرکـەوتنەکـەش بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کە (ی- شتراوس)، پشتی بە ئۆپەرێتە (ڤییـەنا)یيە کلاسیکییەکان و هەروەها بەو گۆرانییە میللییانە بەست کە لەناو خـەڵکدا نـاسـرابوون و خـۆشـەویست بوون، ئینجـاش جگە لەوان، سـوودی باشی لە کـەلەپووری فـەڕەنسی پێش چاخی (ئۆفنباخ)ی وەرگرت، بۆ دانانی ئەو ئۆپەرێتـە بەناوبانگانەی خـۆی، وەک: ئۆپەرێتی (بارۆنی قەرەج) کە لە سـاڵی (١٨٨٥ز) داینا و ئۆپەرێتی (هەزارو یەک شـەو) و (شـەوێک لە ڤینیسیـا) و (شەمشەمە کوێرە) کە ئەمـەی دواییـان، واتا ئۆپەرێتی (شـەمشـەمـه کـوێرە)، لەکـاتی نمایش کـردنی و کـه یۆهان شـتـراوس، خـۆی مایستڕۆ بوو و قیادەی ئۆرکستراکەی دەکرد، گیانی سپارد و کەوت و مرد! و نەگـەیشـتـە سـەدەی بیسـتـەم، یانی لەساڵی (١٨٩٩ز) کۆچی دوایی کرد!


لە هەمان ئەو ماوەیەدا (شتراوس)ی کـوڕ، ئەو چالاکـیـە گـەورانەی ئەنجام دەدا، دانەرێکی دیکەش، هاوڵاتییەکی ئینگلیزی بوو، (ئارسەر سالیڤان)ی ناو بوو، زەعـامـەتی هونەری ئۆپەرێتی لە ئەوروپا وەرگـرتبـوو. یەکـێک لە

ئۆپەرێتەکانی (دادگایەک لەپێش سوێندخۆرەکان) کە لە ساڵی (١٨٧٥ز) دەری هێنا و هەروەها (پیاوی ئێشککگر) لە ساڵی (١٨٨٨ز)دا بەرهەم هێنرا.

لە ئەمەریکاش، (ڤیکتۆر هێربرت) ناوی دەرچوو، وەک دانەری ئۆپەرێت.. لە ساڵی (١٩٢٩)دا، دوای ئەنجامدانی زێتر لە (٤٠) ئۆپەرێت، کۆچی دوایی کرد.

دەمێنتەوە بڵێین کەوا، بەناوبانگترین دانەری ئۆپەرێت لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەورووپا، هونەرمەندی مەجەرستانی، (فرانز هار) بوو کە ئەویش لە ساڵی (١٩٤٨ز)دا کۆچی دوایی کرد. لە بەناوبانگترین ئۆپەرێتەکانی ئەم زاتە، ئۆپەرێتی(بێوەژنە دڵخۆشەکە) بوو. ئەم ئۆپەرێتە، لە ساڵی (١٩٠٥)دا بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆکانی (ڤییەنا) پێشکەش کراو و هەر ئەوساش دەنگی دایەوە و لە زۆر پایتەختی تر لە ئەورووپا نمایش کراو تەرجەمە دەکرایەوە بۆ زمانی ئەو وڵاتانەی تیایدا پیشان دەدرا.. تەنانەت گۆردرایە سەر زمانی عەرەبیش و لە ساڵی (١٩٦١)دا بۆ یەکەم جار، لە قاهیرە، لە میسر لەسەر شانۆی ئۆپێرا پێشکەش کرا، بەڵام لە میسر، پێشتر هونەری ئۆپەرێت هەبووە و بایەخی پێدراوە، یەکەمین هەوڵیش لەم بارەیەوە، لە ساڵی (١٨٦٩ز)دا بووە، لە لایەن هونەرمەندی بە ڕەگەز لوبنانی (یەعقووب صنوع) بووە. لە پاش ئەو، (ئەحمەد ئەبو خەلیل ئەلقەبانی) کە خەڵکی شام بووە، لەگەڵ تیپەکەیدا هاتووەتە قاهیرە و چەند بەرهەمێکی پێشکەش کردووە.

شایانی گوتنە کە هونەرە جوانەکان، بەتایبەتی هونەری گۆرانی و مۆسیقا و چالاکییە جۆراو جۆرەکانیان، لە زەمانی (خدێوی ئیسماعیل) گەشەیان سەند. ئەم خدێوییە زۆر حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا و نواندن بوو، بۆیە فەرمانی دا


ئۆپەرێتێکی میسری

کە ئەو گۆلە ئاوە (مستنقع)ە کە لەناو ناوچەی (ئەزبەکییە) لە قاهیرە بوو، بکرێ بە حەدیقە و باخچە و گوڵزار.. لەناو ئەو حەدیقەیەشدا، کە چێنرا و درەختەکان گەورە بوون و سەوزایی دیارکەوت، ئینجا دەست کرا بە دروست کردنی (کۆشک) و فرۆشگا بۆ مۆسیقا و نمایش کردنی گۆرانی، لە پاشانیش، پارەیەکی باشی تەرخان کرد بۆ دروست کردنی شانۆیەکی زۆر گەورە و بە هەموو مواسەفاتی شانۆی نوێی هاوچەرخی سەدەی نۆزدەیەم و ناوی لێنرا (مسرح حدیقة الازبکیة) و خدێوی میسر، بەخۆی لە ڕۆژی (٤ی مانگی کانوونی دووەم- ینایر-ی ساڵی ١٨٦٨ز) کردیەوە ئەوساش دوو تیپی گەورەی بەناوبانگ هەبوون لە قاهیرە: (فرقة سلیم نقاش) و (فرقة یوسف خیاط). ئەوانە، بەنۆرە بەرهەمی هونەری خۆیان لەسەر ئەو شانۆیە پێشکەش دەکرد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هونەرمەند: (داود حوسنی ١٨٧١-١٩٣٧) دەورێکی گرنگی هەبوو بۆ پەرەپێدان بە شانۆی گۆرانی و دەنگیشی یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانی، چونکە دەنگی بەرز و قەبە بوو، هەروەها ئەوزان و ئیقاعەکانی بەستەکان و مەقامەکانی زۆر چاک پەیڕەو دەکرد. جا دوای ئەوەی هەستی کرد کە چیتر دەنگی بەرە بەرە ئەو سەدایە خۆشەی نەما، گۆرانی گوتنی بەجێ هێشت و خەریکی ئاواز دانان بوو بۆ گۆرانیبێژانی دیکەی ئەو سەردەمە، وەکو (ساڵح عەبدولحەی، لەیلا موراد، نەجات عەلی، ئەسمەهان و نادیرە)، ئینجا کە (ئوم کەلسووم) هاتە مەیدان، چەندین دەوری بۆ ئەویش دانا، ئینجا خولیای دانانی شانۆنامەی گۆرانی واتا (ئۆپەرێت) بوو، لەم لایەنەوە ژمارەیەک لە ئۆپەرێتی سەرکەوتووی پێشکەش کرد، وەک (شمشون و دلیلة، کلیوباترە، اللیالی الملاح، الشاطر حسن، ناهد شاە، معروف الاسکافي).

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، هونەرمەندی گەورەی بەناوبانگی میسری (ئەلسەید دەرویش ئەلبەحر) دەرکەوت، وەک دەنگێکی ڕەسەن و ئاواز دانەرێکی بەتوانا. سەید دەرویش ئەگەرچی کەم ژیا و بەگەنجی کۆچی دوایی کرد و تەنها (٣١) ساڵ ژیا (١٨٩٢-١٩٢٣ز)، بەڵام قاهیرە، لەو ساڵانەیدا چاخی زێڕینی هونەری بەسەر دەبرد بە ئاوازو ئۆپەرێت و ئەدوارەکانی سەید دەرویش. جاری وا هەبوو لە دوو هۆڵ یا لەسەر زیاتر لە شانۆیەک، لە یەک کات بەرهەمەکانی (سەید دەرویش) پێشکەش دەکران.

میسرییەکانیش زۆریان خۆشویست، بە تایبەتیش کە داگیرکەری ئینگلیز لە میسر کاری (ئیستیعماری) خۆی (جێبەجێ دەکرد و لەبەرامبەریش

میسرییەکان و هونەرمەندەکانی ڕەسەن و بە ئەمــەک بە بەرهەم و گــۆرانی و سروود، کاری بەرگرییـان بەرپا دەکرد. ســەید دەرویش چەند ئۆپەرێتــێکی نیشـتـمانی زۆر گرنگی داناو شەوانە نمایش دەکران وەکو: سروودی (بـلادي بلادي بلادي لك حـــبي و ودادي) و ئـۆپـەرێـتـی (العـشـرة الطيـبـة) و گۆرانییـەکانی وەک (قم يا مـصـري، مصر دايما بتناديك). هەروەها گـۆرانی مــیللی زۆر بە تامــو چێـژی دانا کــە یەکسەر دەچوونە سەر زمانی خەڵک و بڵاودەبوونەوە، وەکو گۆرانی (زورونـي بـالسنة مــرة) کە ئێسـتـاش لە هەمـوو وڵاتە عـەرەبییـەکـان ناوبانگی هەیە و دەگوترێتەوە.

لەدوای ســەید دەرویش، وردە وردە دروست کردنی فیلمی سینەما هەنگاوی دەناو بەرەو پێش دەچوو. لەو مـاوەیەدا فـیلمـەکانی محەمـەد عەبدولوەهاب و عـەزیزە ئەمیر و ئینجا یووسف وەهبی و بەدر لامـا و ئەنوەر وجـدی، وایان کـرد بەرهەمی ئۆپەرێت بەرەو سـسـتی بڕواو خــەڵک زیاتر بچنە ســینەمــاکــان و فیلمەکانیش زۆربەیان گۆرانی خۆش و جاروباریش ئۆپەرێتی سینەماییـان تێدا دەبوون، وەکو ئۆپەرێتی (مجنون ليلى) کــە عـــەبدلوەهاب و ئەســـــەهان پێشکەشیان کردبوو لەفیلمدا.

جگە لە (مــیـســر)یش، لە لوبـنان و ســووریاش، لەنیـوەی دووەمی سـەدەی بیسـتـەم، پەیتـا پەیتـا ، هونەرمـەندانی ئەو دوو وڵاتـە عـــەرەبە کـــە ئەوان پێشکەوتووتر بوون لە وڵاتەکـانی دیکە سەبارەت بە هونەری مۆسیقا و ئاوازی میللی و گۆرانی هەمە جۆر، دەسـتـیـان کــــــرد بە دانـانی ئـۆپەرێـتی بـاش و ســەرکــەوتوو، وەک ئەوانەی لەلایەن خێزانی (ڕەحابنەکان)ی لوبنانی و تیپی هەڵـپــەڕکێ مـیللیــیــەکـانی لوبنان و ســـــووریا. نـاوە نـاوە، لە شـــــاری (بەعلبەک) و شانۆ کۆنەکانی سووریا و ئوردن، بەرهەم دەهێنران کە زۆربەشیـان، مــەبەســتـم ئـۆپەرێتــەکــانە، بابەتی ڕەخنەگرانەیان دەنواند. فشەو گـاڵتەی (خـێـزان)ی و دڵداری سـادەی نێـوان گەنجانی (کچ و کوڕ)ی لادێ و وەسفی (موختار)ی گەڕەک و دەمەتەقێی لەگەڵ ژنەکـەیدا!!.. ئـیـتـر ئا لەم بابەتانە، بە گـۆرانی زۆر سـووک و وشـەی مـیللی و گـفـتـوگـۆی پڕ هەراو هۆریا و چوونە گژ یەک لەسـەر مەسەلەی زۆر نامـاقـووڵ و توڕەهات! ئەمــانـە و لەگـەڵ کـەمـێک سەماو خۆ بادان و جووڵەی سەر شانۆ، بەخێرایی و بازدان و کەوتن و.. تاد!

لە عــیـــراق، چ بە عــەرەبی یان بە کوردی، شتێکی ئەوتۆ نەکراوە و پێشان نەدراوە کـە نـاوی لێ بنرێ ئۆپەرێت! و شایستەی ئەوە بێ باس بکرێ..!! بگرە لەلای خـۆمــان، لە کــوردســتــان.. نەم بیستووە و نەم بینیوە شتێ لەم بابەتە، نە لەســەر شــانۆکــان، یا بە دەنگ لە ئێـزگــەکــان، هیچ ئـۆپەرێـتـێک نمایش کرابێ.

لە لایەن هەندێ گــۆرانیــبـێــژان، لە حەفتـاکـان شتێ هەبوو پێـیـان دەگـوت ئوپەرێت! بەڵام خــۆی جگە لە گــوتنی گـۆرانیـیـەک بە دوو قـۆڵـی، پیـاوێک و ژنێـک.. واتا گـۆرانیــبـێـژێکی کـوڕ و یەکـــــێکی کچ.. پێکەوە، بە نۆرە، شتێکیـان دەگـوت، جگە لەوە شتێ تر نەبوو! ئەمــەش ئۆپەرێت نـیـیـە.. ئەمـە گـۆرانیـیـەکی (دوو قـۆڵی)یە! کـە پێی دەڵـێن (دایـالـۆگ- غـنـائـي). لــەم مـەیدانەدا، لە بیـرمـە هونەرمـەندان: فـوئاد ئەحـمـەد+ گـوڵـبـەهار، تەحسین تەها+ گـوڵـبـەهار، محـەمـەد قـەدری+ نەسرین شـێـروان، یەحـیـا مـەرجـان+ گـوڵـبـەهار، عـوسـمـان شـاربـاژێڕی+ گوڵبـەهار، هەر جووتە و بەرهەمێک یا زیاتریان لەم جـۆرە دایالـۆگـانە تـۆمـار کـردووە، شـایـانی باسـیـشــە کـە ئەم بەرهەمانە بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار دەکران و وێنەیان دەگـیـرا، ئەو دوو قـۆڵـیـیـەی گــوڵـبـەهاری تێـدا بەشـدار بووایە، کــچــێکی تر لەپێش (کــامــیــرا) ڕا دەوەســتــاو دیمەنەکـەی دەنواند، وەک دۆبلاژ کــردن، چونکە (گــوڵـبــەهار)، شێوەی دەم و چاوی زۆر گونجاو نەبوو وەک ئەکـتـەری گـۆرانیـبـێـژ!! لەوانـەیە خـۆی وا هەسـتی دەکـردو ڕازی نەدەبوو لەگەڵ گۆرانیبێژەکە بوەستێ!

پێشتریش، لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، هەندێ ئۆپەرێتی بە (شیعر) ئاوازیان بۆ دانرا بەڵام تەنیـا بە دەنگی یەک گۆرانیبێژی نێرینە تۆمار کراون و بیـســتــراون، وەک ئۆپەرێتی (گــوڵی خوێناوی) کە لە پەنجاکاندا، هونەرمەند مەحمود محەمەد بە تەنیا وتوویەتی، لە پاشان خـوالێـخـۆشـبـوان: ڕەفـیق چالاک و قادر دیلان، هەر یەک بەجیا، بە دەنگی- تاک-ی خـۆیان، واتا بەبێ دەنگی ئافـرەت وتوویانە و تۆمـاریان کردووە! عیسا بەرواریش لەگەڵ دەنگی گوڵبەهار، ئۆپەریتێکی بەناوی (زەمبیل فرۆش) بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە و لە تەلەڤزیۆنیش وێنەی گیراوە و نیـشـــان دەدرێ! بەڵام ئەمـانە، وەک وتم، ئۆپەرێت نین و مەرجی (ئۆپەرێت) یان تێدا نییـە..، جا لەبەر نەزانینی بەرپرسەکانی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا و گـۆرانیـبـێژەکـانیش خـۆیان، لە بابەت مــەرجی ئۆپەرێت، بۆیە وایان دەزانی هەر شـیـعـرێک و هۆنراوەیەک لەسـەر زمانی کچێک و کوڕێک دانرابێ، ئەمە ئۆپەرێتە و بەناوی (ئۆپەرێت) تۆماریان دەکردن..❖


**سەرچاوەکان**

..........


**١- مع الموسيقى العالمية، دانانی: د. طارق حسون فريد، بەغدا.**

**٢- كتاب (الموسيقى) من سلسلة (مــحــيط الفنون) العــدد(٢)، دارالمعارف المصرية.**

**٣- الموسيقى للجميع، دانانی: عزيز الشـوان، الهـيـئـة المصرية العـامـة للكتاب، سنة (١٩٧٩).**

**٤- بیرەوەرییەکانم.**

# هەولێر.. شانۆ و شانۆکاران



مەغدید حاجی

لە سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرەڕای دەسەلاتی شۆڤینستی بەعس و دکتاتۆریەتی سەدام و شەڕی کاولکاری ناڕەوای عێراق- ئێران، لەو کاتەی هێزی پێشمەرگە لە شاخە سەرکەشەکاندا بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوەو زەبری کاریگەریان ئاراستە دەکرد، زۆربەی ڕۆشنبیرانی شار لەبەرەی گەل و پێشکەوتنخوازیدا بوون، بە بەرهەمی بەپێزو بەهێماو داهێنان بۆ بەعسیان دەسەلماند کە کورد میللەتێکی زیندووەو تەسلیم بەخواستی داگیرکەران نابێت و هونەرمەندانیش توێژێکی هۆشیارن و بەیەکگرتوویی و بەداهێنان ڕۆلەکانی گەلەکەیان هۆشیار دەکردەوەو لێرەدا شانۆکاران لەو قۆناغەدا دەورێکی کاریگەریان هەبووە. کە ئەرشیفی شانۆی کوردیمان هەلدەدەینەوە لەقۆناغی هەشتاکاندا سەرەڕای بوونی ڕژێمێکی شۆڤینی دژ بەگەلی کورد، دەبینین لەم قۆناغەدا شانۆی کوردی بەسەردەمی زێڕینی تێپەڕیوە لەسەدەی بیستەمدا..

لەم لێکۆلینەوە ئەرشیفییەدا بەپشت بەستن بەدەفتەری یادەوەرییەکانی سالی (١٩٨٥)م هەلوەستەم بەلای چەندین بەرهەمی شانۆیی و دیاردەی ڕۆشنبیری و کەسانی هونەرمەندو چالاکییەکان کردووە، زیاتر بابەتەکانی پەیوەندیدار بە شانۆ لەم لێکۆلینەوەیەدا تۆمار کراون. لە هەمان کاتدا یادی ژمارەیەکی دیار لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەم شارەم کردۆتەوە.

## پرۆژەیەک لەدایک نەبوو

کاتی ئێوارەی سەرەتای سال (١٩٨٥/١/١) لەگەل برادەران محەمەد تەیموور (نووسەر)، عەبدوللا گۆران (ڕۆژنامەنووس)، ئازاد مەولوود (هونەرمەند) لەیانەی مامۆستایانی هەولێر دانیشتین و بۆ ماوەی دووسەعات و نیو بێ ئەوەی مەی نۆش بکەین، باسی گرنگی دەرکردنی پرۆژەی کتێبێکی دەوریمان کرد دەربارەی شانۆ، وا ڕێککەوتین کە هەر یەکەمان بۆ هەر ژمارەیەک بابەتێکی پوخت و درێژ ئامادە بکات و لە بەرگێکیشدا شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی وەرگێڕدراو بلاوبکەینەوە. من بەلێنم دا بابەتێک بەناونیشانی (ئافرەتی کوردو شانۆ) بۆ بەرگی یەکەم بنووسم. پێشنیاریشمان کرد ناوی پرۆژەکەمان (جیهانی شانۆ) بێت، هەروەها لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە سەرەڕای بابەتی دوورودرێژ لە هەر بەرگێکدا کۆمەلێک کورتە بابەت دەربارەی شانۆ بلاوبکەینەوە، بەتایبەتی پێناساندنی هونەرمەندانی کوردو بلاوکردنەوەی پێناسە شانۆییەکان.. هەروا بڕیارمان دا هەفتەی جارێک یەکتربببینین و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە وتووێژ بکەین.

هەر چوارمان بۆ نووسینی دەست بەکاربووین، کاک محەمەد تەیموور لەسەر مێژووی درامای کوردی نووسی و بەردەوام بوو، کاک عەبدوللا و کاک ئازاد دوو شانۆنامەیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، بەلام دوایی بۆمان دەرکەوت کە نەک یارمەتی

نادرێین، بەڵکو کۆسپیشمان بۆ دروست دەکەن، بۆیە پەیتا پەیتا بەرهەمەکانمان لەگۆڤارەکان بڵاوکردەوەو پرۆژەکە لەدایک نەبوو.

### دوو شانۆیی جەلیل ئەلقەیسی لە هەولێر

دەمژمێر (٥,٥)ی ئێوارەی ڕۆژی (١٩٨٥/٤/٢٢) کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لقی هەولێر دوو شانۆگەری نووسەری ناوداری عێراق جەلیل ئەلقەیسی پێشکەش کرد، یەکەمیان (خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ) وەرگێڕانی عەبدوڵڵا ئەحمەدو دەرهێنانی فەرهاد شەریف، ئەکتەرەکان و دەوریان:

١- ئازاد مەولوود (هەوار هیوز)
٢- پەری حوسێن (مارگرێت)
٣- جەلال بەیار (ئەندازیار)
٤- ماجد بەکر ئەیوب (ڕۆبت)
٥- جەوهەر باپیر (دکتۆر)
٦- بەکر مەعرووف (شاعیر)
٧- جەمال ئیسماعیل (کرێکار «١»)
٨- قاسم نووری (کرێکار «٢»)
٩- مالیک تاهیر (کرێکار «٣»)

دووەمیان شانۆگەری (لێو بە بارەکان) وەرگێڕانی عەبدوڵڵا ئەحمەد، دەرهێنانی ئازاد مەولوود. ئەکتەرەکان:

١- ئاسایش عوسمان دانش (مێردەکە)
٢- ئازادە جەلال (ژنەکە)
٣- باسط ڕەنجدەر (گەنجەکە)
٤- عوسمان ئەحمەد (نەوزاد)
٥- پەری حوسێن (پەری)
٦- موئەیەد فەقێ (شێت، کورتە باڵا)
٧- بەکر مەعرووف (شێت، باڵا بەرز)
٨- جەمال ئیسماعیل (مفەوەز)
٩- قاسم نوری (پۆلیس)
١٠- عومەر شێخانی (فەڕاش)

هەر شانۆگەرییەک ماوەی سەعاتێکی خایاندو جەماوەرێکی زۆر لە گەنج و ژن و پیاو بۆ بینینی شانۆگەرییەکان ئامادەبوون، هۆڵەکە جێگای نەدەبۆوەو نرخی پلیتیش (٥٠٠) فلس بوو.

### ئێوارانی گازینۆی لەیالی

دەمەو ئێوارەی ڕۆژی (٢٩)ی نیسانی (١٩٨٥) لەگەڵ مامۆستا محەمەد تەیموور لە گازینۆی لەیالی هەولێر دانیشتبووین باسی هەندێ کێشەی شانۆیی و هەڵس و کەوتی هونەرمەندانمان دەکرد، کاک محەمەد وتی جارێ لە پێشکەشکردنی بەشی شانۆ لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی



(جیهانی هونەر) وەستاوم و هەڵوێستەکانی هونەرمەند سەعدوون یونسی لەبارەی بەرنامەکە بۆ ڕوون کردمەوە، دوای کەمێک مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش هاتە لامان و بۆی باس کردین کە ڕۆمانێکی لەژێر چاپدایە کە باس لە ژیان و چەوساندنەوەی جوتیاران دەکات لە سییەکان تاکو شەستەکانی سەدەی بیستەم، دوای کەمێک مامۆستا عەزیز گەردیش هاتە لامان و دانیشت، بەیەکەوە لەسەر هەندێ بابەتی ڕۆشنبیری گفتوگۆمان کرد.

شایانی باسە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا ئێواران ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و ئەدیب و نووسەرانی هەولێر لەباخچەی گازینۆی لەیالی دادەنیشتن.

### کە عەبدوڵڵا پشدەری (سەرۆک) بوو

سەعات پێنجی ئێوارەی ڕۆژی (٤)ی ئایاری (١٩٨٥) سەردانی بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانم کردو دەمێک لای کاک عەبدوڵڵا پشدەری سەرۆکی لق دانیشتم و ئەم هونەرمەندانە ئامادەبوون (ڕەسمی جەلال، دارا محەمەد عەلی، بەکر مەعرووف، موحسین محەمەد) کاک عەبدوڵڵا و کاک ڕەسمی بەڵێنیان دامێ کەدوای دوو ڕۆژی تر وەڵامی پرسیارەکانم بۆ بنووسنەوە دەربارەی پرۆژەی ئافرەت لە شانۆی کوردیدا. هەردوو هونەرمەند کاک عەبدوڵڵا و کاک ڕەسمی جەلال زۆر بە (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان)ماندوو بوون.

کاک عەبدوڵڵا پشدەری کە ناوی تەواوی عەبدوڵڵا خدر محەمەد پشدەرییە و لە ساڵی (١٩٣٤) لەقەڵادزێ لەدایک بووە، بۆی نووسیوم دەڵێ: «لەساڵی ١٩٤٧ لاوانی قەڵادزێ

لەجەژنی نەورۆزدا شانۆگەری کاوەی ئاسنگەریان پێشکەش دەکردو منیش دەوری (دەرگەوانی پاشا)م وەرگرتبوو، لەساڵی (١٩٥٣)دا شانۆگەرییەکی مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزیم بەهەندێک دەستکاری نارد بۆ ئێزگەی کوردی لەبەغدا ئەوانیش بڵاویان کردەوە. لەساڵی (١٩٥٧)یش چیرۆکێکم نووسی بەناوی (پاسەوانی (بەندیخانە) بە یارمەتی لاوانی ناحیەی میرزا ڕۆستەم و هەر لەوێ پێشکەشمان کردو لە ساڵی (١٩٦٠)یش کە لەقەڵادزێ سەربازبووم، چیرۆکێکی ترم بەناوی (سەرباز لەڕژێمی پاشایەتی)دا نووسی لەگەڵ چەند لاوێکی سەرباز بەناوی تیپی سوپا لەسەربازگە پێشکەشمان کردو زۆر لەدانیشتووانی شار بۆ تەماشا کردن بانگ کرابوون.

**بەرنامەی گۆڤاری هونەر**

ئێوارەی شەممە سەعات نۆ، ڕێکەوتی (١١)ی ئایار ئەڵقەیەکی تری بەرنامەی (گۆڤاری هونەر) لەلایەن هونەرمەند سەعدوون یوونس پێشکەش کرا، میوانی ئەم ئەڵقەیە کاک موحسین محەمەد بوو کە دەربارەی مێژووی شانۆ قسەی کردو وەڵامی هەندێ لە نووسین و بۆچوونەکانی مامۆستا محەمەد تەیموری دایەوە، هەر لەم ئەڵقەیەدا یادی هونەرمەندی جوانە مەرگ سوبحی کۆیی کرایەوە و هونەرمەندان ئەحمەد سالارو سەلام کۆیی باسیان لەژیانی هونەری و توانا و لێهاتوویی هونەرمەند سوبحی کۆیی کرد.

ماوەیە کە کاک سەعدوون یوونس ئەم بەرنامەیە لەتەلەفزیۆن ئامادەو پێشکەش دەکات و هەر جارەی نووسەر، یان هونەرمەندێک لەم بەرنامەیە باس لەلایەنێکی هونەری کوردی دەکات.

**لە دانیشتنێکی تری لەیالیدا و تیپی پێشڕەوی کرێکاران**

پێنج شەممە (١٦) ئایار کاتی ئێوارە لەگەڵ برایان: محەمەد تەیموور، ڕەسمی جەلال، ئازاد مەولود، بەکر مەعرووف لە باخچەی گازینۆی لەیالی هەولێر دانیشتبووین، کاک بەکر مەعرووف باسی (تیپی پێشڕەوی کرێکاران)ی بۆ گێڕامەوە کە لە کۆتایی حەفتاکاندا چەندین جموجۆڵی شانۆی و هونەری پێشکەش کردووە، ژمارەیەک ئافرەتی کرێکاریش لەم تیپەدا ئەندام بوون و لەشانۆ و هەڵپەڕکێدا بەشدارییان کردووە.

ئەندامە ئافرەتەکانی ئەم تیپە کە لەساڵی (١٩٧٨) دامەزراوە، ئامانەن: (ناسیحە عومەر، حەربیە عومەر، نەرمین حوسێن، ژیان عەلی، بەهار جەبار، ئەحلام جەبار، بوشرا جەبار، بەدیعە محەمەد، هونەرمەند ئەحمەد جەمیل سەرۆکی تیپەکە بوو، بەکر مەعرووفیش ئەندامێکی کاریگەری تیپەکە بوو.

**شانۆگەری خاتوو کلاوزەڕ**

ئەم شانۆگەرییە مامۆستا حەمە کەریم هەورامی نووسیویەتی و حەیدەر عەبدولڕەحمان ئامادەی کردووەو هونەرمەند سەفوەت ئەلجەڕاح بۆ شانۆ دەری هێناوەو ڕۆژی (٢٢/٥/١٩٨٥) لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش کراو (٢٤) ئەکتەری لێهاتوو دەوریان تیا بینی وەکو: سەلام کۆیی لە دەوری (ئاشەوان)، جەلال بەیار لەدەوری (پاسەوان)، سەعدوون یوونس لەدەوری (خان ئەحمەد خان) دڵپاک تاهیر لەدەوری (خاتوو کلاوزەڕ)، سەمیرە سەعدوون لەدەوری (ئاسکە).. نرخی بلیت یەک دینار بوو.

شانۆگەرییەکە لەلایەن دەزگای گشتی سینەماو شانۆ، تیپی نواندنی هەولێر پێشکەش کرا.. بەهۆی گرانی نرخی بلیت و کاتی تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵ، بۆیە ژمارەی بینەران زۆر نەبوو.



شانۆییەکە وەکو چیرۆک ڕووداوێکی مێژوویی لەقالبێکی هونەری دەخاتە ڕوو، ڕووداوە مێژووییەکەش لە بارەی میرنشینی ئەردەلان و ڕووخانەکەی دەدوێت.

مامۆستا حەمە کەریم لە ساڵی (١٩٨٢) ئەم بەرهەمەی بەچاپ گەیاندووە.

**مامۆستا سەفوەت ئەلجەڕاح**

سێ شەممە (٩)ی تەمووزی (١٩٨٥) چوومە لای هونەرمەند مامۆستا سەفوەت ئەلجەڕاح لەبارەگای (دەزگای سینەماو شانۆو تیپی هونەری میللی) لەهۆڵی گەل کە خۆی بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە بوو لە هەولێر، مامۆستا سەفوەت دەربارەی ژیانی تایبەتی و هونەری خۆی و کاروانی شانۆی کوردی لە هەولێرو بابەتی ئافرەت و شانۆ قسەی بۆ کردم و قسەکانیم تۆمار کرد.. مامۆستا لە ساڵی (١٩٣٥) لەکۆیە لەدایک بووە لە پەنجاکان چۆتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەشی شانۆ لەبەغدا، لەسەر دەستی هونەرمەندی نەمری عێراقی (حەقی شبلی) خوێندوویەتی، لە شەستەکان لە هەولێر لەچالاکی قوتابخانەکان دەوری بینیوە، لەساڵی (١٩٦٨)دا تاکو کۆتایی حەفتاکان لە بەغدا کاری کردووە، لەم ساڵانەی دوایش (واتا لە هەشتاکانەوە) کە گەڕاوەتەوە هەولێر جگە لە بەڕێوەبەری دەزگاکە، وەکو دەرهێنەرو ئەکتەرو

سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی نەقابەی هونەرمەندان دەست بەکاربووە.

**موئەیەد فەقێی ئەکتەرو نووسەرو ئارایشتکار**

(٢٣)ی تەمووزی (١٩٨٥) و سەرلەبەیانی لەبەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە ژووری کاک نازم دڵبەند ماوەی پتر نیو سەعات لەگەڵ هونەرمەند موئەیەد فەقێ دانیشتم و لەبارەی هەندێ مەسەلەی مێژوویی پێوەندیدار بەشانۆوە دواین، کاک موئەیەد خۆی لەگەڵ مێژووی دراما لەیۆنانی کۆن ماندوو کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەکتەرێکی سەرکەوتووەو لەزۆربەی شانۆگەرییەکانی پێشکەش کراو لەم ساڵانە بەکاری ئارایشت هەڵساوە، وادەی دامێ بۆ عەسر سەرچاوەیەکم دەربارەی مێژووی دراما لەیۆنانی کۆن بۆ بێنی کە بریتی بوو لەکتێبی (ئەسخیلۆس و ئەسینا) کاتی ئێوارە لەگازینۆی لەیالی بۆی هێنام. لەم دانیشتنەی ئەم ئێوارەیەدا مامۆستا حوسێن عەزیز ڕواندزیش لەگەڵمان دانیشتبوو، مامۆستا حوسێن وتی «لەچاپکردنی نەورۆز نامەکەم پارەکەی لێم سەرف کردبوو بۆ چاپکردن هاتۆتەوە دەستم و ئەوەندە کتێبەی ماوە لە کتێبخانەکان قازانجە و ئێستا خەریکی بەرگی دووەمی نەورۆز نامەم کە بریتییە لەو باس و لێکۆڵینەوانەی لەسەر نەورۆز نووسراون». (جێگای داخە مامۆستا حوسێن عەزیز ڕواندزی لەساڵانی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) کۆچی دوایی کردو چەند پرۆژەیەکی نووسینی لەپاش بەجێ ما).

**بڵاوکراوەی (هونەرە جوانەکان)**

بڵاوکراوەی (هونەرە جوانەکان) لەلایەن مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لەسلێمانی دەردەچێت، تاکو ئێستا (٥) ژمارەی (لێ بڵاوکراوەتەوە. لیژنەی چاپ و بڵاوکراوەی کۆمەڵە دەری دەکات، سەرۆکی لیژنەکە مامۆستا (ئەحمەد محەمەد ئابلاخی)یە سکرتێری لیژنەکەش فایەق عومەر تۆفیقە، ژمارە (٥) لەساڵی (١٩٨٣) دەرچووە، بریتییە لەحەوت وتاری هونەری و لەقەوارەی (١٠٦) لاپەڕە چاپ کراوە.


**عەبدولغەنی عەلی یەحیا و گۆڤاری کاروان، عەبدولفەتاح و هەستی نەتەوایەتی**


ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە (١٩٨٥/٧/٢٥) چوومە ماڵی کاک عەبدولغەنی عەلی یەحیای ڕۆژنامەنووس، کاک عەبدولفەتاحی براشی لەوێ بوو، عەبدولغەنی وتی: «لەم ڕۆژانە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان وەکو کارگێڕێکی گۆڤاری کاروان بانگی کردووم و نارەزایی دەربارەی ناوەڕۆکی گۆڤارەکەو بابەتە بڵاوکراوەکانی پیشان دامەو دەڵێ گۆڤارەکە کەم سیاسەتی دەوڵەت و بەعس بڵاودەکاتەوە».


کاک غەنی دەڵێ: «لەوەڵامدا پێم وت: گۆڤاری کاروانیش وەکو گۆڤارەکانی تر لەلاپەڕەکانی بەرایی هەر ژمارەیەکیدا چەند باسێکی ڕامیاری بڵاودەکاتەوە و لاپەڕەکانی تریش بریتین لەبەرهەمەمی ڕۆشنبیری، بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی گۆڤارەکە قسە لەگەڵ سەرنووسەرەکەی بکەن باشترە» کاک غەنی دەڵێ: «بەڕای من لەگۆڤارەکە ڕازی نین و دەیانەوێ گۆڕانێکی تیا بکەن و دەست لە هەڵسووڕێنەرەکانی بدەن». لەگەڵ کاک عەبدولفەتاح هەندێ گفتوگۆمان دەربارەی هۆکانی ڕووخانی میرنشینی سۆران کردو کاک عەبدولفەتاح کە بەرهەمی مێژوویی سەرکەوتوو دەنووسێت، پرۆژەی کتێبێکی لەبەردەستە لەسەر میرنشینی سۆران. هەروا مامۆستای ناوبراو سەرەتای بڵاوبوونەوەی هوشیاری نەتەوەیی لەکوردستان بۆ سەدەی حەڤدە داناوە بەشەخسی عەبدولڕەحمان پاشای بابان کە لەسەر وەقفنامەی کتێبێکی ئاینی بۆ مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەی نووسیوە و ناوی کوردستان و زانایانی کوردستانی بردووەو پەنجەی بۆ ناوچەی کوردستانیش ڕاکێشاوە، ئەم میرە هەستی نەتەوایەتی لا بەرز بووە».


**لە دانیشتنێکی (مەچکۆ)دا**

لە هەشتاکان گازینۆی مەچکۆ وەکو ئێستا، جێگایەکی تری بەیەک


نەوزاد مستەفا


سەفوەت جەڕاح



ئازاد مەولوود


عەبدولغەنی عەلی یەحیا


موحسین محەمەد

گـەیشـتنی رۆشنبیرانی شاربوو، هەروەها زۆر لە مامۆستایانیش لەم گازینۆیە دادەنیشتن. کاتی عەسر رۆژی پێنج شەممە (٢٥)ی تەمموز دەمێک لەتەک برایان: محەمەد تەیموورو سەدرەدین خۆشناو لەگازینۆی مەچکۆ دانیشتم، کاک (تەحسین مەچکۆ) گازینۆکەی بەڕێوە دەبردو زۆر دۆستی ئەدیب و مامۆستاو هونەرمەندان بوو، لەگەڵ کاک محەمەد دەربارەی بەرنامەی (گۆڤاری هونەر) هەندێ گفتوگۆمان کرد. کاک سەدرەدین خۆشناو وتی لەم رۆژانە چاپی دووەمی (پێکەنینی گەدا)ی حەسەنی قزلجیم خوێندەوە، بەڕاستی چیرۆکی بەتام و چێژو دەوڵەمەندن و پێویستە هەموو رۆشنبیرێکی کورد چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە کوردە بخوێنێتەوە. کاک سەدرەدین باسی ناوەرۆکی هەندێ لەچیرۆکەکانی بۆ گێڕامەوە.

### تیپی شانۆی کرمانج و بێخەمی ناو بەرمیلەکە و خولەی تەمەڵ



تیپی شانۆی کرمانج سەر بە مەڵبەندی لاوانی کوران بوو، رۆژی هەینی (١٩٨٥/٧/٢٦) لەسەر شانۆی هۆڵی رۆشنبیری هەردوو شانۆیی ناو براوی پێشکەش کرد کە هونەرمەند (موحسین محەمەد) دەری هێناون و هونەرمەندان نەوزاد مستەفا، خەتاب حامد، جەوهەر ئەنوەر، دڵشاد ئەکرەم، ئەدیبە عەزیز و ئیسماعیل عەزیز و چەند ئەکتەرێکی تر دەوریان تێدا بینی.

شایانی باسە هونەرمەند موحسین محەمەد هەر لەهەشتاکانەوە بایەخی بەنووسین و کاری دەرهێنان داوە، بەتایبەتی لەبواری شانۆی منداڵان، دەربارەی رەخنەی شانۆیش خاوەن پرۆژەیەکی تایبەتی بوو. هەروەها بایەخی زۆریشی بە ئەرشیف و مێژووی شانۆ داوە.

### لەگەڵ سەعدوون یوونس-دا

سەعات دەی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە (٨)ی ئاب (١٩٨٥) لەهۆڵی گەل بارەگای تیپی هونەری میللی سەر بەدەزگای سینەماو شانۆ، چاوم بە هونەرمەند سەعدوون کەوت و گفتوگۆیەکی یەک سەعاتیم دەربارەی ژیننامەی هونەری خۆی و ئافرەت لەشانۆی کوردی لەگەڵ تۆمار کرد. سەرەتا کاک سەعدوون هەندێک باسی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی بۆ کردم، لەبارەی دەوری ئافرەتی کوردیش لەشانۆدا کاک سەعدوون زۆر شتی بۆ گێڕامەوە...

شایانی باسە سەمیرەی خێزانی و کچ و کوڕەکانی هەموو دەور لە شانۆدا دەبینن، سەمیرەو سەوسەن دوو ئەکتەری لێهاتوون.

### (د. رەحیم) یان عەزیز سەلیمی هونەرمەند

ئێوارەی رۆژی چوارشەممە (١٨)ی ئەیلوولی (١٩٨٥) لەماڵی مامۆستا زرار سلێمان بەگ لەهەولێر بەدیداری هونەرمەندی گەورە (عەزیز سەلیم) شادبووم و بەهەلم زانی هەندێ بیرەوەری لەسەر شانۆی کوردی پێ بگێڕمەوە.

عەزیز سەلیم کە (د. رەحیم)ی پێ دەڵێن لەسەر ژیانی خۆی دواو وتی: «لەساڵی ١٩٢٥ لەدایک بوویم، لەساڵی ١٩٣٦ لە کەرکووک قوتابی سەرەتای بووم، لەوێ لەقوتابخانەی غازی کە کەوتبووە سەر شەقامی حەمرا سەر رێگای شۆڕیجە لەساڵی (١٩٣٦) شانۆگەرییەک پێشکەش کرا کە سەرچاوەکەی شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بوو، کرابووە دەقێکی شانۆیی بەشێوەی پەخشان بۆ شانۆ ئامادەکرابوو، ئەو ئەکتەرە قوتابییانەی بەشدارییان تێدا کرد: مستەفا، ئەدهەم، سۆران، خۆیشم.. لەساڵی (١٩٤٢) لەشاری نەغەدە بووم شانۆگەری (مازیار) پێشکەش کراو دوو دەورم تیابینی، دەوری کچە هەتیوێک و پیرەژنێک.. ئەم شانۆگەرییە مێژوویی بوو لەمێژووی کورد دەدوا.. هەروەها لەساڵانی (١٩٤٤و ١٩٤٥) چوار شانۆگەری لەشاری مەهاباد پێشکەش کران، محەمەد نانەوا زادە نووسەری یەکێکیان بوو کە بابەتەکەی دەربارەی بایەخدان بوو بەخوێندن، هەروا یەکێکی تریان شانۆگەرییەکی ماکسیم گۆرکی بوو، کرابوو بەکوردی بەناوی (گوڵە سپییەکانی پایز) ئەمەیان لەسەرەتای ساڵی (١٩٤٥) پێشکەش کرا، ئافرەت لەمەیان بەشدار بوو ناوی کاراکتەرەکەش (لەیلا) بوو، باوکی کچەکەش مامۆستا بوو.. منیش لەم بەرهەمەدا دەورم بینی».

### سەردانێکی مەحموود زامدار

سەرلەبەیانی رۆژی سێ شەممە (٢٤)ی ئەیلوولی (١٩٨٥) لەنووسینگەی هەولێری دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی سەردانێکی کاک مەحموود زامدارم کرد، کۆمەڵێک لاوی ئەدەب دۆستی لادانیشتبوو، هەندێکیان بابەتیان هێنابوو تاکو بۆیان هەڵبسەنگێنێ و بۆیان رەوانەی بەغدا بکات بەمەبەستی بڵاوکردنەوە.. کاک مەحموود دووبارە داوای لێکردم بە باسێک لە یەکەم زنجیرە کۆڕی تایبەت بەشانۆ بەشداری بکەم کە بڕیارە دەزگاکەیان لەم زووانە لە هەولێر سازی بکات.



## پرۆڤەی (خەج و سیامەند)

بۆ کاتی ئێوارەی هەمان ڕۆژی (٢٤)ی ئەیلوول لە هۆڵی ڕۆشنبیری ئامادەی پرۆڤەی شانۆگەری (خەج و سیامەند) بووم کە بڕیاربوو سبەی پێشکەش بکرێ، بەڵام دواخرا بۆ (١/ ١٠/ ١٩٨٥) زۆر ڕام لە پرۆڤەکە نەبوو، ئەکتەرەکان دروست دەوری خۆیان لەبەرنەکردبوو، نەچووبوونە ناو قاڵبی دەورەکانیان، هاریکاری لەنێوان ئەکتەرەکان باش بەدی نەدەکرا، هەستم بەهات و هاوارێکی زۆر دەکرد لەسەر شانۆ، شێوەی وتار خوێندنەوە زاڵ بوو، هەستم بە سەرکەوتوویی دڵپاک تاهیر کرد لەنواندنا، شانۆگەرییەکە لەنووسینی نازم دڵبەند و دەرهێنانی تەڵعەت سامانە.

## لە بیرەوەرییەکانی مومتاز حەیدەریدا

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی (٢٧)ی ئەیلوول (١٩٨٥) لەماڵەوەیان دیدارم لەگەڵ کاک مومتاز حەیدەری ڕۆژنامەنووسدا هەبوو، کاک مومتاز خاوەن کتێبخانەو ئەرشیفێکی گەورەو دەوڵەمەندە، ماوەی نیو سەعات بیرەوەرییەکانم تۆمار کردو لەبواری دەوری ئافرەتی کورد لە بواری ڕۆشنبیری و شانۆدا وتی: «ئافرەتی کورد لە دەرگای سیاسەتەوە چۆتە ناو کۆڕی ڕۆشنبیری، هەر لە چلەکان ئافرەتان لە ئاهەنگەکانی نەورۆز بەشدارییان دەکرد، لەخۆپیشاندانەکان دژی ڕژێمی پاشایەتی، لەبیرمە لەساڵی (١٩٤٧) خوشکە فەریدە یوونس لەخۆ پیشاندانێکی جەماوەری لەسەر ڕێگای دەرگای گەورەی قەڵا وتارێکی کاریگەری خوێندەوەو خەڵکی بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێدەدا.. هەروەها ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وەکو کۆمەڵەی ئافرەتان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەوری کاریگەریان بینیوە بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان و ڕاکێشانیان بۆ کۆڕی سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەری.. لەکۆتاییی (١٩٥٩)دا لەهۆڵی ئامادەیی کوڕان شانۆگەری (مدیر بەگ) پێشکەش کرا، من و جەمال جەلال ئامادەمان کردبوو دەرمان هێنا، ئەوانەی بەشداری نواندنیان کرد هەموویان ئافرەت بوون، لەوانە سوهەیلا حەسەن دەوری بەڕێوەبەری ناحیەی بینی، نازەنین حەیدەری دەوری حەمباڵ، فەوزیە فایەق دەوری دایکی بەڕێوەبەری بینی، هەر لەو دەوروبەرەدا ئۆپەرێتێکی تر نمایش کرا کە فکریە نورەدین و فەوزیە عەلاف دەوریان تیا بینی».

## شانۆگەری خەج و سیامەند

ڕۆژی (١/ ١٠/ ١٩٨٥)و ڕۆژانی دواتر تیپی شانۆی ڕۆشنبیریی سەر بە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە هەولێر شانۆگەری (خەج و سیامەند)ی پێشکەش کرد.

ئەم بەرهەمە لەنووسینی نازم دڵبەندو دەرهێنانی تەڵعەت سامانە و ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندانی شار بەشدارییان لەنواندندا کرد کە ئەم بەڕێزانەن: (محەمەد سەعید ئیبراهیم، عەلی ئەحمەد، سەڵاح عەبدوڵڵا خۆشناو، دڵپاک تاهیر، ئاسایش عوسمان، ئیبراهیم حەکیم، دڵشاد سامان، شلێر ئەحمەد، جەلال ئەحمەد، بەکر مەعرووف، خەلیل جەمیل، قاسم نووری، جەمال ئیسماعیل) هەردوو هونەرمەند سەڵاح خۆشناو و دڵپاک تاهیر لەدەوری خەج و سیامەندا ئەوپەڕی داهێنانیان نواند.

دەرهێنەر لەم بەرهەمەیدا دەڵێ: «ئەوەی بوونی مرۆڤایەتی دەپارێزی نە زانست و ئازایەتییە و نە هیچ شتێکی تر، بەڵکو خۆشەویستییە.. چونکە گشت فەلسەفەکانی دونیا ناگەن بە خەندەیەکی سەر لێوی دڵدارێک»

## کۆڕی هەڵسەنگاندنی (خەج و سیامەند)

دیاردەیەکی چاک و پێشکەوتووە کە دوای پێشکەش کردنی هەر شانۆگەرییەک لەسەر شانۆ. کۆڕێک دەبەسترێ بۆ هەڵسەنگاندنی شانۆگەرییەکە.

ڕۆژی دووشەممە (١٤)ی تشرینی یەکەم لەگەڵ کاک عەبدولغەنی عەلی یەحیا لەکۆڕێکی ڕەخنەیی لەهۆڵی ڕۆشنبیریی ئامادەبووین، برای ڕەخنەگر حەیدەر عەبدولڕەحمان لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر شانۆگەریی (خەج و سیامەند) پێشکەش کرد، کە لەسەرەتا لەبارەی چیرۆک، یان داستانی خەج و سیامەند لە فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی قسەی کردو چەند نموونەیەکی لە چیرۆکەکە هێنایەوە، لەدواییدا بەراوردی لەنێوان دەقەکەی نازم دڵبەندو فوئاد مەجید میسریدا کردو وای خستەڕوو کە وێکچوونێکی زۆر لەنێوان هەردوو دەقەکەدا هەیە، ئینجا باسی کاری ئەکتەرەکانی کردو لەبارەی ئەکتەرەکان دواو باسی لەمۆسیقای بەرهەمەکەو دیکۆریش کرد.. ڕەخنەکە پتر لایەنە سلبییەکانی شانۆگەرییەکەی خستەڕوو، تێکڕا بەرهەمەکەی بە بەرهەمێکی سەرکەوتوو لەقەڵەم نەدا.. کاک مەحمود زامدار کۆڕەکەی بەڕێوە دەبردو هەندێ لە بەشداربووانی بەرهەمەکەش ڕاوبۆچوونی خۆیان خستەڕوو.

**(گوندەکەم جێناهێڵم)م نەدی**

ناونیشانی ئەم شانۆگەرییە سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئەوکاتە، کاتی ئێوارەی ڕۆژی (١٩)ی تشرینی یەکەم لەپێش هۆڵی ڕۆشنبیری ئامادەبووم بۆ بینینی شانۆگەرییەکە، کۆمەڵێک لاویش وەستابوون، ئاگادارکرامەوە کە دوای دوو ڕۆژ لەنمایش کردن شانۆگەرییەکە وەستێنراوە.

**یەکەم زنجیرە لێکۆڵینەوەی شانۆو ئەدەبی شانۆیی**

لەژێر دوو درووشم، یەکەمیان سیاسی بوو کە سەپاند بوویان و بریتی بوو «لەژێر سایەی شۆڕشدا شانۆ گەشە دەکات» و دووەمیان شارستانی بوو «مرۆڤ و شانۆو شارستانییەت» لەڕۆژی (٢٦) تاکو (٣٠)ی تشرینی یەکەم و لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوی کوردی یەکەم زنجیرە لێکۆڵینەوەی شانۆو ئەدەبی شانۆیی ڕێک خست و کاک مەحموود زامدار دەوری سەرەکی هەبوو لەسازدانی ئەم زنجیرە چالاکییە. لەدانیشتنی یەکەمدا چەند وتارێک پێشکەش کرا.

ئینجا باسێک بەناونیشانی ئەکتەرو هونەری نواندن لەلایەن مامۆستا خەلیل یابە، دمەتەقێیەک لەلایەن شلێر ئەحمەد، باسێک دەربارەی ئەرشیفی تیپی شانۆی لادێ لەلایەن ئیبراهیم حەکیم، سەعات چواری ئێوارە کۆڕەکان دەست پێکرانەوە بەمجۆرە:

١- جوانکاری لەهونەری شانۆیی- فەرهاد شەریف.
٢- جان ڤیلای هونەرمەند- دڵشاد سامان.
٣- دەنگ و هونەری دەنگ- سەلاح خۆشناو.


**ڕۆژی دووەم (١٩٨٥/١٠/٢٧):**

١- دەربارەی ئەکتەر- حەیدەر عەبدولڕەحمان.
٢- ئافرەت و شانۆ- دڵپاک تاهیر.
٣- ئاوڕدانەوەیەک لەشانۆی کوردی- مەحموود بێوەی.
٤- ئەکتەر لەشانۆی گریکی کۆندا- موئەیەد فەقێ.

**ڕۆژی سێیەم (١٩٨٥/١٠/٢٨):**

١- ئافرەت لە شانۆی کوردیدا- مەغدید حاجی.





٢- کێ وێلی لۆمانی کوشت- شێرزاد حەسەن کە هەڵسەنگاندنی شانۆگەریی (مردنی دێوەرەیەک)بوو.

**ڕۆژی چوارەم (١٩٨٥/١٠/٢٩):**

١- تاقیکردنەوەیەک و چەند سەرنجێکی شانۆیی- چەتۆ حەسەن.
٢- ئەکتەرمان لەبواری شانۆدا- زایەر عەبدوڵلا.
٣- هەندێ لایەنی هونەری لە شانۆگەرییەکانی حەفتاوە تا ئەمڕۆ- ئازاد مەولوود.

**ڕۆژی پێنجەم (١٩٨٥/١٠/٣٠):**

١- ئەرکەکانی بەڕێوەبەری شانۆ- شاهین نەجمەدین.
٢- زۆرانبازی لەشانۆی ستریندبێرگ- ڕێدار ئەنوەر.
٣- هەڵسەنگاندنێکی هەموو باسەکانی دیدارەکە لەلایەک کاک تەڵعەت سامان، کە بە کورتی باسەکانی هەڵسەنگاند.

لەکۆتاییدا کاک نازم دڵبەند بەیاننامەی کۆتایی خوێندەوە کە بەزمانی عەرەبی و بە ئیمزای موسلح جەلالی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی نووسرابوو.

**شاری ئەوین**

کاتی ئێوارە ڕۆژی (١٩٨٥/١١/١٩) لەهۆڵی ڕۆشنبیری ئامادەبووم بۆ بینینی شانۆگەریی (شاری ئەوین) لە نووسین و دەرهێنانی تەڵعەت سامان و ئەو ئەکتەرانەش بەشداری لەنواندندا دەکەن: (غازی غەفوور، نەوزاد ڕەمەزان، وەلید مەعرووف، جەلال بەیار، ئاسایش عوسمان، شوکروڵلا شێخانی، بەکر مەعرووف، دڵپاک تاهیر، باست ڕەنجدەر، شلێر ئەحمەد، ئازاد مەولوود، ئەحمەد حەیران، قاسم نووری، جەمال ئیسماعیل، عوسمان حوسێن) بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردە، دەوروبەری (٣٠٠) بینەر ئامادەبوون، نرخی بلیت ٥٠٠ فلس بوو.❖

# شانۆی «نو»ی یابانی
## «سێبەری جەنگاوەر»

**د. سالح سەعد**
**و/م. پەروەر**

«سەیری کەن سەماکەری «نو» چۆن لەبازنەی بێدەنگییەکی کپوخامۆشدا دێت، هەوا وەستاوە هیچ شتێک جوولەی پێ ناکات، تەنیا چەند دەنگێکی لاوازی مۆسیقاژەنەکان نەبێت و ئەو شوێنەی کە کەوتۆتە نێوان بینەرو شانۆ، بەدەنگدانەوەی دەنگێکی ڕەسەن گەرم بۆتەوە سەماکەریش لەکاتی سەماکردنا، بێ دەنگییەکی لەدەوروبەری خۆیدا دروست کردووە..
لەوەختی سەماکردنیشدا
دەبینین کات بەدوادەکەوێ بۆ ئەوەی دەرفەت لەشوێن وەربگرێت.
لەو شوێنە تەسکەش کە سەمای تیادا دەکات،
دەبینین لەنێوان ئێرەو ئەوێدا جێگۆڕکێ دەکا،
لەنێوان ئەم جیهانە و جیهانێکی تردا ...»

**شیعری: ڕاسموسن**

گومانی تێدانییە لەکێشوەری ئاسیادا زۆر شتی شاراوە و نادیار هەن، وەک کۆسپ و لەمپەر وان لەبەردەم ئاشنابوونمان سەبارەت بە جۆرو شێوە شانۆییە ڕۆژهەڵاتییە کلاسیکییەکان، لەوانەش «ئۆپێرای پەکیل، یان شانۆکانی هیندو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو، شانۆی یابانیش بە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەیەوە «نو+ کابوکی»، چ لە ڕووی شێوە هونەرییەکەیەوە کە ئەو شێوانە پشتی پێ دەبەستن، یان لەڕووی فەلسەفە ئیستاتیکییەکەیەوە پێکهێنەری ئەو زەمینەیە لەڕووی دروست بووە.

هەرچەندە بنچینەی شانۆی «نو» لەسەر بنچینەی شانۆی ئایینی دامەزراوەو بیروباوەڕەکەش لە (زەنی بودایییەوە) وەرگیراوە، ئەمە و سەرباری بەریەککەوتنی لەگەڵ باوەڕە هاوشێوەکانی تری وەک شامانیە و باوەڕی شەنتۆدا، لێرەدا ناتوانین بە تەواوەتی پێ لەسەر ئەوەدا بگرین و بڵێین ئێمە لەبەرامبەر شانۆییەکی ئایینی تەواوداین و بەڕووی ژیانی دنیاییدا داخراوەو، تەنیا بۆ خزمەتکردنی ئەو باوەڕە، یان یەکێکی تر بەسیفەتێکی ڕەهایی تەرخان کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ لەگەڵ دەقەکانی شانۆدا بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵە بکەین (وەک دەقی درامایی خاوەن مۆرکی ئەدەبیانە، بەڵام دەتوانرێت بەهۆی کۆمەڵێک ئەکتەرەوە نمایش بکرێت).

بۆیە لێرەدا خۆمان بەپلەی یەکەم لەبەرامبەر شانۆییەکی ئیحائانەی- جووڵەدار دەبینینەوە، چونکە شانۆی «نو» شێوەیەکی درامایی هێمن و نەرم و نیانییەو... پشتی بە بونیادێکی بنچینەیی جێگیر بەستووە و پابەندە بە گێڕانەوەی یەک جۆری تایبەت کە بەهۆیەوە کاراکتەری ڕۆحیانە لەسەر تەختەی شانۆ زیندوو دەکرێتەوە، ئەم کاراکتەرانەش ڕەنگە شەیتانەکان، یان ڕۆحی ئافرەتە بێ هەستەکان، یان ڕۆحی مردووەکان بێت.. لێرەداو لەگەڵ جێگیربوونی بونیادو سادەیی و قووڵی ناوەڕۆکی گۆڕاودا سەروەری، یان زاڵبوونی وشەو کرداری شانۆیی پاشەکشێ دەکاو بواریش لەبەردەم کارکردنی وێنەدا دەکرێتەوە و ئەمیش دەبێ بە شێوەیەک لەشێوەکان، هەڵگری چەندین ناوەڕۆک، یان چوار چێوەی بێ کۆتایی بێت..



داریۆفۆ

«هەر هەنگاوێکی پێ و هەر ئاماژەیەکی دەست، بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و نەخشەشی بۆ کێشراوە. ئینجا ئەکتەر- لێرەدا- بە جووڵەو ئاوڕدانەوەکانی دەناسرێت لەگەڵ هاوسەنگی سەرکەوتووانەو تەواودا... ڕۆیشتنی هەنگاوێک مانای وایە قۆناغێکی تەواو.. بەرزکردنەوەی دەست مانای وایە گریان... کەمترین ئاوڕدانەوە بەسەر مانای جۆرێک لە ڕەت کردنەوەو نکوڵی کردن دەگەیەنێت...».

کەواتە ڕۆحانیەت (زمانی هێما)یەو.. سێبەریش (کە گونجاوبێت لەگەڵ حاڵەتی تێڕامانی قووڵدا).. توندوتیژیش لەجوانکاریدا (کە هاوتەریبی پرەنسیپەکانی سوارچاکی بێت و ناسراویشە بە بۆ شیدۆ) دابونەریت و هونەرەکانی شەڕکردن لەلایەن جەنگاوەرانی، یان شەڕکەرانی سامۆراییەوە. ئەو سێ کۆڵەگە بنچینەییەی کە سنووری دەربڕینی، یان گوزارشت کردنی شانۆی ڕۆژهەڵاتی پێک دەهێنن بەتایبەتیش شانۆی یابانی لە بەرامبەر سێ کوچکەی جەستە... کردار.. عەشقدایە و چوارچێوەی شانۆیەک پێک دەهێنن و پێی دەڵێن شانۆی ڕۆژئاوا.

لەبەر ئەوەی جووتێنی، یان دوو فاقی بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندێتی گەوهەرییانەی هونەری شانۆییە، ئەم دوو دژە هەریەکە- بە بەردەوامی- دەمامکێکی گونجاوی بۆ خۆی دروست کردووە بۆ ئەوەی خۆی لەپەنادا حەشار بدات و، لەبەرچاوی سانسۆری توندوتیژی کۆمەڵایەتیش بەدووربێت. لەکاتێکدا کە شانۆی ڕۆژئاوا پەنا دەباتە بەر ئەدەبی نووسراو، لەپێناو ئەوەیە کە بەڕووالەت هەستەکەی و جەستەکەی پێ بەڕێوە ببات (کە تیایدا جەستە نامێنێت لەبەر ئەوەی ئەندامێکی بێرمەندە بەپێی دەربڕینی هیگڵ و بەرجەستەکردنیش ئامانجی کۆتاییەتی، یان دوا ئامانجە)، لەبەر ئەوەی شانۆی ڕۆژهەڵاتی لەسەمای ڕەمزی، یان گوزارشتی جووڵەیەکی بەشێوازکراودا دۆزراوەتەوەو هۆی سوودمەندبوونیشی لەدەرکەوتن و مانەوەدا بەزیندوویی دەبینێتەوە.

ئەگەرچی ئەو مۆرکە هەمەلایەنییە پێکهاتەییەی کە شانۆی ڕۆژهەڵاتی پێی ناسراوە، بە ئەکتەرەکانیشەوە لە گرفتی جووت بوون، یان جیابوونەوە، یاخود لاسایی کردنەوە بەدوور کەوتۆتەوە لەنێوان ئەو ئەکتەرەو ئەو کاراکتەرەی کە دەینوێنێت، یان ڕایی دەکات- هەروەکو ئەوەی کە لەشانۆی ڕۆژئاواشدا ناسراوە، یان پەیڕەوی لێکراوە- ئەو لەمەدا بە یەکجاری سیمای گەوهەری، واتە سیمای جیابوونەوە ڕەت ناکاتەوە.

کەواتە دژ بەیەکبوون، یان جووتێنی و دوو فاقی، لێرەدا لەسەر دڵی ئەو پێکهاتە یەکگرتووەدا سەرپا دەکرێت، یان دەبێت، ئەو گرێدانە توندوتۆڵەی کە لەنێوان هونەرو- بەتایبەتیش هونەرەکانی سەماو جووڵە- فیکری ئایینی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە، ئەوەیە کە مۆرکی، یان شێوەی لێک جیاکردنەوەی دیاردە گەرایییانە دادەمەزرێنێت، بەتایبەتیش ئەوەی کە پێوەندی بە بیرۆکەی شانۆی ڕۆژهەڵاتی و بنیاتنانەوەکەیەوە هەیە. ئەو شانۆ سەما ئامێزانەی کە پشت بە تەکنیکی گوزارشت کەرانەی جەستەی ڕووت دەبەستێت، لەهەمان کاتدا شێوازێکە لە شێوازەکانی پەروەردەی ڕۆحی و ئاینییانە، کە جەستەی تیادا بەکاردێت بۆ ئاشکراکردنی حاڵەتەکان، یان دەرخستنی ڕۆح و ئازارەکانی، ئەو کارە هەروەکو سەماکردنی (حاڵ گرتنی) سۆفی و دەروێشە ناسراوەکانی لای خۆمان وایە.

کەوابوو لۆژیک، یان یاسای هونەری جووڵێنەر لێرەدا هەمان لۆژیکی ناسراوی ئەو هونەرانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە و لەهونەری وێنەگرتنی ئیسلامیدا شارەزای بووین، لەو بارەیەوە (د. عفیف بهنسي) دەڵێت: «وێدەچێت ئەم جۆرە هونەرە بۆ ئاشکراکردنی گەوهەری خود بێت و دەبێ پەردە لەسەر ڕووی ئەوەش هەڵماڵێن کە بۆ مرۆڤ هەرچی نمایشاوی و هەستیارانەیە تیایدا وازی لێ بهێنێت». واتە بەکارهێنانی جەستە لێرەدا لەبەر ئەوەیە کە لێی ڕزگاربێت، یان نەیهێڵێت، ئەمەش بەمەبەستی ئەوە نییە کە نمایش بکرێت، هەروەکو ئەوەی کە ئێستا لەشانۆی ڕۆژئاوادا هەیە و باوە.

سەرەڕای سروشتی ئەو جیاوازییە گەوهەرییانەی کە نێوان شانۆکارەکان جیادەکاتەوە، چونکە لێرەدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەوڵ دەدەین جیاکارییەک- گەر تیۆریانەش بێت- لەنێوان شانۆی درامایی و هونەرەکانی تری گوزارشت کەردا، لەوانەش هونەرە گوزارشت چییە جووڵەیی و سەماییەکان، لەو حاڵەتەدا ئێمە دابونەریتێکی پەرشوبڵاو و هەڵەیەکی ئاڵوگۆڕ پێکراو دەگرینەبەر کە لە ئەوروپاییەکانەوە بۆمان گواستراوەتەوە، بەهۆی ڕێگەو میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە، کەواتە جیاکاری، یان جیاوازی لەنێوان سەماو شانۆدا کارێکەو تایبەت بووە بە شانۆی ڕۆژئاوا، کە ئەمیش جیاوازییەکە و برینی قووڵ ئاشکرا دەکات، واتە ئاشکراکردنی ئەو نارێکییە لەو کەلەپوورەی کە سەرکێشی دەکات بە ڕاکێش کردنی ئەکتەر بۆ ئەوەی نکوڵی لە جەستەی خۆی بکات و، پاڵیش بە

سەمازانەوە بنێت بۆ ئەوەی زیاتر خولیای هونەری سەرکەوتووانەی هەبێت (هەروەکو ئەوەی کە لەبالیەی کلاسیکیدا هەیە)، کە ئەمەش جیاوازییەکەو بەلای هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتییەوە سەیرونامۆیە و هەروەکو ئەوەش وایە کە لەسەردەمەکانی مێژووی ڕابردوودا بەلای هونەرمەندە ئەوروپاییەکانەوە سەیر بووە.. کەواتە ئەو بنەما گەوهەرییەی کە هونەرمەندی شانۆی ڕۆژهەڵاتی پشتی پێ دەبەستێت، بەمانا هەمەلایەنییەکەی پێوەندی بەو وێنە کۆنە- ئاوێتەبوونەی شانۆوە هەیە، واتە هونەری وێنەی ڕەزم ئامێز کە وشەو جووڵەو مۆسیقایە لە یەکەیەکدا دەستەبەر بکات.


لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست و دروست نییە کە بەچاوی شانۆی سەمادار، یان تەواو گۆرانی «گۆرانی ڕووت» سەیری شانۆی ڕۆژهەڵاتی بکەین، هەڵبەتە بە گوێرەی خشتەکانی پۆلێن کردنی هەردوو جۆری ڕۆژئاوایی بێت کە بڕیاریان لەسەرداوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە هونەرێکی شانۆیی لەگەڵدا ئاوێتە بووەو بە ئاسانی و خۆکردەکییانە لەنێوان نواندن و سەماو گۆرانی و مایمدا «دەربڕینی بێدەنگ» تێکەڵ بەیەکتر دەکرێت، بۆ نموونە لەنێوان واقع و خەیاڵ، گاڵتە و پیرۆزی، بینراو و نەبینراودا لەیەکەو ئاوازێکی سەرتاپاگیر تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن، بۆ نموونە شانۆی «نو» لە نەژاددا «لەبنەڕەتدا» تێکەڵییەکی هاوسەنگ ئامێزە لەنێوان سەماو گوزارشت، یان دەربڕینی بێدەنگدا، لەدواییدا بیرۆکەو هەقایەت و ڕێگەی داهێنانیانەی بۆ نمایش کردن خرایە سەرو بۆیان زیاد کرا.

ئاوێتەبوون- پێکهاتە لەڕووی تەکنیکییەوە- بەسیمایەکی سەرەکی دادەندرێت لەشانۆدا، لەسروشتەکەیدا کۆبەندییەک لەنێوان جۆگەکان، یان هونەرە جیاوازەکان دروست دەکات- لەبنەڕەتدا- شیعرو مۆسیقاو هونەرە جوانەکان... تاد، هەریەکەو سەربەخۆیی خۆی دەبێت- ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ورووژاندنی گومان سەبارەت بە بێگەردی چۆنایەتی بۆ شانۆ، ئینجا لەنێوان داهێنەرەکانیدا بواری ململانێ دەکاتەوە، لە سەرەتادا لەو نووسەرانەوە دەست پێدەکات کە جۆرێکی ئەدەبی تایبەتی تێیدا دەبینن، تا دەگاتە ئەو دەرهێنەرانەی کە ئەگەر گوزارشتە، یان دەربڕینە ڕەخنە نوێخوازییەکان بێت هەوڵی «کوشتنی دانەر» دەدەن، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەموویان زۆر چاک پەی بەوە دەبەن کە ڕەسەن بوون لە شانۆی- گریکی کۆندا- هونەرێکی نمایشکراوی فرە لایەنی بنیاتنراو بووە و بەپێی بیرکردنەوەیەکیش بووە کە نەپسپۆڕبوون و نەپۆلێن کردنی چۆنایەتی زانیوە، یان پشتی بەباوەڕێکی وا بڕوادار بەستبێت کە وەک مەبدەئێک جووڵەی گەردوونی ڕێک خستبێت.

بەڵام ئەوەی کە لەناوەرۆکەکەیدا پێوەندی بەشانۆی ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە، ئەو چالاکی نواندنە پوختەیەیە کە یەکسانە بە باوەڕی شامانیزم و پێوەندیشی بە بیرۆکەی ناوبژیکردنی نێوان هەردوو دنیای پیرۆز و دنیای ڕۆحانی و مادی، بینراو و نەبینراودا هەیە. هەروەکو ئالارویس نیکۆڵیش دەڵێت «ئەو تایبەتمەندێتییەی کە هەموو شانۆیەکانی ڕۆژهەڵات پێی دەناسرێت لە پێکهاتەی شانۆیەکەدا نییە بەقەدەر ئەوەی لەو دابونەریتانەدایە کە چاودێری هەموو ئەو شتانە دەکات کە پێوەندییان بەنواندنەوە هەیە» ئینجا ئەو شوێنەی کە زۆر بەرچاو و دیارە، دەبێ بۆ ئەکتەرو هونەرەکەی بێت، بەنیسبەت توخمەکانی تری نمایشی شانۆییەوە، چونکە لەو شانۆیەدا ئەکتەر لەشێوەی ڕۆڵی جادووگەر، یان کاهینیکی (شامانی) بەدەردەکەوێت کە ناوبژیوانی لەنێوان واقیعی ڕۆژانەو جیهانی دواوەی شاراوە دەکات.. جگە لەمە دەقەکانی شانۆی «نو» کە زیامی کواناحی باوکی نووسیویانە، لەشیکارکردنی کۆتاییشدا بە دەقەکانی ئەکتەرەکانی کۆمیدیای دیلارتی دەچێ و نووسینەکانیشی لەنووسینەکانی شانۆکاری هاوچەرخی ئیتالیا (داریۆفۆ) دەچێت کە ناوزەد کراوە بەناوی چەند دەقێک بۆ سووتاندن. کواناحی و زیامی کوڕی لەبنەڕەتدا هەردووکیان کۆنترین و بەناوبانگترین دانەری تیپەکانی شانۆی «نو» بوون.

لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی شامانی کاهین توخمێکی سەرەکی و جێگیر دەبێت لەتوخمەکانی بونیادی درامایی بۆ خودی دەقە نووسراوەکان لە شانۆی «نو»دا، لە هەموو نمایشێکی «نو»دا ئەکتەرێک ڕاستەوخۆ هەڵدەستێت بەدەوری «واکیدا» یان دەوری «واکیدا» دەبینێت. ئەمەش جەخت لەسەر ئەو گریمانەیە دەکاتەوە کە دەقی ئەو شانۆگەریانە بەتایبەتی بۆ ئەکتەرەکان داندراوە، نەک نووسین لەخودی خۆیدا وەک چالاکییەکی ئەدەبی بێت، ئەکتەر لەو لایەنەوە لەو کۆڵەگە سەرنج ڕاکێشەوە دەچێت کە توخمە پێکهاتووەکانی دیاردەی شانۆیی بەگشتی ڕووی تێدەکەن و لێی جیادەبنەوە، یان لێی دەتەکنەوە.

لەو هەموو شتەدا دەکرێ سروشتی ئەو چەمکانە بۆ بینین کە تەحەککوم لەبەهای ئەکتەرو سروشتی کارەکەی و ئامانجە کۆتاییەکەی دەکات، لەو شانۆیەی کە لەسەر بنچینەی میتۆدی جیاواز سەرپاکراوە کە وەکو پێویست جیاوازی لەگەڵ ئەو شانۆ نواندنانە هەیە کە لە قوتابخانەکانی نواندنی ڕۆژئاواییدا پێی ئاشنابووین، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی باسی لێوە بکەین لەپێناو بنیاتنانی وێنەیەکی زەینیانەی نزیک لەو شێوەیەی کە دەقەکانی شانۆی «نو» بەخۆوەی گرتووە. یەکێکیش لەو چەمکانە- هەڵبەتە- چەمکی نواندنە (لەڕووی پیشەییەوە بەکردار کردنی)، ئەم وشەیە لەزمانی لاتینی وەرگیراوەو لێکدراویشەو، وشەی ئەکتەریش لەم وشەیە وەرگیراوە و لەشانۆی یابانیدا (دەست نیشانکەر)ی



پیتەر برووک

پێدەڵێن و لای عەرەبەکانیش ئەم وشەیە بەکار دەهات.

### دەستنیشانکردن.... چەمکی «ناوبژیوان»

دەستنیشانکردن لەبواری کۆمەڵناسیدا بەو شێوەیە پێناسە دەکرێت کە پرۆسەیەکی کامڵەو مەبەستیش لێی گواستنەوەی فیکرەکان و بەهای دەستەجەمعییە لە تەجریدەوە بۆ واقیع... ئەگەر لەبارەی هونەریشەوە گوزارشتی لێ بکەین «دەستنیشانکردن» پرۆسەی بەرجەستەکردنی ئەو شتانەیە کە نابینرێن، یان خەیاڵین، بەهۆی ناوەندە ماددییەکان، بینراو، واقیعییانە... لێرەدا هەروەک ئەو پرۆسە ناوبژیوانییە خۆی نیشان دەدات کە لە ئەفسوون نزیکتربێت، زیاتر لەوەی کردەی دۆنادۆنی، یان لاساییکردنەوەی ژیان بێت، ئەوەش لەو جۆرە گێڕانەوە نزیکمان دەکاتەوە کە دنیای ئەفسوونی پێکهاتووانە پێی ناسراوە و پشتیش بە پرەنسیپی نواندنی ڕەمزیانەی بەش دەبەستێت «چونکە ئامادەکردنی کاریگەریەک، یان شوێن پێیەک، یان بەشێکی زیندوو لەو شتەی کە پێویستە کاریگەری لەسەر هەبێت بۆی بەسە.. کە بابەتی گێڕانەوەکانە- بۆ تەواوکردنی کرداری ڕەمزییانە لەسەری، ئەویش کرداری بەهیمەت کردن، یان بەستنەوە یان بەندکردنە..)، ئەویش خۆی لەخۆیدا لاساییکردنەوەی یان گێڕانەوەی ئەفسوونیانەیەو ئامانج و کارێکی دیاریکراو لەواقیعدا دەپێکێت، چونکە لەناو سنووری ئەو جیهانە ئەفسانەییە و میتافیزیقیایەدا زۆرجار بوونەتە بنکەی یەکەمی دانان بۆ ڕەمز و ئیدیۆم و وتەی نەستەق و رووخسارو هونەرە خواستەکانی تر بۆ بیناکردنی فۆرم، یان شێوە لەکاتێکا ڕاستەوخۆ بوون و سادەیی بەشی ناوەڕۆک بووە.

ئەکتەر، یان «دەستنیشانکەر» لێرەدا خەریکە دەبێتە ڕەمزی کۆمەڵێکی هەمەلایەن و هەر لە ڕەگ و ڕیشەوە وازی لەمێژووی کۆمەڵایەتیانەی بینەرەکەی هێنابێت، نەک تەنیا دەورگێڕێک، یان یاریزانێک کاراکتەرێکی نامۆ لەخۆی نمایش بکات. هەروەکو ئەوەی کە مۆریاکی واتانابی (بەڕێوەبەری شانۆی هاوچەرخی یابانی) ئاماژە بەم جۆرە دەکات و دەڵێت «وێنەی ئەکتەر لەشانۆی (نو و کابۆکیشا) وێنەیەکی میانگیریانەی نێوان هەردوو وێنەی دیایکراوە لەشانۆی ڕۆژئاوادا.. کە ئەویش خۆی لەخۆیدا وێنەیەکی شێوە ئامێزەو نە لەکاراکتەری نوێندراوەو نە لە کاراکتەری ئاساییشدا هەیە، بەڵکو ئامادەبوونە بۆ تەکنیکی لەشی، یان جەستەی ئەو ئەکتەرەی کە لەوساتەدا گوزارشت لەهیچ شتێک ناکات، بەڵام سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.. بەهۆی ئەو توانا دەگمەنەی کە لەسەر گوزارشتی سلبیانەدا هەیە.

بینەری وورووژێنراو ڕەنگە ئەوەندە پێوەندی بەخودی ئەکتەرەوە نەبێت، بە قەدەر ئەوەی کە پێوەندی بەجۆرە پێشکەش کراوەکەوە هەیە، وەک جۆری دەروونی.. کۆمەڵایەتییانە، واتە بەو ئەکتەرەی کە هەڵگری خواست بێت. ئەم ئەکتەرە دەزووی دایەلۆگی درامایییانەی بەرز بووەوە موتابەعە ناکات، بەقەدەر ئەوەی کە جەمسەری سەرەکی وەرگیراوە لە پرۆسەی، یان کردەی هاوبەشی شانۆییدا وەردەگرێت، کە ئەویش ڕەزمە، ڕەزمی دۆخەکە، دۆخی گێڕانەوەی، بەواتایێکی تر وا دیارە دەستنیشانکراو (ئەکتەر)، هەروەکو ئەوەیە کە لەو جۆرە کەلەپوورە کلاسیکیانەدا دەوری ناوبژیوان، یان میانگیر لەنێوان جیهانی ئەبستراکتەکان و واقیعدا ببینێت، ئەو ناوبژیوانییە (وەک چەمک) وەک بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی عەقڵییەتی باوەڕپێکراو یان بڕوادار بەیەکەی بوون و بەچاککردنەوە بەدیاردەکەوێت، پچڕان، یان دابڕان لێرەدا گەیشتۆتە نێوان هەردوو دنیا... بینراو و نەبینراو، سەرەوە و خوارەوە، ئەوی دی و خود، تاک و کۆمەڵ.. ئەمەش فەرمانێکە و سیمای بنەڕەتی، یان سەرەکی دەبەخشێت بەکارەکەی، واتە ئاوابوونی شکڵییانە.

لەوانەیە لێرەدا بتوانین بەپێی پێویست سیماکانی ئاوابوونی ئەفسانەییانە-ی زمانەوانی بەبیرخۆمان بهێنینەوە کە هەر لەشێوەکەی ڕا دیارە کە جیهانی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتییانەی پێ چاپ دەکرێت، لەوانەش هەزارو یەک شەوە و چیرۆکە میللییەکانی تر کە پڕن لەبوونەوەری مام ناوەندی وەک (دێو و درنج و جنۆکەو عەفریت). کە ئەرکەکەی نەهێشتنی ئەو بۆشاییەیە کەلەنێوان هەردوو جیهاندا هەیە. ئەم هەموو شتانە دەمانگەڕێننەوە بۆ ئەو ماوە مێژووییانەی کە دەستنیشانکەرەکان وەک بوونەوەرە دەست لێدراوەکان، یان گەمە پێکراوەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، لەکاتێکدا کە ئەوان وەک هۆیەک هەستەکانی خۆیان بۆ ناسینی کەسانی شاراوەی نابینراو پێشکەش دەکرد.

لێرەدا وادیارە ئەوەی دەستنیشانکەر پێی هەڵدەستێت، جۆرێکە لەکاری وێردییانەی نیمچە پیرۆز، لەڕاستیشدا هەروایە. ئەوکارەی کە دەستنیشانکەر ئەنجامی دەدات، چوونە ناو حاڵەتەکانی غایب بوون، یان دابڕانە، یان لێک جیاکردنەوەی، یان پارچە پارچە مەبەستگەریانە بوو بۆ

هۆشیاری، یان خەون (بەپێی ئەو دەربڕینەی کە کارل یۆنگ دەیدات، واتە یەکێک لەحاڵەتەکانی سەرەتای ونبوونی ڕۆح بەشێوەیەکی کاتی) بۆ ئەوەی خۆی وەک پردێک لەنێوان هەردوو دنیادا پێشکەش بکات! ئەگەرچی ئەوەی کە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشی دەکات بەمانای تەنیا چەند بەوەهم بوونێک نایەت، یان بڵێین کارێکی سیحریانەی نادیارە، بەڵام شتێکەو نزیکە لەحاڵەتی خۆ دەرخستن کە دەرفەتی پێدەدات لەقەوارەی کەسێتییە باوەکەی دەربچێت، یان تێپەڕ بکات و بیفڕێنێت و بەرەو ئاسۆیەکانی ئەو خەیاڵە ئەفسووناویانەی ببات بۆ ئەو شێوە ناباوەی کە جووڵەو دەمامک و جل و بەرگ و دەنگەکەی و...تاد لەسەر دەبێت. ئەوەش لەو سروشتە دراماییانە بەدوور نییە و تایبەتمەندە بەو دەقە شانۆییانەی پێشکەشی دەکات، ئەگەرچی ئەو دەقانە لەشێوە هونەرییەکەشدا سەربەم جۆرە ڕیالیزمە بن، بەڵام ڕیالیزمی جۆری تایبەت، ئەمەش لەم جۆرە ڕیالیزمە نزیکە کە ئەمڕۆ بەجۆری ڕیالیزمی سیحریانە ناسراوە، ئێمە هەروەکو (باندۆلڤ)یش دەڵێت (کاتێ قسە لەسەر ڕیالیزم دەکەین لە ئەدەب و شانۆی یابانیدا، دەبێ ئەو چەمکە بەمانای ئاشکرابوون وەربگرین).

ئاماژەمان بە گرنگییەتی دوو سەرەی سەمادا چ وەک شێواز، ڕەفتار بۆ ئەکتەر لە شانۆی ڕۆژهەڵاتیدا بایەخی پێدەدرێت، ئەو لەلایەکەوە چوارچێوەی گشتی بۆ جووڵەی تەعبیریانە پێک دەهێنێت، نەک تەنیا فیلێکی ڕازاوە، یان تابلۆیەکی جیابووەوەی لەگۆشتی نمایشی درامایی دابێت، لەلایەکی تریشەوە سیستەماتیکێکی زمانەوانی کامڵەو لەچەندایەتییەک پێک هاتووە لە جووڵەو ئاماژەی ئاڵۆزو زەحمەتدا بێ کەم و کوڕی بێت، بەڵام بەنیسبەت بینەرەکەی تەواو ڕوون و ئاشکرا، یان تێگەیشتووانەیە، کە ئەویش زمانێکە و پێویست بە بەکارهێنانی جیاوازو نائاسایی دەکات بۆ ئەندامانی جەستەو کارە باوەکانی، کە ئەویش خۆی لەخۆیدا کارێکەو لە ئەکتەر دەخوازێ لە حاڵەتەکەیدا بگاتە ئەو حاڵەتەی کە چۆن (دەروێش و سۆفی) دەرزی و بزمار (زەرگ و سیخ) لەجەستەی خۆیان دەدەن، یان ڕادەکەن، یان پارچە شووشەی شکاو قووت دەدەن.

ئەوەی کە پێشتر باسمان کرد جەخت لەسەر گرنگی و بەزەحمەت پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئەکتەر دەکات، لەشانۆی ڕۆژهەڵاتیدا بەو جۆرەی کە گونجاوە سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەکتەر بۆ بینین و گێڕانی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ئاوا گرنگ و کاریگەر، لەگەڵ ئەوەشدا پێشینەی سروشتیانەی سیستەمی خانەوادەی هونەریشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کاری پێدەکرێت لەشانۆی «نو» و کلاسیکیدا و تیاشیدا پشت بەکۆمەڵێک جووڵەی دیاریکراو و بنەما بڕیار لێدراوەکان دەبەستێت لەنواندندا، بەڵام پەروەردەی هونەرییانەی توندوتیژ بەس نییە بۆ دروستکردنی ئەو ئەکتەرە لێهاتووە، چونکە لەکۆتاییدا خۆی لەسەر شێوەی باوەڕپێکراوی بەرچاو، یان بینراو نیشان دەدات کە لەنوێژکردنا لە جووڵەی دەرەکییانە زیاتر ناکات، بێ ئەوەی بەتەواوەتی تێکەڵ بەحاڵەتی بوونی قووڵی پێویست بێت بۆ هەر نوێژێکی ڕاستەقینە!

هەروەکو زانراوە ئەم شێوە نواندنە پێویستی بە ڕاهێنانێکی دوورو درێژو سەخت هەیە لەپێناو گەیشتن بەساتی نموونەییانەی دەربڕین، یان نموونە ئامێز بۆ گوزارشتکردن، ئەوساتەی کە تیایدا هەرچی بەرگری جەستە هەیە نامێنێت، یان بەرەو نەمان دەچێت، شانۆکاری پۆلەندی «گرۆتۆفسکی» ناوی لەم ساتە ناوە ئامادەبوونی سلبیانە بۆ ئەنجامدانی کردارێک.. ساتی ئاشکرابوون، یان دەرکەوتن، یان خۆ دەرخستن لای ئەوکەسانەی کە وەرزشی ڕۆژهەڵاتیانە دەکەن کە ناسراوە بە «یۆگاوکۆنگ فۆ» یان لە هونەرەکانی تری شەڕکردنی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە، ئەمانە هەر هەمووی لەچوارچێوەی هونەردان، هونەری دۆزینەوەی ناوەسفیانەی، یان وەسف نەکراوانەی، یان نابینراوانەی هێزەکانی ڕۆحی مرۆڤ، یان هونەری زاڵبوون بەسەر «حاڵەت»دا لەبەرامبەر بۆچوونی هونەری ڕۆژئاواییدا بەتەوەرکراوە کە سەبارەت بە چەمکی «کردار»ە.

لێرەدا دەڵێین یەکەم شت کە ئەکتەر لەو شانۆیەدا پێویستییەتی چاکی و بێگەردی ڕۆحەو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاستێکی زۆر بەرزە و مەرج نییە هەموو کەسێک بیگاتێ، مەگەر ئەو کەسە بە قۆناغێکی دوورودرێژی پاکژبوونەوە، یان پاکبوونەوە تێپەڕبووبێت، ئەو حاڵەتەیە کە هاوکاری دەکات لەپێناو گەیشتن بە ڕاهێنانە ناخۆش و پڕ زەحمەتەکانی «یۆگا»، ئەم جۆرە ڕاهێنانە توانا بەمرۆڤ دەدات بۆ چڕکردنەوەی وزە هزری و ماسوولکەییەکان و دەست پێکردنی لە ئاسمانی کردارەوە لە حاڵەتی وەستاو، یان تێڕامانی قووڵدا، ئەم حاڵەتەش بەرامبەر بە چەمکی خاوبوونەوە دێت لە پەروەردەی شانۆی ڕۆژئاواییدا کە لەسەر بنەمای ڕیالیزمی سایکۆلۆژیانە سەرپاکراوە، هەندێک لە شانۆکارە ڕۆژئاواییە تازەکانی وەک (گرۆتۆفسکی و پیتەر برووک) زیرەکانە هەستیان بەوە کرد کە یاری «یۆگا» وەک وەرزشێکی ڕۆحیانە کاریگەری چەندە کاتێ کە بەکاری دەهێنن لەچوارچێوەی بەرنامەی مەشق پێکردنی ئەکتەردا، بەتایبەتیش وەرزشی «ئەلهاسایۆگا» کە یەکێکە لەو لقە دەروون ئامێزانەی کە پێوەندی بە کۆنترۆڵکردنی جەستەوە هەیە لەمیانەی کردەوەی پاکی ڕۆحدا. وازانراوە کە «دیۆگا»- وەک سیستەمێک بۆ خۆگرتن- بەمانای هەناسەدان دێت لەلایەن مرۆڤەوە، جا چ لەلایەنی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنەوە بێت، یان لەلایەن ئەو دەلالە ڕۆحیە قووڵانەوە بێت بۆ مانای هەناسەدان کە وەک هاو واتایەک بێت بۆ مانای لەدایکبوون، یان مردن، بەردەوامیش بێت لەگەڵ

توخمەکانی بوون کە بەهۆی هەواوە هەناسە دەدەن. قسەکردنیش لەبارەی هەناسەدانەوە بەواتایەکی تر بەرەو چەمکی دووەممان دەبات کەسەرەتاکانی نواندن و ڕاییکردنە لەشانۆی ڕۆژهەڵاتیداو ناسراویشە بە چەمکی وزە.

### چڕبوونی وزەو جووڵە لەزەمەندا

لەو قسەیەدا «هیچ شتێک مەکە» بەم شێوەیە ئامۆژگاری کارەکەرەکەی دەکات و لێرەدا مەبەستی ئابووری کردنە، یان دەست وەگرتن بەچاکەی لابردنی، یان کەم سەرف کردنی وزەی جەستەییە لەپێناو ئەوەی کە مرۆڤ ناچار نەبێت زیادەڕۆیی بکات، یان زیاد لەپێویست گوزارشت بکات و وای لێ بکات کە لە پێداویستییەکانی سروشت دەربچێت. وزە لەشی کردنەوەی کۆتاییدا بەرەنجامی هاندەرە پێویستییەکانی ناوەوەیە بۆ کردارێکی دیاریکراو (لێرەدا مەبەستمان لە زاراوەی نییەتە لە ئیسلامدا. لەحاڵەتی نمایشیشدا وزە ڕەهەندێکی هەست ئامێزو ڕۆشنکەرەوە بەنیسبەت ئەکتەرەوە وەردەگرێت، کە بەزاراوەی ئامادەبوون ئاماژەی پێدەکەین، هەروەکو (ئیریک پینتلی)یش دەڵێت (ئامادە بوون تەنیا بۆ ئەوە نییە کە تۆ ئەکتەر ببینیت، یان گوێت لێی ببێت... ئامادەبوون ئەوەیە کە هەستی پێ بکەیت!؟ واتە نواندن لە واقیعی ئەو هێزەوە دەست پێدەکات و لەحاڵەتی بەکارهێنانیشیدا دەبێت بەداینەمۆ (دینامیا) و بەهێزترین حاڵەتیش بۆ بەکارهێنانی هێزێکی لەو جۆرە ئەوەیە کە بەڕاستی و بەشێوەیەکی موگناتیس ئاسا ئەکتەر جەماوەرەکەی خۆی بخەوێنێت.

وشەی وزە، هەڵگری مانای زۆر قووڵەو دەیبینین لەخودی خۆیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەڕەگ و ڕیشەی میتافیزیکەوە لەخۆوە دەگرێت بۆ بوونی مرۆڤایەتی، چونکە چەمکی وزە، ئینجا ئامادەبوون لەلای ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی خۆی بەسەر پەیوەست تەقلیدیانە بەبوونی فیزیکیانەی هەست پێکراو جووڵەی دیاریکراو (میزانسیسن) نابەستێت، بەڵام بەهۆی گرێدانی بەزەمەنەوە بەرەو ئاسۆی زۆر فراوانتر تێپەڕی دەکات، چونکە لە (١٧٪) وزەی ئەکتەر دەبێ لەکاتدا بەکاربهێندرێت و لە (١٣٪)یشی لەبۆشاییدا بەکاربهێندرێت، بۆ نموونە ئەکتەرە یابانییەکان دەڵێن «کارە کە لەحاڵەتی دەستنیشانکردندا هەروەکو جووڵەیەک خۆی نیشان دەدات لەو شوێنەدا کە وەستاوە بەفیعلی کۆتایی نایەت، بەڵکو لەوە زیاتر دەبێت. کەواتە وزە یەکێکە لە ویستەکانی دەربڕین لەکاتی درێژبووەوەدا هەروەک ڕووبارێک کە بەردەوام ئاوی پیادا دەڕوات، پێش و پاش دەربڕینەکە خۆی، کە ئەویش وا دیارە وەک بەلەمێک بەهێواشی لەسەر ڕووی ئاوەکە دەڕوات.

لەبەر ئەوەی وادیارە لەوێ دژ بەیەکبوونەک، یان ئاڵۆزییەک هەیە کە لەنێوان دوو هێزدا ڕوویدابێت کە ململانێ دەکەن لەگەڵ دەستنیشانکەر لەحاڵەتی دەربڕیندا (ناوەوە و دەرەوە)، کەوابوو وزە بەتەواوەتی بەرەنجامی ئەو گرژی و ئاڵۆزییەیە، جیاوازیش لەنێوان بەکارهێنانی ئەکتەری جۆری ڕۆژئاوایی و ئەکتەری ڕۆژهەڵاتیدا لەسروشتی ئەو گرژییانەدا هەیە، هەر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی لێبوونەوەی جیاوازی گەوهەری لەمانای وزەو شێوازی بەکاربردنەکەیدا، چونکە ئەکتەری ڕۆژئاوایی بەپلەی یەکەم دووچاری ئاڵۆزی و گرژی سایکۆلۆژیانە دەبێت، لەکاتێکا دەبێ جەستەکەی لەحاڵەتی نیمچە سروشتیدا بمێنێتەوە، بەتایبەتیش لەکاتی نواندنی واقیعانەدا پشت بە فەرهەنگی جووڵەو ئاماژە ئاسایی و باوەکانی ڕۆژانە دەبەستێت و بگرە بەکارهێنانی ئەو جووڵانەش دەگرێتەوە کە جووڵەی نمایشکارانەی هونەرین، بەڵام ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی خۆی بەحاڵەتی ئاشتیانەی قووڵی ناوەخۆیی دەبەستێتەوە، لەکاتێکا ئاڵۆزی و گرژی لەنێوان بەشەکانی جەستەکەیدا توندوتیژ دەبێت کە ئەمەش لەئەنجامی سووربوونیەوە دێت سەبارەت بەجێبەجێ کردنی جۆری تایبەتی ئاماژەو جووڵە ئاساییەکان.

سروشتییە ئەم جۆرە لەدەربڕینی شێواز ئامێزدا (واتە ئەو جووڵانەی کە لەقاڵبێکی سیستەمی گوزارشتیانەی زۆر توند داندراون) ببێتە هۆی تەرکیز کردنە سەر ئەکتەر، بگرە لە حاڵەتی بێ دەنگیشدا بێت بەتایبەتیش دوای ئەوەی لادراوە، یان کردارەکانی لەنێوان کەوانە یەک لەدوایەکەکاندا بەچوارچێوە کراوە.

لێرەدا جیاوازی لەنێوان زاراوەی وزە لەتێگەیشتنی (چەمکی) ڕۆژئاواییدا بەدەردەکەوێت کە لەسەر بنەمای پرەنسیپی تەماحی و خۆگونجاندن (هارومۆنیبوون) سەرپا دەبێت و لەنێوان چەمکی ڕۆژهەڵاتیانەی کە لەپرەنسیپی دژ بەیەکبوون بینادەکرێت، کەواتە کۆمەڵە سەرەکییەکان بۆ بارەکانی جەستە لەجۆرەها شێوەی شانۆی ڕۆژهەڵاتی سەماکەردا هەن و ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەسەر شێواندنێکی وریایانەو زاڵبوو بەسەریدا بۆ هاوسەنگ بوون.

### جۆرەکانی نواندن لەشانۆی «نو»دا

ئەوەی کە لەم جۆرە شانۆیە دەمان ورووژێنێت ئەو ئەکتەرە بێ دەنگەیە- کە بە بۆچوونی هاوچەرخ- هیچ شتێک ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت کاتێ کە دێتە سەر شانۆ، شتێک دادەنێت، یان مۆمێک دەکوژێنێتەوەو خۆی لەبارێکی وا نیشان دەدات کە کەس نەزانێت کێیە؟ لەوانەیە لەسەرەتادا خۆمانی پێوە خەریک نەکەین، یان گوێی پێ نەدەین، بەڵام تەنیا بەڕووی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵاو واڵا و بێ لایەن ڕوو بەڕوومان ببێتەوە، تاکو هەست بەبوونی بکەین لە جووڵەدا.. جووڵەی زەمەن کە بەهۆی نەزم و ڕەزمی دڵی و هەناسەدانە ڕێک و پێکەکەی دەبێت. ئایا ئەکتەری لەم جۆرە بەگوێرەی گوزارشتی (هیگڵ)یانە بێت بەرەو لێواری نەبوونی جێگیری (پەشێوی)

ڕەهامان نابات؟

ئەو ئەکتەرە جۆرێکی ناسراوە لە شانۆی (نو)دا و ناویشی (واکی)یە، لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسی شانۆی ئیتالیایی (فیتۆباندولفی) هەڵساوە بەکورتکردنەوە و دابەشکردنی جۆرەکانی نواندن لەشانۆی (نو)دا، لە شانۆی (نو)دا ئەکتەرێکی سەرەکیمان هەیە و ناوی (شیت)ە، (واتە ئەوەی کاردەکاو هەڵسوکەوت دەکات) ئەکتەرێکیش پشتگیری دەکات و ناوی (واکی)یە کە زیاتر ڕاهیبە، یان قەشەیە و ڕۆڵی گشت کاراکتەرە چاوەڕوان کراوەکان دەگێڕێت، یان دەبینێت... (ر. سینۆت) (کە وەرگێڕی بەڵگەنامەکانی «زیامی»یە بۆ زمانی فەرەنسایی) ئەو کاراکتەرە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت (کە واکی لەبنچینەدا وەک میانگیرێک ڕەفتار دەکات لەنێوان شیت و (کە زیاتر ڕۆحی مردووە) بینەردا، گرنگیەتی کاراکتەری واکی لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە- هەروەکو (ف. باوزەریش وای بۆچووە و دەبینێت)- کە بەرەنگدانەوە لەقەڵەم دەدرێت بۆ واقیعی مێژوویی.. کە ئەویش دەربڕین، یان ڕەمزی تایەفەیەکی بودایی و بەناوی «جیشوا»دەناسرێت، کە پسپۆڕ بووە لەپێوەندی کردن بە ڕۆحی مردووەکانەوە لەڕێگەی خوێندنەوە (نواندن) وسەمادا، ئەوانە هەڵدەستان بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی شەهیدەکانیان واتە بەدووبارەکردنەوەی ڕۆحیان بۆ بینەر بەهۆی گێڕانەوەی دەستنیشانکەرانەوە. لەلایەکی ترەوە واکی- وەک تەکنیک- نموونەی دال بووە لەسەر باری دووسەرەی ئەکتەری یابانی، کە پێشتر باسمان کردووە، کە ئەویش باری ئامادەبوونی خراپ کە لەهەمان کاتدا توانای لەسەر سەرنجڕاکێشان هەیە.

لەبەر ئەوەی شانۆی (نو) شانۆیەکی خەیاڵییە و لێرەدا دەتوانین تەختەی شانۆ بە شاشەی سینەما بچوێنین، یان بڵێین وەک شاشەی سینەما وایە هەروەکو ئەوەی کە (ماسا یا گۆچی) بڕیارێکی لەو جۆرەی لەسەرداوە و دەڵێت (ئەو کاراکتەرانەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێن، درێژ بووەوەی عەقڵی ناوەوەی- ئاوەزی شاراوەی کاراکتەری (واکی)یە کە شوێنی ئامێری نمایش کردنی فیلمەکان دەگرێتەوە- ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێت.

جگە لەمە یاریدەرێکێش بۆ واکی زیاد دەکرێت و بەناوی (واکی- تسۆر)ەوە لەوانەیە لە کەسێک زیاتربێت، سەرباری کاراکتەری پیاوی شوێن، لادێی، یان (کیوگن) کە زۆر نزیکەو لەکاراکتەری بەهلۆل دەچێت، یان لەفەیلەسووفە پێکەنیناوییە ناسراوەکە دەچێت کە لەشانۆی ڕۆژئاواییدا هەیە (بەتایبەتیش لای شکسپیر) بگرە لە ئەرکە دراماییە تەکنیکییەکەشیدا بەوان دەچێت (بازاڕی کۆمێدیانە) بەهۆی بۆشاییە خۆ کردەکانی نێوان بەشە گێڕدراوە دوورو درێژەکان. لەلایەکی تریشەوە (چێ) ڕەسەنێتییە میللییەکەیە بۆ شانۆی (نو)، کە مێژوونووسەکان وای دەبینن ئەو جۆرە لەیارییە خۆش و گاڵتەو گەپە میللییەکانەوە گەشەی کردووە و کە پێشتر بۆ جەماوەری پەرستگاکان پێشکەش دەکرا، بەرلەوەی شێوەی جوانی توندوتیژو ڕێک وەربگرێت لەنێوان چینی بەگزادەکاندا، یان بەرلەوەی چینی بەگزادەکان شێوەی جوان و قەشەنگی بە بەردا بکەن.

هەروەها لەوێدا ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەش هەیە کە لەشانۆی ڕۆژهەڵاتیدا دەمامک بەگشتی ئەنجامی دەدات، کە لێرەدا بەپلەی یەکەم بۆ بینین، یان گێڕانی دەوری ئافرەتەکان بەکاردەهێندرێن. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە کاراکتەری ئافرەتان لەو شانۆیەدا دەیبینن، یان دەیگێڕێت، شانۆو سەماش بە سیفەتێکی گشتی لەسەر ئەو داهێنانە حیساب دەکرێت کە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی ئەفسانەی دایک سالاری (سیستەمی دایکایەتی) بۆ نموونە ئەفسانەی خواوەندی خۆر، یان ڕۆژ (ئیزۆمی)، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێ ئافرەت بە تەنیا بەدەربکەوێت. وادیارە ئەو خولیایەی کە ڕۆژهەڵاتی هەیانە بەجیهانی ڕۆحییەوە، خۆی لەخۆیدا نهێنییەکە و خۆی لەدوای، یان پەنای پەرستنی ئافرەتەوە شاردۆتەوە و یەکێکیشە لەو خاڵە شاراوانەی ژیانی عەمەلیانەی دەرەوەی ماڵ، ئینجا چ ماڵی خانەوادە، یان شوێنی کات بەسەر بردن بێت، کە تیایدا بەها جوانکارییە شێوەییەکانی ئافرەت دادەپۆشێت، هەروەکو (ماڵرۆ) دەڵێت (وەک بابەتێکی گرنگ پێدراوی هەستیارانەی وەک کاری هونەری جوان دەمێنێتەوە).. بەڵێ، بەڵام هەندێک ئەرکی بەسەردا دەشکێتەوە، ئەویش هەروەک ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە لەسەریەتی منداڵی ببێ و بەوەفاش بێت، چ جای ئەوەی کە هاوسەریش بێت، جوان بێت ئەگەر بێتو بەخت یاوەری بێت، لەکاتی بە سۆزانی بوونیشیدا پسپۆڕ بێت.. [واتە بەمەرجێک کە بەهیچ شێوەیەک وروژێنەر نەبێت بۆ هەوەس بازییەکانی دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە] کەواتە پیاو و ئافرەت لەدوو جۆری جیاوازەوە دەبنەوە، یان دروست دەبن، ئینجا هەریەکە و لەقەدەرو چارەنووسی تایبەت بەخۆیەوە دەژییێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە یەکێکیان لە بەهای ئەویدی دادەبەزێنێت، یان کەم دەکاتەوە.

لێرەدا ڕۆڵی کۆرس دەمێنێتەوە و بە بەشێک لەبەشەکانی بونیادی گێڕانەوە دادەندرێت بۆ شانۆ، کە نوێنەرایەتی دەنگی شاراوە، یان ناوەوەی بینەر و کاراکتەرەکانیش دەکات و کاریشی ڕێکخستنەوەی توخمی گۆرانییە (لیریک)ە لەنمایشدا..❖


سەرچاوە

........

١- سلسلة من المسرح العالمي- العددان (٣٠٨-٣٠٩) مايو ١٩٩٨. الصادر من (المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، دولة الكويت. الموضوع هي تحت عنوان (دراسة خاصة عن المسرح الياباني). بقلم/ د. صالح سعد.

# شانۆ لەسەرەتاوە تا....

و - ئا: حسێن هیمەتی
(کوردستانی ئێران)

شانۆ واتە ژیان، لەسەر واژەی شانۆ لە فەرهەنگ و کتێبەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەدا، لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە. شانۆ چۆن دەستی پێ کرد؟ چۆن پەرەی ستاند؟ جۆرەکانی شانۆ چین؟ چ وڵاتێک لەبەرەو پێش بردن و پێشخستنی ئەم هونەرەدا ڕۆڵیان هەبووە؟ نووسەر، دەرهێنەر و ئەکتەرێکی شانۆ چ سیفەتێکیان هەیە؟ ئایا بەڕاستی شانۆ دەبێ ئامرازی خۆشی و ڕابواردنی خەڵک دابین بکا؟ واژەی شانۆ کامانەن؟ و... ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن بۆ خوێنەرێک کە دەیهەوێ سەبارەت بە شانۆ زانیاریی نوێ بەدەست بێنێ. ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین لانی کەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوەو ئاساییە کە هەر خوێنەرێک زانیاریی زۆرتری لەسەر شانۆ هەبێ، پتر لە دیتنی شانۆیەک و لەو هۆکارانەی پێکهێنەری شانۆیەکان و لەیاریی ئەکتەرەکان چێژ وەردەگرێ.

«پریستلی» لە پێشەکیی کتێبەکەی بەناوی «جیهانی ناباوەڕانەی شانۆ»دا دەنووسی؛ ئەگەر ئێمە بمانەوێ چێژ لە شانۆ وەربگرین، دەبێ بە تەواوی «بوون»ەوە لە شانۆو ڕۆڵی ئەکتەرەکاندا بەشداربین و هەستمان تێکەڵ بە هەستی ئەکتەرەکان بکەین. کاتێک کە بەتەواوی هەستەوە لە شانۆدا بەشدار بین، هەمیشە لە پاش تەواوبوونی شانۆیەکدا هەست بە ئارامی و هێمنییەکی تایبەتی دەکەین.

### لە جادووگەرییەوە تا شانۆ

مرۆڤی سەرەتایی لەسەرەتای مێژوودا ئەکتەری شانۆ بووە. مرۆڤی سەرەتایی جادووگەریی دەزانی و لە ئازارو خەمی ئینسانی نەخۆشدا بەشدار بووەو بە مەبەستی چاک بوونەوەی ئەو، دەستی بە هێندێک جووڵانەوە کردووە کە وەک هێندێک جووڵانەوەی ئەمڕۆی ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ چووە. مرۆڤە سەرەتاییەکان هەر کاتێک ئاسکێکیان ڕاو دەکرد، هەموویان لە دەوری کۆ دەبوونەوەو پاش خواردنی، جووڵەکانی ئەو ئاسکەیان لە خۆیان نیشان دەدا و هەڵدەپەڕین، کە دیارە ئەو جۆرە کارانەش بە جۆرێک کاری شانۆیی حیساب دەکران. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کە ئایینەکانی جیهان پەرەیان ستاند، ڕێوورەسمە ئایینیەکانیش گەلێک جۆری تریان بە خۆوە دی. مرۆڤەکانی سەردەمی کۆن وێڕای بەڕێوەبردنی دابونەریتی ئایینی خۆیان، بە هەڵپەڕکێ و دوعا کردن و نزاو پاڕانەوەی جۆراوجۆرەوە خۆیان خەریک دەکرد.

لەسەردەمی زۆر کۆن کە مێژووش ئاماژەی پێ کردووە، خەڵکی یۆنان هەموو ساڵێک وەرزێکیان بۆ خۆش ڕابواردن تەرخان دەکرد. بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری سەرهەڵدانی شانۆدا کراون، دەتوانین بنەماکانی تراژیدیی یۆنانی لەسروودەکان و هەڵپەڕکێ ئایینییەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزینەوە. ئەگەرچی شانۆ لە یۆناندا سەری هەڵدا، بەڵام لەسەدەی پینجەمی زایینیداو لە شاری ئاتێندا بوو کە پێشکەوتنی بە خۆوە دی و هونەرمەندانی شێوەکانی درامتیکیان هێنایە نێو شانۆوە. لەو کاتەدا تراژیدی و کۆمێدی لە شانۆدا بەدوو بنچینەی ڕەسمی دەژمێردران و پاش ڕەچاو کردنی هێندێک مەرجی تایبەت بەڕێوە دەچوون. لە شانۆ تراژیدی و کۆمێدییەکاندا گۆرانی بە کۆمەڵ کۆرس (کۆر) دەگوتراو لە هەردوو شانۆکەدا هەڵپەڕکێ و گۆرانی و مۆسیقا بەکار دەبرا.



چیخۆف

## کاریگەریی ئەفسانەو گێڕانەوەکان

تراژیدی نووسەکانی یۆنانی کۆن خولْقێنەری چیرۆک و دەقی شانۆنامەکان نەبوون، بەڵکو ئەفسانەو بەیتە خەیاڵییەکانیان کە بۆ خەڵک ئاشنا بوون، بەشێوەی شانۆ دەهێنانە سەر شانۆ (صحنە). شانۆنامەکانی ئەو سەردەمە بەهۆی ساکار بوونیان بە هیچ شێوەیەک بە کەڵکی چاپ و بەڕێوەبردن لە ڕۆژگارانی دواتر نەدەهاتن.

«تسپیس» یەکێک لە شاعیرانی یۆنانی بوو کە توانی کۆمەڵێک شانۆنامە بنووسێ کە بۆ ڕۆژگارانی دواتریش شایانی بەڕێوەبردن و پێشاندان بن. لە قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ ناوی ئاشیل(٥٢٥-٤٥٦)ی پێش زایین، سۆفۆکول(٤٩٦-٤٠٦)ی پێش زایین و ئیریپید (یۆریپیدس) (٤٨٤-٤٠٦) ئاشنا دەبین. ئەم سێ شاعیرە گەورەیە کۆمەڵە بەرهەمێکیان خولْقاند کە ئێستاش شایەنی هەڵسەنگاندن و جێبەجێ کردن و گفتوگۆ لەسەر کردنن. «ئیرست» لە بەرهەمەکانی ئاشیل و «ئۆدیپ و ڕێکس» لەبەرهەمە بەنێوبانگەکانی سۆفۆکلیس. دەبێ ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە کۆمیدی بەدوای شانۆی تراژیدیدا لە دایک بوو.

«ئاریستوفن» یەکێک لە گەورەترین کۆمیدی نووسەکانی یۆنانی کۆنە کە دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمە کۆمیدییاکانی ناوبراو بە ناوەکانی «زەرگەتەکان» «باڵندەکان» و «قڕبۆقەکان» بکەین. ناوەرۆکی کۆمیدییەکانی ناوبراو بریتی بوون لە توانج و گاڵتە پێ کردن و شۆخی بی بەزەییانە دژی مرۆڤە ناسراوەکانی ئەو ڕۆژگارەیە.

## هاتنی ڕۆمییەکان

پاش یۆنانییەکان، ڕۆمییەکان دەستیان بە نووسین و دروست کردنی شانۆ کرد. ئەوان سالۆنی (هۆڵ) شانۆکانیان گەورەترو بە شکۆتر ساز کردو بەدەیان شانۆو ئامفی تیئاتریان دروست کرد. شانۆی ڕۆم لە سەرەتادا تەنیا پێکەنین بوو. بەڵام بەرەبەرە شانۆ لە ڕۆمدا شێوەی جیددیی بە خۆیەوە گرت و شانۆکان جێگای خۆیان لە نێو خەڵکدا کردەوە. پاش پەرەسەندنی دینی مەسیح، بەسەرنجدان بەو ڕاستییە کە [لە ڕوانگەی ئەو ئایینەوە] شانۆ بە کارێکی ناحەز دانرابوو، شانۆ گەورەکانی ڕۆم داخران و هونەرمەندانی شانۆ ناچار بوون بە شێوەی گەڕۆک (سیار)ی ملی ڕێگا بگرن و لێرەو لەوێ خەڵک سەرگەرم بکەن. وێ دەچێ هەر ئەم گرووپە بچووکەش بوونە هۆی مانەوەی شانۆ. سەماکردن و یاریی پەت و کایەی ئاکرۆباتیش بەشێک بوون لە شانۆییەکانی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە.

## شانۆ ئایینییەکان

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دێرام (دراما) نووسین گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و لە کەنیسەی ئەورووپای ڕۆژئاوا و جێژنەکانی «پاک» و ژانویەو لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا، کورتەیەک لە ژیانی حەزرەتی عیسا دەکرا بە شانۆو دەهاتە سەر مینبەر.

لەسەرەتا قەشەکان بەڕێوەبەریی ئەو جۆرە ڕێوڕەسمەیان بە ئەستۆ دەگرت، بەڵام پاشان کەسانێکی شارەزا ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و بەرنامە شانۆییەکانیان بە ئەستۆ گرت. دواتر هونەرمەندانی ئینگلیز و فەرەنسایی دەست بەکار بوون و بە هەوڵی زۆر تێکۆشان هێندێک دراما بکەن بە شانۆ.

هەرچەند ئەوان ڕۆڵی کاڵ و لاوازیان یاری دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا لە کەموکوڕییەکانی کەم بکەنەوە. لەو کاتە بەدواوە لە بەریتانیا بایەخی زۆرتر بە شانۆنامە نووسین دراو هونەرمەندانی ئەم بوارە بۆ لابردنی کەموکوڕییەکان دەست بەکار بوون. هەوڵەکانی ئەم ماوەیە بوو بەهۆی نمایش کردنی شانۆی «ئیلیزابێتی» و پاشان بیرۆکەی دروست کردنی «شانۆ» بۆ شانۆکانی شەکسپیر هاتە گۆڕێ.

## قۆناغی ڕێنیسانس

لەگەڵ تێپەڕ بوونی سەدەکانی ناوەڕاست شانۆ پێی نایە قۆناغی ڕێنیسانس و لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ڕۆشنبیریی خەڵک و هۆگری چینە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەو پێشچوونی خۆی کەڵکی وەرگرت. وردە وردە شانۆی ئایینی لەبیرچووەوەو بەتایبەتی لە ئیتاڵیا هونەرمەندانی لاو بۆ ڕزگار کردنی شانۆ دەست بەکار بوون و هاوکات لەگەڵ ئیتاڵیادا، لە ئەمریکاو ئیسپانیاش هێندێک جووڵانەوە بۆ شانۆی نوێ دەستی پێ کردو شانۆی ڕاستەقینە لە دایک بوو.

## شانۆ لە بەریتانیا

بەریتانیا مەکۆو سەرزەویی پەروەردەکردنی شانۆی پێشکەوتووی جیهانە. تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا- کە مەکتەبی جۆراوجۆر لە بواری شانۆ نامە نووسی و لقەکانی پێوەندیدار بەشانۆوە سەریان هەڵداوە- بەریتانیا هەروا وەک سەرتۆپی شانۆی جیهان جێگایەکی بەرینی بۆ خۆی داگرتووە. شانۆی بەریتانیا لە سەردەمی ئیلیزابێتی یەکەمدا بەخێرایی بەرەو پێشکەوتن چوو، دەستەو گرووپی ئەکتەرانی لێهاتوو پێکهاتن و ئەم گرووپانە لە لایەن پیاوماقووڵانەوە پشتوانییان لێ کرا. ئەم هونەرمەندانە بە خەرجی خۆیان لە بەریتانیادا دەگەڕان تا ڕێزو شکۆ بۆ خاوەنی شانۆکەی خۆیان بەدەست بێنن. ئەوکات شانۆنامە ئەخلاقی و پڕ هەراو هۆریاکانیش بەڕێوە دەچوون. هەموو دەرهێنەرە لێهاتووەکانی

شانۆ و یەک لەوان شەکسپیر لە لایەن دەربارەوە پشتیوانی دەکران. پێویست بوو ئەکتەرەکانی ئەو کات سەرەڕای شمشێربازی (یاریی شمشێر)و دلقک بازی (پاپای پێکەنین هێنەر) هێندێکیش بە زەوق و قسەخۆش بن. لەو ڕۆژگارەدا مینبەرەکان، پێش مینبەرێکیشیان هەبوو کە تا جێگەی بینەران دەهاتە پێش، بەشێک لە شانۆیەکە لەو شوێنەدا بەڕێوە دەچوو. ئەم بەشە بە شانۆی ئیلیزابێتی ناودێر کرابوو. لەوکاتەدا کوڕان بە جێگەی کچان هونەریان دەنواند و ڕۆڵی ئەوانیان دەگرتە ئەستۆ. شەکسپیری ئەکتەر، شانۆنامەنووس و دەرهێنەری ناودار لە سەردەمی ئیلیزابێتدا لەدایک بوو. جیهانی شانۆ تا ئێستا ئەکتەرو بە تایبەت شانۆنامەنووسی وەک ناوبراوی بە خۆوە نەدیوە. هەر دێڕێک کە شەکسپیر نووسیویەتی، مانایەکی قووڵی هەیە. هەرچەند کە ئەو زۆری نووسیوەو ئەو هەموو شانۆنامە نووسینە زیانی بە کارەکانی گەیاندووە.

هاملێت، ئۆتێللۆ، تاجری وینزی(بازرگانی ڤینیسیا)، ماکبێث «newswan shakespeare» و... لە شاکارە بێ وێنەکانی ئەم شانۆنامەنووسە گەورەیەی جیهانن. لە لەندەن لە سەردەمی ئیلیزابێت و جێمس-ی یەکەمدا شانۆ پێشکەوتنی بەرچاوی هەبوو. ساڵی (١٦١٦)ی زایینی بەر لە مردنی شەکسپیر شوێنی بەڕێوە چوونی شانۆکانی لەندەن هەمیشە پڕبوون لە بینەرانی هۆگری شانۆ. خەڵکی بەریتانیا ئیتر لەگەڵ شانۆ نامۆ نەبوون، ئەو هاندان و ڕێزنامەی بۆ دیکۆرسازان و شانۆسازان هەبوو، بووە هۆی ئەوە کە هونەری ڕازاندنەوەی شانۆ پێشکەوتنێکی زۆر بەخۆیەوە ببینێ.

## شانۆی کلاسیکی نوێ

ساڵەکانی نێوان (١٦٥٠) تا (١٧٥٠)ی زایینی لە جیهانی شانۆدا بە سەردەمی کلاسیکی نوێ ناودێر کراوە. لەم ساڵانەدا، کاری شانۆ بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی شانۆی کلاسیکی ڕۆم ڕێک دەخرا. لەو ساڵانەدا فەڕەنسا ئاڵا هەڵگری شانۆی جیهانی بوو. لە سەدەی حەڤدەیەمدا نووسینی شانۆی کۆمێدی بایەخی زۆری پەیدا کرد و نووسەرانی گەورەی وەک: ماکیاڤیلی و برونوو ئاریستۆنۆ، دەستیان بە نووسینی شانۆ کۆمێدییەکان کرد. شانۆی کلاسیکی نوێ لە مەیدانی کۆمێدیدا، پتر لە تراژیدی سەرکەوتوو بوو. «مۆلێر» گەورەترین نووسەری کۆمێدیی کلاسیک لەو سەردەمەدا لە دایک بوو و ساڵانێکی زۆر لەگەڵ گرووپەکانی خۆی لە سەرانسەری فەڕەنسادا گەڕاو بەکاری شانۆوە خەریک بووە، «لویسی چواردەیەم»یش لە هاندانی ئەودا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو. لە ماوەی (٧٥) ساڵ لە سەدەی هەژدەیەمدا پێشکەوتنی گرنگ لە شانۆی ئەوروپاییدا بەدی هات.

## شانۆ لە ڕۆژهەڵاتدا

لە ڕۆژهەڵاتدا، شانۆ بە هۆی جۆراوجۆرەوە پێشکەوتنی پێویستی بەخۆیەوە نەدیوە. شەڕوکێشەکان و بیروبڕوا ئایینییەکان بوونەتە هۆی ئەوە کە شانۆ لە ئاسیادا زۆر درەنگتر لە ئەوروپا سەر هەڵبدا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژهەڵات، لە بواری هەبوونی شانۆدا بێ مایە نییە. ئەوەتا لە ڕۆژهەڵاتی دوور و چین و هیندستاندا باشترین درامای کلاسیکی دنیا بۆ وێنە «شکونتالا»مان هەیە کە لە ئەدەبیاتی کلاسیکەوە سەرچاوە دەگرێ. لە چین، شانۆی سوننەتی لە دوای سەدان ساڵ بە دەست لێنەدراوی گەیشتۆتە ئێمە. لە هیندستان و چین ئەکتەرەکان لە چینە ئاساییەکانی کۆمەڵ هەڵ دەبژێردران و زۆربەی کات لە ژێر سەرپەرشتیی یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکەدا ئەم شار و ئەو شاریان دەکرد. درامای کلاسیکی هیند لەگەڵ سەر هەڵدانی شانۆ نوێیەکان لەبیر چۆوە، بەڵام شانۆی سوننەتیی چین بە یارمەتی وەرگرتن لە گریم و جلوبەرگی زیبی هەروا هۆگرانی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکیش بە شانۆی پڕ بایەخی بووکەڵە «عروسکی»، وڵاتی ژاپۆن بکەین کە جۆرێک شانۆسازییەو لەوەدا هەوڵ دەدرێ بووکەڵەکان ئەوەندەی بکرێ هێندەی مرۆڤە ئاساییەکان بن.

## هێندێک لە شانۆنامە ناودارەکانی جیهان

ئۆتێللۆ، شالیر، هات و هاواری زۆری لە پێناوی هیچداو هاملێت(شەکسپیر)، کێ لە ڤیرجینیاوۆڵف دەترسێ، چیرۆکی پارکی ئاژەڵان، زیندەخەون (ڕویا)ی ئەمریکایی (ئیدوارد ئەلبی)، «نفوس مرده» (گۆگۆل)، ماڵی بووکەکان، تارماییەکان، دوژمنی میللەت، مراویی وەحشی و کاتی لینا (هێنریک یووهان ئیبسن)، وس لە ژێرداری نارەوەن، تاڤگە- ئاو، بیابان(یۆجین ئۆنێڵ)، مەلە کردنەکانی ڤینۆس (ڕاسین)، گۆرانیبێژی کەچەڵ (ئووژین یۆنیسکۆ)، قەرەواشەکان(ژان ژینێ)، پشیلەی سەر شیروانیی داغ- سارتەر (سارتێر)، فاوست(گۆتە)، ژاندارک (مۆریس مترلینگ)، کاری من (پرۆسپە مێریمە)، کاندیدا(برناردشۆ)، دوور خراوەکان (جیمس جۆیس)، ئیڤانۆف (ئانتوان چیخەف)، گەنجی پڕ مەترسی (پریستلی)، لۆتێر (جان ئازبرن)، ژیانی گالیلۆ (برتۆلت برێخت)، قوربانی (تاگوور)، فەراش (هارۆودلنز)، ژنانی تراخیسی (سۆفۆکۆل)، بەبێ کارلۆس (شیلێر)، باوک(ستریندبێرگ)، پیرە پیاو (گۆرکی)، زەماوەندی ئاغای میسی سی پی (فرێددرێک دۆرنمات)، تێڕوانینی ئیزابێل (ئارتور مۆلێر) و...

## مەکتەبە ناودارەکانی شانۆ

شانۆی کلاسیک، شانۆی ڕۆمانتیک، شانۆی ئۆمانیست (هیومانیست)، شانۆی ڕیالیست، شانۆی ناتورالیست، شانۆی میمیک، شانۆی ئیکسپێرسیۆنیزم، شانۆی دراماتیک، شانۆی ئیقرار و دەرچوون، شانۆی ئەمڕۆیی، شانۆی مۆدێرن و.... ❖

سەرچاوە

.......

**گۆڤاری «کهکشان» ژمارە (٥٦)، گۆڤاری «ئادینە» ژمارە (٢٠)، ڕۆژنامەی «همشهری» (١٧٦٥)، هێندێک لە بابەتەکانی کتێبی «تئاترهای بین المللی»، لاپەڕە (١٦٥-١٨٠)**

# سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دراما

و/ لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

لێکۆڵینەوە لەجیهانی ئەدەب وەک هێڵێکی شەمەندەفەری گەشت و گوزارە. ئێمە بەدرێژایی کات گەشت دەکەین بەخێرایی بە وێستگەی لادێ بچووکەکان تێپەڕ دەبین، گەلێ جاریش لەوێستگەی شارە گەورەکان دەوەستین. لەنێو شاڵاوی ئەم گەشتانەدا تووشی زۆر وێستگە بووین، لەهەموویان گرینگترو چالاکتر وێستگەی چۆسەر (Chaucer) بوو. دواتریش لەدووڕیانێکی زەبەلاح گیرساینەوە، ئەویش دووڕیانی شکسپیرە. شکسپیر بە مەزنترین درامانووسی ئینگلتەرا بەتایبەتی و جیهان بەگشتی دادەنرێت، بەڵام هەویری ئەم دوو کەڵە درامانووسە ئاوێکی زۆر هەڵدەکرێت، بۆیە پێش ئەمانە، دەبێ بزانین دراما چییە و چۆن دەستی پێکردووە.


دراما سروشتیترین هونەرە کە پشت بە بنەڕەتترین توانستی ئاژەڵ و مرۆڤ دەبەستێت، ئەویش توانستی لاسایی کردنەوەیە {Faculty of imitation}. هەر بەهۆی لاسایی کردنەوەیە ئاژەڵ فێری شەڕکردن دەبێت، فێردەبێت چۆن بەسەر شوێنە بەرزەکان بکەوێت و چۆن ڕاو بکات. ئەم لاسایی کردنەوەیە لەنێو مرۆڤیش ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، بۆ نموونە منداڵ بەهۆی لاسایی کردنەوە فێری قسەکردن و جێبەجێ کردنی کارە قورسەکان دەبێت. ئەم توانستە هەر لەناو بێشکەوە دەمان کات بە زارڤەکەر (Actor). مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە ڕۆڵی (پزیشک، گاوان پێشەنگی دڕندە ڕۆژئاواییەکان، ئاسمانەوان، شاو شاژنەکان» دەبینێت. بێچووە پشیلە ڕۆڵی پڵنگ دەبینێت. گوجیلە ڕۆڵی سەگ دەبینێت، بەڵام ئەمە دراما نییە، بەڵکو نواندنە.

وا مەزندە دەکرێ کە یەکەم دراما ڕۆڵ بینینی تیا نەبووە، بەڵکو نمایش کردنی چەند چالاکییەکی بێ گاڵتە بووە لەلایەن پیاوە گەورەکان ئەنجام دەدرا بۆ دەربڕینی بەرزترین غەریزەی پیاو کە غەریزەیەکی دینی بوو.

مرۆڤ دەبێ بەسەر جیهانی دەرەوە زاڵ بێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک پێک بهێنێ، کە ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا خۆی هەنگاوی پێشکەوتووانە بگرێتە بەر تاوەکو ببێتە کۆمەڵگەیەکی شارستانی.

ڕێگای شارستانی بۆ فێربوونی ئەم زاڵبوونە، زانستە، بەڵام ڕێگای سەرەتایی جادووە. بێگومان زانست بەسەر جیهانی دەرەوەدا زاڵ دەبێت، بەڵام جادوو لەوانەیە سەربکەوێت. بۆ نموونە: گەر من ڕاوکەرێک بم، زانست بەهۆی ئەزموون و تێبینی کردن و لۆژیکەوە چەکێکی گونجاوم بۆ دروست دەکات، بەڵام جادوو هەوڵ دەدات ڕمێکم بداتێ کە لۆژیکا نە کار لەمەڕ تیژی و چۆنیەتی پێکاندن ناکات، تەنانەت دووریشە لە ئەزموون و زانست. هەروەها هەوڵ دەدات بەهۆی چەند شتێکەوە چەکەکەم بەهێز بکات وەک [جادووکردن، کڕنووش بردن و پاڕانەوە] کە لەڕاستیدا ئەمانە هیچ پێوەندییەکیان بەکاری ڕاوکردنەوە نییە.

لەو شوێنەی کە من تێیدا دەگوزەرێم، چەند میلێک دوورتر دارستانێک هەیە جۆرە خەڵکێکی تێدا دەژی باوەڕێکی تەواویان بەجادوو هەیە. بەجۆرێک لە پێوەندی نێوان دوو شت گەیشتوونە کە لەلای عەقڵی مرۆڤی شارستانی هیچ



شکسپیر

ماناﯾەکی نییە. بۆ نموونە: زۆر ترسناکە ئەگەر گاڵتە بە پەپوولە بکەی، یان پرچت شانە بکەی لە کاتی گەرداوێکی بە برووسکەدا.

دلڤەکەرترین و گرینگترین جۆری جادوو، پێی دەوترا «جادووی هاوسۆز. لەلای مرۆڤی سەرەتایی هەندێ ڕەگەز ڕێگای سەیر سەیریان هەبووە بۆ کوشتنی دوژمنەکانیان وەک:

پەیکەری دوژمنەکانیان لەمۆم دروست دەکرد و پاشان لەسەر ئاگرێکی هێواش دەیانتواندەوە. من شتی لەم جۆرەم لە ئینگلتەراش بینیوە. ڕۆژێکیان یەکێک لە قوتابییەکانم بزماری لەسەر پەیکەری پیاوێکی خراپ دەکوتی: وتی ئەمە کارێکی زۆر باوە لە گوندەکەی ئێمە.

بۆیە پێی دەوترێ «جادووی هاوسۆز» چونکە دەبوایە پەیکەرەکەو خودی کەسەکە لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەک هاوبەش بن. دەبوایە بە شێوەیەکی یەکسان هەرچییەک بەسەر پەیکەرەکە ڕوویدات، بەسەر خودی کەسەکەش ڕووی بدایە. هەندێ لە دراوسێکانم ژیانی خۆیان بە ژیانی درەختێکی تایبەتەوە دەبەستنەوە. گەر ئەم درەختە بڕایەوە یاخود بە هۆی برووسکە، ئاگری تێبەر بوو، ئەوکاتە دەبێ شتێکی وەک ئەمە ترسناک بەسەر ئەو کەسەدا ڕووبدات کە ژیانی بەو درەختە بەستراوەتەوە. ئەمە وەکو دوو ژێی پیانۆ وایە کە بۆ ژەنینی یەک نۆتە بەکاردێن. تەنانەت ئەگەر ئەم دوو ژێیە کەمێک لەیەکتریەوەش دووربن ئەگەر یەکێکیانم ژەنی، ئەوی تریش دەلەرێتەوە، کەواتە ژێیەکان هاوبەشن. زانست دەتوانێ ئەم دوو ژێیە هاوکارە شی بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ کارەبای جادووی هاوسۆز شی بکاتەوە.

زۆر خەڵک پێی وایە، یەکەم دراما لەسەر چوار شت وەستاوە: «توانستی لاسایی کردنەوە، جادووی هاوسۆز، باوەڕ بەخواوەندەکان، ترسی لەبرسان مردن» برنج یاخود دانەوێڵە گەشە دەکات و ئەم هەموو خەڵکە پشت بەم بەرهەمەی زەوی دەبەستێت و خۆراک بۆ خۆیان پاشەکەوت دەکەن. ئەوکاتی هیچ زانستێک لەئارادا نەبووە: ئەندامانی کۆمەڵگەی سەرەتایی بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەم خۆراکەی بەخشێنراوەتە ئەوان لەلایەن هێزێکەوە بووە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا نییە و نەشیان دەتوانی وەک زانایان بیربکەنەوەو زاراوەیەکی وەک دەرهەستی (Abstraction) بۆ دابنێن، بەڵکو بیریان لەخواوەندەکان دەکردەوە. بەهۆی ئاووهەواو وەرزەکانەوە کاتیان دەزانی بۆ نموونە: کاتێ شتەکان گەشەیان دەکرد، ئەوە کاتی ژین بوو، کاتێکیش هیچ شتێ گەشەی نەدەکرد ئەوە کاتی مردن بوو! هیچ زانستێک نەبوو پێیان بڵێ ئەم کردەیە بەهۆی سووڕانەوەی زەوییە، هەر بۆیەشە بەهار ڕێک لەدوای زستانەوە دێت. کاتێ زستان دەهات وایان دەزانی کە خواوەندی ژیان مردوو لەلایەن خواوەندی مردن کوژراوە. باشە ئەی چۆن خواوەندگەلی وەک [بەپیتی خاک و ژیان و دانەوێڵەو برنج] جارێکی تر دەژیانەوە؟ بێ گومان بەهۆی جادووی هاوسۆزەوە!

پاشان تەدارەکی جادوویی هاتە ئاراوە [Magical cer-emonies] ئەگەر مۆمێک یاخود دارێک وێنەی مرۆڤێک بنوێنێ، دەبێ ئەم مرۆڤە کاری خواوەندێک بکات بە واتایەکی دیکە ببێتە خواوەند. بۆیە یەکێکیان بەخواوەندی ژیان و یەکێکی تریشیان بە خواوەندی مردن هەڵبژارد. ئەم دوو خواوەندە دژی یەک دەجەنگێن. خواوەندی ژیان دەکوژرێت، دواتر بە پەرچوو هەڵدەستێتەوەو خواوەندی زستان دەکوژێت، پاشان سەما بۆ سەرکەوتنی خۆی دەکات. ئێستا بەگوێرەی یاسای جادووی هاوسۆز، چەند نواندنێک ڕووی دا، دەبێ ئەم نواندنانە لەڕاستیش ڕووبدەن. خواوەندی ڕاستەقینەی بەپیتی خاک پێویست بوو بگەڕێتەوە ژیان، گەڕایەوە، چونکە زەوی لە سووڕانەوەدایە، کەواتە دووبارە زەوی سوودی دەبێت ئا لەم ڕوانگەیەوە جادوو سەرکەوت.

لێرەدا نواندن هەیە، کەواتە گرێش هەیە (Plot). ئەم گرێیە کاری تێدایە، کارەکەش شەڕکردنە. ئەم شەڕکردنە بەرەو لووتکەمان دەبات (climax) واتە مردنی خواوەندەکە. لووتکەش بەرەو کۆتاییەکی دڵخۆشمان دەبات کە زیندووبوونەوەی خواوەندەکەیە، واتە کردنەوەی گرێیەکە (Denouement). ئەمە درامایە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئایینیشە. لەگەڵ پێشکەوتنی کشتوکاڵی کۆمەڵگەی سەرەتایی، هەندێ بیری نوێش هاتە ئاراوە، وەک ئەوەی زیندوو بوونەوەی خواوەند شتێکی شکۆدارە پێویستە مردنەکەشی شکۆدار بێت، چونکە بێ مردن زیندووبوونەوە وجوودی نابێت. هەروەها خواوەندێک کە دەمرێت ئەمە خۆی لەخۆیدا قوربانییە دەتوانێ بۆ چاکەی خەڵک جارێکی تر زیندوو بێتەوە، بەڵام ئاینێکی بلیمەتی وەکو ئاینی مەسیح دوورە لەم جۆرە بیرکردنەوانە کە دەتوانین پێی بڵێین

(ئەفسانەی بەپیتی خاک» [Fertility myths]- ڕێوڕەسمی کەنیسەی کاثۆلیک ستایشی قوربانیدانی عیسا دەکات. ئەمە ڕێووڕەسمێکی ئایینیە، هەروەها دراماشە.

چەند سەدەیەک لەمەوبەر نواندنی خەیاڵی وجوودی هەبوو، ئێستاش هەندێ لەم جۆرە نواندنانە لە ئینگلتەرا بەرچاو دەکەون کە پشت بە ئەفسانەی بە پیتی خاک دەبەستن، زۆرجار ناوەرۆکی ئەفسانەکە دەدرێتە پاڵ کەسێکی مێژوویی، گرتیەکەش باس لەگرفتی کشتوکاڵی ناکات و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەلاّم مانا سەرەکییەکە هەر ماوە کە مردن و زیندووبوونەوەیە. شانۆگەرییەک لەیەکێک لە گوندەکانی ئینگلتەرا لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیح نمایش کرا کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەی خوارەوە بوو:

قەشەیەک بەناوی جۆرج پارێزەری ئەدەب و هونەری ئینگلتەرا دەبێت. یەکێک بەدوای یەک ئەژدیهایەک و [Dragon] سوارچاکێکی تورکی و تیرپینی زەبەلاح دەکوژێت. ئینجا باوکی لە جەژنی لەدایک بوونی مەسیح بانگی پزیشکێک دەکات کە دەتوانێ بەهۆی جۆرە شەرابێک هەرسێکیان زیندوو بکاتەوە، پێیان دەڵێ:

**ئەوەتا جاک ، ئەم نەعلە ئیسفەنجییەی من بگرن**
**بەسەر پێی خۆتانی وەکەن**
**هەڵسنەوە و دووبارە شەڕ بکەن.**

ئینجا هەڵدەستنەوەو دووبارە دەست بەشەڕ دەکەنەوە. ئەم جۆرە ثیمەیە (Theme- واتای سەرەکی) هەندێ جار لەدرامای میللیش بەدی دەکەین.. لەو ماوەیەی ڕابردوودا(*) گاڵتە بەرهەمێکی (Parody) مۆسیقایی ئۆتێللۆم بینی کەلەلایەن چەند زارڤەکەرێکی چینی و مالیزی و هیندی نمایش کرا. لەکۆتاییدا ئۆتێللۆ دێزدەمۆنای خێزانی دەکوژێت، دواتریش خۆی، بەلاّم پزیشکێک بە پەرجوویەک زیندوویان دەکاتەوەو دەست دەکەن بە گۆرانی وتن:

**ئێستا زیندووبووینەوە، کەمێک پێش ئێستا مردووبووین**
**نانی هەر هەموو نەتەوەکان.........**

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە وشەی نان (Toast) دەگەڕێتەوە بۆ گەنم، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ کاریگەری ئەفسانەی بەپیتی خاک، بەلاّم ئەمە شتەکان زۆر دوور دەخاتەوە!

لەمەودوا ئەوە بەدی دەکەین کە چۆن دراماو ئایین لە سەرەتاکانی مێژووی هونەر لە ئەوروپا تێک هەڵکێشراون.

(٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دراما لەلای یۆنانەکان گەیشتبووە ئالۆزترین قۆناغی پێشکەوتن، لەچاو ئەو درامایەی کە باس لەمردن و زیندووبوونەوەی خواوەندەکان دەکات، بەلاّم ئەم درامایە سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ ئەو ئاهەنگانە دەگەڕێتەوە کە لەلادێ چەپەکان ساز دەدرا.

وشەی تراژیدی (Tragedy) لەوشەی تراگۆسەوە (Tragos) هاتووە کە یۆنانەکان بۆ بزن بەکاریان دەهێنا. یەکەم تراژیدی سەماکردن بوو بەدەوری بزنێکی سەربڕاو یاخود گۆرانی وتن بەکۆرس هاوکات بزن ئاسا جلیان دەپۆشی [لە ئایینە کۆنەکاندا بزن مێژوویەکی باوی هەیە: لەلای یۆنانەکان بزن بە ئاژەڵێکی تەڕو بەپیت و زۆر سێکسی دادەنرا. بەپیتی بزنیان بەبەپیتی خاک دەبەستەوە، دواتر عیبیرییەکان بزنیان وەکو ڕەمزێک بەکاردەهێنا. وەک ئەوەی کە بزنێک و هێمای چەند تاوانێکی خۆیان دەبردە بیابان. حەزرەتی مەسیح هەندێ جار لەگەڵ ئەم قوربانیدانە بەراورد دەکرێ]. کۆمیدی [Comedy] لەوشەی کۆمۆسەوە (Komos) وەرگیراوە کە بەمانای چێژ وەرگرتن دێت. جۆرە ئاهەنگێکی بێ ئەدەبە پێشکەشی خواوەندی دیۆنیسەس (Dionysns) دەکرا، کە خواوەندی ڕووەک بوو. ئەم خواوەندە لەکاتی زیندوو بوونەوەدا زۆر ئازاری دەچێشت هەروەکو چۆن خواوەندی شەڕاب هۆشی لەسەرخۆی نەدەما.

تراژیدی نووسە مەزنەکانی یۆنان وەک: ئاشیلەس سۆفۆکلیس و یۆرپیدس درامای ئایینییان دەنووسی کە باسیان لەپێوەندی ڕەوشتی نێوان خواوەندو مرۆڤ دەکرد بەمەبەستی بەخشینی ڕەوشتێکی باش. نمایش کردنی ئەم جۆرە درامایانە کەمتر دڵخۆشکەر بوون لەچاو ئاهەنگە ئاینییەکان. بۆیە ناوەرۆکی دراماکان زۆر دەگمەن ئایینی بوون. لە ئەفسانە بەناوبانگەکان وەرگیرابوون کە بینەر پێیان ئاشنابوون. لەم جۆرە نمایش کردنانەدا بینەرێکی ئێجگار زۆر کۆدەبوونەوەو بە پەرۆشەوە سەیریان دەکرد. زارڤەکەرەکان دەمامکیان دەپۆشی لەکاتی نمایشکردندا. لەبەر چاوی ئەو بینەرانەی کە پیاوی گەورەبوون زۆر بەشانازییەوە جموجۆڵیان دەکرد. لەناکاو کۆڕسێک دەهات نمایشەکەی دەبڕی و لەسەر چیرۆکەکە دەدواو ئاماژەی بۆ ڕەوشت دەکرد.

یەک لە تراژیدیاکانی ئەو سەردەمە، باس لە هەرەس هێنانی پیاوێک دەکات بەدەستی هێزەوە. هەرەس هێنانەکە بەهۆی چەند خەوشێکە لەکەسایەتی ئەم پیاوە یاخود بەهۆی هەندێ تاوانی تایبەتی ئەم پیاوەیە..

هەروەها بۆ نموونە شا ئۆدیپس دەرکی بەخاپوور بوونی شانشینەکەی کرد بەهۆی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی و برسێتی و قاتو قڕی. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە خواوەند لەکەسێک زویر بووە کە تاوانێکی زۆر گەورەی کردووە. دەبێ ئەو کەسە کێ بێ؟ هیچ کەس دانی بەهیچ تاوانێک نەنا لەبەردەم شائۆدیپس. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئۆدیپس خۆی تاوانبارەکەیە. ئۆدیپس لەمنداڵییەوە لەدایک و باوکی خۆی

دابڕابوو، بۆیە ئەوانی نەدەناسی و تووشی دوو تاوانی گەوجانە هات.. ئەوانیش: لەسەر ڕێگادا پیرەمێردێکی کوشت کە باوکی بوو، هەروەها بێوەژنێکیشی خواست کە دایکی بوو. بەڵێ ئۆدیپس باوکی خۆی کوشت و دایکی خۆی مارە کردەوە! پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە: باشە شا ئۆدیپس چۆن بزانێت پیاوە پیرەکە باوکی بووەو، بێوەژنەکەش دایکی؟ خواوەندەکان مافی خۆیانە تووڕەبن، هەرچەندە ئۆدیپس بێ هیچ زانیارییەک، بێ ئەوەی نیازی ئەم تاوانانەی هەبێت، تاوانەکانی کرد، خۆ کوشتنی دایکی (هاوکات خێزانی) هەروەها خۆیشی چاوی خۆی دەرهێنا ئەمانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم بێ ئاگاییەی ئەوان گەورەترین تاوانە.

ئێمە کاتێ سەیری ئەم تراژیدیایە دەکەین، هەم بەزەییمان بەئۆدیپس دادێتەوە، هەم ڕقیشمان لێی دەبێتەوە. ئێمە قسەمان لەسەر خواوەندەکان نییە کە ئۆدیپس بەتاوانبار دەزانن، یان نا، بەڵکو ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئۆدپیس لەژێر دەستی خواوەندەکان دوورکەوتەوە لەبەر ئەوەی نەبوو کە ئۆدیپس لەوان بێزارو تووڕە بوو بێت، بەڵکو ئۆدیپس خۆی پاک کردەوە لەتاوان. ئێمە هەست بە پاکسازی سۆز دەکەین هەروەکو چۆن میلتۆن وەسفی دەکاو دەڵێ: [بەفیڕۆچوونی سۆز لەپێناو مێشکێکی هێمن].

وشەی پاکسازی [Purge] بەهایەکی خۆی هەیە، ئەوەتا ئەرستۆی کەڵە فەیلەسووفی یۆنانی دەڵێ «ئەرکی تراژیدیا پاک کردنەوەی هەستەکانە بەهۆی وروژاندنی بەزەیی و تۆقین». زاراوە هونەرییەکەی یۆنان کە بەمانای پاکسازی دێت (Catharsis). واتە پاک بوونەوەی دەروونی. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شتێکی شیاوە بۆ خەڵکی شارستانی کە سۆزی سەرەتاییان هەبێت، بەڵام جار جارە بورووژێنرێ تاوەکو ئەم سۆزە سادانە نەبنە هۆی ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی ئەو کەسە لەدەست بدەن.

لەڕاستیدا، ئێمە زۆرجار گەرەکمانە بورووژێین، بۆیە بەپەرۆشەوە ئامادەی بینینی فیلمێک یاخود یاری تۆپی پێ دەبین، بەڵام جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو وروژانە هەیە کە بەهۆی بینینی یاری تۆپی پێ دروست دەبێت، لەگەڵ بینینی شانۆگەرییەک یاخود فیلمێک، چونکە لەکۆتایی یارییەکەدا وروژانەکە بەردەوامەو هەندێ جاریش شەڕی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لەکۆتایی شانۆگەرییەکە یاخود فیلمەکەدا وروژانەکە نامێنێت. هەروەها بۆ نموونە: کاتێ دەچین سەیری شانۆگەری (هاملێت) دەکەین، لەسەرەتادا بەزەییمان بەپاڵەوانەکەدا دێتەوە لەهەمان کاتیشدا دەتۆقین لەو بارودۆخەی کە پاڵەوانەکە تیایدا گیرۆدە بووە. لە کۆتایی شانۆگەریەکەش بیردەکەینەوە [ئەمە چ کۆتاییەک و چ چارەسەرێکە. پاڵەوانەکە بەم شێوەیە بمرێت]، بەڵام هیچ کەس ناتوانێ ئەم کۆتاییە ڕەت بکاتەوە، چونکە خەوش (Flaw) لە کەسایەتی هاملێت هەیە. خەوشەکەش ئەوەیە کە هاملێت نەیتوانی بەسەر خودی خۆیدا زاڵ بێت، هەر ئەمەش وای کرد ئەو هەموو مەرگەساتە بێزارکەرە ڕوویدات. وەلێ بەهۆی میزاجی وازهێنان ئەو بەزەیی و تۆقینە پاک دەبێتەوە.

جیاوازییەک لەنێوان چەمکی تراژیدیا لەلای یۆنانەکان و چەمکی تراژیدیا لەلای شکسپیرەوە هەیە پاڵەوان لەشارەکانی شکسپیردا توانای هەڵبژاردنی هەیە، سەربەخۆیە، هەر هەرەس هێنانێک لە کەسایەتی خۆی، خۆی بەرپرسیارەو هەڵەی خۆیەتی. بۆ نموونە: ماکبێث بەرزخوازبوو، بەڵام بێ هێز بوو، ئۆتێللۆ چاوچنۆک و بەئیرەیی بوو، هاملێت ناتوانێ بڕیاری یەک لاکەرەوە بدات، بەڵام ئەم سێ پاڵەوانە دەیانتوانی ببن بەکەسێکی باشتر، دەیانتوانی فێری ئەوە بن چۆن بەسەر خەوشەکانی کەسایەتی خۆیاندا زاڵ بن، لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی دەرەکی ئەوانی لە هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاست قەدەغە نەکرد، بەڵام پاڵەوانەکانی تراژیدیایی یۆنانی سەربەخۆ نەبوون لە هەڵبژاردن، بەڵکو چارەنووسیان لەژێر دەسەڵاتی خواوەندەکاندا بوو کە بەهیچ جۆرێ بۆیان نەبوو شەڕ یاخود دەمەتەقێ لەگەڵ ئەم خواوەندانە بکەن. ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی نێوان تێڕوانینی ژیان لەڕوانگەی یۆنانەکان و مەسیحییەکان. تراژیدیاکانی یۆنان زۆر کەم کاریگەریان لەسەر درامای ئینگلیزی هەیە، چونکە لە تراژیدیاکانی یۆناندا چارەنووس و سەربەخۆیی لەژێر باڵی خواوەندەکانە. کەمی ئەم کاریگەرییە لەسەر تراژیدیا نووسەکانی ئینگلیز ڕەنگی داوەتەوە، کاتێ تراژیدیا دەنووسن، تراژیدیانووسەکانی یۆنان ناکەن بە پێشەنگ و نموونەی خۆیان. پرسیارەکە ئەمەیە: باشە ئەی کێ دەکەن بەنموونەو پێشەنگی خۆیان؟ بێ گومان تراژیدیانووسەکانی ڕۆمان. بۆ نموونە: سەنیکا (٤پ.ز-٦٥ پاش زایین). باشە ئەدی سەنیکا کێی بە پێشەنگ و نموونەی خۆی دانابوو؟ بێگومان یۆنانەکان!، بەڵام دراماکانی سەنیکا تەواو لەهی یۆنانەکان نەدەچوو، بەڵکو لەسێ خاڵ جیاوازبوون، ئەوانیش: زمان، شێوە و کەسایەتی. لەتراژیدیاکانی سەنیکا، مرۆڤ، یا بابڵێین پاڵەوانەکان دەبوایە یاسای خواوەندەکان قبووڵ بکەن و تاڕادەیەک لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون، بەڵام مافی ئەوەی هەبوو ئەگەر کارێکی پێ هەڵە بێت، ڕەتی بکاتەوە و ئەنجامی نەدا. خواوەندەکان خاوەنی قۆرخ کردنی (Monopoly) هێزبوون، بەڵام مانای ئەوە نییە کە چاکەش قۆرخ بکەن . خواوەندەکان دەتوانن زاڵ بن بەسەر پیاو و سەرکوتی بکەن، بەڵام پیاو، یا مرۆڤ دەتوانێ هەست بە جیهانی ناوەوەی خۆی بکات و بڵێ (من باشترم لەوان.

خـواوەندەکـان دەتوانن بمکوژن، بەڵام ناتوانن ئەو هەقـیـقـەتە بسـڕنەوە کـە من لەوان ڕەوشت بەرزترم. هەرچیـیـەکی ئەوان بیکەن و بیـڵـێن مانای ئەوەنییە منیش وەک ئەوان شـتـەکان دووبارە بکەمـەوە من ئەوان نیم و هەر منیش ڕاسـتم). ئەمـە بیـروبۆچوونی تاکێکە وەک تاکی بن دەسـتی نازییـەکـانە کـە لەنێـــو ژووری ژەهراوی (gas-chamber) دەخـنـکـێـنرێ یاخود ئەو تاکەی لەلای دەستەی گوللەباران کەران گوللەباران دەکـرێت. دوژمنی ئەم تـاکـــە زۆر بەهـێـــزن، بەڵام هەڵەن، هەرچەندە ئەو تاکـە بێ هێـزەو دۆڕاوە، بەڵام ڕاسـتــە، ئەم بیــروبۆچوونە تایبـەتیــیــە هەندێ جـار پێی دەوترێ (ئازار نەناسی)، (stoical)، کە واپێدەچێ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شکسپیرو یاوەرانی هەبووبێت. بێگومان کرۆکی ئازار نەناسی، سەربەخۆیییە. سەربەخۆییش چالاکی دێنێتە کایەوە. ملکەچی بۆ چارەنووس دەبێتە هۆی مردۆخی. زمـانی سـەنیکا پڕە لەچالاکی، توندوتیژی و چلێسی کوشتن و خوێن ڕشتن، هەر ئەمـەش وای لەدرامـانووسـانی ئیلیزابێـسی کـرد کـە لەو هێمنییە شکۆدارە دوورکەونەوە کە یوریپیدس و سۆفۆکلیس بەکاریان هێناوە.

خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی تراژیدیانووسانی یۆنان سەلیقەی شێوەیە. مەبەسـتی سـەرەکییـان گوتنی چیرۆکێکە و تیـایدا جەخت لەسەر گرینگی ڕەوشت بکەنەوە. هەمـوو شـتـەکانی تر بە بەراورد لەگەڵ ئەمە شتی لاوەکین. تراژیدیانووسانی یۆنان شتگەلی وەک (سەرسام، سەرنج ڕاکێش، بەزمەسات و گرێی لاوەکیـان) گـەرەک نییـە، بەڵکو گـەرەکیـان بوو نـواندنەکـان بەردەوام بێت نەک هەر درامایەک بە چەند هەفتـەو مـانگ و سـاڵێک پێـشکەش بکرێت (ئەگەرنا هەر درامـایەکی ئەوان چەند سـاڵێکی دەویست بۆ نمایشکردن!) وەسفی واقـیـعـیـانە لەسەر شانۆ هەرگیز نایەتە بەرهەم ئەگەر درامایەک بەساڵێک نمایش بکرێت، بۆیە چەند یەکێـتـیـیـەکی تەقلیدی لەدرامـای یۆنانی هەیە وەک یەک گـرێ و یەک ڕۆژ [کـات] بۆ نموونە: سـۆفـۆکلیس هەرگـیـز چەند خـاڵێکی جـیـاوازی لەیەک ڕۆژ پێـشکەش نەدەکـرد [هەروەکـو شکسـپـیـر لە سیـمـبی لاین پێشکەشی کردووە]. سۆفۆکلیس کارەکانی گرێیـەک بۆ یەک ڕۆژ چڕ دەکـەنەوە (نەک مـاوەیەکی زۆر هەبێت لەنێـوان بەشی یەکەم و دووەم، وەک ئەوەی لەنێوان بەشی یەکەم و دووەمدا، سێ ڕۆژ بخـایەنێت، بەم جـۆرە جـەوهەری درامـا وجـوودی نابێت).

لەسـەردەمی بووژاندنەوەدا (Renaissance Perioel) سـەرسامبـووانی درامـانووسـانی یۆنان یەکێتی سێـیـەمیـان زیادکرد ئەویش یەکێتی شوێن بوو (Unity of Place). بۆ نموونە بێن جۆنسـۆن وەک شکـسـپـیـر لەشـارێکەوە نەدەچووە شـارێکی تر لەناو درامـادا. جـۆنسـۆن وای پێ باش بوو کـە هەمـوو کـردەوەکـان لەیەک شـار ڕوویدەن. لە شـاکـارەکـەیدا بەناوی (کـیـمـیـاگـەر) هەمـوو کـردەوەکـان لەیەک خـانوو ڕوودەدەن، بەڵام شکسـپـیـر لەسـەر یەکـێتی (کردەوە، کـات، شـوێن) ئۆقـرەی نەبوو تەنانەت هیچ مـانایەکـیـان نەبوو لای ئەو.

کـەم دەڵێم لەبارەی کـۆمـیـدیا نووسـانی ڕۆمـان و یۆنان. لەکـۆمـیـدیـای کـلاسـیکدا مـەبەسـتی سـەرەکی بەپێکەنینی هێنانی مـرۆڤ بوو بەگـەمـژایەتی خـۆی، هەر خـۆیشی کـارە هەڵەکـانی خـۆی ڕاست بکاتەوە زۆربەی کـۆمـیـدیا نووسـان گەمژایەتی خەڵکیان لەبەرچاوی خەڵکەکە نیشان دەدا. ئەمە پێـمـان دەڵێت کـە ئەوکـات کـۆمـیـدیا بۆ خسـتنەڕووی کـارە سەیروسەمەرەکانی ڕۆژانە بووە، بەم جۆرە کۆمیدیا ڕۆڵی خۆی بینی و هەڵسوکەوت و شێوازی کارکردنی مرۆڤ خێرا گۆڕا. یەکێک لە سیفـەتەکانی کـۆمیدیا ئەوەبوو کە زۆر زوو باوی نەدەمـاو ون دەبوو نووسـەرە بەتواناکـان لەڕووی کـۆمـیـدیاوە مامەڵەیان بە نەمری ئەدگاری مرۆڤ دەکرد. یۆنانییەک یاخود ئیـتـالییـەک یاخود هەر کەسێکی سەدەی بیست و دوو بگری چێــژ لەکــارەکـــانی (شـــارل شـــاپلن) وەردەگـــرێت، بەڵام ئەریسـتـۆفانی یۆنانییە کۆنەکان و پلۆتس و تێرنیسی ڕۆمـان لەکـۆمـیـدیا باویان نەمـا وەک ئەوەی لە تراژیدیا هەیانبـوو. پلۆتس و تێرنیس هەندێ سیفـەتیان بۆ درامای ئینگلیزی زیاد کـــرد وەک: هەندێ بنکـەی کـــۆمـــیـــدیای وەک لەســـەربازە لەخۆباییـەکـە، ئاڵۆزە گرێ کـە هەڵـەی خـودی کـەس ڕۆڵێکی گـرینگ لە ئایندەی ئەوکـەسـە دەبینێ. هەروەها دابەشکردنی درامـــا بۆ (٥) بەش، بەڵام درامـــای ئینگلیـــزی لەڕووی کـۆمـیـدیاوە زۆر قـەرزداری ئەمـانە نیـیـە هاوکـات لەڕووی تراژیدیاوە زۆر قەرزداری سەنیکایە.

ئێمە وا مەزندە دەکەین، کە پێویستە بگەڕێینەوە چاخەکانی ناوەڕاست کە ئەوکات درامای ئینگلیزی لەوپەڕی خراپی و بێ شـارەزاییدا بوو، وەکـو هەمـوو درامـاسـەرەتاییـەکـان خزمـەتی ئاینیان دەکرد..❖

*** گـاڵتـە بەرهەم (Parody): جـۆرە نووسـینێکی ئەدەبییـە لاسایی نووسینێکی تر دەکاتەوە بەنیازی گاڵتەجاڕی (وەرگێڕ).**

**سەرچاوە**

........

**English Literature by John Burgess Wilson, B.A. P.P:57-66**

# گرفتەکانی درامای «جەژنی پینەدۆزەکان» گرفتی ئەمڕۆی ئێمەن

کاوە عەبدولکەریم شێروانی

(جەژنی پینەدۆزەکان)(١) درامایەکی کۆمیدیی سەردەمی ئیلیزابێسییە لەلایەن نووسەری بەتوانای ئینگلیزی تۆماس (دێکەر)ەوە نووسراوە. لەخوێندنەوەی ئەم درامایە مەبەستمە ئاشنای گرفتەکانی ئەو سەردەمی ژیانی خەڵکی ئینگلستان بین، کە زۆر لەو گرفتانە لەژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بوونیان هەیە. بەسووک تەماشاکردنی هەندێک لە پیشەکان، گرفتی فرۆشیارە گەڕۆکەکان و بێ دووکانەکان، مەغدووریی جەنگاوەرە پەککەوتەکانی پاشماوەی جەنگ.. تاد.

سەردەمی ئیلیزابێسی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا لەنیوەی دووەمی سەدەی شازدەیەم دەست پێ دەکات و لەنیوەی یەکەمی سەدەی چەڤدەیەم کۆتایی دێت، لەڕاستیدا شاژن ئیلیزابێس لە (١٥٥٨- ١٦٠٣ز) حوکمی کردووە، بەڵام لە ئەدەبدا ئەو ماوەیە درێژ دەبێتەوە تا ساڵی (١٦٤٢ز)، لەو ساڵەدا بوو کە شانۆ لەلایەن حکوومەتی پیوریتانییەکان(*)-ەوە داخرا. ماوەی نزیکەی ئەو چل ساڵەی حوکمی شاژن بە درەوشاوەیی دیارە لەمێژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا، گڕوتینێکی بەجۆش لەلایەن نووسەرانەوە پەیدابوو، بەرهەمێکی زۆربەی ئەدەبی لەو ماوەیەدا هاتە کایەوە، بەتایبەتی لەبواری درامادا.(٢)

لەپاش پەتا ڕەشەکە لە ئینگلستان زۆر لە نووسەران نووسینی درامای کۆمیدی، کە بەشێکی سەرەکییە لە درامای ئیلیزابێسی، بوو بە پیشەیان، بەدەگمەن درامایەک دەنووسرا کە کۆمیدی نەبێت. لە ڕێی ئەم لقەی دراماش زۆر کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکران. کۆمیدی لەشێوە ساکارەکەیدا لە کردارو گوفتاری خەڵکی ئاسایی و بێ تاوان وەدەردەکەوت لەوانە: منداڵ، دەشتەکی، کارەکەر.. تاد. گرنگترین توخمیش لەم جۆرە درامایە ئەوەبوو کە دەبوایە ئەکتەرەکە خۆی وەکو گێل یان تام گێل پیشان بدا بووایە.

درامای «جەژنی پینەدۆزەکان» The Shoemakers' Holiday شاکارێکی کۆمیدی تۆماس دێکەرە (١٥٧٢-١٦٣٢ز؟)(٣) لەکۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەم نووسراوە. دێکەرو هاوڕێکانی کە گرووپە نووسەرێکی هاوبیرو هاوڕا بوون درامای ڕەسەنی ئیلیزابێسییان گەیاندە لووتکە. دێکەر بەڕاستی کوڕی شارەکەی خۆیەتی، لە نووسینەکانی دەردەکەوێت کە شارەزاییەکی باشی لە ژیانی لەندەن و سەردەمەکەی خۆی هەبووە، زیاتر لە چل درامای هەیە کە بە تەنیا یان بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی تر نووسیویەتی.

هەر لەلاپەڕەی یەکەمی چاپی یەکەمی درامای «جەژنی پینەدۆزەکان» دیارە کە ئەم درامایە لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێی (١٦٠٠ز) بە ئامادەبوونی شاژن ئیلیزابێس پێشکەش


شەکسپیر

کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە پایزی پێشووتر لەسەر تەختەی شانۆی (ڕۆز) سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. پێش ئەوەی لەساڵی (١٦٤٢) شانۆ دابخرێت، ئەم درامایە چەندان جار چاپ کراوەتەوە، ئەمەش بەڵگەی چەندان جار نواندنەوەی دراماکەیە.

دوو توخمی زۆر لێک جیاواز لە دراماکانی تۆماس دێکەر کۆبووینەوە، کە هەموو بنچینەکانی لۆجیک، دەبووایە دژ بەیەک بوونایە، بەڵام دێکەر بەتوانا ئەفسووناوییەکەی خۆی کۆی کردوونەتەوە؛ یەکەمیان بریتییە لە بەخۆشی و کامەرانی ڕابواردنی ژیان، دووەمیشیان بریتییە لە ژان و ئازارو ناخۆشییەکانی ژیان، کە چۆن مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرچاو لە گەشتی ژیانیدا بەرەو مەرگ خۆشی و ناخۆشی دەبینێت. کۆکردنەوەی ئەم دوو توخمە لەیەک دراما، وەکو بەکارهێنانی ڕووناکییە دژی تاریکی، بەڵام دێکەر لەم درامایە لەمەش زیاتری کردووە بەوەی کە پردێکی لەنێوان خۆشی و ئازاردا دروست کردووە، کۆمیدی و گیروگرفتە جددییەکانی بەیەکەوە لکاندووە(٤).

هەرچەندە لەسەرەوە گوتمان کە سەردەمی ئیلیزابێسی لە بواری ئەدەبدا درەوشاوە بووە، بەڵام ئەو سەردەمە پڕ بووە لە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. نووسەریش کوڕێکی وشیاری سەردەمی خۆی بووە، تەنیا باسی دیاردە جوانەکانی ئەو سەردەمی نەکردووە، بەڵکو دیاردە دزێوەکانیشی دەرخستووە.

کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکی ئەم درامایە سایمۆن ئێیەری پینەدۆزە، ئایا بۆچی نووسەر پیشەی پینەدۆزی کردۆتە کەرەسەی دراماکەی؟ یان بۆ پینەدۆزێکی کردووە بە پاڵەوانی دراماکەی؟ نووسەر ئەم پیشەیەی بە پیشە ئاسانەکە ناو بردووە، ئەوانەی ئەم کارە دەکەن تووشی بێزاری نابن، بەدانیشتن و ڕەحەتییەوە کارەکەیان ئەنجام دەدەن. لەو سەردەمی ئەم پیشەیە بە چاوێکی نزم سەیر دەکرا، نووسەر دەیەوێت گۆڕان لە دیدی جەماوەرەکەی دروست بکات و وایان لێ بکات خوێندنەوەیەکی باشیان هەبێت بۆ هەموو پیشەکان بەگشتی و پیشەی پینەدۆزی بەتایبەتی، لەو کارەشیدا سەرکەوتنی وە دەست هێناوە، دراماکەی پڕە لە ژیان و کارکرن و چالاکی و خۆشی. پاڵەوانی ئەم درامایە مرۆڤێکی ئاساییە نە پاشاو نەمیرو نە سوپەرمانە، ئەمەش خاڵی جیاوازی نێوان دێکەرو نووسەرانی ترە. هەر بۆ نموونە ئاشکرایە کە شەکسپیر نووسەرێکی زۆر بەتواناو مەزن بووە، بەڵام پاڵەوانی زۆربەی بەرهەمەکانی لە چینی سەرەوەن، یان ئەوەتا پاشاو میرن یان مرۆڤی خاوەن توانای سەراسان. تۆماس دێکەر کەسێکی ئاسایی کردووە بە پاڵەوانی دراماکەی بۆ ئەوەی ڕۆڵی گرنگی مرۆڤە ئاساییەکانیش بسەلمێنێ. پینەدۆزی پاڵەوان هەرچەندە بەخۆی دەڵێ من سایمۆنە شێتم پێ دەڵێن، بەڵام زۆر چالاک و ئازایە توانی وردە وردە ژیان و پێگەی خۆی بگۆڕێت و بەرەو سەرەوە هەڵکشێت تا لەکۆتاییدا دەبێتە لۆردێک بەسەرۆکی(٥) شاری لەندەن هەڵدەبژێردرێت.

جگە لەم بلۆتە(٦) سەرەکییەی باسمان کرد دوو بلۆتی لاوەکیی ڕۆمانسیی تریش لەم درامایەدا هەن؛ کە هەریەکەیان چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان دوو دڵدارە لە سەرەتادا لەیەک دادەبڕێن و پاشان بە یەک دەگەنەوە، یەکەمیان ڕالف کە لەلای سایمۆن ئێیەر پینەدۆزە و شاگردە، پاش ئەوەی خزمەتی سەربازی دەیگرێتەوە و بۆبەرەکانی جەنگ لە دژی فەرەنسا ڕەوان دەکرێت، لەپێناوی بەرگریکرن لە نیشتمان دەجەنگێت و بریندار دەکرێت، بەشەلی دەگەڕێتەوە. جێنیی دەسگیرانیشی هەواڵی مردنی پێگەیشتووە، بەڵام بڕوای نەکردووە دووکانی ئێیەری بەجێ هێشتووە و لە زۆر شوێنی جیاوازی لەندەن بەدوایدا گەڕاوە، بەڵام بێهوودە بووە، لێرەدا دەبینین کە ڕاڵفی جەنگاوەر لە جیاتی ئەوەی خەڵات بکرێت، چونکە ئەندامێکی لەشی خۆی لەپێناوی وڵاتەکەی لە دەست داوە کەچی دەگەڕێتەوە سەر شاگرداتییەکەی خۆی و خێزانەکەشی نادۆزێتەوە. لەلایەکی تریشەوە هامۆن کە پیاو ماقووڵێکی هەلپەرست و دەوڵەمەندە، دەیەوێ قەناعەت بەجێنی بێنێ کە ڕاڵفی مێردی لە جەنگ کوژراوە، ڕێ خۆش دەکات بۆ مارەکردنی. لە پلۆتی دووەمدا ڕۆلاند لێسی گەنجێکی ئورستۆکراتییە، بە سەرکردەی هێزێک ڕەوانەی شەڕی فەرەنسا دەکرێت، بەڵام خۆی دەدزێتەوە و ناچێتە شەڕ، بەڵکو لەجل و بەرگی پینەدۆز خۆی دەشارێتەوە و وەکو پینەدۆزێکی هۆڵەندی هەڵسوکەوت دەکات، کەس پێی نازانێ کە ئەو سەرکردەیەکە و لەبەرەکانی جەنگ هەڵاتووە و دەیەوێ بە ڕۆزی خۆشەویستی بگات. لێرەدا نووسەر وێنەی

کۆمەڵگای ئەو سەردەمی دەکات و سێ چینی یەک لەدوای یەکی کۆمەڵ نیشان دەدات؛ چینی خوارەوە کە خۆی لە ڕاڵفی شاگردو هاوشێوەکانی دەدۆزێتەوە، چینی ناوەند کە خۆی لە پاڵەوانی دراما و هاوشێوەکانی لەخاوەن پیشەو دووکاندارەکان دەدۆزنەوە چینی سەرەوە کە خۆی لە ڕۆلاند لیسی و لۆردەکان دەدۆزنەوە، نووسەر ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن چینی ناوەند بەرەو لەناوچوون و توانەوە. دەچن و زۆربەی زۆریان بەرەو چینی خوارەوە غلۆر دەبنەوە، کەمێکیان نەبێت وەکو سایمۆن ئێیەری پاڵەوان دەتوانن بەرەو سەرەوە هەڵکشێن. ئەمرۆ پاش چوارسەد ساڵ لە نووسینی ئەم درامایە ئەم دیاردەی توانەوەی چینی ناوەندە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەستی پێ دەکرێت، کە چۆن لەبەر باری نا ئاسایی و شەڕو شۆڕو داگیرکاری کوردستان چینی ناوەند لە خاوەن پیشەکان و وردە بازرگان و دووکاندارەکان زۆربەیان بێ کارو کاسبی یان دەبێ بێ کار دابنیشن یان دەبێ کارێک بکەن کە لە خوارەوەی ئاستی کارەکەی پێشوویانە، ڕادەیەکی کەمیان نەبێت کە توانیویانە بەرەو سەرەوەتر هەڵکشێن. دروست بوونی چینی عارەبانچییەکان و دەستفرۆشەکان، کە عەرەبانەشیان نییە، دەرهاویشتەی ئەم هاوکێشەیەیە.

هەر چەندە ئەم درامایە ڕۆمانسییە و سێ پلۆتی خۆشەویستی تێدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا بایەخێکی زۆری بە کێشەو گرفتەکانی بازرگانی ئەو سەردەمی داوە. چۆن گۆڕانکاری بەهۆی پەیدابوونی بازرگانی و پیشەسازی نوێی تر لە چینەکانی کۆمەڵگە پەیدابوون، بازرگانەکان وەک چینێکی نوێ سەریان هەڵداوە. دەبینین هەموو ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم درامایە کڕین و فرۆشتن دەکەن، پاڵەوانی درامایەکە سەرمایەیەکی زۆر کۆدەکاتەوە بە کڕینەوەی باری ئەو کەشتییانەی بازرگانە بێگانەکان دەیانهێناو پاشان بە قازانجێکی زۆر دەیانفرۆشتنەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە دەوڵەمەندو ناودارەکانی شار وەکو شتومەک مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکەن و دەیانەوێ کڕین و فرۆشتنی پێ بکەن، بۆ نموونە کابرایەکی وەکو هامۆن دەیەوێ بەبڕی بیست پاوەندی زێڕ جێین لە ڕاڵفی مێردی بکڕێ. ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ لە کوردستان هەر باوی ماوە، تا ئێستاش ژن بە بڕێکی زۆری پارە دەخوازرێت، بەڵام ناوو پاساوی تری وەک مارەیی و پێشەکی و پاشەکی بۆ دۆزراوەتەوە، کە بەڕای خۆم لە کڕین و فرۆشتن بەولاوە هیچ مانایەکی تر نابەخشێت. ئەگەرچی ئەم درامایە و کارە ئەدەبییەکانی تری ئەو سەردەم زۆری لەو دیاردەو گرفتانە ورووژاندووەو چارەسەری کردوون، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا لە ئەوروپا دیاردەی کڕین و فرۆشتنی ئافرەت بە بەرگێکی تر هاتۆتەوە مەیدانێ وەک لەشفرۆش و ئافرەتان و بەکارهێنانیان لە ڕیکلامە بازرگانییەکان بەکارهێنانێک کە لەنرخی ئافرەتی کەم کردۆتەوە و وەک شت و مەکێکی بەهادار سەیر دەکرێت. نووسەر لەم درامایەدا، هەر چەند درامایەکی کۆمیدییە، بەڵام باسی ناهەمواری باری ئەوکەسانە دەکات کە بەژداریی شەڕ دەکەن و ئیش و کارو ماڵ و خێزانەکانیان بەجێ دێڵن و زۆرجاران خۆیان و خێزانەکانیان تووشی داهاتوویەکی نادیار دەبن، بۆ نموونە کاتێک ڕالف لەپاش گەڕانەوەی لە جەنگ بریندار بووە و قاچێکی پێی کەوتوو و بێ ئیش و کاربووە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش جێینی خێزانی بزر کردووە و نایدۆزێتەوە، کابرایەکی وەکو هامۆنیش دەیەوێ خێزانەکەی هەڵخەڵەتێنێ، لە بەشی چوارەم و پەردەی یەکەم(٧) نووسەر ئەم حاڵەتەی لە شێوازە دیالۆگەکی نوێ دەرخستووە؛ کاتێک هامۆن ڕوو لە جێین دەکات و بەڵام قسە بۆ جەماوەر دەکات؛ لە یەک کات و شوێن قسە دەکرێت، بەڵام هەندێک گوێیان لێیە و هەندێکی تر گوێیان لێ نییە، جەماوەر گوێیان لێیە، بەڵام جێین گوێی لێ نییە، چونکە دایە لۆگەکە لەگەڵ جەماوەر نەک لەنێوان دوو کارەکتەر ئەمە پێی دەگوترێت (Muffle) لەدرامادا. لەم پانکردنەوە و پێداهەڵگوتنەی هامۆن بۆ جێین، نووسەر دەیەوێت بڵێت کە مەرج نییە چینە بەرزەکانی کۆمەڵ و خاوەن سامانەکان بتوانن بە هەموو ئاواتەکانی خۆیان بگەن. ئەوەتا هامۆن کە یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی شارەکە کەچی تا ئێستا نەیتوانیوە دڵخوازێک بۆ خۆی پەیدا بکات. جاری یەکەم هەولی لەگەڵ (ڕۆز)دا، بەڵام ئەو پێی ڕازی نەبوو پاشان هەولی لەگەڵ جێین دا، بەڵام ئەویش سەری نەگرت. لێرەدا کابرایەکی پینەدۆز لە خۆشەویستیدا بەختی لە کابرایەکی ناودارو خاوەن سامان زیاترە. نووسەر دەیەوێ بڵێ شتێکی ئاساییە کە بابایەکی هەژار ژنێکی جوانی هەبێت، یان کچێکی جوان خۆشی بوێت.

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان هامۆن و ڕالف بکەین دەبینین هەریەکەیان جۆرێک گیروگرفتی تایبەتی هەیە، ڕالف گیروفتی هەژاری و نەبوونی و کەم ئەندامیی هەیە لە هەمان کاتدا دەستگیرانێکی جوانی هەیە و زۆریش یەکتریان خۆش دەوێت. هامۆن کابرایەکی ناودارو دەوڵەمەندە، بەڵام ئافرەتێک نییە خۆشی بوێت. لێرەدا نووسەر هاوسەنگی (Balance) لەنێوان دوو کارەکتەری سەرەکیی دراماکەیدا ڕاگرتووە.

دیاردەی گۆڕان لەبەخت لەدرامای تراژیدی و کۆمیدی وەک یەک گرنگی پێدراوە، لەدرامای تراژیدیی ئەم گۆڕانە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە؛ لە بەختیارییەوە بۆ بەدبەختی. کەچی لە درامای کۆمیدی پێچەوانەیە؛ گۆڕانەکە لە خوارەوە بۆ

سەرەوەیە واتە لەبەدبەختییەوە بۆ بەختیاری، هەروەک پاڵەوانی ئەم درامایە سایمۆن ئێیەر لە پینەدۆزێکەوە دەبێت بەبازرگان پاشان دەبێتە سەرۆکی پۆلیس و لەکۆتاییدا دەبێتە سەرۆکی شاری لەندەن. خەڵک بڕوایەکی پتەویان بەم دیاردەیە هەبووە و وایان زانیوە کە بەخت کاریگەریی سەرەکی لەژیانی مرۆڤدا هەیە، بەخت هەندێ کەس بەسەر دەخات و هەندێکیش بۆ خوارەوە غلۆر دەکاتەوە (The Whell of fortune). لە بارەی بەختەوە نووسەر سێ جۆرە کەسایەتی پیشان دەدات:

بەدبەخت ـــــ هامۆن [هەرچەندە خاوەن سامانیشە]
بەختیار ـــــ سایمۆن ئێیەر [پاڵەوان]
مام ناوەند ـــــ ڕالف [شەلەیە]

کاتێک پاڵەوانی دراماکە دەوری بەرپرسێتی پێ دەدرێت، برادەرو پینەدۆزە هاوکارەکانی لە یاد ناکات، لەو ڕۆژەی کە قەرارە پاشا مێوانداریی بکات، ئەوانیش بۆ نانخواردن بانگ دەکات، هەلی ئامادەبوونی پاشا لەماڵەکەیدا دەقۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی پینەدۆزەکان هەژارو کەم دەرامەتن و دووکانیان نییە بۆ ئەوەی شت و مەکەکانیان تێدا ساغ بکەنەوە، داوای لێ دەکات کە مۆڵەتی ئەوەیان بداتێ کە بەدەست لە بازاڕ شتومەکەکانیان بفرۆشن پاشاش مۆڵەتی ڕۆژی دوو شەممە و هەینییان دەداتێ. بەڕاستی ئەو ڕۆژە بۆ پینەدۆزەکان لەماڵی سایمۆن ئێیەر دەبێتە جەژن؛ بەدیداری پاشا دەگەن کە ئەگەر لێرە نەبووایە لەوانەیە بەخەونیش نەیاندیتبا، خواردمەنییەکی زۆر دەخۆن لە هەمووش گرنگتر لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژان مۆڵەتی بەدەست فرۆشتنی شتومەکەکانیان پێ دەدرێت.

سەرباری نیشاندانی ئەم هەموو کێشەو گرفتانەی ئەو سەردەمی لەم درامایەدا، نووسەر بەزمانێکی ئاسان و چەند دیالۆگێکی پڕ لە نوکتەو تەنز ئامێز و یاساغ وێنەی ژیانی ئەو سەردەممان بۆ دەکێشێت. لەندەن جیهانێکی یۆتۆپیای دراماتیکییە، لەوێدا کارکردن و هەوڵدان و خۆڕاگری بە پێچەوانەی شوێنانی تر هەمیشە پاداشتی دەبێت و ڕەزامەندیی پاشاش وەدەست دێنێ. پاڵەوانەکە تا ئەو پلەیەی مەبەستیەتی پێی دەگات، هەتا کارەکتەرە لاوەکییەکانیش کە پینەدۆزەکانن تامی سەرکەوتن دەچێژن جیهانی ئەم درامایە چەند گرتەیەکی باوی سەردەمی ئیلیزابێسییە، پیشەیەک لە پیشەکان کە لەلایەن خەڵکەوە بەچاوێکی کەم سەیر دەکرا، پیشان دەدات. ڕادەی قووڵی و لێهاتوویی نووسەریش لە وێنەکردنی درامایی دەردەکەوێت.

لەکۆتاییدا، لەخوێندنەوەی درامای «جەژنی پینەدۆزەکان»ی تۆماس دێکەردا، کە درامایەکی سەردەمی ئیلیزابێسییە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوروپاییەکان بەگشتی و ئینگلیزەکان بە تایبەتی هەر لەکۆنەوە هەوڵیان داوە کێشەو گرفتەکانی خۆیان بدۆزنەوە و لە ئەدەبیاتەکەشیاندا دەری بخەن و و چارەی بکەن، بە پراکتیکیش خەڵک کاریگەریی نووسەرو بیرمەندەکانیان لەسەر بووە و گۆڕانکاریی زۆر گەورەش لەکۆمەڵگاکانیان لەژێر کاریگەریی بزووتنەوە ئەدەبی و فیکرییەکانیان کراوە، بەڵام ئایا نووسەرو بیرمەندەکانی خۆمان چیان بۆ کێشەو گرفتەکانی خۆمان کردووە؟ لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە؟ چارەسەری بۆ دانراوە؟ خەڵک بەگشتی کاریگەریی ئەوانیان لەسەر دیارە؟ یان لەلای ئێمە بیرو ئەدەب ناپەرژێتە سەر ئەم کارانە! ئەگەرنا بۆچی بارێک کێشەو گرفتی سەدان ساڵی پێش ئێستامان لەگەڵمان بۆ سەدەی بیست و یەکەم پەڕیونەتەوە؟!

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

..................

**١- The Shoemakers' Holiday هەرچەندە Holiday بەمانای پشوو دێت، بەڵام لێرەدا نووسەر مەبەستی (جەژنی پینەدۆزەکان)ە.**

**2- J.A. Cuddon.**
**A Dictionary of Literary terms.**

**٣- ساڵی لەدایک بوون و مردنی نووسەر یەکلا نەبووەتەوە لە سەرچاوەیەکی تردا (١٥٧٠- ١٦٣٧ز) نووسراوە.**

**4- The Shoemakers' Holiday:**
**Bridging Joy and suffering by Ace G. Pilkington From Insights, 1994.**

**٥- Lord Mayor کاری سەرۆکی شارەوانی و پارێزگاریی ئێستای کردووە.**

**٦- پلۆت (Plot): بریتییە لە چیرۆکەکانی ناو دراما.**

**٧- لاپەڕە ٥٨ لە**
**The Shoemakers' Holiday Thomas Dekker**
**Edited by Professor D. J Palmer University of Manchester.**

*** لەساڵی (١٦٤٠) لە ئینگلستان شۆڕشێک کرا، پاشا چارلسی یەکەم کوژرا و پیوریتانییەکان هاتنە سەر حوکم، دەستوورێکی نوێیان هێنایە کایەوە و پێیان وابوو کە هەموو یاساکان دەبێ لە ئینجیل وەربگیرێ تا بڕوایان بە کلێساو قەشەکانیش نەبوو، هەموو چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکان ڕاگیران.**

# ڕەوانبێژی لە شانۆگەرییەکانی برێخت-دا

و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر

(ژ. ئۆستن) یەکێک لە باشترین وتەکانیدا دەڵێ: (کاری ئاخاوتن بەشێوەیەکی سەیر وەردەچەرخێت بۆ کون و کەلەبەرو درز یاخود بۆشایی گەر هاتو ئەکتەرێک لەسەر تاتەی شانۆدا بیلێ). لەوانەیە (ئۆستن) لەژیانیدا تەنیا چووبێتە شانۆی هەرزەکاران و هەواداران (Amateurs)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (برێخت) ڕاستگۆیی ئەم جۆرە شانۆگەرییانەی سەلماند مادامەکی بۆشاییەکان و کون و درزەکانی ئاخاوتنی ئەم جۆرە شانۆگەرییانە لای ئەو شێوەیەکی نەنووسراو (non-scriptive) لەکاریگەری نامۆ بوون (Alienation).


لای برێخت خاڵی سەرەکی هەر کارێکی شانۆیی لەو کاتەدا دەست پێدەکات، کاتێک بەشێوەیەکی سەیرو نامۆ و بەهەستێکی ئەبلەق و لەنێو خودی ئەم هەستەدا، ئەم کارە دەبێتە کون و کەلەبەر، یان بۆشایی و کاری نامۆ و شێوە لەبن نەهاتووەکانی کاری ڕۆژانە کون دەکاو دەیبڕێ، هەڵی دەوەشێنێتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ شتە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەو هەڵومەرجیان دەنووسێتەوە. (بۆشایی) کاری نامۆ بوو، جۆرێکە لە (پانتایی درایەن) واتە هەر بەشێکی شانۆگەرییەکە دەبێتە (دەرەوە)ی خۆی، بۆشایی نێوان ئەکتەرو دەقەکە دوو شەق دەکاو بەم جۆرەش شێوە یاخود بەرگە ئایدیۆلۆژییەکەی تاک و خودی کۆمەڵگە ڕۆتینییەکەمان و هەڵسوکەوتەکانی لەسەریان ڕادەماڵێ و ئاشکرایان دەکات. لەکتێبی (شانۆی داستانی- Epic چییە؟)دا ڤالتەر بینگامین دەڵێ: (ئەکتەر دەبێت بتوانێ بە پانتایی پێشبینییەکانی، پانتایی وشەکان بدۆزێتەوە). پێشبینی درامایی (Dramatic intuative) بە میمسیسە- لاساییکردنەوە- ڕۆتینییەکەی و بە ئەفراندنە (کون) دارەکەی گوزارشت لە پێداویستییەکانی خۆی دەکات، لە چەپکردن و شاردنەوەی بارودۆخ و هەلومەرجە ماتریالییەکان و خیاراتە- Options- مێژووییەکان، بەم جۆرەش گوزارشت لە ئامادەنەبوونی - Absence فاکتەرەکان دەکات ئەوانەی لە هەمان کاتدا هەر خۆی بەرهەمیان دێنێ. شانۆنامە یاخود کاری شانۆیی بریتییە لە کاری ڕۆتین کە بە شێوازی جیاواز خۆی لەنێو ستایل و پێناسەی (ناکە سێتیدا) حەشارداوە و ناتوانین لەپێناسەی یاخود لەناسنامەی کەسێتی (Self Identic) جودای بکەینەوە کە دەتوانێ لەبن نەهاتوویی جیهان دەربڕێ وێڕای ئەوەی کە لەنێو خودی خۆیدا، نا پێناسەیی-non Identity جیهان ڕەنگ دەداتەوە. بە وتەیەکی تر، دەبێ بونیاتی ڕانەبردوو، واتە بونیاتی ئێستامان بپارێزێت، واتە تێکچوونی نێوان شانۆو کۆمەڵ دەبێ بمێنێت و تێک نەدرێت، تەنیا لەوکاتەی نەبێ، کە کات و شوێن و هەلومەرجیان دەگۆڕێ. (برێخت) بەردەوام ئەکتەرەکانی هان دەدا بۆ ئەوەی زۆر بەوردی کارەکانیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی دووبارە ئەم کارانە بخوڵقێننەوە، چونکە بەبێ ئەم ئامادەبونەو (ئامادەنەبوونە) و بەبێ ئەم تێگەیشتنە، کاریگەری نادیاری (نامۆبوون) ناکام دەبێت.



بریخت

بونیاتی ناوەکی هەر کاروکاریگەرییەک، لە هەمان کاتدا لەڕێبوونەو لەوێنەبوونە). جگە لەوەش، واتای هەردووکیان و دەربڕین و دەرنەبڕین لە شتێک، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. بۆ زانینی جیاوازییان: واتە پرسیار ئامێزن. کاری شانۆیی دەبێت (پێناسەی ناکەسێتی) یاخود (ناسنامەی نابکەر) وەک پێناسەو (ناسنامەی بکەر) بنوێنێت بەمەرجێک دەبێ ئەم نواندنەی زۆر بە ئاشکرا (پێناسەی کەسێتی) جیهانبینی خودی کاری شانۆیی و ناسنامەکەشی بخاتە بەردەم پرسیارەوە. ئەم (خۆ گۆڕینەوە) و (خۆنەهێشتنە)ی شانۆگەری ئاماژە بۆ پێچەکی سیاسی- میتافۆری سیاسی- Politic Metaphor- ئەمەش هۆیەکەی ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی سیاسی ناتوانێت لەخۆی بگات- وەک کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر، بەبێ دەربڕین و نواندنی کاری شانۆیی (لەڕاستیدا بیرۆکەی بەرهەمهێنان، گۆشەنیگای کلاسیکی ڕەوی نواندنی شانۆیی سەراوژێر دەکات). ئەم نواندنە بەندە بە ئاکامی خۆسەراوژێر کردن و خۆ ناکۆکی- Self contradictory کاری ئیستێتیکا.

لەبەر ئەوە سەیر نییە (بریخت) نەیدەتوانی و نەیدەویست ڕاوبۆچوونی خۆی سەبارەت بەسەنگ و بەهای سیاسی هەر نواندن و نمایشێکی شانۆیی بەتەواوی پێچەوانەی کاریگەری (نامۆبوون) هەرچۆنێک بێت، ئەم خۆسەراوژێرکردنەو خۆناکۆککردنە بۆ شتێکی باش و بەپیت وەردەگێڕێت ئەمەش بەجێگۆڕکردنی و سەرلەنوێ ژیاندنەوەی بیرۆکەیەی کە دەڵێ: (ئێستێتیکا پاشکۆی کۆمەڵگەیە) و لە هەمان کاتیشدا پەردە لەسەر سەقەتی و نارێکی و ناشیرینییە لەبار نەهاتووەکەی ئەم کۆمەڵگەیە لادەبات و ئاشکرای دەکات بەواژەیەکی دیکە، دەتوانین بڵێین، شانۆگەرییەکانی بریخت یاخود شانۆی (بریختی) پرۆسەو پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیانکاتە جۆرێک لە ڕەوانبێژی- Rhetoric- لە ڕێگەی یاخود لەنێو ئاشکراکردن



بیکیت

منداڵ فێردەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکا، گفتوگۆی لۆژیکی پاشان دێت. کاتێ ئەم جۆرە شتە، یان هەر شتێکی دیکە ڕوودەدات، پێمان ڕادەگەیەنێ کە مرۆڤ دەبێ پێبکەنێ، ئەم جۆرە شتانە بەکاری پێکەنین دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی بزانین بۆ؟ پرسیارکردن لە هۆی پێکەنین سەرتاپای پرۆسەکە تێک دەدا. بەهەمان شێوەش فرمێسک لەچاوانی منداڵاندا دادەچۆڕێنێ. ئەم گریانە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە گەورەکان شتێکی نابەجێ، یان ناپەسەند ئەنجام دەدەن، بەڵکو هۆیەکەی بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە ئەم گریانە بەشێوەیەکی خۆڕسک بەندە بە غەم و پەژارەیەکی ڕەسەن و ڕەچەڵەکی. ئەم گریانە ئوسوڵییە لەتازیە و ماتەمینییەکانیشدا دەبینین کە ناوەکەی منداڵان دەتۆقێنێ. ئەمانە ڕووداوی شانۆیین کە کاریگەر ساز دەدەن. بوونی مرۆڤیش کۆپیکردنی ئیشارەتەکانە- Signs، کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی (تۆنە)ی دەنگەکانە. گریان لە ڕاستیدا لەغەم و حەسرەتەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵام غەم و حەسرەتیش لەگریانەوە سەرچاوە دەگرێت. بە وتەیەکی تر، ڕەوانبێژی پێش لۆژیکە:

تێگەیشتنی ئیشاراتەکان و پێشنیارەکانیان، تەنیا لەوکاتەدا دەبێ کە بەشدار دەبێت لەشێوەیەک و لەژیانێکی (چۆنایەتیی) کۆمەڵایەتی، ئێمە وەک منداڵ لە مەبەستی شتەکان و جووڵانەوەکان دەگەین بە لاساییکردنەوەی ئیشارەتەکان، هەست و سۆزێکی گونجاو دامان دەگرێ بە سازدانی ڕەفتارە بنچینەییەکان و بەهێمای ئەم ئیشارەتانە. تەنیا لەدواییدا لۆژیک ڕەوانبێژی دەشارێتەوە. ئیشارەتەکان و (ئیحائاتەکان) بەفێڵەوە دزە دەکەنە نێو مەبەست و هێماکانەوە. ئەوەی ئاخاوتن دەری دەبڕێ، سەرچاوەو شایەدی نییە، بەڵکو پراکتیزە و ئاخاوتنی دیکە دەگرێتە خۆی: ئیشارەتەکان، لاساییکردنەوەی (تۆن)ی دەنگەکانن. برێخت لەکاریگەری (نامۆبووندا) تیشک دەخاتە سەر کاری (دژی نواندن)، لاساییکردنەوەی و ئەرکەکەی منداڵ بە بۆچوونی ئەو لەواتای نواندن بەدووجا دەگا و Multipile- و دووبارەکردنەوەی ڕەوانبێژی، واتە (بەلاساییکردنەوەی لاسایی) لەم واتایە دەگا. لە ڕاستیدا، برێخت ئەم (کۆپیکردنەی لاسایی) لای منداڵ بە (خلیسکانی دەلالەتەکان- Slid of thesignifier دەزانێ. دەتوانین بڵێین، منداڵ بە شانۆی تازە پێگەیشتووەکان و هەرزەکاران دەست پێدەکات و ئەو شتەو ئەو هەستە ئامادەو جێبەجێ دەکات کە هێشتا بەتەواوی و بەڕاستی هەستی پێنەکردووە، لەکۆتاییشدا دەبێتە پرۆفیسۆر، یان ئەکتەرێکی (ئەرستۆیی) و شارەزا، هەروەهاش بەم جۆرە دەبێ میتۆدی برێختی ئەم پرۆسە خەمگینە سەراوژێر بکات و دووبارە بۆ ژیانی منداڵ بمانگەڕێنێتەوە و هەموومان بکاتە تازە پێگەیشتوو و هەرزەکار و سەرەتایی.

برێخت دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە منداڵ و مارکسیزم بە پێچەوانەی یەکتری دەبزوون، بەڵام لەناوەڕاستدا بەیەک دەگەن: تێگەیشتنی منداڵ یەکەم جار بەتەواوی پراکسیسە و کاریگەری خۆڕسکی منداڵ تێکەڵی شێوەکانی ژیان دەبن، تەنیا لە دواییدا و لەکاتێکی درەنگی ژیانیدا سیستەمی لۆژیکی، یان سیستەمی نواندنی چەکەرە دەکات.

مارکسیزم ڕووبەڕووی ئەم سیستەمە ئایدیۆلۆژیکییە دەبێتەوە، دەبێ هەوڵ بدا ڕێگای منداڵەکە بۆ ئەو هەلومەرجە پراکتیکییە بگەڕێنێتەوە کە ئێستا گوشار خراوەتە سەری و چەپ کراوە و دووبارە بەم سیستەمەدا بچێتەوە و بینووسێتەوە وەک بەشێک لە ڕەوانبێژی، یان وەک بەشێک لە مۆدەو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکەی. لەبیرمان چوو بڵێین، ئێمە لەنێو پرۆسەی بەشداریکردنمان لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە فێری هەست و سۆز دەبین، ئەم هەست و سۆزانە بەدامودەزگا و بونیاتە کۆمەڵایەتییەکان بەندن. لەشانۆدا ئێمە دەتوانین دووبارە یاساو شەریعەتی منداڵیمان دابڕینەوە و لەناو ئاستێکی ویژدانیدا تێبینی هەڵسوکەوتی نوێ بکەین و بەم جۆرەش دەتوانین شێوەی خودی گونجاو لەگەڵ ئەم هەڵسوکەوتە پەرەپێ بدەین و دروست بکەین. لەشانۆ و ژیانی منداڵیدا، واتای شتەکانی ئەم جیهانەمان نواندن ئامێز نییە یاخود ئاماژە نییە بۆ ئەم شتانە، بەڵام کاریگەری نواندن و ئاماژەکردن، ئەنجامی کاریگەری (لاساییکردنەوەی پراکتیکییە). بە هەر جۆرێک بێت- Mimesis-میمیسیس) ئەوشتەیە کە پێش واتا دەکەوێت و لە ئامێزی دەگرێت، ئەو بارودۆخە ماتریالییەیە کە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی هزری لۆژیکی، هەروەهاش ئەو بارودۆخە دەرەکییەیە کە پێویستی بە هزری لۆژیکییە. لەکۆتاییدا منداڵ و ماتریالیزم هەردووکیان لەخاڵێکی

هاوبەشەوە دێنەدەرێ: ئەکتەرێک لە شانۆگەرییەکەی برێختدا (Missing Kauf Diloues)دا دەڵێ: (من ئێستا بیرکردنەوە وا دەبینم وەک ڕێگەو شێوازێک لە هەڵسوکەوت و لە هەستان و دانیشتنێکی کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە ئەوەیە هەموو جەستەت بەشدار بێت تیایدا. بە هەموو ئەقڵ و هەستەکەی).

برێخت لە بارەی هەژموونی قوتابخانەی نێچرالیزم (سروشتیگەرایی) لەسەر بواری شانۆییدا دەڵێ: (قوتابخانەی نێچرالیزم هەلومەرج و سنوورێکی توندو تۆڵی سەپاندەسەر تەکنیکگەرایی و شێوەو ڕۆڵ و پانتایی ئاخاوتن بەگشتی و خودی وشە بەتایبەتی لەشانۆدا، بەڵام بەڕای من قەیرانی دەربڕین و ڕەوانبێژی زمانەوانی لەدرامای نێچرالیزمی کلاسیکیدا، پتر هەندێ گرفتی میمیسیسی تێدا هەیە، واتە قەیرانەکە لێرە پەیوەستە بەبواری گوزارشتکردنەوەکە نووسەری شانۆیی پێی وایە دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت لە ڕێگەی مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵیدا، جگە لەوەش، قوتابخانەی ناوبراو شێوازو ستایلی نوێ لە ڕوانگەیەکی ئێستێتیکییەوە پراکتیزە کرد تاکو بتوانێت بیر لە ئەرک و ڕۆڵێکی دیکەی نوێی زمان و ڕەوانبێژی زمانەوانی لەدرامادا بکاتەوە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، نووسەری شانۆیی ناتوانێت ئاخاوتن و ڕەوانبێژی زیندووی سەردەمێک فەرامۆش بکات وەک ئەوەی کە هونەرمەندێک یاخود ئەکتەرێک بەگشتی و هونەرمەندی قوتابخانەی ئەبستراکتیزم دەتوانێ لە شێوەی مرۆڤێک لەداهێنانەکەیدا فەرامۆشی بکات).

لەڕاستیدا، زمانی زیندووی ڕۆژانەی خەڵک ڕۆژ بەڕۆژ پتر گوشار دەخاتە سەر ئەندێشەی نووسەری شانۆ لە هەر دەقێکی شانۆیی و شانۆگەرییەکی نوێدا، هەوڵێکی زۆریش دراوە بۆ سازدانی ستایلی نوێ لە دیالۆگ کە سەرچاوەکەی ئاخاوتنی ڕۆژانەبێت، هەرچۆنێک بێت، نرخی ئەم ئازادییە بەندە بە ئاگایی زمانەوانییەوە، کاتێک کە نووسەری شانۆیی زمان یاخود ڕەوانبێژی زمان زیندوو دەکاتەوە لە ڕێگەی خواستنی زمانی ڕابردوو (وەک بەکارهێنانی هەندێ لە برگەکانی شانۆگەری هەر کەسێک) بۆ نموونە بەکارهێنانی (ئۆدین) هەندێ کارێکتەری ئیسکۆتلەندی سەدەی شازدە لە شانۆگەری (دوا شەوباشەکەی ئارمسترۆنگ)، هەستکردن بەسەقەتی زمانی ئاسایی شتە هەرە بەرچاوەکەی درامای نوێی برێخت و قوتابخانەی پۆست نێچرالیزمە تێیدا ڕەخنەی ڕەوانبێژی، یان زمانی ڕەخنەیی کار دانەوەیان لەنێو ئەزموونەکانی کارێکتەرێکی زامداردا هەیە، لێرەدا هەستێکی قووڵ بە ئیفلیجی وشەکان و پێویست بوونێکی زۆر بە ڕەوانبێژی زمان، دەبنە سەرچاوەی (سۆفیزم)ی ئیلیەت و ڕەخنە فەلسەفییەکەی (پیکیت) لەزمانیان دەبنە سەرچاوەی گومان و دڵەڕاوکێ و بێهوودەیی لەبەهای زمان.. (پیکیت) کە ڕاهاتبوو بۆ (جۆیس) بەدەنگی بەرز کتێبی (ڕەخنە لەزمانی ئۆڤنەر) بخوێنێتەوە، قوتابخانەیەکی تەواوی بۆ گومانکردن دامەزراند. هەروەها مۆرکی سەرەکی ڕەوانبێژی زمان یاخود زمانی ڕەوانبێژی لە دیالۆگی شانۆگەرییەکانی برێخت و (پۆست برێخت)ییەکاندا، بریتییە لە بەزەیی هاتنەوە بەپێویستی یەکجارەکی و بێ سنوورەکەی مرۆڤ بۆ ئاخاوتن، هەرچەندە زمان ئارەزوویەکی لەبن نەهاتووشی هەیە بۆ کورتکردنەوەی ئەم ئاخاوتنە، بەڵام (پنتەر) کە لەژێر کاریگەری (پۆست برێخت)ییەکاندا بوو، توانی بە هەر شێوەیەک بێت زاڵ بێت بەسەر ئەم هەستە (بە ئیفلیجبوون و ڕشانەوەو قێزبوونەوە کە لەخودی وشەکاندا هەیە) و بڵێ: (ئەو زمانە کە دەناڵێنێ لەسایەی وشەکانییەوە شتێکی جیاوازە). کاتێکیش کە ئاگایی ناسک بۆ زمان، تێکەڵاوی شێوەی نوێی دیالۆگ دەبێ شانۆیەکی تایبەت بەزمان سەرهەڵدەدات کە پێچەوانەی شانۆی ئاساییە (بۆ نموونە شانۆگەری (لۆرد چاندۆس)ی (هۆفمان ستۆل). ئێمە ناتوانین تەنیا وەک دەربڕینێکی دینامیکی لەبۆشاییدا پێناسەی زمان بکەین، شانۆ دەبێ لەخودی کاری ئاخاوتندا بخرێتە ئەودیوی وشەکانەوە و بۆشاییەکانەوە، ئێمە لەسەردەمی دەنگدا دەژین نەک لە سەردەمی وشە و پەیڤدا. لێرەش زمانی دەنگە بیستراوەکان تێکەڵاوی زمانی چاو و عەلاماتەکان دەبن، هەر لەبەر ئەوەش دەبێ فێری ئەو زمانەبین کە لەبۆشاییدایە و بە ئەلف و بێیەکی هیرۆگلیفی زمانی دەنگ و هاتو هاوارو ڕووناکی دەنووسێتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی زمانی ئاسایی شارستانیەتی ڕۆژئاواییە.. ❖


**سەرچاوە**

......

**(Brecht and Rhetoric), Neohelicon, Hangary, 1987**

**تیری ئیگلتۆن.**

# شەكسپیر و پاڵەوانی تراژیدی



هیوا سوعاد یوونس

لەم باسەمدا نامەوێ باسی ژیان و كارەكانی نووسەری مەزنی جیهانی شەكسپیر بكەم، بەڵكو دەمەوێ باسی لایەنێكی گرنگی كارەكانی بكەم ئەویش كەسایەتییە سەرەكییەكانی شاكارەكانی و سیفاتەكانیان، هەروەها كەسایەتیی پاڵەوان لە شانۆییەكانی شەكسپیر. گرنگترین شت كە شەكسپیر لە نووسەرەكانی تر جیادەكاتەوە ئەو توانایەیە لە وێناندنی ناوەوەی دەروونی مرۆڤایەتی. شەكسپیر جیهانی سەرسام كرد بەو شێوازە سەیرەی لە وێناندنی دەروونی مرۆڤایەتی و ئەو سۆز و ئارەزووەی كە لە ناخیدا حەشاردراوە. «لە ساڵی (١٥٩٦) تا بەر لە مردنی لە ساڵی (١٦١٦)دا بەردەوام ئەو شتەی شاراوە بووە لە ناخماندا بە ئاشكرایی لەسەر تەختەی شانۆ نیشانی داوین، ئەمەش وای لێ كردووین بە یەكەم شاعیری شانۆیی واقیعی و تەعبیری دابنێین لە مێژوودا، بێگومان جگە لە یۆرپیدس، چونكە شەكسپیر كارتێكراوی كارەكانی بووە، ئەو كارانەی كە (تۆماس ساكفیل)ی شاعیر بۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی». هەروەها كارتێكراو بووە بە (سینكا) ئەمەش لەو دیمەنانە بەدەردەكەوێ كە پڕە لە حاڵەتی خۆشەویستی و خوێن و تارمایی و پێشبینی و تۆڵەسەندنەوە.

ئەوەی سەرنج بداتە كارەكانی شەكسپیر خۆی لەبەردەم دیاردەیەكی هونەری و ئەدەبی سروشتی مەزن دەبینێتەوە. شەكسپیر نزیكەی هەزار كەسایەتیی خستۆتە بەرچاومان، هیچ كامیان لەیەك ناچن (درێنی خەشەبە) لە كتێبەكەی (أشهر المذاهب المسرحية)دا دەڵێ: مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێ لەوەی كە شەكسپیر هیچ نەفسییەتێكی فەرامۆش نەكردووە هەمووی خستۆتە سەر شانۆ و زیاتر سەرسام دەبێ كە دەبینێ شەكسپیر ئەم نەفسییاتانەی لەسەر بنەمایەكی سایكۆلۆژی چارەسەر كردووە. شەكسپیر شانۆییەكانی لە ئینگلتەرا دەنووسی، بەڵام وەك ئەوە وا بوو بۆ هەموو جیهانی بنووسێ و بۆ هەموو سەردەمێك و بۆ هەموو شوێنێك. هەرگیز شاعیرێكی ئینگلیزی نەبووە، بەڵكو جیهانی بووە. شارەزایی شەكسپیر تەنیا بۆ دەروونی كەسایەتییەكانی خۆی نەبووە، بەڵكو شارەزای مێشكی جەماوەر و دەروونیان بووە، شارەزای ئەوە بوو كەوا چۆن بازرگانانی سیاسەت و سەرۆك و پێشەوای میللەتان پەنا دەبەنە بەر فێڵ و ئەو هۆیانەی كە مانەوەیان لەسەر تەختەكەیان مسۆگەر دەكات. هۆیەكی سەرەكی هەیە كەوای لە شەكسپیر كردووە هەمیشە زیندوو و هاوچەرخ بێت، ئەویش ئەو مامەڵە كردنەیەتی لەگەڵ ڕاستیی مرۆڤ. شەكسپیر بە تێگەیشتنێكی وجوودییانە مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤ دەكرد، هیچ شتێك لەلای بەر لە كردار نەدەهات، لە (ماكبێث) هیچ شتێك نابینین تەنیا یاسای خوێن نەبێت و هیچ هێزێك بۆ كردار تەنیا دەروون نەبێت، ئەوەی بە پێشبینی و تارمایی ڕەنگ دەداتەوە بۆ ئەوەی خودی خۆی جێگیر بكات لەبەردەم بێهوودەیی و بێ مانایی ژیان.

ماكبێسیش هەروەك كوریولانس و كاسیۆ و ڕیتشارد و یاگۆ، لەگەڵ ئەم هەموو پایەبەرزییە، ڕووخاوە. هیچ بەهیچ



شەكسپیر

ناكات، بۆیە پێویستە بگەینە كۆتایی شتەكان هەر چۆنێك بێت. لێرەدا ڕوخساری پاڵەوانی تراژیدیی شەكسپیر بەدەردەكەوێ، چونكە بۆی دەردەكەوێ كۆتایی شتەكان لە سەرەتاییەكانیان باشتر نین، یان خۆی دەكوژێ یانیش دەكوژرێ و بەر لەعنەتی كوشتنەكە دەكەوێ. هاملێت گەورەترین یاخی بووە لە جیهانی شەكسپیر، پۆلۆنیۆس دەكوژێ كە لەپشت پەردە خۆی شاردۆتەوە، هەروەها ئەوانی تر بێ ئەوەی پەشیمان ببێتەوە، هاملێتیش ڕووخاوە، بەڵام هەست كردنی بە بێ هوودەیی و بێزاری نابنە كۆسپ بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست بگرێ، هاملێت خاوەن حەقە، بەڵام لە كرداردا هەڵە دەكات، شالیر بێ هیوایە و ڕووخاوە.. كوشتن و تاوان لە دەوروبەری ڕوودەدەن و ئەویش بەرە بەرە لە شێت بوون نزیك دەبێتەوەو بێزارەو خۆی بەدەست بێ هوودەیی ژیان داوە، زۆر بێ هێزە، هۆی ئەمەش چارەنووس نییە، بەڵكو بێ هوودەیی بوونە، بەرامبەر هەست كردنی بە بێ هوودەیی ئەم شتانە هەن: تێ كەوتن یان یاخی بوون، شێتی یان پاڵەوانییەتی، خۆكوشتن یان كاركردن، كوشتن یان شۆڕش.. چارەسەری مام ناوەندی نییە لە شانۆییەكانی شەكسپیر، وەزعەكە درێژخایەن نییەو هەڵبژاردنەكە ئاشكرا دەبێت و بە هەموو ئاگاییەكەوە، لێرەدا یارییەكە دەست پێ دەكات، یارییەكە یاریی دەمامكە، یاریی نواندنە، نواندنی شێتی، شێتی لای هاملێت و نواندنی بێ تاوانی لای (ماكبێث) و نواندنی خۆشەویستی بۆ (لیر) و برادەرایەتی بۆ (قەیسەر)، بەڵام ئەم یارییە بەردەوام نابێت، ئەمەش یەكێكە لە سیفاتی شانۆ بە گشتی و تراژیدیا بەتایبەتی، مرۆڤ بنچینەی ڕەتكردنەوەی هەموو دەمامك و درۆیەكە لە ناواخنی خۆی و جیهاندا، ئەو سەربەستە، بۆیە خۆی ئارەزووەكانی هەڵدەبژێرێ.

### پاڵەوان - چارەنووس

ئەگەر چاوێك بە شانۆی (ئۆدیبی پاشا) بخشێنین ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ هەرچەندە ئۆدیب هەڵەی تراژیدی (هامارشیا)ی كردووە، بەڵام ئەمە چارەنووسی بووە، هەڵەكە لای خۆی نەبووە ئەم چارەنووسە بۆی دانراوە بەرلەوەی لەدایك ببێت.

(س. هـ. لتسر) لە كتێبەكەی (نظریة أرسطو في الشعر والفنون الجمیلة)دا دەڵێ: ئێمە ناتوانین پاڵەوانی تراژیدی لە هەڵەی تراژیدی بێ تاوان بكەین، ئەو كاتەی كە ئۆدیب باوكی خۆی كوشت، لە ئەنجامی ئەو لەخۆبایی و شانازی كردنەی ئۆدیب بوو بەخۆی و چەند هۆكارێكی چارەنووسی بوو. كە باسی ململانێ لای پاڵەوانەكانی شەكسپیر دەكرێ (د. سەمیر سەرحان) دەڵێ: ئەگەر ململانێ بەلای ئەرستۆ ئەو ململانێیە بێت كە لەنێوان پاڵەوان و هێزێكی دەرەكی بێت كە لەوانەیە چارەنووس یان خوداوەند بۆی دانابێ، شەكسپیر بواری ململانێیەكەی بۆ ناو مێشكی پاڵەوانەكە گواستەوە، هەرچەندە شەكسپیر پابەندە بەو بنكەیەی ئەرستۆ كە دەڵێ: دەبێ پاڵەوانی تراژیدی باشتر بێت لە ئاستی كەسێكی ئاسایی، بەڵام لە ململانێیەكی دیاری كراوی دادەنێ ئەویش لەگەڵ مرۆڤایەتی خۆیەتی نەوەك لەگەڵ هێزێكی بەدەر لە خۆی بەمەش توانایەكی دەروونی و هۆشی بەرزی پێ دەبەخشێ، كەموكوڕی و هامارشیا لای شەكسپیر بەشێكە لە دروست بوونی دەروونی پاڵەوان جیاوازیش لەنێوان پاڵەوانی تراژیدی گریكی و شەكسپیری لە وێناندنی سەرەكیی بیرۆكەی چارەنووس خۆی دەبینێتەوە، چارەنووسی دەرەكیی گریكی چارەنووسی پاڵەوانەكە دیاری دەكات و ڕووداوەكەش لەسەر كاردانەوەی پاڵەوانەكە بەرامبەر چارەنووسەكەی بینا دەكرێت، پاڵەوان سەربەخۆیی و ویستی خۆی لە چوارچێوەی كاردانەوەكە دەنوێنێ، بەڵام لای شەكسپیر چارەنووسی پاڵەوانەكە لە هەست و هۆشی جیانابێتەوە.

### پاڵەوان و شێتی

بیرۆكەی شێتی لای پاڵەوانی شەكسپیر توانای هەست كردنی لا ون ناكات، بەڵكو ئەم توانایە قووڵتر دەكات، هاملێت لە كاتی شێت بوونی زیاتر هەست بە جیهانی دەوروپشتی دەكات. هەروەها (لیر) لە شێت بوونیدا زیاتر هەست بەو تاوانانە دەكات كە دەستی بەسەر جیهاندا گرتووەو زەبرو زۆری مرۆڤ و درۆودەلەسەی زیاتر لە هەر كەسێكی تر. شەكسپیر بیرۆكەی شێتی بەكاردێنێ بۆ ئەوەی تەئكید لەسەر ئەم شتە جیاوازانە بكات.

### كەسایەتییە نێگەتیڤەكانی شەكسپیر

ڕەخنەگرەكان لەسەر ئەوە ڕێك دەكەون كەوا شەكسپیر زۆر بەدانایی ڕەسمی كەسایەتییەكانی خۆی دەكات، كەسایەتییەكانی لە هەموو چەشنێكن و لەبەر ئەوەی مرۆڤی شەرانگێز زۆرن لە كۆمەڵگادا، ئەوا شانۆییەكانی (شەكسپیر)یش لەم كەسایەتییانە بێبەش نییە، هەروەك ئاشكرایە ئەو شانۆییانەی كە شەكسپیر نووسیویەتی سێ جۆرن: مێژوویی و كۆمیدیییەكان و تراژیدییەكان. خۆ ئەگەر

سەرنج بدەینە شانۆییەکانی شەکسپیر و لە کەسایەتییەکان ورد ببینەوە، ئەوا دەبینین شەکسپیر بە جوانترین شێوە کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی لە تراژیدیادا یان لە تراژیدییەکانی داڕشتووە. ئەو کەسایەتییە نێگەتیڤانەی لە شانۆییەکانی بەپێی جۆری شانۆییەکان دەگۆڕێ، گەر سەرنج بدەینە هەموو کەسایەتییە شەڕانگێز و نێگەتیڤەکانی کە لە شانۆییە کۆمیدییەکان هەن جگە لە (شایلۆک) هیچ کامیان ناگەنە کەسایەتییە نێگەتیڤەکانی تراژیدیا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شانۆی کۆمیدی. کۆمیدیا بەو کەشە گەشاوەیەو کۆتاییە دڵخۆشکەرەو کەسایەتیی زۆر و هەوڵدانی بۆ ئاشکراکردنی شتە نەنگەکان و ئەو بوارە بۆ نووسەرەکە نارەخسێنێ بەشێوەیەکی دروست ڕەسمی کارەکتەرەکان بکات کە بتوانێ زەرەر و زیانێکی زۆر بە دەوروبەری بگەیەنێ، چونکە ئەم جۆرە کەسایەتییانە کەشێکی پڕ لە ئەندێشەو ئازارو نامرادی و ململانێی توندوتیژ بە دەوروبەری خۆی بڵاودەکاتەوە کە کۆمیدیا ئەم کەشەی پێ هەڵناگیرێ و ئەگەر سەرنجێک بدەینە کەسایەتییەکان (ئیجیۆس) لە شانۆیی (حلم ليلة في منتصف الصيف) و (فردریک) لە شانۆیی (كما تهوى) و (ئۆلیڤەر) لە هەمان شانۆیی و (دۆن جوان) لە شانۆیی (جعجعة بلا طحن) و (شایلۆک) لە (تاجر البندقية) هەروەک باسمان کرد جگە لە شایلۆک هیچ کامیان لە بیناکردن ناگەنە کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی تراژیدیا، هەروەها لە کەسایەتییە شەڕانگێز و نێگەتیڤەکانی مێژوویی ئەوانەی شەکسپیر لە شانۆییە مێژووییەکانی دایڕشتوون ئەوانیش هەمان شت نەگەیشتوونەتە ئەو پلەوپایەی کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی تراژیدیا لە ڕووی بیناکردن و خولقاندنیان، خۆ ئەگەر سەرنج بدەینە کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی مێژوویی لای شەکسپیر ئەوا ئەو کەسایەتییانەمان بەرچاو دەکەوێ. (کاردینال وولی) لە شانۆیی (هێنریی هەشتەم) و (ڕیچاردی سێیەم) لە شانۆییەک کە هەمان ناوی هەڵگرتووە، ئەم دوو کەسایەتییە لە کەسایەتییە شەڕانگێزە بەرچاوەکانی (شەکسپیر)ن، ئەوانەی لە شانۆییە مێژووییەکان بەدی دەکرێن، بەڵام دیسان ناگەنە کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی تراژیدیا لای شەکسپیر، چونکە ئەو کەسایەتییانە بەشێوەیەکی پوخت و دانایانە بیناکراون و شەکسپیر زۆر بایەخی پێداون، لەگەڵ ئەوەی کە هەڵوێستە شەڕانگێزی و ناپاکەکانیان بەدەردەخات و ئارەزووە پیس و چەپەڵەکانیان ئاشکرا دەکات، جار جارە سیفاتی باشیان لێ وەدەردەخات بۆ ئەوەی ململانێیەک لە دەروونیان دروست ببێ لەنێوان ئەو سیفاتانە و سیفاتی شەڕانگێزی کەوا باڵی بەسەر کەسایەتییەکاندا گرتووە بۆ نموونە (لێدی ماکبێث) تاوان دەکات، بەڵام دەکەوێتە ژێر باڵی ململانێیەکی دەروونیی توند، لەنێوان ئەو ئاوات و ئارەزووانەی کە هەیەتی و لەگەڵ ئەو ئاکارو وانە ئایینییانەی کە فێری بووە، هەروەها مێردی (ماکبێث) تووشی هەمان ململانێی دەروونی دەبێت و زۆر جار شەکسپیر بیانوو بۆ کەسایەتییەکانی تراژیدیا دەدۆزێتەوە، بۆ کردەوە خراپەکانیان و لە کەسایەتییەکانی تر (کلۆدیۆس) لە شانۆیی (هاملێت) جار جارە ویژدانی دەبزوێ و نارەحەتی دەکات، بەڵام (ئیاگۆ) کە بە گەورەی شەڕانگێز و نێگەتیڤەکانی شەکسپیر دادەنرێت، زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی دەبنە شایەدی ئەو ڕق و کینەیەی کە لە دڵیدا هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیەک لە ناخیدا هەیە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

(١) بایەخدانی ئۆتێللۆ بە کاسیۆ و متمانەی تەواوی پێی و گرنگی نەدان بە ئیاگۆ وەک کەسێکی قارەمان و باوەڕ پێکراو.

(٢) خۆشەویستیی دێزدەموونا، چونکە ئیاگۆ هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بووە دێزدەموونا بۆ ئەو ببێ و هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەوەندە ڕقی لە ئۆتێللۆ بۆتەوەو لە ئەنجامدا خۆشەویستییەکەی بۆ دێزدەموونا‌ش گۆڕاوە بۆ ڕق و کینەو دواتریش بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هەردووکیان.

(٣) هەمیشە گومانی لەوە کردووە کەوا ئۆتێللۆ لەگەڵ ئێمیلیا ئیشی خراپیان کردووە، ئەمەش زیاتر هاندەر بوو بۆ ئەوەی ئیاگۆ سوور بێ لەسەر لەکەدارکردنی ناوی دێزدەموونا، بۆیە هەمیشە ئەمانەی کردووە بە بیانووی هەموو کردەوە خراپەکانی، چونکە لە یەکێک لە دیالۆژەکانیدا دەڵێ: (نازانم ئەمە ڕاستە یان نا، بەڵام من بەردەوام دەبم هەروەک بڵێی ڕاستییەکی نەگۆڕە)، کەچی وەک هەڵسوکەوت وا نییە، بە پێچەوانەوە ژنەکەی دەنێرێتە ماڵی ئۆتێللۆ بۆ ئەوەی خزمەتی دێزدەموونا بکات و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بابەتی گومان کردنی ئیاگۆ لە خێزانەکەی، دەبینین شتێکە تەنیا ئیاگۆ بۆ خۆی دروستی کردووە بۆ ئەوەی بیکاتە بیانوویەک بۆ کردەوە خراپەکانی، چونکە کاتێ کە ئۆتێللۆ لەگەڵ ئێمیلیا لەناو کۆشک دیمەنیان هەیە و ئۆتێللۆ پرسیار لە ئێمیلیا دەکات لەبارەی دێزدەموونای خێزانییەوە، هیچ شتێک لەو ناپاکاییەی نێوانیان بەدی ناکەین، هەروەها ئەگەر پێوەندییەکی گومان لێ کراو و خراپ هەبووایە لەنێوانیان ئێمیلیا بەو شێوەیە بە مردنی دێزدەموونا پەشۆکاو و خەفەتبار نەدەبوو، ئەمانە هەمووی بیانوو بوو ئیاگۆ ویژدانی خۆی پێ ئاسوودە دەکرد نەبادا ببێتە کۆسپ لەبەردەم خواست و ویستە نەگریسەکانی، بۆیە دەبینین شەکسپیر زۆر دانایانە کەسایەتییە شەڕانگێزەکانی بیناکردووەو لە بیناکردنی کەسایەتییەکانی تریش زۆر سەرکەوتوو بووە، هەر ئەم دانایی و زیرەکییەی شەکسپیر بوونەتە هۆی ئەوەی شەکسپیر ببێتە نووسەری هەموو سەردەمێک و شانۆییەکان و کەسایەتییەکانی هەمیشە مایەی سەرنجڕاکێشانی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بن، ناوەکەشی هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە.. ❖

# ڕیتم و گۆڕانکاری

تۆنی بار
ئا: کامەران حاجی ئەلیاس

یەک شت هەیە کە بینەر ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە و وەریشی نەگرێت، ئەویش بریتییە لە ڕیتم و گۆڕانکاریی ڕیتم، هەر لە سەرەتای بوونمان لە ژیان لێدانی دڵ و گۆڕانی لێدانی بە گوێرەی ئەو کاریگەرییەی لە هەست و سۆزماندا هەیە ڕیتمەکان دیاردەکرێن، لەسەر ئەم بنچینەیە ڕیتم ڕوونترین دیاردەی سەرەکییە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بێت و ئاسانتریشە بۆ جیاکردنەوە و درک پێکردنی و هەروەها بەهێزترین شتیشە لەکاریگەریدا، لیدانی دڵ زیاد دەبێت لەو کاتەی تووڕە دەبێت و خاو دەبێت؛ لەکاتێکدا کە خەمبار دەبین. یان ئەگەر هاتو تۆ ئێستا ژمارەیەکی یانەسیبت هەبێت و ئێستاش تیروپشک دەکرێت و خەڵاتەکەی سەد هەزار دۆلارە لەم کاتەدا لێدانی دڵ خێراتر دەبێت، ئەم گۆڕانکارییە لەڕیتمی لێدانی دڵ بەهۆی ئەو هەستەیە کە کاریگەرەو گرنگە جا ئەگەر هاتو بیربکەینەوە دەبینین هەتا ئەو شتانەی کە ژیانیان نییە جۆرە ڕیتمێکیان هەیە تا چ ڕیتمێکی خاوی هەیە، ئامێری نووسین ڕیتمێکی خێرایی هەیە و کورسییەکی فراوان کە لەسەری دادەنیشن ڕیتمێکی خاوو لەسەر خۆی هەیە، هەروەها دەبینین سۆز چەندین ڕیتمی جیاوازی هەیە، تووڕەبوون و ترس گوزارشت لە ڕیتمی خێرا دەکات، بەڵام خەم گوزارشت لە ڕیتمی لەسەرخۆ دەکات هەروەها وەرزەکانی ساڵ هەر یەکەو جۆرە ڕیتمێکی خۆی هەیە، هاوین ڕیتمێکی لەسەر خۆیە، زستان ڕیتمێکی خێراترە، بەهار ڕیتمێکی مامناوەندییە، هەریەک لە ئێمە جۆرە ڕیتمێکی بنچینەیی خۆی هەیە لەسەر ئەم بنچینەیە جووڵەی ئەم کەسە دیار دەکەوێ کە ئایا خێرایە یان لەسەرخۆیە، بۆیە کاتێک دەورێک دەدرێ بەتۆ دەبێ دەورەکە لەتۆوە نزیک بێت یان دەبێت ڕیتمی خۆت بگۆڕیت، دەبێ ئامێرە جەستەییەکان سەربەست بن و لە ئامادە باشیدا بێت بۆ ئەو داواکارییانەی کە لەدەورەکەدا هەیە بەسەرکەوتوویی جێبەجێی بکەیت، چونکە ئەگەر ئەکتەر نەیتوانی ڕیتمی خۆی بگۆڕێت بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی کە هەیە بۆ ئەوەی لە دەورەکە نزیک بێتەوە، لەوکاتەدا بینەر هەست دەکات ئەو هەستەی هەیەتی هەستێکی ڕاستەقینەی دەورەکە نییە، بەڵکو هەستێکی خودی خۆیەتی بۆ نموونە ئەگەر هاتو تووڕە بوویت خێراتر دەجووڵێیت یان بە پێچەوانەوە لەسەر ئەم بنچینەیە کاتێ دەور دەبینیت دەبێ ئامادەبیت بۆ هەموو کاریگەرییەک بەڕیتمێک کە لەگەڵ کاریگەریی لۆژیکی بگونجێت، بۆیە ئەو ئەکتەرانەی کە تازە دەست بەکاری نواندن دەکەن ئەم توانایەیان نییە، زۆر جار دەبینین لەوپەڕی تووڕەبووندایە لە دیمەنەکەیدا کەچی ڕیتمی خۆی نەگۆڕیوە یان دەبینین دەمودووەکەی زۆر باشە، بەڵام جەستەی مردووەو زۆر خراپە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەکتەر بەڕاستگۆیی لەگەڵ دەورەکەی نەژیاوە یان ئامێرەکانی سەربەستیی تەواوی وەرنەگرتووە. زۆرجار بەپێی ژیانی کرداری ڕۆژانەت ڕیتمی خۆت دەگۆڕی. گۆڕینی خێرایی جووڵە پەیوەستە بەوەی کە هەستی پێ دەکەین هەر لە بارودۆخێ یان لە هەر شتی تر،

هەندێ جار لە یەکچوون هەیە لەنێوان ڕیتمی هەستی کەس لەگەڵ ڕیتمی جووڵەکانی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جۆرە ململانێیەک هەیە، بۆ نموونە لەوانەیە کەسەکە نەیویستبێت تووڕەبوونی ئاشکرا بێت، بۆیە هەوڵ دەدات خۆی لە خێرایی جووڵەکانی دەرباز بکات، ئەم جۆرە ململانێیە گرژی لە گۆڕانکاریی جەستەیی بەدیار دەکەوێ بەتایبەتی لە بەرامبەر چاوی بینەر، جا ئەگەر هاتو ئەوە لە دەورەکە داواکرا بوو، دەبێ ئەم جۆرە ململانێیە بەڕوونی دیار بکەین، لە ڕێگەی هەندێ گۆڕانکاریی جەستەیی یان لە ڕێگەی ڕیتمەوە یان لە ڕێگەی هەردووکیانەوە، ئەو گرژییەش لە گرتنی پیاڵەی قاوە یان جگەرە بە دیار دەکەوێت، دەبێ شتێکی وا ڕوودات کە بینەر هەست بکات کە تۆ تووڕەیت، لەوانەیە ڕیتمەکە نەگۆڕێت بە پێی ئەم کاریگەرییانە، بەڵام ململانێکە زۆر بە ڕوونی دیار دەبێت،

یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە بەرجەستەکردنی هەر شتێک، گۆڕینی ڕیتمە، بەڵام بەشێوەیەکی بەهێزترو کاریگەرتر، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێکادا بڕۆیت پاشان هیچ ناکەیت تەنیا خێراکردنی هەنگاوەکانی ڕۆیشتن نەبێت، ئەوەی چاودێرە وادەزانێ تۆ کاریگەر بوویت بەشتێک، واتە شتێک ڕوویداوە بەهۆی گوزارشتی تەواوی جەستە، ئەگەر هاتو ڕۆیشتنەکەت زۆر خێرابوو یان دوو هەنگاو لەسەرخۆ بوو لە دواییدا دەگەڕێتەوە سەرخێرایی پێشوو، بۆیە بینەر دەگاتە ئەو ئەنجامە کەوا هۆی ئەم گۆڕانکارییە دەبێت شتێک هەبێت ئەویش لە ڕێی گۆڕانکاریی ڕیتمەوە، بۆ نموونە (ماوەی بێدەنگی گۆڕانکارییە لەڕیتم)، هەربۆیە زۆر زەحمەتە باوەڕ بە ئەکتەرێکی لاو بکەین بە گرنگی و تایبەتمەندیی ڕیتم، کەوەکو ئامێرێکی زۆر گرنگە بۆ نواندن، بۆیە پێویستە چاودێریی خەڵکی ئاسایی بکەین کە چۆن ڕیتمی خۆیان بەدیار دەکەوێت. هەر لەسەر ئەم بنچینەیە کەسێتییەکانی دەخوێنیتەوە زۆرجار هەر لە ڕێگای گۆڕانی ڕیتم چەند شتێک لەو کەسەی کە چاودێریت کردووە دەزانیت، بەبێ ئەوەی کەسە کە بناسیت یان زۆرجار دووکەس لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتوون قسە دەکەن بەبێ ئەوەی تۆ گوێت لێیان بێت دەزانیت باسی چی دەکەن، ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینی هەریەک لە کەسێتییەکانن، یەکێک لەو هۆکارانەی کە سەداسەد دەتوانێ وا لە بینەر بکات کە تۆ کاریگەر بوویت بە یەکێک لەو کاریگەرییانە ئەوەیە کە لە هەر جووڵەیەکت بوەستێت، بۆ نموونە (با وا دابنێیت تۆ لە ماڵەوە خەریکی جل شۆرینی و مێردەکەشت سێ کاتژمێر لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دواکەوتووە، لەو کاتەی کە تۆ خەریکی جل شۆرینی گوێت لە



دەرگای ماڵەوە دەبێت، لەم کاتەدا بۆماوەی سی چرکە لە جل شۆرین دەوەستیت پاشان بەردەوام دەبیت، بینەران دەزانن کە تۆ گوێت لە دەرگا بووە و لەلاشت زۆر گرنگ بوو، بەڵام ئەگەر لە جل شۆرین نەوەستبای بینەران وایان دەزانی کە تۆ گوێت لەدەنگی لێدانی دەرگا نەبووە کارەکەشت لا گرینگ نەبووە).

سەرنج لەو گۆڕانکارییانە بدە کە بۆ بینەران ڕوون دەبێتەوە بەهۆی گۆڕینی ڕیتم و گۆڕینی دەنگ، لەهەمان کاتیشدا گۆڕینی تەرکیزی بینراو، لە هەمان کات ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکە، بۆیە لەسەر ئەکتەری لێهاتوو کاتێ دەورەکەی خۆی دەبینێ ئاگاداری هەموو وردییەک بێ لەوەستان، جووڵە، هێما، گوزارشتی دەموچاو، ئەکتەری چالاک دەزانێ کام دیالۆژ یان کام کردار گرنگە و ڕێک دەتوانێ تەرکیزی بینەران بۆ خۆی ڕابکێشێت لەبەکارهێنانی هەموو توانستی خۆی، بەشێوەیەک هەموو جووڵە و دیالۆژی ئاسایی بێت و تەرکیزی بینەران بۆ خۆی ڕابکێشێ، گرنگ ئەوەیە دەرهێنەری فیلم هەست بەو شتانە بکا، چونکە گرنگترین گرتەی فیلم بریتییە لە گرتەی وەرگرو کاردانەوەکەی نەوەکو گرتەی دیالۆژ، جا ئەگەرهاتو دەرهێنەر گرتەی نزیکی بڕی لەکاتی سووڕانەوە، دەرهێنەر دەگاتە ساتێکی کاریگەرترو درامیتر، بەڵام ئەکتەر ئەوەی گرنگە بیزانێت یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێت ساتە گرنگەکە ڕوون بکاتەوەو بە بینەری بگەیەنێ، ئەمە ئەرکێکی سەرەکیی ئەکتەرە کە (ڕوونکردنەوە) بەشێوەیەک هەموو هەست و هزرەکانی بگەیەنێتە بینەران، لێرەدا بەکارهێنانی وشەی (ڕوونی) بە مانا گشتییەکەیەوە نەوەکو تەنیا بەمانا دەربڕینەکە، هێما، بەرزونزمیی مرۆڤ، وەستان، گۆڕینی ڕیتم هەر هەموویان هەست و هزرەکان ڕوون دەکەنەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە کاتێ ئەم وشەیە بەکاردێنین بۆ ئاماژە پێکردنی هەر شتێک کە تۆ دەیکەیت، دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ بۆ بینەران.

(تۆنی بار) چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە دەڵێت: لە یەکێک لە دیمەنەکانی (شای و حنان) ئافرەتێک لەگەڵ مێردکەی تووڕە دەبێت بەهۆی خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ منداڵەکەی لەسەر ئەوەی کەشەوی ڕابردوو یارمەتیی منداڵەکەی نەداوە کەوا وا لە منداڵەکەی بکات کە منداڵەکەی بۆتە پیاو دەتوانێ پشت بەخۆی ببەستێت، دیمەنەکە کۆتایی دێت کاتێ ئافرەتەکە بەمێردەکەی ڕادەگەیەنێت وازی لێ دەهێنێت، ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرابوو لەسەرەتای دیمەنەکە ئافرەتەکە لەناوەوە تووڕە بوو، بەڵام ئەکتەرەکە توانایەکی کەمی لەتووڕەبوون نیشان دا، بۆیە چەند پرۆڤەیکیان کرد کە خۆی ئامادە بکات زۆر بەخێرایی بەدەوری ئەو شوێنەی کە نواندنی تێدا ئەنجام دەدات بسووڕێتەوە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەم کارە ئەنجام بدات، پاشان دەست بەدیمەنەکە بکرێت، ئەمەی سەرەوەی دەقاودەق جێبەجێ کرد پاش ئەوەی بەخێرایی جوولاوەو بۆ چەند ساتێک تووڕەبوو، بەم جۆرە ڕەنگی هێواش هێواش دەگۆڕا لە دواییدا ڕاستەوخۆ دەست کرا بەنواندن بەمەرجێک بە هەمان جوولە ئەم هەست و سۆزە ڕابگرێت، هەرچەندە لە دیمەنەکە نزیک بۆوە دەبوو هۆی دروست بوونی حاڵەتێکی سۆزداری ڕاستگۆی لە دیمەنەکەدا داواکراوبوو، ئەم فێڵە سادەیە یارمەتیدەربوو بۆ جوولانی ڕیتمی سۆز و لەدایک بوونی سۆزی ڕاستەقینە و ئەکتەرەکە خۆی شاگەشکە ببوو بەو ڕووداوانەی کە ڕوویان دا، بۆیە وانەیەکی زۆر گرنگی لەم ئەزموونە وەرگرت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چالاکییەکی سۆزی ناوەکی و ڕیتمێکی گونجاو لەکاتی دەست پێکردنی دیمەنەکە ئامادە بکات، یەکێک لەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئاستی سۆزداری بریتییە لە بەرجەستەکردنی ڕیتمێک کە لە ئاستی ئەو سۆزدارییەدا بێت. ئەم جەستەیە بگۆڕێت بۆ - ناوەوەو دەرەوە، بەڵام دەبێ ئەو هەستە سۆزدارییە ناوەکییە بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر ڕاستگۆ بێت، بۆ ئەوەی کاریگەریی ڕیتم لەسەر ئاکار شی بکەینەوە بۆ ئەو ئەکتەرانەی کە تازە دەست بەکاری نواندن دەکەن، ئەم ڕاهێنانەی خوارەوە وەکو وانەیەکی گرنگ جێبەجێ دەکرێن. پێیان دەڵێ: (ئێوە دووکەسێتین کە ڕیتمی ناوەوەتان لەسەر خۆیە) لەدواییدا هەوڵ دەدەین مانای ئەوە دیار بکەین کە مەبەستمان چییە؟ و چۆن ئەم دوو کەسێتییە شتەکان وەردەگرن و چۆن دەجوولێنەوە، لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەدا دەگەینە ئەنجامێک کە هەردووکیان لەسەرخۆ دەجوولێنەوە، هەموو شتێک بەخێرایی لەسەر ئاستی فیکری وەرناگرن یان کاریگەر نابن بەهیچ شتێکی سۆزداری هەر چەند کاریگەرییەکە ڕەنگ بێ قوتابییەکان ڕاهێنانەکەیان گەورەتر کرد بە سەرپێیی دەست بەپرۆڤە کرا، مێرد دەگەڕێتەوە ماڵەوە و بەخێزانەکەی ڕادەگەیەنێ کە ئافرەتێکی تری دۆزیوەتەوە واز لەو دێنێت، لەبەر ئەوەی مێرد و ژنەکە ڕیتمی ناوەوەی هەردووکیان لەسەر خۆیە، بۆیە وەڵامی ژنەکە بەم شێوەیە دەبێت (باشە من بەمێرکردنەکەم کامەران نەبووم هەرچۆنێک بێت نابمە ڕێگر). پاشان بەژنەکە دەڵێت: ڕیتمی ئافرەتەکە خێرایە دووبارە کەسێتییەکە دیار دەکەوێت بەشێوەیەک زوو دەتەقێتەوە لە خێرایی کاریگەریی سۆزداری دەبێت خێرا بیردەکاتەوە خێرا دەجوولێتەوە، ئێستا کاتێ مێردەکەی دێتەوە جوولەی لەسەرخۆیە بەهێواشی بیردەکاتەوە، دیمەنەکە جیاوازییەکی تەواوی دەبێت.. ژنەکە دەست دەکات بەهات و هاوار و بیانوو، بەڵام مێردەکە لەسەرخۆ هەوڵ دەدات هێمنی بکاتەوە، جا کاتێک دیمەنەکە بۆ جاری سێیەم دووبارە دەکرێتەوە لەگەڵ گۆڕانی ڕیتمی مێردەکە بەشێوەیەک کە ئەویش خێرا دەبێت هەردووکیان دیمەنێکی جیاوازیان پێشکەش کرد، زۆرجار شەڕ دەبێت، گرنگ هەردوو لا، بەڵام سەرپێیانە، واتە (الارتجال) زۆرجار هەروەک خۆیەتی، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت ڕیتمی بنچینەیی کەسێتییەکانە. ئەم دوو ڕیتمە بنچینەییەش پەیوەستە بەوە تا چەند هەست و سۆز جەستەی وەردەگرێت بەڕادەیەک کە گۆڕانی تەواوی سروشتی کەسێتییەکە بێت، ئەمە وێنەیەکی سادە بوو بۆ نواندن ئەگەر بەشێوەیەکی قووڵ بچێتە ناو کەسێتییەکە، ئەوەی جێی بایەخدانە بە بنەمایەکانی ڕیتم بۆ هەر ئەکتەرێک کاریگەریی هەیە لەسەر ئەکتەرەکانی تر وەکو کاروکاردانەوە زۆر جار ململانێیەکە زیاد دەبێت کاتێک ڕیتمەکان جۆراوجۆر دەبن ئەو گۆڕانکارییەی لە ڕیتمەکان هەیە بەشێکە لە بینەر. با سەیری ئەم دیمەنەی خوارەوە بکەین، شوێن ژووری پەڕتووکخانە لەماڵێ، کە لە چینێکی مامناوەندییە، پەڕتووکخانەکە دوو کورسیی تێدایە

**پیاوەکە**

ئەی ماڵەکەم وا گەڕامەوە: (دەرگای ماڵ دەکاتەوە. پیاوەکە بە چەند هەنگاوێکی چالاک کە هەست بەخۆشی دەکات دێتە ژوورەوە بەنەنم گۆرانی دەڵێت ڕێکتی تۆپی سەرمێزی پێیە، هەست بە ساتەوەختەکانی خۆشی دەکات لە یاری گەڕاوەتەوە، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لەم کاتەدا ژنەکەی دێتە ژوورەوە ئەویش بە هەمان شێوە هەست بەخۆشی دەکات).

**ئافرەتەکە**

جیمی کونز توانای نەبووە بەرامبەر ئەو لێدانەی دواییە وەڵام بداتەوە.

**پیاوەکە**

ڕاست دەکەی تووشی پشێوی ببووم (لەم کاتەدا بۆ لای ئەو دەسووڕێتەوە ماچێکی خۆشی لێ دەکات پاشان بەرەو

پەڕتووکخانە دەچێت پۆستەی نامەکانی دەپشکنێت).
منداڵەکان لەکوێن؟
**ئافرەتەکە**
تۆمی لە کۆبوونەوەیە، میردس لە خوێندنی باڵەیە.
**پیاوەکە**
هەردووکیان هەست بە خۆشیی ژیان دەکەن وانییە؟
(پاشان لەناکاو دەوەستێت لەسەر یەکێک لەکورسییەکان دادەنیشێت)
تاوەکو ئێستا زۆر بە جوانی دەجووڵێتەوە، ڕیتمەکەیان بەرزە لەگەڵ خێراییەکەیان هاوسەنگە (ئێستا لەکاتی قسەکردنیدا تووشی شۆک دەبێ، دەگۆڕێت بێگومان ڕیتمەمەکەش دەگۆڕێت بە هەمان شێوە ئافرەتەکەش دەگۆڕێت)
**ئافرەتەکە**
چی بووە؟ (ئافرەتەکە هەوڵ دەدات بە چەند هەنگاوێک بچێتە لای، دوودڵیشە بۆ ئەوەی کێشەکە بزانێت)
لەو کاتە ڕیتمەکەیان خاودەبێتەوە چاوەڕێی وەڵام دەکات، چونکە هەست دەکا گرفتێک هەیە، هەست دەکات خورپەی دڵی خێراتر دەبێ لەو کاتە هەست بە ململانێ دەکرێت لەنێوان ڕیتمی ناوەکی و ڕیتمی دەرەکی و هەست بەگرژیی جەستەی خۆی دەکات.
**پیاوەکە**
هیچ ...
**ئافرەتەکە**
توخوا جیم چی لەناو نامەکەدایە؟
**پیاوەکە**
هیچ شتێک نەبوو..
**ئافرەتەکە**
(تووشی ناڕەحەتی دەبێ)
تۆ هەموو کاتێک بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەیت با بزانم تەنیا بۆ جارێکیش بۆ شێواوی دەپێم بڵێ؟
(لەبەر ئەوەی ئافرەتەکە زۆر شێواوە، بۆیە ناتوانێ کۆنترۆڵی هەستی خۆی بکات)
**پیاوەکە**
(ئەمیش بە هەمان شێوە شێواوە)
کارەکە پێوەندیی بەتۆوە نییە..
**ئافرەتەکە**
نا دەبێ بزانم ئەم نامەیە چی تێدایە؟
**پیاوەکە**
هیچ شتێکی تێدا نییە
**ئافرەتەکە**
هەر شتێک کار لەتۆ بکات پێوەندیی بەمنیشەوە هەیە، چونکە هاوسەری تۆم
(پیاوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری دەکات پاشان سەری نزم دەکاتەوە)
لێرەدا پیاوەکە گەیشتە قۆناغێک کە هەواڵەکەی پێ بڵێت سەری دەسووڕێنێت و خۆی خەمبار دەکا قسەکانیشی خاوو لەسەر خۆن..
**پیاوەکە**
کەسێک لەبەندیخانەیە (ئافرەتەکە لەگەڵ ئەم هەواڵە تووشی شۆکی دەبێت)
بێگومان ئێستا ڕیتمەکە خاو دەبێت بەهۆی ئەم هەواڵە..
**ئافرەتەکە**
لەبەندیخانە؟ کێیە؟
(پیاوەکە تووشی دڵەڕاوکێ بوو) جیم؟ کێیە؟
**پیاوەکە**
خێزانی یەکەمم
**ئافرەتەکە**
چی؟
**پیاوەکە**
خێزانی یەکەمم
**ئافرەتەکە**
کامە؟ خێزانی یەکەمت؟
**پیاوەکە**
لەکاتی خۆی پێم نەگوتی وامدەزانی پێویست نەبوو. ترسام کاتێ بوویتە هاوسەرم پێت بڵێم کاتێکی گونجاو نەبوو بۆوەی پێتی بڵێم.
**ئافرەتەکە**
پێش من ژنت هێناوەو پێشت نەگوتم؟
**پیاوەکە**
داوای لێبووردنت لێدەکەم (ئافرەتەکە تووڕە دەبێت و هەڵدەستێت پیاسە دەکات و دەستەکانی بادەدات)
لەوکاتەی تووڕەییە ڕیتمەکەی دووبارە بەرزدەبێتەوە، چونکە دەزانێ چی ڕوودەدات بە هەمان شێوە ڕیتمی ئەویش بەرز دەبێتەوە خورپەی دڵی بەرز دەبێتەوە، بەڵام وا دیارە لەسەر خودی خۆی زاڵە هەرچەندە ڕیتمەکەی خێرایە، بەڵام هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی خۆی بکات لە ناوەوەی تووشی گرژی بووە، بینەرانیش لە ڕێگای جووڵەکانیان یان لەشێوازی قسەکانیان یان لە ڕێگەی هەردووکیانەوە هەستی پێ دەکەن.
**ئافرەتەکە**
لێبوردن؟
پێم دەڵێ پێش تۆ ژنم هێنابوو داوای لێبووردنیشم لێ دەکەیت

**پیاوەکە**

دەتوانم چی بلێم ئەمە پانزە ساڵی بەسەر تێپەڕیوە

**ئافرەتەکە**

مافی خۆم بوو بزانم

**پیاوەکە**

بەڵێ لەگەمژەیی خۆم بوو دەبوایە هەر لەسەرەتا پێم ڕاگەیاندبایت

**ئافرەتەکە**

سوپاس... هەرچاکە دانی پێدادەنێت (ماوەیەک دەوەستێت بۆ ئەوەی هێور ببێتەوە پیاوەکەش چاوەڕوانی دەکات پاش چەند ساتێک ئافرەتەکە هەناسەیەکی قووڵ وەردەگرێت بەهێواشی قسە دەکا) لەوانەیە ئافرەتەکە بەهێواشی قسە دەکا، بەڵام لێدانی دڵی خێرایە لەنێوان ململانێ ڕیتمی ناوەکی و ڕیتمی دەرەکی دەبێت ئەمەش بەهۆی جووڵەی دەست و هێماییەکانی بەدیار دەبێت.

**ئافرەتەکە**

بۆچی لە بەندیخانەیە؟

**پیاوەکە**

بەهۆی دزینی چەکەوە دەڵێن شاهیدیشی لەسەر هەیە

**ئافرەتەکە**

باشە بۆچی بۆ تۆ دەنووسێت

**پیاوەکە**

چونکە کەسی نییە

**ئافرەتەکە**

ئاوا باشە چیی لەتۆ دەوێت

**پیاوەکە**

(بۆ ماوەیەک دەوەستێت)

پێویستی بە کەسێک هەیە ببێتە (کەفیلی)

**ئافرەتەکە**

پارەکە چەندە

**پیاوەکە**

25000 دۆلارە

**ئافرەتەکە**

(ناتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات، خێراتر دەجووڵێتەوە؛ بە دەوری خۆی دەسووڕێتەوە، لێدانی دڵی زیاد دەکات)

نا

**پیاوەکە**

لێم ببورە دەبێ یارمەتیی بدەم

**ئافرەتەکە**

نا

**پیاوەکە**

(کۆنترۆڵی خۆی لەدست دەدات)

دەبێ یارمەتیی بدەم

(لەبەر ئەوەی ناتوانێ کۆنترۆڵی خۆی بکات ڕیتمەکەی خێرا دەبێت لەگەڵ ڕیتمی ناوەوە دەڕوات بەبێ ئەوەی ڕێکی بخات و جووڵەی خێراتر دەبێت)

**پیاوەکە**

گوێم لێ بگرە لەکاتی خوێندنم لە مافدا یارمەتیی داوم هەموو شتێکی بۆ کردووم ئێستاش ئەو پێویستی بەمن هەیە دەبێ یارمەتیی بدەم (بەم ڕازیبوونە ئافرەتەکە هەست بە هێمنی دەکات، بۆیە وا باشە خۆی بداتە دەست واقیع لە هەردوو حاڵەتدا ڕیتمی خاوو لەسەرخۆ دەبێت پیاوەکەش بەهۆی ئەم ئەنجامە ڕیتمی خاو دەبێت)

**ئافرەتەکە**

تەنیا یەک پرسیار

**پیاوەکە**

بەڵێ؟

**ئافرەتەکە**

ئایا یەکترتان دەبینی؟

**پیاوەکە**

لەو ڕۆژەی بەجێیی هێشتووم نەمبینیوە (ئافرەتەکە سەر نزم دەکاتەوە، بۆ لای دەچێت و یەکتر لەباوەش دەگرن)

هەردووکیان تا ڕادەیەک هێمن و ڕیتمەکەیان لەسەرخۆیە.

لەم دیمەنەدا هێزی جووڵە لە هەموو شتێ زیاتر بوو ئەگەر تێبینی بکەین چەندین گۆڕانکاری لە ڕیتمەکان کرا، هۆیەکەشی سۆز بوو کە هەردووکیان هەستیان پێ دەکرد هەر چەند ڕیتمی یەکێک دەگۆڕا ئەویتریشیان دەگۆڕا، ئەمەش بۆ کاردانەوەی کەسی دووەم دەگەڕێتەوە هەروەکو لە پێشتر باسمان کرد کە هەریەک لە شێوازەکانی گواستنەوەی بیرۆکەکان یان سۆز بۆ چاودێر ئەم حاڵەتە لەلایەن هەریەک لە ئەکتەرو بینەر کاریگەر بووە بەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرە کە لە دیمەنەکەدا ڕووی دا.

تێبینی خەڵکی دەوروبەری خۆت بکە دەتوانی بگەیتە ئەوەی کە هەست بەچی دەکەیت بەهۆی ڕیتم و جووڵانەکانیانەوە، لەو کاتەدا دەرک بەخێرایی دەکەی کە چەند پەیوەستە بەسۆز و ڕیتمی جەستەیی..❖

**ژێدەر**

.....

**التمثيل للسينما والتلفزيون، تونی بار، ترجمة: أحمد الحزري.**

# گەمەی ئیستێتیکا
# لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا

## (غەریزەی دراما)



یووسف عوسمان حەمەد

چەمکی گەڕانەوە بۆ سروشت پێکهاتەی دەقێکە کە حاڵەتێکی دەروونی بۆ میتۆدی عەقڵ دروست دەکات کە بە چاوی ڕاستەقینە جوانکاری ئەزەلی سروشت ببینێت، سایکۆلۆژیستەکانی کەسایەتی دەڵێن، بینینی شتە جوانەکان و بیستنی ئاوازە بەجۆشەکان لە هەستەوەرە باڵایەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە هەردوو هەستەوەرەکان پێوەری سەرەکی دەقە ئیستاتیکاییەکانن لە سروشت. ئەگەر پیانۆ دایکی مۆسیقا بێت کە هەموو میلۆدەکانی تر لەژێر پەنجەکانی پیانۆ هاتبێتە دەر، ئەوا ئاوازە ڕەسەنەکانی سروشت ئیلهام بەخشی ڕووحی پیانۆیە، واتە هەموو دەقەکان لە دەریاچەی سروشتەوە مەلەوانی دەکەن، بۆیە تایبەتمەندی هەیە لەنێوان دەقەکان.

ئەگەر هەستەوەرە باڵایەکان سنوورەکانی ئیستاتیکا دیاری بکەن، ئەوا ڕاڕەوی ئەو هەستەوەرانە دەگاتە عەقڵیەتی خودی تاک کە چەند بیرکردنەوەیەکی ڕەها کاردەکاتە سەر بڕیاردان لەسەر خودی جوانی دەق، چونکە پێکهاتەی عەقڵی تاک پابەندە بە سنوورەکانی کەسایەتی و ڕۆشنبیری و ئاستی زیرەکی و باری دەروونی و تێگەیشتن لە کولتوورو ڕادەی چێژ وەرگرتن لە سروشتەکانەوە، واتە ڕادەی چێژی ئیستاتیکا لەسەرەتاوە بەستراوەتەوە بەخودی کەسایەتی تاک و بڕیاردان لەسەر ئاستی پلەی دەقی سەرکەوتوو و دەقی نەمر.


بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت هەردەقێک خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروست کردنی ئیستاتیکا لای بینەر کە هەمووی گێڕانەوەی مێژووی بیردانی هەستەوەرە باڵایەکانی مرۆڤە بە پەیوەست بوون بەسروشت، کاتێک تاک چێژەکانی ئینتمای دەقێک دەبێت هەمان ئینتمایە بۆ سەرچاوەی ڕووداوی دەقەکە لەناو میللەتێک و نیشتمانێکدا، واتە خەسڵەتەکانی خۆشەویستی نیشتمان و خاک و نەتەوەیی کەسێک بە ئاستی پلەی چێژ وەرگرتن بەستراوەتەوە. بۆیە دەقەکان زادەی بیری هەستی ڕووداوێکن کە بەسەر کۆمەڵە کەسێک و نەتەوەیەک هاتووە، بەڵام ئاڵوگۆڕکردن لەو دەقە شانۆییەدا، گەمەی ستاتیکا دەور دەبینێ، چونکە ئیستاتیکا لەهەر دەقێکی شانۆییدا، سێ کۆڵەگەی سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** وەرگرتن واتە قەبووڵ کردنی هەموو فیگەرو فەزاو ناوەرۆکی دەقەکە و تێڕامان لەبەرامبەری بۆ گەڕان بەدوای چێژەکان.

**دووەم:** تێگەیشتن واتە حاڵی بوون و بەیەک گەیشتنی عەقڵی دەق و عەقڵی بینەر بۆ دروست کردنی پردێکی بەردەوام کە وروژاندنێک لەبەردەم تاک دروست دەکات ئەوکاتە تاک بەدوای وەڵامی وروژێنەرەکان دەگەڕێت و دەیەوێت خۆی تەوزیف بکات لەناو دەقە شانۆییەکە هزرە مەلە بکات لەناو فەزای دەقەکە.

**سێیەم:** شیکردنەوە واتە گەڕان بەدوای ئیستاتیکا لە دەق ئەمەش شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئامانج پێکاندنی دەقەکەیە، یان لە کۆتاییدا هەموو ئەو ئامانجە کە تەرح کراوە، گەیشتۆتە مــەبەست و دۆزینەوەی جـیــاوازی لەنێــوان دوو کــرداری هاتنەژوورەوەی بینەر بۆ هـۆڵی نمایش و چوونە دەرەوەی لە هۆڵەکە، ئایا هیچ گۆڕانێکی دەروونی و مەعـریفی ڕوویداوە واتە هەڵچوون لە ناخی بینەر دروست بووە.

لە سایکۆ- ئارتدا ئەم سێ کردارە بە ئەبستمولۆژیای شانۆ دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی ئیستاتیکا لە دەقێکی شانۆییدا.



کاتێک کارێک لە دەقێکی شانۆیی بیانی دەکرێت بەمۆرک و خـەسـڵـەتی نەتەوەیەکی تر پێشکەش دەکـرێت، ڕەنگە دیسپلینی کارەکە ئەوە دەخوازێ بەهەمان کـات و شـوێن و فـەزای جلوبەرگ و شـانۆو ناوی ئەکـتـەر دووبارەبکرێتـەوە، بەڵام چۆن کرداری ئیسـتـاتیکا دەگـوازرێتـەوە بۆ بینەر؟ ئەو گــەمـــەیە دەرهێنەر ئەنجــامی دەدات و دەتوانێت جــۆری ورووژاندەکـان زیاد بکات بەمـــەش زۆرترین وەڵامی دەست دەکەوێت لە بەرامبەر مەعریفەی هەستەوەرە باڵایەکانی تاکدا.

واتە دەرهێنەر دەتوانێت ئەو غـــەریزەیە دروست بکات لە کامڵ بوونی دەقدا کاتێک دەرهێنەر دەقی نووسەرێک دەست نیشان دەکات ئەو میکانیزمە بەپێی لێکدانەوەی سایکۆلۆژی دەرهێنەر دەقی ئەو نووسـەرە هەڵدەبژێرێت کـە لەگـەڵ ڕەوتی بیروبۆچوون و تێفکرینی ئەو دەگونجێ یان دەقەکە بەشێکە لە نهێنی، دەرهێنەر دەیەوێ لە ڕێگای هەڵبـژاردنی ئەو دەقەوە ئەو نهێنییـە ئاشکرا بکات و لەبارە چەپاندراوەکان ڕزگـاری بێت. بۆیە لە کایەکی مەعریفەدا دەرهێنەر مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقـەدا دەکات هەڵێـدەسـووڕێنێ و لەنێـوان نووسـەری دەقی شانۆیی و دەرهێنەر باڵا دەستی و چوستی و زیرەکی ئەکـتەر گەمە دەکات لە چۆن ڕەزامەندی دەرهێنەر بە دەست دەهێنێ و ئەو جـووڵەیە دەکـات کـە لە مـێـشکی دەرهێنەردایە ئەو ناتوانێت وەسفی بکات و بەهەمان شـێـوەش مـامـەڵە لەگەڵ ڕووداوەکـانی دەقـەکـە دەکـات و بەهەرسـێکیـان (نووسـەرو دەرهێنەرو ئەکـتــەر) بازنەی شـانۆ پێک دەهێنن کـە پێی دەوترێت غـەریزەی دراما. کە پێک هاتووە لە سینۆگرافیـاو مۆسیقاو دیکۆرو ئێکسسوارو ڕووناکی و کۆمبارس و هێڵ و ڕەنگ و جووڵە.... کە هەر هەموویان چەکەرەی ئیستاتیکا لای بینەر دروست دەکـەن بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ یان ناڕاسـتـەوخـۆ واتە دەقی بیـانی لە ڕێگای ئەم بازنەیەوە چێژێکی خۆماڵی دروست دەکات.

لە گواستنەوەی دەقێکی شانۆییدا خەسڵەتی ئیستاتیکا داواکراو یا دیاریکراو، ناتوانرێت ڕێک پێناسە بکرێت وەک هاوکـێـشـەی مـاتماتیکی، چونکە گـواسـتنەوەی هێـڵـەکـانی هونەری سەرکەوتوو بە گوێرەی هەست و ئیـدراکی ئەو کەسە پێـوەری ئیـسـتـاتیکا دەکـرێت، واتـە پێـوەری هەست کـردن بە سایکۆ- ئیستـاتیکی هونەر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەپێی پێوەری (هەستەوەرە باڵایەکان و ڕۆشنبیری و کەسێتی و ژینگەو زیرەکی و تێگەیشتنی) ئەو کەسە.

(هۆلمز) دەڵێ غەریزەی ئاشکراکردن لە دەق، واتە حەزکردن لە زانین و تێگەیشتن بۆ تەواوکردنی ڕەهەندی ئیستاتیکا کە بەپێی پەروەردەی هونەری ئەو کــەســەو لەگــەڵ هەمـــوو غـەریزەکـانی تر جـیـاوازە هەسـتی جـوانکاری دووریـیـەکی میکانیکی کەسایەتییە. چێژی هونەری دروست دەکات جگە لە چێژ وەرگرتن هەستی ئیستاتیکا لە دەقی شانۆی گوێزراوەدا خەسڵەتێکی جیاکراوەیە لە هەستەوەرە باڵایەکانی مرۆڤ، مـاوەی نێـوان کـارە هونەرییـەکـانی دەق و لێکدانەوەی لە ڕوانگەی بینین و بیسـتندا لە زەمـەنی چێژوەرگرتن هەستی ئیستاتیکا دروست دەبێت..❖

## سەرچاوەکان

.........


**١- جورج سانتيانا. الأحساس بالجمال. ترجمة د. محمد مصطفى بدوي. قاهرة.**


**٢- جون راندال، التكوين الجمالي للفن. ترجمة محمد خيري، قاهيرة، دار المعارف، ١٩٨٣.**

**٣- ماري أندرسون. علم النفس الجمالي، ترجمة قاسم عبود، دمشق، ١٩٨٦.**

**٤- ئامانج عوسمان حەمەد، لێکدانەوەی سایکۆلۆژیا بۆ ئیستاتیکا، ڕامان، ژ ٣٩، ١٩٩٩.**

# شانۆی نەتەوەیی کورد

## (سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی ناسنامە)



سەباح عەبدولڕەحمان

هەر لەسەردەمی ئاشنابوون بەناوی شانۆی فینیقی و فیرعۆنی و گریک و کلاسیکی ئیتالی تا ئەمڕۆی ڕۆژگاری بەجیهانی بوون ناکرێ باس لە خسڵەت و ڕواڵەت و شێوازو ڕوخساری هونەری شانۆ بکرێ بەدەر لە زەمینەی ڕیاڵی جوگرافی «بەمانای خاک» و مێژوویی «بەمانای پانتایی زەمەن» و کۆمەڵایەتی «بەمانای ڕووداو و کەسایەتی و دابونەریت..» ئەمانەش هەمووی لەژێر چەتری ڕامیاری ئەو سەردەمە کە چوارچێوەی ئایدیالۆژی و تێڕوانین و لێکدانەوەکان دەستنیشان دەکەن.. بێگۆمان ئەو هەموو پێکهاتەیەش تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە دەکرێ ببێتە ناونیشان و شوناسێکی نەتەوەیی لەگەڵ شوناسی نەتەوەیەکی تر، جیاوازی و ڕوخسار پیشان بدات. بۆ نموونە ئەگەر «گریک» خاوەنی مێژوویەکی تۆمارکراوی زیندوو نەبوانا لەمیانەی چەندین فەیلەسووف و زاناو داناو پاڵەوانی نەتەوەیی و سرووت و یاسای ئاینی، ئەوە بێگومان نە دەکەوتنە خانەی ڕابەرایەتی دامەزراندنی شانۆ لەجیهان وەک پێویستییەکی شارستانی کە سیاسەت و ڕژێم و کیانی حوکمڕانی پەیڕەو و پیادەی کردووە. وەک دەرفەتێک بۆ گوزارشت و گەشەپێدانی ژیانی خەڵک و گونجاندنی پێوەندییەکان لەنێوان چین و توێژی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە. کەواتە بوونی (شانۆی گریک) بەو ڕوخسارە تایبەتمەندییە دەرئەنجامی ئەو هەموو تیۆرانەیە کە سوکرات و ئەفلاتوون و تیسیپس و ئەنجیلۆس و سۆفۆکلیس و یورپیدس و...تاد. کردوویانە بە بنچینەی داڕشتنی بەرنامەو یاسای شانۆیەک ڕەنگدانەوەو خوێندنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ قۆناغ و دیدو تێڕوانین و حەزو ویستی تاک و کۆمەڵی ئەو سەردەمە بکات کە لەپێکهاتەکەی کولتوور و مێژوویەک بۆ ئەم شانۆیە مەزنە وەک هەگبەیەکی دەوڵەمەند بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە. ئەسخیلۆس کە یەکێکە لە سێ کوچکەی بونیادی شانۆی گریک، بەوپەڕی دڵسۆزی و وردبینییەوە تیشک دەخاتە سەر سەرکەوتنەکانی گریک لەبواری جەنگ و بەجوانترین شێوە ژیان و وێژەو کولتووری میللەتەکەی بەرجەستە دەکات، لەمیانەی ئەو تێکستانەی کە پاڵەوانی هەریەکەیان لایەنێکی پیشان دەدا وەک پریکلیس و لامبروس و سلامیس و نلوسیکا... بەهەمان شێوەو بەوپەڕی نیشتمانپەروەرییەوە سۆفوکلیسی هاوتای کە بەدووەم کەسی مەزنی مەرگەساتی یۆنانی کۆن دەژمێردرێت لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ئەو سەردەمەی کە شاری ئەسینا بەگەشەسەندووترین ڕۆژانی لەقەڵەم دراوە، هەروەها لەپیادەکردنی حوکمڕانی دیموکراسی گەیشتۆتە ترۆپکە و سەرەڕای ئەوەی کە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین شاری یۆنان بووە و کاریگەری لەسەر بیروئەدەبیاتی هزرمەندان و هونەرمەندان هەبووە کە

بەدڵسۆزییەوە خۆیان بە بەشێکی ئەم سیستەمە داناوە و پەرۆش بووینە بۆ قوربانیدان لەپێناو خاک و نیشتیمان و بەپێی پرەنسیبی ڕژێم و بەهەموو ڕاستگۆییەکەوە کاریان لەسەر ئەوە کردووە کە گەورەیی و سەروەری وڵات و دیموکراسییەت بکەنە درووشم لە نووسینەکانیاندا، ئەوەتا سۆفۆکلیس لەشانۆنامەی «ئۆدیبۆس لەکۆلۆنۆس» بەوپەڕی ئەفراندنەوە ئەو گەڕەکە وەسف دەکات بەجوانی کە تێدا لەدایک بووە وەک نیشانەیەک بۆ خۆبەستنەوە بەخۆشەویستنی خاک و نیشتمان و ئینتیمای نەتەوەیی.



**شانۆگەری «هەبوو نەبوو» دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان – ١٩٨١**

هەر سێ کەڵەنووسەری بەناوبانگی گریک «ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس ویۆرپیدس» لەبەرهەم و گەنجینەیاندا بایەخ بەمێژووی کولتوورو دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەدەن بۆ تیشک خستنە سەر ژیانی سەردەمی خۆیان لەمەشدا باری زانیاری و ئایینی و ژیاریی و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیان دەردەکەوێ کە دەبێتە ئاوێنەی ئاستی پەرەسەندنی هونەری و کولتووریان. ئەگەر بۆ هەمان مەبەستی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبنج و بنەوانی دروستبوونی شانۆی نەتەوەیی بکۆڵینەوە، ئەوا بێگومان لەمێژووی (٣٠٠٠) ساڵ «پ. ز» فیرعۆنییەکان لەخاکی میسر بە هەمان شێوە مێژووی تۆمارکراوە بەو بەڵگانەی کە لەسەر نەخش و گەڵای قامیش دۆزراونەتەوە سەبارەت بەو ئاهەنگانەی کە لەجەژنی ئۆزیرۆس ئاهەنگسازی و سرووتی بۆ کراوە لەماوەی هەژدە ڕۆژدا کە لەکێڵانی زەوییەوە دەستی پێکردووە تا ڕۆژی دروێنە وەک هێمایەک بۆ ژیانەوەی خواوەند پاش مردنی. کەواتە شارستانیەتی فینیقیش بەهەمان شێواز گوزارشتی لەچەسپاندنی ڕاستییەکان کردووە، بەڵام بەتایبەتمەندی سەردەمی خۆی و نەتەوەکە و دابونەریتەکانی و خاک و بڕوا ئاینییەکانی کە بوونەتە پێکهاتەی ڕوخسارێکی جیاواز لەگەڵ شانۆی گریکدا.. شیتەڵکردنەوەی دوو نموونەی سەرەوە ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هیچ میللەتێک ناتوانێ ناوی خۆی بخاتە پاڵ بزاڤی شانۆ وەک ناسنامە، ئەگەر سەکۆیەکی پڕ لە گوتاری کولتووری و مێژوویی و ڕووداو و بەسەرهاتی گەورەو دیارو بەرچاوی ئەوتۆی نەبێت کە بەدەیان کەسایەتی و پاڵەوان، زاناو داناو فەیلەسووف و بیرمەندو نووسەرو هونەرمەندی ناوداری

گرتبێتە خۆی. وەک چۆن لەمێژووی شانۆی ئینگلیزیدا باس لەو بڕیارەی «ئەلینرابیت»ی شاژن دەکرێت کە دژ بە نووسەری بەناوبانگ شەکسپیر دەری کرد بۆ قەدەغە کردنی نمایشی شانۆگەری «ریکاردۆسی دووەم» کە باس لەچۆنیەتی لادانی ئەم شایە دەکات لەسەرتەختی شاهانە. ئەم هەڵوێستەی شەکسپیر لەسەردەمی خۆیدا ئەمە دووپات دەکاتەوە، کە شانۆ بەشێک بووە لەچارەسەرکردنی کێشە ڕامیارییەکانی ئەم کاتە کە بریتی بوون لە ئاژاوە و جەنگی ناوخۆ و ناکۆکی تیرەگەری و ئایینی لەسەرەتای سەدەی سێزدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی پازدەیەم. شەکسپیر لەم دەقەدا ویستوویەتی وێنایی دەوڵەت بکات کە لەژێر باری دابەشبوونی دەسەڵات و ململانێی دووهێز کە چۆن مەترسی ڕووخان و نائارامی دروست دەکەن... ڕەنگە نووسەرێکی کورد بتوانێ بەدەقاندەقکردنی ئەم تێکستەی شەکسپیرو وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی زۆر شێوەو چەشنی ڕووداوەکان بکاتە هاوشێوەو بەسەرهاتی ئێمە لەقۆناغێکدا. تارادەیەکیش ڕەنگە هەست و ویژدانی بینەری کوردیش. بورووژێنێ لەو خاڵانەی کە نزیکمان دەکاتەوە لەو مەرگەساتانەی کە لە کۆ عەقڵی گشتیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە نابێتە موڵکی یەکاویەکی شانۆی کوردی و ناخرێتە خانەی شانۆی ناسنامە، چونکە نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردن، هەرچەندە سەرکەوتووش بن وەک هەوڵی نوێکاری و مۆدێرن یا لەجۆری نمایش و شێوازی ئەدەبی و قوتابخانە، ناچنەوە سەرناسنامە، بەڵکو دێنە ڕیزی بزاوتی شانۆیی کە هەموو دنیا ڕۆڵی تێدا دەبینێ. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دامەزراندنی شانۆی کوردی بەناسنامە پرۆژەیەکی نەتەوەییە و ئەکادیمی ئامێزەو تەنیا بەکۆشش و هەوڵی پسپۆرو شارەزایانی ئەم بوارە نایەتە ئاراوە، بەڵکو



شانۆگەری «مرۆڤ و ئازارەکانی» دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان - ١٩٨١

پێویستی بەپشتگیری گەلێک لە دامودەزگا هەیە وەک کۆڕی زانیاری کورد و نووسەران و مێژوونووسان و زانایان و پسپۆرانی شوێنەوار و...تاد بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ئاراستانەی کە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەدەبیاتی کوردی تا چەند ئاشنا بووە بەهونەری شانۆ لەسەرتاپای کوردستان، پێویستمان بەلێکۆڵینەوە دەبێت بۆ دەوردانی ئەو زانیاریانە کە دەبنە بنچینە بۆ دەستپێکی ئەم پرۆژەیە.. ئێمە خاوەن بزاوتێکی شانۆیین، بۆمان هەیە کە هەوڵ بۆ ناسنامەی شانۆیی بدەین.. خاوەن خاکین.. خاوەن زمان و کولتوورو کەلەپوور و چەندین ڕەگەزی پیرۆزی ئایینین هەموو ئەو کەرستانەمان هەیە کە بیئاخنینە نێو پێکهاتەی شانۆی نەتەوەیی ڕوخساردارو تایبەتمەند، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمڕۆ دەستڕۆیی دەسەلات و ئازادیمان بەدەستەوەیە، تەنیا پێویستمان بەگیانی دیموکراسی و عەقڵی شارستانییە کە بەکاری بێنین بۆ دامەزراندنی ئەم پرۆژەیە. هەر بۆ شیتەڵکردنەوەی ئەم بۆچوونە، دەتوانین دەقی «ڕۆمیۆ جولێت»ی شەکسپیر و «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی وەک سیمبولێک بە بەراورد بێنینەوە کە هەموو ئەو مەرج و ڕواڵەتانە دەگرنە خۆیان و شایستەن ببنە ناسنامە بۆ نەتەوەیەک کە هەردوو بابەتیش بیرۆکەی خۆشەویستی و سوارچاکی و وەفاداری کردۆتە بڕبڕەی بونیادی درامی.. بەڵام هەریەکەو تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازیان هەیە، چونکە لە پشت ڕووداوەکان دوو ئایدیۆلۆژیا و دوو کەش و دوو کۆمەڵگەو دوو فەرهەنگی دابونەریت و ئایین و جلوبەرگ و دوو شێوازی چارەسەرکردن کە لەدووگیان و ڕوحیەتی جیاواز هەڵقوڵاون، کەواتە ئەگەر شاکارێکی وەک مەم و زین بە لێکۆڵینەوە و دوور لە شێواندن بکرێتە پرۆژەی تێکستێکی شانۆیی، پێم وایە لە هەر مۆزەخانەیەک بێت لەجیهان لە غەیری ناسنامەی کوردی، هیچ ناونیشانێکی تر وەرناگرێ.. ئەمە و جگە لەو هەموو بەسەرهاتانەی کە کوردی گرتۆتەوە و هاوشێوەشی نییە وەک مەرگەساتی هەڵەبجەو کیمیاباران و ئەنفالەکان کە یەک پارچە هەمووی کەرستەی دراماتیکین و دەکرێنە دەیان تێکستی شانۆیی سەرسوڕهێنەر کە شایەنی ناسنامەی کورد بێ و بەدەقی کوردی بخوێندرێنەوە و ژیانی سەدان شاعیرو بلیمەت و شۆڕشگێڕو هزرمەندو هونەرمەندی گەورەی ئەم میللەتە کە پڕن لەبەسەرهات و کەلەپوورو دابونەریتی بەهادار کە جۆرێک لەسیستەمی ژیانی کوردەواری دەخاتەڕوو و دەیکاتە هێڵی درامی ئەو میللەتەو سەدان شێوەی جلوبەرگ و پۆشاک و کەرەستەی ناو ماڵ و خواردن و نووستن و هاتوچۆی دەخرێتە ناو بۆ ڕازاندنەوەیەکی تایبەت بەکورد کە میللەتێکی دەوڵەمەندە بەسرووت و بەها ئایینییەکانی لە زرادەشتییەوە تا دەگاتە ئیسلام.

پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە بەرنامەیە پێویستی بەدەزگایەکی تایبەتە بۆ بەڵگاندنی هەموو تێکست و پاپەند بەشانۆیی و ئەو ناوەرۆکانەی کە سیمای شانۆیی لێ بەدەردەکەوێ هەتا بگرە لێکۆڵینەوە ڕەخنە ئامێزەکانیش سوودی خۆیان دەبێ بۆ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە. ئەوەی کە باسم کرد هێڵە گشتییەکانی پرۆژەی ناوبراوە بەهیوای ئەوە لە نووسینێکی ئایندەدا بە وردی و بەدرێژی بچمە ناویەکەیەکەی ئەو خاڵانەی، کە دەمانگوازێتەوە بۆ قۆناغی پەرەپێدانی شانۆیەکی نەتەوەیی بەناوی کورد..❖

**سەرچاوەکان**

..........

**ژمارە (٢٥ و٢٨)ی گۆڤاری شانۆ ساڵی (١٩٦٦).**

# درامانووسانی جیهان

مەهدی مەجید جاف
(سوێد)

(١-٣)

## چەند وشەیەکی پێویست

ناسینی ئەم پەنجا کەڵە نووسەرانە، بۆ هونەر پیشانی شانۆ و هۆگرانی ئەدەب و هونەر پێویستە، هەڵبەت لای هەمووان ئەمانە ئاشنان، بەڵام بەشێوەیەکی ئاوا کە وەک فەرهەنگێک و بوونی لەبەردەستدا باشترە. ئەم نامیلکەیە دەتوانین بڵێین کە لە کتێبی (درام نویسان جیهان - ی منصور خلج)ەوە ئامادەم کردووە. بۆ زۆربەیان تەماشای سەرچاوەی ترم کردووە و کەڵکم لێ وەرگرتوون وەک:

(١) تاریخ تئاتر جهان. براکت، اسکار کروس. ترجمه هوشنگ ازادی ور.
(٢) تاریخ المسح. فیتو بانولیفی. الاب لاس زحلاوی.
(3). Litteraturens vards historia PA Norstedit
(4). Natinalencyklopdin 1994. sverige.

بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا بە تێروتەسەلتر لەسەریان بنووسین.

**مەهدی مەجید محەمەد**
**١٩٩٧ ز - سوێد**

ناوی درامانووس/ میللەت
---------------
ئەسخیلۆس/ یۆنانی
سۆفۆکلیس/ یۆنانی
یۆرپیدس/ یۆنانی
ئەریستۆفانیس/ یۆنانی
مێناندر/ یۆنانی
تێرینس/ ڕۆمانی
پلاوتۆس/ ڕۆمانی
سینیکا/ ڕۆمانی
لۆپەدوگا/ ئیسپانی
کالدرون دلاربا/ ئیسپانی
کریستۆفەر مارلۆ/ ئینگلیزی
ویلیام شکسپیر/ ئینگلیزی
بن جانسۆن/ ئینگلیزی
پێر کۆرنی/ فەرەنسی
ژان ڕاسین/ فەرەنسی
مۆلێر/ فەرەنسی

لێسینگ/ ئەڵمانی
گۆتە/ ئەڵمانی
شیلەر/ ئەڵمانی
کلایست/ ئەڵمانی
گیۆرگ بوخنەر/ ئەڵمانی
ئاگوست ستریندبێری/ سویدی
هێنریک ئیبسن/ نەرویجی
نیکۆلای گوگۆل/ ڕووسی
ئانتوان چیخۆف/ ڕووسی
ماکسیم گۆرکی/ ڕووسی
مۆریس مترلەنگ/ بەلژیکی
لویجی پیرئاندیلۆ/ ئیتالی
جۆرج بەرنادشۆ/ ئینگلیسی - ئیرلەندی
ڕۆمن ڕۆلان/ فەرەنسی
فێدریکۆ کارسیا لۆرکا/ ئیسپانی
یۆجین ئۆنێل/ ئەمەریکی
تۆرنتۆن وایلدەر/ ئەمەریکی
ئارتۆر میلەر/ ئەمەریکی
تنسی ولیامز/ ئەمەریکی
شون ئۆکێیسی/ ئیرلەندی
برتۆلد برێخت/ ئەڵمانی
ماکس فریش/ سویسری
فریدریک دورنمات/ سویسری
ژان ژیردۆ/ فەرەنسی
ژان ئانوی/ فەرەنسی
ژان پاول سارتەر/ فەرەنسی
ئالبێر کامۆ/ فەرەنسی - جەزائیری
جیمیز جۆیس/ ئیرلەندی
سامۆیل بیکێت/ ئیرلەندی
ئۆژین یونسکۆ/ ڕۆمانی
ئارتۆر ئادامۆف/ فەرەنسی - ڕووسی
جان ئابزن/ ئینگلیزی
هارولد پینتەر/ ئینگلیزی
ئەدوارد ئالبی/ ئەمەریکی

## ١- ئەسخیلۆس Aeschylus

ئەسخیلۆس کۆنترین تراژیدی نووسێکی یۆنانییە کە دراماکانی بە دەست کەوتوون. ئەسخیلۆسی کوڕی فیرۆن لە ساڵی( ٥٢٥ پ٠ز) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. باوکی یەکێک بووە لە بازرگانە بە ناوبانگەکان و یەکێک بووە لە خانەدانە بەرێزەکانی یۆنان. سەرچاوەی زۆر سەبارەت بە ژیانی ئەسخیلۆس لە بەردەستدا نییە بەڵام ئەوەندەی کە زانراوە لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا زۆر ئازایانە لە ڕیزی سوپاکانی یۆناندا بووە و لە شەڕەکانی ماراتندا بەرەنگاری لە سوپای یۆنان کردووە. پاش (١٠) ساڵیش لە شەڕەکانی دژی خشایار شای ئێرانی زۆر ئازایانە جەنگاوە و وەک سەربازێکی ئازا ناوبانگی دەرکردووە.

ئەسخیلۆس لە ساڵی (٤٩٩ پ ٠ ز) و لە ڕۆژانی جەژنی دیۆنیسۆسی گەورەدا کە بە (ئەلئافیون)ی پێدەگوترا بۆ یەکەمین جار تراژیدیای خۆی لەسەر شانۆ نیشانی بینەرانی شانۆی داوە. ئەو جەژنە یەکێک بووە لە جەژنە کۆنە ئاینییەکانی یۆنان، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە ئەسخیلۆس وەک شاعیرێکی خۆشەویست ناوبانگی لای خەڵکی یۆنان دەرکردووە.

ئەسخیلۆسی مەزن لە ماوەی ژیانیدا نزیکەی هەشتا (٨٠) شانۆنامەی نووسیوە، لەو ژمارەیە تەنیا حەفت (٧) شانۆنامەی لە نەمان ڕزگار کراون، ئەوانەش بریتین لەمانەی خوارەوە.

(١) شانۆنامەی فارسەکان. مێژووی نووسینەکەی ساڵی (٤٦٧ پ٠ز)ە

(٢) شانۆنامەی حەوت کەس لە تیپ. ساڵی (٤٦٧ پ٠ز) نووسراوە.

(٣) شانۆنامەی تکاکەران. لە ساڵی (٤٦٥ پ٠ز) نووسراوە.

(٤) شانۆنامەی پرۆمیتەی زنجیرکراو. لە ساڵی (٤٦٨ پ٠ز) نووسراوە.

(٥) شانۆنامەی پرۆمیتەی ئازاد.

(٦) شانۆنامەی ئوریستیا.

(٧) شانۆنامەی تریلۆژی (سێ بەشی) کە پێکهاتووی

ا - شانۆنامەی ئاگامەمنوون.

ب - شانۆنامەی ساقییەکان.

ج - شانۆنامەی خوایانی تۆڵەسێن، یان ئوائندەر.

جگە لەمانە هەندێ لەشانۆنامەکانی ئەسخیلۆس زۆر بە ناتەواوی بەر دەست کەوتوون، لەوانە وەک : ئاتامۆس. ئەدۆنییەکان و نەوەکانی هێرکوول. یەکێک لە داهێنانەکانی ئەسخیلۆس لە هونەری شانۆدا ئەوەیە کە ئەکتەری دووەمی هێناوەتە سەر شانۆ، ئاشکرایە ئەو داهێنانەش لە سەرەتای کارکردنیدا بووە لە شانۆدا و لە کاتێکدا سۆفۆکلیسی مەزن و بلیمەت کەڵکی لە ئەکتەری سێیەم وەرگرتووە ئەسخیلۆسیش لە ئەکتەری سێیەم سوودی وەرگرتووە.

مێژوونووسانی شانۆ باوەڕیان وایە کە ئەسخیلۆس

گـرنگیـیـەکی زۆری بە شـانۆ و بە هونەری شـانۆ داوە و بە درامانووسێکی ئایینی و فەیلەسووفێکی بە توانا ناسراوە.

ئەسـخیلۆس لە سـاڵەکـانی (٤٧٤ تا ٤٦٨ ی پ٠ز) لە (سـیـراکـۆز) بەسـەر دەبات و هەر لەم سـاڵانەدا لەگـەڵ فەیلەسووفە (سۆفستایی)یەکان پێوەندی دەگرێت، ئەمانەش کۆمەڵێ فەیلەسووفی ئایینی بوون.

ئەسخیلۆسی بلیمەت و مەزن لە ساڵی (٤٥٦ پ٠ز )دڵە پڕ لە میهرەکەی لە لێدان دەوەستێت و ماڵئاوایی لە ژیان و شانۆ دەکات.

## ٢- سۆفۆکلیس Sophocles

سۆفـۆکلیسی شاعیر و درامانووسی گەورەی یۆنان لە ساڵی (٤٩٦ پ٠ز )لە گـوندی کـۆلۆنۆس لە نزیک شـاری ئاتێن لە دایک بووە. باوکی سـۆفـۆکلیس یەکـێک لە بازرگـانە ناودارەکانی یۆنان بووە و لە کاتی شەڕی نێوان ئێرانیەکان و یۆناندا کـارگـەی شـمـشـێـر دروسـتکردنی دەبێت و بەرهەمی کارگەکەی لە ئەنجامی ئەو شەڕە گەورەدا ڕەواجی زۆر دەبێت و سوودێکی زۆر وەردەگرێت.

سـۆفـۆکلیس لەش و لارێکی بەخـۆ و جـوانی هەبووە، لە سـەرەتای لاویدا سـەرقـاڵی وەرزش بووە، وەک گـورمـشـت وەشـاندن و کـەشـتـیـوانی و لە پێـشـبـڕکـێکاندا خـەڵاتی لەم بوارانەدا وەرگرتووە.

سۆفۆکلیس لە تەمەنی شازدە (١٦) ساڵیدا وەک سەرتیپی سروودخوێن لە یادی سەرکەوتنی شەڕەکـانی سالامـیـسـدا (Salamis) کە یۆنانییەکان هەموو ساڵێک جەژنیان بۆ ئەو یادە گێڕاوە.

پاشان حەزی لە کاری ئەکتەری کردووە لە لای ئەسخیلۆسی بلیمەت فێری ئەم هونەرە مەزنە بووە و لە دوایشدا لە هەندێ لە شانۆگەرییەکانی خۆیشیدا وەک ئەکتەرێکی بە توانا ڕۆڵی یاری کردووە. لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا لە خۆی ڕابینی کە بە شانۆگەرییـەکی خۆی بۆ یەکەمین جار لە فـیـسـتـیـڤـاڵێکی تراژیدیادا بەشداری بکات.

سـۆفـۆکلیس نزیکی سـەد و بیـست درامـای نووسـیـوە، لەو ژمارە زۆرە تەنیا حەوت شانۆنامەی لە نەمان ڕزگاریان بووە و بەدەست ئێمە گەیشتوون، ئەوانەش بریتین لەمانەی خوارەوە.

(١) شانۆنامەی ئاژاکس.
(٢) شانۆنامەی ئەنتیگۆنا. (٤٤١پ٠ز).
(٣) شانۆنامەی ئۆدیبی پاشا (٤٢٥ پ٠ز).
(٤) شانۆنامەی ئەلیکترا (٤١٨ - ٤١٠ پ٠ز).
(٥) شانۆنامەی ژنانی ترافیس (٤١٣ پ. ز).
(٦) شانۆنامەی فیلۆکیتیس. (٤٠٩ پ٠ ز).
(٧) شانۆنامەی ئۆدیب لە کۆلۆنۆس. (٤٠٦ پ. ز).

شـانۆنامـەی ئۆدیب لە کـۆلـۆنـۆس دوا شـانۆگـەرییـە کـە نووسـیـویەتی ، ئەم شـانۆنامـەیە تەواوکـەری ڕووداوەکـانی شانۆنامەی ئۆدیبی پاشایە.

کـاتێک کـە ئۆدیب نابینایە و چاوەکـانی بەدەسـتی خـۆی هەڵکـۆڵـراون، لـە تەک ئـەنـتـــــیـگـدا ژیـانـی ئـاوارەیـی و سەرگەردانی دەگرنە بەر و ڕوو لە کۆلۆنۆس دەنێن کە دەکەوێتە کەنار شاری ئاتێنەوە (ئەسینا)، کۆلۆنۆس زادگا و شوێنی لە دایک بوونیەتی. لەم درامایەدا سۆفـۆکلیس دوا چارەنووسی ئۆدیب بە شـێـوەیەکی زۆر بەرزی ئەدەبی و هونەری کـۆتایی پێدێت.

سۆفۆکلیسی مەزن و بلیمەت لە بیست و چوار پێشبڕکێی شانۆییدا خەڵاتی وەرگرتووە و یەکەم خەڵات کە وەری گرتبێت لە ساڵی (٤٦٨ پ٠ز) بووە کە لە ئەسخیلۆسی بردووەتەوە و بە درێژایی تەمـەنی هونەری لە پێـشـبـڕکێ درامـیـیـەکـاندا لە خەڵاتی پلەی دووەم دانەبەزیوە.

لە داهێنانەکـانی سـۆفـۆکلیس لە شـانۆدا ئەوەیە سـێـیـەمین ئەکتەری هێناوەتە سەر شانۆ و جێگیرکردنی ژمارەی کۆرس بە پازدە (١٥) کـەس. سـۆفـۆکلیس لە سـەردەمـێکدا دەژیا کـە یۆنان لە لووتکەی پێـشکەوتنی دیموکـراتی و ڕۆشنبـیـری و شـارسـتـانـیـدا دەگـەشـایەوە، ئەو سـەردەمـەش سـەردەمی بریکلیسی بە توانا و مەزن بووە. لەگەڵ ئەوەشدا سۆفـۆکلیس و پریکلیس پێـوەندییـەکی دۆسـتـانەی پتـەویان هەبووە، پریکـلیس داوای لە خـــەڵکی یۆنان کـــردووە کـــە بڕۆن بۆ تەمـاشـاکـردنی درامـاکـانی سـۆفـۆکلیس و وەک ڕەخنەگـر و لێکۆڵەرەوە بەشداری بکەن. ئەمـەش مـایەی خـۆشبـەختی و گـەورەیی بـووە بۆ سـۆفـۆکلیس و لـەو سـەردەمـە پڕ شکۆیەدا سۆفۆکلیس بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵی ڕەبەق لێپرسراوی شانۆی یۆنان بووە و لە ڕیزی پێشەوایان و گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەدا بووە.

جیـاوازیی سـۆفـۆکـیلس لەگەڵ ئەسـخیلۆسدا ئەوەیە کە کەسایەتییەکانی سۆفۆکلیس زۆر ئاڵۆزن و لە ڕووی دەروون ناسـیـیـەوە جـێگای وتووێژو توێژینەوەن. زۆربەی پاڵەوانی دراماکانی لە کەسانی نەجیب زادە و خانەدانەکان پێکدێت، بەڵام بێتـاوانیش نین و بەدەستی خۆیان سزای خۆیان دەدەن، هەر وەک لە شانۆنامەکانی ئۆدیبی پاشا و شانۆنامەی ئۆدیب لە کۆلۆنۆس و ئەنتیگۆناو ئاژاکسدا بەدەر دەکەوێت.

سۆفۆکلیسی بە توانا و مەزن بۆ دوا جار لە تەمەنی هەشتا و پێنج خـەڵاتی شـانۆیی وەردەگـرێت و لە سـاڵی (٤٠٦ پ٠ز)دا و لە تەمـەنی نەوەد ساڵیـدا ماڵئاوایی لە شانۆ و

ژیان دەکات.

### ۳- **یۆرپیدس** Euripdes

یۆرپیدسی شاعیر و درامانووسی مەزنی یۆنانی بە سێیەمین تراژیدی نووسی یۆنانی پاش ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس دادەنرێت. یۆرپیدس لە ساڵی (٤٨٠ پ ٠ ز) لە دایک بووە. باوکی پیاوێکی ناودار و ڕۆشنفکر و بازرگانێکی لێهاتووی ناوچەی سالامیس بووە و زۆر یارمەتیی ئەسخیلۆسی کوڕی داوە کە سەرگەرمی وەرزش و موزیک و وێنەکێشان بێت. پاش تاقیکردنەوەی ئەم ئارەزووانە یۆرپیدس توانی لە ڕێی مامۆستایەکییەوە فێری زانستی فەلسەفەش بێت، هەر ئەمەش بوو وای لێکرد دەست بە نووسینی دراما بکات. کە یەکەمین درامای نووسی تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو. لەماوەی پەنجا ساڵ نووسیندا زیاتر لە نەوەد شانۆنامەی نووسیوە، لەو ژمارە زۆرە تەنیا هەژدە شانۆنامەی لە فەوتان ڕزگاریان بووە و بە دەست گەیشتوون. ئەوانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

(١) شانۆنامەی ئالسیست، ساڵی (٤٣٨پ.ز) نووسیویەتی.
(٢) شانۆنامەی میدیا، ساڵی (٤٣١ پ٠ز) نووسیویەتی.
(٣) شانۆنامەی نەوەکانی هیراکلیس.
(٤) شانۆنامەی ئەندرۆماک.
(٥) شانۆنامەی هیپۆلۆتس.
(٦) شانۆنامەی هیکابە.
(٧) شانۆنامەی نەوەکانی هیراکلیس.
(٨) شانۆنامەی تکاکەران.
(٩) شانۆنامەی لیۆن.
(١٠) شانۆنامەی ژنانی فینیکی (فینیقی)
(١١) شانۆنامەی ئەلیکترا.
(١٢) شانۆنامەی ئەڤگینیا لە تەوریس.
(١٣) شانۆنامەی هلێن.
(١٤) شانۆنامەی ژنانی تەروا.
(١٥) شانۆنامەی ئۆرێست.
(١٦) شانۆنامەی باکائە.
(١٧) شانۆنامەی ئەفگینیا لە ئۆلیس.
(١٨) شانۆنامەی تکاکاران.

لەبەر ئەو ڕێز و خۆشەویستییە زۆرەی کە یۆرپیدس لە کۆتایی سەردەمی پرشنگداری کولتووری و ڕۆشنفکری یۆناندا هەیبووە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانی لە بەلای ڕۆژگار ڕزگاریان بووە و ماونەتەوە، هەرچەندە لە سەردەمی خۆیدا خەڵکێکی زۆر حەزیان لە بەرهەمەکانی نەدەکرد. یۆرپیدس بیست و دوو جار لە پێشبڕکێ و جەژنەکانی دیۆنیسۆسی گەورەدا بەشداریی کردووە، بەڵام تەنیا پێنج جار خەڵاتی پێ بەخشراوە. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەو باسانەی یۆرپیدس بۆ ئەو ڕۆژگاری یۆنان نەدەگونجا. یەکێ لەو شانۆنامانەی کە خەڵکی حەزیان لێ نەبوو شانۆ نامەی ئاشقبوونی فیدرا بە زڕکوڕەکانی خۆی و بەرهەمەکانی لەگەڵ پەیڕەوی کلاسیکدا نەدەگونجا. هەندێک لە مێژوونووسانی شانۆ وای بۆ دەچن کە یۆرپیدس لە شانۆنامەکانیدا باشتر لە ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس لە ئەندامانی کۆمەڵگاکەی کۆڵیووەتەوە بابەتی دراماکانی یۆرپیدس هەمیشە ئاڵۆز و تەموموژاوی بوون کە جێگای لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوە بوون لای تەماشاکەران. کەسانی زۆربەی دراماکانی لە خەڵکانی ئاسایی و خاکی پێک هاتوون و خانەدان و خواپێداوەکانیش لە ژیاندا چۆن بوون هەر وای دەرخستوون،واتە نەهاتووە زیاتر گەورەتر و مەزنتریان بکات، هەروەها گێرمە و کێشمەی ئاڵۆزی دەروونی و بیر و بۆچوونی مرۆڤ لە کەسانی دراماکاندا دیارن و لە شانۆنامەکاندا کۆرس ڕۆڵی کەمتری هەیە و ئەم زیاتر سوودی لە ئەکتەر وەرگرتووە.

ئەوەی شایانی باسە کە یۆرپیدس بە بەکارهێنانی فکری فەلسەفی و نوێکردنەوەی ئەفسانە کۆنەکان و خستنە ڕووی باسی نوێ لە دراماکانیدا بەیەکێک لە داهێنانەکانی ئەو دادەنرێت لە شانۆدا و زیاتریش گرنگیی بە مەسەلەی ئافرەت و ڕۆڵی وی زیاتریش جێگای لێکۆڵینەوەن.

یۆربیدس لە ژیانیدا زۆر گۆشەگیر و کەمدوو بووە. کاتەکانی ژیانی خۆی زیاتر بۆ خوێندنەوە و چێژ وەرگرتن لە سروشت بەکارهێناوە. لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا کۆچ بۆ مەکەدۆنیا دەکات و ماوەی هەژدە مانگ لەوێ ژیان بەسەر دەبات و لە زستانی ساڵی (٤٠٧ پ ٠ ز) و لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات و دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێت و لەلایەن خەڵکێکی زۆری مەکەدۆنییەوە بە ڕێز و شکۆدارییەکی مەزنەوە بە خاک دەسپێردرێت.

### ٤- **ئەرستۆفانیس** Aristophnes

کۆمیدی نووسی بلیمەتی یۆنانی ئەرستۆفانیس لە ساڵی (٤٤٨ پ٠ز) لە دایک بووە. فیلۆپۆسی باوکی هەر وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات لە ئەسینا ژیاوە. ئەرستۆفانیس سەردەمی منداڵیەتیی خۆی لە ئاسوودەیی و بەختیاریدا لە

ئەسینا بەسەر دەبات. پاش خوێندن دەست بە کۆمیدیا نووسین دەکات، بەڵام لە سەرەتادا لەبەر چەند هۆیەک نەیتوانیوە کۆمیدییەکانی بەناوی ڕاستی خۆیەوە نیشان بدات و لەبەر ئەوە زۆر جار دراماکانی بە ناوی خوازیارەوە پێشکەش کردووە.

ئەرستتۆفانیس لە ماوەی تەمەنی هونەریدا نزیکەی چل شانۆنامەی کۆمیدی نووسیوە، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا حەڤدە یان لە فەوتان ڕزگاریان بووە و ماونەتەوە لەوانەش:

(١)- شانۆنامەی ئاشارییەکان. (٤٢٥ پ.ز.)

(٢)- شانۆنامەی نەجیبزادەکان (قارەمانان) (٤٢٤پ.ز.)

(٣)- شانۆنامەی هەورەکان (٤٢٣پ.ز.)

(٤)- شانۆنامەی ئاشتی (٤٢١پ.ز.)

(٥)- شانۆنامەی باڵندەکان (٤١٤پ.ز.)

(٦)- شانۆنامەی هەنگەکان (٤٢٢پ.ز.)

(٧)- شانۆنامەی لیسیستراتا (٤١١پ.ز.)

(٨)- شانۆنامەی ژنان لە پەرلەماندا (٣٩٢ پ.ز.)

(٩)- شانۆنامەی ئەکلزوسیازس (٣٩١ پ.ز.)

(١٠)- شانۆنامەی بۆقەکان (٤٠٥ پ.ز.)

(١١)- شانۆنامەی پلۆتۆس (٣٨٨ پ.ز.)

کۆمیدیاکانی ئەرستتۆفانیس لە مێژووی درامادا بە کۆمیدیای کۆن دادەنرێن و مێژوونووسانی شانۆ دراماکانی کۆمیدییەکان بە سێ جۆر دادەنێن :

**جۆری یەکەم :** کۆمیدیای کۆن، کە لەسەرەتای شەڕی پلۆپۆنیسەوە تا ساڵی (٤٠٤ پ.ز) دیاری کردووە.

**جۆری دووەم :** کۆمیدیای ناوەند، لە پاش ساڵی (٤٠٤ پ.ز )دەستپێدەکات تا ساڵی (٣٣٦ پ . ز) واتە ئەو کاتەی کە ئەسکەندەری گەورە دەسەڵات بە دەست دەگرێت.

جۆری سێیەم : کۆمیدیای نوێ، کە لەپاش ساڵەکانی (٣٣٦ پ .ز) دەستپێدەکات.

کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس کۆمیدیای کۆن، سەبارەت بە ڕووداوی کۆن و تەفسیراتی سیاسی و بە لووتکەی کۆمیدیا لە ئەدەبیاتی یۆنانیدا دادەنرێت. لە هەمووی زیاتر سەبارەت بە شەڕی پلۆپۆنیس بووە. پلۆپۆنیس ناوی دوورگەیەکە کە دەکەوێتە باشووری یۆنان، ئەو دوورگەیە گۆڕەپانی شەڕەکانی ئاتێن (ئەسینا )و سپارتا بووە.

پاش ئەوەی کە تراژیدیا لە یۆناندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لووتکەی پێشکەوتن و هەنگاوی مەزنی دەنا کۆمیدیاش خۆشبەختانە توانی هاوشانی تراژیدیا بێتە گۆڕەپانی گفتوگۆ و ئەدەبیاتی یۆنانەوە.

لە سەرەتادا کۆمیدیا لە جەژنەکانی دیۆنیسیۆسی گەورەدا تا ساڵی (٤٧٨ پ . ز) هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. لە و ساڵە بەدواوە کۆمیدیا لە فیستیڤاڵ و جەژنەکاندا گرنگییەکی تایبەتی پێدراوە و ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ڤیستیڤاڵەکانیان تەرخان دەکرد بۆ پێشکەش کردنی کۆمیدیا و لەو ڕۆژەدا پێنج شانۆگەرییان پیشان بە تەماشاکەران داوە.

ئەوەی شایانی باسە کە ئەرستۆفانیس لە شانۆنامە کۆمیدیاکاندا زۆر دژ بە شەڕی ناهەموار و ماڵوێرانکەری ئاتێن وسپارتا ، شەڕی پۆلۆنێس بووە، ئەو شەڕەی کە ماوەی پەنجا ساڵی ڕەبەق درێژەی هەبووە. شەڕی پلۆپۆنێس بیست و پێنج ساڵ پاش شەڕی ئێرانییەکان و یۆنانییەکان دەستپێکرد و لە ئەنجامیشدا یۆنانی بەرەو لاوازی و شکست برد، نموونەی ئەمەش لە شانۆگەریی ئاشتیدا کە لە ساڵی (٤٢١ پ . ز) نووسویەتی بە تەواوی بە ئاشکرایی دەردەکەوێت. لە شانۆنامەکەدا ئەرستۆفانیس لایەنگری گفتوگۆ و ئاشتیی نێوان یۆنان و سپارتا و یەکیەتیی خەڵکی یۆنان دەگرێت. هەر پاش پێشکەشکردنی شانۆنامەکە هەردوولا ناچار دەکرێن بۆ گفتوگۆ و ئاشتی و پاش چەند ڕۆژێکی کەم کۆتایی بە شەڕەکە دێت، زۆربەی بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شانۆنامەکەی ئەرستۆفانیس وای لە خەڵکەکە کردووە لە شەڕەکە سارد بنەوە و سەرکردەمانیان ناچار بکەن پەیمانی ئاشتی ببەستن. ئەرستۆفانیس هەمیشە وەک ڕەخنەگرێکی توندڕە و ئاشتیخوازێکی بەهێز لە شانۆنامەکانیدا بیر و فیکری خۆی خستووەتە ڕوو، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە زۆر جار لە لایەن شەڕخوازانەوە تووشی دەردەسەری و ژیانی لە مەترسیدا بووە. ئەرستۆفانیس کوڕێکی هەبووە، ناوی ئاراڕۆس بووە و لە پاش مردنی باوکی دوو شانۆگەریی باوکی ڕیژەسۆری کردووە و لە سەر شانۆ نیشانی داون.

ساڵی (٣٨٠ پ . ز ) ئەرستۆفانیسی مەزن و ئاشتیخواز ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر کردووە و کۆچی دوایی کردووە.

## ٥ - میناندەر Menander

کۆمیدینوسی یۆنانی میناندەر لە ساڵی (٣٤٢ پ. ز) لە ئاتن لە دایک بووە، تا ماوەیەکی زۆر ناوی منیاندەر وەک درامانووس لە ناو ناواندا نەبوو، هەندێ لە بەرهەمەکانی بە پرش و بڵاوی مابوونەوە، لە دواییشدا لە وڵاتی میسر هەندێک سەرچاوە سەبارەت بە ژیانی بەدەست کەوتن.

ژیانی میناندەر لە سەردەمی فیلیپی پاشا و پاشانیش ئەسکەندەری کوڕی کە بە ئەسکەندەری گەورە ناوبانگە ژیاوە. لاویەتیی میناندەر ئەو کاتە بوو کە میراتگر و جێگرەکانی ئەسکەندەری گەورە ململانێ و کێشمەکێشمی دەسەڵات گرتنە

دەست بوون. ئەگەر چی بە هۆی ئەو ململانێ و گرفتانەوە ئاتن دەتلایەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی دەبرد بەڵام پایەو لایەنە فەرهەنگی و ئەدەبییەکەی هەر لەدەست نەدابوو.

مێژوونووسانی شانۆ باوەڕیان وایە کە میناندەر زیاتر لە سەد درامای نووسیبێت.

میناندەر لە ساڵی (٣١٥ پ. ز) خەڵاتی یەکەم لە پێشبڕکێی درامیدا وەردەگرێت و پاشانیش هەشت جاری تر لە فیستڤاڵ و پێشبڕکێکاندا خەڵاتی بردووەتەوە.

بەرهەمە کۆمیدییەکانی میناندەر ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی یۆنان و گێرمەو کێشەی ژیانی ڕۆژانە و گرفتی ژیانی ناو ئەندامانی خێزان و گرفتاری عەشق و ئەو مەسەلانە بوون. ئەمەش بە پێچەوانەی کۆمیدی نووسەکانی پێشوو، ئەوان بۆ زۆربەی بەرهەمەکانیان ئیلهامیان لە ئەفسانە و ڕووداوی خەیاڵی وەردەگرت. لە سەردەمی میناندەردا شێوەیەکی نوێ لە کۆمیدیا لە دایک بوو.

ئەمانە وای لە میناندەر کرد لای خەڵکی یۆنان و ڕۆم خۆشەویست و بەرهەمەکانیشی پێشوازییەکی زۆری لێ کرا، بەرهەمەکانیشی لە لایەن نووسەرانی ڕۆمییەوە پلاوتوس و ترینسەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ڕۆمی.

لە ساڵی( ١٩٠٥ زایینیدا) بەشێکی زۆر لە شانۆنامەکانی لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە دۆزرایەوە و لە دوایشدا شانۆنامەیەکی بەتەواوی دۆزرایەوە ئەو شانۆنامەیەش ناوی (The Grouch).

هەندێکی تر لە بەرهەمەکانی وەک:

- شانۆنامەی کچێک لە سالاویەوە.
- شانۆنامەی سەرتاشراو.
- شانۆنامەی قارەمان.

میناندەر لە ساڵی (٢٩٢ پ. ز) کۆچی دوایی کردووە.

### ٦- ترینس Terence

درامانووسی ڕۆمی پابلیوس ترێنتۆس ئافر، ناسراو بە ترینس لە ساڵی ١٩٥ یا ١٨٥ پ . ز لە کارتاژ لە دایک بووە. لە کوڕێژەکەیدا و لە شەڕێکدا کە لە کارتاژ ڕووی دا دەگیرێت و وەک کۆیلەیەک ڕەوانەی ڕۆم دەکرێت و لەوێش کاری پێدەکەن.

ئەو کەسەی کە ترینس لە ڕۆم کاری لا دەکرد خۆشبەختانە یەکێک دەبێت لە سیناتۆرەکان، ترینس بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکەی بەزەیی و سۆزی بۆی دەجوولێت و بڕیاری ئازادکردنی دەدات.

ئەمە زیاتر وای لە ترینس کرد لە هونەر نزیک بێتەوە و سەرگەرم بێت بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی یۆنانییەوە، لە دواییشدا بە لاتینی دەستی بە نووسین کرد و لە ماوەی ژیانیدا شەش شانۆنامەی نووسیون کە هەموویان پارێزراون و تا ئەمڕۆ ماونەتەوە، ئەوانەش بریتین لە :

(١) شانۆنامەی ئاندریا.
(٢) شانۆنامەی زڕدایک.
(٣) شانۆنامەی خۆئازاردەر.
(٤) شانۆنامەی خواجە.
(٥) شانۆنامەی فورمیو.
(٦) شانۆنامەی براکان.

ئەو شانۆنامە کۆمیدییانەی کە لەو ڕۆژگارەی ڕۆمدا پێشکەش بە بینەران کراون پێیان گوتراوە کۆمیدیای (ئەتێلا) هۆی ئەم ناو لێنانەشی ئەوە بووە کە لە نزیک شارێکەوە کە ناوی ئەتێلا بووە دراماکان پێشکەش کراون.

زمانی نووسین لای ترینس سادە و ڕەوان بووە، بابەتی شانۆنامە کۆمیدییەکانی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی یۆنانەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوانەی خۆیدا ئامێتەی کردوون. ئەم کارە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەر ڕەخنەی توند و تیژ و سووکایەتی بە بەرهەمەکانی بکرێت.

لە سەردەمی زێڕینی ڕێنیسانسدا بەرهەمەکانی ترینس بەسەرکرانەوە و گرنگییەکی تایبەتییان پێ درا.

بەداخەوە مەرگ نەیهێشت ترینس زیاتر خزمەت بە شانۆ و مرۆڤایەتی بکات، لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

### ٧- پلاوتوس Plautus

کۆمیدینووسی ڕۆمی تیتۆس ماکیۆس پلاوتۆس، ناسراو بە پلاوتۆس لە ساڵی( ٢٥١ یان ٢٤٤ پ ز) لە دایک و باوکێکی کۆیلە لە دایک بووە.

لە سەردەمی لاویدا ئاشنایەتی و پێوەندیی لەگەڵ گرووپێکی شانۆییدا پەیدا دەکات و پاشان هەر لەگەڵ ئەو گرووپەدا بۆ شاری ڕۆم سەفەرێکی هونەری دەکەن، ئەو کاتە شاری ڕۆم شارێکی خۆش و دڵفرێن و لانەی جۆرەها چالاکیی هونەری بوو. ئەمانە وای لە پلاوتوس کرد عەشقی ڕۆما بێت و بڕیاری مانەوە و جێگری خۆی لەوێ بدات.

لەوێ زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ نووسین و خوێندنەوە تەرخان کرد. یەکێ لە کارەکانی پلاوتوس وەرگێرانی بەرهەمە شاکارە یۆنانیەکان بوو بۆ زمانی ڕۆمی، تا وای لێهات خۆشی عەشقی نووسین بێت.

لە ماوەی تەمەنیدا نزیکەی ١٣٠ درامای نووسیوە، لەو ژمارە زۆرە تەنیا (٢١) شانۆنامەی لە فەوتان ڕزگاریان بووە و ماونەتەوە. لەوانەش:
(١) شانۆنامەی بازرگان.
(٢) شانۆنامەی خشڵ.
(٣) شانۆنامەی گوڵدانێک لە زێڕ.
(٤) شانۆنامەی ئامفی تریون.
(٥) شانۆنامەی بەنداکان.
(٦) شانۆنامەی میناکمی.
(٧) شانۆنامەی فارسەکان.
(٨) شانۆنامەی کارتاژ(قرتاجە).
(٩) شانۆنامەی گوریس.
(١٠) شانۆنامەی ترینیموس.
(١١) شانۆنامەی گوندی.
(١٢) شانۆنامەی ستیکۆس.
(١٣) شانۆنامەی سودولوس.

پلاوتوس بۆ شانۆنامەکانی جۆرە مۆزیکێکی شاد و خۆش و خرۆشێنەری بەکار هێناوە، یان بەکارهێنانی پرۆلۆگ، ئەمانە بە داهێنانەکانی ئەو دادەنرێن لە هونەری شانۆدا.

ئەوەی شایانی باسە کە پلاوتوس وەک ئەکتەرێکی لێهاتوو لە زۆربەی دراماکانیدا لەسەر شانۆ دەرکەوتووە.

ڕەنگدانەوەی بەرهەمەکانی پلاوتوس لەسەر هەندێ لەنووسەرە مەزنەکانی دنیا دیارن، بۆ نموونە ولیام شکسپیر بۆ درامایەکی خۆی سوود و ئیلهامی لە شانۆنامەی میناکمی ئەو وەرگرتووە، یان مۆلێر بۆ شانۆنامەی پیسکەی تەرپیر سوودی لە درامای گەنجینەی زێڕی ئەوەوە وەرگرتووە، یان نووسەری هاوچەرخی فەرەنسی ژان ژیراردو بۆ شانۆنامەی ئافی تریوینی خۆی سووی لە بەرهەمێکی پلاوتوس وەرگرتووە.

پلاوتوسیش بۆ خۆی سوودی لە شاکارە یۆنانییەکان وەرگرتووە.

پلاوتوس لە ساڵی (١٨٤پ ٠ ز) کۆچی دوایی کردووە.

## ٨ - سنیکا Seneca

لوسیوس ئانەئۆس سنیکا، درامانووس و سیاسەتمەداری بەناوبانگی ڕۆمی لە ساڵی(٤ پ ٠ ز) لە ناوچەی کۆردوبا لە ئیسپانیا لە دایک بووە. پاش ماوەیەک لەگەڵ دایک و باوکیدا کۆچ بۆ ڕۆم دەکەن و لەوێ نیشتەجێ دەبن.

سنیکا لە ڕۆم دەست بە خوێندنی فەلسەفە دەکات و پاشانیش بۆ وڵاتی میسر کۆچ دەکات و لەوێ کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکات. بیر و بۆچوونی فەلسەفی ڕەواقییەکان لەسەر سنیکا کاریگەر دەبێت و سنیکا زیاتر گرنگی بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە دەدات و خۆی بەنزیک لەوانەوە دەزانێت.

زینۆنی فەیلەسوف و حەکیمی بەناوبانگی یۆنانی بە ڕابەر و بنیاتنەری ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت.

بە تەواوی نەزانراوە کە سنیکای مەزن چەند شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە نۆ شانۆنامەی تائەمڕۆ پارێزراوە و ماونەتەوە، ئەوانەش بریتین لە :
(١) شانۆنامەی ژنانی تەروا.
(٢) شانۆنامەی میدیا.
(٣) شانۆنامەی ئۆدیب.
(٤) شانۆنامەی تیستیس.
(٥) شانۆنامەی هەرەکول لە ئەوتا.
(٦) شانۆنامەی هەرەکۆڵی دێوانە.
(٧) شانۆنامەی فێردا.
(٨) شانۆنامەی ژنانی فینیقی.
(٩) شانۆنامەی ئاگامەمنوون.

هەموو شانۆنامەکانی سنیکا بەناوەکانیشیانەوە لە شانۆنامە یۆنانییەکانەوە وەرگیراوە، بەڵام سنیکا بە بیر و ئەندێشەی خۆی نووسیونی، تەنانەت بەرهەمە دراميیەکانی کاریگەرییەکی زۆر زەمینە خۆشکەرێکی بەرچاویان لە سەر شەکسپیری مەزن و سەردەمی ڕۆمانسیدا هەبووە.

سنیکا لەسەردەمی دەسەڵاتی کالیگۆلای فەرمانڕەوادا دەسەڵاتی سیاسیی هەبووە. کرێمۆتیۆس کوردۆس کە یەکێک لە ئاشنا و هاوڕێی نزیکی سنیکا دەبێت بە بڕیاری کالیگۆلا بەدەستی خۆی خۆی دەکوژێت و سنیکای بەوەفایش شیوەننامەیەکی بەهێزی بۆ دەنووسێت وکالیگۆلاش بەو کارەی سنیکا کەڵەیی دەبێت و فەرمان دەردەکات کە سنیکا لە دار بدرێت و هەڵواسرێت تا گیان لە لەشی دەردەچێت. هەندێک لە دۆستەکانی سنیکا فریای دەکەون و دەچنە لای کالیگۆلا و باسی ئەوەی بۆ دەکەن کە سنیکا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و بۆ خۆی لەو نزیکانە دەمرێت و پێویست ناکات لە دار بدرێت، ئیتر کالیگۆلاش بەوە قایل دەبێت و لە بڕیارەکە پەشیمان دەبێتەوە و لەبری ئەوە بڕیاری دوور خستنەوەی بۆ دوورگەی کریس دەردەکات. سنیکای مەزن بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەو دوورگەیەدا ژیانێکی ڕەواقییانە بەسەر دەبات و زۆربەی کاتە زێرینەکانی خۆی بۆ نووسین و خوێندنەوە تەرخان دەکات.

ساڵی (٤٨ ز) ئاگریپین ئاوگوستا کە دایکی کالیگۆلا دەبێت داوا لە کالیگۆلا دەکات کە لە سنیکا خۆش بێت و فەرمان دەربکات کە سنیکا لە ئاوارەیی بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی

سنیکا دەرس بە نیرۆنی کوڕی بڵێتەوە.
سنیکای مەزن بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک مامۆستایەکی باش دەرس بە نیرۆن دەڵێتەوە و پاشانیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک ڕاوێژکار و ڕێنیشاندەری نیرۆن لە کاروباری دەوڵەتدا کار دەکات. پاشانیش کۆمەڵێ دەسەلات بەدەست دەگرێت، وەک سەرۆکی نووسەران و سیاسەتمەداران.
لە تەمەنی (٦٤) ساڵیدا ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە گۆشەگیر بێت و کاتەکانی خۆی بۆ نووسین و خوێندنەوە تەرخان بکات، لەبەر ئەوە داوای لە نیرۆنی ئیمپراتۆر کرد کە بە داواخوازییەکەی قایل بێت، بەڵام نیرۆن پێی وابوو کە سنیکا توانای کار و فیکری باشە و بەو داخوازییە ڕازی نەبوو.
لە ساڵی (٦٤ز)دا شاری ڕۆم (ڕۆما)ی ڕازاوەی پڕ لە هونەر و دیرۆکییەوە ئاگری تێبەردەبێت و دەسووتێت و نیرۆن داوا لە دانیشتووانی ڕۆما دەکات کە لە ئاوەدانکردنەوەی ڕۆمادا بەشداری و هاوکاری بکەن، سنیکاش هەموو ماڵ و سامانی پێبەخشی و ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ئاوەدانکردنەوەیدا بینی.
دەتوانین بەرهەمەکانی سنیکا بە سێ جۆر دابەش بکەین:
جۆری یەکەم: بەرهەمە شانۆییەکانی (درامییەکانی).
جۆری دووەم: بەرهەمە فەلسەفییەکانی.
جۆری سێیەم: بەرهەمە سیاسییەکانی.
سنیکا لە تەمەنی (٦٥) ساڵیدا بە بڕیار و فەرمانی نیرۆنی ئیمپراتۆر خۆی کوشت و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### ٩- لۆپە دو ڤێگا Lope de Vega

شاعیر و درامانووس و ڕۆمانووسی بەناوبانگی ئیسپانی لۆپە فیلیکس دو ڤێگا، ناسراو بە لۆپە دو ڤێگا لە ساڵی (١٥٦٤ز)لە شاری دڵگیری مەدرید لە ئیسپانیا لە دایک بووە. هەر پاش ماوەیەک باوک و دایکی نازداری دەمرن و بە بێکەسی دەمێنێتەوە.
لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا لەتەک کاروانێکدا بۆ ئەفریقیا سەفەر دەکات، پاشان لە تەمەنی لاویدا دەچێتە ناو سوپاوە بۆ خزمەتی سەربازی و لە شەڕێکدا دژی بولغارییەکان بریندار دەکرێت و پاش تیمارکردن و چارەی زامەرییەکی سویا بەجێدەهێڵێت و لە ئەکادیمیای پاشایەتیدا دەست بە خوێندن دەکات. پاشانیش لە زانکۆکانی سالامانکا و ڤالکادالادا دەست بە خوێندنی باڵا لە بەشی ئیلاهیاتدا دەکات.
لۆپە دو ڤێگا کچە ئەکتەرێکی شانۆ دەخوازێت کە باوکی کیژەکەش خاوەنی گرووپە شانۆییەکە دەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لۆپە دو ڤێگا دەرگایەک بۆ خواستە هونەرییەکانی بکرێتەوە.
لە ساڵی (١٥٧٤ز)دا دەدرێت بە دادگا و دادگاش بڕیاری ئەوە دەردەکات کە لۆپە دو ڤێگا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە پایتەخت دوور بخرێتەوە، ئەوەش بە تاوانی ئەوەی کە دژی باوکی ژنەکەی، واتە خەزووری وەستاوە و دژی نووسیوە.
ساڵێک پاش ژیانی لە دوورخراوەییدا بە نهێنی دەگەڕێتەوە شاری مەدرید و کچێکی تر دەخوازێت کە پێشتر پێوەندی لەگەڵدا هەبوو و پاشانیش مەدرید بەجێدەهێڵێت. پاشانیش ژنی دووەمی دەمرێت و لە دوایشدا کچەکەشی دەمرێت. پاش ئەم کارەساتە ناهەموارە بە گرووپێکی ڕۆحانییەوە پێوەندی دەگرێت و کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێبە ئایینییەکان و نووسین تەرخان دەکات.
پاش ماوەیەک ڕووداوێکی دڵتەزێنی تری بەسەر دێت ئەویش دزینی کوڕەکەی دەبێت، هەر پاش ئەم کارەساتە ناهەموارانە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و لە ساڵی (١٦٣٥ز)دا دەمرێت و لە گۆڕستانێکی شاری مەدریددا بە خاک دەسپێردرێت.
لۆپە دو ڤێگا لە ماوەی ژیانی پڕ لە دەردەسەریدا (٤٨٣) کۆمیدیای نووسیوە. سەرجەمی هەموو بەرهەمە درامیەکانی (١٨٠٠) شانۆنامەیە کە لەو ژمارە هەرە زۆرە تەنیا(٤٥٠) شانۆنامەی لە فەوتان ڕزگاریان بووە و ماونەتەوە. هەر بە دوو ڕۆژان شانۆنامەیەکی نووسیوە. مێژوونووسانی شانۆ باوەڕیان وایە کە ئەو یەکەمین کەسێکە کە ئەوەندەی زۆر درامای نووسیبێت.
دەتوانین شانۆنامەکانی لۆپە دو ڤێگا بە سێ جۆر دابنێین:
جۆری یەکەم: شانۆنامە ئایینییەکانی.
جۆری دووەم: شانۆنامە ئەفسانەییەکانی.
جۆری سێیەم: شانۆنامە مێژووییەکانی، کە زۆربەیان سەبارەت بە مێژووی ئیسپانیان.
ئەو سەردەمەی کە لۆپە دو ڤێگای تێدا ژیاوە بە سەردەمی باروک ناسراوە و سەردەمی باروکیش بە سەردەمی زێڕینی شانۆی ئیسپانی دادەنرێت لە مێژووی شانۆدا.
ئەم مێژووەی ئەم سەردەمەش لە ئینگلستان و ئیسپانیا و ئیتالیادا گەشەی کردووە. لە ئینگلستان درامانووسانی مەزنی وەک ولیام شەکسپیر و کرستۆفەر مارلۆ و بین یانسۆن و لە ئیتالیاش کۆمیدیا مەزنەکانی دیلارتە و لە ئسپانیاش نووسەرانی وەک لۆپە دو ڤێگا و کالدرون هاتنە ئاراوە.
لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی لۆپە دو ڤێگا وەک :
(١) شانۆنامەی لە دایک بوونی مەسیح.
(٢) شانۆنامەی فریشتەیەک لە بەرگی مرۆڤدا.

(٣) شانۆنامەی ڤینۆس و ئەدۆنیس.
(٤) شانۆنامەی مەدریدی پۆلایین.
(٥) پاشایەکی بێ تەخت و تاج.

## ١٠ - کالدرون Pedro Calderon Barca

پێدرۆ کالدرون بێرێسا، شاعیر و درامانووسی بەناوبانگی ئیسپانی لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیادا، لە ساڵی (١٦٠٠)ز لە دایک بووە. باوکی کالدرون لە سەردەمی فیلیپی یەکەم و دووەمدا لە کۆشکی پاشایەتیدا خاوەن پلە و پایەیەکی بەرز بووە.

کالدرون خوێندنی سەرەتایی بە پێی خو و نەریتی خێزانی لە قوتابخانەیەکی ئایینی یەسوعیدا تەواو کردووە. پاشان بۆ تەواو کردنی خوێندنی بەرز لە زانکۆی سالامکا لە بەشی مافزانی (حقووقدا) دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان بە نیوە چڵی وازی لە خوێندنی زانکۆ هێناوە و چووەتە ناو سوپاوە و لە شەڕی نێوان ئیسپانیا و ئیتالیادا بە شێوەیەکی زۆر ئازایانە و چاو نەترسانە دەجەنگێ و خەڵاتی پاڵەوانیەتی لە جەنگدا پێ دەبەخشرێت. پاش دوو ساڵ واز لە سوپا دەهێنێت و لە ماڵی یەکێک لە نەجیبزادەکاندا کار دەکات.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا وەک شاعیرێک خەڵات دەکرێت و ئەمەش دەبێتە هاندەرێک درێژە بە بواری ئەدەبی بدات. پاشان دەست بە نووسینی درامـا دەکات، لە یەکێک لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتداران و هەر لەبەر ئەمەش بووە کە ماوەیەک زیندانی کراوە.

لە ساڵی (١٦٣٥ز) دا فیلیپی چوارەم کالدرون لە شوێنی لۆپە دو ڤێگا بە لێپرسراوی درامانووسی کۆشکی پاشایی هەڵدەبژێرێت. لەو ماوەیەدا کالدرون هەموو شانۆنامە ئایینی و نا ئایینییەکانی بە فەرمانی دەسەڵاتدارانی کۆشک دەنووسێت. بابەتی ئەم درامانەشی لە ئەفسانە کلاسیکییەکانەوە وەرگرتووە. زۆربەی شانۆنامەکان سادە و کورت بوون و بۆ کات و حاڵاتی کۆشک لە سەر شانۆی زارزوێلا لە کۆشدا پێشکەشی کردوون. لە دواییشدا بە ناوی درامای زارزوێلاوە ناسراون.

لە ساڵی (١٦٥١ز )دا واز لە کاری درامانووسی کۆشک دەهێنێت و دەچێتە ڕیزی پیاوە ئایینییەکانەوە و بۆ ماوەی دەساڵ وەک قەشەیەک لە کەنیسەدا کار دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە کاری درامانووسین بەردەوام دەبێت و چەندان شانۆنامە دەنووسێت.

دەتوانین دراماکانی کالدرون بکەین بە سێ جۆرەوە :

جۆری یەکەم: دراما ئایینییەکان.
جۆری دووەم: دراما نا ئایینییەکان.
جۆری سێیەم: دراما کۆمیدی و تراژیدییەکان. ئەم جۆرە درامانەی ناوبانگی جیهانییان هەیە و لە ماوەی ساڵانی (١٦٢٢ و ١٦٤٠) نووسیونی.

یەکێک لە دراما بە ناوبانگەکانی کالدرون شانۆنامەی (ژیان خەونێکە)یە ودرامای (قازیی سالامیا)، یەکێکی ترە لە کۆمیدیا بەناوبانگەکانی.

ئەوەی شایانی باسە کە کالدرون بە یەکێک لە ڕابەر و درامانووسە پێشڕەوەکانی سەردەمی باروک دادەنرێت لە مێژووی شانۆدا. هەندێک لە دراما بە ناوبانگەکانی کالدرون وەک:

(١) شانۆنامەی جادووگەری سەرسوڕهێنەر.
(٢) شانۆنامەی جنۆکە.
(٣) شانۆنامەی شازادەی کۆنستانت.
(٤) شانۆنامەی گالیسکەی بەهەشت.
(٥) شانۆنامەی عەشق.
(٦) شانۆنامەی شانازی و دەسەڵات.
(٧) شانۆنامەی گەمارۆدانی بەردا.
(٨) شانۆنامەی خێزانی خەیاڵی.
(٩) شانۆنامەی ئەفسانەی عەشق.

کالدرونی مەزن لە ماوەی ژیانیدا نزیکەی( ٧٣) درامای ئایینی و (١٠١ ) نائایینیی نووسیوە. کالدرونی بلیمەت و نەمر لە تەمەنی (٨١ )ساڵیدا دڵە مەزنەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات.

## ١١- کریستۆفەر مارلۆ Christopher Marlowe

دراما نووسی بلیمەت و لێهاتووی ئینگلیستانی لە ساڵی (١٥٦٤ ز) لە دایک بووە. هەر لە سەرەتای ژیانی زارۆکیدا زۆر زیرەک و بەهۆش و زەوق بووە. کریستۆفەر مارلۆی هوشیار خوێندنی سەرەتایی لە شاری کاتێنبۆری تەواو دەکات و پاشان لە زانکۆی کرێمبیج لە بەشی ئایینناسیدا دەست بە خوێندنی باڵا دەکات، بە هیوای ئەوەی کە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پیاوێکی ئایینیی ئەو سەردەمە، بەڵام بە هۆی ئەو خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە سەبارەت بە سروشت و مادەوە بوو دەستی لەو خواستە کشاندەوە و لە گۆشەی تەسکی کلیساوە هاتە گۆڕەپانی فراوان و مەزنی ئەدەبیاتەوە و سەرەتا بە شیعر و پاشانیش بە دراما نووسین سەرگەرم دەبێت.

کریستۆفەر مارلۆ نووسەرێکی زۆر داهێنەر و لێهاتوو بووە، دراماکانی ڕەنگدانەوەی بلیمەتی و لێهاتوویی ئەو دەردەخەن،

ئەو یەکێک بووە لە نووسەرە داهێنەرەکانی سەردەمی ولیام شەکسپیر و بین جاکسۆن لە ئینگلستان.

یەکێک لە داهێنانەکانی مارلۆ لە هونەری شانۆدا ئەوەیە کە شانۆنامەکانی بە شێوەی شیعری بێ کێش، بێ قافیە دەنووسی.

شانۆنامەی تەیموری لەنگ، یەکێکە لە دراما بەناوبانگەکانی کریستۆفەر مارلۆ، لە ساڵی( ١٥٨٧ز)دا نووسیویەتی. مارلۆ لەم شانۆنامەیەدا باس لە ژیانی تەیموری لەنگی مەغۆلی دەکات کە چۆن وڵاتانی وەک خوراسان، هیندستان و وڵاتی عوسمانییەکان و مۆسکۆ و دیمەشق و بەغداد داگیر دەکات، تەیموری لەنگ خەلافەتی بەغدادی لەناو برد و لە شوێنی ئەو ولایەتێکی بەرفراوانی دروست کرد.

تەیموری لەنگ پاش ئەوەی کە کچی کاشخرای دەخوازێت لە شەڕی والیستاندا پێی ڕاستی بریندار دەبێت و هەتا کۆتایی ژیانی هەر بە شەلی و لەنگی دەڕوات، ئیتر لە دوای ئەو ڕووداوەوە بە تەیموری لەنگ ناسراوە.

یەکێک لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی تری کریستۆفەر مارلۆ شانۆنامەی دکتۆر فاوستۆفە، کە لە ساڵی (١٥٨٨ز) دا نووسیویەتی.

توێژەرەوان و مێژوونووسانی شانۆ باوەڕیان وایە کە شانۆنامەی دکتۆر فاوستۆس یەکێکە لە بەرهەمە هەرە بەرز و بەهێزەکانی مارلۆ چ لە لایەنی هونەرییەوە و چ لە لایەنی ناوەڕۆکەوە.

مارلۆ لە ماوەی کورتی ژیانیدا چەند درامایەکی تری نووسیوە وەک:

(١) شانۆنامەی تامبرۆلان، بەشی یەکەم و دووەمی.

(٢) شانۆنامەی گولەکەی ماڵتا.

مارلۆی بلیمەت و داهێنەر لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا واتە لە ساڵی (١٥٩٣ز) دا لە بەگژداچوون و دەمەقاڵەیەکدا بە چەقۆ دەیکوژن.

## ١٢ - ولیام شەکسپیر Willam Shakes Pear

فەیلەسوف و درامانووس و هونەرمەندی بلیمەت و مەزن ولیام شەکسپیر لە (٢٣ی ئەپریلی ساڵی ١٥٦٦) لە شاری ستراندفۆرد لە ئینگلستان لە دایک بووە.

جان شەکسپیری باوکی بازرگانی پێست و فرۆشیارێکی گەڕۆک بووە، مارادینی دایکی لە خێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەندی ئەو ناوچەیە بووە. دایک و باوکی ولیام هەشت منداڵیان دەبێت کە سێیانیان هەر بە منداڵی دەمرن، چوار کوڕ و کچێکیان بۆ دەمێنێتەوە کە ولیام کوڕە گەورەیان دەبێت.

ولیام سەرەتای ساڵانی سەردەمی منداڵیەتی بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بەسەر دەبات. خوێندنی سەرەتایی بە لاتینی و یۆنانی دەست پێدەکات. لەو سەردەم و ڕۆژگارەی وڵاتی ئینگلستاندا فێربوونی زمانی لاتینی یەکێک بووە لە وانە گرنگەکان.

لە ساڵی (١٥٥٧ز)دا واتە ئەو کاتەی کە ولیام تەمەنی لە سیازدە بەهار تێنەدەپەڕی باوکی لە بازرگانیدا هەرەس دەهێنێت و هەژاری و گیروگرفتی ژیان بەردەرگایماڵیان لێ دەگرێت. ئەم کارەساتە چاوەڕواننەکراوە وا لە ولیامی لاو دەکات کە خوێندنەکەی بە نیوەچڵی بەجێبهێڵێت و دەست بکات بە کاری جۆراو جۆر تا یارمەتی بە خێزانەکەی بگەیەنێت.

لەو کاتەدا گرووپی شانۆیی گەڕۆک بۆ پێشکەش کردنی شانۆنامەکانیان دەهاتنە شاری ستراندفۆردو لەوێش ولیام وەک بینەرێکی تامەزرۆ لەکاتی پێشکەش کردندا ئامادە دەبوو، ئەمە بووە دەرگاکردنەوەیەک لە بیرکردنەوە و نزیکبوونەوەی ولیامدا لە هونەری شانۆدا.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژن دەهێنێت، ژنەکەی کە ناوی ئان هەتاوی دەبێت هەشت ساڵ لە ولیام بە تەمەنتر دەبێت. لە ساڵی (١٥٨٥ز)دا کاتێک کە تەمەنی هەژدە ساڵ دەبێت باوکی سێ زارۆکان دەبێت. لە ساڵی (١٥٨٨ز)دا ستراتفۆردی زێد و دڵگیر بەجێدەهێڵێت و لە شاری لەندەن جێگیر دەبێت.

لە ساڵی (١٥٩٦ز) دا هامنێتی کوڕە تاقانەکەی کە تەمەنی (١٥) ساڵ دەبێت دەمرێت و خەم و پەژارەیەکی زۆر بۆ ولیامی باوکی بەجێدەهڵێت.

ولیام شەکسپیر لە شاری لەندەن پێوەندی دەگرێت بە گرووپی شانۆیی جەمبەرلاین و وردە وردە دەست بە نووسینی دراما دەکات و یەکەمین شانۆنامەیەک کە نووسیبێتی کۆمیدیایەکە بە ناوی (هەوڵی بێهوودەی ئەوین) و ئەم کۆمیدیایە لەسەر شانۆی کۆشکی پاشایی پێشکەش بە بینەران دەکات و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێت و جێگای ڕێز و سەرجەمی بینەران دەبێت. ئیتر لەو کاتەوە ولیام شەکسپیر جێگای ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەت دەبێت لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆشکەوە و دەسەڵاتداران بڕیار دەدەن کە سانسۆر لەسەر بەرهەمەکانی شەکسپیر نەبێت.

لەساڵی (١٦٠٣ز)دا شانۆنامەی بەناوبانگی (هاملێت)ی بڵاوکردەوە، پاشانیش شانۆنامەی (هەرشتێک باشە کە کۆتاییەکەی باش بێت) و شانۆنامەی (ئۆتێلۆ) ی

بڵاوکــردەوە. شــانۆنامــەی ئوتێلۆ پلەوپایەی ناوبانگ و دەسەڵاتی هونەری ولیامی بە ئاستێکی بڵند گەیاند.

لە ساڵی (١٦٠٧ز)دا خانەقایەکی کۆن دەکرێت و دەیکاتە شانۆیەکی تایبەت بە گرووپەکەی خۆی، لەم شانۆیەدا چەندان بەهەمی بەرز وەک: شانۆنامـەی کـیلۆپاترا و کۆریۆلانس بۆ یەکەم جار پێشکەش بە بینەران دەکات. لە هەمـان سـاڵدا شانۆنامەی بەناوبانگی شالیرو ماکبێس و ڕۆمیۆ و جۆلێت بڵاو دەکاتەوە. لەم گەرم و گوڕییە هونەرییەدا دایکی نازدار و خۆشەویستی دەمرێت و شەکسپیر بۆ ماوەیەک دەگەڕێتەوە سـتـراندفـۆردی زێدی. لەوێ لە ئارامی و هێـمندا چەندان شاکاری هونەری تر وەک (لافاو) و (ئەفسانەی زستانی) دەنووسێت.

ولیـام شـەکسـپـیـر زیاتر لە (٣٨) درامـای نووسـیـوە و بەرهەمەکانی دەتوانین بکەین بە سێ جۆرەوە :

جۆری یەکەم: دراما مێژووییەکانی.

جۆری دووەم: دراما کۆمیدییەکانی.

جۆری سێیەم: دراما تراژیدییەکانی.

ولیام شەکسپیری مەزن لە تەمەنی کورتی (٥٢)ساڵیدا و لە ساڵی (١٦١٦ز)دا دڵە پڕ لە میهر و خۆشەویستەکەی لە لێدان دەوەستێت و چیتر مەرگ ڕێگای پێنادات شاکاری مـەزنتـر بنووسێت و مـاڵئـاوایی لە هونەر و ژیان دەکـات و دەمـرێت. لەو ڕۆژە بە دواوە گـۆڕەکـەی دەبێـتـە شـوێنی سەرلێدانی هونەرمەندان و گەشتکەرانی دنیا و تاجە گوڵی ڕێز و خۆشەویستی لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن.

## ١٣- بین جانسۆن Ben Jonson

شـاعـیر و درامانووس وهونەرپیشەی ناسراوی سـەردەمی ئەلیزابێت بین جانسۆن لە ساڵی (١٥٧٢ز) لە شاری دڵگیری لەندەن لە ئینگلستان لە دایک بووە.

بەڕەگەز سکۆتلاندییە و باوکی لە سەرەتادا خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆر بووە. لە سەردەمی شاژن ماریا تیدرۆدا و بە هۆی بەربەرەکانی و کـێشـمەکێشی ئاییـنیی ئەو سـەردەمەی ئینگلستـان باوکی سەروەت و سامانەکەی لەدەست دەدات و دەکەوێتە دەست کەشیشەکانەوە.

پاش ئەو کـارەسـاتە باوکی دەمـرێت، دایکی بە هەژاری و کـولەمـەرگی هەڵدەدات ژیانی خـۆی و بین جـانسـۆنی کـوڕی بەسـەر ببات، ئەو کاتە بین جانسـۆن تەمـەنی دوو مـانگان دەبێت، بەڵام ئەمە بۆ دایکی زۆر سەخت دەبێت، ناچار دەبێت کە شوو بە پیاوێک بکات کە وەستای خانوو دروست کردن دەبێت.

بین جـانسـۆن بۆ ئەوەی خـەرجـیی قـوتابخـانەو ژیانی قوتابیەتی دابین بکات ناچار دەبێت کە لای زڕ بابەکەی کار بکات، خوێندنی سەرەتایی لە فێرگەی ئاییـنی سێن مـارتین دەست پێ دەکات. پاش تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە زانکۆدا دەست بە خوێندنی ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی دەستپێدەکات.

لە سـاڵی (١٥٨٩ز)دا لەبەر باری ناهەمـواری ئابووری و دەستکورتی واز لە خوێندن دەهێنێت و لای زڕبابەکەی دەست بە کاری خـانوو دروست کـردن دەکـات. لەبەر ئەوەی کـە هیچ کاتێک حەز و خواستی لەم کارە نەبووە وازی لێ دەهێنێت و لە سـوپادا دەبێـتـە سـەرباز، پاش مـاوەیەکی کـەم سـوپا بەجێدەهێڵێت و عەوداڵی کارێکی تر دەبێت.

ساڵی(١٥٩٤ز) دا لەگەڵ ئالیسدا خێزانێک پێکدەنێن و پاش ساڵان و مانگان دەبنە خاوەنی چوار زارۆکان.

ئاشنابوونی بین جانسۆن بە گرووپە شانۆییەکانەوە شێوەی ژیانی گـۆڕی، سـەرەتا وەک ئەکـتـەر کـەوتە کـار و پاشـانیش وەک ڕێکخـەری پێویستـیـیـەکان و پاشـانیش پێشکەوت تا گـەیشـتـە ئەو ئاسـتـەی کـە وەک ڕاسـتکەرەوەی تێکسـتـە دراماییەکان کار بکات.

تۆماس ناش کە بەرپرسی گرووپە دراماییەکە دەبێت داوا لە بین جانسۆن دەکات کە لە نووسینی شانۆنامەیەکدا هاوکاری بکات، بین جـانسـۆنیش بە داواکەی ڕازی دەبێت و یەکـەمین بەرهەمی ئەم هاوکـارییــە درامـایەکی کـۆمـیــدی بە ناوی (دوورگەی سەگەکان) دەبێت و لە ساڵی (١٥٩٧ز) دا لەسەر تەختــەی شـانۆ پێـشـکەشی دەکـەن، لەبەر ئەوەی کـە ئەم شانۆنامەیە هێرش کردنێکی زۆری بۆ سەر فەرمانڕەوایانی ئەو کـاتە تێدا دەبێت، ڕێگە لە پێشکەش کـردنی شـانۆنامـەکە دەگـرن و بین جـانســۆنیش لە ژووری تـاریکی زیندان بەند دەکەن.

پاش سـاڵێک شـانۆنامـەیەکی کـۆمـیدی بە نـاوی (کلوپ) نووسی و لە هەمـان سـاڵدا پێشکەشی کرد، ولیام شەکسپیر کــە هەشت ســاڵان لەو گــەورەتر بوو وەک ئەکــتــەرێک لە پێشکەش کردنیدا بەشداری کرد.

لە ساڵی (١٥٩٨ ز )شانۆنامـەی (هەر ئینسـانێک بەندی میزاجی خۆیەتی) نووسی و پێشکەشی کرد.

لە سەردەمی سەڵتەنەتی جێمسی یەکەم لە ئینگلستاندا بین جـانسـۆن نووسـەری شـانۆی کـۆشکی پاشـایی دەبێت و جـار جاریش بۆ شـانۆکـانی شـار درامـای دەنووسی، وەک درامـای (کیمیازان) و درامای ( ڤۆڵپۆن).

شانۆنامەی (کیمیازان) بەیەکێک لە بەرهەمە بەپێزەکانی دادەنرێت و تا ئەمڕۆش لەسـەر شانۆکـانی جیـهـان پێشکەش دەکرێت.

لەساڵی (١٦١٤ز)ە وە بین جانسۆن وەک درامانووسێکی لێـهـاتوو ناوبانگی دەرکـرد. لە سـاڵی( ١٦٢١ز)دا ئەرکی لێپرسراو و سەرپەرشتکەری شانۆی کۆشکی پێسپێردرا و دەسەڵاتدارانی کۆشک فەرمـانیـان دەرکرد کە لەپاش مەرگی ولیام شەکسپیری مەزن بین جانسۆن بە ڕابەری شانۆی کۆشک

دانێن.
لە ساڵی (١٦٢٨ ز) بەشێک لە لەشی تووشی نەخۆشیی ئیفلیج بوون دەبێت و تا ئەو ڕادەیەی کە توانای هاتنە دەرەوەشی لە ماڵدا نامێنێت. لەبەر ئەوە ناچار دەبێت لەبەر دەست کورتی و هەژاری سەرجەمی بەرهەمەکانی بە دوو سەد لیرە بفرۆشێت.
دوا بە دوای ئەم کارەساتە ناهەموارە ژن و منداڵەکانیشی یەک لە دوای یەک دەمرن. بین جانسۆن بۆ ماوەی هەشت ساڵی ڕەبەق بەم گرفتاری و ئازارانەوە تلایەوە، لەو ماوەیەدا درامایەکی بە ناوی (شەوانی دەردەداری) نووسی و بڵاوی کردەوە کە ڕەنگدانەوەی ژیانی پڕ لە دەرد و ئازاری ئەو سەردەمەی خۆیەتی.
لە ساڵی (١٦٣٧ز)و لە تەمەنی(٦٥) ساڵیدا کۆتایی بەو ژیانە سەختەی دێت و کۆچی دوایی دەکات.

## ١٤ - پێر کۆرنی Pierre Corneille

شاعیر و درامانووسی بەناوبانگی فەرەنسی پێر کۆرنی لە ساڵی(١٦٠٦ ز) لە شاری ڕوئن لە فەرەنسا لە دایک بووە. پێر کۆرنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕوئن تەواو دەکات و پاشانیش بە خواستی دایک و باوکی و دوور لە خواستی خۆی لە زانکۆ و لە بەشی(حقوقدا) دەست بە خوێندن دەکات.
پێر کۆرنی هەر لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە ئارەزووی لە شیعر نووسین هەبووە و ئاواتی ئەوە بووە ببێتە شاعیر. لە ماوەی ساڵانی (١٦١٥ - ١٦٢٢) کۆمەڵە شیعرێکی بە زمانی لاتینی بڵاو کردەوە و دوو خەڵاتیشی پێ بەخشرا.
یەکەمین بەرهەمی درامای پێر کۆرنی کۆمیدیای (مەلیت) دەبێت کە لە ساڵی( ١٦٢٩ ز) نووسیویەتی و لە هەمان ساڵدا لەسەر شانۆی شاری پاریس پێشکەش بە بینەران کرا و سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا. زۆر لە مێژوونووسانی شانۆ باوەڕیان وایە کە کۆمیدیای (مەلیت) کۆمیدی نووسیی لە فەرەنسادا بە قۆناغێکی نوێ و سەرکەوتوو گەیاندووە.
لە ساڵی (١٦٣١ ز) بەرهەمی دووەمی تراژیدیایەک بوو بە ناوی (کلی تاندر) و پاشان وەک دراما نووسێکی بەتوانا ناوبانگی دەرکرد.
دوا بە دوای ئەمانە چەند شانۆنامەیەکی تری نووسی وەک:
(١) شانۆنامەی (بێوەژن)، ساڵی (١٦٣٢).
(٢) شانۆنامەی (کۆشکی گالیری)، ساڵی (١٦٣٢).
(٣) شانۆنامەی (گۆڕەپانی پاشا)، ساڵی (١٦٣٦).
(٤) شانۆنامەی (خزمەتکار)، ساڵی (١٦٣٣).
لە ساڵی (١٦٣٢) و لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی یۆنانیدا شانۆنامەی (میدیا) ی نووسیوە.
بەناوبانگترین بەرهەمی درامیی پێر کۆرنی شانۆنامەی (سید) کە لە ساڵانی( ١٦٣٦ - ١٦٣٧ز) دا نووسیویەتی. درامای سید ناو و ناوبانگی پێر کۆرنی و درامای فەرەنسی بە دنیا ناساند.
لە ساڵی (١٦٤٠ز) دا پێر کۆرنی (ماری دولامپری) خواست و پاشانیش بوونە خاوەنی شەش زارۆکان. لە دواییدا یەکێ لەو منداڵانە لە شەڕێکدا کوژرا.
لە نێوان ساڵانی (١٦٤٠ - ١٦٤٤) دا چەند شانۆنامەیەکی بەپێز و بەهێزی نووسی وەک :
(١) شانۆنامەی (هۆراس).
(٢) شانۆنامەی (سینا).
(٣) شانۆنامەی (پۆلیوکیت).
(٤) شانۆنامەی (مردنی پۆمئی).
لە ساڵی (١٦٤٧ز)دا پێر کۆرنی بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی فەرەنسی و هەر لە هەمان ساڵدا بە گەورەترین درامانووسی فەرەنسی لە قەڵەم درا.
پاش ئەو گۆڕانە مەزن و پڕ سوودە، پێر کۆرنی چەند درامایەکی تری وەک : شانۆنامەی (هیراکیوس) ، شانۆنامەی (دۆن سانچۆ لە ئەراگۆن) و شانۆنامەی (ئەندرۆمێدا)ی نووسی.
لە ساڵی (١٦٥١ز)دا شانۆنامەی (پێتریس پادشای لمبادی) نووسی، کە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و جێگای ناڕەزایی خەڵکی بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پێر کۆرنی بۆ ماوەیەک گۆشەگیر و لە نووسین دوور بێت.
پاش پێنج ساڵان، واتە لە ساڵی شانۆنامەی (ئۆدیپۆس ) ی نووسی کە لە بەرهەمێکی نووسەری مەزنی یۆنانی سۆفۆکلیسەوە وەریگرتبوو.
دوا بە دوای ئەمەش چەند شانۆنامەیەکی تری نووسی، وەک:
- شانۆنامەی (سیرتۆیۆس).
- شانۆنامەی (ئەگسیلاوس).
- شانۆنامەی (ئەتیلا).
- شانۆنامەی (تیتۆس و برنیس)
- شانۆنامەی (سەرنیۆس).
پێر کۆرنی بۆ باسی شانۆنامەکانی سوودێکی زۆری لە ڕووداوە مێژووییەکان وەرگرتووە.
پێر کۆرنیی مەزن لە ساڵی (١٦٨٤ز)دا و لە تەمەنی (٧٨) ساڵیدا کاروانی مەزنی شانۆی بەجێهێشت و ماڵئاوایی لە ژیان کرد و مرد..❖

# گەڕانێک بەدوای
# ئەوانەی توونی بابا چوون



حەیدەر عەبدولڕەحمان

زۆر کەڕەت زەمەنی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەک ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبینێ لەئاستی پێشوازی لێکردن و خۆ لێ دوورخستنەوەی جەماوەر، تا دەگاتە سەر ئاستی شانۆگەرییەکەش، چونکە بینەر لەسەردەمێکی قاتوقڕی شانۆییدا، تینوویەتی بۆ شانۆ وای لێدەکات، بەبێ ئەوەی بەدیدێکی ڕەخنەییانە شانۆگەرییەک هەڵسەنگێنێ ئینجا بڕیاری خۆی لەسەر بدات، ناچاری ئەوە دەبێت شانۆگەرییەکە قەبووڵ بکات و بە فاکتەرێکی زیندووبوونەوەی شانۆی لەقەڵەم بدات کە لەگیانەڵادایە، چونکە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو شانۆگەرییەی لەنێوەندی ئەو قەیرانە سەختەی شانۆدا لە دایک دەبێت، ئەگەر لەئاستی خۆزگەشدا نەبێت زۆر لەوە باشترە کە نەبێت، بۆیە ئەو فیستیڤاڵە پچڕ پچڕەی (بەڕێوەبەرایەتی شانۆ) بەبۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانیی، ئەگەرچی خەسڵەتەکانی فیستیڤاڵ بە خۆیەوە هەڵناگرن و ناوبەناو ئەنجام دەدرێن، بەڵام وێڕای ئەمانەش لەو پشیە خەوە دوورو درێژانەی شانۆ بەئاگامان دەهێنێتەوە.

من لەپەراوێزی ئەم فیستیڤاڵە پچڕ پچڕەدا ویستم لەهەمبەر شانۆگەری (ئەوانەی توونی بابا چوون)ی مامۆستا ئەحمەد سالارو هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) هەڵوێستەیەک بکەم، کە ڕەنگە درکاندنی هەندێ باری سەرنج لەم بارەیەوە بەزەروورەت بزانم، ئەوەندی من ئاگام لێ بێت ئەو دوو هونەرمەندە لە ڕابردووشدا چەندین بەرهەمی هاوبەشیان هەبووە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆگەری (جزیری وانەی ئەڤین دادەدات-١٩٨٩) کە تێیدا ئەرسەلان یاریدەدەری دەرهێنەر بوو، لەدوای ڕاپەڕینیش کە مامۆستا سالار بەکۆمەڵێ وەزیفە بەسترایەوە، کەمتر بواری دەرهێنانی شانۆیی و نواندنی بۆ مایەوە لەجاران زۆرتر ڕووی لەنووسینی شانۆیی کرد، لەهەندێ شانۆگەریشدا وەک ئەکتەریش بەشداری کردووە، بۆیە ئەرسەلان دەروێش کاری دەرهێنانی ئەو شانۆگەریانەی گرتۆتە ئەستۆ، لەوانەش شانۆگەری (لەژێر تارای سوورمەچنا، ئاهەنگێک لەهەوارگەی یاراندا، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ، پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی، ئەوانەی توونی بابا چوون).

### ئاهەنگسازی، یان خۆ دووبارەکردنەوە؟

مامۆستا سالار لەساڵانی هەشتاکانەوە چ بەنووسین چ بە دەرهێنان پەرەی بە ڕێبازی شانۆیی (ئاهەنگسازی) داوەو تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بووە، ئەو توانی بەم شێوازە هەم هەمەڕەنگییەک لەنێو ڕێبازە پەیڕەو بووەکانی



**دیمەنێک لە شانۆگەریی «ئەوانەی توونی بابا چوون»، دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش**

دیکەی وەک واقیعی و کلاسیکی و ئەزموونگەری و تەعبیری و هەندێ شێوازی دیکەدا پەیدا بکات، لەهەمان کاتدا جۆرە ڕکابەری و بۆڕبۆڕینێکی شانۆیی لەگۆڕەپانەکەدا لەگەڵ ڕێبازەکانی دیکەی شانۆدا پێ دروست بکات، مامۆستا سالار ئەم ڕێبازەی بەنزیکترین ڕێباز داناوە لەخەڵکی، چونکە ڕەنگدانەوەیەکی کەلەپوورو کەلتووری ڕەسەنی گەلەکەمان بووە، لەهەمان کاتیشدا گەڕانێک بووە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی شانۆییمان، کە هەمیشە خەونی شانۆکاران و بینەرانی ئێمە بووە، بەو ئامانجانە ئەو ڕێبازە شانۆییە دروست بوو، بۆیە بینەری کوردیش لەسەرەتادا زۆر بەپەرۆشەوە شانۆگەرییەکانی لەئامێز کردووە، بەتایبەتیش شانۆگەرییەکانی (کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ و جزیری....) کە لەئان و ساتێکی ئێجگار ناسکدا پێشکەش کران و خەڵکی زۆر بەتاسەوە لەئامێزیانی کرد، بەڵام ئەم لەباوەش گرتنە سەرەتاییە وای لەمامۆستا سالار کرد کە خۆی بەقاڵبێکی دیاریکراو ببەستێتەوە و بۆ چەندین جاری دیکە خۆی لەجوغزی ئەو بازنەیەدا دووبارە بکاتەوە، هەر شانۆگەرییەکیش بەناوێک و بەناوونیشانێکی جیا، بۆیە بینەر پێش ئەوەی بچووبایە ناو هۆڵی شانۆگەرییەکی مامۆستا سالار دەیزانی دوای کەمێکی تر (ڕستە گورینگ و بەڕەو مافووری ڕەنگاوڕەنگی کوردەواری و ڕانکو چۆغە بە لێچەک دەبینێ و گوێ بیستی کۆمەڵێ گۆرانی فۆلکلۆری دەبێت و دەکەوێتە ناو بەزمی دەف لێدان و بارانی شیعرو پەخشان..) ئەم پێشبینییەی بینەر ڕەگەزی موفاجەئات لای بینەر ناهێڵێ، وەک ئەوەی قوتابییەک پێش ئەنجامدانی تاقی کردنەوەیەک پێشتر پرسیارەکانی بۆ ئاشکرا بووبێت، لەهەمان کاتدا ڕەگەزی داهێنانیش دەکوژێت و بینەر بە ئاسانی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە دەرهێنەر دەسەڵاتی داهێنانی نەبووە بەسەر بەرهەمەکانی.

خۆ بەستنەوە بە هەر ڕێبازێکی دیاریکراو بەمانای لەبارچوونی بەرهەمێک نییە، چونکە تا ئێستاش لەهەندێ وڵاتی پێشکەوتووی شانۆدا شانۆگەری کلاسیکی و ڕۆمانسی و واقیعی پێشکەش دەکرێت، بەڵام بەداهێنانێکی نوێوە، تا ئێستاش ساڵانە دەیان شانۆنامەی شکسپیرو برێخت و چیخۆف نمایش دەکرێنەوە، بەڵام هەریەکەو بەشێوازو ڕەنگ و داهێنانێکی نوێوە، ڕەنگە تا ئێستا هەزاران دەرهێنەر شانۆگەری (ئۆتیللۆ)ی شکسپیریان پێشکەش کردبێت، بەڵام هیچ یەکێکیان بەوەی تریان نەچوونەو لەداهێنانی تایبەتی خۆیاندا نەچۆڕاونەتەوە، ئەگەرچی یەک دەقیش بووبن، بۆیە من پێم وایە پەیوەست بوون بە ڕێبازێکی دیاری کراوەوە بەمانای ڕێگەگرتن نییە لەبەردەم داهێناندا، ئەگەر دەرهێنەرێک دەسەڵات و تێڕوانینی نوێی خۆی پێ بێ.

مامۆستا سالار لەساڵانی حەفتاکان تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش، چونکە گیرۆدەی تەنیا قاڵبێکی دیاریکراو نەبوو، خۆی لەچەندین شێوازی جیاجیا دەدا، بەتایبەت لەنواندندا، بینەر درک بەوە دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ ئێستایدا قەوارەی داهێنانی ئەوکاتی لەئێستا زۆر زیاتر بوو، بەڵام ئەو لەو دواییانەدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نواندن و دەرهێنان زۆرتر خۆی بەنووسینی دەق-ەوە خەریک کردووە، ئەوەندەی منیش ئاگام لێ بێت تا ئێستا ئەو دەقانە ئەرسەلان دەروێش و خۆی لێ دەرچێت لەلایەن هیچ

دەرهێنەرێکی دیکەوە پێشکەش نەکراون، چونکە مامۆستا سالار لەو دەقە پەخشان ئامێزانەدا کەمتر خۆی لە ڕووداو و دیالۆگی درامی و بونیاتی کەسایەتی و گەلێک ڕەگەزی دیکەی درامی دەدات، ئەو بە بەردەوامی پشت بە شیعرو پەخشان و گۆرانی دەبەستێت، دیالۆگی پەخشان ئامێزیش لەسەر شانۆ ئەو چێژە بەبینەر نابەخشێت وەک ئەوەی دەیخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر گۆرانییەکان نەبن کە زوو بەفریای ڕزگاربوونی دەق دەکەون، ئەوە بینەر دووچاری مەلەل دەبێت و نازانێت چۆن خۆی لەکۆتو پێوەندی ئەو جۆرە شانۆگەرییانەدا ڕزگار بکات، گۆرانییەکانیش ئەگەرچی بینەر لەشانۆدا هۆشیار دەکەنەوە و بەمەبەستی ڕاگرتنی ڕیتمی شانۆگەرییەکە ئامادە دەکرێن، بەڵام زێدەڕۆیی لەو دیاردەیەدا لەنرخ و بەهای دراما کەم دەکاتەوە.

لەشانۆگەری (ئەوانەی توونی باباچوون) نیمچە گۆڕانکارییەک لەشێوەو ناوەرۆکدا بەدی دەکرێت و بۆ یەکەم جار مامۆستا ئەحمەد سالار هەوڵی ئەوە دەدات کە کەلەپوور تێک هەڵکێشی سەردەم بکات و کۆن بەنوێوە ببەستێتەوە، لەڕێگەی کەسایەتی نووسەرێکی شانۆیی و خێزانەکەی، کە بەسەرهاتی توونی بابا دەکات بەشانۆو منداڵەکانیشی بەشداری لەهەندێ لایەنی نووسینەوەی حیکایەتەکە دەکەن و دەبن بە بەشێک لەدنیای نووسەرەکە و ئەو ئەشکەنجەو ئازارانەی وەک نووسەرێک لەگەڵ نووسینەوەی بەسەرهاتی شانۆگەرییەکەی دەیچێژێ، بینەر لەڕووی یەکەمی شانۆگەرییەکەدا کە ژیانی نووسەرەکە دەنوێنێ، بێزار نابێت و پێی خۆشە لە کەشوهەوای ئەو دیمەنانەدا بژیت و سەراپای شانۆگەرییەکە لەم چوارچێوەیەدا بخولێتەوە، بەڵام کاتێک دەچێتە نێو دنیای حیکایەتەکە و دیاردە تەقلیدییەکانی جاران دەبینێتەوە، دووچاری هەمان نیگەرانی دەبێتەوە.

## ئەرسەلان دەروێش، خۆ بزرکردن لە سێبەردا

تا ئێستاکە لەچەندین شانۆگەری جیاجیادا لەسەر شانۆ بە ئەرسەلان دەروێش ئاشنا بووینە، بەڵام من درکم بەوە کردووە کە ئەو بەرهەمانەی سەربەخۆن، یان لەدەرەوەی بازنەی دەقەکانی مامۆستا ئەحمەد سالارن، جیاوازییەکی زۆریان لەستایلی کارکردندا هەیە لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ مامۆستا سالار بەهاوبەشی پێشکەشی دەکەن، بۆیە هەندێ لە بینەران گومانی ئەوە لە ئەرسەلان دەکەن کە ئەگەرچی ئەرسەلان ناوی وەک دەرهێنەرێکی شانۆگەرییەکە هاتووە، بەڵام مۆرکی مامۆستا سالاریان پێوە دیارە، چونکە


ئەرسەلان دەروێش – ئەحمەد سالار

چ لە شێوە چ لەناوەرۆکدا بینەر جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو شانۆگەریانەی ناوی ئەرسەلانی بەسەرەوەیە لەگەڵ ئەو شانۆگەریانەدا ناکات کە تایبەتن بەمامۆستا سالار! ئەگەرچی من لەم ڕووەوە گوێم لەئەرسەلان بووە کە ئەم بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە، بەو بیانووەی کە ئەو قوتابی مامۆستا سالارەو قەستی ئەوەی هەیە بەردەوامی بەو ڕێچکەیەی مامۆستا سالار بدات، بەڵام بینەری لابەلایی کە هەمیشە بەرهەم دەکاتە پێوەر لە سۆنگەیەکی دیکەوە بۆ پرسەکە دەچێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەرسەلان دەروێش بەم خۆدانە بەر سێبەری مامۆستا ئەحمەد سالار ناتوانێت بوونی خۆی لەهیچ لەو شانۆگەرییانەدا بدۆزێتەوە هەتا سێبەری مامۆستا سالار باڵی خۆی بەسەر شانۆگەرییەکەدا کێشابێت، ڕەنگە ئەرسەلان یەکێک بێت لەو دەرهێنەرە لاوانەی کە ئەگەر خۆی لەم پاشکۆ بوونە ڕزگار بکات، بتوانێت ناسنامەو تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبێت و دەبێتە ناوێکی درەوشاوە تر لەگۆڕەپانەکە، بەڵام پێ دەچێت ئەو بەو زنجیرە کارە هاوبەشە تەقلیدیانە مەبەستی نەبێت حاڵی حازر ئەو سەربەخۆییە بەخۆی بدات، یان کاتێک ئەو بڕیارە بدات کە زەمەن بۆی نەگەڕێتەوە تا سەرەتایەکی تر دەست پێ بکات کە مۆرکی تایبەتی خۆی بێت و خۆشی خاوەنی هونەری خۆی بێت.

## ئەکتەرەکانی ئەوانەی توونی باباچوون

زۆربەی شانۆگەرییەکانی مامۆستا سالار شانۆگەری دەقن و پشت بەدیالۆگی پەخشان ئامێزو شیعر دەبەستن، نەک بەتواناو دەسەڵاتی ئەکتەر، بۆیە هەمیشە ئەکتەر لەو شانۆگەرییانەدا بزرە، شانۆگەری دەقیش ئەمڕۆکە لە شانۆی نوێی جیهانیدا کەمتر جێگەی دەبێتەوە، چونکە ئەگەر شانۆ تەنیا بریتی بێت لەکۆمەڵێ دیالۆگی باقو بریقەداری پڕ

لەدروشم، ئەوە بینەر دەتوانێ ئەو جۆرە دەقانە لەسەر ڕووبەری گۆڤارێک، یان نامیلکەیەکدا بخوێنێتەوە بێ ئەوەی پێویستی بەوەهەبێت بێتە نێو هۆڵی شانۆ پتر لەوەش دەسەڵاتی پڕ لەداهێنانی دەرهێنەر لەوە دایە کە بەتواناو دەسەڵاتی جەستەیی ئەکتەر بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەرجەستە بکات، نەک بەدیالۆژی ڕاستەوخۆ و دروشمدار، هەر کاتێکیش شانۆ تەنیا ڕووی لە وشە کردو پشتی لە ئەکتەر وەرگێڕا، ئەوە خەسڵەتی درامی و شانۆیی خۆی دەدۆڕێنێ.

ڕاستە کە شانۆگەری (ئەوانەی توونی باباچوون) پڕ بوو لە ئەکتەرو وەک ئێکسسوار بۆشایی شانۆیان پڕ کردبووەوە، بەڵام من جگە لە ئەحمەد سالارو (ئەستێرەوان- چێنەر ئەحمەد سالار) نەبێ لەسەر شانۆ درکم بەبوونی هیچ ئەکتەرێکی تر نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ ئەکتەری بەتوانای وەک ئەرسەلان دەروێش و بەهمەن حاجی و ڕەمزیە قادر بەشدارییان هەبوو، بەڵام ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا وەک پێویست شوێنەوارو کاریگەریی خۆیان لەسەر شانۆو لەدڵی بینەردا بەجێ بێڵن، بینەر لەوە بە ئاگایە کە دەور بۆ ئەکتەر دۆزراوەتەوە نەک ئەکتەر بۆ دەور، چونکە دەرهێنەر مەزەندەی ئەوەی کردووە کە زۆرکردنی ئافرەت لەسەر شانۆ، شانۆ دەوڵەمەند دەکات و جۆرە ستاتیکایەکی شانۆیی پێ دەبەخشێت، کەچی زۆر لەو ئەکتەرانە لەسەر شانۆ بوونەتە بارگرانی بەسەر بینەرانەوە، لە هەمان کاتدا بوونی مامۆستا سالار لەسەر شانۆ زۆر کەلێنی گەورەی لەبواری نواندن لەو شانۆگەرییەدا پڕ کردۆتەوە، ئەوەی دڵخۆش دەکات ئەوەیە کە دوای پتر لە سێ ساڵ نواندن جارێکی دیکە مامۆستا سالار بەو کارامەییە ببینینەوە و لەو نیگەرانیەش ڕزگارمان بکات، کە ئاخۆ تەمەن کاریگەریی خۆی لەسەر جەستەو دەسەڵاتی هونەریی و جەستەیی ئەو بەجێ هێشتووە، یان نا؟

من لەم شانۆگەرییەو چەندین شانۆگەری دیکەشدا گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە مامۆستا سالار ئەکتەرێکی لێهاتووە بەرلەوەی نووسەر، یان دەرهێنەر بێت، بەڵام کە ڕوو لەنووسینی دەق دەکات، لەپێناو کۆمەڵێ ئامانج و خواستی دیاریکراوی هونەریی خۆیەتی کە ڕەنگە لەدەقێکی تردا دەستەبەر نەبێت، یان بە مەبەستی دانەبڕانە لەشانۆ، لەوکاتانەدا کە هەلومەرجی چوونە سەر تەختەی شانۆی بۆ ناڕەخسێ، ئەگەرنا من لەوە دڵنیام کە نواندن لە بوارەکانی دیکە زێتر تێنوێتی ئەو بۆ شانۆ دەشکێنێ، چونکە لەگەڵ بینەرانی خۆی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دەشتوانێت زێتر گوزارشت لە خۆی بکات وەک ئەکتەرو مرۆڤ.

هەر ئەو تێنوێتییەشی بۆ شانۆ وای کردووە لەزۆر کاری شانۆییدا ئامادەیی هەبێت قوتابییەکی وەک ئەرسەلان دەروێش ببێت بە دەرهێنەری و ئەویش ببێ بە ئەکتەر.

ئەرسەلان دەروێش لەم بەرهەمەدا وێڕای ئەوەی دەرهێنەرە، لەدەور بەخشیندا بەشی شێری بەخۆی بەخشیوە و دەوری پاشای حیکایەت دەبینێ، کە دەورێکی زۆر تەقلیدییە و دەکرا هەر ئەکتەرێکی تر دەورەکە ببینێ، بەڵام پێ دەچێت نەرگزیەتی هونەریی وای لە ئەرسەلان کردبێت کە لەو دەرفەتەدا خۆی لە هاتنە سەر شانۆ بێبەش نەکات، بەڵام من پێم وایە ئەگەر تەنیا دەرهێنەر بوایە ئەوە پتر لەقازانجی ئەودا دەبوو، چونکە مەرج نییە هەموو هاتنە سەر شانۆیەک ئیزافەیەک بێت بۆ ئەکتەر، وێڕای ئەوەی کاتێ شانۆکارێک خۆی بۆ تەنیا ئەرکێکی شانۆیی وەک دەرهێنان تەرخان دەکات دەسەڵاتی هونەری خۆی بەسەر شانۆگەرییەکەدا دەسەپێنێ پتر لەوەی بەشێکی زۆر لەو دەسەڵاتەی خۆی دابەشی سەر نواندن بکات.

## دیکۆر، گەڕانەوە بۆ کلاسیکیەت

هیچ کاتێک دیکۆری قەبەو ئاڵۆز نیشانە نییە بۆ گەورە بوونی شانۆ، وەک ئەم دیاردەیە لە شانۆگەرییە کلاسیکی و واقیعییەکاندا بەزۆری هەستی پێ کراوەو لەسەردەمی ئەمڕۆی شانۆییدا دیکۆریش تەواوکەری فەلسەفەو بیروستاتیکای هەر شانۆگەرییەکە، کە دەکرێت ئەویش وەک پارچەیەکی زیندووی جەستەی شانۆ هەڵسوکەوتێکی هونەریانەی وردی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت چۆن بەدیالۆگ شانۆگەرییەک دەخوێنێتەوە، بەهەمان سەنگ و بەهای هونەری دیکۆرێکیش بخوێنێتەوە، ئەو دیکۆرە قەبە کلاسیکییەی لەشانۆگەری (ئەوانەی توونی باباچوون) خوێندمانەوە دیکۆرێکی تەقلیدی ئەوتۆبە کە زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە، بۆ ئەوەی شێوەو قەبارەی دیکۆرەکە بینەر چەواشە بکات، کە دەکرا هەمان هێماکانی ئەو دیکۆرە بە شێوەیەکی ساکارتر و ئاسانتر بگاتە بینەران..❖

## بەدواداچوونی:

# «هونەرێکی شانۆیی لە هەولێر هەبوو»



کەمال غەمبار

پێشەکی حەزم دەکرد لەناو بەشداربووانی ڕاپرسییەکەدا دوو هونەرمەندی ئەکادیمی تر کە بەڕێزان «تەڵعەت سامان» و «فەرهاد شەریف»ن ڕاوبۆچوونی خۆیان هەبووایە، بەتایبەتی مامۆستا (تەڵعەت سامان) وەک دەقنووس و دەرهێنەر، ئەوکاتە بابەتەکە دەوڵەمەندترو بەپێزتر دەبوو، وێڕای ئەمەش بەشداربووان تاڕادەیەکی باش توانیویانە ئەو کەلەبەر و بۆشاییانەی کەوتوونەتە ناو ڕەوتی شانۆی کوردی لەسەدەی ڕابردوودا، دەستنیشان بکەن و ئەم بەسەرکردنەوەیەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی بەجێیە کە گۆڤاری «ڕامان» ناویەتی و جێگەی دەستخۆشییە.

هونەرمەند (چەتۆ حەسەن)، ڕاستی بۆ چووە کە شانۆی شارەکەمان و شانۆکاران لەسەرەتاکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا لەقۆناغێکی پڕشنگدارو زێڕیندا گەشەیان کردووە، بەڵام فاکتەرو هۆکارەکانی گەشەکردنەکەیانی دەستنیشان نەکردووە، کە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە پتەوبوونی مەچەکی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بدەین کە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)ی بەدواداهات و تاڕادەیەک کەش و هەوایەکی ئازادانەو دیموکراتییانە بۆ ڕۆشنبیران، لەناویاندا شانۆکاران ڕەخسا کە بەکامی دڵ تەعبیر لەواقیع بکەن و ئازادانەتر بێنە مەیدان و تەکان بەڕەوتی شانۆ بدەن. دەکرێ لێرەدا هونەرمەند «سەباح عەبدولڕەحمان» بکەم بەنموونە کە لەو بوارەدا ڕەوتی هەبوو وەک کاراکتەری لێهاتوو و دەرهێنەر. دوا بەدوای ئەو کەسانی تر هاتنە پێش و جیهانی شانۆی کوردییان لەهەولێردا دەوڵەمەند کرد وەک تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف و سەفوەت جەڕاح و سەعدوون یوونس و موئەیەد فەقێ و سەلام کۆیی و هی تر.. کە هونەرمەند «ژیلوان تاهیر» ئاماژە بە شانۆی هەشتاکان دەکات کە لەپایتەختدا لووتکەی شلەقاندنی جەماوەر بوو، دەروازەی ڕاپەڕین بوو، دەتوانم ئەو تەکاندانە دانەبڕم لەو دیاردە شانۆکارییەی کە سەرشارەکەی سلێمانی بوو، کە بەڕاستی لەڕۆژی جیهانیی شانۆدا، بەحوکمی بوونی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و هونەرمەندی لێهاتووی وەک ئەحمەد سالارو شەماڵ عومەرو کامەران ڕەوف و نیگار حەسیب قەرەداخی و فرمێسک مستەفا و چەندین هونەرمەندی تر وەک دەقنووس و دەرهێنەرو کاراکتەر، ڕەنگدانەوەیەکی تەواویان لەسەر شاری هەولێر هەبوو، کە هەموو ساڵ ئەو شارە فیستیڤاڵێکی گەورەو فراوانی لێ سازدەکراو لەشارەکانی تریش بەتایبەتی هەولێر ڕوویان تێدەکردو چەندین نمایشی شانۆکاری پێشکەش دەکران و دەخرانە بەردەم لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و بەستنی چەندین کۆڕو سمینارو نووسین لەسەر هەر شانۆگەرییەک بە کوردی و بە عەرەبی لەلایەن ڕەخنەگرانی کورد و عەرەبەوە، هەڵبەت لەو واقیعە نوێیەدا ڕەخنە لە کەموکوڕییەکان دەگیرا، هونەرمەندان بەخۆیان دادەچوونەوە، هەروەها شانۆ ببووە چەکێکی کاریگەری هوشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ورەو وزەی جەماوەر بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەشۆڕشی گەلەکەمان و داکۆکیکردن لە دۆزە ڕەواکەی.

هونەرمەند (موئەیەد فەقێ) باشی بۆ چووە کە دەڵێ: «هەولێر شارێکی پڕ ئەزموونە، کولتووری نەتەوەو ئایینە کۆنەکانی سەردەمی خۆی بووە... هەرگیز دوورنەبووە لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و دراماو شانۆ»، بەڵام ئەو بابەتە کۆنانەی کە بۆ شانۆ تەوزیف کران، نەگەیشتنە ئەو ئاستەی کە بەشێوەیەکی نوێ بخرێنەڕوو، لەسلێمانیش گەڕانەوە هەبوو بۆ کولتووری نەتەوەییمان: خەج و سیامەند، نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، جزیری وانەی عەشق دادەدا، کێشەی چوون و نەچوون و هی تر. بەڵام نوێکارییان تێدا بەرجەستە کرابوو. کە بەڕێز موئەیەد پرسیار دەکات و وەڵامیش دەداتەوە و دەڵێ: «ئایا ئەو شانۆکارانەی کە ئێستا - مەبەستی هەولێرە- کار دەکەن، لەتوانایاندا هەیە، هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سەختە، هونەرمەندان ناتوانن ڕاستەوخۆ، خۆیان لە قەرەی ئەم پرسیارە بدەن، بەڕاست و ڕەوان

بێژن، تۆ ئەی نووسەری شانۆیی سەردەمی هەردوو دەیەی زێڕین توانات تێدا نەماوە.. تۆ ئەی دەرهێنەری.... هەرچەندە وەڵامەکەی بۆ هەمووان وەکو یەک نییە وەک خۆی دەڵێ و پێی وایە پرسیاری لاوەکان لەم گرفتە لە هەمووی گرنگترە، چونکە ئەوانن بۆشایی ڕاستەقینەی شانۆ پڕ دەکەنەوە. هەرخۆشی پرسیار دەکات: «ئایا ئەوان جێگەی ئومێدن، بەڵگە چییە؟ کێ لەوان..»

بۆچوونی من لەو گرفتەدا تەنیا خودی هونەرمەند نییە لەنوێکردنەوەدا، هەرچەندە تاڕادەیەکیش چ لاوەکە، چ بەتەمەنەکە بەرپرسە لەدواکەوتنی شانۆ، بەڵکو ئامرازە نوێیەکانی شانۆ، پێداویستەکان، لەهۆڵی گونجاو، ڕووناکی، دیکۆر، دەنگ کە کەرەستەی پێویستن بۆ لایەنی دەرهێنان تا ئێستاش لای ئێمە لەئاستی خواستی هونەرمەنداندا نین، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیریی هونەرمەندی شانۆکار ڕۆڵێکی گرنگی لەپێشکەوتنی شانۆدا هەیە، لاوانی ئەمڕۆ کە بەکوردی دەخوێنن، لەکوردیشدا ئەوەندە سەرچاوەی تیۆری لەبواری شانۆدا نییە کە تینوویەتی خوێنەر بشکێنێ، بۆیە شانۆی کوردی لە هەولێر ئەوەی لێ ڕەچاو ناکرێ و چاوەڕوان ناکرێ کە لەسەردەستی لاوەکان پێشکەوتنێکی جۆری لەڕووی تەکنیک و دەرهێنان و نواندنەوە بەخۆیەوە ببینێ.

هونەرمەند (غازی غەفوور) لەدوو شوێندا. ئاماژە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شانۆ دەکات کە پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە کە بەو شێوەیەی هەیە بەهۆکارێکی سەرەکی بۆ سست بوونی شانۆی لەقەڵەم دەدا، بەلای منەوە دەکرێ ئەم لایەنە چارەسەربکرێ ئەویش لەڕێگەی ئەو هونەرمەندانەی کە لەدەرەوە هاتوونەتەوە و پسپۆڕییان لەشانۆدا هەیە. ئەرکی بەڕێوەبردنی شانۆیان پێ بسپێردرێ، کە ئەمڕۆ شانۆ و سینەما لێک جیا کراونەتەوە، کارێکی باشە، پێشتر گۆڤارێکی وەکو سینەماو شانۆ دەردەچوو، تاڕادەیەک باش بوو هەرچەندە سکرتێری نووسینی لەو ئاستەدا نەبوو ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکە بەڕێوەببات و ڕووی داوە، کە نووسینی نووسەرێکیان ون کردووە و بڵاونەکراوەتەوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە، گۆڤارێکی تایبەت بە شانۆ و گۆڤارێکی تایبەت بەسینەما دەربچێت.

هونەرمەند (عەلی ئەحمەد) پەنجە دەخاتە سەر خاڵێکی گرنگ، ئەویش پشتگیریکردنی بێ جیاوازی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لەشانۆکاران، بەڵام بەلای منەوە دەبێ ئاستی هونەریی شانۆکاران ڕەچاوبکرێ، هەروەها کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی و ئازادی شانۆ دەکاتەوە، ئەمەشیان خاڵێکی گرنگە، چونکە لە کەشو هەوایەکی ئازادانە نەبێ، داهێنان و ئەفراندن لەدایک نابن.

لەناو بۆچوون و تێبینییەکانی هونەرمەندانی ناو براودا، باس لەنەبوونی ڕەخنەگری بێ لایەن و ڕاستگۆ دەکرێ. جارێ بەر لەهەموو شتێ هەر کەسێ هەستا لەسەر نمایشێکی شانۆکاری نووسینێکی بڵاوکردەوە، ئەم کارە ئەوە ناگەیەنێ کە نووسەرەکە ڕەخنەگرە، ڕەنگە نووسینێکی ڕووکەشی سەرپێیی بێت، چونکە ڕەخنەگری ڕاستەقینە، ئەوکەسەیە شارەزاییەکی باشی لەقوتابخانەو ڕێبازەکانی شانۆکاری هەیە و باکگراوندێکی دەوڵەمەندی لەبارەی هونەری دەرهێنان و نواندندا هەیە، (لەپاشان ڕەخنەگر دەبێ بێ لایەن بێت)، چونکە کەس نییە بێ لایەن بێت، کە تەنیا ڕەخنە دەنووسی بێ لایەن نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین ڕەخنەگر سەربەخۆ بێ و شارەزایی لەهونەری شانۆکاری هەبێ.

من لەگەڵ بۆچوونەکەی هونەرمەند (چەتۆ حەسەن)م کە پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی نەک تەنیا عیراقی، بەڵکو کوردیش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بۆ سوود وەرگرتن و بیروڕا گۆڕینەوە و وەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆو ئایندەی کوردستاندا دەگونجێن، بکرێنە کوردی و لە قالبێکی کوردەواریدا دابڕێژرێنەوە، هەروەها دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بەشانۆ، یان تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بە شانۆ و مێزگردو بەستنی کۆڕو پێشکەشکردنی بەرنامەی شانۆکاری لەئێزگەو تەلەفزیۆندا زۆر پێویستن بۆ تەکاندان بەڕەوتی شانۆ و نابێ ئەوەندە ڕەشبین و نائومێد بین کە ناکرێ لەو قەیران و ئاستەنگەدا شانۆی کوردی لە پایتەختی هەرێمدا دەرباز بکەین، کە هۆیەکی هەرە سەرەکی ئەو حاڵەتە بۆ باری بژێوی هونەرمەندان دەگەڕێتەوە کە عەودالبوون بەدوای نان پەیداکردن تووشی خەمساردی و کات نەبوونی تەواو بۆ وروژاندنی کارکردنی شانۆکاری کردبوون، هەروەها شەڕی ناوخۆیی چەند ساڵێک و کەرتکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو دەسەڵات، ڕەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کردبوو کە دابڕانێکی تەواو لەنێوان هونەرمەندان‌دا دروست بێ و ئاگاداری ئەزموون و کارە هونەرییەکانی یەکتری نەبن و سوود لەیەکتری وەرنەگرن و بەخۆ دانەچنەوە کە بۆچی ئاستی شانۆ لەهەولێردا هاتۆتە خوارەوە؟

بۆ جەماوەرەکەی کەم بوو؟ هەرچەندە من کەمبوونی بینەران بەهۆیەکی دواکەوتنی شانۆ لەقەڵەم نادەم کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێ بەقەد ئەوەی کە بەپلەی یەکەم بۆ ئاستی تێگەیشتن و هوشیاری و سەرقاڵبوونی بەکاری تر دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا جۆری شانۆگەری ڕۆڵی خۆی هەیە لەپەیداکردنی خەڵک، ڕەنگە شانۆگەرییەکی ئاست نزمی کۆمیدی جەماوەرێکی زۆری هەبێ، کەچی شانۆگەرییەکی ئاست باڵا کە بۆ ڕۆشنبیری دەستەیە، ئەوەندە بینەرەی نەبێ.

لەکۆتاییدا دەڵێم من گەشبینم بەوەی کە بەهۆی ئەوەی باری ئابووری و بژێوی هونەرمەندانی شانۆکار بەرەو باشی دەچێ، لەئاکامی بەرزبوونەوەی مووچەو ڕێزلێنانیان، ڕەوشەکە گۆڕانێکی باش بەخۆوە ببینێ و هونەرمەندان، بەتایبەتی ئەوانەی پسپۆڕییان لەو بوارەدا هەیە و کارەکتەرو دەرهێنەری بەتواناو نووسەری خاوەن قەڵەمی بەبڕشتن، جارێکی تر بتوانن شانۆ لەهەولێردا بخەنەوە سەرپێ و تەکانێکی گورجی بەرەو پێشەوەو نوێکردنەوەدانی پێ بدەن و بەوزەی لەبارو تەکنیکی تازەوە لەدەیەکانی حەفتاکان و هەشتاکان ڕەتی کەن و ئەو ئەزموونگەرییەی کە گوایە هیچی بەهیچ نەکرد، ئەزموونگەییەکی تر بێتە کایەوە کە نوێکردنەوە بەخۆیەوە ببینێ و تەنیا لەقاڵبێکی فۆرماڵیدا نەگیرسێتەوە و هەولێریش لەسایەی ئەو وزەو توانا هونەرییەی کە ئێستا تووشی سستی و تەمبەڵی بووە، جارێکی تر ڕووەکەی بگەشێتەوەو نان و ئازادی هاندەری تەواوبن بۆ کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم هونەرمەندانی شانۆکار کە خەمێک لەخۆیان و پیشەکەیان و گەلەکەیان بخۆن و بیر لە ڕابردوو نەکەنەوە کەتێپەڕی و ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەدیدو تێڕوانینێکی ڕوون و دروستەوە بڕواننە ئایندەی شانۆ لەهەولێری پایتەختدا، کاری جیددیانەی بۆ بکەن و هاڤبڕکێی هونەری و ڕەسەنایەتی بەردی بناغەی پێشکەوتنی کارەکانیان بێت.❖

# لە هەولێری پایتەخت هونەرێکی شانۆیی هەبوو؛ چی بەسەرهات؟

**بەشداربووان: چەتۆ حەسەن، غازی غەفوور، ژیلوان تاهیر، موئەیەد فەقێ، عەلی ئەحمەد.**

لە هەولێری پایتەخت، هونەری شانۆی کوردی لە سەدەی ڕابردوودا، دوو دەیەی زێرینی هەبوو، لە حەفتایەکان و هەشتایەکان، ئەم هونەرە خاسیەتی خۆی هەبوو، بەردەوام بوو. هونەری شانۆ لەسەر هەردوو ستوونی بابەت و تەکنیک خۆی ڕاگرتبوو، پێگەی دیارو کاریگەری هەبوو لەبزاڤی شانۆی کوردیدا. ناسینەوەی خاسیەتەکانی هەردوو ستوونەکە، لەتوانای نووسەران و هونەرمەندان و ڕەخنەگرەکان پێناسە دەکرا. هەولێر بەوە ناسرابوو، هەمیشە لەباوەشی بابەت و دەقی کوردیدا گەمەی هونەری خۆی دەکرد، گۆزارشتی لەسەردەمی خۆی دەکرد؛ لەبەر ئەوە هونەرەکە هەمیشە نەخۆشی دەستی مقەسی سانسۆر و کوتەکی دەسەڵات بوو.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی تاوان و توندوتیژی لەدژی خەڵکی کوردستان، خاسیەتەکان بەرە بەرە ڕووی لەکزی کرد. لەنیوەی دووەمی هەشتایەکان کە تەوژمی شانۆی ئەزموونگەری سەری هەڵدا؛ چرای شانۆی ئەم شارە بەرەو کوژانەوە دەچوو. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کرد، هونەری شانۆ لەسەرتاسەری کوردستان دەبوو بکەویتە ژێر کاریگەری ئەم وەرچەرخانە، کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر شانۆی ئەم شارەوە دروست کرد، نەک لەبابەت و تەکنیک، بەڵکو لەگەرمەوگوڕی بزاڤە شانۆییەکە، ڕەزمی شانۆ شڵەژانی بەسەرداهات، چی بکات و چۆن بیکات؛ گۆڕانکاری بەتەواوەتی بەسەر خاسیەتەکانی شانۆی ئەم شارە داهات. دەیەی یەکەمی دوای ئەم خاسیەتانە تەواو بوو، وا خەریکە نیوەی یەکەم لەدەیەی یەکەمی هەزارەی نوێ تەواو دەبێت، هونەرمەندان هەمیشە لە گرفتی شانۆی ئەم شارە دەدوێن، هۆیەکەش ئەوەیە شانۆ نەیتوانی درێژە بەبازنەکەی خۆی بدات، بۆیە بەپێویستمان زانی بەم دوو سەردەمە دابچینەوە و هونەرمەندەکان بەسەر بکەینەوە، تا بزانین ئەوان چۆن ئەم دوو دەیەیە و ئایندەکەی دەخوێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە دوو پرسیار زۆر گرنگ بوو؛ پرسیاری یەکەم: هونەری شانۆ لەشاری هەولێر چی بەسەرهات؟ ئەوەی تریان ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێ هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنرێ و سەردەمی زێڕینی شانۆی هەولێر بگەڕێنتەوە.


چەتۆ حەسەن

**چەتۆ حەسەن:** با ئاوڕێک لەساڵانی حەفتایەکان و هەشتایەکان بدەینەوە و بەبیر خۆمانی بێنینەوە کە شانۆی شارەکەمان و شانۆکاران لە چ قۆناغێکی پرشنگدارو زێڕیندا گەشەیان دەکرد، ئەوان تێدەکۆشان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوڕەوەی پڕ تەوژمی شانۆ، بەرەو شکۆمەندی و سەرفرازی هەنگاوی دەنا، شانۆ ئاواتی دروستکردنی دواڕۆژێکی ڕووناک و دڵخۆشکەرە بوو بۆ ئەم شارە. لەناو لافاوی تۆقاندن و ململانێ و کاولکردنی دێهاتەکان، وێرانکردنی هەزاران ماڵ، زیندە بەچاڵکردنی مرۆڤی کورد، لەنێو لێزمەی مەرگ و مەرگەساتدا دەیان کۆرپەی چاوگەش لەسەر شانۆی شارەکەیان چاویان هەڵهێنا، لەبێشکەی ئازایەتی و کوردایەتی بزەی سەرلێوەکان تەکانی بە گەنج و لاوی کورد دەدا.


شۆڕشی لەدەروونەکان دروست دەکرد. شانۆ بەڕاستی ببووە ئەو قوتابخانەیەی کەوانەی نەبەردی و دلێری و کوردایەتی بەگوێ بینەراندا دەگوتەوە، لەپەنای وشەو هێمای پڕ لەمانا مەشخەڵی شۆڕش هەڵگیرسێنێ، لەوانە: خاڵۆی ڕێبوار، قەڵای دمدم، حەمەدۆک، ئەفسانەی چیای ئاگری، خەج و سیامەند، لۆ تێم ناگەن، هەروەها شانۆگەرییەکانی دیکە دەلیل و شاهێدن لەسەر هەوڵ و تێکۆشانی عاشقانی شانۆ لەم شارەدا، بینەرانی شانۆ تا ئەمڕۆش هەر بەیادی ئەو ڕۆژە دێرینانە، تامەزرۆی تامۆچێژی ئەم کارە مەزنانەو ڕۆژانی پڕ لەسەروەری شانۆی شارەکەیان خەون دەبینن.. واتای شانۆ لە شارەکەمان بەرەو نەمان دەڕوا، واتایەکی هێمەت دابەزێنەرو ڕووخێنەری ئەو هیواو ئاواتەیە کە بۆ دواڕۆژی شانۆ چاوەڕێین.

ڕەوای حەق نییە مرۆ بەو جۆرە بیربکاتەوە، چونکە سەرەڕای ئەم هەموو دواکەوتن و نشوستییەی بەسەر شانۆدا هاتووە، دیارە لێرەو لەوێ، لەناو دڵە لەخورپە نەکەوتووەکان، هێشتا ترووسکەی خۆشەویستی شانۆ نەکوژاوەتەوە، وەک ئەو پاپۆڕەی دەکەوێتە بەر تۆپ و تانکی دوژمن، کون کون دەبێ، خێرا هەوڵی گرتنی ئەم درزو کونانە دەدەن، بۆ ڕزگارکردنی لەخنکان و نغرۆ بوون. ئەمڕۆش ئەم هەوڵ و تێکۆشانەی لاوەکان جێگەی هیوایە بۆ نەفەوتان و لەدەست نەدانی هەتا هەتایەی شانۆ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پشتی لێ بکرێتەوە.

**غازی غەفوور:** وەک ڕوون و ئاشکرایە حکومەتی هەرێم لەلایەن خۆیەوە هیچ درێغی نەکردووە بۆ پاڵپشتی کردنی هونەری کوردی و بۆ ئەم مەبەستە بودجەی خەیاڵی تەرخان کردووە، من وەک ئەکتەرێکی شانۆ و سینەما، لەدوای ڕاپەڕین تا ئەمڕۆ هیچ شانۆگەرییەک سەرنجی ڕانەکێشاوم، دیارە ئەم شانۆگەرییانەی پێشکەش کراون چەند ڕۆژ بەردەوام بووە و چەند کەسێک هاتوون بۆ بینینیان. ئەو بەرهەمانەی بودجەی خەیاڵیان بۆ سەرف کراوە دەرهێنەرەکانی نەیانتوانیوە لە هۆڵەکان پێشکەشی بکەن.. بینەری شانۆگەرییەکان زۆر تایبەت بووینە. هۆکاری تریش هەیە وەک بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە هەولێر کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سست بوونی شانۆ، ساڵانە تەنیا چەند بەرهەمێکی متەوازیع پێشکەش دەکرێ.

**ژیلوان تاهیر:** لەشاری هەولێر، لە حەفتایەکان هونەرێکی شانۆیی زۆر ڕەسەن و واقیعیانە هەبوو، لەگەڵ ئەوەی سادەو ساکار بوو، بەڵام توانیبووی تینوێتی جەماوەری شانۆ بشکێنێ ئەو قۆناغە قۆناغێک بوو پڕ بوو لەعەشق و بڕوا بەخۆبوون و قوربانیدان.


هەرچەند ئەوکات کەموکوڕی تەکنیکی شانۆیی زۆر بوو، وەک نەبوونی هۆڵی شانۆیی ڕێک و پێک، نووسەرو ڕەخنەگری شانۆیی، کەم ئەزموونی ئەکتەرەکان، نەبوونی شانۆکاری ئەکادیمی، تەنانەت ئەوانەی هەبوون بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، یەکێک لەوانە هونەرمەند (سەباح عەبدولڕەحمان)ە کە مامۆستایەکە جێ پەنجەی دیارە لە شانۆی کوردی لەشاری هەولێر. دوای ئەو مامۆستا تەڵعەت سامان و فەرهاد شەریف و سەفوەت جەڕاح و سەعدوون یوونس و چەندانی دیکە هاتنە بوارەکەوە. شانۆی هەشتاکان لەشاری هەولێر لووتکەی شڵەقاندنی جەماوەر بوو، بەڵێ لەهەشتایەکان شانۆ دەروازەی ڕاپەڕین بوو، چەندین جار دەرگاکانی شانۆ لەبەر پاڵەپەستۆی هاتنە ژوورەوەی جەماوەر دەشکا، جگە لەوەی شانۆ پەیامێکی سیاسی و ئەزموونی خۆڕاگری میللەتی کورد بوو، بەرامبەر بەزەبرو ستەم، کە لێرەدا دەگەینە یەک ئامانج، ئەویش پەیام و ئەوینە، بەڵێ شانۆی جارانی هەولێر لەپێناو کوردایەتی و هەستیاری و هونەربوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەم داستانە بووە شەمەندەفەرێکی بێ سککەو شانۆکاران تۆزیان لەسەر نیشت و سەردەمانێک بووە قوربانی سیاسەت و دواتر بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ.


ژیلوان تاهیر

شانۆی ئەمڕۆ و دوێنێش هەر لەدەست ئێش و ئازارەکانی دەناڵێنن.. شانۆکارانی هەولێر دوای ڕاپەڕین تەختەی شانۆیان نامۆکرد و ڕوویان کردە

تەلەفزیۆن، دواتریش سکرین بەناو سینەما،. ململانێی نێوان خودی شانۆکاران و قەیرانی تەکنیکی شانۆیی، هاندەر بوون بۆ ئەوەی هونەرمەندان بیکەنە بیانوو بۆ خۆ دوورخستنەوە لەشانۆ. ئەگەر شانۆ بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیر بکرێت، ئەوە دەبێت لەپێناو خۆشەویستی و لەخۆ بووردن کاری بۆ بکرێت، بەڵام ئەگەر شانۆ بۆ مەرام و حەزە تایبەتییەکان سەیر بکرێت، ئەوەیان تاوانێکە، شانۆ دەبێتە ژووری بازرگانی کردن، لەهەموو هزرو جوانییەک دوور دەبێت، داهێنان کپ دەکاتەوە، شانۆ بەرەو لەبیرچوونەوە دەبات، شانۆی ئێستا تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، نە شانۆکارانی دەزانن شانۆیەکەیان بۆ کێیە، نە بینەریش دەزانێت چ جۆرە شانۆیەکی دەوێت. شانۆی ئێستا ئەزموونی کەسێتییە، هیچ پلانێک نییە بۆ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی شارەکە ڕەچاو بکات، جاران لە حەفتایەکان و هەشتایەکان، قەیرانی ئافرەت هەبوو، بەڵام ئەمڕۆکە لەسایەی دەرچوونی کچ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان ئەو قەیرانە نەماوە، کەچی مەیدانەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکزی دەدات، دەتوانین هۆکارەکانی نەمانی شانۆ لەچەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە لەوانە «نەبوونی نووسەری شانۆیی بەتوانا، نەبوونی داهێنان لەلای دەرهێنەرەکان، نەبوونی ستۆدیۆی ئەکتەر بۆ ڕاهێنان، گرنگی نەدات بەهۆڵە شانۆییەکان، کەمی تیپی شانۆیی، لەهەولێر، کەمتەرخەمی بەرپرسانی پەیوەندار بە بواری شانۆ.

**مونەیەد فەقێ:** هەولێر شارێکی پڕ ئەزموونە، کولتووری نەتەوەو ئایینە کۆنەکانی سەردەمی خۆی بووە، بەڵام هەموو کات هەستە نەتەوایەتییەکەی فەرامۆش کراوە، ئێستاش دووچاری پاشماوەی کولتووره کۆنەکەیە و خۆی خۆی دەخواتەوە. کە دەڵێن هەولێر، دەبێ نکۆڵی لە ئازایەتی و دڵسۆزی و وەفاداری ئەم شارە نەکەین، هەولێر هەرگیز دوور نەبووە لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و دراماو شانۆ.. ئەگەر ئاوڕێک لەمێژووی ئەم شارە بدەینەوە، دەبینین هەردەم حەزی لەپاراستنی مۆرکی نەتەوەیی ئەدەبی نیشتمانپەروەری بووە کە دوژمنان هەوڵی سڕینەوەیان داوە، بەڵام خۆڕاگری خەڵکی ئەم شارە شایستەی ڕێزلێنان بووە. هونەرمەندانی شانۆ شان بەشانی شۆڕشگێڕانی کورد لە حەفتایەکانەوە تا ئێستا شۆڕشیان بەرپاکردووە. مێژووی گەلەکەمان لەشاری هەولێر پابەندە بە مێژووی ئەدەب و هونەری شارەکە.


مونەیەد فەقێ

ئەگەر هونەرمەندانی هەولێر لە ڕۆژگاری پڕ تەنگانەی گەلەکەماندا قوربانییان دابێ، ئەوە دڵسۆزی هونەرمەندانی هەولێر دەسەلمێنێ. هونەرمەندان شان بەشانی براکانیان لەشاخەکانی کوردستان، لەناو شارەکاندا خەباتیان کردووە.

گوڵ بێ درک نابێ، بۆیە هەوڵی شێواندنی هەستی نەتەوایەتی و ئاسایشی نەتەوەییمان دراوە. ئەمە هۆکارێکە کە جەماوەری لەشانۆ دوورخستووەتەوە، هۆکاری دووەم: پاشماوەی کولتووری ناحەزان خزانە ناو جەرگی لاوەکانمان، کە ئەمە بۆتە هۆی ڕاوەستان و چەقبەستنی لەناو هونەرمەندان، سەرەڕای ئەمەش تەکنۆلۆژیا لەوپەڕی پێشکەوتندایە.

بەڵام چۆن دەتوانرێ لە هەولێر هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنرێ، وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سەختە، چونکە شانۆی هەردوو دەیەی زێڕین، لەدەی یەکەمی سەدەی نوێ، بەبۆچوونی هەموو هونەرمەندان، ئەگەر کۆتایی نەهاتبێ، ئەوە ون بووە.

بەمێژوو سەلمێنرا، تەوژمی شانۆیی ئەزموونگەری و کاریگەرییەکانی هیچی بەهیچ نەکردووە شکستی ڕاستەقینەی بە بینەری شانۆیی هێنا، هیچ شتی نوێی نەخستە سەر کولتووری هەردوو دەیەی شانۆیی، بەڵکو هۆکارێک بوو بۆ کۆتایی هاتنی سەردەمی زێڕینی شانۆی هەولێر. هونەرمەندان بۆ گرفتەکان وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێننەوە، ئەو گرفتانەی ڕەنگە بەچەند مانگێک هەمووی چارەسەر بکرێن و کۆتایی بێت، بەڵام پرسیارەکە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، چۆن دەتوانرێ هونەرێکی دیکە بنیات بنرێ؟

ئەو هونەرە نوێیەی کە دەمانەوێ، هەردوو ستوونەکەی، بابەت و تەکنیک چۆن دەبێت؟ تا چەند دەتوانێ سوود لە کەلەپوور وەربگرێ؟ ئایا ئەو گرفتانە کە هونەرمەندان باسی دەکەن چارەسەری هەردوو ستوونەکە دەکا؟ ئەو پرسیارە لە هەمووی گرنگترە؛ ئایا ئەو شانۆکارانەی کە ئێستا کار دەکەن، لەتوانایاندا هەیە، هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سەختە، هونەرمەندان ناتوانن ڕاستەوخۆ، خۆیان لەقەرەی ئەم پرسیارە بدەن، بەڕاست و ڕەوان بێژن، تۆ ئەی نووسەری شانۆیی سەردەمی هەردوو دەیەی زێڕین، توانات تێدا نەماوە، داهێنانەکانت چکی کردووە، تۆ ئەی دەرهێنەری هەردوو دەیە، شتی نوێت پێ نییە، بەڵکو ناتوانی، هونەرە کۆنەکانت وەک خۆی دووبارە بکەیتەوە، تۆ ئەی ئەکتەری هەردوو دەیە، بەهرەکەت ستۆک بووە. بێگومان ئەم وەڵامە بۆ هەمووان وەکو یەک نییە، لەکەسێک بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەکتەر هەیە هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە، هەر کاتێک شانۆ گەرم بووەوە، ئەویش گەرم و گوڕتر دەبێت. پرسیاری لاوەکان لەم گرفتە لە هەمووی گرنگترە، چونکە ئەوانن بۆشایی ڕاستەقینەی شانۆ پڕ دەکەنەوە.


ئایا بەڕاستی ئەوان جێگەی ئۆمێدن؟ بەڵگە چییە؟ کێ

لەناو ئەوان توانیـــویەتی، بینەر بۆ خـۆی دروست بکا؟ کێ لەناو ئەوان دەتوانێ چەند ڕۆژێک لەسەر شانۆ بەردەوام بێت و ئێواران دەست لەملانێی بینەران بکات؟ ئەم پرسیارانە هەر هەمووی وەڵامی ڕاست و ڕەوانی پێویستە.


چۆن دەتوانرێ هونەرێکی شانۆیی دیکە بنیات بنرێ؟

**چەتۆ حەسەن:** جارێکی دیکە دروستکردنی شانۆ لە هەولێر سـەرلەنوێ بەپەیداکـردن و بەدەست هێنانی بینەری شـانۆی ڕاستەقینە دەست پێدەکا ئەویش بە بەیەکگەیشتنەوەی شۆڕە سوارانی سەردەمی زێڕینی هەولێرو لاوە دڵسۆزەکان ئەوانەی پڕ بەدڵ هەوڵی بەرەو پێش بردنی شانۆ دەدەن. لەژێر دروشمی با هەمـــوو هەوڵەکـــانمان یەکـخـــەین لەپێناو شـــانۆیەکی پێشکەوتوو و گەشاوە، وەگەڕخستنەوەی شانۆ بەدەقی خۆماڵی ڕەسەن. دروستکردنی ڕەخنەگری بێلایەن و ڕاستگۆ، ڕەخنەکـــان لەپێناو دروســـتکردن بن نەک ڕووخـــاندن. دوورکەوتنەوە لە هەمـــوو ئەو دیاردانەی کـە ئاسـتی هونەر دادەبەزێنن لەکـارە هونەرییـەکـان وەک ملمـلانێی، نێـوان هونەرمەندان، کارکردن بەمیـزاج لەلایەن دەرهێنەرەکـانەوە. بەبیـــــرهێنانەوەی ڕۆژانی دێرینی شـــــانۆ لەڕێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە، بەرێکخستنی مێزگرد و باسکردنی شانۆ لەڕۆژنامـــەو گـــۆڤـــارەکـــاندا، چاوپێکەوتن لەگـەڵ ئەو هونەرمەندانە بکرێ کـە دەسـتێکی باڵایان هەبووە لەبەرەو پێشەوە بردنی شانۆ. هاندانی هونەرمەندە لاوەکان، بۆ کاری سوودبەخش و دوورکەوتنەوەی لەکاری لاسایی و بێ کەڵک، بوونی چەند هۆڵێکی شانۆیی تایبەت بەکاری شانۆیی، گەڕان بەدوای نووسەرانی خـۆماڵی و هاندانیـان، لەگـەڵ پێـوەندی کردن لەگەڵ تیپە میللییەکانی عیراق گۆڕینەوەی پسپۆڕی و شارەزایی و مێـوانداریەتی کردنی هونەرمـەندان و سـەردانی تیپەکـان و وەرگێڕانی ئەو دەقـانەی کـە نزیکن لەدابونەریتی کوردەواری.

**عـەلی ئەحـمـەد:** پێش هەمـوو شت دەبێ حکومـەت بەبێ جیاوازی پاڵپشتی شانۆکاران بکات. پێویستە شانۆکانیش بگەڕێنەوە سەردۆخی جاران، نەک لەهاوینان ببێتە گەرماو، لەزستانان لەسەفین ساردتر بێ. پاڵپشتی شانۆکاران بکرێ و هەر شانۆگەرییـەک بودجەکەی بـەزوویـی بـدرێـت و ڕەت نەکـرێتـەوە.. پێـویسـتـە شــانۆکــاران لەناوخـۆیان کـۆنگرەیەک ببـەستن تابزانن بۆ شـــانۆ لە هەولێـــر وای بەسەرهات؟ چی پێویستە بۆ زینـدوو کـــــــردنـەوەی؟ هونەرمـەندانی شانۆ پێکەوە کـــاربکەن بەجـیـــاوازی بیـــــروڕایان. هەوڵدان بۆ



عەلی ئەحمەد



غازی غەفوور

دۆزینەوەی بینەرە بزرەکـەی شـانۆ، با ئەوەشـمـان لەبیـر نەچێ، دەبێ شانۆ سەربەخۆ بـێـت و ئـازادی تـەواوی هەبێت.

**غـازی غەفوور:** بەڕای مـن بیـرێک لە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ بکرێتەوە ئەو پارەیەی لەو بەڕێوەبەرایەتییە سەرف دەکرێ، بەپارەکـەی دەتوانرێ تیپێکی شانۆیی گەورە پێک بهـێنرێت کـە سـاڵانە چەند بەرهەمێک پێشکەش بکات.

**ژیلوان تاهیـــر:** بەدیراسـەکـردن و لێکۆڵینەوەی شـانۆیی زانسـتی، دەتوانرێ شـانۆیەکی نوێ بنیـات بنرێ، سـازدانی کۆنفراسی تایبەت بەشانۆ بۆ لابردنی هۆکارە نێگەتیڤەکان و شـێـوازی چاک کـردنیـان. دامـەزراندنی تیـپی شـانۆی نیشتمانی، کە نوێنەری هەر چوار شارەکەی کوردستانی تێدا بێت، ئەکـتـەر لەسەر بنەمای زانسـتی وەربگیرێت و شانۆی ڕەسەنی کوردی پێشکەش بکرێت.

دامـەزراندنی لیـژنەی شـانۆیی کـوردی، یان یەکـێـتی شانۆکـارانی کـوردسـتـان، بۆ ئەوەی غـەم و مـەینەتییـەکـانی شانۆی کوردی بگرێتە باوەش. ڕێگەدان بەخـەڵکی بەهرەدار، تا زەمـــــینەیان بۆ خـــۆش بکرێت، بۆ ئەوەی بتــــوانن داهێنانەکانیان ئەنجام بدەن. گەڕانەوەی شانۆکاران بۆ باوەشی شانۆ، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەهۆی باری ئابووری ڕوویان لە TV کـــردووە و چاکـــردنەوەی هۆڵەکــــان و تەواوکـــردنی پێداویستـیـیـەکـانیـان دروستکردنی شانۆیەکی نوێ لەسـەر سیستەمی نوێی شانۆکارانی ئەوروپاو پێویستە لەسەر ئاستی هونەری و جەماوەری ڕاپرسی بکرێت.

**مـوئەیەد فـەقێ:** زۆرم پێ سـەیرە کـە دەڵێن شانۆی دیکە! مرۆڤ ساڵ بەساڵ مێژوو بۆ خۆی تۆمار دەکات، چ لەڕوانگەی پاکیـەتی چ لە ڕوانگەی نەهامەتی هونەری. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین شـانۆ و جـەمـاوەر لەیەکـتـر نزیک بکەینەوە، ئێـسـتـا ساڵانی حەفتایەکان نییە.. مرۆڤ لەشوێنی تایبەتمەندی خۆی دابنرێ. پەیدابوونی هونەرمەندی مشەخۆر ئەوانەی دەیانەوێ لە پەنای شانۆوە مەبەستە گڵاوەکانیان ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی بەتەواوی هونەری شانۆمـان بە گـەڕبخـەینەوە، با لە جەمـاوەر نزیک ببـینەوە، بزانین چیـان دەوێ. پێویسـتـە هونەرمـەندانی شانۆ لە هونەرەکانی دیکە خۆیان یەکلابکەنەوە، با بگەڕێنەوە بۆ سۆزی دایکایەتی شانۆ.

ئەگەر بڵێیت: گرفتی دارایی هەیە، ئەمە هیچ بیانوونییە، هەرچەندە شانۆ پیرۆزە، بەڵام مرۆڤ لەشانۆ پیرۆزترە..❖

## جەلیل زەنگنە:

# لەپاش ڕاپەڕین شانۆی کوردی نەک پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینی، بگرە خەریکە بەرەو لێواری مەرگ دەبرێ



**پتر لە سی ساڵە لەنێو جیهانی پڕ لە فانتازیای هونەردا دەژی و گەلێ بەرهەمی بەرچاوی شانۆیی و درامایی تەلەفزیۆنی و سینەمایی ئەنجام داوە.**

**جاران ئەکتەر بوو، لەپاشان بوو بە سیناریست و دەقنووس و ئامادەکاری دەق، ئێستا کارکردن لەدەقی شانۆیی بووە یەکێک لەخولیاو ئارەزووە جوانەکانی.**

**بۆ زیاتر ئاشنا بوون و شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخ و هەڵوێستی فیکری و هەڵوەستەی ڕەخنەگرانەی، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ سازدا:**

* لەدوای ئەو ئەزموونەی پێیدا تێپەڕیوی، شانۆی کوردی ئەمڕۆمان لەچ قۆناغیدا دەبینی؟

– شانۆ بۆ خۆی لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی، دیاردەیەکی شارستانییە و لەپێناو تەفاعولکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دێتەمەیدان بۆ ئەوەی نەک هەر ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، بەڵکو واقیع دەگۆڕێت و پێشی دەخات بەرەو ڕەهایی جوانییەکان.

هەر لەو دیدگایەوە پێش ڕاپەرین خەمخۆران و عاشقانی شانۆی کوردی بەوپەڕی شەیداییەوە بۆ شانۆ دەسووتان و هەر لەم ڕێگایەشەوە پەیامی پێشکەوتووخوازانەی کۆمەڵیان بە ئاراستەیەکی پۆزەتیڤانەدا دەبردو لەنێو هەناوی ئەو واقیعە دژوارەی گەلی کوردستانی تێکەوتبوو کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کە هزرو بۆچوون و ئازادییەکانی مرۆڤیان سەرکوت دەکرد، بەڵام شانۆکارانی ئەو دەمە وەک پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەست ڕووبەڕووی ئەو بیرە شۆڤینییە دەبوونەوە کە دەیویست کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو بەهایەکی ئینسانی دابڕێ و بەرەو تاریکی بەرێت، بۆیە شانۆکاران هەردەم چاونەترسانە هانایان بۆ کاری تەعبیری دەبرد و لەم ڕێگەیەوە لەلایەک ئامانجی دەقە شانۆییەکانی خۆیان دەپێکاو لەلایەکی دیکەشەوە زۆر بەسانایی جەماوەر ئاوێتەی نێو دەقەکان دەبوون، بەشێوەیەکی هونەریی پڕ بایەخ و بەرز، دەتوانم بڵێم تەواوی دەقە شانۆییەکانی نمایش دەکران خۆی بۆ خۆی ڕاپەڕینی لەنێو دڵ و ویژدانی جەماوەردا دەخولقاند، وەک: (ڕەجەب و پیاوخۆران- پردی ئارتا- زەلکاو- دکتۆر پاڵمی- هاوارێکی تاساو- مانگی ئاوابوو- مۆڵەت- ئەو پیاوەی بوو بەسەگ، شانۆنامەی تریش.. کە بوونە هەوێنی گۆڕینی واقیع و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

بە ئێستاشەوە ئەو دەقە زیندووانە لەناو ویژدانی کۆمەڵدا دەژین، بەڵام وەک ئەوەی کە شۆڕش بۆ خۆی گۆڕینی کۆمەڵگایە لەقۆناغێکی دواکەوتووەوە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر، دەبوایە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری بەهاری (١٩٩١) شانۆی کوردی زیاتر لە ئاستی پێشوودا بەرەو هەڵکشان هەنگاوی بنایە، بەڵام بە پێچەوانەوە نەک هەر شانۆی کوردی ئەو پێشکەوتنەی بەخۆیەوە نەبینی، بەڵکو بەرەو لێواری مەرگ و فەنابوون دەبرێت. بەواتایەکی تر شۆڕش کە بۆخۆی گۆڕانکارییە لەنێو کۆمەڵدا، ئەو بەها پیرۆزەی نەهێنایەدی کە شانۆکارانی کورد هەموو ئاواتیان

ئەوەبوو ئەو ڕۆژە بێت کە هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی ڕاستەوخۆ و دوور لە شێوازی تەعبیری دەقەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و جەماوەر بە حەماسەتەوە بەرەو پیری بچن.. کەواتە لێرەدا دەسەڵاتداران و شانۆکاران تاوانبارن لەوەی کە ئەو چەمکە مەعریفی و کۆمەڵایەتییە کە هونەرو شانۆیە ئەو پێشکەوتنە یا ئەو ڕۆڵە پیرۆزەی خۆی نەبینی، ئەمەش هەڵبەتە چەندین فاکتەری دەرەکی و ناوەکی دەوری سەلبی خۆی تێدا گێڕاوە لەوانە:

(١) چەندین شانۆکاری بە ئەزموون ڕووەو تاراوگە ملیان نا.

(٢) چەندین شانۆکار بەهۆی باری سەختی گوزەرانیان کە لەهیچ لایەکەوە ئاوڕیان لێ نەدرایەوە بەناچاری دوای بژێوی ژیان کەوتن.

(٣) چەندین هونەرمەندی بەتوانا لەکەناڵی ڕاگەیاندنی حزبەکان بوونە پەراوێزی سیاسەتی ئەو حزبانە و هونەر بووە قوربانی دەسەڵات و چەندین هۆکاری تر.

هەرچی فاکتەری ناوەکییە ئەوە لێرەدا پێویستە ئاوڕێ لەپێش ڕاپەڕین بدەینەوە، کە ئەوکات بەو هەموو سانسۆرو ترس و تۆقاندنەوەی دوژمنانەوە، شانۆکاران و هونەرمەندانی کوردی بەیەک بیروڕاو خەتی فیکرییەوە کارکردنیان ئاشکراو هاوتەریب بوو کە هەموویانی پێکەوە کۆ دەکردەوە کە بە چ ئاراستەیەکدا ئەو دەقە شانۆیی و دراماییانەی خۆیان پێشکەش بکەن و جەماوەریش لەگەڵیاندا ئاوێتەی ئەو پەیامە پیرۆزە بکەن، بەواتا مەسەلەی فیکریی لەلای هونەرمەندانی کورد پەیوەست بوو بە باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی بەرزەوە کە تەواوی هونەرمەندانی کۆ دەکردەوە، بەمانایەکی تر مەسەلەی فیکری لەناو هزری هونەرمەنداندا بۆخۆی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرپاکردبوو، هەر ئەم چەمکە فیکری و مەعریفییەش بوو توانای ئەوە بداتە بەر شانۆکارانی کورد کە زۆر بە ئاگایانەوە مامەڵە لە تەک دەسەڵاتدا بکات و بەوپەڕی وشیارییەوە دەقە شانۆییەکان و دراما تەلەفزیۆنییەکان لەنێو ئەو هەموو سانسۆرو سیاسەتی خزمەت کردن بەدەسەڵاتێکی تاکڕەهەندی سەرکوتکەر ڕزگار بکەن و نمایشی دەقە شانۆیی و دراما تەلەفزیۆنییەکان بکەن.. وەک (بەهاری دزراو- مەرەزە- لالۆ کەریم- ژاڵە- هەبوو نەبوو.. تەنەکە- گوڵەمێخەک- گوڵاڵە). تاد.

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لەو (هۆشیارییە ڕۆشنبیرییە)ی هونەرمەندانی کورد کێ لە ئێمە ئەوەی لەبیر نەبێ کە پەیڕەوی سیاسەتی دەسەڵاتی بەعس چ جۆرە سیاسەتێکی سەرکوتکەر بوو کە بەچەشنێ کاریگەریی لەسەر هەموو مرۆڤێ کردبوو کە بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەتەک دەسەڵاتدا بکات، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی تەواوی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی کۆمەڵ، لەگەڵ ئەوانەشدا هونەرمەندانی ئێستای کورد بەو پانتاییە فراوانەی کە بوونی هەیە، تا ئێستا هونەرمەندانی کورد نەیانتوانیوە بە ئاراستەیەکدا کاربکەن، بەڵکو ئیفلیجن، خاڵی لاواز و بێ ئەزموونی ئەمڕۆی هونەرمەندانی دوای ڕاپەڕین دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەک ئیفلیج بوون لە ناو دەسەڵاتدا بێ دەسەڵات ماونەتەوە، لەلایەکی تر واڵاکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبەکان بۆ چەندین کەسی مشەخۆر ئاستی شانۆی کوردی و هونەری بەرەو دواوە بردووەو دووچاری قەیرانێکی گەورەی کردووە کە لە (تهریج) زیاتر ناچێتە خانەی هیچ هونەرێکەوە لەکاتێکدا هونەری کۆمیدیا قورسترین هونەرە لە شانۆ و دراماو سینەمادا وەک برێخت دەڵێت: هەر کەسێ بێتە سەر شانۆ گرنگ نییە خەڵکی بخاتە گریان یان پێکەنین، بەڵکو ئەوەی گرنگە چۆن و بەچ شێوازێ دەتوانێ هەڵوێست بەجەماوەر وەربگرێ).

ئەمەش بۆ بێ توانایی و بێ فیکریی دەگەڕێتەوە لەبەردەم هونەرمەنداندا، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەو گیانەلایە دەربازی بکەین و گیانێکی نوێ بکەینەوە بەر شانۆ و هونەری کوردیمان ئەوە پێویستمان بە:

١- تا شانۆ بچێتە ئاستێکی بەرز پێویستی بەداهێنەری گەورە هەیە، چونکە داهێنانی ڕاستەقینە بوونی ئینسان زامن دەکات و کۆمەڵیش بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەبات، هەروا بەگۆترە نەوتراوە: (شانۆ قوتابخانەی گەلە).

٢- پێویستیمان بەو شانۆکارانە هەیە کە خاوەنی ئەزموونن و لەتاراوگەن، ئەگەر خەمخۆری میللەتەکەن و مەبەستیانە شانۆی کوردی لەو مەرگەساتە ڕزگاری بێت، ئەوە هیچ بیانوویەک نەماوە بۆ نەگەڕانەوەیان بۆ وڵات.

٣- لەبەر ئەوەی لەدوای ڕاپەڕینەوە هونەرمەندانی کورد بەگشتی و شانۆکاران بەتایبەتی دووچاری دابڕانێکی گەورە هاتوون چ وەک هزرو چ وەک ئاستی تەکنیکی هونەری نوێ، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکە پیرۆزە بخاتە ئەستۆی خۆی.

لەلایەک تیپە شانۆییەکان کە خاوەن ئەزموونێکی کۆنن و ئیستاکە پەراوێز خراون و تۆزوخۆڵ لێ نیشتوون، بخرێتەوە گەڕ و هانیان بدات بە هاوکاری و یارمەتیدان (مادی و مەعنەوی) بۆ دەستبەکاربوونەوەیان لەبواری شانۆ و هونەردا.

لەلایەکی تریشەوە ساڵانە فستیڤاڵ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمەوە سازبکرێت بۆ ڕێزگرتن لەباشترین بەرهەم.. جگە لەوەی خەڵاتێکی شایستەی گەورە



**شانۆگەریی «پەروانە» سلێمانی - ١٩٧٩**

بکرێ و دواتر بەرهەمەکەشی بنێرێتە دەرەوەی وڵات و ناساندنی کولتووری کوردی بەکولتووورە جیاوازەکانی دنیاو، هەروەها بەپێچەوانەشەوە. هەروەها کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کە دەتوانن ئەوانیش بەشداری لەبزووتنەوەی شانۆی کوردیدا بکەن بەوەی هەفتانە (کۆڕو سمینار) سەبارەت بەشانۆ ساز بدەن و وتووێژی جدی لەبارەی شانۆی کوردییەوە بکرێ. نمایشی یەکێک لەو شانۆگەرییە سەرکەوتووانە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بکرێت.

ئەوە جگە لە کردنەوەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندی نوێ لەسەر شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی، هەروەها پێویستە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەرپرسی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ڕێگەنەدەن بەو مشەخۆرانەی بەناوی هونەری کوردییەوە بوونەتە درمێکی کوشندە بۆ جەستەی دراماو شانۆی کوردی تەنیا بۆ قازانج و گیرفان پڕکردنی خۆیان نەبێ هیچ خزمەتێ ناکەن. ئەوەی ئێستا بەناوی هونەری دراما یا فیلمی کوردی پێشکەش دەکرێت کە ئاستی هونەری کوردییان هێناوەتە خوارەوە، من زۆر گلەییم لەو برا هونەرمەندە پڕ ئەزموونانە هەیە کە جاران بە بەرهەمە چاک و ڕەسەنەکانیان ئەرشیفی هونەری کوردییان دەوڵەمەند کردبوو وا ئەمڕۆ بە داخەوە لە هەرچی بەرهەمێکی ئاست نزم هەیە بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ دوارۆژی خۆیان بکەن هەر تەنیا بۆ ئەوەی لەشاشەکە دەرکەون خۆیان تەسلیم بەو کەسانە کردووە کە لەهونەر ناگەن. ئەوانیش تاوانبارن.. با ئەو برا هونەرمەندانە ئەوەیان لەبیربێ کە مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، بەتایبەتی ئەو جۆرە کەسانەی کە ئاستی هونەری کوردی دادەگرن لەژێر هەرچی بیانوویەکدابێت..

* ئایا دەسەڵاتی دەق، یان ئەکتەر کامیان بنچینەیین؟

- تا ئێستا نەتوانراوە ئەم لایەنە ڕاست بکرێتەوە کامیان بنچینەیین، بەڵام دەکرێ بڵێین یەکەمجار لەسەردەمی گریگەکان بە دەسەڵاتی دەق هاتنە پێشەوە، بەڵام کە شانۆ زیاتر بۆ زانست و پیاوانی خۆیان پەیدابوو لایەنە هونەرەییەکەی زاڵ بوو، دەرهێنەر پەیدابوو، نووسەر کشایە دواوە، ئەوجا دەکرێ بڵێین دەسەڵاتی هونەر، یان ئەکتەر یا دەرهێنەر بەسەر شانۆدا زاڵ بوو کە لەهەندێ ئەزموونی شانۆیی هەر ناوی نووسەر نامێنێ وەک ئەزموونەکانی (گرۆتۆفسکی) پۆڵۆنی، چونکە کە دەسەڵاتی دەق زاڵ بێ دەبێ شانۆ لەخزمەتی ئەدیبەکەدا بێت و ڕوئیای ئەو سەربکەوێ، بەڵام ئێستا ڕوئیای دەرهێنەر زاڵە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ شانۆ لایەنە هونەرییەکەی زاڵە، بۆیە دەرهێنەری خاوەن کارامەو بە ئەزموون دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، ئەمەش بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە، چونکە هونەر تەنیا نووسین نییە، بەڵکو ئەو فیکرەیە ئاوێتە دەبێت و لەگەڵ کۆمەڵێ لایەنی هونەریی تر بەشداری تێدا دەکات وەک شێوەکار- مۆسیقا- ئیقاع- دیکۆر) پانتاییەکان پڕدەکاتەوە، بۆیە دەوترێ شانۆ دایکی هەموو هونەرەکانە.

* ئایا چ دەقێکی شانۆییت نووسیوە. چ ساڵێک و کەی پێشکەش کراوە؟

- لەبواری هونەری شانۆییدا چەندین دەقی شانۆییم نووسیوە وەک (برسێتی) ساڵی (١٩٦٩) نووسراوە و لەساڵی (١٩٧٢) لەلایەن هونەرمەند سەلمان فایەق دەرهێنراوە و لەشاری کەرکووک پێشکەش کرا.

(خێزانێکی شڵەژاو) لەساڵی (١٩٧٣) نووسراوە و لەلایەن ئامادەیی چەمی ڕێزانی کچانی کەرکووک لەساڵی (١٩٧٤) سەلمان فایەقی هونەرمەند دەری هێناوە و پێشکەش کراوە، (هاوارێکی تاساو) لەساڵی (١٩٨١) لە کورتە چیرۆکێکی دیستۆیڤسکی-یەوە ئامادەکراوە و لە ساڵی (١٩٨٢) خۆم دەرهێنەری بووم و لەسلێمانی و هەولێر پێشکەش کراوەو کراوەتە (کتێب)یش.

(سروودی خۆشنوودی) لەساڵی (١٩٨٩) نووسراوەکە لەکۆمەڵێک تێکستەوە ئامادەکراوەو هەر خۆم دەرم هێناوە و لەساڵی (١٩٩٠) پێشکەش کراوە. لەگەڵ کۆمەڵێ کاری تری وەک (برایانی کارامازۆفی دیستۆیڤسکی)م ئامادە کردووە.

* ناوەرۆکی یەکێک لەو شانۆییانە؟

- ناوەرۆکی شانۆیی هاوارێکی تاساو باس دەکەم کە ئەو دەمەی مرۆڤ لەبەردەم دەسەڵاتێکی ڕەها دووربێت لەخواست و ڕەزامەندیی خۆی و بیانەوێت چۆکی پێ دابدەن و دەستەمۆی بکەن، ئەویش لەبەرامبەردا وشەی (نەء) بەکاربهێنێ، ئەبێ باجەکەی چی بێت؟ باجەکەی هەرچییەک بێت سەرکەوتووە، چونکە هەڵبژاردنی خۆیەتی، بۆیە

لەپێناویدا ژن و منداڵ و ماڵی خۆی بەخت کرد، بۆ ئەوەی وشەی (نەء)ەکەی سەرکەوێ، بەڵکو ئەوان لەدواییدا چۆکیان دادا.

لەشانۆگەرییەکەدا دەبینین کابرایەکی فەرمانبەری ئاسایی خاوەن ژن و منداڵ بەرەبەیانێک کابرایەک کە نیازی وابووە (قەیسەر) بکوژێ ڕادەکاتە ماڵی ئەم فەرمانبەرەوە و ئەویش داڵدەی دەدات و دەیشارێتەوە، پیاوانی (قەیسەر) ماڵەکەی فەرمانبەر دەپشکنن، بەڵام کابرای هەڵاتوو دەستگیر ناکرێت، بەناچاری فەرمانبەرو ژن و کوڕەکەی دەگرن، لەزینداندا هەوڵی ئەوە دەدەن بەپلەوپایەی بەرزو خۆشگوزەرانی ئیعتراف بکات و کابرا دەستنیشان بکات، بەڵام بێ سوود دەبێت، پاشان دەخرێتە بەر ئازارو ئەشکەنجەی قورسەوە، ئەو هەر دەڵێت (نەء) لەدواییدا هەڕەشەی کوشتنی ژن و منداڵەکەی لێدەکەن بۆ ئەوەی بڵێ (بەڵێ) ئەو هەر سوورە لەسەر (نەء)ەکەی خۆی، ئەوجا ژن و منداڵەکەی لەبەرچاوی دەکوژن ئەو هەر دەڵێ (نەء)... ئیتر لەخۆشی و نیعمەتی ژیان بێ بەش دەکرێت، لەدوای چەند ساڵێک لەزینداندا دەمێنێت، پاشان وەک کەسێکی بێ هۆش و بێ ئاگا بەرەڵڵا دەکرێ، بەڵام گرنگ ئەوەبوو کە چۆکی دانەداو وشەی (نەء)ەکەی بە پیرۆزی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە.

* ئایا خۆت بە ڕەخنەگری کارەکانی خۆت دەزانی؟

– هەر کە لەنووسین دەبمەوە، ئەوکات بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانمە ئەو دەقە وەک دەقی کەسێکی تر بێت و بەچاوێکی ڕەخنەئامێزەوە دەڕوانمە دەقەکە. لەگەشت ڕوویەکەوە تێی دەڕوانم و بەچاوێکی هونەرییەوە دەیخوێنمەوە، ئەوجا چاوم بەکەموکورتییەکانی دەکەوێت، بەڵێ یەکەم کەس خۆم دەبمە ڕەخنەگری خۆم، لەوێ ڕا دەیبینم کە ئەم دەقە زیندووە و چێژی لێ وەردەگرم یان نەء، ئەگەر خۆم چێژی لێ وەرنەگرم ئەی کەسانی تر چۆن چێژی لێ وەردەگرن؟ بەواتایەکی تر هەست بەجوانییە هونەرییەکەی دەکەم.

* درامای تەلەفزیۆنی ئێستاو ئەوسا چۆن دەستنیشان دەکەی؟

– هەرچەندە لەسەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم بەم دیاردەیە کرد کە درامای تەلەفزیۆنی جاران تا ئێستاش لەویژدانی خەڵکدا هەر بەنەمری ماوەتەوە. کێ هەیە (مەرەزە) و (ژاڵە) و (لالۆ کەریم) و (لانەوازان) و (خولەچەخماخە) و (هەبوو نەبوو) لەبیر بکات؟ لەبەرئەوەی ئەوسا هونەرمەند بەوپەڕی ڕاستگۆیی و لێپرسینەوە بەرامبەر بەمێژووی نەتەوەکەی دەوەستا، ئەو دەمە هونەرمەند بەعیشقەوە، بەدڵسۆزی و دوور بێ مەرامی مادی کاری دەکرد، بۆیە خۆی بەبەرپرس دەزانی بەرامبەر بەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەر شانی بوو، چونکە ئەو دەیزانی قۆناغی میللەتەکەی چی دەوێت و هونەرەکەی بۆ هوشیاری کۆمەڵ و پێشکەوتنی چۆن ئاراستە دەکات، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هونەرمەندان لەدرامای تەلەفزیۆنی ئەوسادا هەموویان بۆ ئامانجێکی سەرەکی میللەتەکەیان کاریان دەکرد، کە خاوەن یەک ئاراستەکردنی فیکری بوون، ئەو دەمەش تیپەکان و هونەرمەندە بە ئەزموونەکان لەمەیداندا بوون، بەڵام ئێستا وەک ئاماژەم پێکرد، هونەرمەندە بە ئەزموونەکان وەلا نراون و لەجێگای ئەوان چەندین کەسانی مشەخۆر و بێ ئەزموون و ناشارەزا لەبواری هونەری دەرگای تەلەفزیۆنەکانیان بۆ خراوەتە سەر گازەرای پشت و وا دەزانن هونەر هەر ئەوەیە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن خۆیان بنوێنن، بۆیە درامای کوردییان بە ئاستی شانۆی کوردیدا برد، بۆیە دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە با گوڵەکان بگەشێنەوەو کەسانی شایستە لەبواری خۆیدا کاربکات، لەبەر ئەوەیە تەلەفزیۆن خەتەرترین ئامێرەو بەبێ پەساپۆرت توانای ئەوەی هەیە بچێتە هەموو کونجێکی دنیا، باڕووی گەشی کەلەپوورو هونەری کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ بەدنیا بناسێنرێت و درامای تەلەفزیۆنیش کەسانی تایبەتی دەوێت کە لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تێدا تاودابێت و خاوەن ئەزموونێکی لەپێشینە بێت و دەبێ لەوە بگات کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان فیلم و شانۆو درامای تەلەفزیۆنیدا هەیە، ئەگەر پەی بەو جیاوازییە نەبا ئەوە وەک ئەم بەرهەمانەی هەن لەنێوان ئەو سیانەدا تێکەڵ و پێکەڵی دەکات و کاڵ و کرچ و بێ تام دەبێ.

* هەوڵی ئەزموونگەری لاوانت لە شانۆدا چۆن دێتە بەرچاو، خاڵی لاوازی و بەهێزییان لەچی دایە؟

– دنیای هونەر بە ئەزموون پێش دەکەوێت و هەر واش بووە، هەر قۆناغێک کە هونەر گەیشتۆتە ئاستێک و چەق بەستوو بێت، بەشێوە ئەزموونێک پێش خراوە، بەڵام ئەمەی ئێستای لای ئێمە لەبەر ئەوەی لەدنیای ئەزموون بەهۆی باروودۆخی تایبەتیمانەوە لەخوێندنەوە و وتووێژو بینینی شانۆییەکانی جیهان بەدوورن، بۆیە هونەرەکەشمان ئیفلیج بووەو بە ڕۆشنبیرییەکی سەردەمانە گۆش نەکراون، هەندێک لەو هونەرمەندانەی کە پێشتریش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەبواری هونەردا ئەگەر لەخۆ ببوورن بگەڕێنەوە دڵنیام لەوەی ئێستاش هەر بەردەوامن، بەو ئەزموونەی کە هەڵیان گرتووە و بەو زەمینەیەی کە بۆیان ڕەخساوە دەتوانن سەرلەنوێ، گیانێک بە هونەرو شانۆ بدەنەوە.

* پێتان وایە شانۆ، یان درامای تەلەفزیۆنی، یان فیلمی

کوردی توانیویەتی بەکارەساتەکانی کورد (هەڵەبجە، ئەنفال، وێرانکردن، تەعریب، ڕاگوێزان) بوێرێ؟

– ئەو کارەساتانەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتوون زۆر گەورەترن لەوەی کە بەهونەر پێی بوێریت، پێم وایە هێشتا زامەکەی ئەوەندە جەرگبڕە، لەناو زانینی زیهنی هونەرمەنداندا نەخەملیوە. بیانییەکان ئێستا لە بەرهەمەکانیاندا باسی کارەساتی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەن، پێویستە بۆ نەوەی ئێستا کە زۆربەیان ئەو کەرەساتانەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە و ئەوان نەیانبینیوە، بەو کارەساتانە ئاشنایان بکەین، تا ئەوان واتە (نەوەی نوێ) بەو گوڕو تین و تەوژمەی هەیانە لەکارەساتی میللەتەکەمان بەئاگابن.

هەروەها باسکردن بەشێوەیەکی زانستی و هونەریانە لەسەر ئەو کارەساتانە کارێکی سانا نییە و پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو لێهاتوو هەیە، ڕاستە ئەورووپییەکان لەبواری هونەردا پشتیان بە دوانزە نەوەی هونەرمەند بەستووە، بەڵام ئەو کارە هونەریانەی لای ئێمە لەسەر پێی ئەم نەوەیە وەستاوە، بۆیە دەبێت زۆر بەوردی کاری بۆ بکەین، هەندێک بەرهەم ئەنجام دراون، جێگای ڕێزو ستایشن، بەڵام لە ئاست گەورەیی و زامی قووڵی کارەساتەکەدا نین، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو پێکهاتە جوگرافیاییەیە کە کوردستان بەدوژمن تەنراوە، کە تائێستا هیچ دەروازەیەک سوودی بۆ پێشکەوتنی هونەرەکەمان هەبێت لەلایەن دەوروپشتمانەوە سوودمان لێ وەرنەگرتوون. لەبەر ئەوە هەر دەبێت پشت بەخۆمان و تواناو لێهاتوویی خۆمان ببەستین، چونکە هەر خۆمان لە ئێش و ئازاری خۆمان دەگەین و هەستی پێ دەکەین.

* (٦) داهێنەری گەورە لەبواری سینەماو شانۆ لەلایەن کورد و بیانی کێن؟

–

١– ئەنگریت بریگمان/ گەورەترین داهێنەری سینەمایە.

٢– جێمس کامیرۆن/ شتێکی بەهرەمەندی دنیای سینەمایە کە بەفیلمی (تایتانیک) دنیای هەژاند.

٣– چارلی چاپلن/ کە بلیمەتیی سینەمای بێدەنگی هێنایە زمان.

٤– سەلمان فایەق کاکەیی/ کە منی هێنایە بواری هونەرەوەو هونەری کوردی لەشاری کەرکووک هێنایە کایەوە.

٥– فازڵ جاف/ کە زیرەکانە وەک هونەرمەندێکی شانۆکاری گەرۆک لەدنیادا وەک کوردێک خۆی سەلماندووە.

٦– پیتەر برووک/ کە بە ئەزموونەکانی توانیوبەتی شانۆ لەدنیادا هەر بەزیندوویتی بهێڵێتەوە.

* ئەی ڕەخنەی شانۆ، درامای (TV) بەرەو کوێ؟

– هەموویان سستن هەر کاتێک شانۆیەکی گەورە یان درامایەکی زیندوو هاتە کایەوە، ئەوکاتە ڕەخنەگریشی بۆ دێتە پێشەوە. حەتمەن بەرهەمی چاک ڕەخنەگریشی لەگەڵ خۆشی هەڵگرتووە.

* کێشەی قاتوقڕی سیناریست لە هەموو بوارەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیناریست دەبێت کەسانێک بن لە ئەدەب و هونەردا ئاوێتەکرابن، چونکە کاری سیناریست هەروا کارێکی ئاسان نییە. بۆ ئێمە لەدنیادا چەند (سیناریست)مان هەیە تا لەناو کورددا پەیدابێت؟ بەڵێ هەن و بە پەنجەی دەست ناژمێررێن، بەڵام لاوازو لەناو مەعریفەی سیناریۆدا خۆیان قاڵ نەکردووە، بەڵکو وەک چیرۆک بۆی دەچن، ئێستاش ئەو جیاوازییە لەنێوان سیناریۆی فیلم و سیناریۆی درامای تەلەفزیۆنی نازانن چییە؟ بەداخەوە.. هەر کەسەو هاتوو وتی من هونەرمەندم بڕوای پێ مەکەن!

* چ دەقێکی بەرزو بەنرخی کەلەپووری کوردی لای تۆ دەست دەدات بکرێ بەفیلم؟

– زۆرن ئەو دەقانەی لەنێو کەلەپووری کوردی کە بەنرخ و گەورەن و بشێن بکرێن بە فیلم.

یەکەم: دەبێت ئەو هونەرمەندە، یا ئەو دەرهێنەرە، یا ئەو سیناریستە چێژ لەو دەقە وەربگرێ، من بۆ خۆم لەمێژەوە سەوداسەری (قەڵای دمدم)م و، بگرە ڕەشنووسیشم بۆ دارشتووە بۆ ئەوەی بکرێ بە سیناریۆی فیلمێک، چونکە ڕۆحی فیلمی تێدا دەدۆزمەوەو لەگەڵ ئەم سەردەمەشدا زۆر یەک دەگرێتەوە و ڕۆحی بەرەنگاربوونێکی گەورەی تیا بەدی دەکەم کە لەقازانجی میللەتەکەماندا بێت، بەڵام کوا ئەو دامودەزگایە بۆی بێتە پێشەوەو پێی بوێرێ؟

* ئەم ناوانە چۆن دەبینی؟

*** بەدیعە دارتاش:**

– هونەرمەند بوو لەبەر کەم بەرهەمی خەریکە لەبیر دەچێتەوە.

*** سەباح عەبدولڕەحمان**

– هونەرمەندێکی گەورە و ڕەسەنە، هونەری لە هەولێر بووژاندەوە.

*** عەلی کەریم**

– هونەرمەندێکی گەورە و وشیارە.

*** تەڵعەت سامان**

– کۆڵەکەی هونەری هەولێرە.. بە داخەوە لاکەوتووە.

*** جیهاد دڵپاک**

– ئەستێرەیەکی پرشنگداری هونەری کوردییە.

*** بریخت و ئەبسن**

– من چیم تا باسی ئەو دوو مەزنە بکەم کە شانۆیان لە

دنیادا گۆڕی.

*** ئەحمەد سالار**

- هونەرمەندێکی گەورەو پیرۆزو بە ئەخلاقە.

*** سمکۆ عەزیز**

- پەپوولەیەکی شانۆی کوردی بوو.

*** گەزیزە**

- هونەرمەندێکی لێهاتووە.. گەورەیە.. خاکی بەجێ نەهێشت و بەردەوامە.. سەد جار دەست خۆش.

*** خۆت**

- خۆم با کەسانی تر باسم بکەن.

**چەمکێ لە بیبلۆگرافیای بەرهەمەکانم**

١- برسێتی- ساڵی (١٩٦٩)، لەساڵی (١٩٧٢) لەشاری کەرکووک پێشکەش کرا و سەلمان فایق دەری هێنا.

٢- کاوەی ئاسنگەر- ئامادەکردن سەلمان فایق ساڵی (١٩٧٢).

٣- کچە لاڵەکە- وەک ئەکتەرو وەرگێڕان ساڵی (١٩٧١).

٤- بەهاری دزراو وەک ئەکتەر ساڵی (١٩٧٢).

٥- مەرەزە وەک بەشداری لەچیرۆک و دەوربینین بۆ تەلەفزیۆن ساڵی (١٩٧٣).

٦- ڕەوڕەوەی ژیان ساڵی (١٩٧٤) سەلمان فایق دەری هێناو و وەک نووسین و دەوربینین.

٧- خێزانێکی شڵەژاو وەک نووسین بۆ کچانی ئامادەیی چەمی ڕێزان ساڵی (١٩٧٢) سەلمان فایق دەری هێنا.

٨- نهێنی- نووسینی محیەدین زەنگنە ساڵی (١٩٧٦) دەرهێنانی خۆم لەسلێمانی.

٩- ژیان- ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆم ساڵی (١٩٧٧) بۆ تەلەفزیۆن.

١٠- نامەیەک لەخنکاوا ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆم بۆ TV کەرکووک ساڵی (١٩٧٨).

١١- ئۆپەرێتی هاوسەر بۆ منداڵان ساڵی (١٩٧٩) سلێمانی نووسین و دەرهێنان.

١٢- شمشاڵی شوان (٢٠) هەڵقە بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا ئامادەکردن و دەرهێنان.

١٣- پەروانە- (١٩٧٩) سلێمانی و هەولێر- بەغدا دەرهێنان.

١٤- هاوارێکی تاساو سلێمانی و هەولێر (١٩٨٢) ئامادەکردن و دەرهێنان.

١٥- شیرین و فەرهاد ساڵی (١٩٨٢) سلێمانی دەرهێنان.

١٦- مانگی ئاوا بوو ساڵی (١٩٨٣) سلێمانی و هەولێر دەرهێنان.

١٧- ژاڵە نووسین ساڵی (١٩٨٥) تەلەفزیۆنی کەرکووک- ئامادەکردنی کاوەی ئەحمەد میرزا، دەرهێنانی ناسر حەسەن.

١٨- سروودی خۆشنوودی ئامادەکردن و دەرهێنان، سلێمانی ساڵی (١٩٩٠).

١٩- کەژاوەی مەرگ فیلم سیناریۆ و دەرهێنان (١٩٩٣).

٢٠- ماکبێث نووسینی خۆم/ وەرگێڕانی مەحموود زامدار.

٢١- خولەپیزە- نووسین و سیناریۆ و دەرهێنان، فیلمی کوردی ساڵی (١٩٩٨).

٢٢- مامەڕیشە- نووسین و سیناریۆ و دەرهێنان، فیلمی کوردی ساڵی (٢٠٠١).

٢٣- پرۆژە:

١- فیلمی کوردی خۆشەویستی قەدەغەیە- ئامادەیە بۆ پێشکەش کردن.

٢- چەپۆکی زەمانە وەک فیلم سیناریۆکەی ئامادەیە.

٣- زنجیرەی گەردەلوول.

کە ئەم زنجیرەیە بە گەورەترین ئەزموونی خۆمی دادەنێم چەندین ساڵە لەگەڵی خەریکم و لە تەواو بووندایە.. (٣٢) ساڵ کار کردنم لەبواری هونەردا لەم بەرهەمەم خۆی دەبینێتەوە، لەم بەرهەمە میللەت قارەمانە.

ئایا زوڵم و ستەم دەتوانێ چۆک بە ئینسانی کورد دابدات و لەپێشکەوتن و خەونە جوانەکانی لەناوببات؟


ئەگەر سانسۆر ئەو خەونەمان لەبار نەبات، بەم زووانە لەیەکێ لەکەناڵە تەلەفزیۆنییەکانەوە وا تۆمار دەکرێت..❖

**ئا: ڕامان**

# سەفوەت جەڕاح:

## پێویستە شانۆ لە کەرتی تایبەتیدا گەشە بکات، گرفتی سەرەکی شانۆی کوردیش هونەرمەندەکان خۆیانن

دیمانە:
موحسین محەمەد



هونەرمەند سەفوەت جەڕاح نەوەی یەکەمی شانۆی کوردییەو لەسەر ئاستی شانۆی عیراقیشدا ناسراوە، ماوەی چل و پێنج ساڵ لە بواری شانۆی کوردی و عیراقیدا کاری کردووە، لە سینەماو تەلەفزیۆندا ڕۆڵی خۆی هەبووە، سەردانی چەندان وڵاتی عەرەبی و ئەورووپی کردووە، بەخششی لە بواری نواندن و دەرهێناندا زۆرە.

لە بواری کارگێڕیی هونەریدا لە شانۆی کوردی و عیراقیدا بەرپرسی یەکەم بووە، ئەم هونەرمەندە تەمەن و مێژوویەکی لە شانۆو سینەماو تەلەفزیۆن بەسەر بردووە، ئەم دیمانەیە بەسەرکردنەوەیەکی ژیانی هونەریی هونەرمەند (سەفوەت جەڕاح)ە.

* خانەوادەی ئێوە سەرەتا لە کوێ جێگیر بوون؟ بۆچی چوون بۆ کۆیە؟

– لە ساڵی (١٩٣٥) لە دەشتی هەولێر لە دایک بووم، نازانم لە چ وەرزێک بوو، ئێمە نانەکەلین. لە قەراج و کەندێناوە هاتووینەتە شاری هەولێر، ئێستاش خزم و کەسمان لە دەشتی هەولێر ماون. باپیرم، حاجی محەمەد مەحموود عاشوور جەڕاح–یان پێ دەگوت، لە سەعدووناوەی هەولێر لە پشت قوتابخانەی ئیبن خەلەکان لە دایک بوون. باوک و باپیرم هەولێرین– باپیرم خاوەنی حەسارەکەبوو، بە جەڕاحیش ناودار بوو، خەڵک لە بەغداو ئێران دەهاتنە لای بۆ چارەسەرکردن.

پێتان سەیر نەبێ عەمەلیاتی گورچیلەی بۆ خەڵک کردییە. ئەو نازناوی جەراحە لە باپیرمەوە بۆمان ماوەتەوە، چونکە ئەو تاکە جەڕاحی هەولێر بووە. هەر ئەو زانایییەی باپیرم بوو وای کرد باوکم ببێتە فەرمانبەری تەندروستی، یەکەمین جار کە دامەزرا لە کۆیە بوو، بۆیە ئێمە بەخێزانەوە گوازراینەوە بۆ شاری کۆیە، هەرچەندە باوکم تا سەرەتایی خوێندبوو.

* چۆن بوو یەکەمین جار کە لەگەڵ دایکت چوویتە سینەما؟

– ئەوە لە کۆیە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم بوو، بەریتانییەکان پرۆپاگەندەیان بۆ خۆیان دەکرد، ڕۆژێک ناوەندێکی تەبشیری بەریتانی سینەمایەکی گەڕۆکی هێناو هاتە کۆیە، داوایان لە خەڵک کرد بچن تەماشای سینەما بکەن، من ئەو کاتە پۆلی یەک یان دووی سەرەتایی بووم، دایکم وەک خەڵکانێک کە ئارەزووی تەماشاکردنی سینەمایان هەبوو منی بردە ئەو شوێنەی کە سینەما گەڕۆکەکەی لێبوو، فیلمەکە زۆر خۆش بوو، بابەتەکە

ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر بوو بۆ من و زۆر کاری لەمن کرد، ئەوە هەر لە مێشکم مایەوە، جەنگ و شەڕەکان و پاڵەوانی فیلمەکە هەمیشە لە پێش چاوم بوو، خۆشەویستی و حەزێکی لەلا دروست کردم، ئەوکاتە تەمەنم هەشت نۆ ساڵ دەبوو، فیلمەکە دەنگ و وێنەبوو، ماوەی فیلمەکە نیو سەعات دەبوو، خەڵک بە پیاوو ژن لە کۆیە هاتبوون بۆ تەماشاکردن تا من لەوێ بووم، جارێکی دیکە ئەو سینەمایە نەهاتەوە ناو شاری کۆیە.

* ساڵی چەند گەڕانەوە هەولێر؟

– ساڵی (١٩٤٥– ١٩٤٦) ئەوکات پۆلی سێ یان چواری سەرەتایی بووم، خانووەکمان بەکرێ گرت. خانووەکە لە پشت خانەقا بوو، کە خانووی حاجی قادری ڕەحمەتی بوو، خانووەکە لە کۆڵانی پشت بازاڕی موزەفەریە بوو، لە پشت گەراجی ئەحمەد عەللاف بوو، ماوەی (٥ تا ٧) ساڵ لەو کۆڵانە ماینەوە.

* ئایا ئەو کات چالاکی هونەری هەبوو لە هەولێر؟

– چالاکی هونەری نەبوو، بەڵام لە قوتابخانەکەمان بایەخ بە بابەتی هونەری دەدرا من لە هەولێر لە قوتابخانەی «الثالثة الأبتدائية» بەردەوام بووم، ئەو قوتابخانەیە لە نێوان قەسری عەتاوڵاو قەسری عەلی ئاغابوو، بەڕێوەبەرمان شێخ یووسف شێخ یەحیا بوو، بایەخیان بە ڕەسم و سروود دەدا. سروودی عەرەبیمان لەبەردەکرد، هەروەها سروودی کوردیشمان هەبوو، بەتایبەتی لە نەوڕۆز دەچووینە گۆڕەپانێک لەسەر گردێک، لە پشت بانقی عەقاری ئێستا بوو، خەڵک دەهاتن ئاهەنگ سازدەکراو سروودمان دەگوت. مامۆستا یاسین عارەب بوو، خەڵکی مووسڵ بوو سروودی فێر دەکردین، تا ئەوکاتە ناوی شانۆ نەبوو، زیاتر ناوی سینەما هەبوو، دەیانگوت:

داود ئاغا بینایەکی کردییە ناوی ناوە سینەمای سەلاحەدین، خەڵکێکی زۆر بەوە ڕازی نەبوون و دەیانگوت ئەوە خیلافی دینە پاشان چوومە قوتابخانەی «الثانية الأبتدائية» بەڕێوەبەرمان مامۆستا ئەحمەد ناجی باوکی کاک جەودەت بوو، پۆلی شەشم لەوێ تەواوکرد، تا ئەوکاتەش شتێک نەبوو ناوی شانۆ بێت. لە ساڵی (١٩٤٩) چوومە (ثانوية أربيل) شوێنەکەی بەرامبەر پارێزگای ئێستا بوو، هەمووی کەرپووچ بوو:

لە پۆلی دوو کەوتم، پاشان قوتابخانەکەمان گوازرایەوە بینایەی نوێی (ثانوية اربيل) کە ئێستا شوێنی ئیدارەی



دیمەنێک لە شانۆگەریی «مجالس التراث»، نووسینی: قاسم محەمەد، دەرهێنانی: موحسین عەزاوی.
بەشداربووانی دیمەن: سەفوەت جەڕاح (لەناوەڕاست)، فەوزی مەهدی، سوعاد عەبدوڵڵا، فازڵ جاسم، سەلیمە خذەیر

ئەنجوومەنی وەزیرانە، لەوێ مامۆستا جواد ڕەسووڵ ناجی–م ناسی و زانیم شانۆ هەیە.

* ئەی سەردەمی عوتەیل لە پەنجایەکان؟

– مامۆستا دانیاڵ قەساب کە مامۆستاو هونەرمەند بوو جوولەکە بوو، لەگەڵ مامۆستا جواد ڕەسووڵ بەیەکەوە لە ڕواندز مامۆستا بوون، ئەو دوو مامۆستایە لە ڕواندز شانۆگەری عوتەیلی شەکسپیریان نمایش کردبوو، دیکۆرەکەی کە قوماش بوو، ڕەسمی لەسەر کرابوو مابوو، ئێکسسوارەکان مابوون، بەیەکەوە بیریان لەوە کردەوە دووبارە نمایشی بکەنەوە، ئەوەبوو منیش ناوی خۆم نووسی کەچی باوکم ڕازی نەبوو، کاتێ زانی مامۆستا جواد ئیشەکە دەکات ڕێگەی پێدام بەشداربم، ئەوە بوو دەوری دزدەمۆنەم نمایش کرد مامۆستا سائب ڕەفعەت دەوری ئەمبلیانی هەبوو، ئەحمەد سابیر دەوری کاسیوی هەبوو، مامۆستا یەحیا مەرجان تێیدا بەشدار نەبووە، ڕەنگە کۆمبارس بووبێ– عەبدوڵڵا کاکە ئەحمەد، یووسف پۆلس دەوری باگۆی هەبوو.

سەلاح حەمدی دەوری هەبوو، جواد ڕەسووڵ بۆ خۆی دۆق بوو، دەقەکە کورت کرابووەوە، وەک خۆی نەبوو ماوەی نمایش یەک سەعات و نیو بوو، سێ ڕۆژ تا چوار ڕۆژ نمایش کرا ڕۆژێکیش بۆ ئافرەتان بوو. لەسەر شانۆی قوتابخانە نمایش دەکرا.

* لە مامۆستا پیربال مەحموودم بیستووە سەرەتا ئەو دەوری دزدەمۆنەی هەبوو، بەڵام لەبەر باری کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە بەردەوام بێت؟

– نازانم، من ئەوەم نەبیستووە.

* بۆ ئەو شانۆگەرییە وێنەی نییە؟

– وێنەی گیرا، برای کاک ئیحسان شێرزاد کامێرای هەبوو،

وێنەی گرت، بەڵام بەداخەوە کەس وێنەکانی نەبینی.

* نمایش مۆسیقای لەگەڵ بوو یان بێ مۆسیقا بوو؟ ئایا زاراوەی، مخرج- ممثل- مسرح باو بوو، بە کوردی چیتان دەگوت؟

- ئاهەنگی مۆسیقای لەگەڵ نەبوو، مخرج- ممثل- مسرح- دیکۆر- دەمانزانی، بەڵام بە کوردی ئەو وشانە نەبوون، تەنانەت مامۆستایەکانیش نەیاندەزانی، هەرچەندە هونەرەکە سەرنج ڕاکێشەر بوو، خەڵک بۆ تەماشاکردن زۆر دەهاتن.

* لەکاتی نمایش مامۆستا جواد شانۆی بەجێ هێشت، ئەوە چۆن بوو؟

- مامۆستا جواد خواردنێکی خراپی خواردبوو، لە کاتی نمایش سکی ژانی کردو نەیتوانی دواندنەکانی بڵێ، سکی خۆی گرت و چووە دەرەوە، ئێمە هەموومان شڵەژاین و شانۆکە ڕاوەستا، کە چوومە دەرەوە دیتم مامۆستا جوادیان لە باوەش کردبیە. کاک سیدادی کوڕی عەتاولاغاو کاک کەمال حەمەدەمین بردیانە نەخۆشخانە، ماوەی یەک چارێگی پێچوو هێنایانەوە، بینەر هۆڵەکەی بەجێ نەهێشت و ئەوانیش لەگەڵ ئێمە چاوەڕێی گەڕانەوەی جوادیان دەکرد، کە گەڕایەوە دووبارە دەستمان بە نمایشەکە کردەوە.

* باشە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو ئەوسا دەوری ئافرەت ببینی؟ ئایا ئەوە کاریگەریی لەسەر کەسایەتی تۆ نەبوو؟

- زەحمەتەکە ئەوەندە بوو تا باوکم ڕازی کرد «ئەوە بۆ من جۆرە تەحەددایەک بوو» ئەزموونێک بوو، سائیب هەمان گرفتی منی هەبوو، من چوومە لای باوکی، ئەویشم ڕازی کرد، نمایشەکەمان لە بەهاری (١٩٥٣- ١٩٥٤) بوو، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی بۆ من نەبووە جگە لەوەی زیاتر منی عاشق بە هونەری نواندن کرد.

* زۆر درەنگ چوویتە پەیمانگا هۆی ئەمە چی بوو؟

- لە پۆلی دووی ناوەندی ساڵێک کەوتم، لە پۆلی سێ دوو ساڵ کەوتم، ناچار بووم بچمە قوتابخانەی شەوان، ئەوەبوو پۆلی سێیم تەواو کرد، ئەوکات بە کەلۆریا نەبوو، بەڵام ئەزموونی وەرگرتن هەبوو بۆ پۆلی چوار لەو ئەزموونە دەرچووم، ساڵ سووڕایەوە، هەوای شانۆ هەر لەسەرم مابوو.

* چۆن زانیت پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا هەیە؟

- ئێمە کۆمەڵێک خوێندەوار بووین هەمیشە گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان دەخوێندنەوە، خوالێخۆشبوو مامۆستا حەقی شبلی چاوپێکەوتنی زۆری لەگەڵ دەکرا باسی ئەو پەیمانگایەی دەکرد، ئەوەبوو بڕیارم دا بچمە بەغدا بۆ خوێندن، سەرەتا باوکم ڕازی نەبوو، پاشان دایکم باوکمی ڕازی کرد کە بچم بخوێنم، برا گەورەکەم عیزەدین لە خانەی مامۆستایان دەیخوێند، ئەویش دەوری خۆی هەبوو لە ڕازی کردنی باوکم-

مامۆستا جەمال هیدایەت و مامۆستا سلێمان شاکر دەرچوو بوون، ئەوانیش کاریگەریی خۆیان هەبوو. من و مامۆستا یەحیا مەرجان و مامۆستا موفید کەسرە چووین بۆ بەغدا. پێش ئەوە نامەیەکم بۆ حەقی شبلی نووسیبوو، سکرتێرەکەی وەڵامی دامەوە، نامەکە ڕەسمی بوو، تێیدا هاتبوو: مامۆستا حەقی شبلی دەڵێت بەشانازییەوە حەزدەکەین لە پەیمانگا بخوێنی.

* وەرگرتن لە پەیمانگا بە تاقیکردنەوەیە، ئەوە چۆن بوو؟

- بەڵێ تاقیکردنەوە هەبوو، حەقی شبلی لە ناوەڕاست دانیشتبوو مامۆستایان: ئیبراهیم جەلال و ئیبراهیم خەتیب و ناجی ڕاوی پرسیاریان دەکرد. ئەوان زۆر سەرسام بوون کە زانیان من دەوری دزدەمۆنەم بینیوەو شەکسپیر دەناسم، مامۆستا حەقی شبلی وتی: شتی کوردیم دەوێ شەکسپیرم ناوێ.

لەگەڵ ئێمە دوو برادەر لە سلێمانی هاتبوون دەیانویست لە پەیمانگا بخوێنن، یەکێکیان سمکۆ عەزیز بوو، ئەوی دیکە برهان (؟) بوو مامۆستا حەقی شبلی داوای لە هەرسێکمان کرد شتێکی کوردی ئامادە بکەین، ئەوە بوو هەر سێکمان بابەتێکمان وەکو داهێنانی ڕەوان نمایش کرد، زۆریان پێ خۆش بوو، ئەوە بوو هەرسێکمان وەرگیراین. ساڵی خوێندن (١٩٥٦- ١٩٥٧) دەستمان بە خوێندن کرد، ماوەی خوێندن سێ ساڵ بوو.

شانۆمان بەگشتی دەخوێند، من هەموو ساڵێ یەکەم دەبووم لە پۆلی سێ لەسەر ئاستی پەیمانگا یەکەم دەرچووم.

* ئێوە لە هەولێر بەهۆی (عوتەیل)ەوە شانۆتان ناسی، کە چوونە بەغدا هەستتان بەچی کرد؟

- کارەکە زۆر جیاواز بوو، جیهانێکی دیکە بوو، شانۆی ئاست هونەری بەرزمان دەبینی و هونەرمەندی گەورە مامۆستامان بوون، شتی جیهانیمان دەبینی. ئەوکات لە بەغدا دوو شانۆ هەبوو. (شانۆی گەل) و (شانۆی کازمیە)، شانۆی گەل بەتەواوی شانۆی هونەریی بوون، بەڵام شانۆی کازمیە وا نەبوو لە بەغدا تیپی شانۆیی هەبوو وەک تیپی شانۆی نوێ، تیپی شانۆی مەشخەڵ «شعلة»، تیپی شانۆی میللی ئەو تیپانە کاری شانۆیی هونەریی بەرزو جدیان نمایش دەکرد، کارەکانیان هەمووی واقیعی کۆمەڵایەتی بوو، پەیمانگا بەرامبەر کۆشکی پاشایەتی عێراق بوو.

سبەینان کە پاشا دەچووە کۆشکی پاشایەتی هەموومان قوتابی و مامۆستا لەسەر شەقام دەوەستاین و چەپڵەمان لێدەدا، ئەویش سڵاوی لێدەکردین.

مامۆستا حەقی شبلی بەڕێوەبەری پەیمانگا بوو، پێش ئەو مامۆستایەکی تورک بوو کە لە تورکیاوە هاتبوو، ساڵانە تیپی

شانۆی جیهانی دەهاتنە بەغداو نمایشی شانۆییان دەکرد وەک تیپی شانۆی فەرەنسی و تیپی شانۆی ئینگلیزی، ئەوانیش کاری جوانیان نمایش دەکرد

* جیاوازی لەنێوان ئیشی پەیمانگاو ئیشی تیپە شانۆییەکان هەبوو؟

– جیاوازی هەبوو، پەیمانگا هەرگیز ئیشی شانۆی میللی نەدەکرد، ئیشەکان هەمووی دەقی شانۆی جیهانی بوون، ڕێگەیان نەدەدا قوتابی لە دەرەوەی پەیمانگا ئیش بکات. مامۆستایەکان لەناو پەیمانگا دەوریان دەدا قوتابی، بەڵام لە دەرەوە لە تیپەکان ئیشیان بە قوتابی نەدەکرد. پەیمانگا بەشی ئێوارانی هەبوو، قوتابییانی ئەو بەشە دەیانتوانی لە تیپەکاندا ئیش بکەن، ساڵانە لە پەیمانگا دوو ئیش دەکرا کە مامۆستایەکان دەریان دەهێنان

* بەشداری تۆ لە کارەکانی ناو پەیمانگا چۆن بوو؟

– دەوری سەرەکیم دەبینی، لە شانۆگەریی تەپلەکانی سەرکەوتن نووسینی سەعدون ئەلعوبێدی بوو، شانۆگەریی شەهرەزاد نووسینی تۆفیق ئەلحەکیم دەرهێنانی حەقی شبلی ساڵی (١٩٥٧)، شانۆگەریی مانگی ئاوابوو ساڵی (١٩٥٩) دەرهێنانی موحسین ئەلعەزاوی بوو، من لە پەیمانگا ناسراو بووم، مامۆستا ئیبراهیم خەتیب زۆر حەزی دەکرد لە بەغدا بمێنمەوە.

* لە بەشی شانۆی پەیمانگە، ئافرەتتان هەبوو؟

– نەخێر، ئەوانەی تەمسیلیان دەکرد لە دەرەوە دەهاتن، وەک وداد سالم خوشکی تەها سالم.

* پێوەندیت لەگەڵ تیپەکانی بەغدا چۆن بوو؟

– پێوەندیم زۆر باش بوو، سەردانی تیپەکانم دەکرد، کە لە عەبدولکەریم قاسم-یان دا، داوایان لێکردم دژی ئەو تاوانە شانۆگەرییەک ئامادە بکەم، ئەوەبوو شانۆگەرییەکی پڕ دروشم و سیاسیم ئامادەکرد، ئەوانەی کە بەشداربوون موحسین عەزاوی، زاهد فەهد، حوسێن تکریتی، تارق حەمدانی بوون.

* لە چەند دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتووتە من کەسێکی بێ بەختم دووجار دەرفەتم هاتە پێش لە دەرەوەی وڵات بخوێنم، بەڵام ڕێک نەکەوت، جارێکیان هەموو معاملەکەم بەتەواوی بزر بوو.

– ڕاستە من بەختم نەبووە، بەڵام شتەکە وانییە، من سێ ساڵ یەکەم دەبووم لە ساڵی سێیەم لەسەر ئاستی پەیمانگا یەکەم بووم، ناوم وەک بەعسە ڕەوانەی ئیتاڵیا کرا، کەچی من گەڕامەوە هەولێرو بە مامۆستا لە شەقڵاوە دامەزرام، دوای سێ- چوار مانگ گەڕامەوە بەغدا سەردانی مەعاریفم کرد وتیان ئەوە تۆ لە کوێی؟

چووبوویتە ناو «یاخی بووەکان» ئەوکاتە شۆڕش هەبوو، وتم



نەخێر بە مامۆستا دامەزراوم، وتیان وەڵامی تۆ لە ئیتاڵیا گەڕاوەتەوەو دەڵێن ئەو ماددەیەی تۆ داوات کردووە لە ئیتاڵیا نییە، منیش زۆر سارد بوومەوە، وتم ئەی چۆن پەیمانگا پەسندی کردبیە، بەهەرحاڵ کارەکە مەیسەر نەبوو.

لە ساڵی (١٩٦١) بە زەماڵە چوومە مۆسکۆ، سێ- چوار مانگ لە خوێندنی زمان بەردەوام بووم، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە عیراق. ئەوەبوو گەڕامەوە مەعاریفی هەولێر بۆ چالاکی قوتابخانەکان، پاشان گوێزرامەوە خانەی مامۆستایان و دەستم بەکاری هونەریی کرد.

* وەک بڵاوکراوەتەوە ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووی، لە دوادوای شەستەکان دوو کارت کردووە، «تجربة فقط- كلام الناس»

– نەخێر، لە ساڵی (١٩٦٢- ١٩٦٣)دوو ئیشم کردووە، شانۆگەریی (كلام الناس- القدر) شانۆگەریی «كلام الناس» وەرگێڕدراو بوو، بەڵام «القدر» دەقی خۆم بوو- هونەرمەندی مۆسیقا ژەن وریا ئەحمەد ڕۆڵی هەبوو، دەقەکان کۆمەڵایەتی بوون، لە شانۆگەریی «القدر» هونەرمەندان؛ یەحیا مەرجان و واحد مەرجان و سوڵتان عەبدوڵڵا و حەمید یووسف مەرمەڕچی دەوریان هەبوو.

بابەتەکە لەسەر خیانەتی خێزان بوو، ژن لە پیاوی دەکرد.

ژنێک دەیەوێ ژەهر دەرخواردی مێردەکەی بدات، ژنەکە ژەهرەکە دەکاتە ناو تاسە ئاوێک، بەرێککەوت پشیلە ئاوەکە دەخواتەوەو دەمری، ژنەکە ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوە مێردەکەی دەیکوژێت. لە ساڵی (١٩٦٣- ١٩٦٤) بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی، شانۆگەریی «المرسم»م نمایش کرد هونەرمەندان مەحموود ئەحمەدو موفید کەسرە دەوریان هەبوو. لە ساڵی (١٩٦٤- ١٩٦٥) گەڕامەوە قوتابخانەی (اربيل الاولى) لەوێ دوو شانۆگەریم بۆ منداڵان نمایش کرد.

* بۆچی ئیشەکانت بە عەرەبی بوون؟

– ئێمە وا ڕاهاتبوویت، کەس نەبوو دەقەکانمان بۆ بکاتە کوردی.

* چۆن گەڕایتەوە بەغدا؟

– لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٧) لەسەر داوای مامۆستاو هونەرمەندی گەورە حەقی شبلی گەڕامەوە بەغدا. مامۆستا حەقی لە پەیمانگا نەمابوو، گوازرابووەوە «مصلحة السينما و المسـرح» دەیویست لەو دەزگایە تیپی شانۆی نەتەوایەتی دابمەزرێنی، ئەوەبوو تەلەبەکانی خۆی کۆکردەوە، تیپی نەتەوایەتی دامەزراند، منیش لەو تیپەدا بووم بە ئەکتەر یەکەمین بەڕێوەبەرمان وەجیە عەبدولغەنی بوو یەکەمین ئیشمان شانۆگەریی «سر شهرازاد» بوو نووسینی علی باکثیر بوو، دەرهێنانی وەجیە بوو. بۆ تەلەڤزیۆنیش ڕاستەوخۆ شەوچەرەیەکی ئیسلامیمان نمایش کرد بەناوی «خباب بن ارت» یووسف جەرجیس حەمید یەکەمین بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی عیراقی بوو.

* چۆن توانیتان ڕاستەوخۆ لە TV شەوچەرە نمایش بکەن؟

– ستۆدیۆیەکە جەمەلۆن بوو، سێ کامێرا هەبوو، وەک دیمەنی شانۆیی بەدوای یەک بەبێ گرفت تەمسیلمان دەکرد، دیکۆرەکان چەسپاوبوون.

* ئەوکات چۆن تەماشای کوردیان دەکرد، لەگەڵ تۆ چۆن بوون، پێوەندیتان چۆن بوو؟.

– هەستم بە جیاوازی نەدەکرد، منیان خۆشدەویست، بۆ بەڵگە لە ساڵی (١٩٦٩) ماوەی دوو ساڵ بووم بە بەڕێوەبەری تیپی شانۆی نەتەوایەتی بەغدا، پاشان بووم بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری شانۆکان ئەوکات (محەمەد سەعید سەحاف) بەڕێوەبەری گشتی بوو.

* ئایا لەو ماوەیەدا کاری سیاسیت کردووە؟

– من لە پەنجایەکان لە هەموو خۆ پێشاندانەکان لە دژی ڕژێمی پاشایەتی بەشداریم هەبوو، پاشان لە بەغدا چوومە ریزی حزبی شیوعی عیراقی و ماوەی دوو ساڵ لەگەڵیان ئیشم کرد، پاشان کە گەڕامەوە هەولێر لێیان پچڕام.

لە هۆڵی «خولد» دووجار زەعیم عەبدولکەریم قاسم-م بینیوە. لە ساڵی (١٩٥٨) کە بارزانی نەمر گەڕایەوە لەگەڵ هەزاران کەس چووینە پێشوازی، هەروەها لە ئوتێلی سۆمەر لە بەغدا سەردانی بارزانی نەمرمان کرد.

* لەگەڵ ئەوەی تۆ گەڕایتەوە بەغداو لە تیپێکی گەورەدا کارت دەکرد، بەڵام ناودار نەبووی بەو جۆرەی خۆت ئارەزووت هەبوو؟

– هۆیەکەی تەمەن و ئەزموونی هونەری بوو، ئیبراهیم جەلال، حەقی شبلی، یووسف ئەلعانی ئەوانە مامۆستای من بوون، توانایان زۆر لەمن بەرزتر بوو، توانای من نەگەیشتە ئەو ئاستەی دەرهێنەر مجازەفە بکات، دەوری سەرەکیشم بینیوەو زیاتر لە ناو هونەرمەندەکان ناسراو بووم.

لە شانۆگەریی «سر شهرزاد» دەوری سەرەکیم هەبوو کە مامۆستا بەهنام میخائیل دەرهێنەری بوو. لە شانۆگەریی «مجالس التراث» دەرهێنانی «موحسین عەزاوی» دەوری سەرەکیم هەبوو. من عاشقی شانۆ بووم، حەزم لە ناوداری بوو، بەدەرفەتم دەزانی، لە هەموو ئیشەکان بەشداری بکەم

* خەریک بوونت بەلایەنی کارگێڕیی زیانی بەتۆ نەگەیاند؟

– کارگێڕیی منی لە دەرهێنەرەکان نزیک کردەوە، پێوەندیی خێزانی زۆر باشم لەگەڵ هونەرمەندەکان پەیدا کرد، لە هەمان کاتدا سوودی ماددی بۆ من هەبوو، زۆرجار من ئەکتەرم بۆ دەرهێنەرەکان دەستنیشان دەکرد.

* چۆن هونەرمەند دەتوانێ هاوسەنگی لەنێوان ئیشی کارگێڕی و ئیشی هونەریدا بکات؟

– هونەرەکە لێرەدایە، هەر ئەوەش بوو وایکردبوو، پشت بەمن ببەستن، ئیشی هونەریی دوای نیوەڕۆیان بوو. سیماو کەسایەتی من لەناو هونەرمەندەکان دیاربوو، لەنێوان ئیدارەو کاری هونەری سەرکەوتوو بووم. ئەگەر سەرکەوتوو نەبوومایە نەمدەتوانی بەردەوام بم.

* ماوەی حەفتایەکان تۆ لە بەغدا بووی و شانۆی عیراقی زۆر پێشکەوتوو بوو، ئاستی هونەری و بابەتەکانی بەرز بوون هۆی ئەمە چی بوو؟

– ئاستی شانۆی عیراقی بەرز بوو، هۆیەکەی سیاسی بوو، زۆربەی تیپەکان ئازادیی سیاسییان هەبوو، هەر تیپێک ناڕاستەوخۆ حزبێک یارمەتی دەدا، بۆ نموونە تیپی شانۆی نوێ حزبی شیوعی عیراقی لە پشت بوو، تیپی شانۆی میللی حزبی دیموکراتی نیشتمانی لە پشت بوو، لە نیوەی دووەمی حەفتایەکاندا گۆڕانکاری پەیدا بوو ئەویش بەکاریگەریی دامودەزگاکانی بەعس و بڵاو بوونەوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، بەرە بەرە هونەرمەندەکانیان بۆ لای خۆیان دەپچڕاندو بەمەش بەرە بەرە شانۆ گەڕایەوە بۆ دواوە.

* بینەری شانۆیی لە بەغدا زیاتر حەزی لە چی بوو؟

– بابەتی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، واقیعی، ماوەی دەرۆژ شانۆ نمایش دەکرا.

* ئایا شانۆ لە توانایدا هەبوو خۆی بژیەنێ؟

– بینەر بە پلیت شانۆی دەبینی، بەڵام شانۆ خۆی نەدەژیاند، لە تیپە ئەهلییەکان شانۆ قازانجی هەبوو.

* شانۆی عیراقی لە وڵاتە عەرەبییەکان داوای لەسەر هەبوو، کێ زۆرتر لە هونەرمەندەکان داوا دەکرا؟

– شانۆی عیراقی داوای لەسەر هەبوو، من بۆ خۆم لەگەڵ تیپی نەتەوایەتی بەشداریی میهرەجانی دیمەشق-م کردووە لە



سووریا، لە حەفتەی ڕۆشنبیری عیراقی لە قاهیرە بەشداریمان کردووە، لە جەزائیر بەشداری میهرەجانی لاوانی عەرەبیم کردووە، لە مەغریب بەشداری (قرتاج)م کردووە، لە توونس بەشداریی میهرەجانی منستیری شانۆییم کردووە.

لەو میهرەجانانە، تیپی شانۆی عەرەبی و وڵاتانی دەرەوە پێکەوە کۆ دەبوونەوە. شانۆ ئاستی زۆر بەرز بوو، بانگهێشتی ڕەسمی بۆ ئیبراهیم جەلال و قاسم محەمەد و سامی عەبدولحەمید زۆر بوو. موحسین عەزاوی وەک ئەکتەر بانگهێشت دەکرا. یووسف ئەلعانی زۆر بانگهێشت دەکرا.

* یووسف ئەلعانی لە سووریا بۆ چوونێکی لەسەر شانۆی عیراقی هەبوو، لە وتارێکی لە حەفتایەکاندا دەڵێت: ئێمە شانۆی عیراقیمان باش پەروەردە کردووە، بەڵام مەترسیمان هەیە کە شانۆی بازرگانی میسری لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بێتە عیراق و کار لە شانۆی عیراقی بکات، لە هەشتایەکان ئەو قسەیەی یووسف ئەلعانی هاتەدی، شانۆی هونەری عیراق زۆر ڕووی لە کزی کردو شانۆی بازرگانی زۆر بوو، ئایا هۆیەکەی تەنیا ئەو بۆچوونەی یووسف ئەلعانی بوو یان شتێکی دیکەیە؟

– شانۆی عیراقی زۆر جدی و هونەری بوو، بەڕای من هۆیەکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە شانۆکە لە پەروەردەکردنی بینەر سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە لە هەشتایەکان شانۆی بازرگانی زۆر بوو، شانۆی بازرگانی سووری و شانۆی بازرگانی میسری کاری زۆر خراپی کردە سەر شانۆی عیراق و ڕووی شانۆی عیراقی گۆڕی.

* ئایا بەشداریت لە کۆنگرە یان کۆبوونەوەی شانۆیی لە دەرەوەی عیراقدا هەبووە؟

– ساڵی (١٩٧٣) من و سامی عەبدولحەمید چووینە مۆسکۆ بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی شانۆی نێونەتەوەیی، لەو کۆنگرەیەدا داوای زۆر شتمان کرد، لەوانە کردنەوەی سەنتەری شانۆیی لە وڵاتە عەرەبییەکان، گۆڕینەوەی نمایشی شانۆیی، بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو زانیاریی شانۆیی لە نێوان وڵاتاندا.

* شانۆی ئەزموونگەریی لە هەشتایەکان لە عیراق پەیدا بوو، ئایا لە حەفتایەکان ئەو هونەرە سەرەتای هەبوو؟

– شانۆی ئەزموونگەریی لە حەفتایەکان لە عیراق نەبوو. ئەوساکە کۆمەڵە گەنجێک چوونە دەرەوەی عیراق بۆ مەبەستی خوێندنی شانۆیی کە گەڕانەوە کاری هونەریان دەکرد، لەوانە (د. سەلاح قەسەب) هەوڵی دەدا شتی نوێ بکات. من کە بەڕێوەبەری کۆشکی ڕۆشنبیری بووم لە وەزارەتی لاوان، هاتە لام و گوتی: من چوومە زۆر شوێن، بەڵام پارمەتیان نەداوم» تۆ برادەرمی، بەڵکو بودجەیەکم بۆ ئەم شانۆگەرییە بۆ وەربگریت. ئەوەبوو توانیم ڕەزامەندی وەزیری بۆ وەربگرم. شانۆگەرییەکە کەلەپووری بوو، بەڵام بەشێوەی ئەزموونگەری «شانۆی وێنە» د. سەلاح قەسەب ئیشی تێدا کرد، بەڕاستی زۆر تێیدا سەرکەوتوو بوو، دائیرەکەی ئێمە بەهۆی ئەو شانۆگەرییە ناوی پەیدا کرد، لەسەر شانۆی باڵۆن نمایش کرا، ئەوساکە دوودانە لەو جۆرە شانۆیە هەبوو لە عیراق، یەکێک لە بەغدا بوو ئەوی دیکە لە هاوینەهەواری سەلاحەددین بوو، –مسرح الخيمة– یان پێ دەگوت.

* تۆ لە ساڵی (١٩٧٥) بوویتە بەڕێوەبەری کۆشکی ڕۆشنبیری و لە ساڵی (١٩٨١) گەڕایتەوە هەولێر، دەتوانین بڵێین: قۆناغی وەڕسی تۆ لە بەغدا، دەکەوێتە نێوان (١٩٧٥– ١٩٨١)؟

– بەڵێ لە ساڵی (١٩٧٥) بەرەو سەرەوە لە بەغدا وەڕس بووم، ناکۆکیم لەگەڵ وەزارەتی لاوان هەبوو، بەتایبەتی وەزیرەکەی «کەریم مولا»، کە نەیدەهێشت هەناسە وەربگرم، داوای گوازتنەوەم دەکرد ڕازی نەدەبوو، من زۆر حەزم دەکرد بگەڕێمەوە سینەماو شانۆ. زۆر وەڕس بووم، کە داوای گواستنەوەم کرد هۆی سیاسی هەبوو، خێزانم نەخۆش بوو. ساڵی (١٩٨١) عەبدولئەمیر مەعەلە بەڕێوەبەری گشتی سینەماو شانۆ بوو، برادەران سابیر عەبدولڕەحمان و شێرزاد سەرسپی دەهاتنە بەڕێوەبەرایەتی سینەماو شانۆ، ئەوانیش دەوریان هەبوو لە گەڕانەوەی من بۆ هەولێر، من دوو ساڵ لە کۆشکی ڕۆشنبیری بووم، کە ساڵی (١٩٧٥– ١٩٧٦)بوو پاشان گەڕامەوە سینەماو شانۆ، ساڵی (١٩٨١) گەڕامەوە هەولێر.

* کە تیپی نەتەوایەتی لە هەولێر دامەزرا، حەزەری زۆر هەبوو، لە سلێمانی دانەمەزرا هۆی چی بوو؟

– بەڵێ حەزەر هەبوو، هۆیەکەی سیاسی بوو، بەڕای من هەولێر قازانجی کرد تیپی نەتەوایەتی دامەزراند، چونکە ئەو ئیشانەی دەکران دوور و نزیک پێوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو.

* بەشداربوونت لە تەلەڤزیۆن و لە سینەما چۆن بوو؟ لە کاتێکدا تۆ خۆت عاشقی شانۆ بووی؟

– من لە تەلەڤزیۆن دەوری خۆم دیت، لە سینەما بەشداریم هەبوو، بەڵام کاریگەریی نەبوو، سینەما بۆ من تەنیا بەشداری کردن بوو.

* بە پێی ئەزموونی خۆت خاسییەتەکانی ئەکتەری سەرکەوتوو چین؟

– ڕۆشنبیری پاشان کەسایەتی بەهێز، دڵسۆزی، بەهرەش بناغەکەیە، ئیلتیزام کردن. دەرهێنەرەکان لە شانۆی عیراقیدا هەموو ئەمانەیان بەیەکەوە دەویست.

* ئەدی ئەوەی بەهرەی هەبوو، بەڵام لە پەیمانگا نەیخوێندبوو؟

– وەک خەلیل ڕفاعی بەهرەی هەبوو دیراسەی نەبوو، زۆر ڕێزیان لێدەنا، من زۆر گەورە تەماشام دەکرد، بۆ سێ ئیش هەڵم بژاردووە– (الحصار– الدوامة– مجالس التراث).

* ئەگەر چاو لەسەر دوو دەرهێنەر دابنێیی، یەکێک لە شانۆی عەرەبی عیراقی ئەوی دیکە لە شانۆی کوردی، کێن ئەو دوو دەرهێنەرە؟

– مامۆستا ئیبراهیم جەلال لە شانۆی عیراقی و مامۆستا تەڵعەت سامات لە شانۆی کوردی.

* گوتراوە تۆ سست و لەسەرەخۆی لە کاری هونەری؟

– من زۆر ئیشم کردووە، لەسەرەخۆ نیم، ساڵی یەک دوو ئیشم کردووە ئارەزووم هەبووە زۆرتر ئیش بکەم، بەڵام نەمدەویست ئیحتیکار بکەم.

* زۆرجار گوتووتە شانۆی کوردی بێ دایک و باوکە مەبەستت لەو قسەیە چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە بڵێم کەسێک نەبووە چاودێری بکات، ئەگەر تیپی نەتەوایەتی نەبوایە، ئەو هونەرمەندانەی کە ئیستا هەنە ئەوانیش نەدەبوون.

* بەڵام لە سلێمانی تیپی نەتەوایەتی نەبوو، هونەرمەندی زۆر بەتواناشی لێ دروست بوو.

– بەڵێ، سلێمانی جیاوازە، شانۆ لەو شارەدا مێژووی خۆی هەیە، هونەرمەندەکان دڵسۆزن بۆ شانۆ، ئەوان زیاتر دەخوێنن، زیاتر خۆیان ماندوودەکەن.

* تۆ هەمیشە دەڵێی: شانۆی کوردی بەشێکە لە شانۆی عیراقی، لە چ ڕوویەکەوە بەشێکە لە شانۆی عیراقی؟

– زۆربەی هونەرمەندانی شانۆی کوردی پەروەردەی دەستی هونەرمەندە شانۆییەکانی عەرەبی عیراقین، زۆربەیان لە بەغدا قوتابی بوون. ڕۆشنبیری و شێوازی هونەرییان هەمان ڕۆشنبیری و شێوازی هونەریی شانۆی عیراقی–یە، نەخشەی دەرهێنان هەمان نەخشەی دەرهێنانی شانۆی عیراقی–یە،



زۆرجاریش گوتراوە فلان دەرهێنەر لاسایی فلان دەرهێنەری عەرەب دەکاتەوە.

* ئەگەر بمانەوێ ناوی سێ ئەکتەر بە دوای یەک ڕیز بکەین، تۆ چۆن ڕیزیان دەکەی لە عارەبەکان و لە کوردەکان؟

– لە عارەبەکان، خەلیل شەوقی، یووسف ئەلعانی، سامی عەبدولحەمید. لە کوردەکانیش، چەتۆ حەسەن، ئیبراهیم حەکیم، سەباح عەبدولڕەحمان.

* بەڕای تۆ گرفتی شانۆی کوردی لە چیدایە؟

– گرفتی سەرەکی خۆمانین، ئێمەی هونەرمەند، پاشان بەرپرسانی هونەر ئەوانەی کە بەرپرسن. بودجەکان گرفتن، چۆن بایەخ بە تەلەڤزیۆن دەدرێ دەبێ ئاواش بایەخ بە شانۆ بدرێت، شانۆ زۆر پێویستە.

سینەماو تەلەڤزیۆن وەک شانۆ کاریگەرییان نییە، شانۆ هونەرێکی ڕاستەوخۆیە.

* شانۆ وەک پیشە کەرتی تایبەت دروستی دەکات، شانۆی کوردی و شانۆی عەرەبی عیراقی هەمیشە دەزگای حکومی دەوری خۆی تێدا بینیوە، ئەوەش هۆیەک بووە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت دروست نەبێت، شانۆ وەک هونەرێکی زیندوو لە هەڵکشان و داکشاندابووە، ڕای ئێوە چۆنە؟

– ڕێگە نەدان بە دروست بوونی شانۆی پیشەیی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ باری سیاسی، حکومەت لە شانۆ دەترسا، بۆیە ئەوانەی کە سەرپەرشتییان دەکرد، هەموو شتێکیان دەخستە ژێر دەستی خۆیان تا هونەرمەند بە هەناسەی ئەوان هەناسە وەربگرێت، چونکە شانۆ ڕاستەوخۆیە، کاریگەریی زۆرە لەسەر جەماوەر.

* لە خولێکدا دەستەی کارگێڕی نەقابەی هونەرمەندانی هەولێر بە لیست و بەبێ هەڵبژاردن داندرا، تۆش لەناو ئەو لیستە نەقیب بووی.. بۆچی بەوکارە ڕازی بووی؟

– من لەگەڵ ئەوە نیم هەڵبژاردن بە لیست بێت، هونەرمەند دەبێ ئازاد بێت، بەڵام ئەوساڵە بەسەرماندا فەرزکرا، منیش

بۆ ئینقازی مەوقیف قبوولّم کرد.

* سانسۆر کاریگەریی زۆری لەسەر شانۆ هەبووە، تۆش لەو لیـژنەیەی ئەمنیـداریەتی ڕۆشنبیـری و لاوان داینابوو ئەندام بووی؟

– سـانسـۆر سـیاسی نەبوو، دەقـەکـان هەر چۆنێک بـوونایە مـۆڵەت دەدران، ئەو دەقـانەی کـە لاواز بوون ڕەت دەکرانەوە، ئەگەر لەناو دەقەکەدا شتەک هەبوایەو هونەرمەندەکەی تووشی گرفتی سیاسی بکردایە، ئەوە داوامان لێی دەکرد بەشێوەیەکی دیکە بینووسێتەوە، ئەویش پەسەندی دەکرد، پاشان مۆڵەتمان دەدا، سـانسـۆر بە مـانای سـیـاسی ڕەسـمی ئەگـەر نەبێ زۆر باشترە.

* تۆ بەشداریت لە میـهرەجانەکانی ناو عـیـراق و دەرەوەی عیـراقدا کردووە، لە هەولێر چەندان میـهرەجانت ساز کردووە، میهرەجان ئامانجی چییە؟

– بۆ کـۆکـردنەوەی تواناکـان و بۆ پێـشـاندانی توانای هونەری، توانای نووسەرەکان، پەیداکردنی جەماوەر، کێبڕکێ تارادەیەک دروست دەکا، ئەگـەر ئاسـتی هونەریی نەبوو ئەوە پێویست ناکات کێبڕکێ هەبێت، پێویستە تواناو هاوسەنگی هونەریی هەبێت، من لەگـەڵ ئەوەم چەند سـاڵ جـارێک میهرەجانێک بۆ کێبڕکێ هەبێ باشە.

* شـانۆی دوای ڕاپەڕین بەردەوام ڕووی لە سـستـی بووە، ئێستا ڕووی لە نەمانە، بەلای تۆ هۆی ئەمە چییە؟

– ئێـستا هونەرمەند بەرپرسیـار نییە، بەڵکو بەرپرسەکان لە گـرفـتـەکـە بەرپرسن، لەبەر ئەوەی بڕوایان بە هونەرەکە لاواز بووە. باری سـیـاسی بوویتـە هۆیەک، بۆ دوورکـەوتنەوە لە شانۆ، جەماوەر نەماوە، هۆڵەکان هیچ جۆرە پێداویستییەکی هونەرییـان تێـدا نەمـاوە، ئەو پارەیەی کـە بۆ زنجیـرەیەکی تەلەڤزیۆنی سەرف دەکرێ ڕەنگە بەشی دوو ساڵی شانۆ بکات هەروەها لە سینەماشدا.

* لە بابەتی سـینەمـا، بەڕای تۆ سـینەمـای کـوردی لەناو کوردستان دروست دەبێت یان لە دەرەوەی کوردستان؟

– سـینەمـا لەناو کـوردسـتـان دروست دەبێت لە دەرەوە دروست نابێت، دەتوانرێ سـوود لەوانە وەربگیـرێ کـە لە دەرەوەی وڵاتدا کـاردەکەن. سینەما هونەرێکی زۆر زەحمـەتە پارەو توانای هونـەری و بازاڕی دەوێ. سینەما بۆ ئەوە نییە، دوای تەواو بوونی فـیلمـەکە جارێک یان دوان نمایش بکرێت پاشان لەناو قوتوو هەڵبگیرێ.

**ئەرشیفی هونەرمەند**

هونەرمەند سەفوەت عەلی محەمەد مەحمود عـاشوور جەڕاح ناسراو بە سەفوەت جەڕاح.

* لە ساڵی (١٩٣٥) لە دایک بووە.
* لە ساڵی (١٩٥٣) هاتۆتە سەر شانۆ.
* لە ساڵی (١٩٩٩) خانەنشین بووە.

بەشداری لە شانۆو تەلەڤزیۆن و سینەمای عیراقیدا هەبووە، وەک ئەکـتـەر لەم بەرهەمـە شـانۆییـانە بەشـداریی کـردووە: «المسـامـیر، سرشـهرزاد، قصر الشـیخ، الشـهداء ینهضـون، دون جـوان، مـجالس التـراث، الافـق، حفلة سـمر من اجل خمسة حوزیران، علي جناح التبریزي، صـوت النحل، افـول القمر»

وەک ئەکـتـەر لەم بەرهەمـانەی تەلەڤـزیۆندا بەشـداریی کردووە:

«طوب ابو خزامة، فـارس بني حـمدان، حلب حـبـیـبـتي، النسر و عیون المدینة، الأیام العصیبة ج١ ج٢، مسلسل فتاة في العشرین، جرف الملح، عاطفة الخوف.»

وەک ئەکتەر لە سینەما لەم بەرهەمانەدا بەشداریی هەبووە:

«البدایة، النهایة، بیوت في ذلك الزقاق، التدرن، الأیام الطویلة، الأسـوار، القادسیـة، المسألة الكبـری، الفـارس والجبل، اللعبة، نێرگز بووکی کوردستان»

ئەم بەرهەمانەی بۆ شانۆی کوردی دەرهێناوە:

«سورمێ خان، خاتووکلاوزەڕ، کونەبا، کانی مەلەک ڕێزان، ڕاوچی، لە پرسەی سیراجەدین»


بۆ تەلەڤزیۆن بەشداریی لەم بەرهەمانەدا هەبووە:

«مـەڕانە، نامـە، مـۆرانە، چیرۆکی خۆشەویستی، ئاسکە» «وەکـو ئەکـتـەر». لە دوای ڕاپەڕینیش زنجیـرەی مـەرزی و کاکەمینی بەسێ ئەڵقە دەرهێناوە.

# تەها بابان:

## سوود وەرگرتن لە شارەزایی بیانی کارێکی چاکە، بە مەرجێ تایبەتمەندیی خۆمان نەسڕینەوە

هەر لە دەسپێکەوە خولیای هونەر بووە و پەنجاو دوو ساڵ بەر لەئێستا لەسەر تەختەی شانۆ خۆی بینیوە و ستاری گرتووە. تا ئێستا و بەم تەمەنەش جۆشی ئەو حەزو خولیایە بەری نەداوە. چەندین دەقی شانۆیی نووسیوە و هەر خۆیشی ئەکتەرو دەرهێنەریش بووە، بۆ یەکەمجار لەمێژووی پڕ لە هەورازو نشێوی بزاڤی شانۆییمان (میدالیای بابان)ی بۆ هونەرمەندە بەتواناو بەهرەمەندەکان تەرخان کردووە، لەبواری ئەدەبیشدا جێ پەنجەی دیارە. پارێزەر بووە و بەرگری لەماف و داد و جوانی کردووە تا بۆتە دادوەر، بەردەوام بەداد و هاواری خەڵکەوە دەچێ. لەم ساڵانەی دواییدا و تا ئێستاش گەلێ کاری بەرز و بەنرخی لەبارەی ئەنفالستان و کیمیاباران و ڕاگوێزان و جینۆساید ئەنجام داوەو بەردەوامە، دەی دەبا گەشتێکی خۆشی ژیاننامەی لەگەڵدا سازدەین.



**ڕامان:** ئێستا لە کوردستان باسی قەیرانێک دەکرێ کە پێی دەگوترێ قەیرانی شانۆ، قەیرانەکە لە چەند سەرێکەوەیە، لەلایەک بینەری شانۆیی تەوەللا بووە و لەشانۆکاران تۆراوە، لەلایەکی تر باسی قەیرانێکی تر دەکرێ کە ئێستا شانۆ ڕووی لەسستی کردووە. بەڕای ئێوە ئەم سستییە هۆکارەکەی بۆ خودی هونەرمەندەکان دەگەڕێتەوە کە ناتوانن وەک پێش ڕاپەڕین داهێنانیان هەبێ، یان کەموکورتییەکە بۆ خودی دامودەزگاو کەناڵە هونەرییەکان دەگەڕێتەوە؟

**تەها بابان:** بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکم هەیە وابزانم کەس لەمەوپێش ئەم ڕایەی نەبووە، ئەویش ئەوەیە کە بزووتنەوەی شانۆیی و شیعرو ئەدەب و هونەری وێنەکێشان و پەیکەرتاشی شتێک نییە جیاواز بێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، چونکە گۆڕانکارییەکان کار دەکەنە سەر ئەم هونەرانە، هونەرەکەش کار دەکاتە سەر ئەو گۆڕانکارییانە، واتە پێوەندییەکی جەدەلییان لەنێواندا هەیە. ئەوکاتەی ئێمە لەژێر دەستی حکومەتی بەعس بووین، بەڕاستی هونەر هەر هونەر نەبوو، بگرە جۆرێکیش بوو لە تێکۆشان، ئەم خاڵە زۆر گرنگە هونەرمەندان و نووسەران بۆ ئەوە چووبووین (وابزانم لەمەدا بەهەڵەشدا نەچووبووین) کە میللەت بەتۆپ و تەیارەو کوشتن نافەوتێ، بەڵام بەوە دەفەوتێ کە عیززەتی نەتەوەیی نەمێنێ، کە ئەدەب و هونەری نەمێنێ، کە ئەوانەی نەما مانای ئەوەیە کۆڵەگەکانی خۆی ون کرد، ئەوەش کارێکی وا دەکا میللەتەکەی شانازی نەکا بەنووسەر و بەهونەرمەندییەوە، بەڵکو بڕوا بۆ هونەرمەندی وڵاتانی تر، بڕوا بۆ ئەدەبی وڵاتانی تر، ئەوە بەواتای لەناوچوونی تەواو. تۆ ئەگەر بتەوێ میللەتەکەت بمێنێ، دەبێ زمانی زیندووی هەبێ، دەبێ هونەر و ئەدەبی زیندووی هەبێ، دەبێ وای لێبکەیت شانازی بکاو میللەتەکە بڵێ جا ئەو هونەرمەندە چییە؟ یان بڵێ ئەو گۆرانیانە چین؟ ئەو جۆرە ئاوازانە چین؟ ئەو جۆرە دەنگانە چین؟ فلان کەسی ئێمە دەنگی خۆشە، واتە شانازی بکا، کە شانازی کرد ئەو وەختە مەحاڵە بفەوتێ، ئەگەر وانەبێ وردە وردە سەیردەکەی تەنانەت زمانەکەیشی لەبیردەچێتەوە و

هونەرەکەشی لەبیردەچێتەوە، وەک وتم بەرەو وڵاتی هونەرمەندانی بێگانە دەچێ، لە ئەنجامدا وای لێدێ شەرم بکا بڵێ من کوردم، یەعنی شتێکی نامێنێ شانازی پێوە بکا، ئێمە لەبەر ئەوە هەوڵمان دا ئەدەب و هونەری کوردی هەبێ، شیعری کوردی هەبێ و لە پێشکەوتنیشدا بێ، واتە بتوانێ پێ بەپێی ئەو گۆڕانکاریانە بڕوات کە لە وڵاتانی تردا هەن، واتە دەبێ جەماوەرێک پەیدابکەی کە سەیری هونەرەکەت بکاو دەقەکانت بخوێنێتەوە، گوێ لە گۆرانییەکانت بگرێ و کتێبەکانت بخوێنێتەوە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە هونەری کوردی ئەوکاتە شانۆیی بێ یان کتێب بێ بۆ هونەر نەبوو، بەڵکو بۆ مەسەلەیەک بوو، شیعریان دەنووسی لە ڕواڵەتەکەیدا ئەوە نەبوو دوژمن فەرقی پێ بکا، بەڵام کوردێک دەیزانی باسی چی دەکا، زنجیرە تەمسیلی کە لە کەلەپووری میللەتەکەوە وەرگیرابوو، تۆ لە ڕواڵەتدا واتدەزانی ئەمە شتێکی ئاسایییە، بەڵام سەیرت دەکرد نەبەزینی باب و باپیرەکانمان و ئەمانە پیشان دەدا، فیکری نەتەوەیی و دڵسۆزی و خۆبەختکردن و ئەم بابەتانەیە، کەوابوو لای ئێمە ئەوکاتە هونەر بازرگانی نەبوو، بگرە پەیامێک بوو، لەهەمان کاتدا تۆ هەستت دەکرد کە دەورێکت لەمانەوەی میللەتەکەتدا دەبینی، هەروەها نەک هەر لە ڕووی عیزەتی نەتەوەیی، بەڵکو لەڕووی هاندان و گەرم داهێنانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و ئەو بابەتانە هەڵکشان، ئێمە کە پەناگەی ئارامان بۆدامەزراو ترسمان نەما لەدوژمن و لەفەوتان و لەجینۆساید، ئەوکاتە وەک چۆن پێشمەرگەش هەناسەیەکی داو چەکەکەی دانا، هونەرمەندان و نووسەرانیش بەهەمان ڕێگە، کە یەکێ فەقیر بێ تێدەکۆشێ تا خۆی دەوڵەمەند بکا کە دەوڵەمەندبوو ئیتر پاڵی لێدەداتەوە، دواتر ئەو کەفوکوڵەی نامێنێ و دەیەوێ ئیسراحەت بکات و ڕابوێرێت. بەڕای من گۆڕانکاری بارودۆخەکەمان بەوەی کیانێکمان پەیدا کردووە ئەو کاتە دەبینن ئەدەب و هونەر شێوەیەکی تری گرت، لەباتی تێکۆشان بوو بە دیکۆر، بوو بەشتێک بۆ ڕەفاهییەت و وەک کەمالیاتی لێهات. لەباتی ئەوەی درامایەکی کوشتن و بڕین کە بۆ ئەو سەردەمە پێویست بوو، ئێستا زیاتر خەڵکەکە، یان هونەرمەندەکان خۆیان شتی تەرفیهی و خۆش بۆ پێکەنین ئامادە دەکەن، تەنانەت جاری وا هەیە بۆ ئەوەی ئەو هەموو کارەساتەی کە دیمان خەڵک لەبیری بچێتەوە نەک بەو مانایەی کێشەی میللەتەکەی لەبیربچێتەوە، بەڵکو لانی کەم ئەو هەموو شتانە لەسەرشانی کەسوکار کوژراوان سووک بکرێتەوە، کە ئەمیش بەلای منەوە دەورێکە کە پێویستە بیبینین، واتە نابێ ئیتر ئێمە تا ڕۆژی قیامەت هەر بەشمان گریان و ڕۆڕۆ بێ و بیری ئەو ڕۆژە ڕەشانە بکەینەوە.



**مەحموود زامدار، تەها بابان، ئازاد عەبدولواحید**

**ڕامان:** تۆ ئیشارەتێکت دا وتت جاران، جاران دیارە لەژێر سایەی ڕژێمی بەعس، یان بەر لە ئەویش ئەم کوردە هەر چەوساوەتەوە، بەڵام بەهەقیقەت چەوسانەوەی تەواو دوای کودەتای شەست و هەشتە، لەژێر دەسەڵاتی مەلەکیشدا، یان لەژێر دەسەڵاتەکانی تریشدا هەر چەوساوەتەوە، ئەگەر بێینەوە سەر سەرەتای پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان و بیکەینە دووبەش، ئەوە دەبێ بڵێین: لەگەڵ هاتنی ئەم ڕژێمە خوێناوییە و دوای ئەویش تا دەگەینە ڕاپەڕین، وەک گوتت هونەرەکە هونەری قەزیە بووە، لەپەنجایەکانیش هەر هونەری قەزیە بوو، لەشەستەکانیش هەروا بوو، بەڵام لە حەفتاو دوای حەفتا قەزیەکە فراوانتر بووەوە، بۆیە پێمان باشە نموونە بێنینەوە، ئەگەر بیرت بکەوێتەوە ناوی هێما جوانەکانی ئەوکاتەو ناوی شانۆکاران و هونەرمەندە گەورەکان، ئەگەر بکرێ دەقیشت بیربکەوێتەوە دەقی پڕ لە هەڵوێستی ئەوکاتە پێمان چاکە؟

**تەها بابان:** لەحەقیقەتدا وەک وتم جۆرەکەی دەگۆڕێ، دیسانەوە تەوژم و تینەکەشی دەگۆڕێ، ئێستا ترسێک هەبێ ترسەکە کەم بێ نەختێ پێ هەڵدەگری، ترسەکە زۆربێ لەوانەیە ڕاکەیت، ترسەکە زۆرتر بێ لەوانەیە بکەویتە مەقاوەمەتێکی زۆرەوە، بۆیە بەپێی هەڵوێستەکەو ڕادەی توندوتیژییەکە دەگۆڕێ، ئەی ئەوە نییە دەڵێ: (لكل فعل رد فعل متساوي في القوة...) ئەم تیۆرە وابزانم هی نیوتنە، لەبەرئەوە لەوەو پێش ڕاستە چەوسانەوە هەبوو، لەزەمانی مەلەکییەتدا، یان لەزەمانی عەبدولکەریم قاسم-دا، بەڵام نەگەیشتبووە ئەم ڕادەیە، بۆیە هەمیشە کە جەنگەکە توند دەبێ، تۆش عەسکەری زیاتر دادەبەزێنی، ئەگەر نەتویست ڕاکەی عەسکەری زیاتری بۆ دادەبەزێنی.

**ڕامان:** کەواتە بچینەوە سەر پرسیارەکە ئەو سستی و لاوازییەی شانۆ کە ئێستا هەستی پێ دەکرێ و خەڵکیش زۆر گلەییان لێی هەیە بەوەی کاتێک بەراوردی دەکا بەپێش ڕاپەڕین، بەپێی بۆچوونی ئێوە هونەرمەندانی شانۆ لەم

قۆناغەی ئێستادا بەو حیسابە خەریکی پشوودان و حەسانەوەن؟

**تەها بابان:** نەک هەر هونەرمەندانی شانۆ، کۆمەڵگەکەشی ڕووی لەپشوودان و حەسانەوە کردووە، تۆ ئەگەر بێتو لەشەڕدا بیت، جۆرە چەکێکت بۆ دەهێنن، فیشەکت بۆ دەهێنن، بەڵام ئەگەر لەحاڵەتی پشوودان بووی، پەرداخێ شەربەتت بۆ دەهێنن، واتە بارودۆخەکە ئاوەژوو دەبێتەوە سەر ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش دەکرێن.

**ڕامان:** ئەگەر بکرێ هێما جوان و ئاشکراکانی ئەو دەورو زەمانەی لاوێتی خۆتمان بۆ باس بکەی؟

**تەها بابان:** ئەم بزاڤە هونەرییە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەری هەڵداوە، ئێستا دەق هەیە (دڵداری و نیشتمانپەروەری) کە (ئەلف. بێ. هەوری) نووسیویەتی بۆ ساڵەکانی بیست دەگەڕێتەوە، من هەر بیستووشمە کاتی خۆی بێکەس و کۆمەڵێ هونەرمەند تەمسیلیان کردووە، بەڵام گەورەترین وەرچەرخان لەهونەری شانۆدا، شانۆیی (لەڕێی تاجی پاشایی) بوو کە یەکەمجار لەساڵی (١٩٤٦)دا پێشکەش کرا، ئەم بەرهەمە لە چیرۆکی ساکار و نا هونەری و ئەم بابەتانە بازی دا بۆ چیرۆکێکی نیشتمانی جیهانی-سیاسی، چونکە ئەو (لەڕێی تاجی پاشایی) هی (فرانسۆ کۆپێ)یە، ئەمە خوالێخۆشبوو هونەرمەندی گەورەی کورد کە فیعلەن دەورێکی زۆری هەبوو لەگۆڕانکاری هونەری شانۆدا، مامۆستا ڕەفیق چالاک پێشکەشی کرد بە بۆنەی ئەو بوومەلەرزەیەی کە لە پێنجوێن ڕووی دا، بۆ ئەوەی پارە بۆ لێقەوماوانی ئەوێ کۆبکەنەوە. دەقەکەشی کە هەڵبژاردبوو تارادەیەک پێوەندی بە نیشتمانپەروەرییەوە هەبوو. ئەوە یەکەمجاریش بوو کە دەقێکی وا دوور و درێژ پێشکەش بکرێ، چونکە دەقی شانۆیی جاران گۆرانیشی لەپاڵ بوو، ئەمە هەر بەتایبەتی دەقێکی شانۆیی بوو کە خەڵکەکە بیبینن، کە فیعلەن دەنگێکی زۆری دایەوە، من ئەوکاتە منداڵ بووم نەچووم، بەڵام برا گەورەکەم چووبوو ئیتر هەر باس باسی ئەو دەقە بوو. ئەوە گۆڕانکارییەک، وەرچەرخانێک بوو لە ساڵی (١٩٤٦)دا. دوای ئەوە ئیتر وردە وردە دەقی تری بەدوادا هات، بەڵام بەشکڵێکی تر بەوەی کە ڕاستە بنچینەکەی دەقی بیانییە، بەڵام بەرگێکی کوردانەی بە بەردا کرد، یەکەم دەق بەهەمان شێوە لەسەر دەستی مامۆستا ڕەفیق چالاک پێشکەش کرا (پیسکەی تەرپیر) بوو کە لە (مولیر)ەوە وەری گرتبوو.

کە ئەویش دیسانەوە هەمان موقەویماتی تیابوو، بەڵام گۆڕانکارییەکە کورداندنی دەقەکە بوو کە هەنگاوێکی تر بوو، ئەمە سێهەم هەنگاو بوو، لەوەش گرنگتر یەکەمجار بوو کە دیکۆری بەرجەستە (مجسم) لە شانۆی کوردیدا بێتەکایەوە.

**ڕامان:** بەبیرت دێ کێ دیکۆرەکەی کردووە؟

**تەها بابان:** وابزانم جەمال بەختیار بوو.

**ڕامان:** تۆ ئەوکاتە تەمەنت چەند بوو؟

**تەها بابان:** من ئەوکات ساڵی (١٩٥٧) یەکەمساڵم بوو لەکولیەی حقووق،.

**ڕامان:** لەکوێی هونەری ئەو زەمانە بووی؟

**تەها بابان:** من ئەوکاتە بینەریش نەبووم، بەڵام تەمسیلی سەر شانۆی مەکتەبم کردبوو کە هی چالاکی قوتابخانەکان بوو، بەڵام لەدەقی ئاوادا بەشداریم نەکردبوو.

**ڕامان:** لەساڵی چەندەوە دەستت پێکرد؟

**تەها بابان:** ئەوکاتە لە پۆلی سێ بووم، دەتوانین بڵێین لەساڵی (١٩٥٢).

**ڕامان:** دەقەکەت لەبیرماوە؟

**تەها بابان:** ڕاستییەکەی دەقێکی عەرەبی بوو، مامۆستایەکمان هەبوو پێیان ئەوت (كمال الربعاوي) کە بە ڕەچەڵەک فەلەستینی بوو، شانۆییەکی شیعری دانابوو، من دەورێکم لەو شانۆییەدا بینی.

**ڕامان:** ساڵی (١٩٥٢)؟

**تەها بابان:** ساڵی (١٩٥٢) بەعەرەبی (فصحى) بوو لەوەوپێشیش دەور دەبینرا، بۆ نموونە هەر تەمسیلی (لەڕێی تاجی پاشایی)دا جارێکی تر کرایەوە، هەروەها (کلۆڵان) کە مامۆستا کامەران موکری دەوری تیابینی، هەروەها دەقێکی تر کە مامۆستا ئەحمەد هەردی تەرجەمەی کردبوو.

**ڕامان:** ناوی ئەم شانۆییە چی بوو؟

**تەها بابان:** مامۆستا ئەحمەد هەردی-ش وابزانم تەرجومەیەکی نوێی (لەڕێی تاجی پاشایی) هەبوو کە تەرجومەی نوێی ئەوە بوو. ئێمە منداڵ بووین دەوریان نەدەداینێ، ئەگینا من ئەو کاتە تەسەوڕم دەکرد لەزۆر لە ئەکتەرەکان جوانتر بتوانم ئەو دەورە ببینم، بەڵام وەک دەزانن لەقۆناغی هەرزەکاری دەوریان نەدەدا بە ئێمە، زلەکان بۆ خۆیان دەیانکرد، باشترین بەڵگەش ئەوەیە ئەوانەی لەو تەمسیلیانە بەشداربوون، هیچیان لەم دواییە نەبوون بەمومەسیلێکی پیشەیی واتە هەر کەفوکوڵی خۆدەرخستن و گەنجایەتی و لاوی و ئەو جۆرە شتانە بوو.

**ڕامان:** ئەمە بەر لە (١٩٥٨).. ئەی دوای شۆڕشی (١٤)ی تەمووز؟

**تەها بابان:** من پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز چوومە سەر شانۆ، ئێمە لەبەغدا جەمعیەتێکمان هەبوو سەر بە یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو، جەمعیەتەکە پێیان دەوت یانەی سەرکەوتن.

**ڕامان:** یانەی سەرکەوتنی کوردان ئەوەی مەعرووف جیاوک لەساڵی (١٩٣٠) لەبەغدا دامەزراند؟



تەها بابان – ١٩٥٥

**تەها بابان:** بێگومان.. بەڵام مەعرووف جیاوک نەمابوو، ئەوانەی کە گرتبوویانە دەست پیاوە گەورەکانی کوردی پەنجاکان بوون لەوانە: ڕەشید عالی قۆنتەراتچی و سەعید قەزاز خوا لێی خۆشبێ، واتە وەزیرەکانی ئەو سەردەمەی کورد، بابانەکان و کەریم زانستی خوا عافووی کا و نووسەر و هونەرمەندەکانی ئەو سەردەمە، هەروەها جەمعیەتێک هەبوو پێیان دەگوت (جەمعیەتی هونەر و ئاوازی کوردی) کە شەماڵ سائیبی تیا بوو (ئەحمەد نەی) تیابوو، باکووری تیابوو، نازانم بۆ باکووری، د. محەمەد نووری عارفی تیا بوو، فەتاح کەریم کاوەی تیا بوو، ئەمانە ئەم جەمعیەتەیان هەبوو. ئەوە بوو لەگەڵ ئاهەنگێکی گۆرانی و تەمسیلدا کە دوو شەوی خایاند بۆ پەیداکردنی دەرامەت بۆ یانەی سەرکەوتن تەمسیلیەکیان کرد لە تەمسیلیەکەی کە لەگەڵ گۆرانیدابوو من بۆ یەکەمجار چوومە سەر شانۆ، کە بۆ دووەمین جارە لەهۆڵی گەل کە پێشتر هۆڵی مەلیک فەیسەڵ بوو کە لەم دواییە پێیان دەوت هۆڵی گەل، وابزانم ئەوە یەکەم تەمسیلی بوو کە کورد لەناوچەکانی عەرەبیدا کردبێتی، کە شانۆییەک بوو لەبارەی ژیانی قوتابیان کە چۆن هەندێکی جدییە و دەخوێنێ و هەندێکیشیان لادەدەن و ئینحراف دەکەن لەبەر خاتری ڕابواردن و سینەماو ئەو بابەتانە، ئەوە یەکەم تەمسیلی بوو کە بە کوردی کردبێتم لەهۆڵی شارێکی عەرەبیدا، بەڵام جەماوەرەکەی بێگومان هەموویان کوردبوون، ئەو تەمسیلیە بۆ منی ئیسپات کرد بەپێی تەئسیرم لەسەر بینەران کە تارادەیەک بەهرەی تەمسیلم هەیە و ئەدایەکی سروشتی و تەعبیرێکی وا کە تەکەلوفی تیانەبێ، ئەمەش وای کرد من زۆر سەرنجی هونەرمەند ئەحمەد دەنگ گەورە ڕابکێشم کە دەرهێنەری تەمسیلەکە بوو، داوام لێبکا لەتیپی بێکەسی ئێزگەیی بەشداری بکەم، ئەو کاتە من قوتابی بووم لەکولیە لەپۆلی چوار بووم، لەدواییشدا لەپاش کولیە بوومە ئیحتیات و وەک سەربازێ لەبەغدا هەمیشە دەچووم بۆ ئێزگە، لەوێ هەندێکی نووسینی ئەوان و هەندێکیشی نووسینی خۆم بوو، بەعزێکیشی نووسینی ڕەفیق چالاک بوو کە لە پەنجاکاندا پێشکەشی دەکردن.

**ڕامان:** ئەمە ڕێک ساڵی چەند بوو؟

**تەها بابان:** ئەمە ڕێک ساڵی (١٩٥٨-١٩٥٩) بوو دوای ئەوە ئیتر هاتمەوە بۆ سلێمانی، شۆڕشی (١٤)ی تەمووز بوو، ئێمە یەکەم دەزگای هونەریی کە لەکوردستانا بووە و دروست بووبێ (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان) بوو کە دوو هونەرمەندی گەورەمان دەوری تیا دی ئەوانیش مامۆستا ڕەفیق چالاک لەگەڵ نووری وەشتی بوون، بەڵام بەهۆی ڕابردووی مامۆستا ڕەفیق لەگەڵ حزبی شیوعی عیراقیدا، بێگومان ئەوکاتەش کە حزبی شیوعی زۆر نزیک بوو لە دەسەڵات، ئیتر ئەو نەیتوانی بەردەوام بێ، ئەوکاتە ئەو سەرۆکی بوو نەیتوانی سەرۆکایەتی بکا، لەکۆبوونەوەیەکدا لەساڵی (١٩٦١) منیان بەسەرۆکی هونەرە جوانەکان هەڵبژارد.

**ڕامان:** ئەوکاتەی تۆ سەرۆک بووی دەوری ئەو کۆمەڵەیە لە پێشخستنی هونەری شانۆیی و هونەر بەگشتی لە شاری سلێمانی چی بوو؟

**تەها بابان:** بێگومان کۆمەڵی هونەرەجوانەکان تەنیا بۆ تەمسیل نەبوو، بۆ هونەری تریش بوو، بەگشتی تیپیشمان هەبوو لە ئاهەنگەکاندا دەهاتن، مامۆستا قادر دیلان و ولیەم یۆحەنناو نەجاتی عەبدەو حاتەم سەعیدو ئەمانە هەموویان بەشدارییان دەکرد کە تا ئەوکاتە شانۆ خۆی نەگرتبوو بەتەنیا جەماوەرێکی سەربەخۆی هەبێ و بتوانێ هەر بۆ خۆی بێ، ناچاربوون گۆرانی و ئەوشتانەشی لەگەڵدا بێ، بێگومان ئێمە دەستمان کردەوە بە پێشکەشکردنی شانۆگەری، بەڵام زۆربەی ئەوشانۆگەرییانەی ئەوکاتە پێشکەشمان کردن لەژێر کاریگەریی ئەو چەوسانەوەیە دەکرا کە گەلانی عێراق دیبوویان کە چۆن بەچواردەی تەمووز ڕزگارمان بوو، لەدواییشدا دەرکەوت کە نەک ڕزگارمان نەبوو، بەڵکو دووچاری زوڵمێکی زۆر و لێدان بووین. گرنگترین دەقێک کە پێشکەشمان کردبێ لەو زەمانەی کە سەرۆک بووم، پێنج-شەش دەقمان پێشکەش کرد، ئەوەی لەهەموویان بەهێزتر بوو (بووکی ژێردەواری ڕەش)ی ئەلف بێ هەوری بوو، کە بیرۆکەکەی و داڕشتنەکەی هی ڕەفیق چالاک بوو، دوای ئەوەی ئەو کەفوکوڵە نیشتەوە ئێمە هەمیشە موعتەریف بووین بەوەی کە مامۆستامان هەبوو، کە ئەویش مامۆستا ڕەفیق چالاک بوو، بەڵام چی بکەین زرووفەکە وای هێنابووە پێشەوە وردە وردە هێنامانەوە، بەڵام نەک بەسیفەتی سەرۆک، بەڵکو بەسیفەتی هونەرمەند، ئیتر ئەو دەقە چیرۆکەکەی ڕووداوێکە، بەڵام زۆر هونەری و جوان داڕێشت کە تەعبیر لەو سەردەمە

بکا وەک ئەوەی چۆن بێگانە شەڕ بەکورد دەفرۆشێ و دەڵێ دەبێ ڕەوبکەن و چۆن لالە سەرحەد کە لە تیرەی ڕوغزاییی-یە نایکاو چۆن هەندێ لە تیرەکە دەچنە پاڵ دوژمنەوە، لەهەمان کاتیشدا دڵدارییەکی زۆر گەرموگوڕی تێدابوو، هەر بەو ئسلووبە زۆر جوانەی مامۆستا ڕەفیقیش کە شتێک بوو لەنێوان پەخشان و شیعر جارێکی کەش دیسانەوە هەر (پیسکەی تەڕ پیر)مان کردەوە. هەروەها (تاوانێک لە ئاسمانەوە) ئامادەکردنی من بوو بۆ سەر شانۆ.

**ڕامان:** لەچییەوە ئامادەت کردبوو؟

**تەها بابان:** لەتۆفیق ئەلحەکیمەوە، ئەوانە لەگەڵ ئەو دەقانەش کە عەرزم کردن، هەروەها دەقی هەزەلیمان پێشکەش دەکرد، دیسانەوە تەمسیلی کۆمەڵایەتیمان دەکرد تا شۆڕشی یازدەی ئەیلوول هاتە پێشەوە ئیتر هەموو شتێ وەستا.

**ڕامان:** کە وەستا ئەو ماوەیە تا گەیشتینە یازدەی ئادار هیچ کرا؟

**تەها بابان:** نەخێر هیچ نەکرا.

**ڕامان:** کەواتە تاریکستان بوو؟

**تەها بابان:** تاریکستان بوو.

**ڕامان:** بزاڤی شانۆ لەسلێمانی پێشکەوتووترە وەک لە شوێنی تر، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر وەک مێژووی شانۆ، سەرەتاو دەسپێک دەست نیشان بکەی، شانۆیەک کە بەدیکۆر کرابێ و ڕووناکی و تەمسیل و دەرهێنانی تێدابووبێ و لەعەفەویەت دەرچووبێ بەڕای تۆ چ مێژوویەکی بۆ دەستنیشان دەکەی؟

**تەها بابان:** ساڵی (١٩٤٦) لە (لەڕێی تاجی پاشایی)دا دوای ئەوە ساڵی (١٩٥٧)، (پیسکەی تەڕپیر) ئەم دوو تەمسیلیە بەڕاستی زۆر گۆڕانکاری تیا بوو، یەکەم شت دەقەکە دوور و درێژ بوو، نەک کورت و پچڕپچڕ.. دووەم هەر بەتایبەتی تەمسیلیەکە بوو بەبێ ئاهەنگی گۆرانی، ئینجا دیکۆر و دیکۆری موجەسەم، لەهەمان کاتا مۆسیقای تەسویری و تاد.. تێدا بوو.

**ڕامان:** دەرهێنان، یان بابڵێین ڕێنمایی دەرهێنان هەبوو؟

**تەها بابان:** بێگومان دەبێ ئێوە لەبیرتان نەچێ ئەم دوو دەقە هەردووکی هی مامۆستا ڕەفیق چالاک بوو، مامۆستا ڕەفیق چالاک لەسنووری کوردستان و سلێمانی چووبووە دەرەوە، ماوەیەکی زۆر لە یافا بوو، من ئێستاش زۆر شتم لەبیرە کە بۆی دەگێڕامەوە، بەتایبەتی لەبارەی ئەفلام و شانۆگەری، هەر ئەوە نەبوو کارەکان هی یافا بووبێ، بەڵکو تیپی تری لەدەرەوە بۆ دەهات کە لەوێ نمایشیان دەکرد، ئەوکاتە ڕاستە جوولەکە نەببوو بەحکومەت، بەڵام لەهەمان کاتدا وەک قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو لەوێ هەبوو، لەبەر ئەوە ئەوەی بۆی دەگێڕاینەوە شتێکی زۆر عەجیب بوو، واتە زۆر جیاوازی هەبوو، ئینسان دەبێ واقیع قسە بکا، چونکە لە هیچ ناتوانرێ هیچ بکرێ، بەڵام ئەم پیاوە خیبرەیەکی هەبوو، بۆیە کە هاتەوە کوردستان توانی ئەم هەموو گۆڕانکارییە لەشانۆدا بەرپا بکا.

**ڕامان:** ئێستا دەرکەوت کە مامۆستا ڕەفیق چالاک وەرچەرخانێکی هونەریی بووە لەبواری شانۆ و زۆر لە هونەرەکانی تریش، کاریگەری ئەو هونەرمەندە لەسەر تۆ و برادەرانی هاوتەمەنی تۆ چی بوو؟

**تەها بابان:** کام دوژمنی مامۆستا ڕەفیق چالاک هەیە دان بەوەدا دەنێت، مەگەر ئەڵڵاهومە دوژمنێکی سیاسی ئەو بێ! ئەمانە کە بڵێین مێشک وشکن ئینکاری ئەوە بکەن، ئەگینا وەک هونەرمەندان و نووسەران ئێمە بەئیمامی خۆمانی دەزانین ئەگەر کافرێکیش بێت.

**ڕامان:** تۆ چی لێ فێر بوویت لەبواری هونەری شانۆ، ئەو داو ونەریتەی لێی فێربووی و ئەو لەشانۆ جێگیری کرد چی بوو؟

**تەها بابان:** بێگومان دەبێ بزانن ئەو جەمعیەتەی مامۆستا ڕەفیق چالاک و نووری وەشتی دایان نا ئەوە نەبوایە لە یازدەی ئاداردا لەپڕێکدا کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دروست نەدەبوو، کەوابوو باگراوەندو شارەزایی و کەڵەکەبوونی شارەزایی زۆر گرنگە، بۆیە ئەوان لەوەوپێش ئەو هەموو جەمعیەت و شتانەیان دیبوو، ئەگینا نەدەتوانرا لەپڕێکدا ئەو کارانە بکەن و یەکێک بەبیریدا بێ جەمعیەت دروست بکاو بیربکاتەوە و بڵێ وەختی خۆی ئێمە جەمعیەتێکمان هەبوو، لەناوچوو با سەرلەنوێ دروستی بکەینەوە.

**ڕامان:** لەو ماوەیەدا مامۆستایان تەها خەلیل و عومەر عەلی ئەمین و ئەمانە لەگەڵ ئێوە بوون؟

**تەها بابان:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەم ساڵانەی دوایی دەرکەوتووە بەشێکی زۆری ژیانی خۆت تەرخان کردووە بۆ کۆکردنەوەی دیکۆمێنت لەبارەی ئەو کارەساتە تراژیدیانەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، چ بەزمانی عەرەبی کە بە شێوەی کتێب چاپتان کردووە، یان ئەوەی ئەم دواییە کە لەبارەی کارەساتی بۆردومانی شاری قەڵادزێ نووسیوتە، ئایا بیرت لەوە نەکردۆتەوە وەک خۆت ئاماژەت پێدا لەبارەی ڕۆڵی هونەرمەندی پێشەنگ مامۆستا ڕەفیق چالاک بەهەمان شێوە کتێبێکی فراوان لەبارەی ژیان و ڕۆڵی هونەریی ئەو هونەرمەندە لەشاری سلێمانی بڵاوبکەیتەوە؟

**تەها بابان:** من یاداشتی هونەریم هەیە، یەکەمجار چ دەقێکم دیوە و چۆن ئەم هونەرە چۆتە دڵمەوە، چونکە من لەوە

**من یەکەم کەس بووم هەڵگری باوەڕنامەی دانیشگابم و تەمسیلی کردبێ، چونکە هونەری کوردی زۆر بە سووک سەیر دەکرا**

پێش پێشانگای ڕەسمم دیبوو، وەرزشم دیبوو، زۆر جۆرە چالاکی ترم دیبوو، کەچی هەستم نەدەکرد دەمجولێنێ و تەجاوبێکم لەگەڵیان نەبوو، تا لەساڵی (١٩٤٨) کە تەمسیلی هاملێت-م لەسلێمانی بینی، کە قوتابییەکان نمایشیان دەکرد، بەڵام زۆر سەیرە ئێستاش دوای ئەوەی ئەم شارەزاییەم پەیدا کردووە، دەبینم ئەو تەمسیلیە لە ئاستێکی هونەریی زۆر بەرزدابوو.

**ڕامان:** هاملێت؟

**تەها بابان:** بەڵێ.. جلوبەرگیان، جوولانەوەیان، دەقەکەیان، دیکۆرەکەی.. بەڵام ئەوکاتەش دیکۆر وەک وتم هەر (مسطح) بوو و لەدواوە باگراوندێک دادەنرا، بەڵام لەزۆر لایەنی ترەوە وەک لە یاداشتنامەکەمدا نووسیومە زۆر بەشوێن دەرهێنەری ئەو تەمسیلیەدا گەڕام تا بزانم چۆن لەو ماوەیەدا توانیویانە تەمسیلیەکی وا کامڵ بکەن، سەیرم کرد هەرچەندە دەیانوت ئەمە هی خۆمانە، بەڵام من لەو بڕوایەدا نەبووم و زیاتر بۆ ئەوە دەچووم موعەلیمێکمان هەبوو پێیان دەوت (سالح چاوشین) عەرەب بوو من وا دەزانم تەمسیلیەکە لە دەرهێنانی ئەوبێ، ئەو خیبرەی بەغدای هەبوو.

**ڕامان:** لەسلێمانی ناویان لێنابوو چاوشین؟

**تەها بابان:** بەڵێ چونکە چاوی شین بوو، مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، خەڵکی بەعقووبە بوو، لەوە دەچوو لەبەغدا کاتێک کە قوتابی بووە ئەم بەرهەمە هونەرییانەی دیبێ، کاتێ هاتە سلێمانی جێبەجێی کرد، ئەگینا لەو بڕوایەدا نەبووم یەکێک ئەو هەموو جلانە کە هی ئەو سەردەمە بێ و بەو جوولانەوە و لایەنە هونەریانەوە شارەزای هونەری شانۆش نەبێ، ئیتر کە ئەو تەمسیلیەم دی بەڕاستی هەستم کرد کە خوا منی بۆ ئەم هونەرە داناوە.

**ڕامان:** لەم شانۆگەرییەدا ئەکتەرەکان سەرنجیان ڕاکێشای، یان دەقەکە؟

**تەها بابان:** دەقەکەش و ئەکتەرەکانیش، تەنانەت ڕووناکی و جل و بەرگیان سەرنجیان ڕاکێشام، لەئەکتەرەکان ئەوانەی لەبیرم مابن، ئەمانەی خوارەوە بوون، مامۆستا ڕۆبێن کە مامۆستایەکی مەسیحی بوو.

**ڕامان:** ڕۆبێن کێ؟

**تەها بابان:** ڕۆبێن ئۆفیک، ئەمە دەوری پاشای دەبینی، مامۆستا ئەمین شەوکەت خواعافووی کا دەوری (هاملێت)ی دەبینی.. نەوەڵڵا (قادر دیلان) دەوری هاملێت-ی دەبینی، مامۆستا ئەمین شەوکەوت دەوری برای ئۆفیلیای دەبینی کە دژی هاملێت بوو و نەیدەویست بۆی ببێ، بڵێین کێ دەوری ئۆفیلیای دەبینی؟ دارا تۆفیق، ڕەحمەتی خوای لێبێ، جا زۆر جوان بوو بە منداڵی و کاتێک گەنج بوو، کێ دەوری دایکی ئۆفیلیا، یان باوکی ژنەکەی دەبینی، کوڕێک هەبوو ناوی ئەحمەد بوو.

**ڕامان:** ئەحمەد عەبدوڵڵا؟

**تەها بابان:** وابزانم ئەحمەد عەبدوڵڵا بوو.

**ڕامان:** ئەو دیکۆرەی جەنابت باسی دەکەی بەئیعازی دەرهێنەر کراوە، یان ڕەسامەکانی وەک ئەنوەر تۆفی و جەمال بەختیار خۆیان بە بیر و خەیاڵی خۆیان کردوویانە.

**تەها بابان:** ئەو وەختە بەعەقڵم ئەنوەر تۆفی وجودی نەبوو.

**ڕامان:** بەتەنیا جەمال بەختیار هەبوو؟

**تەها بابان:** تەنیا جەمال بەختیار بوو.

**ڕامان:** واتە لەزادەی خەیاڵی خۆی شتی دەکرد؟

**تەها بابان:** نا.. نا بەپێی تێگەیشتن و ئیستیعاب بوو، ئێستا باش بیرم دێ وێنەی دەرگایەکی شیشی هەبوو، وەک هی کۆشکەکانی زەمانی ئینگلتەرەی کۆن، واتە هەر لەخۆوە نەبوو بڵێین لەخۆوە بیکا، دەبوایە لەگەڵ دەقەکەدا بگونجێ، دیسان هەر لەو ماوەیەدا تەمسیلیەکی تر کرا کە مامۆستایەکی کۆیی کردی، مامۆستا ئەحمەد- یان پێدەوت.. (بوونە خەلیفە بەخەیاڵ) کە چیرۆکەکەی لە قەرائەت و بەرنامەی خوێندندا هەبوو، چۆن سوڵتان ویستوویەتی ڕابوێرێ و کوڕێکی سواڵکەری هێناوە جلوبەرگەکەیان گۆڕیوە بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، موخەدیریان داوەتێ یان چی، کاتێ هاتۆتەوە هۆش خۆی لەکۆشکێکدایە کە هەمووی ڕاقیسات و ئەم بابەتانەیە، ئینجا لە دواییدا دەیباتەوە شوێنی خۆی.

**ڕامان:** پرسیارەکە ئەوەبوو بۆچی ئەو مێژووەی لەزاکیرەتدایە ناینووسیتەوە؟

**تەها بابان:** ئەم شتانە لەوەوە هاتووە کە من بینەر بووم، نەک ئەکتەر، باسی سەرجەم ئەو تەمسیلیانەم لەیاداشتە هونەرییەکەمدا کردووە کە دیومە، پێش ئەوەی خۆم بچمە سەر شانۆ، دوای ئەوە باسی کۆمەڵی هونەرەجوانەکان دەکەم و باسی بەرهەمەکان دەکەم و باسی ئەو دوو هونەرمەندە گەورەیە دەکەم کە بەردی بناغەی دامەزراندنی هونەری کوردییان بۆ دانایین.

**ڕامان:** مامۆستا ڕەفیق چالاک و کێی تر؟

**تەها بابان:** مامۆستا نووری وەشتی کە وەسفیان دەکەم هەر یەکێکیان شەخسیەتی چۆن بوو؟ دەرهێنان لەو سەردەمەدا چۆن بوو؟ ئەکتەر تا چ ڕادەیەک خۆی بەدەقەوە دەبەستەوە؟ یان خۆی بەڕێنماییەکانی دەرهێنەرەوە دەبەستەوە، چونکە

زۆرجار ئەکتەر لەو ڕێنماییانە دەردەچوو، جا من لەمەدا حەقیشی دەدەمێ، چونکە لەوانە بوو من کە دەرهێنەرم هەر بەقەدەر ئەوم لێزانیبێ، تا نەوەی داهاتوو هاتن و دەرچووانی ئەکادیمی و هونەرەجوانەکانی بەغدا پێگەیشتن و هونەری تازەی شانۆیان بۆ هێنایین.

**ڕامان:** کێ بوون ئەوانەی دوای ئێوە هاتن؟

**تەها بابان:** وەڵڵاهی، بەبیرم نایەن، بەڵام ئەوەندە دەزانم مامۆستا ئەحمەد سالارو ئەوانە، وابزانم کاک تەهاش دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە، تەها خەلیل و ئەمانە؟ نازانم خیبرەکەی لەکوێوە هێنابوو ئەویش دیسانەوە هەر دەوری هەبوو لەبزووتنەوەی شانۆدا.

**ڕامان:** پێش ئەوەی ئەم برادەرانەی ئەکادیمیاو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بابڵێین لەڕووی شارەزایی ئەکادیمییەوە پرەنسیپەکانی دەرهێنان لەسەر هەندێ دەق جێبەجێ بکەن، ئایا ئەوان پێشتر ئەو کارەیان دەکرد؟ ئەو دەرهێنانەیان هەر گوێزانەوە بوو؟ ئایا پلانی دەرهێنانەکەیان نەقڵ کردن بوو؟ یان ئەوەتا خۆیان لە ئەنجامی مومارەسەو خوێندنەوە و شارەزاییان تیا هێنابوو؟

**تەها بابان:** دوو سەرچاوەمان هەبوو، یەکێکیان فیلمی میسری، دووەم فیلمەکانی هۆلیوود، ئەودوو سەرچاوەیە، بۆ نموونە کەسێکی وەک من ژمارەیەکی زۆرم فیلمی ئەمەریکی دیبوو، ژمارەیەکی زۆر گەورە فیلمی میسری-م دیبوو.

**ڕامان:** لەسینەماکانی بەغداو سلێمانی؟

**تەها بابان:** بەڵێ بێگومان، بەتایبەتی ئەوکاتەی قوتابی بووم لەکولیە، ئەو وەختە چەرخی زێڕینی هۆلیوود بوو، چاکترین دەرهێنەرو ئەکتەری پیاو و ئافرەت و دەقی خاوەن پەیام لەو زەمانەدا هەبوو، بتەوێ و نەتەوێ کەم و زۆر لێوەی فێردەبی، من هەوڵیشم داوە لەو دەقە بیانیانە سوود وەربگرم.

بۆ نموونە من یەک حەقیقەتم فەرق پێکردبوو، لە شانۆگەری کوردیدا ئەویش ئەوەبوو کە تەنانەت دەقە تەلەفزیۆنییەکانی سالآنی حەفتاکان بینەران لەگەڵی ئیندماج ناکاو لەگەڵ ڕووداوەکانا تێکەڵ نابێ، چونکە دەزانێ ئەمە کارێکی تەمسیلی و دەسکردە، لەکاتێکدا من کە دەقی فیلمەکانی هۆلیوودم دەبینی، قارەمانەکە دەکەوتە خەتەرەوە تۆش دڵت دەلەرزی، پێ بەپێ تۆش لەگەڵیا هەموو دەمارەکانت گرژ دەبوو، نەتدەزانی ئەمە دەقێکی دروستکراوە! وات دەزانی ئەمە ڕووداوێکی سروشتییە و خۆشتی لەگەڵدای. ئینجا دەگەڕام بۆ ئەوەی بزانم ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە، سەیرم کرد ئەمە بۆ زۆر شت دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** باشە ئەی لەبواری خوێندنەوە و کتێب و گۆڤار چی؟

**تەها بابان:** بەڵێ ئەوکاتە هەندێ گۆڤاری هونەری هەبوو، بەتایبەتی من ئەوکاتە نەک وەک دیراسە باشتەکە نەبێ بەموبالەغە، چەند گۆڤارێکم پەیدا دەکردو لەبازاڕ دەمکڕین وەک پیکچەر بۆیر، پیکچەر شۆز، سکیرپلێ، ئەمانە کە چالاکییەکانی هۆلیوودی تیا بوو، بۆ نموونە دەمزانی فیلمی فلان چەند ئەستێرەی وەرگرتووە، خۆی پێنج ئەستێرە بوو، فیلمی لاواز هەبوو، ناوەندی هەبوو، چاک هەبوو، واتە کە دەچووم فیلمێک لەپێشدا لەو گۆڤارانەدا خوێندبوومەوە کە ئەم فیلمە چییەو چی نییە، لە سەیرکردنیشیاندا ئەو حەقیقەتەم بۆ دەرکەوتبوو، من دەمزانی چۆن ئەم کەموکوڕییە لەشانۆگەری کوردیدا چاک بکەین، سەیرم کرد ئەمە بۆ زۆر شتی وا دەگەڕێتەوە کە لەتوانای مندا نییە بیکەم، یەک دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکەی، دەقەکەی ئەوەندە بەهێزە تۆ هەست دەکەی ڕووداوێکی تیرۆتەسەلە.. دووەم بۆ تەقەنیات دەگەڕێتەوە، تەقەنیاتێکی زۆر بەرز لەجلوبەرگ و لە دیکۆردا، لە مۆسیقای تەسویریدا، لەتەمسیلەکەدا، من سەیرم کرد ئەوەی کە بتوانم گۆڕانکاری تیا بکەم تەمسیلەکەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر هەر کەسێ تەمسیلیەکانی من ببینێ، هەست دەکا تەمسیل نییە. ئەوە جارێکیان دۆستێکی خۆشەویست وتی تەمسیلیەکانی کاک تەها بۆیە خۆشن، چونکە لە تەمسیل ناچن، ئەو ئاوا تەعبیری کرد.

**ڕامان:** ئەوە مەبەستی تەسەنوع کردنە؟

**تەها بابان:** فیعلەن من توانیم لە تەمسیلی (گریان) هەروەها لە تەمسیلی (ئیتر تووڕە نابم)دا.

**ڕامان:** ئەمانە هەردووکی هی خۆت بوون؟

**تەها بابان:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەوانە ئەکتەر بووی، یان دەرهێنەر؟

**تەها بابان:** نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەریش بووم، واتە توانیم خەڵک بهێنمە گریان. دکتۆر کەمال عەبدوڵڵا ناجی گوتی لەکاتی ئەو تەمسیلیەدا چەند تەلەفۆنێکیان بۆ کردم، وتم بڵێن لێرە نییە بۆ ئەوەی لەکیسم نەچێ، چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەبێ و نازانم چی، ئەوەیان توانیم تاڕادەیەک لە ڕووی دەقیشەوە دەمزانی دەقی تێر چۆن دەنووسرێ بۆ ئەوەی ئەو ئیندیماجە دروست بکەی، ئەگەر دەقەکە شاش بێ و هەڵوەشاوە بێ ئەوە هیچ، لەدواییدا هەستم دەکرد کە دەقەکانی پێش من پەرشوبڵاو دەبێتەوە، لەکاتێکدا لەدەقەکانی هۆلیوود یەک خەتی سەرەکی هەیە لەسەری دەڕوا، هەچ بڵاوبوونەوەیەک دەبێ خزمەتی ئەو بڕبڕە پشتە بکا، لەگەڵ بوو بە ڕووداوێکی سەربەخۆ دەیقرتێنن، زۆر شتی وردم بۆ ڕوون بووەوە، یەکێک لەوانە (گوێزانەوە - انتقالات) ئێستا خەریکە دەبێ بەباو، بەڵام ئەوکاتە شتێکی تازەبوو، لە تەمسیلی (گریان)دا کوڕەکە بۆ باوکەکەی دەگێڕایەوە و باوکەکەش بۆ کوڕەکەی دەگێڕایەوەو دەیوت: مامێکم هەبوو هەمیشە سەرخۆش بوو، باسی باوکی دەکرد کە زۆر

خـــواپەرست بـووە، بەڵام زۆر دڵڕەق و لەژێر تەئسـیـــری باوەژنەکەی دابووە و ئەمی چەوساندۆتەوە، یان بەتەنگییەوە نەهاتووە، بەڵام مامێکی هەبووە کە سەرخۆش بووە، پاشان ڕەحـمی بەو کـوڕەدا هاتووەتەوە ئینجـا دەڵێ چی، دەڵێ مامیشم کە دەهات بە لارە لارەوە تەنیا یەک مقامی دەزانی ئەویش: سـاقی بۆم تێکە جـامـێک شـەڕابی نازانم چی، بەکوڕەکە دەڵێ ئێستـا بۆت دەڵێم، کە دەیڵێ یەکسەر لەگۆرانییەکەوە دەچێتە سەر مامی کە گۆرانییەکە دەڵێ، سەیری ئەم ئینتیـقـالەیە بکەن، ئەوە لە ئەوروپاییەکانەوە فێربووین.

**ڕامان:** ئەم دوو دەقە ڕێک لەچ ساڵێکە؟

**تەها بابان:** وابزانم (١٩٧٧)بوو، ڕەفیقێکم هەبوو عەلی کـەریم-ی ناو بوو لە قـۆناغی ناوەندی و دواناوەندی زۆر لەیەک نزیک بووین. هیوایەتی ئەویش وەک من هۆلیوود بوو، هەمان شت ئەو گۆڤارانەمان لەکاتی خۆیدا لەکەرکوک دەکڕی، چونکە ئینگلیزەکان لەوێ بوون.

**ڕامان:** لەکۆمپانیای نەوت بوون؟

**تەها بابان:** کتێبخانە هەبوو دەیفرۆشت یان ژمارەی کۆنیان بەنرخێکی گونجاو دەفرۆشت.

**ڕامان:** ئەی نهێنی ئەم ئینگلیزییە پوختەت لەکوێیە؟

**تەها بابان:** من لە پەیمانگای ئەمەریکی ئینگلیزیم خوێند، ڕووداوەکە زۆر سەیر بوو، ڕۆژێک کاک عەلی کەریم کە لە دواییدا لەڕووسیای ئێستا بوو بە دکتۆر لە جوگرافیا لەو ماوەیەدا دەقێکی شانۆیی بۆ ناردم وتی تەها وەرە شتێکی سەیرم دۆزیوەتەوە، وتم چی؟ وتی ئەمە ژمارەی دە ساڵ لەمەوپێشی گۆڤاری پیکچەر بۆیر نییە؟ وتی بەڵێ... وتی ئەمە فیلمی فڵانە؟ وتم ئا. وتی چەندی داوەتێ وتم چەند؟ وتی دوو ئەستێرە واتە (ویک)، ئەمە ژمارەی دوای ئەوە نییە دە ساڵە پێشتر وتی سەیریکە ڕەخنەگرەکە پێنجی داوەتێ (ئێکسلاند) ئەمەیان (ویک) ئاخر جیاوازی نێوان (ویک) و (ئێکسلاند) زۆرە، هاتین بەهەردوو لامان کاغەزێکمان بۆ پیکچەر بۆیر نووسی و نووسیمان ئێمە لە گۆڤارەکەی ئێوەدا شتێکی ئاوا سەیرمان دیوە، کەی مەنتیقە ئەوە ئاوابێ؟ نەختێکیش بەهۆی مامۆستای زمانی ئینگلیزییەوە دەستمان بەنامەکەدا هێنا، نووسیمان ئەمە کارێکی وا دەکا کەس بڕوای بە تەقدیراتەکانی ئێوە نەبێ، لەم هەڵسەنگاندنەدا کاغەز ڕۆیی کە ئەو کاتە پۆستە زۆر گرنگ بوو، هیچی تیا ون نەدەبوو، دوای شەش مانگ وەڵامەکەمان بۆ هاتەوە، چی بنووسن؟ دەڵێ لەسەر نەخشە سەیرمان کرد تا بزانین ئەو وڵاتەی ئێوە لێتانەوە نووسیوە کەوتۆتە کوێوە؟ کە سەیرمان کرد زۆر دڵمان خۆشبوو (پیکچەر بۆیر) بگاتە شوێنێکی ئاواو هی وا هەبێ کە بەدیقەت نامەمان بۆ بنووسێ، ئێمە زۆر



تەها بابان لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا – ١٩٨٢

داوای لێبووردن دەکەین، ئەو ڕەخنەگرەی کە کاتی خۆی ئەم ڕەخنەیەی نووسیوە غەیری ئەم ڕەخنەگرەیە کە ئێستا عەرزی دووەمی بۆ کردووە، وەک ڕێزلێنان بۆ ئەم سەرنجەتان ئەوا شەش مانگ ژمارەی (پیکچەر بۆیر)تان بەخۆڕایی بۆ دەنێرین. ئەمە ساڵی (١٩٥٤)، جا بزانن ئەو کاتە قوتابی ئەو زەمانە چەند زیندوو بوو، ئێستا کێ دوای ئەم شتانە دەکەوێ؟

ئینجا ئەوەم لەوەوە هێنا کە ئەم هۆلیوودە یارمەتی زۆری دام، لە زۆر شتی وردبوومەوە، بۆ نموونە چیرۆکی (ئیتر تووڕەنابم) بۆچی خـەڵکی هێنایە گـریـان؟ چونکە تەمسیلییەکەی خۆشم سروشتی بوو، کوڕەکەشم هەر سروشتی بوو، من لەگەڵ هەچ ئەکتەرێکدا دەورم بینیبێ تا خاوم نەکردبێتەوە مەحاڵە یەک زەڕە گرژی لەجووڵانەوەکانیدا بووبێ، یان لە قسەکردنیا بووبێ وەرم نەگرتووە، ئەوە وایکرد کە ئێمە خەڵاتی یەکەمی شانۆی لادێ لەسەر ئاستی عێراق لە (١٩٧٣) وەرگرین، چونکە سەیریان کرد ئەم تەمسیلییە سروشتییە لەوە ناچێ کە ئێمە خیبرەو ڕابردوومان لەبواری شانۆدا نەبێ.. ئەوەی کە هێنامەوە لە شانۆیی (ئیتر تووڕە نابم) کە لەدەرگا دەدەم کوڕەکە هەموو یارییەکان دەشارێتەوە، ئەگەر هەمووی شاردەوەو هات دەرگاکەی کردەوە ئەمە زۆر سروشتی نابێ، بەڵام چۆنە کاتێک کە دەگاتە سەر دەگاکە سەیر دەکا پارچەیەکی لێ بەجێماوە، خێرا بگەڕێتەوە، ئەوە دیمەنێکی سروشتی بەدەقەکە دەدا، بارێکی سروشتی بەجووڵانەوەکان دەدا، وەک بڵێی ئەمە شتێکی واقیعییە، ئەگینا ئەگەر ئەوە نەبێ و هەمووی کۆبکاتەوە دەڵێ ئەمە ڕێنماییە و بۆی دەرچووە، ئێستا هەست دەکەم تەمسیلییەی کوردی بەرەو ئەو تەمسیلیە سروشتییە دەڕوا و لە زۆر لەخۆ کردن دەردەچێ، هەرچەندە کەمێکیش هەرماوە.

**ڕامان:** تۆ دەقت نووسیوە، خەریکی تەمسیلیش بوویت و کاری دەرهێنانیشت کردووە، لەم سیانە زیاتر کامەیان بە تۆ ئاشنایە و زیاتر حەزت لێیەتی؟

**تەها بابان:** من ئێستا وەرگێرم و کتێبم وەرگێڕاوە، چیرۆک بەکوردی دەنووسم و کتێبم بەزمانی عەرەبی هەیە و لێکۆڵینەوە دەنووسم و کابرایەکی بڵێین یاسایی و حاکم و یاساناسم، بەڵام هەر چەند بیردەکەمەوە شتێک کە بتوانم زۆر تێیدا بەهێزبم و بتوانم نەختێ خۆمی پێوە هەڵکێشم و بەشارەزایی و لێهاتوویی بیکەم، هەر تەمسیل و هەر ئەکتەرییەکەیە.

**ڕامان:** بەلای جەنابتەوە، دەق یان دەرهێنەر، یان ئەکتەر یان هەرسێکیان، کامەیان بەلای ئێوەوە لەنمایشێکدا گرنگە؟

**تەها بابان:** وەک وتم هەرسێکیان گرنگن. بۆچی؟ دەق ئەگەر گرنگ نەبێ، زۆر تەواو نەبێ، ئەوە ئەکتەری سەرکەوتوو ناتوانێ هەڵیستێنێ، ئەگەر دەق زۆر گرنگ بێ، ئەوە ئەکتەری فاشیل دەیمرێنێ، ئەگەر دەق و ئەکتەریش پێکەوە چاک بوون، دەرهێنەری چاک نەبێ دیسان هەر سەرکەوتوو نابێ. بۆچی؟ چونکە بە دەرهێنەر دەڵێین (المؤلف الثاني) واتە دەقەکەی کە بۆ دەهێنن وەک بڵێی کەرستەیەکی خاوە، دەرهێنەر قسەکان دەکاتە جووڵە، ڕووداوەکە دەگۆڕێ بەجووڵەو دیالۆگ.. ئەوە کە لێی فرێ دەدا، ئەوە کە دەیخاتە سەری، بۆ نموونە من هەشت دەقی (ژان ڤاڵ ژان)م دیوە هەشت دەق و هەریەکەیان بەشێوەیەک، لەپەنجاکانەوە ئەمریکاییەکان دووان- سیانیان دەرهێناوە، ئیتاڵییەکان دەریان هێناوە، ئینگلیزەکان دەریان هێناوە، تەنانەت عەرەبەکانیش دەریان هێناوە، هەموو جارێک ڕاکردنی ژان ڤاڵ ژان نەوعێکە، کەوابوو بەپێی تواناو ئیمکانیاتی دەرهێنەرەکەو زەوقی خۆی کارەکە دەگۆڕێ.

**ڕامان:** شانۆی وێنە کە دەق لادەدات تەنیا ئەوەیە چەند ئاماژەو بڕگەیەک وەردەگرێ، دەق لادەدا، کار لەسەر دەق ناکا..

**تەها بابان:** مومەسیلەکە یا دەرهێنەرەکە؟

**ڕامان:** دەرهێنەر کار لەسەر دەق ناکا، دەقەکە دەخوێنێتەوە، بەڵام هەمووی جووڵانەوەی لەشە..

**تەها بابان:** قەی چییەکا.. ئەوە قوتابخانەیەکە، لەوانەیە لە کوردەواریدا بیکەی زۆر سەرکەوتوو نەبێ.

**ڕامان:** لێرەش کرا بەردەوامیش هەر دەیکەن.

**تەها بابان:** دڵنیام بازارێکی باشی نەبوو بێت.

**ڕامان:** تارادەیەک هەیەتی نوخبەیەک بەدوایدا دەگەڕێن.

**تەها بابان:** نوخبە. کە گوتمان نوخبە، واتە کۆمەڵێکی کەم ئەگەر لەداهاتووشدا بازاڕی ببێ، دەبێ بەردەوام بن تابتوانن بیبەنە زەوقی بینەرەوە، ئێمە هەموومان دەزانین شیعر، شیعری تازە زۆر نامۆ بوو، بەڵام ئێستا وردە وردە خەڵکی بەرەو پیری دەچن..، من بەبیرم دێ کە یەکەمجار لەپەنجاکان پیپسی کۆلام دەخواردەوە وام دەزانی دەرمان دەخۆم، ئێستا پیپسی کۆلا بەلای منەوە مەشرووبێکە لەهاوینا ناتوانی نەیخۆیتەوە، زەوقی ئینسانیش هەروایە، یەکەم جار نامۆیە دوای ئەوە وردە وردە لەسەری ڕادێ.

**ڕامان:** قسەت پێ نەبڕین، دیارە لەسەردەم و قۆناغی ئێوەش کێشەی ئافرەتی هونەرمەند لەسەر شانۆ هەبووە؟

**تەها بابان:** کێشەی ئافرەتی هونەرمەند لەزەمانی ئێمەدا هەبوو، لەم دواییەدا نەما، ئەوسا دەورەکان هەمووی کوڕەکان دەیانبینی.

**ڕامان:** ئێستاو ئەوسا کێشەکە چۆن دەبینی؟

**تەها بابان:** ئێستا ئافرەت لەهەموو بوارێکدا هەیە و وەک خۆیی چێشتی لێهاتووە و فیعلەن ئافرەتی زۆر بەتواناش هەیە.

**ڕامان:** واتە کێشەی جارانی نەماوە؟

**تەها بابان:** کێشەی جاران چی بوو؟ لەپێش هەموو شتێکەوە کارکردن لەشانۆ عەیب بوو، زۆر بەزەحمەت خێزانێکت قەناعەت پێ دەکرد، جگە لەوەی خەڵکی ناو کۆمەڵیش بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئافرەتی هونەرمەندی نەدەکرد، لەبەر ئەوە ناچار بووین ئەو کوڕە لێبووردوانەمان جلی ئافرەتانیان لەبەر دەکردو دەورەکەیان دەدی، تەنانەت هەندێکیشیان وای لێهاتبوو، پسپۆری و شارەزاییەکی باشیان هەبوو کە لەژنەکان باشتریان لێدەزانی.

**ڕامان:** وەک عومەر چاوشین.. لەسلێمانی بۆشایی نەبوونی دەقی کوردی، یان دەقی خۆماڵی بەتەکریدکردنی دەقی بیانی ئەو بۆشاییە تارادەیەکی زۆر لە ڕابردوو تا بەم دواییەش دەگا، پڕ کراوەتەوە، پێت وایە ئەم دەقە بەکوردی کراوانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن چارەسەری کێشە هاوچەرخەکانی ئینسانی کورد بکەن؟

**تەها بابان:** وەک ئێوەش دەزانن ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەم دەقەی تێدا نووسراوە، لەگەڵ کۆمەڵگەی کورد زۆری جیاوازە، ئاخر ئێستا وەرگێڕان دوو جۆرە، وەرگێڕانی حەرفی هەیە کە تۆ زۆر پێی ئیزعاج دەبی.. لەکاتێکدا هەیە چەمکی زمانەکە دەگرێت لەزمانی عەرەبیدا لەگەڵ کوردییەکە بەراوردی دەکا، ئەوکاتە وەک بڵێی ئەو دەقە بەکوردی نووسرابێ، دەتوانم بڵێم هەر تەنیا بیرۆکەکەت دەداتێ و ئەوەی بیەوێ دەقێکی بێگانە بکا بەکوردی دەبێ تەنیا بیرۆکەکەی وەربگرێ، ئەوەکەی تری دەبێ خۆی دایبنێ، ئەگینا مومکین نییە سەرکەوتووبێ، هەرگیز مومکین نییە دەقی بێگانە جێی دەقی خۆماڵی بگرێتەوە، ئەوە شتێکە چەندوچوون هەڵناگرێ.

**ڕامان:** پێت وایە کە بواری تەمسیل کردن باشترین هۆیە بۆ گوزارشت کردن لەخۆت و لەتۆوە نزیکە، ئاستی تەمسیل کردن لەنێو هونەرمەندانی کورد چۆن دەبینی؟ تۆ پێت وایە لە ئاستی پێویستدا بێ، ئەوانەی کە بەلاتەوە درەوشاوەن

لەبواری تەمسیلی شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنی کێن ئەگەر ناوی هەندێکیان بڵێیی؟

**تەها بابان:** من ماوەیەک میدالیایەکم بەناوی (بابان) دانابوو، کە لەسەر ئەو بنەڕەتە دەماندا بە ئەکـتـەرێک کـە سـەرکـەوتووە، دەنا چۆن مەدالیای دەدرێتێ؟ لەمێژووی شانۆی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر ئەکـتـەری هەڵکەوتووی تیـایە، ئەوانەی کە مەدالیایان وەگرتووە، حەتمەن لەبەر ئەوە وەریان گـرتووە کـە بەتوانان، بۆ نموونە لەوانەی کـە من ئیـعــتـرافم پێکردوون و مەدالیـایان دراوەتێ، ڕەفیق چالاک بەمردوویی کە مەدالیاکە کرایە ملی کوڕەکەی، ئەو نەک وەک ئەکـتـەرێکی زۆر بەتوانا، بەڵکو وەک گۆڕانکارێکیش لەهونەری کوردیدا، لەپاش ئەو عـومـەر چاوشین وەری گـرت، لەبەر ئەوەی ئەکتەرێکی بەتوانا بوو بۆشاییەکی پڕ کردبووەوە، ئەگەر ئەو جلی ژنانەی لەبەر نەکردایە، دەقەکە، یان دەبوو ژنی لێ فڕێ بدرێ و نا سـروشـتـی بێ، یان دەبوو نەکـرایە، کـەوابوو دەورەکەی زۆر گرنگە، یان (عومەر دڵپاک) کە ئەکتەرێکی زۆر بەتوانایە، هەروەها مـامـۆسـتـا ئەحـمـەد سالار ئەمـانە هەمـوویان کـە مـەدالیـایان وەرگـرتووە کـەسـانی لێـهـاتوو و بەتوانان، کەمال دڵشاد کە ئەکتەرێکە ناوی نییە، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا لەدەورێکدا لەشانۆگەرییەک دیم وتم خوایە ئەم ئەکتەرە بەتوانایە کێیە؟ ئاخر ماوەیەکە یەکتری نابینین، بۆیە پیر دەبن و تەشخیسیان ناکەین، لەدواییدا بۆم دەرکەوت ئەمە هونەرمەند کەمال دڵشادە.

**ڕامـــان:** ئەی ناوی لاوەکان هیچیانت نەدرکاند، ئەوانەی دوای ئەو نەسلەی ناوت بردن؟

**تەها بـابان:** لەوانە عومەری کەریم ئاغاو مستەفا ئەحمەد هەروەها شـای ئەکـتەرەکـان کەمـال سابیر، عـوسـمـان چێـوار، شەمـاڵی عەبە ڕەش، ئەمانە هەمـووی ئەکتـەری زۆر بەتواناو لێهاتوون، مامۆستا تەها خەلیل ئەوانە ئەکتەری کەڵە کەڵەن ئینکار ناکرێن و شتێ، ئێستا دەتوانین بڵێین ئەکتەری ڕۆح سووک پەیدا بوون، ڕوح سووک وەکو ئەکتەرێکمان هەیە زۆر قسە خۆشە، ئەو ئەکتەرە یەعنی ڕۆح سووکانە وەک حیکمەت هیندی، ئەمانە درامایان لێنایەت، بەڵام بۆ تەمسیلی هەزەلی دەست دەدەن، قسەیەک هەیە بابیکەین، ئێمە نابێ ئەم نەهجە بەکـەم بزانین، چونکە کـەم و زۆر دەوریان هەیە، خـۆی شـانۆ دوولایەنە، یەکێکیان قوتابخانەیە، یەکێکیشیـان بۆ خۆشی (ترفیە)، ئێستا ئەم نەهجەی کە دەرکەوتووە ڕاستە هەزەلیە، بەڵام لەهەمـان کـاتیـشدا پەیام و ئامـانجیـشی هەیە.. سـەیر دەکەی لەزۆر لایەنی گرنگدا لەژیانی کۆمـەڵایەتی و پرۆسەی سیاسیمان دەدوێ.

## گەورەترین وەرچەرخان لە هونەری شانۆدا، شانۆیی (لەڕێی تاجی پاشایی) بوو کە یەکەمجار لە ساڵی (١٩٤٦) پێشکەش کرا

**ڕامان:** لەسەرەتای هەشتایەکانەوە بەتایبەتی لە سلێـمـانی بزووتنەوەیەکی ئەزمـوونگەری دروست بوو. ئەو نمایشانەت بینیوە و بیروڕاتان لەبارەیانەوە چییە؟

**تەها بابان:** لەم ساڵانەی دواییدا کە خۆم بە بەڵگە نامەکردن و ئەو جۆرە شتانەوە سەرقاڵ کـرد، تارادەیەک دوورکـەوتمەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی وەک چۆن قـۆناغی منداڵی نەوعـێکی، لەگەنجایەتی نەوعێکی، لەتەمەنی کامڵ بوون نەوعـێـکی تری، پیـری نەوعـێکی، ڕەفـتـارو ئەتوارەکـانت دەگـۆڕێ، شـێـوازو بیـرکـردنەوەت دەگـۆڕێ، کـەشـوهەوا دەگـۆڕێ، لەکـاتێکدا بەگـەنجی حـەز بەشـوێنی قـەرەباڵغ و ئەمـانە دەکەی، کە دەچیـتە عـومـرەوە لێی ڕادەکەی، ئێستا زۆر دەق بووە ستایشیان کردووە کە زۆر سەرکەوتووە من نەمتوانیوە بۆی بچم، چونکە شوێنی دانیشتنەکەی لەبارو گونجاو نەبووە، یان گەرما بووە لەگەرمان، یان سەرمابووە هەڵ لەرزیوی، ئەوانە کـارێکی وا دەکـا ئینسـان زۆر ئاگـاداری ئەمـانە نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە هەر نەپچڕاوم، بۆ نموونە ئەو دەقانەی مامۆستا ئەحمەد سالار پێشکەشی دەکردن وەک (هەڵۆ بەرز دەفڕێ) و (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) ئەمانەم دەدین.

**ڕامان:** بیروڕات بەرامبەر بەو ئاهەنگسازییە چی بوو؟

**تەها بابان:** ئەمە ناوتان ناوە ئاهەنگسازی؟

**ڕامان:** هەر خۆی بەو ناوەوە هاتووە.

**تـەهـا بـابـان:** عەبدولکەریم بەرشید ئەوە مامـۆستـایەکە لەبواری ئاهەنگسـازی، بەڵام من ئەم مـوقـەویماتەی تێـدا دەبینم، گـۆڕانکاری سـەرکـەوتووانەی تیـادەبینم، جـارێ لەپێـشـەوە گـەورەترین وەڕس بوون لەشانۆدا دیکۆر گۆڕین و پەردە گۆڕین بوو، کە ئەمەی نەماوە، یان شانۆکە دەکا بەچەند بەشێک، یان شـتی ڕەمزی دەهێنێت و بینەر دەزانێ کە ئەمە مەبەستی فلان شتە، با بڵێین دیمەنی دادگا ئەگەر زەمانی کۆن بوایە، دەبوایە پەردەکە بگۆڕایە و دادگاکەی پیشان بدایە، یان دووکەس دارێکیـان پێیە یەکیان ئەولای گرتووەو یەک ئەولای گرتووە، ئەمیش دەهێنین وەک بڵێی ئەمە قەفەسی تاوانباری بێ، ئەم کـارە وای کـرد فـیـعلەن لەزۆر ئیـزعـاجـاتی شـانۆی تەقلیدی ڕزگـارمـان بێ، یان هەمـیـشـە ڕەمز بەکاردەهێنن، کە ئەگەر بهاتایە و ڕەمز بەکار نەهاتایە ئەوە لەسەر هەڵۆ بەرزەکە ئەحـمـەد سـالاریان ئیـعـدام کـردبوو، کـە تەنانەت لەبەغـدا پێـشـکەشیـان کـرد و زۆر جـێی ئیـعـجـابی ئەو خـەڵکە بوو، ئێـسـتـا باش بەبیـرم دێ لەزەمـانی حکومـەتی بەعـسا بوو

وەفدێکی هونەرمەندانی بەغدا هاتبوون وتیان بزاڤی شانۆیی لەسلێمانی، زۆر لە بەغدا پێشکەوتووترە، ئاسایی بوو ئەمە وابێ، چونکە لەوێ هەرچی بەهرە هەبوو کوشتبوویان، دەیانوت دەبێ فیلم و شانۆ بۆ (قادسیەی سەدام) دەربهێنی، ئێ بابە شانۆ و دەق و پەیام لەگەڵ قادسیەی سەدام کوجا مەرحەبا؟ وەلحاسڵ بەهرەکانیان لەگەچ گرتبوو، لەبەر ئەوە ئێستا دەتوانم بڵێم بیست- ساڵێکی دەوێ تا لەوێ خۆی دەگرێتەوە.

ئەو ڕۆژە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس هاتبوون پرسیاریان لە ئەخزەر ئەل ئیبراهیمی دەکرد، بە ڕاستی پرسیای وایان دەکرد منداڵێک نایکا.. جیاوازییان لەنێوان شتەکاندا نەدەکرد، یەکێکیان هەڵساوە وەڵڵا من پەیامنێری ڕۆژنامەی فلانم، ئەم دەستووری مووقەتەو چی و چی.. ئەویش وتی بابە کوا دەستووری مووەقەتە، ئەمە پێی دەڵێن (قانون ادارة الدولة) ئەمە دەستوور نییە، تەماشا بکە جیاوازی نێوان یاساو دەستوور ناکا، حاڵی شانۆکەشیان هەروای لێهات.

**ڕامان:** باسی هەندێ ئەکتەری گەورەی کورد و بیانی لەبواری سینەما و شانۆ بکە، ئەوانەی بە گەورەیی دێنە بەرچاوت؟

**تەها بابان:** بیانی؟

**ڕامان:** ئا ئا کورد و بێگانە.

**تەها بابان:** ئەوەی ڕاستی بێ بەپێی قۆناغەکە دەگۆڕێ، ئێستا من کە بیردەکەمەوە، هۆلیوودم دێتە بەرچاو، هۆلیوود ئێستا زۆر گۆڕاوە، کە هەمووی بۆتە فیلمی خەیاڵی زانستی کە من هەر تاقەتم نییە سەیریان بکەم، کە بووە بە (رعاة البقر) و (ڕامبۆ)، بەڵام ئێستاش بەردەوام جاروبار هەندێ فیلمی هەیە نەختێ وەک جاران بێ، لە ئەکتەرەکانی ئەم سەردەمە داستۆن هۆفمن لەفیلمی (رجل المطر) ئەوە ئەکتەرێکی سەرکەوتووە، بەڵام هی زەمانی ئێمە واتە هۆلیوودی پەنجایەکان و شەستەکان ئەوە نەک هەر یەکێ، بگرە دەتوانم بەدەیان ئەکتەر بژمێرم کە هەرە بەناوبانگەکانیان (گریگۆری بیک)ە ئەمە ئەسڵیشی ئەرمەنییە، پاشان (هامفری بۆگار). لە هەموویان گرنگتر (ئەنتۆنی کوین) ئیمامی ئەکتەرەکانە.

**ڕامان:** ئەی لە کورد؟

**تەها بابان:** ناوی هەندێکیانم وت وەک ڕەحمەتی کەمال سابیرو مستەفا ئەحمەد و..

**ڕامان:** شانۆمان گوت، سینەما ماوە..

**تەها بابان:** لەبواری سینەمادا ئێستا زۆر کەم فیلمی سینەمایی دەبینم، لەم دواییە چووم بۆ میهرەجانێ یەک ڕۆژ دوو سێ فیلمیان پیشان دا، وابزانم لەسەر تیرۆر و ئەم بابەتانە بوو.

**ڕامان:** ئەی درامایەکانی جیهاد دڵپاک و حوسێن میسری و عەلی کەریم و ئەوانە؟

**تەها بابان:** با یەک شتی زۆر گرنگ لەبارەی عەلی کەریمەوە بگێڕمەوە، لە ساڵی (١٩٧٤) بە چەند ڕۆژێ پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکاتەوە، یەکەم میهرەجانی هونەری کوردی بوو، بەبیرتان دێ؟

**ڕامان:** زۆر باش.

**تەها بابان:** من لە لیژنەی هەڵسەنگاندن بووم و یەکێک بووم لەئەندامانی ئەو لیژنەیە، ئێستاش وێنەیەکم بۆ هێناون کە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە دەخوێنمەوە، ئەوکاتە منیان دەستنیشان کرد کە ئەنجامەکان بخوێنمەوە، لەوێ عەلی کەریم-م لە تەمسیلی مەرەزەدا دیبوو، عەلی کەریم خەڵکی کەرکووکە، سەلمان مامۆستایەتی؟

**ڕامان:** سەلمان فایەق.

**تەها بابان:** ئا ئا.. زۆر دەرهێنەرێکی چاک بوو، بەڵام کە برادەرانی کەرکووکم دی وتم حەز دەکەم عەلی کەریم ببینم، پاش نیو سەعاتێ بۆیان هێنام وتیان مامۆستا ئەمە عەلی کەریمە، وتم تۆ عەلی کەریم-ی وتی ئا.وتم چاوەڕێی ئەوە دەکەم تۆ ئەنجامێکی چاک لەم میهرەجانەدا بەدەست بێنی، فیعلەن بە ئەکتەری یەکەم دەرچوو.

**ڕامان:** ئەی کارەکانی جیهاد دڵپاک؟

**تەها بابان:** جیهاد دڵپاکیش کاری چاکی کردووە.

**ڕامان:** لەدراما، درامای تەلەفزیۆنی؟

**تەها بابان:** لەمێژووی زنجیرەی دراماییدا ئەو لە (ژاڵە)دا فەزایەکی زۆر گەورەی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی شوێنی فازڵ جاف لەنێو شانۆی کوردی لەکوێدا دەبینی، بەتایبەتی کە ئێستا زۆر نمایشی لە هەندەران پێشکەش کردووە.. ئەگەر بیرت مابێ پردی ئارتای دەرهێنا پردی ئارتات بینیوە؟

**تەها بابان:** پردی ئارتام نەبینیوە.

**ڕامان:** (دووڕەگ) و (پردی ئارتای) لەسلێمانی پێشکەش کرد، دیارە کاری فازڵت نەدیوە.

**تەها بابان:** لەوە دەچێ نەمدیبێ، بەڵام لە (دکتۆر پاڵمی)دا یەک ئەکتەری زۆر گەورەم لەبیر چوو کە ئەویش (یاسین بەرزنجی)یە کە بەڕاستی ئەکتەرێکە بۆ هەموو دەورێک دەشێت، بەڵام لەم تەمسیلیەی کێی پۆلیس؟

**ڕامان:** ڕەشەی پۆلیس.

**تەها بابان:** دەورێکیان دابوویێ کوشتبوویان، ئێستا ئەکتەرێک لەگەچ بگری و هەر چاوی بجووڵێ کە بێ دەورێکی هەبێ لەکوێ دەتوانێ توانای بەدەربخات، نەک دەوری پەراوێزانە، لەکاتێکدا پێویستە دەوری شایستەی بدرێتێ.. ئەگەر مەدالیای بابان بمایە ئەو یەکێ بوو لەوانەی

که دەمدایێ..

**رامان:** مەبەستت یاسین قادره؟

**تەها بابان:** بەڵێ.. ئەو لەدەوری دکتۆر پالمی، فایلی ژماره ٦٧، هەروەها لەدەوری سەرۆکی دادگاکەی که حەللاجی دەگرت، ئەسڵەن حەللاجی کردبوو به جووجک، چونکه حەللاج خاوەنی پەیام بوو، خاوەنی فیکر بوو، دەبوایه هەموو دادگاکه لەبەری بلەرزایه، کەچی ئەو زاڵ بوو بەسەریداو بچووک کرابۆوه، مومکینه بچووک بوونەوەکەشی زاڵ بوون و توانای یاسین بووبێ.

**رامان:** کاری دەرهێنانت بۆ تەلەفزیۆن کردووه، ئەی بۆ شانۆ چیت دەرهێناوه؟

**تەها بابان:** وەک عەرزم کردن من ئەوکاته دەرهێنەر بووم که دەرهێنەری هونەری نەبوو، واته هەلومەرجی دەرهێنەری تەواو لەمنا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەرچەنده من دەرهێنەرێکی هونەری نەبووم و بەسەر کارەکەدا زاڵ نەبووم، بەڵام ئەگەر ئێمه ئەوەمان نەکردایه، ئەوه ئەزموونی شانۆییمان دەوەستا. که تەجرەبەش وەستا گیروگرفتێکی زۆر گەورەیه، لەبواری دەرهێنانی شانۆییدا من تەنیا (تاوانێک لەئاسمان)م دەرهێناوه.

**رامان:** ساڵی چەند بوو؟

**تەها بابان:** ساڵی (١٩٥٧)، بەڵام تەمسیلیاتی تر قەبارەیەکی گەورەی نەبووه، چاک دەمزانی که چۆن مەشق به ئەکتەر بکەم، بۆ ئەوەی بتوانێ نوتقی و دەورەکەی بەجوانی ببینێ، ئەو تەمسیلیەی که لەشانۆی لادێ هەبوو، ئەوەش هەر نووسینی من و دەرهێنانی من بوو.

**رامان:** له ئەنجامی بینین و شارەزایی و ئەزموونی خۆتەوه ئەم کاره شانۆیی و تەلەفزیۆنیانەت دەرهێنا، رەخنەت لەسەریان هەبووه، یان خەڵکی تر یارمەتی داوی، چۆن بووه؟

**تەها بابان:** هەندێ کەس هاتووه وتوویەتی مامۆستا ئەوەت غەڵەت بووەو ئەوەت غەڵەت بووه.. وتوومه ئێستا تۆ چەند غەڵەتم لێدەگری؟ وتوویەتی پێنج وتوومه کاکه من دەزانم ده هەڵەشی تیایه.

**رامان:** ئەی ژەنەراڵ پرۆڤەتان نەکردووه، خەڵکتان دەعوەت کردبێ تا پێش ئەوەی نمایشی بکەی، رەخنەی خۆیان بگرن؟

**تەها بابان:** کاری ئێمه ئەوکاته زۆر سەرەتا بوو، ئەو شتانەمان هەر نەدەزانی.

**رامان:** کاتێ کارێکی دەرهێنانت بۆ تەلەفزیۆن، یان شانۆ دەرهێناوه، یان لەکاتی تەمسیلدا توانیوته هیچ بەهرەیەک بناسێنی و بیهێنیته پێشەوه، یان به دەرهێنەرەکەتی بناسێنی؟ ناوی ئەو بەهرانەمان پێ بڵێ؟

**تەها بابان:** بەڵێ یەکێک که دەورێکی زۆر باڵای هەبوو، ئەکتەرێکی داهێنەریش بوو، تەنانەت من سەرکەوتنی نیوەی



تەها بابان، تەها خەلیل – ١٩٧٣

نمایشەکه بەلانی کەم بۆ ئەو دەگێرمەوه، چونکه دەورەکەی زۆر جوان لەبەر کردبوو. دەبێ ئەو ئەکتەره حافیزەی زۆر بەهێز بێ که سەرەرای حافیزەکەش جۆری دەورەکەشی تەفسیر بکا، خۆ ئەگەر بهاتایه و ئەو ئەکتەره بەتوانا نەبوایه که دەوری کورەکەمی دەبینی له تەمسیلی (گریانا) ئەوه ئەو تەمسیلیه فەشەلی دەهێنا.

**رامان:** ئەو ئەکتەره کێ بوو؟

**تەها بابان:** عومەر هەمەوەند بوو.

**رامان:** نازانم ئێستا بەم تەمەنه سەیری تەلەفزیۆن دەکەی؟ تەلەفزیۆن بۆ بەرنامه نا، بۆ کاری درامی؟

**تەها بابان:** ئەگەر کاتم هەبێ ئا، جاری وا هەیه شەو تا سەعات دەوری دوو و سێ دادەنیشم و فریاناکەوم دەبوایه (٢٤-٤-٩٧٤) بۆ دوو هەزارو چوار ئەو کتێبەی که ناوم ناوه کۆستی شارێک بمخستایەته بازارەوه، له ده رۆژ لەوەوپێش وەک لەسەر ئاگر بم، لەملاوه چاپی بکه و لەولاوه مونتاژ ئاخری هەر فریاش نەکەوتم کتێبەکه بخەمه بازارەوه، که چووم بۆ قەڵادزێ بیان کوشتمایه و نەموتایه تەواو نەبووه، ئێ باشه پیاوێکی وەک من لەکوێ کاتی دەبێ سەیری تەلەفزیۆن بکا.

**رامان:** بۆ سینەماش هەروایه لەو کەناڵه ئاسمانیانەوه هیچ فیلمێک نابینی؟

**تەها بابان:** زۆر کەمی سەیر دەکەم، زۆر کەم.

**رامان:** مامۆستا تۆ ماوەیەکه بتەوێ و نەتەوێ دابراوی، نه تەمسیلت هەیه، نه چالاکی هونەریی؟

**تەها بابان:** ئەوه گومانی تیا نییه.

**رامان:** لەو دابرانەی خۆت ئێستاکه موتابەعەی هونەری شانۆ، یان درامای تەلەفزیۆنی، یان زنجیرەی درامایی دەکەی که بەدڵت بن، یان کاتێ که بیانبینی چ له بواری تەمسیل، یان دەرهێنان هەست بکەی ئەو بۆشاییەی تۆ بەجێت هێشتووه، بەو کارانه پڕ بوویێتنەوه؟

**تەها بابان:** لەبواری شانۆدا ئەوەی که جێی دڵخۆشییه

بەپێچەوانەی زۆر چالاکی ترەوە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، لەڕووی دەرهێنانەوە زۆر دڵم خۆش دەبێ و دەڵێم هیچ نەبێ فەزڵی دانانی بەردی ئەم بناغەیەی یەکێکی بۆ من دەگەڕێتەوە، لەم خۆشییەدا دەڵێم ئەگەر ئێمە نەبووینایە سەرنجی نەوەی دوای خۆمان ڕابکێشین، ئەوە ئەو پێشکەوتنەی بەخۆوە نەدەدی.

**ڕامان:** ئێستا ئەم نەوەیە بەدرێژەپێدەری نەوەی خۆتان دەزانن؟

**تەها بابان:** درێژەپێدەری ئێمەن، بەڵام پێشکەوتووترن، دەڵێم زۆر پێشکەوتووترن لە زەمانی زوو، ئێستا وەک مۆنیکاو سدریکە نازانم چییە ببین، لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی کۆنی سەردەمی پەنجاکاندا بەراوردی بکەین ئاوایە.

**ڕامان:** ئێمە ئێستا کێشەیەکمان هەیە و هەرای ئەوەیە کە ئێمە فیلمی کوردیمان هەیە، سینەمای کوردیمان نییە تۆ ڕات لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا فیلم-مان هەیە، یان سینەمای کوردیمان هەیە، یان هەر فیلمی کوردییە و بەس؟

**تەها بابان:** مەرجی فیلم لەم بەرهەمانەدا نییە، دەتوانین پێی بڵێین فیلمی ڤیدیۆیی، باشترین قاڵب ڤیدیۆیی، بە تەقەنیەیەکی ساکارو ئیمکانیاتێکی زۆر کەم فیلمێک دەردەکەن، ئەویش تاڕادەیەک بەکاڵ و کرچی، من ئەو میهرەجانەی کە دیم یەک ڕۆژی چووم.. ئێستا یەکێکیان باس دەکەم کچێک گوایە ئەنفال بووە، ئەوە نییە ئەو کچانەی کەفرۆشتوویانن بەمیسر؟ یان غەیری میسریش یەکێکیان هاتۆتەوە و دەچێتە بەردەمی ماڵی خزمێکیان کە کەسێکی نزیکیەتی، خزمەکەی پێی دەڵێ: تۆ کێی دادە؟ دەڵێ من گەلاوێژم، پێی دەڵێ ئەی ئەم منداڵە چییە لەگەڵتا؟ لەکاتێکدا پێویستە پەلاماری بدەیت و ئەملاو لای ماچ بکەیت و بەسەریا بگریت، مانای وایە ڕووداوەکە واقیعی نییە.. ئەم منداڵە کێیە؟ وەڵڵا لەو هینە بوومە، دەبڕۆ دەی من منداڵی عەرەب و نازانم چی و ئەمانەم ناوێ. لەکاتێکدا ئەگەر دەرهێنەرێکی تەواوبێ جارێ هەر نەیدەپەرژایە سەر منداڵەکە، ئەمە کچت بێ برات بێ تەمەنی شەش ساڵ بێ و ئێستا هاتۆتەوەو دەڵێ من ئەوم، لەخۆشیا دەبورێیتەوە، ئینجا دوای ئەوە خەبەری دێیەکە دەدەیت کە ئەوە هاتۆتەوە و دەیکەی بەبەزم و فەرتەنە و چی و چی.. بەم حاڵە تۆ چ ئیندیماجێکت لەگەڵ دەقەکە بۆ دروست دەبێ؟

**ڕامان:** کەواتە چێژت لەم دەقە نەدی؟

**تەها بابان:** ئەو دەقانەی کە دیمن نەوەڵڵا چێژم لێوەر نەگرتن، دەقێکی تری تیا بوو گوایە تیرۆریستێ دادەبەزێ گوایە قومبولەیەکی پێیە و دەیەوێ بیتەقێنێتەوە، کەچی قسەکردنی خەڵکەکە و کەسەکان و منداڵ و ئەمانە وای لێدەکەن کە دابەزێ و قونبولەکە نەتەقێنێ، بەڵام ئایا لەپێش هەموو کەسێکەوە نابێ بینەر قەناعەت پێ بکا؟ هەر نازانم کابرای تیرۆریست بۆ دابەزی؟ دیمەنێکی وا جوان و کاریگەرو ئینسانی نەتوانێ تەئسیر بکا تا قەناعەتت پێ بکا.. نەوەڵڵا چێژم لەویش وەرنەگرت.

**ڕامان:** کۆمەڵێک پەیمانگای هونەرەجوانەکان لەکوردستان هەن، لەسلێمانی، هەولێر، دهۆک، ڕانیە.. ڕۆڵی ئەمانە لە پێگەیاندنی نەوەیەک لەسەر بنچینەیەکی زانستی چەندە؟

**تەها بابان:** بەڕای من ئەوەی ئەکتەر دروست دەکا، ئەوەی دەرهێنەر دروست دەکا، بەهرەیە..، قەت ئەمە قوتابخانە دروستی ناکات، قوتابخانە سمارتەیەکە تەنیا جوانی دەکات.

**ڕامان:** لەدەرهێنانیش وایە کە هونەرێکی موکتەسەبە؟

**تەها بابان:** تەقریبەن.. دەرهێنانیش و هەرچی شتێکە، ئێستە ئێمە هەموومان لەکولیەیەک دەرچووین کە پێیان وتووە کولیەی (قانوون)، هەمان بووە کە بووە بە گەورەترین قانوونی و گەورەترین پلەو پایەی وەرگرتووە، هەشمان بووە بۆ خۆی لەکونجێکا بووە، هەمووشی لەیەک مامۆستا دەرسی وەرگرتووە و لەیەک شوێن دەرچووە، کەوابوو بەهرەیە کە سەرکەوتن و ژێرکەوتن دروست دەکات.

**ڕامان:** بەڕای تۆ مامۆستایەکانی ئەو پەیمانگایانە کە وانە دەڵێنەوە، دەبێ لە ئاستی ئەوە دابن ببنە جێی ئومێد و نەوەیەک لەسەر دەستی ئەوانە پێ بگا؟

**تەها بابان:** ئاگەدارییەکی تەواوم نییە، بەڵام ئەوەندە دەزانم چی دەرهێنەرانی هۆلیوود هەیە پیاوێکی بێ بەهرە ناکا بە بەهرەمەند، کەوابوو تۆ تەنیا بابەتە سەرەتایی و بنچینەییەکانی فێردەکەی، ئەویش لەسەدا دەیە (١٠٪)، نەوەدەکەی تری بۆ خۆی بەجێ دەمێنێ، ئێستا چەند کەس لەجیهاندا فتبۆڵێن دەکەن ڕەنگە دوو سەد ملیۆن کەس بیکا، بەڵام مارادۆنایەکی تیایە... چەند کەس مەشق کارە؟ بەڵام بیلیەیەک هەیە. مامۆستاکەی بتهۆڤنی فێرکرد خۆ ئەو فێری کردووە بۆ نەبووە بە بتهۆڤن؟ کەوابوو بەهرە بە پلەی یەکەم دێ، بەڵام ئەو شتی فێردەکا تا بتوانێ ئەو وزەو توانایەی هەیەتی دەری برێ.

**ڕامان:** لەو حاڵەتەدا بوونی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بە هەموو بەشەکانیەوە تا چەند بەپێویست دەزانی؟

**تەها بابان:** هەموویان پێویستن، چونکە ئەوە کە بنچینەکەی دادەنێ و دەیخاتە سەرخەت، دوای ئەوە بۆ خۆی دەبێ هەوڵ بدا بەهرەکەی گەشە پێبدا.. ئێستا بڵێم ئەوانە هەڵگرن لەبەر ئەوەی پێویست ناکا، نە پێویستە هەبن، بەڵام کێ لەم کێبەرکێیەدا دەردەچێ. جاری وا هەیە لەخولێکدا چل کەس دەردەچن، لەناویاندا یەکێکیان دەبێ بەشت کە بەهرەمەندەکەیە.

**ڕامان:** تاڕادەیەک باسی دەوری ئامۆژگاو ئەکادیمیامان کرد

لەوەی نەوەیەک بخاتە نێو چالاکی نواندن لەبواری شانۆ و هونەرەکانی تر، ئەگەر بمانەوێ بزاڤێکی شانۆیی چالاک هەبێ، چونکە بزاڤ بە بەردەوامی دروست دەبێ و نابێ پچڕ پچڕ بێ، بۆیە پێی دەڵێن بزاڤ، بۆ بەرێخستنی کاروانی بزاڤێکی شانۆیی بە بیروڕای تۆ چی بکەین باشە، چ بەرنامەیەکمان هەبێ باشە، لەسەر ئاستی هونەرمەندەکان خۆیان، یان لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری؟

**تەها بابان:** پەیمانگا وەک وتم پێویستە، بەڵام نایشی کات بەشت، ئەوەی دەیکا بەشت ئامۆژگایە لەگەڵ بەهرەکەی خۆی. ئێستا زۆر کەس هەن دەچنە ئامۆژگایەکان بۆ ئەوەی دەربچن و ببن بە مامۆستا و بڕوانامەیەک وەربگرن، نەک مومارەسەی هونەرەکە بکەن، ئێستا لەوانەیە لەسەدا پەنجای ئەوانەی دەرچوون بوون بەمامۆستا، لەدێهاتەکانیش، بەڕای من ئێمە دەبێ سوود لەدوو شت وەربگرین، ئەزموونی خۆمان کە ئەزموونی خۆشمان کەم نییە و دڵنیاتان دەکەم لە ئەزموونەکانی خۆمان، دووەم، نووسەری دەقی شانۆیی کە تا ئێستا نووسەری دەقی شانۆییمان نییە ئەگەر جاروبار دەرکەوێ ئەوە بۆ کەڵەکە بوونی ئەزموونەکەی دەگەڕێتەوە.. ئێمە یەکەمجار بەدەقی بێگانە دەستمان پێکرد، دوایی دەستمان کرد بە کوردی کردنی، ئینجا دەقی کوردی هاتەکایەوە، یەک لەو هۆیانەی ناتوانین پێشکەوین، بۆ دابەشکردنی کوردستان دەگەڕێتەوە، ڕەنگە ئەم ڕایەم بەلاتانەوە غەریب بێ، ئێستا چوار ملیۆن کورد لێرەیە، ئەگەر بیست ملیۆنەکەی تورکیاشی هاتبایەسەر، کاتێکت دەزانی لەو ژمارە گەورەیە لەدەکەس یەکێک بەهرەدار دەردەچوو، لەپەنجا کەس لەوانەیە پێنج کەس دەرچێ، ئێمە بەداخەوە بەهۆی ئەو دابەشکردنەوەیە ناتوانین بە تەواوی خۆمان بنوێنین، کە ئەمە بۆتە ڕۆشنبیرییەکی جیاواز، بۆیە ڕۆشنبیری کوردی ڕۆژهەڵات، لەگەڵ کوردی باشوور، لەگەڵ کوردی باکوور جیاوازییان هەیە، لەکاتێکدا ئەگەر تێکەڵ بوونایە هەمووی یەک ڕۆشنبیریی یەکگرتوو دەردەچوو، یەک توانا دەردەچوو کە پێیان دەوت ئیمکانیاتی کورد. ئێستا هەر بۆ نموونە لەناو کوردی ڕۆژهەڵات هونەرمەندی زۆر چاک پەیدا بوون، بەهمەنی قوبادی، کە هونەرەکەی تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ڕەواجی پەیداکردووە، ئەگەر ئەو کابرایە لێرە بوایە حەتمەن دەوری لەبواری سینەمادا زۆرتر دەبوو، سوود وەرگرتن لەشارەزایی بێگانە کارێکی چاکە، بەمەرجێ تایبەتمەندی خۆت نەکوژی، بۆ نموونە کە لەسەرەتاوە شانۆ و تەمسیل کردن دەستی پێکرد (حاجی مەکی) بازاڕێکی باشی هەبوو، لەکاتێکدا چیرۆکەکانی (حاجی مەکی) لەڕووی هونەرییەوە نە چیرۆک بوون و نە لە ڕووی دەرهێنانەوە و نە



تەها بابان – ١٩٦٨

لەڕووی تەمسیلەوە شتێکی وانەبوون، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی نەختێ تایبەتمەندی کوردی تێدا بوو، بینەران بە باشتریان دەزانی لەدەقێکی وەک (قەیسەرت لەبیرنەچێ) کە دەقێکی بێگانە بوو و هیچ تام نادا، یان ئەوتەمسیلیانەی کە دەکران، کەوابوو دەقی خۆماڵی و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی زۆر گرنگە، خۆماڵی وەک ئەوەیە لەباتی خواردنێکی کوردەواری فۆلکلۆری خۆمان کە هەموو کەس حەزی لێیەتی، تۆ خواردنێکی بێگانەو نامۆی بۆ بێنی، کە لەوانەیە زۆر خۆش بێ، بەڵام ئەو تامە نادا کە تۆ فێری بووی و ئەو چێژەی نییە.

**ڕامان:** بە بیروڕای تۆ ئەو بزاڤە شانۆییە بۆ ئەوەی گورج بکرێ چی بۆ بکرێ باشە، چونکە ئێستا هەموو خەڵک گلەیی لەسستی بزاڤی شانۆ دەکەن لەکاتێکدا جاران ئازادی نەبوو بۆ ئیشکردن، کە ئەمە هەلومەرجێکی زۆر گرینگە بۆ داهێنان، ئێستا ئازادی و ئیمکانیەتی ماددی هەیە، زەمینەی لەبار هەیە کەچی سست خۆی دەنوێنێ؟

**تەها بابان:** سستی بزاڤی شانۆیی وەک نەخۆشیی نییە وەسڵەیەکی پزیشکی بۆ بنووسی و بڵێی ئەوە و ئەوە چاکی دەکاتەوە، زۆر هۆکار هەن تێکەڵی یەکتر دەبن، کە زۆر زەحمەتە دەست نیشان بکرێن و بتوانین شتێکی دیاریکراو بدەینە دەستەوەو بڵێین ئەوە بکرێ و ئەوە نەکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەوانەش کە لەبواری شانۆدا ئیش دەکەن، یان لەبواری تەمسیلدا ئیش دەکەن، وەک من و تۆ حەز دەکەن شتێکی باش بدەن بەدەستەوە، بەڵام بۆ نایدەن بەدەستەوە؟ هەڵبەت هۆکار هەیە کە وادەکا نەتوانێ بیکا، تەفاعولی کۆمەڵگەو هەموو ڕەگەزەکانی دی کۆدەبێتەوە کارێکی وا دەکا شتێکی گەورە دروست بێ، یان ئاستەکەی بێتە خوارەوە، وردتر بڵێین ئەگەر بێینە سەر

فیلمەکانی هۆلیوود دەبینی بەو هەموو تەقەنیاتە گەورانەی ئێستا هەیە، کەچی لەزۆر لایەنەوە پاشەکشەیەکی زۆر گەورەی کردووە. من کە چەرخی زێڕینی هۆلیوودم بەبیر دێ، تەماشا دەکەم ئەو دەقە ئینسانیانەی ئەوکاتە پیشان دەدران و ئەو شاکارە ئەدەبیانەی ئەوکاتە دەردەهێنران ئێستا هەمووی خەیاڵی زانستی و کوشتن و بڕینە، جاری وا هەیە دەقی وا دەبینی دەڵێی باشە ئەوە چۆن مۆڵەت دراوە؟ تۆ دیوتە بووکە شووشە کە خۆشەویستترین شتە بەلای منداڵەوە بیکەی بە موجریم و وا لە منداڵ بکەی کە لەبووکە شووشەکەی بترسێ؟ من لەو بڕوایەدام تەنانەت ئەوروپا و ئەمەریکاش ئێستا موعاناتی خۆیان هەیە، جارێکیان بیستم دەڵێ ئێستا ئەوروپا زۆر بایەخ بەشیعر نادا،، لە بیست هەزار کەس یەکێکی شیعر ناخوێنێتەوە، ئەو گۆڕانکاریانە هەندێ لەهۆکارەکانی شاراوەن، واتە تۆ ناتوانی دەستنیشانی بکەی و بزانی خەڵکەکە بۆ وا زەوقی گۆڕاوە.. یان چی بکەی بۆ ئەمە، هەموو لایەک هەوڵ دەدەن، ئەوانەش کە لەو بوارەدا هەوڵ دەدەن حەتمەن حەز دەکەن دەسکەوتی هونەریی گەورە بەدەست بێنن، بەڵام هۆیەک یا چەند هۆیەک هەیە وای کردووە بەو ئاراستەیەدا بڕۆن کە تەنانەت لە ئیرادەی ئەوان دەرچووە، من نەختێ ئاماژەم دا بە بارودۆخی پێش ئازادی و نەوای ئارام و لادانی بەعس، کە بەڕاستی ئەم نەهجە نوێیە دەوری لەگۆڕانکاریدا هەیە.

**ڕامان:** ئەی تۆ کاری سکرین بەهونەری دەزانی؟

**تەها بابان:** بەڕاستی نازانم مەبەست لە سکرین چییە؟

**ڕامان:** ئەو فیلمانەی ئەو گەنجانە دەیکەن؟

**تەها بابان:** ئەوەی ئێستا من ناوم نا ڤیدیۆیی.

**ڕامان:** ئا.. بەڵێ ڤیدیۆیی؟

**تەها بابان:** بەلای منەوە هەموو شتێک ئەگەر بەشارەزاییی بکرێ و ڕێنمایی باش بکرێ و دەقی بەهێز هەبێ، ئەوە گرنگی خۆی هەیە، مومکینە ئێستا ڕێگەی خۆیان نەدۆزیبێتەوە، بەڵام لە داهاتوودا لەوانەیە زۆر پێش بکەوێت و دەورێکی باڵا لەهونەری کوردیدا ببینێ.

**ڕامان:** بۆچی زمانی ئینگلیزیت هەڵبژارد، پێتوایە زانینی زمانێکی بێگانە چەند خزمەتی هونەرمەند دەکات؟

**تەها بابان:** لەساڵی (١٩٦٧) لەبەغدا پارێزەر بووم، دەست بەتاڵییەکی زۆرم هەبوو، هەستم دەکرد خوێندەوار دەبێ زمانێکی بێگانە بەباشی بزانێ، بیرم کردەوە چ زمانێ هەڵبژێرم؟ خەریک بوو بچم زمانێ هەڵبژێرم غەیری زمانی ئینگلیزی، لەپاشان وتم من بناغەیەکم لە ئینگلیزیدا هەیە، بۆچی تەواوی نەکەم؟ لەوانەیە بچمە ناو فێربوونی زمانێکی ترەوە ئەویش هەر لەبناغەکەیەوە بەجێ بهێڵم، ئەوەبوو چووم بۆ ئامۆژگای ئەوکاتەی ئەمەریکی لەبەغدا، ئیتر تاقیکردنەوەیەکیان کردم بۆ ئەوەی بزانن ئاستی ئینگلیزییەکەم چۆنە، پاشان نمرەیان بۆ دانام و خستمیانە قۆناغی سێ، لەوێوە هۆگری زمانی ئینگلیزی بووم، هەر ئەو کاتەش هەستم کرد زۆر گرنگە هونەرمەندو خوێنەوار زمانێکی زیندوو بزانێ.

**ڕامان:** ئێستاش بەردەوامی لە خوێندنەوەی ئینگلیزی؟

**تەها بابان:** کەم کەم بەردەوامم، بەڵام زیاتر کە سەیری دەقێکی تەمسیلی و ئەفلام و شتی وا دەکەم باشتر گوێی لێدەگرم، تا ئێستاش چەند چاوپێکەوتنێکم بۆ کەناڵەکانی بیانی کردووە.

**ڕامان:** لەپەراوێزی ئەو یادگارییانەت لەبارەی شانۆ و هونەرەجوانەکانی ترەوە، وەک ئاگادارین خەریکی پڕۆژەی گەورە گەورەی، بەتایبەتی لەبارەی ئەنفال، یان تەعریب و...؟

**تەها بابان:** بۆمباباران.. مەنعی تەجەول، کیمیاباران.. دێ تێکدان.

**ڕامان:** جگە لە (عالم الکرد المرعب) چی ترت بەئەنجام گەیاندووە؟

**تەها بابان:** من لەدوای ڕاپەڕینەوە هەستم بەکەلێنێک دەکرد، کە دەبوو پڕبکرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەنامەکردنی ئەو تاوانانەیە کە بەرامبەر بەکورد کراون.. یەک: بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو بێ خەبەر نەبن، دوو: تاکو مۆرێکی ناپاکی بنێین بەناوچەوانی دوژمنەکانمان و هەتا هەتایە پێوەی بناڵێنن، سێ: شتێکی وا بکەین ئەو دوژمنە جارێکی تر ئەو کارە بەرامبەرت نەکاتەوە، کە هەموو عالەمت تێگەیاند و خۆشیت تێگەیاند، هەڵوێستی دەگۆڕێ.. جگە لەوەش ئەگەر هاتو زۆردارێکت ڕیسوا کرد، زۆردارێکی تریش دەڵێ بۆ ئەوەی منیش لەمێژوودا ڕیسوا نەبم، حەتمەن بە خۆیدا دەچێتەوە.

**ڕامان:** ئەمە هۆیەکان، ئەی چیت کردووە؟

**تەها بابان:** چیم کردووە؟ سەرەتای ئیشم ڕۆمان نەبوو، بگرە شتێک بوو لەنێوان چیرۆکی کورت و درێژدا، پێیان دەوت موعجیزە، موعجیزە شارەزایی و ئەزموونی خۆمە کاتێ لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە تیا بووم، کە چۆن لەشەڕی هەردوو دەربەندەکەدا شکاین، ئیتر خەڵکەکە مەعنەویاتی نەما، بەڵام چۆن بەهۆی کۆمەڵە کەسانێک مقاوەمەت سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە، من باسی کۆمەڵێک لەوانە دەکەم، واتە چیرۆکەکە ناوی موعجیزە بوو. پێیان وتم موعجیزە وشەیەکی عەرەبییە، وتم نەخێر هەر وشەیەکی تر دابنێم دەبێ بڵێم مەبەستم موعجیزەیە، لەدواییشدا موعجیزە بوو.ئەمە ڕاستە چیرۆکە، بەڵام کەرستەکانی لەواقیعەوە وەرگیراوە، هەر لە ئەزموون و تاقیمانەی خۆمەوە کە لەوکاتەدا لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا وەک حاکمێکی مەدەنی

لەگەڵی ژیام.. دووەم: (نوروز حكاية عيد قومي) باسی جەژنی نەورۆزم دەکرد، کە لەدێر زەمانا چۆن بووە و چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، چۆن لە جەژنی سەری ساڵ و جەژنێکی ڕابواردنەوە گۆڕا بەجەژنێکی تێکۆشان و ئەم ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر)ە هاتە پێشەوە. ئەمەش لەسەر دەستی (پیرەمێرد) ئەم گۆڕانکارییە ڕووی دا.

**ڕامان:** ئەمەیان بەزمانی عەرەبییە؟

**تەها بابان:** بەڵێ.

**ڕامان:** بۆ ئەم باسە سەرچاوەکانت چی بوون؟

**تەها بابان:** سەرچاوەکان ئەزموونی خۆم بوون، چونکە من لە چلەکانەوە شان بەشانی ئەم جەژنە هاتووم، ئیتر کە بووم بەلاو، بەشداریم لە(١٩٤٨)دا کردووە.

**ڕامان:** ئەمە وەک وتارێک بوو، یان لێکۆڵینەوەیە؟

**تەها بابان:** نەخێر لێکۆڵینەوەیە و بەکتێب چاپ کراوە.

**ڕامان:** سەرچاوە کوردی و غەیرە کوردییەکانت چی بوون؟

**تەها بابان:** زۆربەی زۆری ئەزموونی خۆمە، قۆناغەکانی پێیدا تێپەڕیوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و چەند جار کراوە، لەپێناویدا دووچاری چەوسانەوە هاتووین.

**ڕامان:** چاکە، چی تر؟

**تەها بابان:** وەک گوتم ئەو کتێبەم (عالم الكرد المرعب)، باسی مەنعی تەجەول و ئەنفال و کیمیاباران و دێهات ڕووخان، بەڵام زانستیانە نەک هەر بە قسە هەمووی ژمارەو ئامارە، ڕەوەکە.. ئەلغام.. کوشتنی دایک و باوک.

**ڕامان:** باشە بۆ بە عەرەبی؟

**تەها بابان:** ئەمە زۆر گرنگە ئێستا من بە ئێوە بڵێم من (تەها بابان)م ئێوە دەمناسن و گرنگی نییە، تۆ دەبێ ڕای گشتی جیهان و لەپێش هەمووشیانەوە عەرەبەکە بەدەست بێنی کە ئەم کۆمەڵە چی بە ئێمە کرد تەنانەت مەسەلەی ئیهداکەی زۆر گرینگە: (الى القراء الناطقين بلغة الضاد) واتە عەرەب.

اهدي مرارة هذه الذكريات لأنهم أحق بها من غيرهم، لأنها من صنع بعض من بني جلدتهم، الذين ما انفكوا يرددون ظلم اليهود، لقد ان لهم أن يعلموا شيئا إن كانوا به جاهلين).

**ڕامان:** ئەی چەند کتێبت وەرگێڕاوە؟

**تەها بابان:** ئینجا با ئەوەتان بۆ تەواو بکەم.. ئەوەیانم ناونا (الكتاب الأول) و ژمارەیەکی زۆرم بە وڵاتانی عەرەبدا لێ پەخش کرد، ئەمەم ناونا کتێبی یەکەم، چونکە تاوانەکان ئەوەندە زۆرن لەژمارە نایەن و لەتوانای تاقە کەسێکیشدا نییە بیانژمێرێ، زۆر هاوارم کرد و داوام لە حکومەتی هەرێم و کاربەدەستان کرد کە بۆ خاتری خوا (لیژنەیەکی بەدواداچوونی حەقایقی نەتەوەیی) دابمەزرێنن کە ئەمە هەموو میللەتێک دەیکا کە بەر زەبرو زەنگ و داگیرکاری کەوتبێ، کە نەهاتن بەدەنگمەوە! گوتم ئەگەر ئەوەی بەتەمای دراوسێ بێ بەبێ شێو سەر دەنێتەوە، بۆیە ئەو کتێبە دەورێکی زۆر گەورەی هەبوو، زۆریش گەورە بوو، تەنانەت دوا کەس کە کتێبەکەم پیشان دا کابرایەکی بیانی بوو وتی ئەمە تۆ چەند ساڵت لەم کتێبەدا بەسەر بردووە؟ وتم چەند ساڵێک، یا هی وا هەبوو دەیگوت ئەم هەموو ئامارو بەڵگەنامە و وێنەیە بەلیژنەیەک نەبێ ناکرێ.

**ڕامان:** باشە ئەو کتێبەت بۆ کێ نارد و چۆن پێشکەشت کردن؟

**تەها بابان:** بەڕاستی دڵم ئاوی نەخواردەوە، چونکە بەڕاستی کە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوا ئەم زوڵم و زۆرە ببینێ، لەڕوو دادەمێنێ و دەبێ جارێکی تر بڵێ بەبێ مەرج ئێوە بگەڕێنەوە، وەک ئێمە عەبدبین و ئەوان مافی چارەنووسمان بڕیار بدەن، بەڵام تاکەی ئێمە عەبدبین و خەڵقی تر بڕیار لە چارەنووسمان بدا؟ بۆیە بۆ هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بە کۆمپیوتەر کاغەزێکم نووسی: (السادة أعضاء مجلس الحكم المحترم، يعتذر المؤلف سلفاً عن الأحراج والأسف الذي يسبب لكم مطالعة هذا الكتاب لأن هذه الشريحة الضالة التي ارتكبت كل هذه الجرائم بحق الكورد تنتسب الى امتكم العرب المجيدة شئنا أم أبينا، لأن الأساءة التي الحقت بسمعة العرب تفوق بدرجات عن الأساءة التي الحقها مذبحة الأرمن بالأكراد والذين يعانون منه الى يومنا هذا و ربما الى الأبد) ئینجا لەدواییدا تەمەننام کرد کە: (يوفقكم الله في جهودكم لبناء عراق ديموقراطي فيدرالي تعددي لا غالب فيه ولا مغلوب).

**ڕامان:** پێمان باشە بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەیتەوە کە چەند کتێبت وەرگێڕاوە؟

**تەها بابان:** من زۆر وتار و چیرۆکی کورتم وەرگێڕاوە.. بەڵام وەک نامیلکەو کتێب دووانم هەیە یەکێکیان کاتی خۆی بەناوی (فریشتەکانی سەر زەمین) چاپ کرا، کە کتێبێکی کۆمەڵایەتی بوو، دەمویست لەو کتێبەدا لەتاکی کوردی بگەیەنم کە تۆش نابێ لەم کۆمەڵگایەدا غەریب بی، هەروەک مانگایەک بیدۆشیت و شیرەکەی بخۆیت و هیچی نەکەیتە دەمەوە.

**ڕامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**تەها بابان:** ساڵی (١٩٧٦) بوو، بەڵام ئەمە لەزەمانی ڕژێمدا بەناخێریان، چی چاک بوو لێیان لابردووە، یەعنی (٧٥-٨٠) لاپەڕەیەکیان لێهێشتۆتەوە، ئەوی کە کۆمەڵایەتی بووەو هیچ ترسێکی نەبووەو هیچ تەئویلێکی نەبووە، ئەوەیان چاپ کردووە.

**ڕامان:** ئەمەیان ناکرێ جارێکی تر چاپی بکەیتەوە؟

**تەها بابان:** جێی داخە دەستنووسەکەی لەوێ بەجێماوە،

بەڵام خۆشبەختانە پێشتر لەڕۆژنامەی (ژین)دا بلاوم دەکردنەوە. لەبەرئەوە دەتوانم زۆربەی بەدەست بێنمەوە.

**ڕامان:** ئەی کتێبی دووەمت؟

**تەها بابان:** کتێبی دووەمم (نزار قەبانی) بوو، بەڵام نەک شیعرەکانی، وتارەکانی بوون کە ئەزموونی ئەدەبی خۆی پیشان دەدا، هەستم کرد ئەزموونی ئەم کەڵە شاعیرە کە چۆن شیعر دەنووسێ و شاعیری ڕاستەقینە دەبێ چۆن بێ و شیعر چۆن بێ نووسیویەتی، کە نابێ نەوەی ئێستای کورد کە زۆربەیان عەرەبی نازانن، ببێتە قوتابخانەیەک بۆیان و سوودی لێوەربگرن.

**ڕامان:** هەڵبژاردنی نزار قەبانی لەڕوانگەی زەوقی خۆتەوە بووە، ڕاستە لە نووسین و پەخشان بەزمانێکی شیعریانە دەنووسێ و پەخشانی جوانی هەیە، دەتوانین لەگەڵ (هێمن)ی خۆمان بەراوردی بکەین لەلایەنی شیرینی زمانەکەی، بەڵام شاعیری ئەم سەردەمە بەو شیعرانەی یەک ڕەهەندیان هەیە ڕازی نابێ، چونکە زیاتر شاعیری ئەوانەن کە سەرەتای نووسینی نامەی دڵداری کردن و خۆشەویستی ڕۆمانسیانەیانە، لەبەر ئەوە پەخشانەکانی لە شیعرەکانی بەهێزترن.. تۆ دەڵێی چی؟

**تەها بابان:** خۆی زەوق نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوەش هەڵم نەبژارد کە لەڕووی ئەدەبییەوە جوان بوو، بەڵکو تێت دەگەیەنێ کە دەبێ شیعر چۆن بێ، یان شاعیر دەبێ پەیامی هەبێ، یان چۆن شیعر دەنووسێ، ئەمەبوو وای لێکردم نزار قەبانی هەڵبژێرم، واتە هەستم دەکرد کە دەبێ خۆراک بکەین بەدەمی ئەوانەی تازە دەیانەوێ شیعر هەڵبژێرن، بەڵام من هەرگیز ئەو وەسفە نیم.

**ڕامان:** تۆ بتەوێ و نەتەوێ ئێستا و تەنانەت لەزەمانی بەدر شاکر سەییاب-دا نزار قەبانی بەناوبانگە بەوەی شیعری پەشمەک دەنووسێ، ئەوە وەک شیعر باس دەکەین، ئەگینا وەک ڕۆشنبیری و نووسین و دیدی ڕەخنەگرانەی، ئەو زۆر بەجوانیش باس لەشیعر دەکات، من زۆر ئاگاداری نووسین و پەخشانەکانی ئەوم، بەڵام نزار قەبانی بمانەوێ و نەمانەوێ وەک شاعیرێکی شیعری پەشمەک نووس باس کراوە کە شیعرەکانی دوو سێ جار بخوێنیتەوە دوای ئەوە ئەو ڕەونەق و تامەی نامێنێ، لەشیعری کوردیشدا ئەمە هەیە، بۆ نموونە شیعری (عەبدوڵلا پەشێو)یش بەو جۆرە شیعرە دەشوبهێ، لەهەمان کاتدا (نالی)مان هەیە کە یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعری زیهنی و ئاوێتەیی نووسیوەو تا دەیخوێنیتەوە لەلات گەورەتر دەبێ و خوێندەوەی جوانتری بۆ دەکرێ.

**تەها بابان:** لەڕاستیدا خۆم بە ئیختیساس دەزانم لە نزار قەبانی.

**ڕامان:** ئێمەش دەمانەوێ داکۆکی لەدیدو بۆچوونی خۆت و هەڵبژاردنی نزار قەبانی بکەی؟

**تەها بابان:** جارێ لەپێشەوە نزار قەبانی خاوەنی قوتابخانەیەکی نوێیە لەتەعبیردا، بەکارهێنانی ڕووداوەکان نەک هەر بەکارهێنانێکی تازەیە، بەڵکو ئەفکارەکانیشی تازەیە، بەڵام ئێمە بەسووکی سەیری ژن دەکەین و سەیری ئەوەش دەکەین کە لەبارەی ژنەوە دەنووسێ. من وای دەبینم کە هەرچی نزار قەبانی دەستی بداتێ، دەیکا بە ئاڵتوون، بۆچی شیعرە سیاسییەکانیت نەخوێندۆتەوە، دیوانێکی گەورەی هەیە ئەو شیعرانە کەم نین.

**ڕامان:** ئێمە باسی ناوەرۆکی شیعری ئەومان نەکرد، باسی لایەنی هونەریی شیعری ئەومان کرد؟

**تەها بابان:** من لەشاعیرێکدا قەسیدەیەکیم بەدڵە، بەس نزار قەبانی کە (٢٢) دیوانی هەیە لەئەوەڵییەوە تا ئاخیری هەر هەمووویم بەدڵە.. ئیتر نازانم بڵێم چی؟ لەوانەیە زەوقەکەی من وابێ.

**ڕامان:** هەست دەکرێ بە حوکمی تەجروبەمان لەو گۆڤارەدا کە ئەوە هەشت ساڵە کاری تێدا دەکەین، دەبینین هەستی ئەرشیفی لای هونەرمەندانی کورد زۆر لاوازە، بەتایبەتی شانۆکاران و ئەوانەی خەریکی هونەری شێوەکارین، تەنانەت ئەو نامانەی بۆیان هاتووە، نەیان پاراستوون، نەبوونی ئەو هەستە ئەرشیفییەو لاوازی ئەو هۆشیارییە لەلای هونەرمەندان چۆن لێک دەدەیتەوە و داوای چیان لێدەکەی؟

**تەها بابان:** وەڵڵاهی ئەگەر ئەوانە ناهۆشیاری بێت، ئەوە من لەهەموویان ناهوشیارترم، ئێستا کە هاتم بۆ ئێرە ئەم هەموو تەمسیل و کارە هونەرییەم کردووە بەهەمووی دوو وێنەم لا ماوە.

**ڕامان:** هونەرمەندان نامەیەکیان لەلای خۆیان هەڵنەگرتووە؟

**تەها بابان:** ڕێک وایە.. منیش عەینی شت، ئەوە من ئیهمالیانم لەو کەمتەرخەمییەدا.

**ڕامان:** پێت وانییە ئەم بایەخەی ئێستات بە دیکۆمێنت و بەڵگەنامە قەرەبووکردنەوە بێ بۆ ئەوە؟

**تەها بابان:** کە بیردەکەمەوە تێدەگەم کە من فرسەتم لەکیس چووە، زۆربەی عومرم من یەکێ بووم لەوانەی ڕێزم نە بۆ کتێب هەبووە نە بۆ ڕەسم.

**ڕامان:** ئەی بۆ نامە هەڵگرتن؟

**تەها بابان:** نامەش عەینی شت نە هەڵم گرتووە و نە هیچ، بەپێچەوانەوە ئێستا برادەرانم یا خزمەکانم ڕەسمی منیان زیاتر لەلایە وەک لەخۆم.

**ڕامان:** من ئاگادار بووم کە لەدائیرەی کشتوکاڵ بەیەکەوە بووین، نامەیەکی زۆریشت بۆ دەهات؟

**تەها بابان:** ژمارەیەکی زۆر زۆر نامەم بۆ دەهات، بەڵام هیچم ئەرشیف نەکردووە، ئێستا بە هەمووی شەش حەوت

ڕەسمم هەیە، ئێوە یەک دووجار لێتان دووبارە کردمەوە کە ئەلبوومەکەم لەگەڵ خۆم بهێنم، ئەلبووم دەهێنم سەیر دەکەم هەمووی دوو ڕەسمی تیایە.

**ڕامان:** ئەمە بە گوناح نازانی؟

**تەها بابان:** قوربان هەر بەتاوانی دەزانم نەک گوناح.

**ڕامان:** کەواتە تۆ وەک تەجروبەی خۆت کە بایەخت بە ئەرشیف نەداوە، ئێستاش کاری ئەرشیفی و مەیدانیش دەکەی، لێرەوە ڕێنماییت بۆ هونەرمەندانی دوای خۆت و پێش خۆت چییە؟

**تەها بابان:** ئەگەر ئیعتیرافاتەکانی (جان جاک ڕۆسۆ)تان خوێندبێتەوە دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە و هەموو نووسەرێک و سیاسییەک و هونەرمەندێک دەبێ ئەرشیفی هەبێ، واتە نووسینەکانی هەمووی کە دەردەچێ و چی لەسەر دەنووسرێ، چی ڕەسم و بۆنە هەیە ئەمانە زۆر بەنرخن، لەکاتێکدا ئێمە ئەم وێنەیەمان گرتووە پاش سەد ساڵی دیکە دەبێ بەشتێکی زۆر بایەخدار. ئەی کتێب؟ چی کتێبم کڕیوە کە دەیدەم بە ئەو و ئەم لەبیرم دەچێتەوە، بۆیە ئێستا کتێبخانەیەکی گەورەشم نییە ،کتێبخانەکەم زۆر بچکۆلەیە، وەلحاسڵ ئەو نوقسانییەی باسی دەکەن، لەمندا هەر زۆر تەواوە، بەڵام ئیتر بڵێم چی هیوادارم وەک من بەو دەردەچووم نەوەی ئێستاو داهاتوو بەو دەردە نەچن.

**ڕامان:** لەو ئەرشیفەی لەژیانی هونەری خۆتدا، یان لەمێژووی هونەری خۆتدا لەدەستت داوە، لەیاداشتەکانتدا قەرەبووت کردووەتەوە؟

**تەها بابان:** تەقریبەن، هەوڵم داوە ئەوە بکەم.

**ڕامان:** هەست دەکەی هەقی یاداشتەکانت دابێ؟

**تەها بابان:** لەیاداشتەکاندا کە باسی تەمسیلم کردووە وێنەشم داناوە، دوا وێنە کە هەمبوو هی شانۆیی (قاڵبێک سابوون) کە لەساڵی (١٩٧٣)دا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی شانۆ کردمان، کە دوا وێنەم لێ دایە ڕۆژنامەی هەرێم بۆ وتارێکی کە نووسیبووی، ئیتر نازانم چی لێ بەسەرهات؟

**ڕامان:** ئەو یاداشتانەی نووسیوتە هەست دەکەی زۆر کەلەبەری تێدا بێ کە حەقی خۆیت نەدابێت، یان لەبیرت چووەو زاکیرەت خیانەتی لێت کردبێ؟

**تەها بابان:** ئینسانی ڕێکوپێک ئەگەر هونەرمەندە، ئەگەر سیاسییە وەک بیانییەکان دەفتەریان هەیە، دەنووسن سەعات ئەوەندە کابرایەک هاتە لام ئەم قسانەی کرد، فڵان شتم بیست، فڵان شت لێم ڕوویدا، کاغەزی کە بۆ دێ، باسی ئیعترافەکانی جان جاک ڕۆسۆ کرا یەک کاغەزی بۆ هاتبێ پەنجا ساڵ پاراستوویەتی، ئێستا لێم دەپرسی (تاوانێک لە ئاسمان)کەی کراوە، نازانم ساڵەکەشت پێ بڵێم.. ئەمە کەموکورییەکی من دەردەخاو زۆر زۆر زەقە کە حەزم نەدەکرد وابم، بەڵام خووڕەوشتی ئینسان ناتوانرێ بگۆڕێ، یەکێ لەهۆیەکانی کەم بەرهەمی من ئەوەیە کە من حەز بەنووسین ناکەم، من قەڵەمەکەم لێ دەبێ بەدار وەک دارکاریم بکا وایە، جا ئەگەر وانەبوایە من ئێستا بیست موجەڵەدم دەبوو.

**ڕامان:** تۆ باسی ئەوە دەکەی غەدرت کردووە ئەو موجەڵەدانەت نەنووسیوە، بەڵام کێ هەڵدەبژێری بیۆگرافیای ژیانی هونەری و ژیانی تایبەتی تۆ بنووسێتەوە؟ یەکێک هەیە نزیک بێت لێتەوە ئەوە بزانێ؟

**تەها بابان:** تا ئێستا کەسێکی وا نییە کە حەز بکا.. هەندێ جار قوتابی ئەکادیمی و ئەمانە دێن بۆ لام، یان ئەوانەی لەکولیەی ئاداب و پەروەردەن و وەک کەسایەتییەکی هونەری و ئەدەبی داوام لێدەکەن کورتەیەکی ژیانی خۆم و بەرهەمەکانم بدەمە ئەوان، زۆرجاری وا هەیە ئەو فەقیرانە زۆر بەنائومێدی دەگەڕێنەوە.

**ڕامان:** با پرسیارێکی شەخسیت لێبکەین؟

**تەها بابان:** فەرموون.

**ڕامان:** پێشەکی بمانبوورە؟

**تەها بابان:** ئاساییە.

**ڕامان:** چەند خۆت بەنەرگسی دەبینی؟

**تەها بابان:** تارادەیەک بەوە تاوانبارم.

**ڕامان:** دەمانەوێ داکۆکی لەخۆت بکەی؟

**تەها بابان:** داکۆکی چی لەخۆم بکەم، هەست دەکەم فیعلەن وام.

**ڕامان:** هەر بە خۆڕسک وایت، یان؟

**تەها بابان:** نا هەست دەکەم شتم تیایە، نەرگسییەتی من دەزانن چۆنە؟ هی وا هەیە دەنگی ناخۆشە، بەڵام وەک نەخۆشی وا هەست دەکا گەورەترین دەنگخۆشە، نووسەرە شیعرێکی بێ سەروپێ دەنووسێ وا دەزانی ئەم شیعرە کەس نەینووسیوە.. من لەوانە نیم، لەوانەیە زیاد لەوەی کە هەم خۆم ببینم، بەڵام نەختێ زۆر نا.

**ڕامان:** شتێکی تریش گرینگە کە پێوەندی بەکاری هونەریتەوە هەیە، پارێزەریی هەمیشە ئینسانی خاوەن مەنتیق و بەتوانای دەوێ لە بواری تەعبیرکردن و قسەکردندا؟

**تەها بابان:** هەر زۆر، زۆر.

**ڕامان:** چەند سوودت لەو بوارە وەرگرتووە بۆ تەمسیل کردن، یان تەمسیل کردن چەند خزمەتی بواری پارێزەریتی کردووە؟

**تەها بابان:** لە سێ چوار لاوە ئەم نووسین و تەمسیل کردنە دەوری هەبووە یەک: ئیلقا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی سەرنجی حاکمەکان ڕابکێشیت و ئاگایان لە وشە بە وشەی قسەکانت بێ، دوو: هونەری گێڕانەوەی چیرۆک زۆر سوودم لێوەرگرتووە.. زانیومە لە کوێوە دەست پێبکەم و لەکوێوە بڕۆم

و چۆن کۆتایی بە قسەکانم بێنم، ئەم کارانە کە تا ئەم دواییە بە عەرەبی بوون، من بە عەرەبییەکی زۆر بەهێزم دەنووسی، ئەمانە هەمووی یارمەتیان داوم.

**ڕامان:** ئەمەیان پێوەندی بەهونەری چیرۆکنووسی و گێڕانەوەی هونەرییەوە هەیە، یان باگراوەندی ڕۆشنبیریشی هەبوو؟

**تەها بابان:** پێوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە.

**ڕامان:** ئەی پێوەندی بە پەروەردەی خۆتەوە نییە کە لەناو خێزانێکدا بڕواییەکی زیاد لەپێویست درابێ بەتۆ؟

**تەها بابان:** بێگومان.. من لەخێزانێکدا بەخێوکراوم سەرکۆنە کردن و چەوسانەوەی تێدا نەبووە، بەڵام یەک جار منیان چەوساندەوە کە هەرگیز ئەوەم لەبیرناچێتەوە ئەویش کاتێ نەیان هێشت بچم هونەر بخوێنم و بەزۆر کردمیان بە پارێزەر، لەوەیاندا هەرگیز لێیان نابوورم، چونکە ئەو پارەیەی ئەوان لەمندا سەرفیان دەکرد لە بەغداو لەساڵەکانی پەنجادا، دەمتوانی لەواشنتۆن پێی بژیێم.. لەهۆلیوود و لەمیسر پێی بژیێم، واتە پارەیەک بوو زۆر زۆر بوو، مووچەی کابرایەکی زل بوو، تەنیا دواکەوتوویی فیکری بوو وای لەمن کرد یاسا بخوێنم لەجیاتی هونەر.. من دڵنیابووم بوار هەبوایە شتێکی باشم لێدەردەچوو.

**ڕامان:** ئێستا بەو تەمەنە ئەگەر بوارت بۆ بڕەخسێ حەزدەکەی خوێندن لە بواری هونەر تەواو بکەی؟

**تەها بابان:** بە بەرمەوە نەماوە، بەتایبەتی لەبەر زاکیرە، تۆ بەگەنجییەتی و منداڵی شت دەچێتە مێشکتەوە کە چوویتە عومرەوە لەسەدا سەد شتت فێربکەن، لەسەدی دەی لەبیرت نامێنێ، بۆیە توانای بەدواداچوونت نامێنێ.. ئێستاش من ئەو کتێبانەی دایان دەنێم، یا زۆر لەخۆم دەکەم، یان بەوچان دەیان نووسم، بەڵام تۆ بچی بخوێنی وچانت نابێ.

**ڕامان:** ویستت لەهەندێ شوێنی گفتوگۆکەمان باسی ئافرەت بکەیت.. با بزانین ڕۆڵی ئافرەت لەژیانتندا چییە؟

**تەها بابان:** توخوا بەبێ لایەنی.. من کەی باسی ئافرەتم کردووە.؟

**ڕامان:** باسی ئافرەتی هونەرمەندت کرد، بەڵام ئێستا دەمانەوێ بزانین دەوری ئافرەت لەژیانی تۆدا چییە؟ چەند توانیوبەتی پانتاییەک لەژیانت، لە عاتیفەت، لە خەیاڵت، لە بیرکردنەوەت داگیر بکا؟

**تەها بابان:** من وەک هەموو گەنجێک ڕۆژێک لەڕۆژان کەوتوومەتە ئەو خۆشەویستییە گەرم و تیژەی پێی دەڵێن یەکەم خۆشەویستی و تیاشیدا فەشەلم هێناوە، بەڵام ئەوە وای نەکرد من ڕق لە ژن هەڵگرم، تا ئەمڕۆش من لە زۆر هەڵسوکەوت کردنمدا لەگەڵ ئافرەت ناسکم.. سەرەڕای ئەوەش هەمیشە داکۆکیم لەمافیان کردووە، تەمسیلی (گریان) گەورەترین بەڵگەیە کە من چەند حورمەتی ئافرەت دەگرم.

**ڕامان:** کەواتە هەڵبژاردنی (نزار قەبانی)ش هەر پێوەندی بەو لایەنەوە هەیە کە تۆ ڕێزێکی زۆرت بۆ ئافرەت هەیە؟

**تەها بابان:** پێش ئەوەی (نزار قەبانی)ش بناسم هەمان هەڵوێستم بووە، چونکە حەز دەکەم کۆمەڵگەیەک زوڵمی تێدا نەبێ، ئەوەی جیاوازی نێوان منداڵی کچ و منداڵی کوڕ بکا بەتاوانی دەزانم. منداڵ چ گوناهێکی کردووە کە بەکچی لەدایک دەبێ؟ من لەخێزانی خۆمدا دوو کوڕو کچێکم هەیە، هەمیشە کچەکە باڵا دەست بووە، تۆ کوڕی و تۆ کچی لەفەرهەنگی خێزانی ئێمەدا نەبووە، ئێستا سەروکاری خێزانەکەی ئێمە دوای من کچەکەیە، هەرچەندە کوڕەکانیش پێگەیشتوون و کەسیان ناتوانن لەڕوویدا هەڵگەڕێنەوە.

**ڕامان:** کە (نزار قەبانی)ت هەڵبژاردووە، مەبەستمان ئەوەیە ئەو شاعیرە توانیویەتی تەعبیر لەزۆر لایەنی ژیانی ئافرەت بکات و تۆ نەتتوانیبێ بەو جۆرە تەعبیری لێ بکەی؟

**تەها بابان:** بەدووری مەزانە.

**ڕامان:** بەر لە ئەویش لە (گریان)دا تەعبیرت لەدەوری ئافرەت و ڕێزت لەئافرەت ناوە؟

**تەها بابان:** شانۆگەری (گریان) لەسەر ئەو بابەتە دەڕوا کە چۆن پێوەندی نێوان کوڕ و کچێک کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

**ڕامان:** لەگەڵ بزاڤی ڕوانگەو ئەوانە چۆن بووی؟

**تەها بابان:** ئەو گرووپە خۆشیان نەدەویستم، بۆچی؟ من دەمگوت (گۆران) گەورەترین گۆڕانی بەسەر شیعری کوردیدا هێناو جنێویشی بەکەس نەداوە. ئێوە دەتانەوێ هەموو شیعری کوردی ڕەت بکەنەوە، چونکە شیعرەکانی ئەو سەردەمە لەسەردەمی تۆ ناچێ، ئێستا شوێنەوارێکی کۆن بدۆزەرەوە، گۆزەیێ ملیۆنێ دینار دەکا، خۆ گۆزەشە، لەکاتێکدا ئێستا کریستاڵ هەیە بە (٢٠) دینار دەیکڕی. کەوابوو مەسەلەکە کات و سەردەمە، زەمەنە. تەنانەت جارێکیان، یەکێکیان نووسیبووی نامەوێ ناوی بدرکێنم، بۆ شاعیرە گەورەکانمان نووسیبووی شاعیرە قۆڕەکانمان، ئەمە چی پێ دەڵێن، تۆ وەرە شتی تازە بێنە تا هەموو خەڵک ئیمانت پێ بهێنێ، بتەوێ بڵێی شیعری تازە شیعری کۆن ئیلغا دەکا، پێویست ناکا هێرش بکرێتە سەریان.

**ڕامان:** لە نووسینیشدا وەک سەرنجمان داوە زۆر پاڵپشتی لاوەکان بووی، جارێکیان دژی گۆشەی (پۆستەی خوێنەران)و گاڵتە پێ کردن بەلاوەکان شتێکی جوانت نووسیبوو و بەناوی نامەیەکی کراوە بڵاوکرایەوە؟

**تەها بابان:** بەڵێ وایە.

**ڕامان:** لەبارەی ئەو پشتگیری کردنەی لاوان و بەهرەو توانا نوێیەکان حەز دەکەم شتێک بڵێی؟

**تەها بابان:** من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم ئەوانەی پێشوومان قۆناغێک بوون، ئێمەش نوێنەرایەتی قۆناغێک دەکەین، دەبێ بواریش بەنەوەی داهاتوو بدەین خۆی ببینێتەوە. تۆ دەبێ هەمیشە دەرگات کراوە بێ.

**ڕامان:** مەنتیقی مێژوو وایە.. ئەو شێوازە زۆر پەروەردەیی بوو، ئەوە سەرو دڵ گرتن و هەست بریندارکردنە، برناردشۆ لەجیاتی هاندان زۆر بە توندی لەگەڵ نووسەرە لاوەکان هەڵسوکەوتی کردووە، کە شتێکی بەدڵ نەبووبێ، قسەکانی بۆیان وەک زللەیەک بووە لەزەوقی داون. پاش چەند ساڵێک سەیری کردووە، لەئەنجامی ئەو توندییە لاوەکە سارد نەبۆتەوە، بگرە زیاتر پێگەیشتووە، ئەویش گوتوویەتی «ئەگەر من ئەو توندوتیژیەم نەبوایە تۆش ئەوا پێنەدەگەیشتی». ئەوە شێوازێکە و یەکێکە لە حیکمەتەکانی بردنارد شۆ، بەڵام لەلای ئێمە تۆ زۆر پەروەردەییانە وەڵامی ئەو توندو تیژییەت دایەوە کە بەرامبەر بەلاوەکان دەکرا، حەز دەکەم ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکت لەبارەی ئەم بابەتەوە هەبێ بیڵێی؟

**تەها بابان:** جارێ لەپێش هەموو شتێکەوە من چی ڕەخنەیان لێم گرتبێ، وەڵامم نەداوەتەوەو گوتوومە ئەوە بیروڕای ئەوەو ئەوەش بەرهەمەکەی منە، بەڵام هەندێ جار ئەگەر وەڵامیشم دابێتەوە، ئەوە بەوپەڕی دڵفراوانییەوە بووە، لەم دواییەدا کاک مەحموود ڕەزا نووسینێکی لەسەر کتێبەکەم (عالم الکرد المرعب) نووسیبوو، لەدڵی خۆمدا وتم تا ئێستا شەش حەوت ڕۆژنامە و گۆڤار لەبارەی کتێبەکەی منەوە نووسیویانە کە هەموویان ستایشێکی ڕووت بوون، تەنیا کاک مەحموود ڕەزا نەبێ کە من ئەمەیانم زیاتر بەدڵە، چونکە ئەمەیان پێم دەڵێ کوێی چاکە و کوێی خەراپە، زۆر بەناسکیش وەڵامم دایەوە، کە لەدواییدا کاغەزێکی بۆ ناردم و هیچ دڵگیریش نەبووم.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر دڵڕەشانە لەسەریان نووسیت؟

**تەها بابان:** بەخوا ئەوەشیان گوێی نادەمێ، نەک هەر لەژیانی شەخسیمدا، جاری وابووە گوتوویانە فلان کەس جنێوی پێداوی وتوومە کاکە گیان هی وا هەیە جنێو بەخواش دەدا (ئەستەغفیروڵڵا) قابیلە من لەو گەورەترم؟

**ڕامان:** دڵفراوانییەکەت قەناعەتێکی دیموکراتخوازانەیە؟

**تەها بابان:** زۆر زۆر دڵفراوانم. ئەمە نەک بە ئیدیعا بگرە بەواقیع وایە.

**ڕامان:** تا چەند لەمەدا قازانجت کردووە؟

**تەها بابان:** زۆر، چونکە ئەوانەی کە هێرشەکەیان کردۆتە سەرم لە ئەنجاما بوون بە ڕەفیقێکی زۆر خۆشەویست. بە (ئەبراهام لینکۆڵن)یان وت تۆ بۆ دوژمنە سیاسییەکانت لەناو نابەی؟ لە وەڵامدا گوتی من بەردەوامم لە لەناوبردنیان وتیان باشە بەچی؟ کەست حەپس نەکرد، کەست لە سێدارە نەدا، کەست نەفی نەکردووە، لەوەڵامدا وتی من وایان لەناو نابەم، بەڵکو دەیانکەم بە دۆست، ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی لەناوبردن. ئێمە زۆربەی گیرگرفتەکانمان لەتۆڵەسەندنەوەوە هاتووە.

**ڕامان:** دەوری ڕەخنە لە بواری نووسین و ڕۆشنبیری و هونەری تۆ، بەتایبەتی لە شانۆدا، چەند خزمەتی تۆی کردووە؟ یان تا چ ڕادەیەک حەقی تۆی داوە؟

**تەها بابان:** ڕەخنەگر دەبێ مامۆستا بێ، کە تۆ ڕەخنەیەک دەگری دەبێ شارەزابی، من کابرایەکم لەهونەری وێنەکێشان نازانم، ئیتر لەخۆمەوە چی بڵێم ئەوە چاکەو ئەوە خەراپە، من زۆربەی ئەو ڕەخنانەی کە گیرابێ هەستم کردووە ئەو توانایە سەقەت بووە، لەبەر ئەوە زۆربەی جار وەڵامیشم نەداوەتەوە، لەکاتی لاوێتیمدا جارێک لە ساڵی (١٩٥٧) وەڵامم دایەوە، ئێستا زۆر لێی پەشیمانم، چونکە بە لەهجەیەکی زۆر ڕەق وەڵامەکەم نووسیبوو، بەهەرحاڵ ئەوکاتە گەنج بووم.

**ڕامان:** لەچ ڕۆژنامەیەک بوو؟

**تەها بابان:** پێشکەوتن.

**ڕامان:** ئێمە پرسیار دەکەین، بەڵام تۆش زۆر بەخێرایی وەڵام بدەرەوە؟

**تەها بابان:** ئادەی.

**ڕامان:** بەیەک دێڕ یاسا لەلای تۆ چی دەگەیەنێ؟

**تەها بابان:** یاسا ئەگەر زاڵمیش بێ، بوونی باشترە لەنەبوونی.

**ڕامان:** ئیسماعیل بێشکچی؟

**تەها بابان:** بێشکچی گوڵێکە کە بەر لەهاتنی بەهار لەتورکیا گەشاوەتەوە.

**ڕامان:** هربرت مارکۆز؟

**تەها بابان:** نایناسم.

**ڕامان:** بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سەتەلایەتی کوردستان؟

**تەها بابان:** لەو بڕوایە دام کە زۆر پێشکەوتووە، لەلایەنی تەکنیک و لەلایەنی ناوەرۆکیشەوە.

**ڕامان:** گردی سەیوان؟

**تەها بابان:** گردێکی زۆر پیرۆزە، هەر لەگۆڕی شەهیدەوە تا گۆڕی گەورە پیاوەکانی تیایە لە بواری ئەدەب و سیاسەت، تەنانەت ئەوانەش کە شارەوانی ناشتوونی و کەسوکاریان نەبووە.

**ڕامان:** ئەی ڕەفیق چالاک؟

**تەها بابان:** ڕەفیق چالاک دیاردەیەکی هونەری بوو، زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ.

**ڕامان:** ڕووبار؟

**تەها بابان:** دەماری ژیانە.

**ڕامان:** شیعر؟

**تەها بابان:** خواردنێکی گیانییە.
**ڕامان:** عەولەمە؟
**تەها بابان:** هەرچەندە خەڵکی زۆر لەدژی دەدوێن، بەڵام یەکێکە لەدەسکەوتە گەورەکانی مرۆڤایەتی کە تۆ ئاگات لە هەموو شتێک دەبێ.
**ڕامان:** ئەحمەد دەنگ گەورە؟
**تەها بابان:** ئەحمەد دەنگ گەورە یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی چەرخی پێشوو.
**ڕامان:** ئەنوەر تۆڤی؟
**تەها بابان:** ئەنوەر تۆڤیش هەمان شت.
**ڕامان:** جوانی؟
**تەها بابان:** جوانییە کە خۆشی دەدا بەدنیا.
**ڕامان:** پیریی؟
**تەها بابان:** بەلای منەوە هەزار عەیب نییە، هەزار چاکیشی هەیە، من لەپیریدا توانیومە ئەم دەسکەوتانە بەدەست بێنم، دڵنیام لەگەنجێتیدا ئەوەندە کاڵ و کرچ بووم نەمتوانیوە هیچ بکەم.
**ڕامان:** دڵداری؟
**تەها بابان:** مایەی بەختیاری ئینسانە، کەسێک ئەگەر دڵدار نەبێ بەڕای من ژیانی بە خەسار چووە.
**ڕامان:** بەفر؟
**تەها بابان:** پاکی.
**ڕامان:** مامە یارە؟
**تەها بابان:** ئازایەتی و کوڵنەدان.
**ڕامان:** نالی؟
**تەها بابان:** داهێنەر و دانەری بەردی بناغەی شیعرو زمانێکی نوێ.
**ڕامان:** دستۆیڤسکی؟
**تەها بابان:** مەرتەبەیەکە لەنێوان خوا و ئینسان.
**ڕامان:** گریان؟
**تەها بابان:** یەکێکە لەشاکارەکان.
**ڕامان:** ڕۆمان؟
**تەها بابان:** دروستکردنی ژیانێکە، ڕووداوێکە کە لە مێشکی مرۆڤەوە دێتە دەرەوە.
**ڕامان:** عەلی مەردان؟
**تەها بابان:** کەسێکە لە بواری مەقاماتدا جێی ناگیرێتەوە.
**ڕامان:** ئەنوەر قەرەداخی؟
**تەها بابان:** هونەرمەندێکە کە زۆر هەوڵی لەبواری مۆسیقای نوێدا داوە.
**ڕامان:** یەڵماز گۆنای؟
**تەها بابان:** دەرهێنەر و هونەرمەندێکی زۆر گەورە بووە، بەرهەمەکانی بەکوردی نەبوون زۆر لە بابەتەکانیشی کوردی نین.

**ڕامان:** سەما؟
**تەها بابان:** سەما ئەو هونەرەیە کە من نەمزانیوە.
**ڕامان:** منداڵ؟
**تەها بابان:** دڵی ژیانە.. ژیانی ئینسانە.
**ڕامان:** خۆت؟
**تەها بابان:** بەو نەرگسیەتە بۆتان تەعبیر بکەم.
**ڕامان:** وەک پێت باشە؟
**تەها بابان:** گەورەترین گیروگرفت ئەوەیە ئینسان خۆی بناسێ، من خۆم وا دەبینم نووسەرێکی دڵسۆز کە دەیەوێ بە نووسینەکانی کۆمەڵگاکەی و مەسەلەی میللەتەکەی پێش بخات، ئیتر تا چ ڕادەیەک لەوەدا سەرکەوتوو بووە ئەوە مێژوو دوای من دەتوانێ دەری بخا.
**ڕامان:** موتابەعەی گۆڤارەکەمان دەکەی؟
**تەها بابان:** بەڵێ.
**ڕامان:** پێمان باشە باری سەرنجتان بەرامبەری بزانین؟
**تەها بابان:** ڕێڕەوێکی زۆر تازەی گرتووە، لە فیکرو لە نەهجیدا. لە تەقەنیشدا هەمان شت.
**ڕامان:** حەز دەکەی چیتر باس بکەیت؟
**تەها بابان:** هەندێ شت هەیە پێویستە باسیان لێوەبکەم.. من یەکەم کەس بووم لەمێژووی کورددا کە مەدالیام داناوە، کە ئەمە تا ئێستا نەکراوە.
**ڕامان:** ئاخر پێشتریش هەیە؟
**تەها بابان:** پێش ئێستا کراوە، مەدالیای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی هەیە.. وانییە؟
**ڕامان:** بەڵێ وایە، مەدالیای بارزانی هەیە؟
**تەها بابان:** بیرم دێ لە فیستیڤاڵێک باسی ئەم مەدالیایەیان لێ پرسیم.. وابزانم سەتەلایتی کوردستان بوو، لەوێ وتم لەکاتی خۆی من (مەدالیای بابان)م داوە، کە لە فرسەتی بەیانی (١١)ی ئادارەوە تا شەڕ دەستی پێکردەوە دابەش کرا، چونکە ئەو دەمە نیمچە سەربەخۆییەکمان هەبوو، دوایی ڕاوەستام، چونکە ئەو کارە دەبێ بەیاسا بکرێ و قابیلی ئەوەبوو لەسەری لێپرسینەوەم لەگەڵ بکەن، وتیشم پێویستە ئەم مەدالیایانە بۆ هونەرمەندان پەرەی پێبدرێ، یان بۆ باشترین کتێب، بۆ باشترین داهێنان و باشترین کرداری چاک، ئەمەش بەمن ناکرێ، دەبێ حکومەتی هەرێم بیکا. دووەم: کە زۆر بە گرنگی دەزانم، من یەکەم کەس بووم هەڵگری باوەڕنامەی دانیشگابم کە تەمسیلی کردبێ، ئەمە زۆر گرینگە، چونکە هونەری کوردی بەسووک سەیر دەکرا، بەتایبەتی هونەری شانۆ، وایان دەزانی ئەمە ئیشی ئینسانی فاشیل و دواکەوتووە، بەڵام کە من دەستم کرد بە تەمسیل کردن پرسیارێک دروست بوو، ئایا من بۆ ئەمە دەکەم.. بۆ پارە دەیکەم؟ نەء کابرایەکم شەهادەیەکی بەرزم هەیە حەیای خۆم دەبەم؟ کەوابوو دەرکەوت کۆمەڵگاکە دواکەوتووە. سەیر

لەوەدایە ئەمەش جوولەیەکی دا بە کچان. هەموو دەیانگوت باوکە، کاکە بۆ ئەم پیاوە ئەم تەمسیلە دەکا؟ ئایا ئەم پیاوە بۆچی لە قیمەتی خۆی کەم دەکاتەوە ئەگەر شتێکی خراپ بێ؟ تەنانەت ئافرەت هەبوو کە دایک و باوکەکەی ڕوخسەتیان دەدا بەمەرجێ لە تەمسیلییەکانی مندا دەرکەوێ، چونکە هەستیان دەکرد ئەگەر لەگەڵ منابێ ناوبانگی پارێزراوتر دەبێ، لەلایەنی تەمسیلی سروشتی و دەرهێنانەوە توانیومە شتێکی کەم گۆڕانکاری بکەم، دەتوانم بڵێم ئەم تەمسیلییەی کە ئێمە کردمان لەبەغدا، ئەوەش یەکەم تەمسیلی کوردی بووە لەسەر شانۆی هۆڵی وڵاتێکی غەیرە کورد نمایش کرابێ.

**ڕامان:** ساڵی چەند لە دایکبووی؟

**تەها بابان:** ساڵی (١٩٣٣) لەگەڕەکی دەرگەزێن لەدایک بووم.

**ڕامان:** ئەی لەکوێ قۆناغەکانی خوێندنت تەواو کرد؟

**تەها بابان:** سەرەتایی بە لای منەوە گرنگ نییە، بەڵام دوا پلەی خوێندنم شەهادەی لیسانس بوو لەقانوون کە لە ساڵی (١٩٥٧- ١٩٥٨) تەواوم کرد، ئێستاش دادوەر و بەڕێوەبەری گشتی دادم لە سلێمانی.

**ڕامان:** کتێبی داهاتووت، ئەوانەی ئامادەن بۆ چاپ؟

**تەها بابان:** ئەوەی ئێستا بەدەستمەوەیە کتێبی دووەمی (عالم الکرد المرعب)ە، بەڵام ئەم کتێبەی قەڵادزێ کە دەبوو لە (٢٤/٤/٢٠٠٤) تەواو بێ کە بەداخەوە بۆم تەواو نەکرا، بەگرنگتریشم دەزانی لە پرۆژەکانی دی. کتێبێکی ترم لە بارەی گۆڕی بەکۆمەڵە، چونکە فەسڵێک هەیە لەنێو کتێبی (عالم الکردالمرعب) بەو ناوەوە، کە دوای ئازادکردنی عیراق هەموو گۆڕەکان ئاشکرا بوون، دەشێ بەکتێبێ دەری بکەم.

**ڕامان:** پێش (فریشتەکانی سەر زەمین) کە لە ساڵی (١٩٧٧) چاپ کرا، کتێبی ترت هەبوو؟

**تەها بابان:** بەکتێب نە.

**ڕامان:** وتارەکانمان دیوە؟

**تەها بابان:** هەمووی وتارو...

**ڕامان:** جگە لە ڕۆژنامەی (ژین) لەچەند شوێن بەرهەمەکانت بڵاو کردۆتەوە؟

**تەها بابان:** ئەوی ڕاستی بێ بە پلەی یەکەم ڕۆژنامەی ژین، بەپلەی دووەم، (ژین)ی ساڵەکانی حەفتا، دوای ئەوە گۆڤاری بەیان، واتە لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە وابزانم ژمارە نەبووە وتاری منی تێدا نەبووبێ، باس و لێکۆڵینەوەو چیرۆکی منی تێدا نەبووبێ.

**ڕامان:** لەڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری (بەیان)یش زۆر بەرهەمت بڵاوکردووەتەوە؟

**تەها بابان:** لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری (بەیان)یش، گۆشەیەکیشم بەناوی خوازراوەوە هەبوو.

**ڕامان:** بەناوی کێ؟

**تەها بابان:** ڕەنجدەر.

**ڕامان:** چەند ناوی خوازراوت لەنووسین هەبووە؟

**تەها بابان:** یەک ناوی خوازراوم هەبووە کە ئەویش (ڕەنجدەر)ە، حەزم کردووە بەهۆی ئەو نەرگسیەتەی دەیفەرموون، هەمیشە بەرهەمەکانم بەناوی خۆمەوە بێ.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ شەڕە وتارو دیالۆگ کردن لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان چۆن بووی؟

**تەها بابان:** چیرۆکی (تاوانێک لە ئاسمانا) کێشەیەکی زۆری لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ دروست کردم.

**ڕامان:** ساڵی چەند؟

**تەها بابان:** وابزانم ساڵی (١٩٧٢) بوو، ئەوان دەیانگوت تۆ وێنەی مامۆستات بەچاکی نیشان نەداوە.

**ڕامان:** با لەوە زیاتر هیلاکت نەکەین زۆر زۆر سوپاس.

**تەها بابان:** ئەسڵەن هەر هیلاک نەبووم.. بەپێچەوانەوە سفرێکی ڕۆحی زۆر خۆشبوو.

**ڕامان:** ئەی توانیمان کەم تا کورتێ بەدوو قوڵی بتوروژێنین؟

**تەها بابان:** بێگومان زۆریش.

**ڕامان:** هیلاکمان نەکردی؟

**تەها بابان:** نا، بەپێچەوانەوە دانیشتنی خۆش و قسەکردن، بەتایبەتی قسەکردنێ کە جەهدێکی فیکری بوێ وەک تاقیکردنەوە وایە، هەست ناکەی کاتەکە چۆن دەڕوا..❖

**هەڤپەیڤینی:**
**ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار**

## مێژووی شانۆی جیهان

# شانۆی ڕۆژهەڵات

ئۆسکار گرۆس برۆکێت
و/ لە فارسییەوە: محەمەد نزار

(١)

**- چین -**

کاتێک کە ئەوروپا سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسی بەجێ دەهێشت، شانۆکانی چین، ژاپۆن و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا شێوە ناوخۆییەکانی خۆیان فراوانتر دەکرد، ئەو شێوەو نەریتانەی کە تاوەکو ئەمڕۆ تایبەتمەندییەکانی خۆیان پاراستووە.

ساڵەکانی نێوان (١٣٠٠) و (١٧٠٠) گەواهییەک بوون بۆ داهێنان و خوڵقاندنێکی جیاواز لەگەڵ ڕۆژاوادا و ئەو دوو لایەنەش (داهێنان و خوڵقاندن) تارادەیەک بەجۆرێکی گشتی دیاریکراو بوون و کاریگەریی بەرامبەر بەیەکی ئەو دوو ڕۆشنبیرییە تازەیە لە سەدەی بیستەمدا دەستی پێ کرد و لەدوای ئەوەشەوە بەجۆرێکی پچڕ پچڕ بەردەوامی هەبوو. جێگای سەرسوڕمانە کە درامای چینی تەنیا لەدوای دەسەڵاتدارییەتی مەغۆلییەکان لەسەر چین لە سەدەی سێزدەدا درەوشایەوە.

مەغۆلییەکان ئیمپراتۆرییەکەی خۆیان لە ئاسیاوە تا ئەوروپا فراوان کردو زنجیرە خێزانی (یوان) یان دامەزراند کە لە (١٢٧٩)ەوە تا (١٣٦٨) بەسەر چیندا فەرمانڕەواییان دەکرد. (مارکۆپۆلۆ لەو قۆناغەدا گەیشتە چین و ئەوروپییەکانی بە سەیرو سەمەرەی ئەو وڵاتە شارستانی و دەوڵەمەندە ناساند)

مێژوونووسان بە گشتی لەو باوەڕەدان کە هۆی پەرەسەندنی ئەدەبیاتی چینی لە قۆناغی فەرمانڕەوایی زنجیرەی یوان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووناکبیرە چینییەکان کاری دەوڵەتییان پێ نەدەسپێردرا، هەڵبەتە بەر لەوە، تەنیا ڕێگایەکی دەرکەوتن و درەوشانەوەی توانا جۆراو جۆرەکان بەهۆی کارە دەوڵەتییەکانەوە بووە.

ئەو تایبەتمەندییەش، ئەگەری ئەوەی بۆ ڕەخساندن تا هونەرە خۆماڵییەکانیان و لەوانەش دراما بەرەو کامڵبوون ببەن. ئەو هونەرمەندانەی کە بایەخێکی تایبەتییان بەشێوە سەرەتاییەکانی دراما- مۆسقییەکان دەدا، چەندین شانۆنامەیان نووسی کە بە جۆرێکی ئاسایی بە بەردی بناغەی شانۆی کلاسیکی چین دەناسرێتەوە.

درامای چینی بۆ ماوەیەکی کەمتر لەسەدەیەک بە لوتکەی درەوشانەوەی خۆی گەیشت و لەو قۆناغەدا هەرچەندە گیروگرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئارادا هەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چینییەکان توانییان جۆرە سەردەمێکی زێڕینی دراما تاقی بکەنەوە. لەوانەشە بتوانین بڵێین سەلیقەو سامانی فەرمانڕەوا بیانییەکانیش لەو بابەتەدا بێ کاریگەریی نەبووە. درامانووسانی قۆناغی یوان، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆیان لە مێژوو، ئەفسانە، چیرۆکە کۆنەکان و ڕووداوە هاوچەرخەکانی خۆیان وەردەگرت. ئەو کەسایەتییانەی کە لەو بەرهەمانەدا نمایش دەکران، لەنێوان هەموو چین و توێژەکاندا هەڵدەبژێردران و ڕۆڵە گرنگەکانیان بریتی بوون لە: ئیمپراتۆرەکان، زانایان، بەرپرسە دەوڵەتییەکان، یاخی بووەکان، دڵداران... تاد.

ئەو شانۆنامانە بابەتی وەکو خۆشەویستی و وەفاداری بۆ خێزان و هاوڕێیان و بایەخدان بەکارو ئەرک باس دەکرد و لەو شانۆمانانەدا جیهان لە ڕوانگەیەکی ڕۆمانتیکییەوە نیشان دەدراو پیاوی خراپ بە سزای کارەکانی دەگەیشت و عاشقان

خۆشەویست و ئازیزە ونبووەکانی خۆیان دەدۆزییەوەو بەیەکتر شاد دەبوونەوە، هەڵبەتە جۆرێکی گشتی ڕووبەرێکی پان و بەرینی لە ژیانی چینییەکان لەسەر شانۆنمایش دەکراو لە زۆربەی کاتدا پێوەندیی بە ڕابردووەوە هەبوو هەرچەندە لە هەموو کاتێکدا بەژیانی ڕۆژانەشەوە دەبەسترایەوە.

لە سەرانسەری فەرمانڕەوایی زنجیرەی یوان، باشترین درامانووسەکان لە باکووری چین و بەتایبەتیش لە (پەکین)دا دەژیان و لەوێ شێوەیەکیان گۆڕی کە بەجۆرێکی ئاسایی دارشتنی (باکووری)یان پێ دەگوت، لەو دارشتنەدا، هەموو شانۆنامەیەک لەچواربەش یان دیمەن پێک دەهات و کۆی گشتی دە تا بیست ئاوازی تێدا بوو کەگشتیان لەلایەن کەسایەتییە سەرەکییەکانی نمایشەکەوە دەچڕدران، لە کاتێکدا کەسایەتییەکانی دیکەی نمایش تەنیا قسەیان دەکرد یان قسەی خۆیان دەنووسییەوە.

دراما نووسانی قۆناغی یوان، نەغمەکانی خۆیان لەنێوان (٥٠٠) ئاهەنگی ناو مۆسیقای چینییان دەستنیشان دەکرد و ئەو ئاهەنگانەش بەپێی چۆنیەتی مۆسیقاژەن و توانای دەربڕینی لە نۆ ئامێردا دەستنیشان کرابوون.

درامانووسان بەپێی یاسایەکی ڕاشکاو، دەبوایە لە هەموو ئاوازەکانی هەر دیمەنێک تەنیا یەک ئامێر بەکاربێنن و کەڵکیش لە یەک جۆرە ئاواز وەربگیرێت، ئەو ئامێرو ئاوازەی کە لە دیمەنێکدا بەکار دەهات، ئیدی نەدەبوو لە هیچ دیمەنێکی دیکەدا سوودیان لێ وەربگیرێت.

ئەگەر نمایشکردنی هەر چوار دیمەنی شانۆنامەیەک لەدوای یەکدی نەکرایە، ئەوا لەنێوان دیمەنەکاندا جۆرە چالاکییەکی شانۆیی چینی بەناوی (چێ تسێ) نمایش دەکرا.

ئەو (چێ تسێ)یە کورت بوو و پتر لە دوو ئاوازی بەخۆوە نەدەگرت و لەلایەن کەسایەتییەکی دیکەی جگە لە قارەمانی سەرەکی جێبەجێ دەکرا.

لە کۆتایی نمایشەکەدا، لە ڕێگای یەک دوو دێڕی ئاوازدار یان یەک چوارین، ئەنجامی نمایشەکە ڕادەگەیەنێت، لە یەکێک لە دێڕەکانی ئەو پارچە کۆتاییە، ناوی شانۆنامەکەیان دادەنا.

بە جۆرێکی ئاسایی، مۆسیقای سادەی ئەو شانۆنامەیەی کە لە حەوت دیمەن پێکهاتبوو، لەلایەن ئۆرکێسترایەکەوە کە لە ئامێرەکانی گانگ (gong سازێکی وەکو کاسەیەکی فلزی وایە کە بە چەکوش لێ دەدرێت)، تەپڵ، زەنگ و پیپا (Pipa سازێکی وەکو عوودە) پێکهاتبوو، جێبەجێ دەکرا.

زۆربەی جار، بەسەرهاتی نمایش چەندین مانگ یان چەندین ساڵی پێ دەچوو و جێگای نمایش بە دەگمەن بەیەک شوێن دەبەسترایەوە، ژمارەیەکی کەم لە نمایشەکان کۆتاییەکی ناخۆشیان هەبوو، کە ئەویش لەلایەن دادپەروەری ڕۆمانسییەوە ئاراستە دەکرا.

ڕوونکردنەوەی فراوان لە بارەی جۆری جێبەجێ کردن لە



دەقی شانۆنامەکاندا، نووسینە هاوچەرخەکانی ئەو قۆناغە و تابلۆیەکی هەڵکەندراوی سەر دیوار (مێژووەکەی نزیکەی ١٣٢٤)، باس لەوە دەکات کە زۆربەی ئەو شانۆ ڕازاندنەوانە خۆماڵییانەی ئەمڕۆ لە شانۆی چینیدا، لە سەدەی چواردەدا ڕەواجیان نەبوو.

شانۆ لە بنەڕەتدا ڕووت بوو جگە لە دوو دەرگا نەبێت لە کۆتایی شانۆکەدا، یەکێکیان بۆ هاتنەژوورەوەو ئەوی دیکەیشیان بۆ چوونە دەرەوەی ئەکتەرەکان بوون.

لە مەودای نێوان ئەو دوو دەرگایەدا، پەردەیەکی بەگوڵ چنراوو ڕازاوە (لەو وێنانەی بەدەست هاتوون لە شانۆ چینییەکاندا، ئەو پەردەیە دوو پارچەی هەیە کە بەبێ دورمان لە تەنیشت یەکدان) هەڵدەواسرا.

لە تابلۆکانی شانۆی کلاسیکی چینی، ئەکتەران لە جل و بەرگی جوان و ڕازاوە، هەندێ جار سەرقۆڵی بەرزو یەکجار کراوە و ڕوخساری ئارایشتکراوو ڕیشیان نیشان دەدا.

ئیکسسوارەکانی شانۆ (وەکو باوەشێن، شمشێر، پشتێنی چەرمی) لەو تابلۆیانەدا دەردەکەوتن.

لە گرووپە نمایشکارەکاندا، ئافرەت و پیاو هەردووکیان بەشدارییان دەکرد و ناوی ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرە بەناوبانگە کۆنەکان نووسراونەتەوە.

ژمارەی ئەو نمایشانەی کە لە قۆناغی یوان نووسراونەتەوە بۆ ئێمە ڕوون نییە، بەڵام ناوی پتر لە (٧٠٠) شانۆنامە لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە و تەنیا (١٧٠) شانۆنامە لە ناویاندا بەدەستمان گەیشتوون.

لەو قۆناغەشدا، ناوی نزیکەی (٥٥٠) درامانووس ناسراونەتەوە، بەڵام زانیارییەکی کەم لە بارەی بارو گوزەرانیانەوە هەیە.

یەکێک لە باشترین درامانووسانی ئەو قۆناغە کوان هان-چینگ (Kyan Han - Ch'ing)ە کە بە باوکی درامای چینی ناوبانگی دەرکردووە.

هان چینگ (٦٧) شانۆنامەی نووسیوە کە (١٨) دانەیان بەدەست گەیشتووە.

لەوانەیە ناودارترین درامای ئەو، تراجیدیایەکی خۆماڵییە بەناوی (نا دادپەروەرییەکانی کە دەرهەق بەخانمی تۆکرا)

(The Injustice Done to Maid Tou) بێت کە لە چیرۆکێکی تاوانکاری ڕاستەقینە وەرگیراوە، ئەو شانۆنامەیە لەبارەی ئێش و ئازارو ئازایی و بەخششەکانی بێوەژنێکی بێ گوناهە کە بەکوشتنی خوازبێنیکەرەکەی تۆمەتبار دەکرێت و لەدوای ئەوەی کە (تۆ) لە سێدارە دەدرێت ڕووحیانەتەکە بۆ دادوەر دەردەکەوێت و دادوەریش سەرلەنوێ ئەو بابەتە لە دادگادا دەخاتەوە ڕوو، لە ئەنجامدا تاوانباری ڕاستەقینە ئاشکرا دەکات و سزا دەدرێت. خانمی تۆ بەرجەستەکاری ئافرەتانی خۆپارێزی چینی بوو و ئازایەتی ئەخلاقی ئەو بووە نموونەیەک بۆ ئافرەتانی دیکە.

یەکێک لە خۆشەویستترین دراماکانی قۆناغی (یوان) (داستانی عاشقانەی تەلاری ڕۆژئاوا) (Romance of The West Chamber) یەکە نووسینی وانگ شی - فو Wang Shih- Fu یە، ئەم شانۆنامەیە لەنێوان دراما باکوورییەکاندا بەتاک و خاوەنی (٢٠) دیمەنە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ڕەچاوکردنی نەریتی شانۆیی ئێستا، لە پێنج بەشی چوار دیمەنیدا نمایش دەکرێت.

ئەو شانۆنامەیە لەسەر بنەمای ڕۆمانێکی چینی نووسراوەتەوە سەبارەت بە کارەسات و شادییەکانی دوو عاشقی ڕاستگۆ بەناوی (یینگ یینگ)ی دولبەرو (یانگ)ی قوتابی بە تواناو لاو دەدوێت.

ئەو دووانە، لە دوای جودابوونەوەیەکی درێژخایەن بە یەکدی دەگەنەوە.

ئەو شانۆنامەیە، بەهۆی داڕشتنی کەسایەتییەکانی و ناوەرۆکی ڕۆمانسی هەمەڕەنگ و جوانی، بایەخی پێ درا.

یەکێکی دیکە لەشانۆنامە بەناوبانگەکانی ئەو قۆناغە، (هەتیوێک لەخانووی چائو) (The Orphan of the House of Chao. یە کە لەوانەیە (چی چون- هیسانگ) Chi Chun - hes'ang نووسیبێتی، شانۆنامەکە لەبارەی منداڵێکەوەیەکە لە قوربانی بوون ڕزگاری دەبێت و دوای گەورەبوونی تۆڵەی بەکۆکوژی خێزانەکە لەخاوەن پلەیەکی بەدزات دەستێنێتەوە.

ئەمە یەکەمین شانۆنامەی چینییە کە لەڕۆژئاوا ناوبانگێکی فراوانی دەرکردبێت، چونکە ولتەر شانۆنامەیەکی بەناوی (هەتیوی چینی) (١٧٥٥) لەسەر بنەمای ئەو نووسی.

شانۆنامەیەکی دیکە لە ڕۆژئاوا ناوبانگی لەو شانۆنامەیەی پێشوو پتر دەرکرد (چیرۆکی بازنەی تەباشیر) (The Story of The Chalk Circle)ە کە لە نووسینی (لی چین خو)ە.

ئەو شانۆنامەیە بەسەرهاتی دوو ئافرەتە کەهەردووکیان خۆیان بە دایکی منداڵێک دەزانن و مەبەستی سوود وەرگرتنیان لەو میراتییەی کە بۆ ئەو منداڵە ماوەتەوە، هەیە. دادوەریش ئەو منداڵە دەخاتە ناو بازنەیەکی تەباشیرەوە داوایان لێ دەکات کە هەریەکێکیان لەلایەکەوە پەلی ڕابکێشن و هەر کامیشیان لەو بازنەیە هێنایە دەرەوە، ئەوا منداڵەکە هی ئەوە، ئافرەتێکیان لەناو ئازاری منداڵەکە واز دەهێنێت و دادوەریش ئەو بە دایکی لە قەڵەم دەدات.

ئەم شانۆنامە ئیلهام بەخشە ه. أ. کلابوند بەهۆیەوە شانۆنامەی (بازنەی تەباشیر)ی نووسی لە ساڵی (١٩٢٣)دا و برتۆلدبرێخت-یش شانۆنامەی (بازنەی تەباشیری قەفقازی) بەهەمان هۆیەوە لە ساڵی (١٩٤٤)دا نووسی.

شانۆنامەکانی دیکەی قۆناغی یوان بە زۆری لە بارەی ئایین و هێزەکانی ئەو دیو سروشت بوون. بەر لەمیانەی سەدەی چواردەیەم، مەکتەبێکی دیکە لە درامای چینی بەناوی (مەکتەبی باشوور) لەناوچەی هانگ چو دەرکەوت، چونکە لە ناوچەکانی (مەکتەبی باکوور)دا لێی تێنەدەگەیشتن و باویشی نەبوو. لە دراماکانی قۆناغی یوان لەم ناوچەیەدا، پێویستە ناوی (ئاوازی عوود) Lute Song بهێنین کە لە نزیکەی ساڵی (١٣٥٠)دا لەلایەن کائومینگ-ەوە نووسراوە.

ئەم شانۆنامەیە، خاوەنی (٤٢) دیمەنەو چیرۆکەکەیشی باسی ئافرەتێکی خۆپارێز دەکات و ناوی چائوڤونیانگەو کاتێک مێردە زاناکەی لەگەڵ ئیمپراتۆردا سەفەر دەکات، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، مێردەکەی لەو سەفەرەیدا ناوبانگ و سامانێکی فراوانی دەست دەکەوێت و کچی سەرۆک وەزیرانیش شووی پێ دەکات، چائوڤونیانگ لەدوای مردنی باوک و دایکی مێردەکەی، بەرەو کۆشک دەکەوێتە ڕێ و لەوێش بەدوای مێردەکەیدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوەو داوای لێ دەکات ئەرکەکانی ژیانی هاوسەرییەتییان ئەنجام بدات، سەرئەنجام ئەو دووانە ڕێک دەکەون و ڕازی دەبن کە هەردوو ژنەکانی لە هەلومەرجێکی یەکسان لەبەرامبەر یەک، پێکەوە بژین، ئاوازی عوود بەهۆی ڕۆمانسییەت و دڵگیری و ئاوازە جوانەکانی یەکجار شایەنی بایەخ پێ دانە.

دامەزرێنەری زنجیرەی مینگ (١٣٦٨-١٦٤٤) لە چیندا، لەدوای دەرکردنی مەغۆلەکان و جێگیرکردنی حکومەتەکەی، کەوتبووە ژێر کاریگەریی شانۆنامەی ئاوازی عوودەوە هەردەم داوای نمایشکردنی سەرلەنوێ دەکرد، هەر ئەمیش بوو کە پشتگیریی لە درامای باشوور دەکردو وەکو شێوەی باڵادەستی بەسەر درامای چینیدا لێ کرد.

تازەگەریی گرنگ لە درامای باشووردا لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم لەلایەن (وی لیانگ فو)ەوە خرایە ڕوو، ناوبراو بۆ ماوەی دە ساڵ موتاڵای ئۆپێراو مۆسیقای چینی کردو لە سەر بنەمای مۆسیقای کون- شان (ناوچەیەکی نزیک سۆچۆیە) بەردی بناغەی درامای مۆسیقی دانا. ئەو تازەگەرییانە ئەوەندە ڕەواجیان هەبوو کە تا ساڵی (١٦٠٠) هەموو شانۆکانیان کردەوە. لەو قۆناغەدا، مەکتەبی باشوور کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ مەکتەبی باکووردا هەبوو، هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی جێگیرکرد. یەک شانۆنامەی

باشـــوور دەتوانێت پتـــر لە پەنجـــا دیمەن بێت و هەمـــوو پەردەیەکیش ناوێکی سەربەخۆی هەبێت، لە دیمەنی یەکەمدا بە جـۆرێکی ئاسـایی بەر لە دەرکـەوتن دەخـوێندرێتـەوە، کەسایەتییەکی لاوەکیی نمایشەکە مەبەستی نووسەر ڕوون دەکاتەوە. لە هەموو دیمەنێکدا چیرۆکی لاوەکی زۆر دەگوترێت و هەموو ئەو چیرۆکانە لە کۆتاییدا بەخۆشی کۆتایی دێن. لەو شێوازەدا هەموو یەکێک لە کەسایەتییەکان دەتوانێت گۆرانی بڵێت، ئیدی چ بەتەنیا یان بەجووت یاخود بە کۆرس بێت.

مۆسیقای ئەو نمایشە لە سیستەمێکی پێنج دیمەنی (جگە لەو ئاهەنگانەی کـە لە درامـای باکـوورەوە وەرگـیـراون) پێکهـاتووەو ئاوازەکـانیش نەرم و هێـمن (چوارتا پێنج ئەوەندەی ئاوازە باکوورییەکان هێمنترن)

ئامێری ئەسڵی ئەو مۆسیقایە فلووتێکە لە شمشاڵی (تی تسۆکە ئامێرێکی مۆسیقی چینییە) کە دەنگێکی بەسۆزو ئارامی بەلاوەیە. ئۆرکێسترا هەروەها لە ئامێری دیکەش بەتایبەتی ئەوانەی لە جۆری تەپڵن پێکهاتووە.

(شێـوازی باشووری) لە درامـای چینی تاڕادەیەکی زۆر بە بەردەوامییەکی نەریتی ئاوازی عـوود دادەنرێت و جیـاوازیی سـەرەکی کـە لەگـەڵیـدا هەیەتی ئەو هەمـاهەنگییـە پترەیە لەنێـوان وشـە و ئاوازو ئاڵۆزی بنیـاتی مـۆسـیـقی و سـوود وەرگرتنی فراوان لە شێوە زمانی سوچو (کە بە نەرم و نیانی ناوبانگی هەیە) لە ئاوازە دراماتیکییەکاندا. لەگەڵ ئەوەش کـە درامـای باکـوور لەدوای سـاڵی (١٦٠٠)ەوە هێـشـتـا دەنووسرایەوە، بەڵام لە بنەمادا پرۆڤە ڕۆمانسییەکان مانەوە. باشـترین درامـانووسی قـۆناغی (مـینگ) لەوانەیە (تانگ هسین- تسو) (١٥٥٠-١٦١٦) بێت.

کـۆمـەڵێک لە بەرهەمـەکـانی لە جـلـدێکدا بەناوی (چوارخـەون) کـۆکـراونەتەوە، چوار شـانۆنامـەی ئەو جلـدە خـاوەنی بابەتی تاڕادەیەک وەکـو یەکن، لەنێـوان ئەو چوار بەرهەمەدا (ژووری گوڵ) لە هەموویان ڕەواجی زێتر بوو، ئەو شانۆنامەیە (٥٥) دیمەنی هەیە و چیرۆکی ئاڵۆزی کچێکە کە بەخەم و خەفەتەوە عـاشقی کـەسێک دەبێت کە لە خەونیدا دەیبینێت و سەرئەنجام دەسووتێت و کاتێک ئەو کەسەی. کە کچەکە عاشقێتی دێتەسەر گۆڕی، کچەکە زیندوو دەبێتەوە، بەڵام باوکی کـچـەکـە لەو ڕووەوە دەکـەوێتـە گـومـانەوەو وادەزانێت کە جۆرە فـێـڵکردنێک لە ئارادا هەیە، هەر بۆیە فەرمان دەدا کە ئەو کوڕە بگرن و لێی بدەن، لە کۆتاییشدا لە یەکدی دەگەن. ئەو شانۆ نامەیە، هەمەڕەنگییـەکی زۆری تێدایە، وەکو دادگایی کردن لە دۆزەخدا، جەنگ، پارچەی کۆمیدی، هەست وروژاندن و گۆڕەپانی ڕزگاربوون، بەڵام پتر بەهۆی شیعرو داڕشتنە ڕۆمانسییەکەی سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

تانگ هسین- تسو، ڕکابەرێکی مەزنی بەناوی شن چینگ (١٥٥٣-١٦١٠) هەبوو، ناوبراو لە زانسـتی زمـانەوانیـدا شارەزاییەکی باشی هەبوو، گرنگترین بەرهەمیشی نامەیەک لە بواری چوار چێوەکانی مۆسیقای درامای باشووری بوو کە بۆ مـاوەیەک چەندان زۆر وەکـو سـەرچاوەیەکی گـرنگ بۆی دەگەڕانەوە.

هەرچەندە درامای باشـوور لە سـەرەتادا شێـوەی شانۆیەکی زیندووی هەبوو، بەڵام بە ئەسـپـایی بە درامـایەکی ئەدەبی گـۆڕدرا، چونکە شـانۆنامـەکـان ئەوەندە درێژدادڕبوون کـە ئامـادەکردنیـان بۆ شـانۆ کـارێکی دوور لە توانا بوو، هەروەها زمانی ئەو شـانۆنامانەش ئەوەندە ڕەسمی و نازناودار بوو کە تەنیـا زاناو لێکۆڵەرەوان لێی تێـدەگـەیشتن، جگە لەوەش ڕێزمانی جوانکاریی زمان و زانستی داڕشتنی شیعر، ئەوەندە دەست و پێی نووسەرەکانی دەبەستەوە کە ئیدی هەموو توانای نووسـەرەکانی دەبەسـتەوە کـە ئیدی هەمـوو توانای فـیکری و داهێنانی لەناو دەبردن. درامـای باشـوور تاوەکو پاش دەست بەسـەردا گـرتنی چین لەلایەن (منچـۆ)کـانی باکـوورەوە و جێگیـربوونی زنجیرەی چینگ (١٦٤٤-١٩١٢) باڵی خۆی بەسەر ئەدەبیاتی چینیدا بە هەموو توانایەکەوە کێشابوو.

لە گـرنگترین درامـانووسـانی قـۆناغی چینگ، دەتوانرێت ناوی (کـونگ شـانگ- ین) بهـێنرێت (١٦٤٨-١٧١٨) ناوبراو لە شانۆنامەی (کۆشکێک بۆ تەمەنێکی درێژ) چەند پارچەیەکی تراجیـدی لەدوا سـاڵەکـانی دوا ئیـمـپـراتۆری (مینگ)ی لەو شانۆنامەدا گونجاندبوو.

درامـانووسی دیکەی ئەو قـۆناغـە هونگ شینگ (نزیکەی ١٦٤٦- ١٧٠٤)ەو شـانۆنامـەی گـرنگی ئەو (باوەشێن بە وێنەی شکۆفـەداری هەڵووژە) بوو کـە لە بارەی عـەشـقی ئیمپراتۆرێکی زنجیرەی تانگ و خۆشەویستەکەیەتی.



لە پاڵ ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەدا، بەرهەمی دیکەش هەروەها بۆ نمایشە شانۆییەکانی دەنووسران و ناودارترین نووسەری ئەو بەرهەمانەش (لی یو) (١٦١١-١٦٨٠)ە کە چەند بەرهەمێکی شایستەی لە (کۆمیدیای بارودۆخدا) نووسیوەو لەوانەش:

(خەڵکی بەهەشت) و (Be Circuamspect in Conjugal relations) بوو. لی یو لە خولقاندنی هەلو مەرجی پێکەنین لەسەر بنەمای بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوچەرخ، مامۆستایەکی لێهاتوو بوو. لەگەڵ ئەوەی کە بەرهەمەکانی یەکجار کاریگەریی خۆیان هەیە، کەچی ئەدیبەکانی ئەو سەردەمە هیچ نرخێکیان بۆ دانەنابوون. جێگای سەرنجە ئەگەر بزانین کە لییو بەهۆی شانۆنامەی (شوێنێکی کاتی بۆ ئەندێشە دڵخۆشکەرەکانم) بە یەکەم و تەنیا ڕەخنەگرێک لە قەڵەم دەدرێت کە شایەنی ناوهێنانی بێت لە دراما چینیدا.

بەداخەوە لی یوو هاوچەرخە بە تواناکانی نەیانتوانی درامای باشوور لەناوچوون بپارێزن. بەهەرحاڵ درامای باشوور تا ساڵی (١٨٥٣)، واتە وێرانی جێگا سەرەتاییەکەی (سۆچۆ) بەهۆی یاخی بوونەوە، بەسەرەکیترین درامای چینی دەژمێردرا، لێرەشدا بەهۆی ئەو کاریگەرییە فراوانەی کە خستییەڕوو ماوەی (٥٠٠) ساڵ بەردەوام بوو، جێگای ڕێز لێنانە. تەنانەت لەدوای ساڵی (١٨٥٣) نەریتی شانۆی درامای باشوور و دەقەکانی بەردەستی، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر درامانووسانی دیکەو ئۆپێرای پەکین هەبوو. ئۆپێرای پەکین کە لە میانەی سەدەی نۆزدەدا بە گرنگترین شێوەی شانۆیی لە چیندا دەژمێردرا، پەیتا پەیتا ئەو شێوەیەی گرتە خۆی.

بە لەبەر چاوگرتنی نەرمونیانی داڕشتنی باشووری لە سەدەی هەژدەدا، ژمارەیەک لە شێوە ناوخۆییەکان کە تێکەڵی چیرۆکی باوو مۆسیقای خۆماڵی بوون، هاتنە ئاراوە، گۆڕاوترینی ئەو شێوە ناوخۆییانە بریتی بوون لە وانەی ناوچەی چیانگ -سی لە باکوور، هۆپی (لە چینی ناوەندی) و شینسی (لە باکووری ڕۆژاوا).

لە ساڵی (١٩٧٠) بۆ بەرپاکردنی هەشتایەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ئیمپراتۆری چین، لۆنگ، باشترین جێبەجێ کارانی نمایش لە هەموو ناوچەکانی چین بانگێشت کران، زۆربەی ئەو نمایشچییانە لە پایتەخت مانەوەو توخمی جۆراوجۆر لە شێوە ناوخۆییەکانیان پەیتا پەیتا لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ کردو بەو جۆرەش ئۆپێرای پەکین لە دایک بوو.

لە میانەی سەدەی نۆزدەوە تائێستا، ئەو داڕشتنە نوێیە بە باوترین و دڵگیرترین سەرگەرمییەک لەسەرانسەری چین دەژمێردرێت. ئۆپێرای پەکینی بەپێچەوانەی شانۆنامەکانی پێشی خۆی، شێوەیەکی شانۆیی بوو نەک ئەدەبی و بایەخی دەدا بە نواندن و سەماو ئاواز و ئەوەندەش گرنگی بەدەق نەدەدا.

لە ئۆپێرای پەکین لەبری خستنەڕووی نمایشێکی دیاریکراو، زنجیرەیەک پارچەی کورت کورت کە زۆربەیان دیمەن یان چەند بەشێکی بەرهەمێکی مەزن بوون (لەوانە شانۆنامە باوییە باکووری و باشوورییەکان)، لەگەڵ جووڵەو نمایشی ئەکرۆپاتیک کە هەموو تێکەڵ بە یەکدی دەکران. لە نێوانیاندا بەجۆرێکی ئاسایی وەستان نەبوو، هەروەها دیمەن و گۆڕەپانی جۆراوجۆریان تێدا ڕێک دەخران تا باشترین ئەکتەر لە پارچەی کۆتاییدا دەرکەوێت. نمایشەکانی ئۆپێرای پەکین بەجۆرێکی ئاسایی بەسەر دوو گرووپی سەرەکیدا دابەش دەکرێن: نمایشە شارستانییەکان (لەبارەی بابەتی خۆماڵی و کۆمەڵایەتی) و نمایشە سەربازییەکان (لەبارەی بەسەرهاتی جەنگاوەرو تاقمە سەربازییەکان)و ئەو دوو گرووپە لە زۆر جاردا لێک دەدرێن.

دراماکان لە شانۆ نامە ئەدەبییە پێشینەکان، چیرۆکەکان، مێژوو، ئەفسانە، خورافاتەکانی کولتووری ناوخۆیی و چیرۆکە دڵدارییەکان وەردەگێڕان. هەموو ئەو ئۆپێرایانە کۆتاییەکی خۆش ئامێزیان هەیە، بەدەگمەنیش دەقی بەرهەمێک بە تەواوەتی دەخوێندرێتەوە، چونکە هەموو ئەکتەرێکی پایەدار گۆڕانکاریی خۆی لەو دەقەدا ئەنجام دەداو هەموو گرووپێکی نمایشی بەسەرهاتی تایبەتی خۆی لە بەرهەمێکی کلاسیکیدا بەدی دێنێت.

جووڵەی دراماتیکی لە زۆربەی کاتدا نەزانراوە، چونکە سەرەتایەک و کۆتاییەکی دەستنیشانکراو لە ئارادا نییە و بایەخی سەرەکی گرووپەکە بە خاڵە لووتکەییەکانی چیرۆکەکان هەڵبژێردراون، دەبەخشرێت. لە ئۆپێرای پەکین، شانۆنامە تەنیا دەقێکی پوختە کراوەو تا بتوانرێت بەنمایش پڕ دەکرێتەوەو تەماشاچییانیش بەکاریگەریی گشتی نمایش دیدی خۆیان دەخەنە ڕوو نەوەک بە بەبیستنی دەقێکی ئەدەبی. لە پرۆگرامی ئۆپێرای پەکین تەنانەت ناوی نووسەرەکانیش ناخرێنە ڕوو. جگە لەمانەش، تایبەتمەندییە دەستنیشانکراوەکانی ئۆپێرای پەکین، سیستەمێکە کە لە قۆناغی پێشین بە میراتی بۆی ماوەتەوەو لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێک و پێکدا دەرکەوتووە. لەبەر ئەوەیشی کە ئۆپێرای پەکین جیاوازییەکی فراوانی لەگەڵ شێوازی شانۆیی ڕۆژاوادا هەیە، پێویستە ڕوونکردنەوەی پتر لەو بارەیەوە پێشکەش بکەین.

زۆربەی ئەو جیاوازییانە پێوەندییان بە توخمە بیناسازییەکانی ئۆپێرای پەکینەوە هەیە. یەکەمین گۆڕەپانەکانی ئۆپێرای پەکین لە هەیوانەکانی پەرستگاکان (گۆڕەپانێکی سادە بە بنمیچی ڕازاوەوە) جێبەجێ دەکران و کاریگەریی ئەو گۆڕەپانانەش تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. گۆڕەپانی شانۆیەکی چینی بریتییە لە سەکۆیەکی کراوەو زۆربەی کات چوارگۆشە بوو، هەروەها چەند ستوونێکی تایبەتی

بنمیچەکەیان ڕادەگرت.

ئەو سەکۆیە نزیکەی نیو مەتر لەسەر ڕووی زەوی بەرزترەو لە دەوروبەریدا پەیژەی تەختە دروست کراون و لەسەر سەکۆکەش تەنیا ڕایەخێکی لەسەر ڕادەخرا.

لەسەر دیواری کۆتایی سەکۆکە دوو دەرگا هەبوون (یەکێکیان لەلای ڕاستەوە بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەکتەرەکان و ئەوی دیکەیشیان لەلای چەپەوە بۆچوونە دەرەوەیان) و لەنێوان ئەو دوو دەرگایە، پەردەیەکی بە گوڵ چنراو هەڵواسرابوو، پێداویستی هەمیشەیی ئەو گۆڕەپانە کە بریتی بوون لە مێزێک و چەند کورسییەکی تەختە. سادەیی دیکۆر، گۆڕانکاریی خێرای لەسەر گۆڕەپانی شانۆ دەرەخسێنێت، گۆڕانکارییەک کە بەهۆی قسەو جووڵەو ئامێرەکانی سەر شانۆ ئاشکرا دەکرا.

گۆڕەپانی جۆراوجۆر، سەرباری ئەوەی کە لە ڕێگای قسەوە دیاری دەکرێن، ئەکتەرانیش هەروەها بە بزاوتی پانتۆمیم، وەکو سووڕانەوە، هاتنە ناو ژوور، یان بە پەیژە چوونە سەرەوەدا، پتر دەیخەنە ڕوو. گەڕانێک بە دەوری شانۆدا، بەواتای سەفەرێکی دوورودرێژ لە قەڵەم دەدرا. مێزو کورسییەکان دەتوانن نوێنەرایەتیی دادگا، تەلاری میوانداری یان جێگەی جیاوازی دیکە، بکەن. بۆ هەر یەکێک لەو شوێنانە چۆنیەتیی دانانی مێزو کورسییەکان و هەروەها پێکهێنانیان لەگەڵ پێداویستییەکانی دیکەی شانۆدا، شێوازێکی دیاریکراو هەیە.

هەبوونی سێ کوچکە لەگەڵ بخوور سووتێندا لەسەر مێزی نمایشکار، کۆشکێک و هەبوونی کاغەزو مۆری ئیداری، شانۆ بە نووسینگەیەکی کارگێڕیی دەوڵەتی دەگۆڕێت. ئەگەر پەردەیەکی بە گوڵ چندراو بەسەر دارێکدا هەڵدرا بێت، ئەوا نمایشی چادری فەرماندەیەکی سەربازی، یان چادری ئیمپراتۆر، یان ژووری میوانداری یا تەنانەت ژووری بووکێنیشی دەکات. دیسانەوەش ئەمانە هەموو پەیوەستن بەو پێداویستییانەی دیکە کە لەسەر شانۆدان.

مێزو کورسی هەروەها دەتوانن واتای جیاوازیان لەخۆدا هەبێت، دوو کورسی کاتێک پشتیان لەیەک کردووە، ئەوا نیشانەی دیوارێکن، ئەگەر کورسییەکان پشتیان بە کۆتایی مێزەکەدا بێت، واتای پردێک دەبەخشێت کورسییەک دەتوانێت لە بری درەختێک بێت یاخود لە بری بەندیخانەیەک بەکاربهێنرێت. دەکرێت مێزێک لە بری تەپۆڵکەیەک یان شوێنی بەرزی دیکە یاخود هەور بەکاربهێنرێت. شتومەکی دیکەش بە مەبەستی دەستنیشانکردنی دیکۆرو جووڵە بەکاردێن. وێنەی دیوارێکی کێشراو لەسەر پارچەیەک دەتوانێت نیشانەی قەڵایەک یان دەروازەی شارێک یاخود گوزەرگایەکی شاخاوی بێت.

ئەگەر ئەکتەرێک قامچییەکی بەدەستەوە بێت ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە سواری ئەسپێکە، ئەگەر لەسەر پارچەیەکی زەرد وێنەی چەرخی لەسەر بکێشرێت، نیشانەی گالیسکە یاخود فارگۆنی شەمەندەفەر دەدات. هەڵگرتنی چوار پارچە قوماش لەلایەن ئەکتەرێکەوە کە لەسەر شانۆ ڕادەکات، هەڵکردنی با دەبەخشێت. ئاڵایەکیش وێنەی ماسیی لەسەر بێت نیشانەی هەبوونی ئاوە، جووڵەیەکی ڕێکوپێکی سەوڵ، نیشانەی سەوڵ لێدانە، ئەگەر ئاڵایەک کە نیشانەی ئاوبوو بە لوولی لە ناو سینییەکدا دابنرێت، ماسی نیشان دەدات و ئەگەر سەوڵیش لە پارچە قوماشێکدا بپێچنەوە، بە واتای لاشەیەکە. پێداویستییەکانی جەنگ هەرچەندە لە نموونە ئەسڵییەکان دەچن، کەچی لە تەختە یاخود قامیش دروست دەکرێن. ئەو نیشانانە، خەیاڵی بینەران دەخەنە کارو زۆربەی خاڵی نەوتراو دەخەنە ئەستۆی بینەران. هەموو ئەو جۆرە شتانە کاری شانۆ ڕێکوپێکتر دەکات.

هاوکات کەسانێک لە دەوروبەری شانۆدا هەن کە یارمەتیی ئەکتەران دەدەن لە جلوبەرگ گۆڕیندا و هەروەها لە جێگا گۆڕینی شتەکان و هێنانی پێداویستی جۆراوجۆردا کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، نەک تەنیا هەوڵێک لە پێناوی شاردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەدا نادرێت، بەڵکو لە پاڵ جلوبەرگی پڕ زەرق و بەرقی ئەکتەران، ئەو کەسانە بە جلوبەرگی ئاسایی و هەندێک کاتیش بە تەواوی جلوبەرگی ناڕەسمییان لەبەردایە.

هەروەکو نەریتێکی پەیڕەوکراو، مۆسیقاژەنەکان بە درێژایی جێبەجێ کردنی نمایش لەبەرچاوی تەماشا چییاندا و هەروەکو یاریدەرانی کارەکانی سەر شانۆ جلوبەرگی ئاساییان لەبەردایە، ئەوانە بە سەربەستانە بەسەر شانۆدا دێن و دەڕۆن و هیچ کاتێکیش بەبەشێک لە دیمەنی سەرشانۆ ناژمێردرێن. (ئەمڕۆ لە چیندا مۆسیقاژەنەکان پتر لە ناو گرووپی ئۆرکێسترادا بوون و لەلایەن تەماشاچییانەوە نەدەبینران) مۆسیقای لاوەکی بە بەشێکی جودا نەبوو لە شانۆ دەژمێردرا. مۆسیقا نەک تەنیا کەشوهەوایەکی گونجاو دەخوڵقێنێت و لەگەڵ زۆربەی ئاوازەکاندا هاوڕێیە، بەڵکو مەسەلەی کاتیش لە نمایشدا دیاری دەکات و ڕەوتی هەموو نمایشەکە دەپارێزێت. لەبەرئەوەی کە وردبین لە نووسینەوەی نۆتەی مۆسیقی لە چیندا نییە، مۆسیقاژەنەکانی شانۆ لە ڕێگای دووبارەکردنەوەو گوێ گرتنەوە فێری دەبن.

زۆربەی ئەو مۆسیقایەی کە لە ئۆپێرای پەکیندایە، لە ڕێگای هاوکاری کردنی ئەکتەران و مۆسیقاژەنەکانەوە دەخوڵقێنرێت و زۆرینەی ئاهەنگەکانیش لەو سەرچاوانەوە وەرگیراون کە پشت بە ڕابردوویەکی دوور دەبەستنەوەو بەپێی پێویستیش هەر شانۆنامەیەک بیانویستایە، چاکسازییان دەکرد. هەرچەندە دەتوانرێت ئامێرە مۆسیقییە چینییەکان بۆ ژێیی و هەوایی و ئیقاعی دابەش بکرێن، بەڵام ئەو ئامێرانە لە هاوتا ڕۆژئاواییەکانی خۆیان ناچن. ڕابەری ئۆرکێسترا تەپڵ لێ دەدات و بەو جۆرەش دیاری کردنی کات و لێدانە

مۆسیقییەکان ڕێک دەخات و ڕابەریش دەکات.

ئۆرکێستــرا لە گـانـگ، سنبج (ئامێـرێکی مـۆسـیـقـایە)، زەنگی برنجی، فلووت و سازی ژێی و سازی سەیرو سەمەرەی دیکەوە پێکهـاتووە. ئاوازەکـان بـە تایبـەتی لەلایـەن فلووت و سـازە ژێیـیـەکـانەوە هاوڕێی دەکـران، بەڵام هاتنەژوورەوە و چوونە دەرەوە لە لایەن ئامێرە ئیقاعییەکانەوە ڕێک دەخران بەهـۆی تـەپـڵـی لـێـــدانی دەنگی زۆر بەرزەوە، لـە زۆربەی جووڵەکانی سەر شانۆدا، بنەمایەکی مۆسیقی لەگەڵدایە.

بەهەموو ئەمانەشەوە، کەچی ترپەی دڵی ئۆپێرای پەکین لە دەسـتی ئەکـتـەردایە، چونکە هەر ئەوە کـە لەناو شـانـۆیەکی خاڵی و بەبێ هیچ جۆرە پێداویستییەکی ئەوتۆ، هاوڕێ لەگەڵ یارمـەتیـدەران و مـۆسـیـقـاژەنان، جلو بەرگـێکی گـران بەهای لەبەردایە و قسە دەکات و گۆرانی دەڵێت و بەپێی یاسایەکی نەگۆڕ لەسەر شانۆ دەجووڵێتەوە.

ئەکتەران بەسەر چوار گرووپی گشتیدا دابەش دەکرێن:

پیاو، ئافرەت، ڕوخسار ڕەنگکراوەکان، گرووپی کۆمیدیا، ڕۆڵی پیـاو (شـینـگ) بریتـیـیـە لە کـەسـایـەتـیـیـەکـانی وەکـو زاناکان، پیاوانی دەسەڵاتدارو خاوەن پلەوپایە لەم جۆرانەیە.

ئەو کـەسـایـەتـیـیـانە دەکرێت گـەنج یان پیـر، مـەدەنی یان سـەربازی بن، ئەو جـۆرە کـەسـایـەتـیـیـانە بەپێی ئەوەی کـە: جـەنگاوەر یـان ئەکـرۆپاتیک باز یاخـود تـەنیـا گـۆرانی بێـژو سـەمـاکـار بن بـۆ جۆری لاوەکی دابەش دەکرێن. ئەکـتـەری ئەو جـۆرانە کـەڵکـێکی کـەم لە ئارایشت وەردەگـرن و جگە لە قارەمانە لاوەکان، هەموو کەسایەتییەکانی دیکەیشیان هەیە. ڕۆڵی ئافرەت (تان) شەش جۆری لاوەکی هەیە: ئافرەتی باش و بە ئیمان یان حەز لێکراو، ئافرەتی جەنگاوەر، کچی گەنجی شوونەکردە، ئافرەتی خاوەن سیفەتی شەیتان و فێڵباز لەگەڵ پیرێژندا.

لە سـەرەتـادا، جـێـبـەجـێکردنی ڕۆڵی (تان) لە ئەسـتـۆی ئەکـتـەرانی ئـافـرەتدا بـوو، بەڵام لە کـۆتایی سـەدەی هەژدە تا سەدەی بیست، دەرکەوتنی ئافرەت لەسەر شانۆ قەدەغە کرا، لەم ڕووەوە ئـافـرەت ڕۆڵـێکی لاوەکی لە ئۆپێـرای پەکـیندا بە دەست هـێـنـا تـا دەرکـــــــەوتـنـی (مـی لان- فـنـگ) (١٨٩٤-١٩٦١) کە ناودارترین ئەکتەری جارانی بەدەست هێنایەوە.

لەدوای (١٩١١)دا ئەکـتـەرانی ئافـرەت، هێـدی هێـدی بۆ سـەر شـانۆ دەگـەڕانەوە و ئێـسـتـا تـارادەیەکی زۆر جـێگای ئەکـتـەرانی پیـاویان بۆ جـۆری (تان) گـرتەوە. ڕوخسـاری ڕەنگکراوی (چینگ) بەو جـۆرە نمایشکارانە دەگـوترێت کـە ڕۆڵێکی سـەرنجڕاکێش و هەمـە ڕەنگیـان لە ئەسـتـۆدا بێت، وەکـــو جـــەنگاوەران، دز، خـــراپەکـــاران، دەســـەڵاتداران، خـوداوەندان و بوونەوەرە نائاسـاییـەکـان. ئەو ڕەنگ کـردنە حاڵەتی خۆبەگەورەزانین و لەخۆباییبوون یاخود توانامەندی بە ڕوخســاری ئەکـتــەرەکـان دەبەخـشـێت. ئەم جـۆرەش (واتە ڕوخسـار ڕەنگکراوەکان «چینگ») هەروەها بەچەند جۆرێکی لاوەکی لە ڕووی چاک و خـــراپی و جـــەنگاوەری یاخـــود وەرزشکاری دابەش دەکرێت.

جۆری کۆمێدی (چو)، بە زمانی ڕۆژانە قسە دەکات مـافی هەیە کـە ڕاستی یەکلاخەرە بخاتەڕوو، هەڵبـەتە ئەم جۆرە بە واقیعیـترین جۆرەکانی ئۆپێرای پەکین لە قەڵەم دەدرێت. ئەو جـۆرە لەوانەیە خـزمـەتکار یان بازرگـان یان پاسـەوان یان سـەرباز، باوەژنی خـراپ و دەڵاڵ بێت. ئەکـتـەری ئەو جـۆرە دەبێت توانای هەبێت جووڵەی پانتـۆمـیم و ئەکـرۆپاتیـکیش ئەنجام بدات. هەمـوو کەسایەتییەکی گرنگ، کاتێک یەکەمین جـار دەچێـتـە سـەر شـانۆ، جـۆرو تایبـەتمەندیی خـۆی لە پارچەیەکی نیـوە گـوتراوو نیـوە چڕاودا ڕوون دەکـاتەوە، ئەو پـارچەیـە پاشـــــان لـە چەنـد دێڕێـکدا لە ڕوونـکردنـەوەی چیـرۆکەکـەدا پاشکۆ دەکـرێت، ئەو کەسـایەتییـە لە سـەرەتادا ناوو کورتە مێژوویەکی خێزانی و چەند زانیارییەکی بنەڕەتی لە بارەی خـۆیەوە دەڵێت. ئەو قـســـانە بە خـێــرایی بـارو تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسایەتییە ئاشکرا دەکات و ئەگەری ئەوەش بە درامـانووس دەبەخـشـێت کـە ئەوەی لەنمایشــەکـە مــاوەتەوە تەرخــانی بکات بۆ پەرەپێــدانی ســاتە هەست وروژێنەکان و خاڵە لوتکەییەکانی شانۆنامەکە.

شێوازی قسە کردنی ئەکـتـەران پەیڕەی لە چەند یاسایەکی خـۆمـاڵی و ڕەق و سـەخت دەکـات. هەمـوو ڕۆڵێـک جـۆرە تایبـەتمەندی و داڕشتنێکی خۆی هەیە لە جۆری ئەو دەنگ و ئیـقاعـەی کە بەخۆیەوە دەبینێت و کـێشی گـوتنیـشی وەکـو شێوازی ئاسایی گفتوگۆکردن نییە، بەڵکو تەنیا هێڵی گشتی نمایشـەکـە دەپارێزێت. تەنانەت گـفـتـوگـۆ سـادەکـانیش جـۆرە ئیقاعێکی دیاریکراویان هەیە، لە میانەی گفتوگۆ (دایالۆگ) و تەنیا قەسەکردن (مۆنۆلۆگ)دا هاوکات چەند پارچە سروود یان ئاوازیان لەگــەڵدا دەگــونجــێندرێت و قـــســەکــردنی کەسایەتیەکان شێوازی تایبەتی دەگرنە خۆیان.

لەبەر ئەوەی کە هەمـوو جووڵەکـانی سەر شانۆ بە ئیـقاعـەوەن، یا گـێـڕانەوە و نمایشین، هەر بۆیە بە ڕادەیەکی زۆر لەسـەمـا دەچن، سـەرباری ئەوەی کـە هەر قـســەیەک جــووڵەیەکی دیاریکراوی لەگـەڵدایە تاوەکو واتاکەی ڕوون بکاتەوە یاخود تینی پێ بدات.

حەوت جـووڵەی ئەسڵی دەست، جـووڵەی تایبـەتی زۆر بۆ بازوو پتر لە بیست جۆر شێوازی (جست)ی جیاواز، زێتر لە دوازدە جووڵەی تایبەتی پێ و کۆمەڵەیەکی تەواو لە جووڵەی یاخەو ڕیش هەیە.

جـۆری ڕۆشتن و ڕاکـردنی هەمـوو ڕۆڵێـک لەگـەڵ یەکـێـکی دیکەدا جیـاوازی هەیە، ئەو شـێـوازو جـووڵـە نووسـراوانـە لە کـاتی نمایشـدا و بەپێی بارودۆخی کەسایەتی، حاڵەتەکـان و هەل و مەرجی دیکەی ئەو، دەتوانرێت لە یەک بدرێن.

جل وبەرگیش هەروەها کە لە زۆربەی کاتدا پەیڕەی لە جۆرە

نموونەیەکی ورد دەکات و ڕەنگێکی سەرنج ڕاکێشی بەخۆیەوە گرتووە، لە شانۆی چینیدا بایەخێکی تەواوی پێ دەدرێت. هەرەک لەو (٣٠٠) جلو بەرگە جۆراوجۆرەی کە لە ئۆپێرای چینیدا هەیە، ڕوون کردنەوەو وەسفێکی تێرو تەسەلی بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەریان دەکەن لەگەڵدایە. گرووپ و تەمەن و باری کۆمەلایەتی کەسایەتی لە ڕێگای ڕەنگ، نەخشە، ڕازاندنەوە جل وبەرگەکانی دیاری دەکرێن. ڕەنگ لە ئۆپێرای پەکیندا هاوکات بۆ دەستنیشان کردنی بنەما ڕەوشتی و پلەو پایە جۆراوجۆرەکان بەکادێت، بۆ نموونە ڕەنگی سوور نیشانەی ڕاستگۆیی و وەفاداری و پلەوپایەی بەرزی کۆمەلایەتییە، ڕەنگی زەرد تایبەتە بە ئەندامانی خێزانی، دەسەلاتدار (پاشایەتی)، ڕەنگی سووری تێر نیشانەی بییانە، یاخود ڕاوێژکارانی سەربازی و جۆری دیکەیە.

ئەو نەخشانەی کە لەسەر جلوبەرگ دەکێشرێن چەند واتاو مەبەستێک دەبەخشن، بۆ نموونە، نەخشی ئەژدیها لەسەر جلوبەرگ یاخود لە هەر جێگایەکی دیکەدا نیشانەی ئیمپراتۆرە، پلنگ نیشانەی دەسەلات و توانای مەردایەتییە، شکۆفەکردنی درەختی هەلووژە، نیشانەی تەمەندرێژییە و هەروەها نیشانەی سەرنج ڕاکێشان و مێینەییە. گوڵی سەریش هەروەها بە ئەندازەی جلوبەرگ هەمەڕەنگە و نزیکەی (١٠٠) جۆر ئارایشی سەر بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی کەسایەتی بەکاردێت.

زۆربەی جلوبەرگەکان بەبێ گوێدان بەباری کۆمەلایەتی لەبەرکەرەکەی، لە کەرەستەی گران بەها ئامادە دەکرێن، بەلام هەندێک جاریش بۆ کەسایەتییە یەکجار هەژارەکان یان گالتەجارەکان (Clown) بەکاردێن.

شێوەی ڕواڵەتیی کەسایەتییەکان بە ئارایش کەمڵ دەبێت. ئەکتەر ڕۆڵی (شنگ) ڕیشی هەیە و پیرێژن ئارایشێکی کەمی بۆ بەکاردێت، بۆ ڕۆڵی ئافرەتانی دیکە، ڕوخساریان بە ڕەنگی سپی و دەوروبەری چاویان بە سوورێکی تێر لەگەڵ سایەیەکی وەنەوشەیی ڕەنگ دەکەن، بۆ (شنگ)ی بێ ڕیش هەمان ئارایشی پێشوو بەلام، کەمێک کراوەتر بەکاردێت... ڕەنگی دیاریکراوی گالتەجار (Clown) لەکەی سپییە لە دەوروبەری چاوەو بەپێی گۆڕانکاری لەو کاتەدا، جۆری گالتەجاریش دەگۆڕدرێت.

ئالۆزترین ئارایشیش بەبێ هیچ گومانێک تایبەتە بە گرووپی (چینگ)ەوە، هەموو ڕوخسارەکانی ئەم گرووپە بە نەخشی ڕەنگی خەست ئارایش دەکرێن و جۆرە جیاوازەکانی ئەم گرووپە نموونەی دەربڕینی تایبەتی خۆیان هەیە. چوونە ناو ئەو جۆرە ڕێکخراوە ڕەسمی و ئالۆزەوە، پێویستی بە تەواوکردنی چەندین خولی سەخت و دوورو درێژی فێرکاری هەیە.

هەموو داواکارێک کە نیازی فێربوونی نواندنی هەبێت، لە تەمەنی حەوت یان دوازدە ساڵییەوە دێتە ناو قوتابخانەی نواندنەوە و لەوێش بۆ ماوەی شەش ساڵ لەژێر یاسایەکی سەختدا فێردەبێت، وانە سەرەتاییەکان گشتین، بەلام کاتێک کە قوتابی تایبەتمەندییەکانی جۆرێک لەو گرووپانەی کە باسمان کردن لە خۆیدا نیشان دەدات، ئەوا وانەکانی لایەنێکی تایبەتی بەخۆیەوە دەبینێت. هەموو ئەکتەرێک بۆ گەیشتن بەناوبانگ دەرکردن و پلەوپایە، دەبێت لە چوارچێوەی نەریتی نووسراوی ڕۆڵێکدا بمێنێتەوە و ئەو ڕۆڵە بەهۆی تواناو داهێنانی خۆیەوە گەشە پێ بدات.

تایبەتمەندییەکی دیکەی شانۆی چینی، بارودۆخی تایبەتی بینەرەکانێتی، لە ڕابردوودا زۆربەی شانۆ چینییەکان بە جۆرێکی کاتی دروست دەکران، بەلام لە سەدەی حەڤدەدا، ئەکتەرەکان نمایشیان لە قاوەخانەکاندا دەست پێ کردو ئەوانەی کە دەچوونە ئەو قاوەخانانە، کاتێک کە لەسەر مێزەکانی خۆیان دادەنیشتن، لە هەمان کاتدا تەماشای نمایشیان دەکرد، کاتێکیش کە شانۆ جێگیرەکان دروست کران، ئەو نەریتە هەر مایەوەو ناو قاوەخانەکان ڕێک و پێکترکران و مێزو کەلوپەلەکانی دیکە بەجۆرێک دادەنران، تاوەکو دانیشتووانی ناو قاوەخانەکە بتوانن لە کاتی چای خواردنەوەدا باشتر تەماشای نمایشەکە بکەن.

لە شانۆ جێگیرە چینییەکان، سەکۆیەکی بەرز لە هەردوو لاوە لەگەڵ کۆتایی شوێنێکیان بەرپا دەکرد و بۆ بینەرانی هەژارتریش شوێنی تایبەتییان دابین دەکرد. هەیوانەکانیان وەکو شانۆ ڕۆژاواییەکان، ژوور ژوور دەکردو لە هەندێک سەردەمدا ئەو هەیوانانە جێگای بینەرانی دەوڵەمەند بووەو لەسەرەمی دیکەشدا جێگای تایبەتی ئافرەتان بووە.

لە ساڵی (١٩١٢)دا، کاتێک کە کۆماری چین دامەزرا، ئەو بنەما خۆماڵییانە گۆڕانکارییان بەسەرداهات و ئەمڕۆ هەموو شانۆ تازەکان وەکو شانۆ ڕۆژاواییەکان بە کورسیی تایبەتیی بینەرانەوە، دروست دەکرێن. ڕەفتارو هەڵس و کەوتی بینەران گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، واتە لەناو هۆڵی شانۆدا دەیانخواردو دەیانخواردەوە و بە درێژایی نمایشیش بە جۆرێکی سەربەستانە دەهاتن و دەڕۆیشتن.

بینەران بە جۆرێکی ئاسایی چیرۆکی نمایشەکەیان دەزانی و هەموو کەسێک ئەو بەشەی کە حەزی لێ بوو بە دیقەتێکی پتر تەماشا دەکرد و گوێی نەدەدایە بەشەکانی دیکە. بینەران وەکو نووسەرانی چینی پتر بایەخیان بە ساتە پڕ هەست و سۆزو لوتکەییەکان دەداو کاریگەریی گشتیی نمایش سەرنجی ڕانەدەکێشان.

ئۆپێرای پەکین بەهیچ جۆرێک بەتەنیا شانۆی خۆماڵیی چین نەدەژمێردرا، چونکە چەندین شێوەی خۆماڵیی فراوان هەبوون، ئەو شێوە خۆماڵییانە بە تایبەتی لەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە (١٨٤٠)دا لە چیندا ڕوویان دا، بایەخیان پێ درا، چونکە لەوکاتەدا چین دەرگاکانی خۆی لە ڕووی ڕۆشنبیری و بازرگانی ڕۆژاوایی کردووە.

دەسەڵاتی بنەماڵەی منچو لەدوای یاخیبوون و جەنگەکانی ئەو سەردەمە بەرەو لاوازی ڕۆیشت و لە ساڵی (١٩١٢) سیستەمی ئیمپراتۆری بە کۆماری گۆڕدرا. هەڵبەتە ئەو گۆڕانکارییە لە کەش و هەوایەکی ئاشتی و ئارامیدا ڕووی نەدا، چونکە نەک تەنیا لەناو چیندا ململانێ لەسەر دەسەڵات گرتنە دەست ڕووی دا، بەڵکو لە ساڵی (١٩٣١) ژاپۆنیش نیازی داگیرکردنی چینی هەبوو و (١٤) ساڵ جەنگی بەردەوام لەگەڵ ژاپۆندا بووە پیشینەیەک بۆ جەنگێکی ناوخۆیی و کۆمۆنیستەکان دەسەلاتیان لە چیندا گرتە دەست و لە ساڵی (١٩٤٩)دا ناسیۆنالیزمەکان ناچاربوون بەرەو تایوان پاشەکشێ بکەن. لەو هەلو مەرجانەدا، بێ ئارامیی ناوخۆیی بوو و داڕشتنە جۆراوجۆرەکان ئەگەری گەشەکردنیان هاتە ئاراوە و گرنگترینی ئەو جۆرە داڕشتنانەش دوو شێوازی جیاواز بوون، یەکێکیان لە کانتۆن و ئەوی دیکەیشیان لە شانگهای بوو.

تا نزیکەی (١٨٥٠) هیچ جۆرە شانۆیەک لە کانتۆندا نەبوو، لەو کاتانەدا و لەلایەن ئەو جەنەڕالانەی کە لەگەڵ ڕۆژاواییەکاندا شەڕیان دەکرد، لە باکوورەوە دیارییان هێنا، ئەو کۆمپانیانەی کە دوای ئەوە دامەزران، خێرا توانییان دەقە چینییەکان بۆ شێوە زمانی خۆماڵیی کانتۆنی وەرگێڕن و لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەومەبەستەش سوود لە مۆسیقاو سازە خۆماڵییەکان وەربگرن، بەم جۆرەش شانۆی کانتۆنی هاتە ئاراوەو لەژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی ڕۆژاواییدا شانۆکان بەوێنە ڕازێندرانەوەو کەڵک لە دیکۆرێکی واقعی وەرگیرا.

لە شانگهای هەروەها لەژێر کاریگەریی ڕۆژاوادا، ئۆپێرای شائۆ- سینگ گۆڕدرا، ئارایشتی ئەکتەران لەو ئۆپێرایەدا ئاساییترو جلوبەرگەکانیش سادەتربوون لە وانەی ئۆپێرای پەکین، هەروەها بوارەکانی ڕووناکی و دیکۆر پەیڕەوی لە بنەما واقیعییە ڕۆژاواییەکانی دەکرد. نمایشەکانی شانگهای تایبەتن بە شانۆی گۆرانی چڕین و چیرۆکە دڵدارییەکان بوون و ئامێرە مۆسیقییەکانی بریتی بوون لە سازە هەواییی و ژێییەکان.

دراما بە داڕشتنی ڕۆژاوایی هەروەها لە دوای لەناوبردنی سیستەمی ئیمپراتۆری لە چیندا ڕەواجی پەیدا کرد، ئەو نمایشە لەسەرەتادا (درامای مۆدێرنی) پێ دەگوترا، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی (١٩٢٠) (درامای وتاری) پێ دەگوترا، تاوەکو لە شێوەی نمایشی ئۆپێرا و خۆماڵی جودا بکاتەوە.

لەسەرەتادا درامای وتاری وەرگێڕان یاخود لە شانۆنامە ڕۆژاواییەکان وەرگیرابوون، بۆ ئەو مەبەستەش شانۆنامەکانی شکسپیر، چیخۆف، گالسۆرتی و ئیپسن پتر لەوانی دیکە وەرگێڕدران.

ژمارەیەک نووسەری چینیش لەو داڕشتنە تازەدا دەستیان بە تاقیکردنەوە کرد، یەکەمین نووسەری چینی لە شێوازە ڕۆژاواییەکان کە سەرنجی بینەرو ڕەخنەگران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، تساو یو (١٩٠٠) بوو.

یو بە جۆرێکی ئاسایی بە باشترین درامانووسی چینی لە سەدەی بیستەمدا دەناسرێتەوە، بەرهەمەکانیشی:

هەورە بروسکە Thunder Storm (١٩٣٣)، خۆرهەڵاتی Sunrise (١٩٣٥)، پرد The Bridge (١٩٤٥). لەو شانۆنامانەدا، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوکاتە بە تایبەتی دژایەتی لەنێوان مەسەلە کۆن و نوێیەکاندا دەخستە ڕوو. لەدوای سەقامگیربوونی حکومەتی کۆمەنیستەکان لە چیندا ساڵی (١٩٤٩)، چەندین گۆڕانکاریش لە ئۆپێرای پەکیندا ڕووی دا، ئەو گۆڕانکارییانە بە مەبەستی هەماهەنگکردنی ئەو ئۆپێرایە لەگەڵ بابەت و ئامانجە کۆمۆنیستییەکاندا بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەندێک لە بنەماکانی شانۆ لە چیندا گۆڕانکارییان بەسەرداهات. دەوڵەتی کۆمۆنیستی نووسەرەکانی هان دەدا تاوەکو بەرهەمی نموونەیی و شۆڕشگێڕانە بنووسن بۆ ئەوەی کە تیپە شانۆییەکان پیادە بکەن.

ئۆپێرای پەکین لە شێوە خۆماڵییەکەی خۆیدا ئێستا لە تایوان و تاراده‌یەکیشی لە هۆنگ کۆنگ و سەنگا فوورە بەردەوامی هەیە.

ساڵی (١٩٤٩)، درامای وتاری لە چین، چ ئەوانەی کە لە خودی چیندا یاخود ئەوانەی کە تایواندا نووسراون، خۆیان بە بابەتە ئایدیۆلۆجییەکانەوە سەرقاڵ کردووە.

لە دوا بەرهەمەکانی میلۆ درامادا، کەسایەتییەکان بە جۆرێکی ئاسایی قارەمانن یاخود دژی قارەمانن و بەدڕەوشتن، هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکیش پێوەندیی بە هەڵوێستی سیاسیی ئەو کەسایەتییەوە هەیە و کەسایەتییەکیش کە پەسەند نەکرێت، وەکو دوژمنێک دەناسرێتەوەو بەبێ چەند و چۆن ڕەت دەکرێتەوە..

هەرچەندە دراما وتارییەکانی لە چیندا ڕوو لە پتربووندایە، بەڵام بینەری ڕۆژاوایی شەیدای ئۆپێرای پەکینە، چونکە ئەو ئۆپێرایەیە کە ڕوخسارەکانی خۆی لەگەڵ دراماکانی قۆناغی یوان و مینگ پاراستووە.. ❖

**سەرچاوە**

.......

**تاریخ تئاترجهان- اسکار. گ. براکت، جلدوم.**

# میتۆدەکانی ئارتۆ مەوداکانی هۆڵ.. هزر.. هێما.. هەڵچوون.. هاوکێشە داگیردەکات




ژیلوان تاهیر باپیر(*)

### ئەنتۆنان ئارتۆ هزرو هێمایەک

یەکێک لەنامۆترین و درێژترین ئەو ئەدگارانەی کە لەمێژووی نوێدا دەبینرێ، ئەولایەن و تەوژمە درامیانەن کە لەسەردەستی ڕەخنەگرەکانەوە دەستی پێکردووە نەک نووسەرە شانۆییەکان، نووسەرەکان پێشنیار و ڕایەکانی خۆیان لەسەر تیۆرێکی دیاری کراو و سەرەکی پێشکەش دەکەن، بەڵام ڕەخنەگرەکان پێشنیارێکی بەرامبەر ئامراز و کارە شانۆییەکە بەرجەستە دەکەن. گومانی تێدانییە کە بەر لەدەرکەوتنی تیۆرێکی کۆتایی دەبێت، کە هەر بزووتنەوەو تیۆرێکی شانۆیی پەیڕەوی دەکات. دراما لەڕابردوودا بۆ بینەرێکی تایبەت دەنووسرا، پلانەکە بەو شێوەیە بوو کە بتوانرێت بینەر لێی تێ بگات بێ هیچ گرفت و کێشەیەک.

لەشانۆییەکانی گریکدا بەو شێوەیە بوو کە هاوکات لە بەزمە ساتە ڕۆمانیەکان و شانۆ ئایینی و ئەخلاقییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شانۆییە داستانییەکانی سەدەی ئەلیزابێثی و دراما سۆزدارییەکانی سەدەی (١٨) و میلودرامییەکانی سەدەی (١٩)دا دەبینرا، بەڵام درامای نوێ زیاتر گرنگی بەلایەنە هزرییەکان داوەو بەرجەستەی کردووە، هەروەها پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بینەرەکەوە دەبوو شێوەی شانۆ لە ڕابردوودا شێوەیەکی سادەو ساکاری هەبوو، بەشێوەیەک بوو کە نەدەتوانرا هێڵە درامییەکان ئاشکرابێت. لەم سەردەمەدا شانۆییەکان گەیشتوونەتە پلەیەک کە ئاڵۆزو پڕ گرێ بن. شانۆییەکانی یونسکۆ و پیکیت و ئادامۆف و جینێ لەو جۆرە شانۆکارانەن کە بەرهەمەکانیان لەوجۆرەن کە ئاڵۆزی و تەم و مژییەکی تیادادەبینرێ.. بینینی ئەو جۆرە شانۆییانە بەمەرجێکی سەرەکی دادەنرێت کە پێویستە هەموو مرۆڤێکی هاوچەرخ سەیری بکات، لەڕاستیدا هەموو ئەو شانۆییانەی کە لەچوارچێوەی شانۆی ئەزموونگەری و پێشڕەودا دەرکەوتووە کە لەبنەڕەتێکی هاوبەشەوە هەڵقوڵاون، کە یەکێکە لەبیروبۆچوونەکانی ئارتۆ.

ئارتۆ لەو باوەڕەدا بوو کە بوونی ڕۆشنبیری سەرچاوەیەکی هەڵەیە لەکاری شانۆداو لەزۆربەی هونەرەکانی تریشدا، مەبەستی لەڕۆشنبیری ئەو چینە ساختەیەیە کە مرۆڤایەتی بەسەر سروشتی مرۆڤدا کێشاویەتی، کیانی سروشتی مرۆڤایەتی، وا باسی لێوەدەکات کە بوونێکی گرنگ و جەوهەرییە لەهەر پرۆسێسێکی نمایشدا، بەڵام لەو جۆرە شانۆییانەدا شاراوەییەک و نائاشکراییەک باڵی بەسەردا کێشاوە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو دەمامکە بێ گیانەن، ئەم دەمامکانە لەشێوازو جۆرەکانی ڕەوشت و هەڵسوکەوتدایە کۆمەڵ بەسەریدا سەپاندووە، کە دابونەریت بەسەریدا سەپاندووە، ئەگەر هونەر بوونی ڕاستەقینە بێت، ئەوا ئەرکی



ئارتۆ

هونەرمەندە ئەو ڕووە ساختانە لاببات بۆ دەرکەوتنی کرۆکی ڕاستییەکان کە تا پلەی چەند شاراوەتەوە. ئارتۆ لای وابوو کە کرۆکی ڕاستەقینە لەسۆزێکی ڕووتەوە بەرجەستە دەبێت، سۆزی ڕووتیش لەغەریزە شەڕانگێزەکان لێکدراوەتەوە هەروەکو چۆن وا هەست دەکات کە مرۆڤ بەردەوام لەسەر دڕندایەتی و شەڕانگێزی ناسراوە.

کەواتە پێویستە ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە لاببرێت و ڕەت بکرێتەوە، ئارەزووەکانی مرۆڤ خۆڕسکە وەک «تووڕەبوون و ڕق و سۆزو ئارەزووە جەستەییەکان و هاوشێوەکانی تر». تەنیا ئەو بارودۆخانەن کە پێویستە هونەرمەند بەرنامەڕێژی بۆ بکات و پێویستە هەموو شتەکان لەوێنەیەکی سەرەتاییدابن. ڕۆشنبیریی بەهەموو لقەکانییەوە، لەنێوانیاندا (شێوە) لەکاری هونەریدا ناگونجێت لەگەڵ سۆزە مرۆڤایەتییە خۆڕسکەکانیدا بەم شێوەیە دەتوانین کەسێتییەکان لەئاماژەکەدا بخرێنەڕوو.

بەڕای ئارتۆ شانۆ دوو ئەرکی گرنگی هەیە:

لەلایەک ئەو سەرەتا بەردەوامەیە کە نارەزاییەک بێت لەسەر پەیڕەو و ئەو ڕەوشتانەی ڕۆشنبیرییێکی ساختەی هەیە.

لەلایەکی ترەوە شانۆ بە هەموو ئەو توندوتیژیانەوە ئاشکرا بکات کە خودی خۆی تێدا دەژی.

ئەو شێوازو ڕێگایەی کە ئەم هێرشە توندەی پێ دێتە دی، ئەو شێوازە باوەیە کە ڕادەیەکی زۆر ڕەق دەبێت ڕەقترو سەختتر لەژیان، ئەم سەختییە وا لەمرۆڤ دەکات بەو شێوازە بگۆڕدرێت.

هەروەکو ئاشکرایە کە بوونی گفتوگۆ و قسە شێوازێکە لەشێوازەکانی پێوەندی کردن. قسەکردن بەڕای (ئارتۆ) بەکەرەستەیەکی گوزارشتکار و دەربڕینی شانۆیی دانانرێت، کەواتە لەسەر شانۆش بوونی نییە. بەلای ئارتۆوە لەبری ئەوەی کە شانۆییەکە لێک بدرێتەوە و لەبری ئەوەی شێوازە جیاوازەکان بەکاربهێنێ وەکو «دیمەن و ڕووناکی و جووڵە شانۆییەکان و هەموو پێکهاتەکانی تر، تا لەهزرو بیرو بۆچوونەکان نزیک بێتەوە، پێویستە شانۆییەکە تێگەیشتنی گران بێت تا بگاتە سۆزێکی مرۆڤایەتی خۆڕسک و ئاسان.

مەبەستی ئارتۆ ئەوەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە شانۆ پێویستە بگۆڕێ بۆ سرووتێکی دینی و بۆ شێوەیەک لەشێوە هونەرییەکان بێت، بەم شێوەیە هەموو پێکهاتە شانۆییەکان (جەوهەرین)، کە شانۆ لەهونەرەکانی تر جیادەکاتەوە، کۆمەڵێ دەربڕین و گوزارشت هەن زۆر لە قسە بەهێزترن، ئەوەی لەسەرەتاوە هاتۆتە شانۆوە لەسەردەمی گریکەوە هەتا ئێستا لەگۆشەنیگاکانەوە بووە کە خاوەنەکەی ئەرکێکی شانۆیین و بەڕێگای قسەوە پێوەندی بەستووە، بەڵام کرداری گواستنەوەی ڕایەکان لەڕێگای قسەوە، ئەو شێوەیەیەکە شانۆ لەشێوەکانی تر جیا دەکاتەوە و ناتوانێت ئەوە بکات. بە کورتی وا لەشانۆ دەکات کە تەنیا لقێکە لە لقەکانی ئەدەب. ئارتۆ بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئەگەر پێوەندییە هزرییەکان لەڕێگای قسەوە مەبەست و ئامانجێکە کە بەڕاستی شانۆ هەوڵی بۆ دەدات، ئەوا ئەوەندە گرنگ و کێشەیەک دروست ناکات کە هەموو ئەو خەرجییە زۆرانەی کە دەرهێنەری شانۆیی داوای دەکات. ئاشکرایە کە خوێندنەوەی شانۆیی بەکارێکی تەواو کامڵ دادەنرێت و لەتوانای هەر یەکێکماندا هەیە، وشە نووسراوەکان تێ بگات بەهەمان ئاسانی و ئاشکرایی. ئارتۆ لای وایە کە شانۆ پێویستە سروشتێکی شانۆیی هەبێت. بەڕای ئەو قسە، یان وشە لەڕێگای گوزارشتکارو دەربڕینەکان نییە لەشانۆییدا، بەڵکو شێوازێکی دەربڕینی ئەدەبییە، پاشان پێویستی بەتەرکیزێکی تەواوی سەرچاوەو ڕەگەزەکانە کە شانۆ و شێوازە گوزارشتکارەکان دیاری دەکات.

سروشتی شانۆیی بەدرێژایی سەدەکان شاراوەییەکی پێوە دیاربووە داواکارییەکانی کۆمەڵ وای کردووە کە شانۆ بگۆڕێ بۆ شتێ کە سروشتێکی میللی هەبێت، کە عادەتەکان پێچەوانەی بکاتەوە، لە گۆشەنیگای کۆمەڵێکی دیاریکراو لە ڕەگەزە مرۆڤایەتییەکان، لەبری ئەوەی هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی پێچەوانە بکاتەوە، بەم ڕێگایە ئەو شانۆییە دەرکەوت کەملکەچی واقیعێکی لۆژیکی بێت.

ئارتۆ بۆ شێوە سەرەتاییەکەی شانۆ گەڕایەوە، شانۆ بەڕای ئەو، کە لەسەرەتادا وێنەیەکی نموونەیی بۆ شانۆ هەبووە، بەڵام بەخراپترین باردا تێپەڕ بوو ئەویش لەڕێگای پیسی و خراپەکانی کۆمەڵەوە بوو. ئارتۆ هەستی بەوە دەکرد کە شانۆ لەسەرەتادا ڕێگایەک، یان شێوازێک بووە کە تێیدا خەڵکی لەڕێگای هەستە شاراوەو ناهۆشیارییەکانیەوە گوزارشتی لێ دەکرد- کە بوونیان شاراوەیە و ناچێتە ژێر ڕکێفی هۆش و لۆژیک- پێویست بوو لەسەری پلانەکەی لەو سەرەتایەوە دەست پێ بکات کە بوونی شانۆییەکی جێگیر بڕووخێنێ. بانگەوازی یاخی بوونی کرد لەسەرووی هەموو ئەو شێوانەی

کە لە شانۆیی هاوچەرخدا هەیە- یاخی بوون لەکۆمەڵگەو لەدابە باوەکان لەسەر تیۆری درامی نویٚ نەبێت، بەڵکو لەسەر پێکهاتەیەکی بەرجەستە بووی شانۆ بێت. لای ئارتۆ هیچ پاڵنەرو ئارەزوویەک نەبوو تاچارەسەرێکی لاوەکی وەربگرێت یان چاککاری و چارەسەریٚ بدۆزێتەوە لە هەڵوێستێکی دیاریکراو کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵام سروشت وا ئامادەی نەکرد تا بگاتە ئامانجی دیاریکراوی خۆی، بەڵکو یاخیبوون و داڕووخان و داڕمانێکی تەواو نییە، شانۆی نویٚ پێویستە لەسەرەتاوە دەست پیٚ بکات، لەهێزی یەکەمەوە وەبگرێت کە پاڵپێوەنەرێک بێت بۆ جووڵەکردن.

ئارتۆ یاخیبوونی خۆی لەسەر شێوازی دەرهێنانی شانۆیی دەرنەبڕی، بەڵکو یاخی بوون بوو لەمادە شانۆییەکە. ویستی کە دراما بگەڕێتەوە بۆ وێنەیەکی سەرەتایی و وێنەی یەکەم. بەڵیٚ بەڵام تەنیا نووسەرێک نەبێت کە ڕاستی دەستەواژەکان و ڕاستی زمانەکە بێت، بەڵکو تەنیا مرۆڤێکی سۆزداری بێت کە گرنگییەکانی لەسەر مادەیەکی درامی کۆن بێت و دەستی بەسەردا دەگرێت کە شتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکان. هۆی گەڕانەوەی بۆ دراما لە بارودۆخێکی مرۆڤایەتی بێت. سرووتە دراممییەکان کارێکە کە دڵنیایی ئازادو کەرامەتی خۆی دەکات، لەپاشان بانگەوازێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و ناڕەزاییەک بێت بۆ هێزێکی گەورە، بەم شێوەیە دروشمەکانی پەرستنە دینییەکان جیاواز دەبێت کە مرۆڤ بانگەوازی بۆ دەکات، مرۆڤ کاتێک دروشمە ئاینییەکان دەکات وردە وردە ڕۆڵەکەی نامێنیٚ و خامۆش دەبێت، لەکاتێکدا خاوەنی ڕۆڵەکە هەموو دەبێتە درامایەک و گوزارشتی لیٚ دەکات، ئەوا هەریەکەیان دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە هێزێکی باڵاهەیە، خۆشەویستی ئەم هێزەیە کە سەلمێنەری توانایی و گەورەی خۆی دەبێت، ئەم هەڵوێستەی کۆتایی هەڵوێستێکی ڕاستگۆیانەی هەیە، مرۆڤ خاوەنی مافێکەو پەیوەستە بەسۆزەکانیەوە بەپێی ئەوەی کە بوونێکی زیندووی هەیە. ئارتۆ ڕای وابوو کە بابەتەکان لە تیۆرێکدا کۆدەبنەوە کە شانۆ داوای دەکات و هەستکردنی بە هێزێکە کە بوونێکی تەواوی هەبێت و وا لە بینەر و ئەکتەرەکان دەکات کە سەرنجیان بۆ ترس و ڕووبەڕووبوونەوەیەک ڕاکێشێت و لەیەک کاتدا بێت.

ڕوانینی ئارتۆ بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەڕوانینەکانی «باسکالی» دینی دەچێت کە باسکال وا سەیری ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکات کە کۆتایی بەهەموو ئامانجەکان دێنێت کە کەسانی تر پێیی گەیشتوون.

شوێنی مرۆڤ لەم کەونەدا وای کردووە کە هەست بەناجێگیری و ڕۆتینی دوو دڵییەک و گومان بکات لە ئەنجامی ئەو هێزە کەونیانەی کە دەستیان بەسەرچارەنووسیدا گرتووە لەم ڕەوشەوە شانۆی توندوتیژی، ئەو شانۆیە دەگرێتەوە کە باری مرۆڤ پێیدا پێچەوانە دەکاتەوە وەک ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە پێشکەشی دەکات.

«ئارتۆ» هۆشیار بوو کە شانۆیی توندوتیژی لەشانۆدا مەبەستی لەو جۆرە توندوتیژییە «سادیەت» نییە، بەڵکو ئەو توندوتیژییەیە کە لای هەموو خەڵکی باوەڕپێکراوە بەوپێیەی کەبەتاڵە لە هەموو ئەو پاڵنەرە تایبەتییە- لەهەمان کاتدا توندوتیژییەکە. وا هەستی دەکرد کە توندوتیژی ژیان یەکێکە لە ڕاستییە گرنگەکان کە پێویستە مرۆڤ بایەخی پیٚ بدات، بەڵام وای دەبینیٚ کەپێویستە دیمەنەکان بەو توندوتیژییەی ژیان دەربڕیٚ وا لەبینەر بکات پاک بێتەوە لە هەموو ئەو هەست و سۆزانەی لەناخیدا کۆدەبێتەوە و پەیوەستە پێیەوە، لەبری ئەوەی کە ئارەزووی ئەوەی هەبێت بیگێڕێتەوە، پێویستە کە بینەر لەیەک کاتدا ئامادە بکات بۆ ئەوەی بەپێی ئەو توندوتیژییە بێت کە لەناخی خۆیدا جێگیربووە بە هەموو ئەوهێزانەی لەچواردەوریدایە و تێیدا دەژی.

هەموو شانۆییەک بۆ بینەر پێشکەش دەکرێت، پێویستە بنەڕەتی ئەو دیمەنانە نەجووڵیٚ. ئەرکی شانۆ ئەوەیە کە هەوڵی دامرکاندنەوەی سۆزەکان بدات و زۆرکات خەڵکی هەستەکانیان بەکاردەهێنن لەبری توانا عەقڵییەکاندا، پێویستە کە شانۆ شتێکی باوەڕپێکراو و تەواو بێت، پێویستە دەست بەسەر بینەردا بگرێت، وا دەستی بەسەردا بگرێت وەک خەولێخستنێکی موگناتیسی بێت، پێویستە لەدیدی خۆیەوە کارتێکەرێکی هاوتای هەبێت لەسەر تیشکی ئەو باسانەی سەرەوە (ئارتۆ) دەڵێت: «ئەگەر شانۆ لەسرووتە سەرەتاییەکانەوە وەرگیرابێت، ئەوا بینەر ڕادەکێشێتە قووڵایی سۆزەکانی کە لەئەکتەرەکەوە دەردەبڕیٚ، پێویستە کە بینەر بەشێک بێت لەنمایشە شانۆییەکە، ئەویش جیاوازە لەو دیمەنانەی کە لەشانۆی نوێدایە.»

ئەوەی پەیوەندی بە بینەرەوە هەبێت لە شانۆی توندوتیژیدا بەم شێوەیەیە، بینەر هەڵەکانی خۆی دەقۆزێتەوە بۆ بینینی شەمەندەفەرێکی تێکشکاو، یان لەسەر بومەلەرزەکان ڕاهاتووە هەموو ڕووداوە گەورەکانی بینیوە وەک جەنگ و شۆڕشە بەهێزەکان، ئەمانە هەموو گرفتی سەرەکی لە هزریدا دروست کردووە ئەوەی کە داواشی دەکات ئەوەیە کە ئەو وێنەو حاڵەتانە بە زمانێک بۆی لێک بدرێتەوە کەلێیی تیٚ بگات، نەک بەشێوەیەکی زەخرەفی ساختە وەری بگرێت و نەتوانێت جارێکی تر ڕووبەڕووی ژیان بێتەوە.، ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە کە تیۆرە ئستاتیکەکانی ئارتۆی تێدا هەڵقولاوە. ئەوەی کە هەیە «شێوەیەکی پەتی هەیە وتەیەکە هیچ واتایەکی نییە ئەوەی لەلایەوە گرنگ بێت، ئەوەیە کە بوارێکی بۆ بڕەخسیٚ تابابەتە شانۆییەکە دەستنیشان بکات و لەقاڵبێکی هونەری دایبڕێژێتەوە و کارێکی قووڵ بکاتە سەر بینەرەکان. پێویستە شانۆییەکان شێوەو زمانیان بگۆڕێت تا بۆ بینەر ڕوون و ئاشکرابن.

هەروەکو ئاشکرایە کە شێوە بەشێکە لەکارە هونەرییەکان

جیانابێتەوە ئەگەر شێوەی ئەو داڕشتنە بگۆڕێت کە ئۆدیبی لەسەر نووسراوە، ئەوا هەمان شانۆبێت، دەستگیر نابێت، بەڵکو شانۆییەکی جیاواز کە هەمان بابەت دەبێت،بەلای ئارتۆ داڕشتنەوەی دەق لەسەر شێوازێکی نوێ، ناوەڕۆک و بابەتەکە تێک دەشکێنێ، دەتوانین بڵێین کە ئارتۆ وا سەیری درامای دەکرد کە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ و بەنرخە بێ ئەوەی شێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت و چاوەڕێی شێوەیەکە خاوەن دەسەڵاتێکە دەیسەپێنێ کاتێک بۆ شانۆ ئامادەی دەکات «ئەویش لەسیستمێکی دیاریکراو پێک دێت کە ئارتۆ لەسەر دەرهێنەرو نووسەر دیاری دەکات». ئارتۆ لەسەرووی ئەمانەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی سەیری شانۆی دەکرد- لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەری ڕاهاتبوو وا تێبینی دەکرد کە تیۆرییەکانی شاراوەییەکی تێدایە. ئارتۆ لەو باوەڕەدابوو کە دەرهێنان پێویستە تەنیا جەخت کردن بێت بۆ سەر پێکهاتە دراميیەکان «کە شێوە شانۆییەکی- ڕووتی هەیە» مەبەستی لەو پێکهاتانەن کە لەسەر تەختەی شانۆن و ئەو کەرەستە سەرەکیانەن کە دەبێت شی بکرێنەوە و لە مەبەستیان تێ بگەین هەریەک لەو پێکهاتانەش مۆسیقاو سەما و هونەری شێوەکاری، نواندنی بێ دەنگ، پانتۆمیم و نواندنی گۆرانی و ڕووناکی و دیمەنەکانە.

ئەم پێکهاتانە ئاوێتەی یەکتر دەبن و ئاوێتەیەکی هەستیار پێک دەهێنێ کە ئارتۆ ناوی دەبات بەشاعیریەتی شوێن بەم شێوەیە دەست بەسەر «شاعیریەتی ڕووداو» دادەگرێت کە هەمیشە یەکێک بووە لە کەرەستە گوزارشکارەکان لە شانۆدا.. مەبەست لەوە نییە کە (ئارتۆ) مەبەستی گۆڕینی شانۆ نییە بۆ کەرەستەی نواندنی بێدەنگ بێت. لەتوانادایە کە دیالۆگ لەشانۆدا بەکاربهێنرێ نەک بۆ گەیاندنی بیرەکان، نەک بەهەمان ڕێگاش کە دەیکاتە ئامانجێک.

وشەکانیش دەتوانرێت لە شانۆدا بەکاربهێنرێ بەوپێیەی کە دەنگ جێگرە- ئەوەندە بەسە کە نابێتە ئامانجێک تا بیرۆکەکان بگوازرێتەوە، بەڵکو جۆرێک لە کارتێکەری سۆزداری پێک دەهێنێ.

بەلای ئارتۆوە ئەرکی زمان لەشانۆدا وەک بیرۆکەی ئەو مامۆستایەیە کە یۆنسکۆ لە شانۆی وانەدایە، وشەکان کە ئاماژەی دیاریکراوی خۆیان هەیە.

ئارتۆ ئاگاداری ئەوەبوو کە دیمەنەکان بەسروشتێکی گشتییەوە بگوازرێتەوە و بارێکی عەقڵی بدۆزێتەوە و کۆمەڵێک ڕاستی پیشان بدات. ئاشکرایە ناتوانرێت لەڕێی ئاماژەوە دیاری بکرێت لەسەر تەختەی شانۆو شێوەی دەستەواژەیەکی زمانەوانی وەربگرێت کە ئاماژەیەکی دیاریکراوی هەیە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئارتۆ دەستەواژەی «نواندنی بێدەنگی سوی» بەکارهێناوە تا جیاوازی بدۆزێتەوە لەنێوان وێنەکانی نواندندا و لەنێوان ئەو جۆرە باوە لەنواندنی بێدەنگ.


دەتوانین دراماکانی ئارتۆ بەدرەختێک بشوبهێنین، دەتوانین بڵێین کە ئارتۆ درەختی (درداز) کەدرەختێکە لەئەفسانە کۆنەکاندا هەیە ڕەگ و لقەکانی درێژبوونەتەوە و پەیوەستن لەنێوان ئاسمان و زەوی و دۆزەخ.

کە ترس و سامناکی دەخاتە دڵییەوە، ئارتۆ هەستی دەکرد کە خەڵکی خودی خۆیان تەنیا لە خەوندا بەئاشکرا دەبینن، دەتوانن لەڕێی خەونەکانیانەوە بگەن بە سەرەتایەک و ڕابردوویەکی دوور. تیۆری ئارتۆ لە سەر دراما پەیوەستە بەتیۆرەکانی «یۆنگ» کە خەڵکی دابەش کردووە بەکۆمەڵ و لەسەر بناغەی ئەوەی گوزارشتێک بێت بۆ نەست و نەستی پاشماوە لە هەمان کاتدا ئارتۆ ڕەتی تیۆری فرۆیدی کرد.. (لەسەرخەون) بەکارهێنانی شێوازی خەون بەشتێکی بنەڕەتی دادەنرێت لای ئارتۆ کە توانی تێیدا ئاماژە هیروغروفیەکان بەکاربهێنێ وەک ڕێگایەک بۆ گواستنەوەی هزرو بیرو دیاریکراوەکان لەڕێگای پێوەندییەکی بینینەوە. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە بیرو زانیارییەکان لەخەوندا دەگوازێتەوە. هەروەها ئارتۆ توانی بە بەکارهێنانی شێوازی خەون (تارمایی و بووکەشووشە و هاوشێوەکانی پێشکەش بکات کە دەبێتە هۆی جووڵاندنی دەروون و سەرسوڕمان و حەپەسان».

## شانۆیی توندوتیژی
## بەیاننامەی یەکەم

ناکرێ بەردەوام لەبیری شانۆ کەم بکەینەوە، کە تاقە بایەخی لەو پەیوەستە سیحری و بە تەوژمەوەیە کە لەگەڵ واقیع و مەترسیدا هەیەتی لەم بارەشدا مەسەلەی شانۆ دەبێ سەرنجی گشتی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بەوەی کە شانۆ لەدووتوێی لایەنە سروشتیەکەیدا پێویست بەدەربڕین دەکات لەبۆشایدا، کە لەڕاستیدا تاقە دەربڕینێکی واقیعە کە ڕێگە لەبەردەم کەرەستە سیحرییەکانی هونەرو دواندن خۆش دەکات کە بەشێوەیەکی شموولی و ئۆرگانی بخرێتەکار، هەروەک لەتوانادا نەبێت دەسەڵاتە جۆرکارییەکانی دەست بەکاربوونی بۆ بگەڕێندرێتەوە، ئەگەر بێتو زمانەکەی بۆ نەگەڕێندرێتەوە مانای ئەمەش ئەوەیە لەجیاتی ئەوەی کە تەنیا بگەڕێنەوە سەر ئەو تێکستانەی کە پیرۆز و کۆتایی دابنرێن و بەشێوەیەکی بەردەوام، دەبێ ملکەچی شانۆ بۆ تێکست هەرەس پێ بێنین و مەفهوومی جۆرە زمانێکی دەگمەن بدۆزنەوە کە لەنێوان بیروجووڵەدا بێت.

لەتوانادا نییە ئەم زمانە پێناسە بکرێت تەنیا هەر بەهۆی دەربڕینی دینامیکی نەبێت و لەبۆشاییدا نەبێت کە پێچەوانەی توانای دەربڕین لێ کردنێک بێت بەهۆی زمانێکی بەدیالۆگ کراوەوە. ئەوەش کە شانۆ بۆی هەیە لەدواندنی بقۆزێتەوە، تواناکانی تێپەڕاندنی وشەیە، توانای پەرەسەندنە لەبۆشاییدا و کاریگەری بە لەرزهێنان و هەڵوەشانەوەیە لەهەستدا. ئەم ساتەش هاتنە ناوەوەی سەدای دەنگ و



فرۆید

چۆنێتی بەدەنگ هێنانی تایبەتی وشەیە، ساتی هاتنەناوەوەی زمانی شتە بینراوەکان و جووڵەو هەڵوێست و ئاماژەکانە، بە مەرجێک واتاو بوونی و پەیوەستەکانی بگەنە ئاستی بوون بە ئامـاژەو ئەم ئامـاژانەش بگاتە جـۆرێک لە ئەلف و بێ... بەدەرک کـردنیش بەم زمـانە لەبۆشـاییـدا، زمـانی دەنگ و هاوارو تیشک و ئەو وشانەی دەنگیـان لە وتنیـاندایە، دەبێ شـانۆ ڕێکیـان خـات و تەبایی بخـاتە نێـوانیـانەوە و لەگـەڵ کەسایەتی و شتەکاندا پێستی هیرۆگلیفی ڕاستەقینە بێنێتە ئاراوە، ئەویش بەسوود وەرگرتن لەهێماکاری و هاوتابوونیان بەپێی پەیوەست بوونیـان بە هەمـوو ڕەگەزو ئاسـتەکانیـاندا، کـەواتە بەلایەنی شـانۆوە مـەسـەلەکـە پێـوەندی بەداهێنانی میـتافیـزیکیانە قسەکردن و ئاماژە دەربڕینەوە هەیە تاکو لە سیمای دەروونی و مرۆیی هەرەس پێ هێنەریدا داماڵدرێت، بەڵام هەمـوو ئەمانە بێ سوود دەبن، ئەگەربێتو لە پشتەوەی ئەم هەوڵە بە برەوەدا جۆرێک لە میـتافیـزیکانەی ڕاسـتەقینە بێت، بانگەشـەیەک نەبێت بـۆ هەندێک بیـری نەناسـراو، کە ئەستەمە سروشت و شێوەیان دیاری بکرێت، ئەم بیرانە کە خـۆیان لە داهێنان و بوون و فـەوزادەدەن، هەمـوو دەچنە ژێر باری سیستەمێکی گەردوونییەوە و بیرێکی سەرەتاییمان پێ دەبەخـشن دەربارەی ئەو مـەیدانەی شـانۆ تێـیـدا بەتەواوی نەناسراوە لەتوانایدایە هاوکێشەیەکی کاریگەرو سەیر لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵ و سروشت و شتەکاندا دابهێنێ، مەسەلەکە تەنیا هەر ئەوە نییە بیرێکی میـتافیزیکی بێنین و ڕاستەوخۆ لەسـەر شـانۆدا دەری خـەین، بەڵکو داهێنانی جـۆرەکـانی هەوڵدان و بانگێشە کردنە بۆ کەش و هەوای چواردەوری ئەم بیرانە، هەروەها سیمای کەسایەتی لەفەوزادا، شیعر بەهێماو وێنەکـانیـیـەوە، لەتوانادایە بۆچوونێکی سـەرەتایی و سەرەکیمان پێ ببەخشێت. بۆ لەناوبردنی توانای ئەم بیرانە. ئێستـاش پێویستە دەربارەی سیمای مادی جودای ئەم زمانە بدوێین، واتە ئەو ڕێگە و هۆیانەی کـاردەکـەنە سـەر هەست. بێهوودەیە ئەگەر بڵێین کە شانۆ بانگەشە بۆ مۆسیقاو سەماو پانتۆمیم، یان بانگێشە بۆ ئیمائە دەکات. ئەوە ئاشکرایە کە جووڵەو هارمۆنیای مۆسیقا بەکاردێنێ، بەڵام تەنیا بەو بارەی کە لەتوانایاندا بێت بگەنە ئاستی جۆرێک لەدەربڕینی ناوەکی و نەک بەوەی لەخزمەتی هونەرێکی دیاریکراودا بێت، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە بەکارو سۆزی ئاسایی هەڵناستێت، بەڵکو وەک هۆیەک بەکاردێن، هەروەکو چۆن گاڵتەوگەپی تێکدەرانە بەو کـارە هەڵدەسـتـێت کـاتێک تەبایـیـەک دەخـاتە نێـوان پێکەنین و دابونەریتی زەینەوە. ئەم زمـانە بابەتیـیـانەیە «بەمـانایەکی ڕۆژهەڵاتی دەربڕینە»وە دەتوانێ گـوشـارو کاریگەری بخاتە سەر ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە و بەنێو هەسـتدا شـۆڕبێـتەوەو بەکارهێنانی ڕۆژئاوایی وشە لەدوای خۆیدا جێ بێڵێ، وشـەش دەکاتە تەسلیم و دەنگ فراوانتر دەکـاتەوە، لەرانەوەی دەنگ و جـۆرەکـانی بەکـاردێنێ و بەشێـوەیەکی توندوتیژ ئیـقـاع تێک دەشکێنێ و دەنگ لەناو دەباو ئامانجی دەبێتە ورووژاندن و سیحرو سڕکردن و ڕاگرتنی کاریگەریی هەست، واتە لە لیریکی جووڵە هەڵدەهێنجێ کە بەهۆی شـۆڕبوونەوەی لە ورووژاندن و لە بۆشـاییـدا دەگـاتە ئەوەی لیـریکیـەتی وشـەکـان تێـپـەڕ بکات. لەدواییـشـدا ملکەچی زەینی زمـان ڕزگـار دەکـات بەوەی واتای زەینێکی نوێ و قـووڵ دادەهێنێ کـە لەژێرەوەی جـوولەو ئامـاژەکـاندا شاراوەتەوەو دەگاتە ئاستی پیرۆزیی کەشێکی تایبەت. لەبەر ئەوەش هەموو ئەم موگناتیسییەتە و هەموو ئەم شیعرەو پێگە سیحراوییە ڕاستەوخۆکانی بێ مانا دەبن، ئەگەر بێتو ڕۆح نەخـاتە سەر ڕێگەیەکی تر، ئەگـەر بێـتـو لە توانای شـانۆیی ڕاستەقینەدا نەبێت واتای داهێنانێکی وامان پێ نەبەخشێت کە ئێـمـە تەنیـا ڕوویەکی پێ دەزانین کـە ناگـاتە کـامڵ بوون تەنیا لەچەند ئاستێکی تردا نەبێت. گرنگی و بایەخی ئەوەش زۆرکەمە کە ئەم ئاستانە بکەونە ژێر دەسەڵاتی بیرەوە، واتە بەهۆی زەینەوە لەبایەخی ئەم ئاستانە کەم کرێتەوە، ئەم شتانە نە گرنگن و نە سوودیان دەبێت. گرنگ ئەوەیە هەست بخرێتە باری درک و پێ کردنێکی تیژو قووڵەوە بەهۆی هەندێک هۆی ئیـجـابیـیـەوە «ئەمـەش مـادەی شـیـعـرو کـەشـەکـانەو شـانۆ تیشکدانەوەیانە».

## تەکنیک

کـەواتە مـەسـەلەکە لەوەدایە کـە شـانۆ «بەمـانـای تەواوی وشـەکـە دەورێکی پێ ببـەخـشـێت شـتـێکی دیاریکراو و چەسـپـاوی پێ ببـەخـشـرێت، هەروەکـو سـووڕانەوەی خـوێن لەدەمارەکاندا یاخود پەرەسەندنی ڕووکەشی فەوزای وێنەکانی خـەون لەمـێـشکدا، ئەمـەش بەهۆی جلەوگـیـری کـردنێکی کـاریگەرو بەکـارخـستنێکی ڕاسـتـەقـینەی بەئاگایی بوونەوە دەبێت، شـانۆ لە توانایدا نیـیـە ببێ بەشـانۆ، واتە ناتوانێت هۆیەکانی بەوەهم کردنی ڕاستەقینە بێنێتە کایەوە، تەنیا بەوە نەبێت توێژە ڕاستەقینەکانی خەون لەبینەر پێشکەش بکات، کـە ئەوسـاتەی ئارەزووی لەهەڵسـان بەتاوان و گـەڕەلاوژەی تێـژراوی و دڕندەیی و خـەیاڵ هەسـتی یۆتۆبی بە شـتـەکـان ببـەخـشێت و لە ئاسـتێکی ناخیـدا دەتەقنەوە کـە خـەیاڵی و

پێشنیازکەر نابێت... بەواتایەکی تر، پێویستە لەسەر شانۆ چاوێک نەک بەهەموو دیاردەکانی جیهانی دەرەکی و بابەتی و وەسفی دابخشێنێ و بەس، بەڵکو دەبێت چاو بەجیهانی ناخیشدا بخشێنێ، واتە ڕوانین لەمرۆڤ بەشێوەیەکی میتافیزیکی، تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانین لەشانۆدا دەربارەی مافەکانی خەیاڵ بدوێین نەگاڵتە و گەپ و نە شیعرو خەیاڵ مانایەکیان دەبێت ئەگەر جەخت لەسەر تێکشکاندنێکی گێرەشوێنی نەکات کە تێیدا دەربڕینێکی بەرفراوان نەگرێتە خۆی و هەموو شێوەکان نەگرێتەوە. کە هەموو دیمەنەکان بگرێتە خۆی، ئەو شێوانەی کە بەجۆرێکی ئۆرگانی لەوەدا سەردەکەون کاریگەریی بخەنە سەر مرۆڤ و بیرەکانی دەربارەی واقیع و شوێنی شیعری ئەو لەواقیعدا.

**بابەتەکان**

مەبەست ئەوە نییە بینەر بەهەندێک خەمی گەردوونی باڵا بێزارکەین، لەوانەیە هەندێک ڕێگەی بە بایەخ بۆ بیروکردار هەبێت، کە بەهۆیانەوە هەموو دیمەنەکان دەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەم کارە بەشێوەیەکی گشتی شوێنی گرنگی پێدانی بینەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم کارانە بوونیان هەبێ و ئەمەش بەلای ئێمەوە گرنگە.

**أ- پێشکەشکردن (دیمەنەکان):**

هەموو پێشکەشکردنێک ڕەگەزێکی سروشتی و بابەتی دەگرێتە خۆی کە هەموو کەسێک هەستی پێ دەکات. هاوارو ناڵەو تارمایی و سەرسوڕمان و بینایی و ڕێکخستنی شانۆیی هەمەجۆر، جوانی سەرنج ڕاکێشی جلوبەرگ کە لەهەندێک مۆدیلی کەشداری دیاریکراوە وەرەدەگرێت، ڕووناکییەکی پڕ تیشک، دەنگ کە جوانیەکی مەبەستداری تێدا بێت، سیحری تەبایی و هارمۆنی، نۆتە مۆسیقیە دەگمەنەکان، ڕەنگی شتەکان، ئیقاعی سروشتی جووڵە کە لەباری هەڵکێشان و داکێشانیاندا لاسایی دەرپەڕینی جووڵەکان دەکاتەوە لەلای بینەرو دەرکەوتنی شتی هەست پێکراو لەدەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر دەمامک و وێنەو پەیکەری چەند مەتری و گۆڕانی لەپڕی ڕووناکایی و کاری سروشتی تیشک کە هەستی ساردو سڕی گەرمی دێنێتە کایەوە.. تاد.

**ب- دەرهێنان:**

هەر لەدەرهێناندا زمانی نموونەیی شانۆ دادەڕێژرێت، نەک بەو چاوەوە سەیری کەین کەشکانەوەیەکی سادەی ئاستی دەق بێت لەسەرشانۆ، بەڵکو دەبێ بەو چاوەوە سەیری بکەین، وەک خاڵی دەرپەڕینی داهێنانی شانۆیی وابێت، هەر لەنێو بەکارهێنانی ئەم زمانەو وەرگرتنیەوە دووسەرە بوونی کۆنی نێوان نووسەرو دەرهێنەر دەڕووخێ و بەداهێنەرێکی کەم وێنە دەگۆڕدرێتەوە کە لێپرسراویەتییەکی دووسەرەی پێشکەشکردن و کرداری دەکەوێتە ئەستۆ.

**ج- زمانی شانۆ:**

مەسەلەکە پێوندی بەمەسەلەی ماتکردنی زمانی گێڕانەوە نییە، بەڵام بەخشینی ئەو گرنگییە بەزمان کە لەخەودا هەیەتی، هەروەها دەبێ ئەو ڕێگایانە بدۆزرێتەوە کە ئەم زمانە تۆمار دەکەن، جا ئەم ڕێگایانە بچێتەوە دوو توێی ڕاهێنانی مۆسیقییەوە یاخود بچنەوە دوو توێی هێمای جفرە دارەوە، ئەوەش پێوەندی بە شتە ئاساییەکانەوە هەیە، تەنانەت پێوەندی بەجەستەی مرۆڤیشەوە هەبێت کاتێک دەگاتە ئاستی بەئاماژەبوون، ئەوە ئاشکرایە کە دەتوانرێ ئیلهام لەپیتی هیرۆگلیفی وەرگرێت، نەک لەپێناوی تۆمارکردنی ئەو ئاماژانەو بەس بەشێوازێک کە بخوێندرێتەوەو ڕێگەی ئەوەمان بۆ خۆش کات سەرلەنوێ هەر کاتێک ویستمان بەرهەمیان بێنینەوە، بەڵکو لەپێناوی دارشتنی هێمای ورد و ڕاستەوخۆ و خوێندراوە لەسەر شانۆ، لەلایەکی ترەوە، زمانی جفرە و ئەم ڕاهێنانەی مۆسیقا بایەخێکی گرنگیان دەبێت وەک ڕێگرییەک بۆ ڕاهێنانی دەنگەکان. ئەگەر بێتو بناغەی ئەم زمانەش لەبەکارهێنانی ئەم زمانە بە بەکارهێنانی تایبەتی، ئەوا سەدای ئەم دەنگانە دەبێ جۆرێک لەهاوتایی هارمۆنی جۆرێک لەشێوەی گرینی ناوەندی قسەکردن بنیات بنێت کە هەر کاتێک بمانەوێت بەرهەمیان بهێنینەوە.

**د- ئامێرە مۆسیقییەکان:**

هەروەک ئامێرو وەک بەشێکیش لەو دیکۆرە بەکاردەهێنرێن، وێڕای ئەمەش پێداویستی بوون بۆ کاریگەری کردنە سەری ڕاستەوخۆ قووڵ، بەهۆی ئۆرگانە دیاریکراوەکانەوە، لەسەر هەست لەگۆشەنیگایەکی دەنگەوە. ناچاری گەڕانمان دەکات بەدوای خاسیەتە دەنگییە تازەکانەوەو هەروەها بەدوای لەرەو سەدای ئەم دەنگانەوە کە بەشێوەیەکی ڕەهانەناسیاو دەبن، ئەو خاسیەتانەی کە لە ئامێرە مۆسیقییەکاندا نییە، ئەوەش پێویست بە بەکارهێنانی ئامێری کۆن و لەبیرکراو دەکات، یاخود ڕاهێنانی ئامێری نوێ. هەروەها ناچاری ئەوەمان دەکات لەدەرەوەی مۆسیقادا بەدوای ئامێرو کەرەستەی وادابگەڕێین کە لەتێکەڵەیەکی تایبەت، یا تازەی کانزاکان پێک هاتبێت کە لەتوانایدا بێت ئاستێکی تازە کە دەنگ و هەرایەکی توندوتیژو کاریگەر دروست بکات.

**هـ- تیشک- ڕووناکایی کردن:**

ئەو ئامێرانەی ئەمڕۆ لەشانۆدا بەکاردێن، بەس نین بۆ کارەکان، کاریگەری تایبەتی ڕۆشنایی لەسەر بیر، گرنگی خۆی هەیە هەر بۆیە دەبێت بەدوای هەموو جۆرە شکانەوەیەکی تیشکدا بگەڕێین کە بڵاوکردنەوەی شەپۆلە تیشکەکان هەڵدەسن لەشێوەی توێژو تیری ئاگراویدا کە ئەمڕۆ بەکاردێ، دەبێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی چاو بەم بەکارهێنانەدا بخشێنینەوە لەپێناو داهێنانی سەدای دەنگی مۆسیقی و

تایبەتیشدا بێت ڕووناکایی ڕەگەزی سووکی و چڕی و پانتایی و بینایی تێدا بێت لەپێناوی داهێنانی هەست کردن بە گەرمی و ساردی و تووڕەیی و ترس.

**و- جلوبەرگ:**

ئەوەی پێوەندی بە جلوبەرگەوە بێت، دەبێت خۆ لەجلوبەرگی نوێ لابدرێت بەپێی توانا، بێ ئەوەی جلوبەرگی یەک جۆری بەکاربێ لەشانۆگەرییەکاندا نەک تەنیا بەرێزگرتن لەڕابردوودا کە ئەفسانە و بت پەرستیان تیایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەندێ لەجلوبەرگە کۆنەکان بەشێکی گەشدارییان تیایە هەر چەندە لەساتەوەختی زەمەنێکی تردا جوانی و دیمەنێکی ئیمائیان هەبووە ئەویش لەبەر ئەوەی لەو دابونەریتانە نزیک دەبوونەوە کە بوونە هۆی لەدایک بوونیان ئەمەش کارێکی ڕوونکەرەوەیە لە ڕووکەشدا.

**ن-شانۆ-هۆڵ:**

دەستبەرداری شانۆو هۆڵ دەبین و لەبری ئەوان تاقە شوێنێکی دیاریکراو وەردەگرین، کە بێ بەربەست و بێ دیوار بێت و ببێتە شوێنی ڕووداوەکان، بەمەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بینەرو پێشکەشکردندا دروست دەبێت، لەنێوانی ئەکتەرو بینەردا، چونکە بینەر دەکەوێتە ناوەندی ڕووداوەکان و ڕووداوەکان دەوروپشتی دەتەنن، بەمەش بینەر ئابلوقە دەدرێ و لەلایەنی ڕووداوەکانەوەو ئەم ئەبلوقەدانەش لەشێوە گۆڕینی هەڵوێستەوە دێتەدی.

بەم جۆرە هۆڵی پێشکەشکردنی ئێستا جێ بێڵین و بچینە هەندێک شوێنی عەمبارەوە، یا هەندێک ژووری گیاندارەوە، دەست بە بنیاتنانەوەی دەکەین بەپێی ئەو کارە ئەندازییانەی کە بەکاردەهێنران بۆ دروستکردنی هەندێک کەنیسەو هەندێک شوێنی پیرۆزو هەندێک پەرستگا لە تبت-دا. لەناوەوەی ئەم بینایەشدا چاومان بە ئاستی جودای بەرزی و نزمی دەکەوێت، بەچوار دیوار دەوری دەگیرێ بەبێ هۆیەکانی ڕازاندنەوە، بینەریش لەم شوێنەدا لەسەر کورسی جێنەگیر دادەنیشی و توانای ئەوەی دەبێت بڕوانێتە پێشکەشکردنی شانۆ، بزربوونی شانۆ بەمانای ئاسایی وشەکە، یارمەتی ئەوە دەدات ڕووداوەکان هەر چوار کونجی شانۆ بگرنەوە، هەروەکو چۆن شوێنی دیاریکراو بۆ ئەکتەرو کاری شانۆیی تەرخان دەکرێت لەهەر چوار لای شانۆدا، دیمەنەکانیش لەبەردەم دیواری سپی کراو دەورەکانیان دەبینن کە تیشکەکان مات دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش دروست کراون، وێڕای ئەمەش هەروەک تابلۆ کۆنەکانی پێشەوەی شانۆ بەکۆڵان بەرز دەکرێتەوە، ئەم ڕێگایانە یارمەتی ئەکتەرەکان دەدەن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بکەونە دووی یەکتری، گەربێتو ڕووداوی وایان پێویست بوو، هەروەها ڕێگە لەبەردەم ڕووداوەکان خۆش دەکەن کە هەموو لایەکی شانۆکە بگرنەوە، لەبەرزایی و قووڵاییشەوە، بەمەش هاوارێک کە لەزاردەردەچێت، بۆی هەیە لەدەمێکەوە بۆ دەمێکی تر گەورەتر بکرێتەوە، بەتەوژمی یەک لەدوای یەک، تاکو بگاتە ئەو سەری شانۆ، بەمەش کرداری شانۆیی لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر بڵاودەبێتەوەو فراوانتر دەبێتەوە، لەلایەکەوە، لەپڕێکدا کۆمەڵێک هەڵچوون دێننەکایەوە، هەروەک ئاگر لەهەموولایەکی شانۆدا، دوان لەسەر شێوازی پێشکەشکردن بێ هوودە نییە بەوەی بەسیمایەکی وەهمی تەواوی دابنێیت، یاخود بەوەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی لەسەر بینەر هەبێت هەروەک لەم بارەی باسمان کرد، تەشەنەسەندنی کردار لەبۆشاییەکی گەورەدا ناچارمان دەکات دیمەنێک بخەینە ژێر کاریگەری تیشکەوە، هەروەها هەموو جۆرەکانی ڕووناک کردنەوە کە باڵ بەسەر کاری نواندن دا دەگرێت.

**شتەکان - دەمامکەکان - ئێکسیسوارەکان**

مانێکاو (جەستەی پلاستیکی نواندنی جلوبەرگ) دەمامکی گەورەو بەخاسیەتی تایبەتی لەشێوەی وێنەی دواندن دەردەکەون، بۆ بەرجەستەکردنی هەموو وێنەو هەموو دەربڕینێک، تاکو ئەوشتانە بشاردرێنەوە و خەفە بکرێن کە شێوەی بابەتییان پێویست بەدەرخستنێکی ئاسایی دەکەن.

**أ- دیکۆر:**

شانۆ بێ دیکۆر دەبێت، بۆ ئەمەش هەر تەنیا کەسایەتی هیرۆگلیفی و جلوبەرگی کەشدارو مانێکای دەمەتری کە ڕیشی (لیرپادشا) دەنوێنێ لەکاتی ڕەشەبادا، بەسە بۆ شانۆ، هەروەها بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقایی بەقەد باڵای مرۆڤ و شتی نائاسایی لەشێوەو بەکارهێنانی نەناسیاودا.

بەسەر دەمانە بوون، ئەوسا دەڵێن، ئەم شانۆیە زۆر دوورە لەژیان و ڕووداو گرنگی پێدانەکانی سەردەمانەی مرۆڤ، لەئێستادا! بەسەر دەمانەکردنی ڕووداوەکان دەڵێم بەڵێ، بەڵام بەو خەمانەی کە هەموو قووڵایی و گرنگی پێدانی خەڵکی بگرێتەوە نەخێر، لەبەر ئەوەی (زوهار) کە بەسەرهاتی (رابی سیمۆن)ە، کە وەک ئاگرجۆش دەسەنێ، ئێستاش ئەو گڕو جۆشەی هەر هەیە.

**ب- بەرهەمەکان:**

ئێمە دەقی شانۆیی نووسراو نمایش ناکەین، بەڵکو هەوڵ دەدەین نواندنێکی ڕاستەوخۆی وا پێشکەش بکەین، کە لەچوار دەوری بابەتەکان و ڕووداوەکان و کارە گەورەکاندا دەسووڕێتەوە، لەبەرئەوەی سروشتی جێگەو باری ئەوشتانە ئەم جۆرە چارەسەرکردنانەیان دەوێت و لەنێوانی ئێمە و هەر بابەتێکدا بەربەستەکان لەناودەچن، با ئەو بابەتانە زۆر فراوان و قەدەغەکراویش بن لەبەر دەمماندا.

**ج- پێشکەشکردن:**

دەربارەی پێشکەشکردنە شانۆییەکان بیرێکی کامڵ هەیە کە پێویستی بە زیندووکردنەوە هەیە، گیروگرفتی پێشکەشکردنەکان لەوەدایە کە بۆشایی شانۆیی بێننەدواندن، دەوڵەمەندی کەین و ئاوەدانی کەینەوە. هەروەک ئەوکاتەی

لەدیواری شـاخـە بەردێکی پاندا لێ دەدرێت و لە پرێکدا کانیاو و دەستە گوڵی لێ دەردەهێنرێت.

**ئەکتەر:**

ئەکتەر ڕەگەزێکی شانۆییە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی سـەرکـەوتنی پێشکەشکردنی شـانۆیی پشت بەکـاریگەریی دەوری ئەو دەبەسـتێ، هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەگـەزێکی سلبی و بێ لایەنە، لەبەر ئەوەی هەمـوو دەست خستنە ناوەوەیەکی کەسایەتی کە لەلایەنی ئەوەوە بەتوندی ڕەت دەکـرێتـەوە. پێش هەمـوو شـتـێکیش مـەیدانی کـاری ئەکتەر مەیدانێکی بێ یاسای دیاری کراوە، لەنێوان ئەکتەر کـە تەنیـا داوای نووزە نووزێکی سـاکـاری لێ دەکـرێت و ئەوکـەسـەی کـە گـوتارێک بەپێی خـاسـیـەتە باوەڕ پێ هێنەرەکانی کەسایەتییـەوەی دەخـوێنێـتـەوە، لەنێـوانی ئەم دوولایەنەدا تەواوی ئەو دابڕانە هەیە کە مرۆڤێک لەئامێرێک جودا دەکاتەوە.

**أ- نواندن:**

دیمەنەکانی شانۆ هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی وەک جفرەیەک ژمارەی بۆ دادەنرێ هەروەکو پیتەکانی زمانێک. هەربەم جۆرە هیچ جموجووڵێک بزر نابێ و هەمـوو جووڵەیەک دەکەونە ژێر ڕکێـفی ئیـقـاعـێکەوە لەبەرئەوەش هەمـوو کـەسـایەتییـەک بەشێوەیەکی گەورە کەسایەتییە نموونە کراو دەبێت، هەربۆیە شـێـوەی جـووڵانـەوەو جلوبەرگ وەک ئاوێزانێکی ڕووناکـایی دەکەونە بەرچاو.

**ب- سینەما:**

بەرامـبـەر بەشـتـی بینراوی ناقـۆڵا، شـانۆ لە دووتوێی شیعرەوە، دیمەنی شتە هەبووە نەبینراوەکان دەخاتە ڕوو، وێڕای ئەمـەش لەگـۆشـەنیگای کـردارەوە لەتوانادا نیـیـە دیمەنی سینەمایی کـە چەندێک شیـعریش بێت، لەگـەڵ دیمەنێکی شـانۆییـدا بەراورد بکرێت کـە دەکـەوێتـە ژێر ڕکێـفی هەمـوو پێداویستییەکی ژیانەوە. گەربێتو لەبناغەی هەر دیمەنێکی شانۆییدا ڕەگەزی توندوتیژی نەبێت، شانۆش بوونی نابێت و لەم بارە شڵەژاوەی کە ئێمەی تێداین، میتافیزیکا لەپێستەوە دێتەوە زەینمان.

**ج- بینەر:**

پێش ئەوەی بینەر هەبێت، دەبێ ئەم شـانۆییـە لەدایک بێت (لەبەشێکی تردا ئاماژەی بۆ دەکەین).

**د- بەرنامە:**

بەبێ گوێدانە دەق، دەرهێنان ئەنجام دەدەین.

١- بەرهەمـێکی سـەردەمی شکسـپیـر وەردەگـرین، کـە بەتەواوەتی لەگەڵ حاڵەتی زەینی شڵەژاوماندا بگونجێت، جا مـەسـەلەکـە پێـوەندی بەشـانۆ نامـەیەکی قـەدەغـەکـراوی شەکسپیرەوە هەبێ، یاخود پێوەندی بە دەقێکی جودای تری هەمان قۆناغەوە هەبێ.

٢- شانۆنامەیەک کە سـەربەستییەکی دەربڕینی شیعری مەزنی تێدایە کە هی (لیۆن-پۆل فا. گ)ە.

٣- چەند نموونـەیەک لە (زوهار) هەروەک بەسـەرهاتی (ڕابی- سیمۆن) بەهەمـوو توندوتیـژییەوەی، ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە هەروەک ئاگرێکی جۆش سەندوو.

٤- چیـرۆکی (ڕیش شین) دوای دارشـتـنەوەی بەپێی ڕێکخسـتنی مێژووی، لەگەڵ بیـرێکی نوێدا کـە هەڵچـوونی سێکسی و توندوتیژی دەگرێتە خۆی.

٥- چیرۆکی گرنگی قـورس، بەپێی کـتـێبی پیـرۆزو بەپێی مێژوو لەگەڵ ڕەگی ئەو خوێنە سوورەی لێی دەڕژێت، هەروەها ئەو هەستە شەرمەزارییەو ئەو ترسەی کە لەزەینەکاندا هەیە، تەنانەت لەنێو تیشکیشدا دەبینرێت، لەلایەکی تریشـەوە ئەو مشت و مڕە میتافیزیکیانەی لەنێوان پێغەمبەرەکانیشدا هەیە ئەو ورووژاندنە زەینییـە ترسناکـانەی کـە دەیهـێننە کـایەوە، کاریگەری سروشتی و کارتێکردنی سەرنج ئامێزی ئەم شتانە لەسەر پادشاو هەیکەل و میللەت و خودی ڕووداوەکان.

٦- چیرۆکێکی مارکیزدی ساد، بە تێک هەڵکێش کردنی لەگەڵ هەڵچوونی سێکسی کە بەشێوەیەکی هێما ئامێز وێنە دەکـێـشـرێ، بۆ داهێنانی سـیـمـایەکی دەرەکی بەگـوڕ لەتوندوتیژیدا و شاردنەوەی شتەکانی تر.

٧- شـانۆنامـەیەکی میلۆدرامی، یان زیاتر، کە تێـیدا ئەو کارەی لەتوانادا نیـیە کاریگەر دەبێ و ڕەگەزێکی شاعیـری دەگرێتە خۆی.

٨- شـانۆگـەری (فـۆیزگ)ی بۆشنەر، وەک کـاردانەوەیەکی بیـروباوەڕمـان، نموونـەیەک بۆ ئەوەی کـە لەدەقـێکی دیاری کراوەوە دەتوانرێ بەشێـوەیەکی شـانۆیی و بەزاراوەی شـانۆیی شتێک هەڵێنجرێت.

٩- هەندێک کـاری شانۆیی ئەلیـزابیـثی، پاش داماڵینی لەدەقەکانیـان، بەهێشتنەوەی جلوبەرگی ئەم سەردەمەو باری کەسەکان و کارە شانۆییەکان.

**بەیاننامەی دووەم**

بینەر لەمـیـانەی جـەنگ و خـۆشـەویسـتی تاوان و مـادە بێهـۆشکەرەکـان و یاخی بوون بۆ ئەزمـوونێکی ناهەوسەنگ لەژیاندا دەڕوات، بۆ حـاڵەتێکی شیـعری، ئەگەرچی لەڕێی هۆشیارییەوە بێت، یان ناهۆشیاری.

شـانۆی دڵڕەقی بۆ ئەو حـاڵەتە دروست بوو کـە واتای ژیان بگەڕێنێـتەوە بۆ شانۆ، بە هەمـوو ئاوێتە بوونی سـۆزەوە. بەم واتایە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هونەری و چڕییەک بوو لەبنەماو ڕەگەزەکانی دیمەنەکاندا، پێویستە لەواتای دڵڕەقی تێبگەین. ئەم توندوتیـژییـەش لەکـاتی پێـویسـتـدا بەردەوام دەبێت، بێ ئەوەی لەسەر یاسایەک بڕوات.

ئەم بڕوایەش لەسەر دووخاڵ دەوەستێت:

**١- گۆشەنیگای ناوەڕۆک:**

دەرچوون لەبابەتی ئاسـایی و چارەسـەکـردنی بابەتەکـان،

شانۆی توندوتیژی بابەتێک هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ پێکدادانەکان و ململانێیەکانی سەردەم و ناجێگری گونجاوبێت.

هەرگیز دەستبەرداری ئەفسانەکانی مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخ نابێت، بەڵکو بەشێوازێکی تایبەتی دەبێت، بەڵکو هەڵوێستێکی دژ وەردەگرێت بەرامبەر جیهانی ئابووری و تەکنیکی و مادی، دوورکەوتنەوە لەو ئاوێتە ساختانەی کە گرنگی بەسۆزو کۆمەڵێ شتی ناپێویست دەدات کە شانۆی هاوچەرخ لەژێر ئەو پەردەیەدا شاردۆیەتییەوە.

بەم جۆرە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەونی گشتی و لێکدەرەوە دەبن و بەپێی کۆنترین دەقەکان دەڕۆن کە لەسەر دروستبوونی گەردوون کراوە لای مەکسیکی و هندی و یەهوودی و ئێرانییەکان.

بەبێ ئەوەی بایەخ بە مرۆڤی سایکۆلۆژی بدەین، کە سۆزو هەستی کەسێتی و توانەوەیەکی تێدایە و مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییەو لەژێر ڕکێفی یاساکاندایە کە واتاو دیانەتەکان شێواندوویانە، لەبەر ئەوە شانۆی توندوتیژی بەرەو مرۆڤێکی تەواو و کامڵ دەڕوات. لەوکاتەدا هەموو هزری خۆی دەگرێت و بە تەواوەتی ڕۆڵی خۆی دەبینێ. لەم کاتەدا بوار دەڕەخسێ کە ئەندێشەو خەونەکان پێکەوە کاربکەن.

لەسەرووی ئەوانەشەوە، ململانێیەکانی کۆمەڵایەتی و ململانێیەکانی نێوان میللەت و ڕەگەزەکان و هێزە سروشتییەکان و ڕووداوە ڕێکەوتووەکان و بوونی چارەنووس و قەزاوقەدەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خۆیان دەنوێنێ لەڕێگای جووڵە و ئاماژەکان، کەسانێک گەیشتوونەتە پلەی خواوەندو پاڵەوانە دڕندەکان، کە دوورخستنەوەیەکی دروست کردووە لە ئەفسانەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەشتە مادییەکان و شێوازە نوێیەکاندا خۆی بەرجەستەکردووە.

ئەم خواوەندو پاڵەوانانە، ئەم دڕندە لەڕادەبەدەرانە، ئەم هێزە گەردوونییە سروشتییە ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەپێی وێنە دابڕاوەکان کە خۆیان لەتێکستە پیرۆزە کۆنەکاندا دەبیننەوە کە زانستی دروستبوونی گەردوونێکی کۆنە.

**٢- لەگۆشەنیگای شێوەدا:**

یەکێک لەپێویستییەکانی شانۆ، نغرۆبوونی لەڕووباری هۆنراوە و سۆزێکی پاکدایە، هۆنراوە بانگەوازێکە لە گەڕانەوە بۆ ئەفسانە سەرەتاییەکان، ئەم بارەش زیاتر جەخت لەسەر داواکاری دەرهێنان دەکات، نەک دەق وەک بەرجەستەکردنێکی ئەو ململانێ کۆنانەبێت، پێش هەموو شتێک سیفەتی ڕاستەوخۆ، خۆی لێ دابماڵرێت، واتە گواستنەوەی ئەو تایبەتمەندییە بۆ سەر شانۆوە بەرجەستەکردنی بەهۆی گوزارشت و ئاماژەوە بیخاتە چوارچێوەی وشەوە.

بەم شێوەیە ئەفسانەی دەق دەسەپێنرێ کە پێوەندی بەدەق و دیکتاتۆریەتی نووسەرەوە هەیە. بەم شێوەیە دەگەین بە درامایەکی میللی کۆن، کە بیر وەری گرتووەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکات و سنووری زمان و بەربەستەکانی وشە تێدەپەڕێنن.

ئێمە دەمانەوێت شانۆیەک لەسەر نمایش بنیات بنێین. بەم جۆرە لەکاتی نمایشدا بیرۆکەیەکی نوێ دەخەینەڕوو کە گونجاو بێت لەگەڵ هەموو پانتایی و جیاوازییەکانیدا کە قووڵایی و بەرزیش دەگرێتەوە، لەچوارچێوەی ئەم بیرۆکەیەدا، بیرۆکەیەکی دیاریکراو زیاد دەبێت بۆ کات و بواری جووڵە دروست دەبێت، واتە لەکاتێکی دیاریکراودا بڕێکی زۆر ئاماژەو وێنەو واتا دروست دەبێت و پەیوەست دەبێت بەم جووڵەیەوە. ئەم وێنە و جووڵە بەکارهاتووانە، تەنیا مەبەست تێرکردنی بینین، یان گوێ نییە، بەڵکو سوودێکی نهێنی و تێرکردنێکی گیانییە. بەم شێوەیە، شانۆ پانتایی بەکارناهێنێ.

بەکارهێنان و بەشداریکردنی وێنە و جووڵەکان دەگاتە ترۆپک و پێکدادانی شتەکان دروست دەکات لەساتی بێدەنگی و هاوارو ئیقاعەکاندا، یان دەچێتە ناو زمانێکی ماددی پڕ ئاماژە، نەک وشە. هەروەها پێویستە ئاشکرا بێت کە کۆمەڵێک جووڵەو وێنەی ڕێکخراو لەکاتێکدا دروست دەبێت. ئەم هەموو تەکنیکانە کاری لەسەرکراوە لەپاشان، ڕاستە کە بگوترێ: گیان کۆنترین هیروغلیفەیە کە سەرپەرشتی دروستبوونێکی زمانی شانۆ دەخولقێنێ. بەم جۆرە و هەروەکو لەبەیاننامەی یەکەمدا ئاماژە کراوە، شێوەی دەرەکی وەردەگرێت و نمایش لەسەر بناغەی بەکارهێنانی هەموو پانتاییەکان دەخولقێ و ساتێک پانتایی شانۆ بەتاڵ نابێت، ساتێک حەوانەوە دروست نابێت، هەموو بۆشاییەکی هزری بینەرو هەستەکانی داگیردەکرێ بەو واتایە بەشێکی دیاریکراو و دابڕانێک دروست نابێت لەنێوان ژیان و شانۆدا، بەڵکو بەردەوامی دروست دەبێت لەبری دابڕان..❖


**(*) سەرۆکی بەشی شانۆ- پەیمانگەی هونەرە جوانەکان – هەولێر.**

**سەرچاوە**

.......

*** سودم لەموحازەرەکانی (د. ابراهیم الخطیب و د. صلاح القصب و د. شفیق المهـدي) وەرگرتووە، ساڵی (١٩٨٦ تا ١٩٩٠).**

# شانۆی ئایندەگەری



**بورهان قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

**سەرەتایەک بۆ ناسینی ئایندەگەری**

بزووتنەوەی فۆتۆریزم لە مێشکی زۆر کەسدا وا بەستەیە بە هونەری شێوەکارییەوە، ئەگەر چیش بۆ هەر بوارێکی هونەری، بانگەوازو بەیاننامەی تایبەت و سەربەخۆی بۆ بڵاوکراوەتەوە.

جێگەی باسە یەکەم بەیاننامەی ئایندەگەری لە (٢٠ی شوباتی (١٩٠٩) لە ڕۆژنامەی (ڤیگارۆ)ی فەڕەنسی لەلایەن Filippo Tomaso Marinetti-وە بڵاوکرایەوە.

لەو بەیاننامەیەدا مارینێتی دەیویست بڵێت ئیتاليا بۆتە دووکانێکی گەورە بۆ فرۆشتنی کەرەستەی شوێنەوارە کۆنەکان، بۆ ڕای وابوو کاتی ئەو هاتووە ئاگر بەر بدرێت لە کتێبخانەو مۆزەخانە و پێشانگاکان و شاری پیرۆزیش بڕووخێنرێت. ئەم بانگەوازەش بە تەنیا بۆ ئیتاڵیەکان نەبوو، بەڵکو لە ئیتاڵیاوە ئاراستەی جیهان کرا. هەربۆیە ڕابەرانی فوتوریزم وایان پێ چاک بوو کە نەگەڕێنەوە بۆ کەلەپووری سەدەکانی ڕابردوو، چونکە گەڕانەوە بۆ شارستانیەتی دێرین جگە لە چەنەبازی و سادەیی و کاری منداڵانە لای ئەوان هیچی تری نەدەگەیاند، سەرەتای دەسپێکی خۆشیان بە لوتکەی ئاڵۆزی و لادان لە قەڵەم دەداو بڕوا داربوون بەوەی کە هەموو شتێک دەبێت بگۆڕێت؛ تەنانەت ئەگەر وێنەی نوێ و کەرەستەی نوێ و وەزیفەی کۆمەڵایەتیی نوێشیان هەبێت؛ هەر دەبێت بڕووخێنرێن.

ئەم بۆچوونەشیان بە تەنیا لە هونەری شێوەکاریدا ڕەنگی نەدایەوە، بەڵکو لە هونەری سیرامیک و بیناسازی و شانۆو سینەماو تەنانەت بواری سیاسیشی گرتەوە.

ئەم بۆچوونەش بۆ خۆی فاکتەرێک بوو بۆ پاڵنان بە کۆمەڵگەوە بەرەو ڕووگەی گۆڕان.

ئایندەگەرەکان گۆڕانییان بە جووڵە و دەنگ و ڕەنگ و دووکەڵ و ڕووناکی ئامێردا دەوت و شێڵگیرانە زانستخوازییان پیرۆز دەکرد، هەربۆیە کە ئامێر هات وەک ئیقۆنەیەک بیرو خەیاڵ و ئەندێشەی داگیر کردن.

خودی مارینێتی زۆر سەرسام بوو بە مەکینە و ماشێنی پێشبڕکێ، ئەم سەرسامبوونەش پێوەندییەکی پتەوی خۆشەویستی و ڕۆمانسییانەی بۆ زانستگەرایی دروست کردبوو، گەرچی ئەو خۆشەویستییەش بە مردنی بگەیەنێت. هەر ئەم هەستی خۆشەویستییە بوو وای دەکرد کە (خێرایی) وەک دۆخێک لە دۆخەکانی جوانیی نوێی بەرز تەماشا بکرێت. دیارە ئەو خۆشەویستییە جۆرێک بوو لە پیرۆزکردن

و ئامێر پەرستی. هەربۆیە مارینێتی وەک پێشەوا و سەرۆکی کۆمەڵەکە لە یەکەم بانگەوازی ئایندەگەراییدا وتی [دەبێ وەسف و سەنای جیهان وابکرێت کە بەجوانییەکی نوێ دەوڵەمەندە، کە ئەویش جوانی خێراییە (السرعة).. ئۆتۆمبێلی پێشبرکێ بە چوارچێوە کەمۆڵە گەورەکەیەوە هەر لە مارێک دەچێت کە دەفیشکێنێ و هەناسەی گەورە دەدات. ئۆتۆمبێلی پەیکەری بێزارکەریش کە دەردەچێت هەر دەڵێی پارچەی قومبەلەیە.. ئەمانە لای ئێمە بەهایان زیاترە لە [پەیکەری سەرکەوتنی ساموثراس]. هەروەها مارینێتی لە بەیاننامەیەکی تردا لە ساڵی (١٩١٢)دا نووسیبووی [گەرمی پارچە ئاسنێک یان تەختەیەک بۆ ئێمە زۆر خرۆشێنەرترە لە زەردەخەنە و گریانی ژنێک].

ئا ئەمەیە گۆرانی چڕین بە مۆدێرنیتەدا و بە کەرەستە بەرهەمهاتووەکانیدا وەک [ماشێن و هۆیەکانی گواستنەوە و پێوەندی کردن]، بەڵێ ئا ئەمەیە سەرسامی بوون بە زانستگەرایی.

ئایندەگەرەکان لە یەکێک لە بەیاننامەکانیاندا سەبارەت بەهونەریش گوتیان [ناکرێ هونەر شتێک نەبێ جگە لە دڵڕەقی و توندوتیژی و تاریکی، ئێمە دەمانەوێت مۆزەخانە و کتێبخانەکان بڕووخێنین و دژ بە ئاکارو ژنێتی و پاشماوەکانی دڵڕەقی و ئینتهازییەت و تەنانەت سوودمەندیش بجەنگین]. هەر ئەم بۆچوونە بوو گەیاندنیە ئەو ئاستەی کە لە بەیاننامەی ساڵی (١٩١١)دا بڵێین: [پێویستە وشەی ئیتالیا بەسەر وشەی ئازادیدا سەربکەوێت]. هەر لەم بەیاننامەیەدا هانی فاشییەتیان داو بانگەوازەکەیان ئاراستەی مۆسۆلینی کردو لایەنگیرییان کرد بۆ جەنگ و وتیان [دەمانەوێت جەنگ پیرۆز بکەین]. ئەمەش ئەو ئاوێتەبوون و هەماهەنگییە بوو کە لەنێوان ئاینده خوازەکان و فاشییەتدا وەک ڕەهەندێکی سیاسییانە سەری هەڵدا. هەر ئەم هەڵوێستە بوو لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە ئاشکرا بڵێت: [جەنگ تەنیا ڕێگە چارەیە بۆ جیهان]. بۆیە پیرۆزکردنی کردارو پیادەکردنی توندوتیژییان لە فاشییەت خواست. لە ساڵی (١٩١٢)دا فڕۆکەیەک بە بەرزیی سەد مەتر بەسەر شاری میلانۆدا فڕێ. ئەمەش ئایندەگەرەکانی تووشی شاگەشگە کرد، چونکە فڕۆکە بۆ ئەوان جێگەی ئۆتۆمبێلی دەگرتەوە. ئەمەش بۆ خۆی گرنگی دان بوو بە ئاستی بینین، کە پاشان بانگەوازو بەیاننامەی سینەمایی فوتوریستی لێ کەوتەوە.

دەکرێت بڵێین فوتوریستی شۆڕشێکی فرە ڕەنگ و فرە ئاواز بوو، گرنگی دان بوو بە خەسڵەتی دینامیکییەت. دینامیکییەت و ڕێکخستنیش دوو زاراوە بوون بۆ گوزارشت کردن لە جوانیی جووڵەو خێرایی. بۆ ئەمەش فوتوریستەکان گرنگیی تەواویان دا بە کرداری دووبارەبوونەوە، بەڵام لە سیاقێکی پڕ لە خێراییدا؛ بۆ نموونە سەرسامبوون بە خولانەوەی پەروانەی فڕۆکە یان بە خولانەوەی فڕفڕۆکە.. چەندەها شتی تریش. ئەمەش سۆنگەیەک بوو بۆ ئەوەی لە هونەری نیگارکێشیدا وێنەی جووڵەو خێرایی بگرن و ڕەسمی بکەن. بۆ ئەمە چەندین وێنەی هەمان فیگەر بە هەمان قەبارەو بێ جیاوازی دروست بکەن، ئەمەشیان بۆ گوزارشتەکردن بوو لە جووڵە و خێرایی جووڵە.

ئەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کەبەم شوازە کاریان دەکرد بریتیی بوون لە:

- جیاکۆ مۆ بالا، کە لە ساڵی (١٨٧١)ەوە تا (١٩٥٨) ژیاوە.
- ئیمبرتۆبۆچیونی، کە لە ساڵی (١٨٨٢) لە دایک بووەو لە ساڵی (١٩١٦)دا لە کارەساتێکدا کۆچی دوایی کرد.
- کارلۆ کارا.
- جینۆ سیڤەرینی.
- ڕۆسۆلۆ.

جێگەی باسە ئەم هونەرمەندانە لە ساڵی (١٩١٠)دا بەیاننامەو بانگەوازی وێنەکێشانی فوتوریستیان نووسی و ڕاگەیاند.

ئەم هونەرمەندانە لەگەڵ سەرجەمی هونەرمەندانی فوتوریستی هەوڵی ئەوەیان دەدا کە هونەرێکی سەرەتاپا نوێ بێننەکایەوە و هونەرێکی ئایندەگەری بێ و بتوانێت گوزارشت لە ژیانی نێو شارە گەورەکان و ژیانی پڕ لە ئاژاوەو جەنجاڵی دنیای ئامێرو دووبارە بووەوە وێنە بگرێت.

هونەرمەندێکی وەکو ئیمبرتۆ بۆچیونی لە نامەیەکی ساڵی (١٩١٢)دا کە بۆ هاوڕێیەکی بەناوی (ڤیگوبایرنارد) سەبارەت بە هونەری پەیکەرسازی نووسیبووی: [من عاشقێکی سەرشێتی ئەو ڕۆژانەی پەیکەرسازیم، کە بە بڕواوە دەتوانم تازەگەرییەکی تەواو بۆ ئەم هونەرە کەوتووە بدۆزمەوە].

ئایندەگەران کاریان بە دینامیکییەت و هاوکاتی دەکرد، ئەم دوو زاراوەیە بنچینەی کاری ئایندەگەرەکانن، چونکە لێیانەوە دەیانویست گوزارشت لە جوانیی جووڵە بکەن. ئەم بۆچوونەشیان لە هونەری نیگارکێشیدا بەرجەستەکرد، وەک تابلۆکەی (بالا) (ڕاکردنی کچێک لە بالکۆنەدا) کە ئەم تابلۆیە بریتییە لە کۆمەڵێک وێنەی دووبارە، کە لە هەشت گرتەی خێرای ڕاکردنی کچەکە دا خۆی دەنوێنێت؛ یان تابلۆی (پەڕەسێلکە)ی هەمان هونەرمەند کە چەند وێنەیەکی هاوشێوەی فڕینی پەڕەسێلکەیەکە بە دووبارەیی.

جێگەی باسە ئەو توێژینەوەیەی کە لە جوولەدا کردیان بە تەنیا لە بواری هونەری نیگارکێشیدا نەبوو، بەڵکو پەلیشیان هاویشت بۆ هونەری سینەما.

ئەوەبوو (کوردایینی و جینانی) کە دوو برابوون گرنگیی زۆریان بە بواری سینەما دەدا؛ هونەرمەندی ئایندەگەر (بالا) هەردووکیانی هێنایە سەر ئەو ڕایەی کە ناوەکانیان بگۆڕن بۆ ئەوەی ناوەکانیشیان شێوەو گوزارشتگەری ئایندەگەری بێت، بۆیە (کورادینی) کورت کردەوە بۆ (کورا) کە مانای (ڕادەکات) دەگەیەنێ، هەروەها (جینانی) کرد بە (جینا) کە لە یاری جوملاستیکەوە وەرگیراوە. ناوی (بالا) خۆشی واتە (سەما دەکات)، بەم شێوەیە بەناوەکانیشیان ویستیان گوزارشت لە بزووتنەوەکەیان بکەن.

پێشتر ئەم دوو برایە کاری فیلمی کورتیان ئەنجام دابوو، بۆیە مارینێتی پێشنیاری بەرهەمهێنانی فیلمێکی فوتوریستی بۆکردن، ئەوانیش لە هاوینی ساڵی (١٩١٦)دا (ژیانی ئایندەگەرانیان) لە شاری فلۆرەنسا بەرهەمهێنا، کە بالا و ستیمیلی و مارینێتی فیلمەکەیان نواند. جیناش بەرپرسێتی بەرهەمهێنانی فیلمەکە و وێنەگرتنی گرتە ئەستۆی خۆی.

ئیدی مارینێتی و بالا و کوراو ستیمیلی و جیناو بۆچوینی بەهەر هەموویان بەیاننامەو بانگەوازی سینەمای فوتوریستیان بڵاوکردەوە.

ئیدی لێرە توخمی بینراو بە تەواوی دەبێتە بەشێکی بنچینەیی ئەدەبی بزۆک، ئێستا دەتوانین سیما گشتییەکانی ئایندەگەرایی بناسینەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

١- جەختکردنەوە لە ڕەسەنێتی جووڵە.

٢- بنچینەی هونەری ئایندەگەری هەڵقوڵاوی تەکنەلۆژیایە واتە هەڵقوڵاوی وزەو جووڵەیە.

گرنگی دان بە شارستانیەتی تەکنەلۆژیا و زانستگەرایی لەنێو بەندێکی هونەری نێگەتیڤدا.

بە کورتی جەختیان لەسەر دینامیکییەت دەکردەوە، چونکە لای ئەوان خرۆشێنەرە و نموونەی هونەری ئەم سەدەیەمانە. بۆیە لەسەر هونەرمەندیش پێویستە ئەو خرۆشانە وێنەبگرێت. خرۆشان لە هونەرێکدا کە هەڵگری ڕیتمێکی دینامیکییە، فوتوریستەکان لەبەیاننامەیەکیاندا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە ڕەخنەگرەکان بەم جۆرە دەربڕی و دەیانگوت: [ڕەخنەگرەکانی هونەر هیچن و زەرەریان زیاترە وەک لە سوود].

## شانۆ لای ئایندەگەرەکان

جێگەی باسە ئایندەگەرەکان لە ساڵی (١٩١٣)دا و لەلایەن خودی (مارینێتی)یەوە بەیاننامەو بانگەوازی [شانۆی هەمەڕەنگ] بڵاوکرایەوە. مارینێتی ئەم بەیاننامەیەی لە ڕۆژنامەی [دیلی میل] لە (٢١/١١/١٩١٣)دا بڵاو کردەوە. ئەمە یەکەم بانگەواز بوو کە تایبەت بێ بە شانۆ، ئەم بەیاننامەیە جەختی لەسەر هونەری وتاربێژی گشتگیر و دینامیکی دەکردەوە. مارینێتی زۆر حەماسی بۆ شانۆ و سینەما هەبوو، بۆیە لە زۆربەی نووسینەکانیدا جەختی لەسەر سەماو شانۆ و سینەما کردۆتەوە.

هەروەها لە ساڵی (١٩١٥)دا لەلایەن [کورا و ستیمیلی و مارینێتی]یەوە بانگەوازی [شانۆی ئایندەگەریی لوولخواردوو] یان بڵاوکردەوە. ئەم هونەرمەندانە لەم بەیاننامەیەدا باسیان لەوە دەکرد کە چۆن ناوەکەیان خواستووە؛ هەروەها لەم بەیاننامەیەدا جەختیان کردبووە سەر بواری نمایش کردن وەک زیاتر لە وشەی چاپکراو؛ دیارە ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە زووتر بگەنە خەڵکی. ناشبێت ئەوەمان لەبیرچێت کە زۆربەی پێشەوایانی ئایندەگەری گرنگییان بە شانۆ دەدا. گەرچی هەردوو پێشەوا سەرەکییەکەی بواری شێوەکاری [جیا کۆمۆ بالا و ئەمبرتۆ بۆچینی] زۆر دەقی شانۆییان نووسیوە کە ئێستا خاوەن بەهایەکی مێژوویی گەورەیە لەپاڵ بەها هونەرییەکدا. ئەو دەقانەش زۆربەیان کورتن و شێوازێکی فۆدفیلی ئاسایان هەیە.

ئایندەگەرەکان لە [شانۆی ئایندەگەریی لوولخواردوو]دا داوای شانۆیەکیان دەکرد کە جیاواز بێت بە هەموو جیاوازییەک لە شانۆی لاساییگەری کە بینەرانی هێناوە، وەک کۆمەڵێک بێئیشی گەڕیدە کە تووشی سۆزو ئازاری کردوون لە ئەنجامی چاودێری کردن و بینینی مردنێکی هێواشی ئەسپێک کە لەسەر چەوی گەورە کەوتووە. هونەرمەندانی شانۆی ئایندەگەری ئەوەیان ڕەت دەکردەوە لە شانۆییەکاندا کە وەسفی ڕووداوی دەرەوەی کەوالیس بکرێت. دەشیانویست واز لەو کەرەستە کۆنانە بهێنن کە پێشتر لۆژیکانەکار کرابوو بۆ لوتکەی درامی، چونکە ئەو شتانە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بوونیان نییە و ئەندێشە و وەهمێکی درۆزنانەیە. لە کۆتاییدا جۆرێکی نوێ لە بینەران دروست بوون کە گرنگیی خۆیان هەبوو بۆ شانۆ و ئامادەبوونی تەواویان هەبوو لەگەڵ ئایندەگەرەکاندا، چونکە باش لە چالاکییە دینامیکییەکان تێدەگەیشتن.

جێگەی باسە ئایندەگەرەکان جارێکی تر لە ساڵی (١٩٢١) بەیاننامەیەکی تریان بۆ شانۆ نووسییەوە بەناوی [شانۆی کوتوپڕی] ئەم بەیاننامەیەش لەلایەن

(مارینێتی)یەوە بڵاوكرایەوە.

دەتوانین بزووتنەوەی ئایندەگەرەی وەک بزووتنەوەیەكی پێشەوا لە شانۆی ئەوروپیدا دەستنیشان بكەین، چونكە هاندەرێكی باش بوو بۆ شەپۆلی ئەزموونگەرێتی و شۆڕش لە دژی شانۆی باوی ئەو سەردەمە.

لێرەوە شانۆی ئایندەگەری سۆنگەیەک بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوە و قوتابخانەی تر كە پاشان خۆیان دەرخست و جیابوونەوە لە ریالیستی و بابەتخوازی؛ ئەوانیش وەک [دادایییەكان و سریالیییەكان و شانۆی ئەبسۆرد..] هەروەها سۆنگەیەكیش بوو بۆ دەركەوتنی فرە شێوازی و فرە ئەزموونی لە بزووتنەوەی شانۆی ئەوروپیدا. جێگەی باسە لوتكەی دەركەوتن و ناوبانگ بڵاوبوونەوەی شانۆی ئایندەگەری دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی بیستەكانی سەدەی بیست.

ئایندەگەرەكان لە بەرهەرمە هونەرییەكاندا جەختیان لەسەر لایەنی ویژدانی مرۆڤ دەكردەوە، هەربۆیە جۆرە خەسڵەتێكی سمپڵ ئامێزی و شیعرییەتیان بەرهەم هێنا. نووسەرەكانی ئەم بزووتنەوەیە لەبەرهەمەكانیاندا گرنگیی تەواویان دا بە وێنەگرتنی حاڵەتە سایكۆلۆژییەكان و شێتییەتییەكی تایبەت،، بۆ ئەمەش مەبەستیان لە دروست كردنی جۆرێک لە شۆک (صدمة) بوو لای بینەر. ئایندەگەرەكان توانییان هەندێک حاڵەتی ویژدانی پەشێو بدۆزنەوە، كە قاڵبێكی گونجاو بوو بۆ بەرجەستەكردنی مانای فەلسەفی و میتافیزیكییەت؛ ئەمەش بە بەرجەستەكرنێكی شاعیرانە و بە بەكارهێنانی هێماگەرییانە پیادە دەبوو.

هەندێک جار دەتوانین بڵێین دەركەوتنی ئەم جۆرە دەقانە ناگەڕێتەوە بۆ هیچ ژینگەیەكی بابەتی ریالیستی یان خەیاڵی، وەک دەقی شانۆیی (بێزاری) كە تێیدا بە ڕوونی گرنگیی نووسەر لەبەرجەستەكردنی جیهانبینییەكی تایبەت و حاڵەتێكی دەروونیدا دەردەكەوێت. نووسەر (ئەنجلیۆ ڕۆنیۆنی) وا پێناسەی ئەم دەقە شانۆییەی دەكات كە [دەقێكی نووسراوە بۆ حاڵەتێكی جەستەیی]. ئەگەر تەماشای ئەم دەقە شانۆییە بكەین هەمووی لە چەند دێڕێک پێكهاتووە بڕوانە:

### شانۆی بێزاری

شانۆ: باكگراوندێكی خۆڵەمێشیی هەیە.

پیاوێک دێتە ژوورەوە، ماندووبوونی پێوە دیارە. وەک ئەوەی سواری ئەسپ بێت لەسەر كورسییەكی بزۆک دادەنیشێت و هەردوو چاوی دەنووقێنێت.. دەنگی كەمانچەیەک دەبیسترێت، مۆسیقایەكی ماتەمینی ڕێكنەخراو.

لە دوورەوە زرم و كوت دەبیسترێت.

لە باكگراوندا پەردەیەكی تیوار دادەبەزێت و شوێنەكە تاریک دەكات. لە دوورەوە بە بەردەوامی وژە وژ دەبیسترێت..

دەنگی كەمانچەكە دەوەستێت..

لە بەرزایی چەپی شانۆوە ئاماژەیەكی سەرسوڕمانی ڕەش دەردەكەوێت.

دەنگی وژە وژ دەگۆڕێت بۆ لوورەیەكی ترسناک.

تیشكگەڵێكی شین دەردەكەوێت.

زرموكوت تیژییەكەی لە زیادبووندایە.

لەناوەڕاستی شانۆكە ئاماژەیەكی تری سەرسوڕمانی زۆر درێژ لە بەرزاییەوە دەردەكەوێت.

هەموو ڕووناكییەكان دەوەستن.

بێ دەنگییەكی تەواو.

سەری پیاوەكە بە لاری دەردەكەوێت كە (لە خەوێكی قووڵدایە).

تاریكی
– پەردە دادەدرێتەوە–

هەروەها پێش ئەوەی بزووتنەوەی دادائی و سریالییەكان بگەنە تەختەی شانۆكانی ئەوروپا، ئایندەگەراكان هەستان بە پێشكەش كردنی چەند نمایشێک كە تەحەدای ئاوەزو لۆژیكی ناسراو و باویان كرد زۆر بە ڕوونی و بەڕاستەوخۆیی، بە كورتی خاوەن لۆژیكێكی تایبەت بە خۆیان بوون.

نووسەرە ئایندەگەرەكان پشتیان بە توخمی شانۆیی گرنگ بەست، هەر ئەمەش وای لە دادائییەكان كرد كە لەدوای ئایندەگەرەكان كاربكەن بە توخمی: گاڵتەكردن و بێزاركردنی بینەران، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی بینەران، نكۆڵیكردنێكی تەواو لە بنەماكانی بوون و مۆراڵ، بە كورتی كاركردن بە نەهلستییەت. جێگەی باسە ئەم توخمانە بە ڕوونی لە بەرهەمەكانی [فرانسكو كانجوییللو و برونۆ كورا و ئەمیلیۆ ستیمیللی]دا دەردەكەوێت. وەک لەم دەقانەی خوارەوەدا دەیبینین. دەقی یەكەم كە فرانسكۆكانجوییللۆ نووسیویەتی بەناوی (تەقینەوە)، كە خۆی وەسفی دەكات بە [پێكهاتەیەک لە توخمەكانی شانۆی نوێ]. با بڕوانینە دەقەكە:

### تەقینەوە

(كەسێتییەكە) بریتییە لە (گوللەیەک)، شوێنەكەش (ڕێگایەكی چۆڵ، سار، شەوە)، ڕووداوەكە (چركەیەک بێ

دەنگی، دەنگی گوللەیەک).
– پەردە دادەدرێتەوە–

هەروەها یەکێک لە دەقەکانی تری (کانجویللو) کە بەناوی [سەگی لێ نییە] لەو درێژتر نییە، با دەقەکە بخوێنینەوە:

## سەگی لێ نییە

کەسێتی: کەسێکە بوونی دیار نییە.
ڕێگایەکی سارد، چۆڵکراو، شەوە
سەگێک لە ڕێگاکە دەپەڕێتەوە.
– پەردەدادەدرێتەوە–

نووسەرە ئایندەگەرەکان ئەم جۆرە دەق و نمایشانەیان لە ڕۆژە شانۆییەکانیاندا پێشکەش کردووە، ئیتر لەسەر تەختەی شانۆ بووبێت یان لەنێو هۆڵ و گەلەرییە شێوەکارییەکاندا بووبێت.

ئێستاش با نموونەیەکی تر بخوێنینەوە کە یەک تۆز لەدەقی (سەگی لێ نییە) درێژترە و دوو نووسەر بەشدارییان کردووە لە نووسینیدا ئەوانیش [برونۆکوراو ئەمیلیۆستیمیلی]یە و دەقەکەش بەناوی:

## کارێکی ناپەسەند

پیاوێک دێتە ژوورەوە، زۆر مەشغووڵ دیارە،
پاڵتۆوکڵاوەکەی دادەکەنێت و لە حاڵەتێکی شپرزەدایە و بە پچڕپچڕی ئەم ڕستەیە دەبێژێت:
شتێکی سەیرە! نامەعقووڵە!
دەسووڕێتەوە و ڕوو لە جەماوەر دەکات، بە ئامادەبوونیان زۆر بێزارە، دەچێتە پێشەوەی شانۆو بەشێوەیەکی بنبەستانە دەڵێت:
نا... هیچ شتێکم نییە تا پێتانی بڵێم.. پەردەکە دادەرەوە.

– پەردەدادەدرێتەوە–

جێگەی باسە ئایندەگەرەکان بە تەواوی خۆیان دابڕیبوو لە جیهانی ڕیالستی و بابەتی ئەمەش لە ڕێگەی وازهێنان لە کارپێکردنی تەکنیکی هێماگەرایی و وەرگرتن و خواستنەوە بەرەو جیهانی ئەبستراکت و نامەنتقییەت، ئەمەشیان بەپێی تێپەڕبوونی کات سەری هەڵدا. دیارە بەکارهێنان و کارپێکردنی تەکنیکی نوێ کە بە ڕاستەوخۆی کار لە هەست بکات بە دوور لە هێما پێ کردن، کە ئەویش شێوازی ئەبستراکییەت و نا مەنتقییەتە لە ڕووداوو لە هەڵوێست و لە کەسێتی و لە شوێن و لەزمان بەگشتی. هەندێک لە خەسڵەتی ئەم شێوازەش بە ڕوونی لە دەقی [پێکهێنانی پێکهاتە]دا دەبینرێت. ئەم دەقەش لەلایەن هەردوو نووسەر [جوجلیلمۆجانیللی و لوسیانۆ نیکاسترۆ]وە نووسراوە، ئەمەش دەقەکەیە:

## پێکهاتی پێکهاتە

شانۆ بەتاڵە، ڕاڕەوێکی درێژی تاریک، لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا چرایەکی سوور کە زۆر دوورە کز دەبێت و هەڵدەبێتەوە.
تیشکێکی سپی دەردەکەوێت کە وەک فەرشێک بەدرێژیی ڕاڕەوەکە ڕاخرابێت.
پێنج چرکە تێدەپەڕێت.
دەنگی گوللەی دەمانچەیەک دەبیسترێت، هاوارێک.
دەنگە دەنگ.
بەیەکداچوونی دەنگەکان.
وەستانێک.
پێکەنینی ژنێک بە پچڕ پچڕی.
لە هەمان کاتدا دەنگی کردنەوەی دەرگایەک بە توندی دەبیسترێت و ڕووناکییەکی بەهێز دەردەکەوێت و چاوی بینەران دەبات.
پەردەی پێشەوەی شانۆ دێتە خوارەوە و چاوی بینەران لە ڕووناکییەکە دادەبڕێت.
سەرباری نامۆبوونمان بەرامبەر ئەم جۆرە دەقانە، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم دەقانە تاڕادەیەک پارێزگارییان لە هەندێک پێوەندیی نێوان توخمەکانی شانۆیی کردووە؛ هەروەک پێکەوە بەستنەوە لە ڕێگەی گوللە و هاوارەکەوە. ئەمەش پرۆسێسی مۆنتاژکردنەوەیە، بەڵام پەیوەندییەکە زۆر نییە، جێگەی باسیشە بەپێی بەرەو پێش چوون و پێشکەوتنی ئایندە گەرەکان ئەو گەڕانەوە و پێکەوە بەستنەوەیەش نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ پێوەندییەکی شێوەکاری ئەبستراکت و نامەنتقییەت. هەمان ئەم پێوەندییەش لەنێوان پێکهاتەکان و ڕەنگەکاندا لە تابلۆ ئەبستراکتەکاندا دەبینین. هەروەها ئەو دەقە شانۆییانەی کە گوزارشت لەم ڕووگە ئەبستراکتە دەیکەن، بریتییە لەوەی کە ئایندە گەرەکان هەوڵیان داوە ڕوانینی شێوەکارییانە لەشانۆدا پیادە بکەن، ئەم دیدو بۆچوونەش بەتایبەتی لە دەقی شانۆیی [ڕەنگەکان]دا خۆی دەدا بە دەستەوە، کە [فورتیو ناتۆدیبرۆ] نووسیویەتی و خۆشی وا وەسفی دەکات [دروستکردنی شانۆیەکی ئەبستراکتە].
هەروەها دەقی [شەهوانییەتی ئامێر] کە (فیلیا]

نووسیویەتی و دەقی شانۆیی [دەستەکانم] کە هەردوو نووسەر [برونو کورا و تۆماسۆ مارینێتی] بەهاوبەشی نووسیویانە. جێگەی باسە لەم سێ دەقە شانۆییانەدا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دەبینین کە ڕەنگ و دەنگ و فۆرمی ئەندازەیی و جووڵەی شێوەکارییانە بریتین لە توخمە تایبەتی و گشتییەکانی دەقە شانۆییەکە. بۆ نموونە لە دەقی شانۆیی (ڕەنگەکان)دا دیمەنەکان پێکهاتوون لە ژوورێکی شەشپاڵوی شین کە هیچ پەنجەرەیەک و دەرگایەکی تێدا نییە.

بەڵام کەسێتییەکان بریتین لە چوار تاکی ئەبستراکت، کە وەک نووسەر خۆی وەسفیان دەکات بەم شێوەیە:

١- خۆڵەمێشی: لە جۆری پلاستیکە، هێلکەییە، دینامیکییە.

٢- سوور: لە جۆری پلاستیکە، لاکێشەییە، دینامیکییە.

٣- سپی: لەجۆری پلاستیکە، چەند هێڵێکی درێژو سەرێکی دڕکاویی تیژی هەیە.

٤- ڕەش: لەجۆری پلاسیتکە، فرە بازنەیە.

ئەم یەکانە بەشێوەیەکی ئامێر ئاسا لە ڕێگەی پەتێکی داپۆشراوەوە دەجوولێین. هەموو یەکێکیش لەو یەکانە خاوەنی دەنگی خۆیەتی، بۆ نموونە: ڕەش دەنگێکی قووڵی بازنەیی هەیە. سپیش دەنگێکی تیژی بەرزی هەیە کە بە ئاسانی دەشکێ، بەڵام خۆڵەمێشی دەنگێکی ئاژەڵییانەی هەیە. سووریش خاوەن دەنگێکی بەرز کە لە هەورە گرمە دەچێت. نووسەرەکان ئەم دەنگانە بەکار دەهێنن وەک بەکارهێنانێکی دەنگییانەی ڕووت؛ بە واتای ئەوەی نابێت لە هیچ دیالۆژێک و لە هیچ وشەیەکی تێبگەین و ماناداربێت. هەریەک لەویەکانە لەسەر شانۆ دەنگێک دەردەکات کە مانای نییە، تاکە جیاوازییەکیش کە هەبێت بریتییە لەجۆرو چڕیی دەنگەکان.

هەریەک لەو یەکانەش پیتێکی بزوێن و جووڵاوو دیاری کراو بەشێوەی دووبارەکردنەوە بەکاردەهێنن. بۆ نموونە وەک ڕەش کە پیتی [واو] لە چەن وشەیەکی ئاوادا بەکاردەهێنێت [دوو، لێو، واو، موو، وو.. دۆ، بۆ،. بوو...] سپیش (ی) بەکاردەهێنێت لەچەند وشەیەکی وەک [ئای، وی، دی، وەی، یار، زیوین، یان، یای...] هەروەها دەتوانرێت لە شانۆییەکەدا کۆمەڵە دەنگێکی بەیەکداچوو لەگەڵ بە یەکداچوونی فۆرمەکان بەبێ ئەوەی تاکە وشەیەک مانای هەبێت بەکار بهێنرێت. نووسەریش ڕستەی [وشەکان ئازادبوون] بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژە دان بە دیالۆگ، بەڵام ئازادبوون بە مانای ئازادبوون دێت لەمانا.

بەڵام لە دەقی شانۆیی [شەهوانیەتی ئامێر]دا جۆرێک لە دیالۆژی مانادار هەیە و لێی تێدەگەین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە دیالۆژەکان لەسەر زمانی هیچ کەسێتییەکی زیندووەوە نابێژێت، بەڵکو لەسەر زمانی چەند شێوەیەکی ئەندازەییەوە دەبێژرێت.

هەروەها لە دەقی شانۆیی [دەستەکان]دا پشت بە جووڵەی پاڵەوانانی شانۆییەکە بەستراوە، کە کۆمەڵێکی هەمە جۆرن لە دەست، وەک [دەستی پیاو، دەستی ژن، دەستی منداڵ، دەستی کرێکار، دەستێکی نەرمونۆڵ، دەستێکی زبر..] دیارە ئەم دەستانە لەپشت پەردەیەکی هەڵواسراوەوە لە دواوەی شانۆدا جووڵەی جیاواز جیاواز ئەنجام دەدەن و دەربڕینگەرێتیی جیاواز جیاز و تەمسیلی چەند حاڵەتێکی دەروونیی جۆراوجۆر دەکەن، وەک حاڵەتی توندوتیژی، دوعاکردن، خۆشەویستی، ئازار چەشتن، منداڵێتی، یاری کردن و شانۆییەکە بە جووڵەی دەستی پیاوێک کۆتایی دێت کە چەند جووڵەیەک ئەنجام دەدا کە ئاماژەیە بۆ گاڵتە پێ کردن و سووکایەتی کردنێکی توندی بینەران و پەردەدادەدرێتەوە، لێرەوە دەکرێ بڵێین نووسەرە ئایندەگەرە شانۆییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە لە شانۆییەکانیاندا هاوکاتی (التلازم الزمني) بۆ ڕووداوی جیاوازو کارتێکەرە جۆراوجۆرە شانۆییەکان بەکاربهێنن. هەروەها بڕوایان بە فرەیی هۆکارو کارتێکەرە شانۆییەکان هەبوو، ئەمەش بۆ چوونە ناو توخمی نوێ و نموونەیی بە نمایشەکانیان، ئامێری ڕووناکی [تیشک دەردەدۆزەرەکان].

داهاتووگەرەکان لە نمایشەکانیاندا ئەو پێوەندییە لاساییگەرییەی نێوان بینەران و نمایشی شانۆییان ڕەتکردەوە، واتە دیواری چوارەمیان ڕووخاند کە بە دیواری وەهم ناسرابوو. هەربۆیە گران بوو لە هەندێ نمایشی شانۆییدا جیاوازی لەنێوان ئەکتەرەکان و بینەراندا بکرێت، وەکو لە شانۆیی [ڕادیۆی سوکبیا] ڕووی دا. ئەم شانۆییە لەلایەن [کانیوویللۆ و بترولینی]یەوە نووسرابوو، کە لە ساڵی (١٩١٦)دا لەناو خەڵکەکەدا نمایشیان کرد. لە شانۆییەکی تری [کانیۆویللۆ]دا کە بەناونیشانی [تیشک]بوو زۆر گران و قورس بوو کە ئەکتەرەکان و بینەران لە یەکتر جیا بکرێتەوە. ئیدی لێرەوە بینەران گاڵتەو سووکایەتییان بە دەرهێنان و بەدەق و بە نواندن و بەنمایش و تەنانەت بەخۆشیان دەهات و دەکرد، ئایندەگەرەکان زۆر ئارەزوویان بە تێکشکانی سنووری مەعریفە و شێوازی لاسایگەرێتیی نمایشی شانۆیی دەهات. لە ڕوونترین وێنەدا لە بیرۆکەی دامەزراندنی [شانۆی هەوایی] دابوون. ئەم بیرۆکەیەش لەلایەن فڕۆکەوانێکی ئیتالییەوە داهێنرا کە

ناوی [فـیـدیلی ئازاری] بـوو. ئازاری لە بەهاری سـاڵی (١٩١٨)دا نمایشکردنێکی (شـانۆی هەوایی) ئەنجـام دا لەسـەر [بوسـتـوئارسـیـتـزیو]، هەر لەو سـاڵەدا لە شـاری (مـیـلان) [شـانۆی هەوای ئایندەگـەری] یان دامـەزراندو ڕاگـەیاند. لەو دامـەزراندنەدا [لویچی ڕۆسـۆلۆ]ی دانەری مۆسـیـقـای پێشـڕەو هاوکـاریی کـردن. دیارە ڕۆڵی ڕۆسـۆلۆ ئەوەبوو کـە دەست بگـرێت بەسـەر ئەو دەنگانەی کـە بزوێنەر (محرک)ی فڕۆکەکان دروستی دەکردن. بەو پێیەی فڕۆکە لای ئایندەگەرەکان ئامێرێکی مۆسیقیی جووڵاوەیە لەکاتی فڕیندا.

ئازاری لە دراما هەواییـەکـەیدا ئەندێشـەی شـانۆییـەکی دەکرد کـە ئاسـمـان شانۆکەی بێت و کـەسـێتـییـەکـانیـشی فـڕۆکـەکـان بێت؛ ئازاری پێی وابوو دەتوانرێت دەسـەڵات بەسەر دەنگ و جووڵەکانی فڕۆکەدا بگیرێت و لە تواناشدایە کـە نمایشـێکی درامـیی تەواوی پێ پێـشکەش بکرێت، دیالۆگ و سەماو نواندنی بێ دەنگ و کارتێکەری بیستراو و بینراویش لەخۆ بگرێت.

ئازادی هەستا بە پۆلێن کردنی جۆری فڕۆکەکان بۆ ئەوەی ڕۆڵەکـانی ژن و پیـاویان بەسـەردا دابەش بکات. هەروەها هەسـتـا بە پۆلێنکردنی جووڵەو ئاماژە جیـاوازەکـانیـان، بۆ نموونە: جـووڵەی سـەرکـەوتن ئامـاژە بوو بۆ هیـواو ئاوات، جووڵەی بازنەیی خێرا ئاماژە بوو بۆ تەنگەبەری، جـووڵەی دابەزین و نیـشـتنەوەی خێرا وەک کـەوتنە خوارەوەی گەڵای پایز ئاماژە بوو بۆ خەم و خۆشەویستی.. تاد.

هەروەها ئازەری بۆ نمایشـەکـان پێـشنیـاری بەکـارهێنانی دووکـــەڵی ڕەنگاوڕەنگ و بۆندارو پەڕەی کـــاغـــەزی ڕەنگاوڕەنگ و بووکەشووشە و باڵۆنی جۆراوجۆر لەشێوەو میـزەڵان و پەڕەشـووتی کرد. لەپاڵ ئەمانەشدا بەکارهێنانی دەنگی فڕۆکـەکان بەشێوەیەک کە ئاواز دارو گوزارشت کەر بێت. هەروەها ئازاری پێـشنیـاری ئەوەشی کـرد کـە چەند دەقێکی نمایشی ئاسـمانی و هەوایی بنووسن؛ وەکو کورا و ستـیـمیلی و مـارینێتی.. تاد، ناویان لێنابوو قـەسـیدەی هەوایی.

نووسەرە ئایندەگەرەکان ئامانجیان لەم بەرهەمانە ئەوەبوو کە ڕێسا باوەکانی شانۆی لاسایگەری تێکبشکێنن، چونکە بەتێـــڕوانینی ئەوان تەمــــسیـلی لۆژیکێکی درۆزنانە و بیروباوەڕێکی لاساییگەرییانەی بەجێماو دەکات. هەروەها تێدەکۆشان بۆ دۆزینەوەی ڕێسـایەکی شـانۆیی نوێ، کـە هەوڵی دامـەزراندنیـان دەداو پۆلێنیـان کردبوو بە ئەزمـوونی شـــانۆی پێکهـــاتەی تەواو، ئەم شـــێـــوازەش خـــۆی بە دینامـیـکیـیــەت و هاوکـاتی و چوونە ناویەکی نێـوان ڕووداوەکـان و هەسـتـەکـان و ئەزمـوونەکـان جـیـادەکـردەوە. هەوڵیـان دا بە هەموو توانایەکیانەوە کار بە شانۆی هەستی بکەن، ئەمەش بە بزرکردن و لەبیرکردنی کەسێتی و زمان و ڕووداوی باو و لاســاییگەری. هەربۆیە بەرهەمــەکـــانی ئایندەگەرەکان دادەنرێت بەیەکە (وحدە)یەکی هەستی تەواو دابڕاو لە واقیع و لۆژیکی باو. ئەمە وای لێ کردن کە چێژ ببینن لە ڕێساو لۆژیکە تایبەتەکەیان، کە بە تەواوی جیاواز بوو لە ڕێسـاو بیـرکـردنەوەی لۆژیکیـیـانەی شـانۆی باو و لاساییگەری.

بابەت و لایەنە باشەکانی ئایندەگەرایی بریتییـە بوو لە گـــرنگی دان بە لایەنی دەروونیی مـــرۆڤ خـــۆی، هەروەها دەربڕینی حاڵاتی ویژدانی جیاجیا و گرنگی دان بەشێتێتی و هێزە شـاراوەکان؛ هەموو ئەمـانەش بەرەو ئەبسـتـراکت بردن و بەرەو بەرجەستەکردنی شانۆییانە..❖

## سەرچاوەکان

.........


١- د. نهاد صليحة: التيارات المسرحية المعاصرة، سنة ١٩٩٧، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٢- مالكم برادبري، جيمس ماكفارلن: الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، سنة ١٩٨٧، بغداد، دارالمأمون.

٣- یاسین فـەقێ سـەعی: هونەری وێنەکـێـشـانی نوێ لە سەدەی بیستـەمدا، گۆڤاری کـاروان، ژمارە (٤٢)ی ساڵی (١٩٨٦)، بغداد.

٤- فـــەرهەنگی هونەری: (زۆراب) لە ئینگلیـــزییـــەوە وەرگیێراوە، گۆڤاری شاکار، ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٩٩)، سلێمانی.


**تێبینی:** هەموو دەقە شانۆییەکان لە کتێبی [التيارات المسرحية المعاصرة: د. نهاد صليحة]وە وەرگیراوە.

# خەون بە پایزەوە

## ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان لە ڕوانگەی مەرگەوە



دانا ڕەووف
(سوێد)

**پیەسی: خەون بەپایزەوە Drom omhosten**
**نووسینی: یۆن فۆسێ Jon Fosse**
**ڕیژی: ستێڤان لارسۆن Stefan Larsson**
**شانۆی: دراماتن: Dramaten. Malarsalen**

### سەرەتا

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، نووسەرێکی گەنجی نەرویژی، مەودایەکی فراوانی بەخشیوەتە پانتاییەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. مەودایەکی فراوانی گشتگری مرۆڤایەتی. لەم جیهانە نوێیەدا، هەناسەیەکی بێکێتی، چارەنووسی ئادەمیزاد و پرسیارەکانی تری بوون، نەبوون و چەمکەکانی «مەرگ» دەبێتە هاوکێشەی پرۆسەیەکی نوێی شانۆیی.


(یۆن ڤۆسێ) ئەم گەنجە شاعیرە، لە باکووری ئەورووپاوە، لە وڵاتی نەرویژی ئەسکەندەناڤیاوە برەو بە پەیامە شانۆییەکەی (هێنریک ئیبسن)(١) (١٨٢٨ -١٩٠٦) دەدات.

ئەمڕۆ پیەسە شانۆییەکانی یۆن ڤۆسێ لەسەر زۆربەی شانۆکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا پێشکەش دەکرێت. تەنیا ساڵی دوو هەزار و یەک، لە سی شانۆی جۆراوجۆری شار و پایتەختە ئەورووپییەکاندا نمایش کراون. ئەڵمانیا، وەک مەڵبەندێکی هەمیشەیی و گرنگی شانۆی ئەورووپی، بەر لە وڵاتانی تری ئەورووپا، درک بە گرنگیی ئەو هەناسە نوێیە، ئەو تەکنیکە جیاوازو دیدە شانۆییەی یۆن ڤۆسێ دەکات. شانۆ گرنگەکانی بەرلین، بۆن، هانۆڤەر و زۆربەی شارە گەورەکانی تری ئەڵمانیا بە پیر یۆن ڤۆسێ-وە دەچن.

گرۆ ئەزموونگەرییەکانی ئەڵمانیا، بەر لە هەموو شانۆکانی تر، لەپێشبڕکێی پێشکەش کردنی ئەو جیهانە نوێیەدا دەبن. هەر لەم ڕووەوە بەدرێژایی ساڵانی دوو هەزارو دوو هەزارو یەک، زۆربەی پیەسەکانی یۆن ڤۆسێ لەسەرانسەری ئەڵمانیادا پێشکەش کراون. بەمەش ناوبانگی ئەم شانۆ نووسە گەنجە، لە دەروازەی شانۆکانی ئەڵمانیاوە، شان بەشانی هێنریک ئیبسن، هەموو سنوورەکان دەبەزێنێ.

### چەردەیەکی کورت لەژیانی
### یۆن ڤۆسێ

یۆن ڤۆسێ لەساڵی (١٩٥٩)دا لە (هێگستوند) لە وڵاتی نەرویژ لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٨٣)دا، یەکەم بەرهەمی


ستێڤان لارشۆن

چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەرهەمەکانی شیعر، پرۆسە، ڕۆمان و شانۆنامە دەگرێتە خۆ.

یۆن ڤۆسێ بەیەکێک لە گرنگترین دەنگەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی نەرویژی دادەنرێت. تا ئێستا چل بەرهەمی چاپکراوی لە (ڕۆمان، کورتە چیرۆک، دیوانی شیعری، کتێبی منداڵان، وتاری ڕەخنەیی و شانۆنامەی) بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراوەتە سەر بیست و چوار زمانی جیهانی.

لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، بەرهەمە شانۆییەکانی یۆن ڤۆسێ بەهاو گرنگییەکی بێ هاوتایان پێ دراوە. تا ئێستا چەندین سیمیناری تایبەتی سەبارەت بە ئەدەب، شانۆ، تەکنیک و زمانی شانۆیی بۆ پرۆژەکانی یۆن ڤۆسێ سازدراون. هەر لەم سیمینارانەدا، جیهان و پیەسە شانۆییەکانی وەک وەرچەرخانێکی گرنگ ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەم نووسەرە گەنجە تا ئێستا چەندین پاداشتی ئەدەبی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە پاداشتی ئیبسن، پاداشتی شانۆ نووسانی باکووری ئەوروپا، پاداشتی کولتوور ئەسکەندەناڤیاو زۆری تر.

## لە گومانەوە بۆ باوەڕ

یۆن ڤۆسێ، لەسەرەتای هەشتاکانی هەزارەی ڕابردووەوە دەستی کردووە بە نووسینی پرۆسە و لیریک. شانۆ هێندە جیهانێکی سەرنج ڕاکێش نەبووە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شانۆ لەلای ئەم نووسەرە، بریتی بووە لە کردەیەکی بێهوودە و حەزێکی بێ هیوا. ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانیشە ئەوەیە کە هونەری (نواندن) لەلای ڤۆسێ هونەرێک بووە کە جێگای هیچ بڕوایەک نەبووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هونەری نواندن زیاتر وەک کردەیەکی لاسایی ئامێز تەماشا کراوە، بەم شێوەیەش هیچ بەهاو سەربەخۆییەکی تایبەتی لەلای ڤۆسێ نەبووە. هەر لەم دەروازەیەوە ئەکتەریش شایانی ئەو بڕوایە نەبووە تا بتوانێت ڕۆڵی کاریگەری خۆی لەسەر شانۆ ببینێ، بەڵام ئەم گومانە گەورەیە سەبارەت بە شانۆو هونەری نواندن بەرێکەوت گۆڕانکاری بەسەردادێت. یۆن ڤۆسێ سەبارەت بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی لەجیهانی شانۆدا دەڵێت: «من هەمیشە هەوڵم داوە بە نووسینەکانم خۆم بژیەنم، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکاندا هیچم نەبوو پێی بژیم، لەم کاتەدا داوام لێ کرا بە چەند هەزار کرۆنێک هەندێ تێکستی کورت بۆ شانۆیەک بنووسم. ئەمەش یەکەم جارم بوو دەیالۆژێک بۆ کاراکتەرێک بنووسم. ئەم ئەزموونە تەنانەت بۆ خۆشم بووە جێگای سەرسوڕمان. ئەم تەقەلایە جیهانێکی تری بۆ من وەک نووسەرێک کردەوە، لەم ڕێگایەشەوە توانیم ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە کە لەوەو بەر بە دوایاندا دەگەڕام.» (٢)

شانۆی نەرویژیش هەر زوو لەسەر هەموو ئاستەکان بەپیر ئەم ئەزموونە نوێیەوە دەچن، پشتگیری لێ دەکەن، هانی دەدەن و پیەسەکانی پێشکەش دەکەن. دوای ئەوە خێرا، ئەو ئەزموونە نوێیە پەرەدەسێنێ و پیەسەکانی (ڤۆسێ)ش لەدەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژ پێشکەش دەکرێن. بەو شێوەیە تەقەلایەکی سەرەتایی دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی دامەزراندن. دامەزراندنی شێوازێکی نوێ، تەکنیکێکی جیاواز و سەرەتایەکی تری شانۆیەکی هاوچەرخی ئەوروپی.

یۆن ڤۆسێ ئەو سەرەتایە، ئەو ئەزموونە و ئەو تەقەلایەی خۆی بە هەنگاوێکی گەورە دادەنێت. هەنگاوێکی پتەو بۆ سەرەتایەکی پڕ لە داهێنان، هەنگاوێک لە گومانەوە بۆ باوەڕ. باوەڕ بە شانۆ، بە ئەکتەر و بە جیهانێکی جیاواز لەسەر شانۆ.

بەم شێوەیە ئەم نووسەرە لە شانۆ نزیک دەبێتەوە و وزە و هێزێکی گەورەشی پێ دەبەخشێ. لەم ڕووەوە یۆن ڤۆسێ سەبارەت بە نمایشێکی سەرکەوتوو دەڵێت: «لە هەندێ بریسکەی چڕی چاوترووکاندنێکدا، شتێک لە نمایشەکەدا بە شێوەیەکی نادیار ڕوودەدات، شتێک هەست و سۆزێکی چڕی ئەو ساتەوەختە کۆی دەکاتەوە و هەموو جەستە و گیانم پڕ دەکات. ئا لەو کاتەدا، فریشتەیەکە بەسەر شانۆکەدا تێپەڕ دەکات. بەناو شانۆکەدا دەڕوات. فریشتەکە، وەک هێزێکی نادیار، بە خێراییەکی سەیر نزیک دەبێتەوە، وەک بوونێکی گەورە، هەر بەو شێوە نادیارە بەخێرایی بەنێو تێکست، ئەکتەرەکان و شانۆکەدا تێدەپەڕێت، بە هەمان شێوەی نادیاریش ون دەبێت. هەموو شتێک لە چاوترووکاندنێکدا کۆتایی پێدێت.» (٣)

## چەمکەکانی شانۆی یۆن ڤۆسێ

باس کردن لە شانۆی یۆن ڤۆسێ نزیک بوونەوە و باس

کردنە لە پرسیارە گرنگەکانی بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ. باس کردنە لە نزیک بوونەوەی جیهانێکی تر، جیهانێک لەپشت جیهانە بینراوە تەباو ئاشکراکەی ژیانی ڕۆژانەمانەوە.

چەمکەکانی (کات) لەم جیهانەدا لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا پێکدادەچێت و یەکەیەکی تری فەلسەفی، هونەری و جیاوازمان بۆ دەخولقێنێ. پێکداچوونی چەمکەکانی کات گەوهەرە گرنگەکانی بونیادی بەشێکی زۆری پیەسەکانی ڤۆسێ پێکدەهێنێ. لەم پێکداچوونەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی خۆی، مەرگ و ژیان دەبێتەوە. مەرگ دەبێتە یەکەیەکی گرنگ و بەبەهای ئەم نووسەرە ئاستە جیاواز و پێکداچووەکانی کاتیش، بەرجەستەی بەشێکی گەورەی چەمکەکانی مەرگ و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بەرجەستە دەکات. دوا بەرهەمی شانۆیی یۆن ڤۆسێ گەڕانەوە و پێداگرتنێکی ڕاستەوخۆی چەمکەکانی مەرگە. شانۆنامەی (شێوازەکانی مەرگ)(٤) بە گەڕانی ژنێکی بەتەمەن دەست پێدەکات بەدوای مێردەکەی پێشوویدا. ئەم ئافرەتە دەیەوێت هەواڵی خۆکوشتنی کچەکەیان بەمێردەکەی ڕابگەیەنێت. لەڕوانگەی بەکارهێنانی تەکنیکێکی باڵای چەمکەکانی (کات)ەوە، ڕووداوەکان پێکدادەچن، دایک و باوکەکە بە بێدەنگ دانیشتوون، ڕووداوەکانی ژیانیان، لەو ڕۆژەوەی کچەکەیان لەدایک دەبێت، تا ڕۆژی جیابوونەوەیان بەرەو پێشەوە دەچێت. هەروەها لەنێوەندی ئەم ڕووداوانەشدا تەنیایی کچەکەیانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. کچەکەیان تەنیایە، لە هەمان کاتدا زۆر گرانیشە کە بتوانێت هاوڕێ پەیدا بکات. پیەسەکە بەرجەستەی ژیانی گەنجیەتیی ئەو ژن و مێردە دەکات. لەپڕ هەردووکیان پیرن و بە تەنیشت یەکترییەوە دانیشتوون: یەکێکیان قسە دەکات، ئەوی تریان گوێ دەگرێت. بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕووداوەکانی بەر لە دەست پێکردنی نمایشەکە و دوای نمایشەکەش بەرجەستە دەبێت. ئێستەو ڕابردوو، وەک دوو کاتی جیاواز دەبنە یەکەیەکی ترو بەرجەستەی هەست و سۆزو پێوەندییەکانمان بۆ دەکات. لەم جیهانەدا (مرۆڤ) وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لە هەمان کاتیشدا مردوو و ئامادە دەبێتە پاسارو دەکەوێتە چەقی ڕووداوەکانەوە. ڕووداوەکانیش (لەم دنیاو لەو دنیاش) دەبنە دارشتەیەکی چڕی پێکداچوو، لەو داڕشتەیەشدا خەونەکانی، ئازارەکانی، ئەندێشەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکانی بەشێوازێکی ساکارو زمانێکی پاراوی تایبەتمەند بەرجەستە دەبێت.

لە پیەسە شانۆییەکانی ئەم نووسەرەدا، حاڵەتێکی بریسکە ئاسا تێدەپەڕێ، ئەم حاڵەتەش وەک هەڵوێستەیەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی، نزیک دەبێتەوە لە هەستێکی قووڵی ئایینی. ئەم هەست کردنەش هەست کردنێکی قووڵی ناوەکییە بە بوون و هاتنە ئارای شتێکی تایبەت.

پیەسەکانی یۆن ڤۆسێ، ڕووبەڕووی هەستێکی جیاواز، شتێکی پیرۆزو خواوەندیمان دەکاتەوە.

## مەرگ و تەنیایی

هەمیشە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بۆ کراوە. پێکەوە ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سیما گرنگەکانی بوونی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن. پچڕان و نەمانی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەش، مرۆڤ ڕووبەڕووی تەنیایی و دابڕانێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بەڵام سترکتورە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێکی گەورەی دنیاو بەتایبەتیش ڕۆژئاوا، لەماوەی هەزارەی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەردا هاتووە، بێگومان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی. شۆڕشی پیشەسازی و زۆر فاکتۆری تری ماددی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، ڕامیاری، ئابووری، دەروونی و زۆری تر ڕۆڵێکی گەورەیان لەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە. نامۆبوون و تەنیایی دەبێتە ڕواڵەتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ئەوروپی. لەم هاوکێشەیەدا مەرگیش دەبێتە لایەنێکی ترسناک و ئامادەی ئەو سێکوچکە گرانەی ژیان. کەواتە ئەم سەردەمە سەردەمی تەنیاییە، دیدو بۆچوونەکانی ئەم چرکەساتەی مرۆڤی ڕۆژئاواش سەبارەت بە تەنیاییەکی ڕەها، وەک ئاماژەمان بۆ کردووە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی مەرگ.

تەنیایی لەو هاوکێشەیەدا، بارێکی دەروونیی دژواری لەلای مرۆڤ دروست کردووە. هەر لەم پرۆسەیەدا تەنیایی و نامۆبوون، وەک، گوتارێکی ڕۆژانە، دەبێتە یەکەیەکی فەلسەفی بەشێکی گرنگی کولتوور، فەلسەفە، ئەدەب و هونەری مرۆڤایەتی. لەم ڕووەشەوە نا ئارامی، دابڕان و بەجێهێشتن لەبیابانی تەنیاییدا، بابەت و سیمایەکی سەرەکی و گرنگی پیەسەکانی یۆن ڤۆسێ پێکدەهێنێ.

یۆن ڤۆسێ لەشانۆنامەی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت)(٥) بەشێوازێکی شیعریی بەرز، باس لەو ترسە، ترسی مەرگ و تەنیایی دەکات.

کوڕو کچێکی گەنج توانای هەموو پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانیان لەدەست داوە. تووشی بارێکی دەروونی گران بوون، لە کۆمەڵگاو هەموو پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی هەڵدێن. دەچنە دوورگەیەکی دووری چۆڵەوە، تا بە تەنیا و دوور لە هەموو جۆرە پێوەندییەکان بژین، بەڵام ترسێکی گەورە، لەوەی کەسێک پەیدابێت و جیهانە تەنیاکەیان تێکبدات، هەموو ئارامییەکی تێکداون.

**کورەکە:**

کەس لێرە نییە.
هیچ کەسێک پەیدانابێت تا بێتە ئێرە.
**کچەکە:**
من دەزانم کەسێک
هەر پەیدا دەبێت
**کوڕەکە:**
نەء.
**کچەکە:**
هەرگیز ئەوان وازمان لێناهێنن
پێکەوە بین.
**کوڕەکە:**
ئێستە
وا بیر مەکەرەوە
**کچەکە:**
بەڵام یەکێک هەر دێت.
**«کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت».**

مەرگ لەم چەمک و هاوکێشە هونەری/ بیرییەدا ڕاستییەکی ئاشکراو باوەڕپێکراوی ترسناکە و هەمیشە ژیانی مرۆڤ دەخاتە ژێر مەترسییەوە. مەرگ فەلسەفەیەکی خودییە و لەلای ڤۆسێ دەبێتە بنەمایەکی گرنگی ئاوڕدانەوە و هەڵوێستە وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆ لەژیاندا. مەرگ دەبێتە یەکێک لە ئامرازە گرنگ وزە بەخشەکانی گەردوون و سیما سەرەکییەکانی پرۆسێسێکی دژوار. ڤۆسێ دەڵێ: «مەرگ مەسەلەیەکی زۆر کۆنکرێتە و بوونی هەیە لە هەموو ئەو شتانەی من دەیانووسم.» بەڵام مەرگ ستڕکتۆرە سەرەکی، فکری و دەروونییەکە پێکناهێنێ، چونکە مەرگ و تەنیایی بەبێ خۆشەویستی ناگەنە ئاستەکانی ترۆپک. لەپاڵ مەرگدا، یۆن ڤۆسێ پێوەندییەکانی خۆشەویستی نێوان مرۆڤ دەکاتە تەواوکەری حاڵەت و هەڵوێستە جیاوازەکان. بەم پێکداچوونەش وێنەیەکی گشتگر پێکدێت و دیمەنەکان پێکدادەچن و یەکتری تەواو دەکەن. بەستنەوەی ئەم دوو مەسەلەیەش (مەرگ و تەنیایی بەرامبەر بە خۆشەویستی) پرۆسەیەکی بەهێز و هاوکێشەیەکی گەورە لە ئەدەب، شانۆو فەلسەفەی یۆن ڤۆسێدا پێکدەهێنێ. ئەم توخمانەش، بەشێوەیەکی سەرکەوتوو و چاوەڕواننەکراو، دەبنە کۆمەڵێ وێنەی ساکار، بەهێز و کاریگەر لە پیەسە شانۆیییەکانیدا.

یۆن ڤۆسێ هەمیشە ئاماژەی ئەوە دەکات کە (ئێمە بە تەنیایی دەمرین)، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەش دەکات کە گرنگی پیەسەکانی ئەو لەوەدایە کاراکتەرەکانی زۆر باش ئەم ڕاستییە دەزانن. هەر لەبەر ئەوەشە لە تەقەلایەکی گەورەدان بۆ ئەوەی لەو تەنیایی و دابڕانە ڕزگاریان بێت و



یۆن ڤۆسێ

ژیانێکی تر دروست بکەن.

ئەم شانۆیییەی یۆن ڤۆسێ پێکداچوونێکی سەیر بەخۆوە دەگرێت. کۆمیدی و تراژیدی لە شێوازێکی باڵادا تێکەڵاو دەبن، پێکدادەچن و حاڵەتە مرۆڤایەتییەکانمان بۆ بەرجەستە دەکەن.

یۆن ڤۆسێ لەم بارەیەوە دەڵێت: «شێوازی نووسینی من ئەوەیە کە هەمیشە تەرازووی تراژیدی و کۆمیدی ڕابگرم. لە پرۆژەیەکی باشیشدا هەندێ چرکە ساتی وا هەیە زۆر غەمگینە و هەندێ چرکەساتی تر پڕ بەدڵ پێدەکەنم. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە ئەو چرکە ساتانە لەشەوێکەوە بۆ شەوێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. هەروەها دەتوانن شوێنەکانیشیان لەگەڵ یەکتری بگۆڕنەوە، ئەوەی کە دوێنێ دڵتەزێن و غەمگین بووە، ئەمڕۆ ببێتەکۆمیدی.» (٦) لەم تەکنیکەدا هەڵوێستە و حاڵەتەکان، لە چاوترووکاندنێکدا، زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی، ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ دەگۆڕێن و دیمەنەکان نزیکمان دەخەنەوە لە ئاستێکی قووڵ و نەبینراوی ژیانی ڕۆژانەمان. یۆن ڤۆسێ بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی تەنیایی و چەمکی مەرگ زمانێکی زۆر تایبەتمەند بە خۆی بەکار دەهێنێ. لەم ڕووەوە ستڕکتوری پیەسەکانی لەوشەی کورت، سادەو هەندێ جار هەژار پێکهاتووە.

زمانە سادەکەی، ڕستە کورتەکانی و بێدەنگییەکی ترسناک پێوەدانگە درامییەکە و جووڵەی پێوەندییەکان بەرجەستە دەکات. لەپشت ئەو وشە هەژارو دەستەواژە کورتانەشەوە و لەژێر ڕواڵەتی ژیانێکی ساکاری ڕۆژانەدا، هێدی هێدی درامایەکی گەورە پەرە دەسێنێ.

### تەکنیکی نووسینی شانۆیی لەلای یۆن ڤۆسێ

یۆن ڤۆسێ لە نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردووەوە، دەستی کردووە بە نووسینی پیەسی شانۆیی. کاراکتەر، شوێن و زمانێکی تایبەتی دەبێتە ئامرازە هونەرییەکانی ئەم نووسەرە.

لەم ڕوانگەیەوە، شێوازو تەكنیكێكی نوێ لەدایك دەبێت. كاریگەری و گرنگیی ئەو تەكنیكە، دەبێتە هۆكارێكی گرنگی بڵاوبوونەوەیەكی خێرای پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەكانی ڤۆسێ.

پیەس و تێكستەكانی زیاتر لە ئەدەبێكی لیریكی دەچێت، وەك لە شانۆیی. لەم ڕووەوە ئەم نووسەرە، زیاتر هونەرمەندێكی وشە سازە، داهێنەری وشەیە و وشە فۆرم و مانایەكی تر لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە یۆن ڤۆسێ دابڕانێكی گەورە لەنێوان خۆی و شانۆیی بەرلەخۆی دروست دەكات. ئەم دابڕانەش بە وەرچەرخانێكی گرنگی نوێی شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی دادەنرێت.

بونیادی تێكستەكانی لەسەر دووبارە بوونەوە، وشەی كورت و تەواو نەكردنی ڕستەكان پێكهاتووە. ئەمەش بۆتە یەكێك لە سیما گرنگەكانی ئەو تەكنیكە تایبەتمەندەی یۆن ڤۆسێ. لەم جیهانەدا، لەیەك كاتدا پانتاییەكی خەونە ئامێز، ڕیالیزم و وتارێكی پڕ لە نهێنی كۆدەبێتەوە، كاراكتەرەكان خەڵكی ئاسایین و هیچ پێوەندییەكیان بە مەسەلە چینایەتییەكانەوە نییە، نەك هەر ئەوە، بەڵكو هێندە ئاسایین دەبنە كەسانی نائاسایی.

بەكارهێنانی زمانێكی ساكار، ڕووت و هەندێ جاریش زۆر هەژار، یەكێكە لە ئامرازە زۆر گرنگەكانی یۆن ڤۆسێ بۆ نزیك بوونەوە لە مەسەلە گەوهەرییەكانی بوون و نەبوونەوە. مردن لەم دووڕیانە ساكارەدا دەبێتە بوونێكی ئاشكرای ژیان. هەموو پیەسێكیش بەشێكی بچووكە لە جیهان، ستركتوری ئەم تەكنیكە لە بێدەنگییەوە دەست پێدەكات، ڕستەی كورت و زمانێكی هەژار، وەك پرۆسێسێكی گرنگی ئەو پرۆژانە، دەبێتە بەشێكی تەواوكەری ئەو بێدەنگییە، پشوو یان پشوویەكی درێژ لەنێوان دیمەن و دەیالۆژی كاراكتەرەكاندا پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی دروست دەكات. ئەو پێوەندییەش دەبێتە بەشێكی گرنگی داڕشتەی كاراكتەرەكان لە كۆمەڵێ ڕووداوی پێكداچوودا. دەیالۆژی نێوان كاركتەرەكان گەوهەری حاڵەتە دەروونییەكان، بەرەو پێشەوە چوونی پێوەدانگە دراماتیكییەكە و خودی ستركتورە شانۆییەكان بەرجەستە و دیاری دەكات.

لەم ڕووەوە دەیالۆژەكان بەشێوازە تەقلیدییەكە نابێتە هێزی پاڵپێوەنەری ڕووداوەكانی شانۆنامەكە، وەك لەلای (هێنریك ئیبسن) پەیڕەوی كراوە، بەڵكو لەلای ڤۆسێ هەموو ڕووداوەكان بەر لە دەست پێكردنی شانۆنامەكە ڕوویان داوە. ئەفسوونی (بێدەنگی)ش دەبێتە تەواوكەرێكی گرنگی ئەو پرۆسێسە.

یۆن ڤۆسێ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەپشووەكاندا، لە بێدەنگیدا شتە گرنگ و سەرەكییەكان دەوترێت، هێزێكی دینامیكی لەنێوان وشەو كاراكتەرەكاندا هەیە. من توانیومە لە شانۆدا بۆشاییەكان، پشووەكان و ئەو شتانەی لەگەڵ تێكستەكاندا ڕوودەدەن بەكاربهێنم.»(٧) ئەو هێزە دینامیكییەی یۆن ڤۆسێ ئاماژەی بۆ دەكات، هێزی بێدەنگییە، ئەو بێدەنگییە ئەفسوونییەی وشە و كاراكتەرەكان لە پانتاییەكاندا دەكاتە چركەساتێكی دەوڵەمەندی پڕ لە جووڵە و ڕووداو.

هەر لەم ڕووەوە، ستركتوری تێكستە شانۆییەكانی یۆن ڤۆسێ لەسەر تەكنیكێكی تایبەتمەندی هونەری دووبارە بوونەوە، ڕستە پێبڕین و پشووبنیات نراوە. لەنێوان ڕستەو دەیالۆژە كورتەكاندا «پشوویەكی كورت» «پشوو» و «پشوویەكی درێژ» هەر وەك پیەسەكانی سامۆئیل بێكێت(٨) (١٩٠٦-١٩٩٠)، هارولد پێنتەر(٩) (١٩٣٠) و لاش نۆرێن(١٠) (١٩٤٤) دەبێتە كەرەسەیەكی گرنگ بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەو تەكنیكە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بكرێت، بەتایبەتی لە ڕووی كاریگەری تەكنیكە قووڵە بێدەنگەكەی بێكێتەوە، ئەوەیە كە یۆن ڤۆسێ توانیویەتی شتێكی تازە و تایبەتمەند بەخۆی بخوڵقێنێ.

یۆن ڤۆسێ لە پرسیارێكی ڕۆژنامەنووسیندا سەبارەت بەكاریگەریی بێكێت دەڵێت: «لێكچوون هەیە، بەڵام لە هەمان كاتدا جیاوازییەكی گەورەش هەیە. بێكێت كۆمەڵێ وێنە دەنووسێت، بەڵام من پێوەندییەكان، هەست و سۆز، ئەتمۆسفار دەنووسم.»(١١)

پیەسەكانی ڤۆسێ، كۆمەڵێ شوێنی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كاراكتەرەكانی دەدۆزێتەوە. شوێنی ڕەهاو نەبینراو. بۆ نموونە دنیای مردووەكان، گۆڕستان و پانتاییە دیاری نەكراوەكان. بەرجەستە كردنی شتەكانیش لەو خاڵەوە دەست پێدەكات كە ئەكتەرەكان، لەو جیهانە نادیارەدا، دەتوانن لەگەڵ یەكتری بدوێن. لەپشت ئەو هەژاری وشە و بەكارهێنانە تایبەتمەندەی زمانیشەوە، جیهانێكی چڕی پڕ لە ئاماژە و ژیانێكی دەوڵەمەندی خاوەن ئەزموون خۆی حەشارداوە.

ئەو كەسایەتییە كەم دووانە هەموو شتێك دەزانن، زۆر لەوە زیاتر كە قسە دەكەن، ئەمەش وا دەكات ئەو پاڵەوانانە نەتوانن لەوە زیاتر بڵێن، چونكە ئەوان هەر لەسەرەتاوە زۆر دەزانن، هەر لەم ڕووەوە كاراكتەرەكان زۆر ئاسایین، بەشێوەیەك لەو پرۆسەیەدا دەبنە كەسانێكی نائاسایی.

هەروەها یۆن ڤۆسێ لەم پرۆسە بەردەوامەیدا ئاماژە و چۆنیەتیی هەڵسوكەوت و مامەڵەكردنی ئەكتەرەكانی بە وردی دیاری دەكات، هیچ جووڵەو ئاماژەیەك ناداتە دەست ڕێكەوت.

**كوڕەكە:**

ئا، تەنیا ئێمە پێکەوەین
**کچەکە:**
من و تۆ
**کوڕەکە:**
من و تۆ
کوڕەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێت بەرەو ڕووی پەنجەرەی چێشتخانەکە، کە لەناوەڕاستی ژوورەکەدایە و بەرامبەر کێڵگەکەیە، سەیری دەرەوە دەکات، بە هەموو لایەکدا دەڕوانێت.
**کچەکە:**
هیچ دەبینیت
**کوڕەکە:**
نەخێر
(ڕوودەکاتە کچەکە)
من لەو بڕوایەدا نیم
(قسەکە بەخۆی دەبڕێت)
**کچەکە:**
چییە
**کوڕەکە:**
نا هیچ نییە
**«کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت».**

یۆن ڤۆسێ توانیویەتی لەپاڵ ئەو جیهانە نادیارو نەبوونە گرانەدا، بریسکەیەکی تایبەتی بەدی بکات. (کە تۆ بتوانی هەست بکەی بە ئامادەبوونی شتێک، ئەمەش لە بنەڕەتدا ئامانجی شانۆ بووە، بەشێوازێکی ڕیتواڵی پێوەندی بکەی بەشتێکی خواوەندییەوە)(١٢) یادکردنەوەیەک، بیرەوەرییەک هەست پێدەکرێت، بەمەش هەڵوێستەیەکی زۆر جیاواز لەو جیهانە نا ئامادەیەدا بەرجەستە دەکات. مرۆڤ و ڕووداوەکان لە ڕووتبوونەوەیەکی ڕەهادا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

### خەون بە پایزەوە

(خەون بە پایزەوە) یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی یۆن ڤۆسێ و ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان دەوروژێنێ. خەون بە پایزەوە گەشتێکی ساکار، ڕاستەوخۆ و قووڵی مرۆڤە بەنێو تونێلە ئەزەلییەکاندا. گەردوونێکی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێ و مرۆڤیش لەو گەردوونەدا لە بزاڤێکی بازنەیی بەردەوامیی دەورانی ژیاندایە.
بینەر لەم نمایشەدا ڤۆسێ واتەنی (هەست بە ئامادەبوونی ... شتێکە، پێوەندی بەشتێکی خواوەندییەوە) دەکات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێ هەست و سۆزی تایبەتی دەبێتەوە



دیمەنێک لە (خەون بە پایزەوە)

بەرامبەر بە بوونی خۆی، ژیان و مەرگ.
لەم پرۆسێسەدا مرۆڤ لەنێوان مەرگ و ژیاندا لەکێشەیەکی ئەبەدیدایە، مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە دەبێتە حاڵەتێکی هەست پێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. بە هەمان شێوە ژیانیش، بە هەموو لایەنە ئاشکراو شاراوەکانییەوە، دەبێتە زەنگێکی خودی و هەست پێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو مەرگ و ژیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدان. لە گفتوگۆیەکی فکری و مرۆڤایەتیدان. بە چەشنێ کە هەموو وێستگەکانی ژیان لە پەراوێزی مەرگدا هەڵوێستە وەردەگرن.

### خەون بە پایزەوە باسی چی دەکات؟

ژنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی سەردەمی منداڵی تێیدا ژیاوە، لە گۆڕستانێکدا پیاسە دەکات و بەڕێکەوت پیاوێک دەبینێ، ئەم پیاو و ژنە یەکتر دەناسن، بەڵام نازانرێت گەر لە ڕابردوودا پێوەندییەکی خۆشەویستی، یان ژن و مێردایەتییان هەبووبێ، پیاوەکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو دەیەوێت وەک پیاوێکی بە ئەمەک و داوێن پاک ڕەفتار بکات. ژنەکەش لەو چرکە ساتەدا بەفرۆکەیەک گەیشتۆتەوە ئەو ناوچەیە، بەڵام نازانرێت کە ئەو ئافرەتە بۆ ئەوە هاتووە تا بەشداری لە ناشتن و پرسەی باوکی -دایکی پیاوەکەدا بکات.
دوای ئەوە دایک و باوکی پیاوەکەش دێنە گۆڕستانەکە. کە پیەسەکە دەگاتە کۆتاییەکەی سێ نەوە: پیاوەکە، کوڕەکەی و باوکی ماڵئاواییان بە تەواوەتی لەژیان کردووە.
کاراکتەرەکان هەر هەموویان: پیاو، ژن، دایک و باوک وەک ئەوە وایە مردبن و لەو گۆڕستانەدا نێژرابن و بەبۆنەی

کۆچی دوایی باوکی دایکی کوڕەکەوە کۆدەبنەوە بۆ پێشوازی تەرمی کەسێکی نوێ. لەم کۆبوونەوەیەدا باسی ڕابردوو، پێوەندییەکانیان و ژیانی خۆیان دەکەن.

ئەمەش زۆر بە کورتی ڕووداوەکانی پیەسی (خەون بە پایزەوە)یە. پایزیش دەبێتە سمبۆلی تەنیایی، عەشق، دابڕان، خەم و پەژارە.

## مەرگ و ژیان لە
## خەون بە پایزەوە

یۆن ڤۆسێ لە خەون بە پایزەوە، بە شێوازێکی ساکارو ڕاستەوخۆ لە مەرگ و ژیان، وەکو دوو جەمسەری تەواوکەری یەکتری نزیک دەبێتەوە. لەم هاوکێشەیەدا (بوون) وەک مەودایەکی گرنگی ژیان / مەرگ دەبێتە چەقی وورووژاندنی پرسیارە ئەزەلییەکان، بەڵام یۆن ڤۆسێ لە تەقەلای وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە گرانانەدا نییە هێندەی گەرەکییەتی ڕاستی و گەوهەری ئەو گیروگرفتانەمان بۆ بەرجەستە بکات. بەرجەستەی ئەو گیروگرفتانەش خۆی لەمەوداکانی مەرگ، ژیانێکی نادیارو پڕ لە نهێنیدا دەبینێتەوە.

نمایشەکەش زۆر بە وردی و بەشێوازێکی فەنتازی و مۆسیقی، شوێن پێی وشە، سیناریۆ و دیدەکانی یۆن ڤۆسێ دەکەوێت و ژیانێکی ڕۆژانە و دیدێکی میتا - فیزیکی تێکەڵاو دەبێت.

کە ڕووناکیی هۆڵەکە دەکوژێنرێتەوە، هێدی هێدی بینەران لەگەڵ ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا، دەبنە بەشێک لە ژیانی ئەکتەرەکان، دەیالۆژ و ئاماژەکانی جەستە؛ بیرەوەری، نارەحەتی و هەست و هۆشمان دەورووژێنێ.

چرکەساتەکانی ئەم نمایشە/ پیەسە، بێدەنگییەکەی، وشە پچڕ پچڕەکانی و بوونی ئەکتەرەکان فۆرمێکی ئاشکراو مانایەکی ڕوون دەبەخشنە هەندێ لە پرسیارو چرکەساتە نهێنییەکان.

لەم فۆرمە ساکارەدا هەموو شتێک ڕوودەدات، لە هەمان کاتدا هیچ شتێکیش ڕوونادات. هەموو شتێک خواستراوە و ئێمە لەم دنیایەدا خاوەنی هیچ شتێک نین، دوا جاریش هەموو شتێک لەدوای خۆمان بەجێ دەهێڵین.

**ژن:**
سەرلەنوێ ئەوە تۆی لەوێدا
لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەدا
لەگەڵ ئەو هەموو مردنەدا
(پشوو)
**پیاو:**
(سەیری ژنەکە دەکات)
من زۆر بە پەرۆشەوە بیرم دەکردی

**ژن:**
(سەیری پیاوەکە دەکات)
منیش
زۆر بە پەرۆشەوە بیرم دەکردی
(پشوو)
**پیاو:**
من زۆرم بیردەکردی
لەکاتێکدا کە تۆ لێرەنیت
هەست دەکەم کە تۆ لێرەدای
من هەست دەکەم تۆ لێرەی
هەروەک ئەوەی لەناو جەستەمدا بیت
لەناو مندا
بەشێوەیەک لە شێوەکان
**«خەون بە پایزەوە»**.

وشەکان چی دەشارنەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەو شتانەی کە ناوترێت، بەڵام لەژێر هەموو ئەمانەدا پرسیارەکانی بوون خۆی حەشارداوە، ژیان لەم هزرە هونەری، فەلسەفییەدا وەک ئاسمانێکی پڕ لە هەور وایە، بەر لەوەی بە تەواوەتی تاریک دابێت، سیمایەکی غەمگین، هەندێ جار دڵتەزێن ڕووداوەکان و کاراکتەرەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەو سیما غەمگینە بێ خەندەو بزەی ساتی پڕ لە خۆشیش نییە، بەڵکو گرنگی ئەم پیەسە لەوەدایە، وەک هەموو دیاردەیەکی ژیان، لەسەر هەموو ئاستەکان، تێکەڵێکە لەخۆشی و ناخۆشی، لەساتە دڵتەزێن و هەڵوێستە پڕ لە خەندەکان. لەم گێژاوەدا گەلێ پرسیاری ساکاری مرۆڤایەتی دێتە ئاراوە: ئێمەی مرۆڤ دڵنەوایی لەکوێ بدۆزینەوە؟ گەر دۆزیشمانەوە کێ دڵنەوایی کێ دەکات؟! خواو مەرگ لەم چۆڵەوانییەدا چۆن چۆنی ڕووبەڕووی یەکتری و دواجاریش ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە.

کاراکتەری (باوک) بەهێمنی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، خۆ بەدەستەوەدانی مەرگیش لەلای ئەم کاراکتەرە ڕاستییەکی ڕەهاو مرۆڤایەتییە. شوێنی بەیەکگەیشتنی کاراکتەرەکانیش، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، گۆڕستانێکە. گۆڕستان دەبێتە سمبۆلێکی ئاشکرای دوا وێستگەکانی ژیان و خۆ بەدەستەوەدانی مەرگ.

**دایک:**
ئەو ڕۆیشت
منیش هەرگیز جارێکی تر چاوم پێیناکەوێتەوە
من ئەزانم
**باوک:**
(تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات)
پێویستە ئێمە بەم زووانە بڕۆین

کاتی ئەوە هاتووە
پێویستە بڕۆین
**دایک:**
(وەستاوە و سەیری ئەو شوێنە دەکات کە کوڕەکەی لێوە چۆتە دەرەوە، قۆڵی باوک بەردەدات)
بڕۆ بەدوای ئەواندا
پێیان بڵێ کە بگەڕێنەوە
ئەوان پێویستە لەکاتی ناشتنەکەدا لەگەڵماندابن
تۆ دەتوانی تێبگەی
(باوک دەڕوانێتە بەرپێی خۆی)
دەبڕۆ
خێراکە
تۆ هیچ تێناگەی
**باوک:**
هێمن بە
ئەوان دێن
بەشداری ناشتنەکەش دەکەن
ئەگینا بۆچی هاتوون بۆ ئێرە
**«خەون بە پایزەوە».**

ئەم نمایشە لەلایەکی دیکەشەوە، بەرجەستەیەکی ئاشکرای (بێ لانەیی) مرۆڤ دەکات. ئەمەش سەرلەنوێ دووپات کردنەوەی حاڵەتێکی ئامادە، هەڵوێستێکی ئاشکرا و هەڵچوونی هەست و سۆزی مرۆڤایەتییە بەرامبەر بە حەقیقەتی مەرگ. کاراکتەری دایک هەست بە ترسێکی گەورە دەکات، لەبەر ئەوەی کات زۆر بەخێرایی تێدەپەڕێت.

تێپەڕبوونی کاتیش جگە لە نزیک بوونەوەی مەرگ هیچ شتێکی تر نییە. کاراکتەری پیاوەکەش لەنێوان (دایک و باوک) و دەوروبەرەکەیدا، هەست بە گوناهێکی گەورە دەکات. هەمیشە بێ ئارامە و لەو بڕوایەدایە شوێن دایک و باوکی نەکەوتووە. دایک گەرەکیەتی کوڕەکەی ڕابگرێت لەکاتێکدا دەبینێت بەرەو مەترسی مەرگ دەڕوات. مەرگ هەمیشە بوونێکی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام لەم گێژاوی مەرگەدا، کاراکتەری ژنەکە ئاڵۆش و حەزی ئێرۆتیکی خۆی ناشارێتەوە. لە بەرئەنجامدا لەگەڵ پیاوەکە لە ژووری میوانخانەیەکدا یەکتری دەبیننەوە بۆ دامرکانەوەی ئەو ئاڵۆش و حەزە سێکسییە.

ئەوەی لەم پیەس/ نمایشەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە هیچ ماڵێک (وەک شوێن) بوونی بۆ نییە، بەڵکو کەسایەتییەکان زیاتر دەربڕی حاڵەتێکی گەورەی ون بوونێکی ئەبەدین. گۆڕستانەکەش لەپاڵ هەموو سیمبۆل و ئاماژەکانی تردا، دەبێتە پانتاییەک بۆ خۆدزینەوە لە چەمک و مەترسیی



دیمەنێک لە (خەون بە پایزەوە)

مەرگ و ژیانێکی تر. ژیانێکی تەنیا، بێ دەرەتان و بێ لانە. لەم سیمبۆلانەشدا چاوەڕوانی، دابڕان، نا ئارامی و بڕوانەبوون دەبێتە گەوهەری شتەکان.
**ژن:**
تۆ زۆرجار ڕێگات دەکەوێتە ئێرە.
**پیاو:**
زۆرجار نا
ئەوەی ڕاستی بێت زۆر کەم
بەڵام ڕێدەکەوێت
**ژن:**
دوور لەم ناوەوە
دەژیت
**پیاو:**
تۆزێک
بەڵام زۆر دوورنا
(پشوو)
بەڕێکەوت ڕێگەت کەوتۆتە ئێرە
یا گەرەکت بوو بێیتە ئێرە
**ژن:**
نا من ڕێم دەکرد
تا گەیشتمە ئێرە
**پیاو:**
ئم
(پشوویەکی کورت)
منیش هەمان شتم
بەسەرهات
**«خەون بە پایزەوە».**

بەم شێوەیە هونەری نواندیش لەم گەمەی مەرگەدا، دەبێتە بەرجەستەکردنێکی گرنگی مەسەلەکانی بوون و نەبوون، بێدەنگییەکی ترسناکیش پێوەندییەکانی نێوان کەسایەتییەکان دیاری دەکات. ئەو کەسایەتییە گشتییانەش لەکاراکتەری پیاو، ژن، دایک و باوکدا کۆدەبنەوە، ئەمەش وا دەکات هەموو یەکێک لە ئێمە بە ئاسانی خۆی لەو کاراکتەرانەدا بدۆزێتەوە، زۆر زیاتر لەوەی، گەر ئەو کاراکتەرانە پێناس و مێژوویەکی بەرجەستە و دیاری کراویان هەبووایە. لەم پرۆسەیەدا هەندێ جار پیاوەکە، وەک وەچەیەکی دایک و باوکەکە، لەیەکەیەکی هاوبەش، تۆنێکی هاوبەش و ڕیتمێکی هاوبەشدا سەرلەنوێ یەکدەگرێتەوە.

لەم گەمەیەدا، بێدەنگی و پشووی کاراکتەرەکان، تەنیا نابێتە ئاماژەیەکی ساکاری گوڕینەوەی دەیالۆژی کاراکتەرەکان، بەڵکو ئەو بێدەنگییانە زەمینەیەکی ترسناکی جیهانێکی تەنیایی بەرجەستە دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە دووبارە بوونەوە و بێدەنگیی نێوان پشووەکان، هەناسەیەکی مۆسیقیی قووڵ دەبەخشێتە خودی سترکتورە شانۆییەکە. ئەمە جگە لەوەی ئەو جیهانە بێدەنگە ناوەرۆکێکی گەورەی وا لەخۆدەگرێت کە هیچ زمانێکی تر ناتوانێت پڕی بکاتەوە(١٣). بەم شێوەیە یۆن ڤۆسێ زمانێکی تری جیاوازی خوڵقاندووە، ئەو زمانەش لە دەرەوەی خودی بازنەکانی زماندا، بەشێوەیەکی جیاوازتر کار دەکات.

(خەون بە پایزەوە) لە ڕوانگەی ئەو زمانە جیاوازو ساکارەوە، فەلسەفەی چرکە ساتەکانی بوون و نەبوونی مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی حەقیقەتێکی گەورەی مەرگی خۆی دەکاتەوە.

## خەون بە پایزەوە لەنێوان پیەس و نمایشدا

(خەون بە پایزەوە) یەکێکە لە دوا پرۆژەکانی یۆن ڤۆسێ، بەمەش قۆناغێکی نوێی نووسینی شانۆیی ئەم نووسەرە دەست پێدەکات، هونەری شانۆ لەم قۆناغەدا. دەبێتە کەرەسەیەکی دەوڵەمەندی کردەیی، دیدێکی فەلسەفی و بونیادێکی فراوانی دنیا دیدەی ناتەباو ئەفسوونی.

یۆن ڤۆسێ، سەرلەنوێ هەموو بنەما تەقلیدییەکان دەرووخێنێ و «ژوورێکی جیاوازی خەونە ئامێز بۆ شانۆ دەکاتەوە.» کات دەبێتە توخمێکی بزۆز و دوێنێ و ئەمڕۆ لە پرۆسەیەکی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە. هەروەها لەم ژوورە پڕ لە خەونەدا هەموو شتەکان لەنێو تێکستەکەدا ڕوودەدەن و دەبینرێن.

کاراکتەرەکانیش پیەسەکە بەرجەستەی خەونە یارییەکی چڕ دەکەن. لەو خەونەدا بیرەوەری، ئەندێشەو بیرکردنەوەکانمان لە ئاستە جیاوازەکانی زەمەندا سەقامگیر دەبێت. ڕیتم، مۆسیقای ناوەوەو هەموو ئاراستە جیاوازەکانی پێوەندییەکان لە لێکنزیک بوونەوە و پێکداچوونێکی ڕاستەوخۆ و چڕدان، یۆن ڤۆسێ بەم شێوەیە لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ئاماژە بە گەشتی نووسینەکانی دەدات: (نووسین وەک ئەوە وایە گەشتێکی دوور بکەیت، خۆت فڕێ بدەیتە ناوەندو جیهانێکی نەناسراوەوە، گەر ئەو گەشتە سەرکەوتوو بێت، ئەوە بێگومان بە بەرئەنجامێکی باشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانە ئاساییەکەی خۆت.) بێگومان ئەو بەرئەنجامەش گوتارێکە، پرۆسێسێکە شتە دیارو تەباکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات.

هەروەها لەم فۆرمە تازەیەدا، هەناسەو مۆسیقایەکی ناوەکی دەبێتە فۆرم و لایەنێکی گرنگی ئەو بێدەنگییە سامناکەی یۆن ڤۆسێ خوڵقاندوویەتی. گیانێکی مۆسیقی، چێژێکی مۆسیقی، سترکتورێکی مۆسیقی و ڕیالیزمێکی ئەفسوونی و شیعری (خەون بە پایزەوە)دەکاتە ئاوازێکی غەمگینی نزیکتر لەمرۆڤەوە. یۆن ڤۆسێ لە هەمان چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنیدا دەڵێت: «بەرلەوەی ببمە نووسەر زۆر خەریکی مۆسیقا بووم، ئێستە کە دەنووسم هەوڵ دەدەم حەزو چێژی مۆسیقا سەرلەنوێ لەو شتانەدا زیندوو بکەمەوە کە دەیانووسم.» مۆسیقا وەک ئاوازێکی غەمگین لە ناوەوەی تێکستەکانییەوە، ژیانێکی تر دەبەخشێتە کاراکتەرەکانی. لە مۆسیقاوە ژیانی کاراکتەرەکانی، سترکتوری ڕووداوەکانی، زمانە ساکارەکەی و بێدەنگییە ئەفسوونیەکەی نێوان وشە و ڕستەکان بەهایەکی تر لەخۆ دەگرێت.

گۆڕستانێک دەبێتە شوێنی ڕووداوەکانی (خەون بە پایزەوە). ئەم شوێنەش هاوکێشەیەکی گونجاوی ئەو پرۆسێسە فەلسەفییەی (یۆن ڤۆسێ)یە سەبارەت بە چەمکەکانی مەرگ و ژیان. تەنیا لە ڕێگای لەمەرگەوە ژیان ماناکانی خۆی بەدەست دەهێنێ، ماناکانی ژیانیش تەنیا لە ڕێگای مەرگەوە سەرچاوەکانی بوونی خۆی سەقامگیر دەکات. بەمەش پلانەکانی گەردوون لە دوو هێڵی هاوتەریبدا، مەرگە/ ژیاندا پێکەوە بەرجەستە دەبن.

## چەمکی شوێن لەنێوان بوون و نەبووندا

شوێن وەک ڕاستییەکی ڕەها، لە دوو ئاراستەی جیاوازدا، سیمای شتەکان دیاری دەکات. پانتایی جووڵانەوە و پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی لەلایەک و داڕشتەیەکی نەبینراو پانتاییەکی فەلسەفیش لەلایەکی دیکەوە. تێهەڵکێش و پێکداچوونی دوو چەمکە و بیرۆکەی جیاواز و دژ بەیەکە. لە هەمان کاتدا فەلسەفەیەکی مرۆڤایەتی و تەواوکەری یەکترن.

ئەم دوو چەمکەی شوێن بینراو/ نەبینراو، چۆن لە

پرۆسەیەکی شانۆییدا بەرجەستە دەبێت؟ هاوکێشەی ئەو توخمە پراکتیکی، بیریانە چۆن چۆنی لە ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵوێستە وەرگرتنی بنەما تیئۆری و هونەرییەکاندا سەقامگیر دەبن؟ ئەم پرسیارە گرنگانەش دیدی ڕیژی، سینۆگرافیاو فەلسەفەی هەموو نمایشێکی شانۆیی دیاری دەکات. لەم بەشەی ئەم نووسینەدا، هەوڵی ئەوە دەدەین بنەما فیکری و پراکتیزەکراوەکانی نمایشی (خەون بەپایزەوە) ڕوون بکەینەوە.

## سینۆگرافیا

داڕشتەیەکی تەسکی نیوە بازنەیی بەزیخ داپۆشراو دەبێتە دیدێکی بەرجەستکراوی ئەو شوێنەی لاشەی مردووەکانی تێدا دەشاردرێتەوە. سێ دەرگای زۆر باریکی ڕەش، نادیار بە دیوارەکانی ئەم گۆڕستانەوەیە. ئەم سینۆگرافیایە بەرجەستەی شوێنێکی نادیار لەنێوان سنوورەکانی بوون و نەبووندا دەکات. /ژیان/ لە چەقی ڕووداوەکانەوە بۆ پەراوێزی هەتا هەتایی/ مەرگ/ دەڕوات. بڵاوبوونەوەی هەندێ خاچی سپیش هێندەی تر دووپاتی دووڕیانەکانی مەرگ دەکاتەوە و هەستێکی تەنیایی و ترسمان لەلا دروست دەکات.

## مەرگ و زەمەنێکی جیوەیی

لەم نمایشەی دراماتن، شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم، مەرگ هەر وەک ناوەڕۆک و پرسیارە گرنگەکانی پیەسەکە، دەبێتە توخمێکی گرنگی دیدی ڕیژیش(١٤)، بینەران لە دەروازەیەکی باریکەوە، لە پشتەوەی شانۆکەوە، دێنە ژوورەوە. دەروازەکەش ڕاڕەوێکی باریکی تەسکەو لەسەر دیوارە سپییەکانی: ناو و ڕۆژی لە دایک بوون و مردنی خەڵکانێکی بەسەرەوەیە. بینەران لە ئامادەی ڕیتواڵێکی بێدەنگی ناشتنی تەرمێکدا بەشداردەبن. لەم بارودۆخەدا، لەم سەرەتا پڕ لە نهێنییەدا کاراکتەری (باوک) لە یەکێک لەو دەرگا نەبینراوە باریکەکانەوە دێتە دەرەوە. ڕووبەڕووی بینەران ڕادەوەستێ و بەهێمنی دەدوێت.

**باوک:**

بیربکەرەوە گەر ئێمە تاهەتایە بژین
ئەمە چ مانایەکی ئەبوو
(سەری دەلەقێنێ)
لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک خەفەت بۆ مەرگ دەخۆن
وەک ئەوەی مەرگ گەورەترین کارەسات بێت
بەڵام ئەوە چۆن دەبێت
گەر مردن بوونی
نەبێت.

**«خەون بە پایزەوە».**

سەرەتایەکی پڕ لە بیرکردنەوە و ڕامان سەبارەت بە مەرگ و بەژیان واڵا دەکاتەوە، لەم دووڕیانەدا یەکێک لە پرسیارە گرنگەکان ئەوەیە: خۆشەویستی چۆن بتوانێت یاریدەی مرۆڤ بدات و لەژیاندا ڕای بگرێت. هەروەها ئەم سەرەتا فەلسەفییە ئاماژەی ئەمەش دەکات کە ژیان زریانێکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکانە، مرۆڤ لە گەڕانێکی بەردەوامدایە، سەرەتا لە ناوەوەی خۆیدا، دواتر لەماڵەکانەوە، دێهاتەکانەوە، شارەکانەوە و بەمەش پێکداچوونێکی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات، ئاستە جیاوازەکانی ژیان گۆڕانکارییان بەسەردادێت و لە بەرئەنجامیشدا، هەر مرۆڤ خۆی شاهێدی مەرگی خۆیەتی.

لەکۆتاییشدا هەر کاراکتەری (باوک) کۆتاییەکی تری ئەندێشە ئامێز دەکاتە دوا چرکە ساتەکانی ئەو ژیانەی ئاوێزانی مەرگ بووە. ئەو دوو دەیالۆگەش، سەرەتا / کۆتایی، ڕیژیسۆری نمایشەکە ستێڤان لارشۆن (Stefan Larsson) لە پیەسی (دوای پاش نیوەڕۆ)ی یۆن ڤۆسێوە هێناویەتی(١٥). دەیالۆگەکانیش لەگەڵ پیەسەکە و ئەم کاراکتەرەدا دەگونجێ و پێناسێکی وردی کەسایەتیی باوک و ژیانی، خەونەکانی و مەرگ دەکات. دوا وتەکانیشی دەبێتە دوا چرپەکانی مرۆڤایەتی بە ژوور سەری کەسێکی تازە نێژراوەوە.

ماڵئاوایی دوا ساتەکانی ژیانە بۆ ئەو کەسانەی تازە مردوون، بۆ خۆی مەرگ، بۆ ژیان و بۆخواش. ئەم ساتانە لەشێوازێکی ساکار، ڕاستەوخۆو ڕووتکراوەدا بەرجەستە دەبێت. لەم چرکە ساتانەدا هەستێکی غەمگین و ئەندێشەئاسا تێکڕای نمایشەکە دەگرێتەوە.

ئەو دوو دیمەنەی سەرەتاو کۆتایی کاراکتەری (باوک) پێوەدانگە درامییەکە، وێنەکان و چوارچێوەی ڕووداوەکان بۆ بینەران هەندێ ئاسان دەکات، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە پیەسەکە زریانێکی گەورە لە چەندین دیمەنی جیاوازی پێکداچوو پێکدەهێنێ. کۆمەڵێ زەمەنی جیاواز، ئەمڕۆ دوێنێ و ئاینده لە فۆرمێکی ساکار، چڕ و هەندێ جار گراندا بەرجەستە دەبن. هەندێ جار چەندین ڕووداو لە یەک کاتدا و لەسەر چەندین ئاستی جیاواز ڕوودەدەن لەپڕ ساڵ تێپەڕیوە، ئەوەی ئێستا باسی لێ دەکرا دەبێتە یادگار. لە چاوترووکاندنێکدا ژیانێک بەرجەستە دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئاستەکان و تێکڕای ڕووداوەکان لەیەکەیەکی یەکگرتوودا، لە ئێستەدا بەرجەستە دەبن.

یۆن ڤۆسێ زیرەکانە ئەو ڕووداوانە دەچنێت، دوێنێ وئەمڕۆ لەڕوانگەی گەمەیەکی خەونە ئامێزەوە دەخولقێنێ.

## گەمەیەکی شانۆیی

گەمەیەکی شانۆیی، گەمەیەکی خەونە ئامێزەو دەبێتە

میتۆدێکی هونەری بۆ ڕێژیسۆر و بۆ ئەکتەرەکانیش. لەو گەمەیەدا هەندێ جار ئەکتەر، هەندێ جاریش ڕێژیسۆر دەبێتە توخمێکی سەرەکیی چەقی وێنەکان. ئەکتەرەکان لەنێوان ئەو شتانەی دەوترێن و ئەوانەش کە ناوترێن گەمە دەکەن. پەنا دەبەنە بەر ئاستە قووڵەکانی وشە، ئاستە قووڵەکانی بێدەنگی و ئەو شتانەش کە ناوترێت، بەو شێوەیەش ڕووبەڕووی تارماییەکانی مەرگ دەبنەوە. گەمە لەگەڵ ڕابردووی خۆیان، ژیان و تەنانەت مەرگیشیان دەکەن.

کەرەستە بەکارهێنراوەکان زۆر دیاری کراون. شانۆیەکی بۆش و بابەتێکی گران، دەبێتە جەستەیەکی ڕووتی گەمەی ئەکتەرەکان. کورسییەکی درێژی کۆن، خاچە سپییەکان و دەنگی زیخی ژێر پێیان، دەبێتە ڕیتم و مۆسیقای نمایشەکە. ڕیتمێکی مۆسیقی، هەناسەیەکی لیریکی و وێنە شانۆییەکان تێکەڵ بە هەڵوێستە و ڕووبەڕووبوونەوەی گەمەی ئەکتەرەکان دەبێت. (ستێڤان لارشۆن) وەک ڕێژیسۆری ئەم نمایشە، لە داڕشتەی کۆمەڵی وێنەی ساکارەوە، هەڵوێستەیەکی غەمبار و ئەتموسفارێکی پڕ لە نهێنییەوە هێڵەکانی شانۆنامەکە دیاری دەکات. بەرجەستە کردنی ئەو هێڵانەش لەو شێوازە ساکارەدا، دیدێکی قووڵ و هونەریمان پێ دەبەخشێت.

یەکێک لە دیمەنە جوانەکان لە پڕ تەنیا کاراکتەرە ژنەکان: دایک، ژن و ژنی پیاوەکە بە تەنیا لەسەر شانۆکە دەمێننەوە. لەم ساتانەدا پیاوەکە مردووە و بەمەش پیەسەکە بەرجەستەی ساتەکانی مەرگ دەکات. لەم دیمەنەدا ڕێژیسۆر ئەم سێ ئافرەتەی بەندی جووڵەیەکی بازنەیی، دواتر هێڵێکی ڕاست و لە ئەنجامیشدا سێکوچکەیی دەکات. جووڵە بازنەییە کە ئاماژەی خولی گەردوون، دیالیکتێتی ژیان، بەردەوامی خولی لە دایک بوون و مردن دەکات. هێڵە ڕاستەکەش، لەگەڵ وێنە سێکوچکە ئاساکەدا ژیان و مەرگ، وەک هاوکێشەیەکی هاوبەش ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە.

لەم گێژاوی مەرگ و ژیانەدا، چەمکەکانی سێکس و خواش بەنێو گۆڕەکاندا ڕێ دەکەن. بەرجەستەی پرۆسەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەبن و بەها گەوهەرییەکانی ڕاستەوخۆ دەردەکەون و ئاماژەی پرسیارەکانی بەردەوامی گەردوون دەکەن.

**پیاو:**
چەند زیاتر قسەی لەسەر ئەوە بکەیت
لەسەر سێکس
یا
چەند زیاتر قسە لەسەر ئەوە بکەیت
لەسەر خوا
هێندە ئەو شتانەی قسەیان لەسەر دەکەین ون دەبێ و
تا لەکۆتاییدا
تەنیا ئەوەی دەمێنێتەوە قسەیە.
**«خەون بە پایزەوە»**.

یۆن ڤۆسێ لە (خەون بە پایزەوە) ستریندبێری، ئیبسن و بێکێت کۆدەکاتەوە، زەمەن و پانتاییە تەقلیدییەکان تێکدەشکێنێ و فۆرمێکی بێدەنگ و جووڵانەوەیەکی ناوەکی، وەک سیمایەکی غەمگین دەبەخشێتە چەمکەکانی مەرگ، بوون و ژیان.

بەم شێوەیە (یۆن ڤۆسێ) مێژوویەکی نوێ، مەوداو بوارێکی نوێ دەبەخشێتە شانۆی ئەسکەندەناڤی و شانۆی هاوچەرخی جیهانی. بەمەش پەیامەکەی هێنریک ئیبسن و ئاگۆست ستریندبێری بەردەوامی پێ دەبەخشرێت.. ❖

## پەراوێزو سەرچاوەکان

................

١- هێنریک ئیبسن: شانۆنامەنووسێکی نەرویژییە. بەیەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی درامای هاوچەرخی جیهانی دادەنرێت. هێنریک ئیبسن، لەنێوان سالانی (١٨٤٤ – ١٨٦٠)دا، لە دەرمانخانەیەکدا کاری کردووە، بەو هیوایەی لەدوا ڕۆژدا ببێتە پزیشک. هەر لەم سالانەدا، یەکەم شانۆنامە دەنووسێت، دوای ئەوە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات. لەنێوان سالانی (١٨٥١ – ١٩٥٧)دا، لە شانۆی نەرویژی لە شاری (Bergen) کار دەکات. لەم قۆناغەدا، پێنج شانۆنامەی تەقلیدی ڕۆمانسی دەنووسێت. لە ساڵی (١٨٥٧)دا، دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆی نەرویژی لە کریستینا (ئۆسلۆ)ی پایتەخت. ئەم قۆناغەی دادەنرێت بە قۆناغێکی گرنگی ژیانی ئیبسن. لەم ماوەیەدا، وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شانۆ، گرفتە پراکتیکییەکان و تەکنیکی بەرجەستەکردنی شانۆدا دەکات. کاریگەری و گرنگیی ئەم قۆناغە، دواتر لە پرۆژە شانۆییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەم قۆناغەدا، هەندێ لە شانۆنامە مێژووییەکانی دەنووسێت، لە هەمان کاتدا ئاوڕێکی ئایدیایی لە گرفتەکانی خێزان و ژن و مێردایەتی دەداتەوە.

دوای داخستنی ئەم شانۆیە، هێنریک ئیبسن وڵاتی نەرویژ بەجێ دەهێڵێ. سەرەتا ڕوودەکاتە شاری ڕۆم لە ئیتالیا، دوای ئەوە دەچێتە ئەڵمانیا. لەم ماوەی دووره وڵاتییەیدا (١٨٦٤– ١٨٩١) گرنگترین پرۆژە شانۆییەکانی دەنووسێت.

بەرهەمە شانۆییەکانی بابەتی مێژوویی، دواتر ڕیالیزم و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. ڕیالیزمی سایکۆلۆژیی ئیبسن بەشۆڕشێکی ڕاستەوخۆ و گرنگ لەمێژووی دراما و شانۆی ئەوروپیدا دادەنرێت. هەروەها پیەسەکانی قۆناغی دواییشی سیمایەکی سیمبۆلی لەخۆ دەگرن.

هێنریک ئیبسن، لە هەرسێ شێوازەکەی نووسینی شانۆییدا، مێژوویی، ڕیالیزمی سایکۆلۆژی و سیمبۆلیدا، هەنگاوێکی گەورەی ناوەو شانۆی هاوچەرخی ئەوروپی

گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز. ئیبسن لە ساڵی (١٨٩١)دا، دوای بیست و حەوت ساڵ لە ژیانی تاراوگە، دەگەڕێتەوە بۆ نەرویژ.

٢- ڕۆژنامەی داگنس نیهێتەر، بەشی کولتوور، (٢٠٠٠/١١/٢٦).

٣- پرۆگرامی شانۆیی (خەون بە پایزەوە) دراماتن، شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم.

٤- دوا بەرهەمی شانۆیی (یۆن ڤۆسێ)یە و بەزمانی نەرویژی و لەلایەن شانۆی نەتەوایەتی ئۆسلۆوە لەستۆکهۆڵم لەنێوان ڕۆژانی (٢٤-٢٥)ی مانگی پێنجی ساڵی (٢٠٠٢)دا لە شانۆی پادشایەتی پێشکەش کرا.

٥- (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) یەکێکە لەو پیەسانەی یۆن ڤۆسێ-یە کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی «سامۆئیل بێکێت» و شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)ەوە نووسراوە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە. لەلای ڤۆسێ و لەپیەسی (کەسێکە هەر پەیدا دەبێت بێت) لەبری چاوەڕوانی، کاراکتەرەکان لە ترسی ئەوەدان کە کەسێک لەوانەیە پەیدا بێت.

٦- ڕۆژنامەی هڤستاوبلادێت، هێلسنکی، بەزمانی سوێدی، بەشی کولتوور، (٢٠٠٢/٢/١٠)، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لە هێلسنکی پایتەختی فینلاند دەردەچێت.

٧- ڕۆژنامەی داگنس نیهێتەر، بەشی کولتوور، (٢٠٠٢/١١/٢٦).

٨- سامۆئیل بێکێت دادەنرێت بەیەکێک لە دەنگە هەرە گرنگەکانی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. لەساڵی (١٩٠٦)دا لە (دبلن) لە دایک بووە، بەڵام دواتر لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێت و هەر بە فەرەنسیش دەنووسێت. لەساڵی (١٩٦٩)دا، پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت. لە ساڵی (١٩٤٩)دا، شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)ەوە دەنووسێت، ئەو شانۆنامەیە دواتر دەبێتە پەیامێکی گرنگی شانۆی ئەبسورد و شانۆی جیهانی.

٩- هارۆڵد پینتەر، لە ساڵی (١٩٣٠)دا، لەخێزانێکی جوولەکە لە وڵاتی ئینگلستان لەدایک بووە. پینتەر هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە وتاری جۆراوجۆری لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاودەکاتەوە.

هارۆڵد پینتەر، لەساڵی (١٩٥٠)دا، بۆ یەکجار و لە یەکێک لە گرنگترین گۆڤارە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا دوو پارچە لە شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە.

ئەم نووسەرە، نەوەی سەر بەچینی کرێکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە. هارۆڵد پینتەر، لەشانۆنامەکانیدا باس لەو بێ توانایییە دەکات کە لە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤایەتیدایە، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەرێتی یان هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

پینتەر لە ساڵی (١٩٦٠)دا، شانۆنامەی (پاسەوان) دەنووسێت. پاسەوان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و هارۆڵد پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی.

١٠- لاش نۆرێن لە ساڵی (١٩٤٤)دا، لە دایک بووە. لەدوای ستریندبێریەوە، بە یەکێک لە گرنگترین شانۆ نووسە سوێدییەکان دادەنرێت. لەسەرەتادا شیعری نووسیوە، دواتر هەر بەو زمانە شیعری - لیریکیەی شانۆنامە دەنووسێ، لاش نۆرێن لە پیەسەکانیدا بەرجەستەیەکی وردی دنیای ناوەوەی مرۆڤ دەکات. ژان و پەژارە لەوانەیە سیمایەکی سەرەکیی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بێت. لەم ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندە خەونێکی بێ ئارام. سێکس و سێکسە ناسازی وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک بارێکی دڕندە ئاسای لەلای پاڵەوانەکانی دروست کردووە. هەروەها کێشەکانی خێزان، بەتایبەتی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک پانتاییەکی فراوانی پیەسەکانی ئەم نوورسەرە پێکدەهێنن. زۆربەی پیەسەکانی لاش نۆرێن وەرگێڕدراوەنەتە سەر زۆربەی زمانە گرنگەکانی جیهانی و لەسەر شانۆ گرنکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕوسیاو نەرویژ پێشکەش دەکرێن.

١١- ڕۆژنامەی هڤستادبلادێت، هێلسنکی، بەزمانی سوێدی، بەشی کولتوور، (٢٠٠٢/٢/١٠) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لە فینلاند دەردەچێت.


١٢- ڕۆژنامەی داگنس نیهێتەر، بەشی کولتوور، (٢٠٠٢/١١/٢٦).

١٣- ڕیژیسۆر کورت و درێژی پشوو بێدەنگیەکان لە نمایشەکاندا دیاری دەکات. ئەمەش بێگومان لەڕیژیسۆرێکەوە بۆ ڕیژیسۆرێکی تر دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە کە پیەسی (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) لە ئۆسلۆ پێشکەش کراوە، نمایشەکە تەنیا پەنجا دەقیقەی خایاندووە، هەمان پیەس (کەسێک هەر پەیدا دەبێت بێت) کە لە پاریس پێشکەش کراوە، زیاد لە دوو کاتژمێری خایاندووە.

١٤- شانۆنامەی (خەون بەپایزەوە) بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی نەتەوەیی ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ لەساڵی (١٩٩٩)دا نمایش کراوە. دوای ئەوە لەسەر شانۆ گرنگەکانی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا پێشکەش کراوە.

١٥- یۆن ڤۆسێ پیەسی (دوای پاش نیوەڕۆ)ی بەتایبەتی بۆ پەیمانگای هونەری نواندن لە ستۆکهۆڵم نووسیوە. پیەسەکە لە نواندنی قوتابیانی دوا قۆناغی پەیمانگای هونەری نواندن و لە ڕیژی هونەرمەند ستیڤان لارشۆن و لە مانگی (١١)ی ساڵی (٢٠٠٠)دا پێشکەش کراوە.

# شانۆیا کوردی
# دناڤبەرا هەبوون و نەبوونێ دا



ئەحمەد قەرەنی

ئەو بیروڕاییێن د ئەڤان سالێن داوییێدا، دەربارەی پەیدابوون و بەردەوامیا شانۆیا کوردی دهێنە دەربڕین؛ ئانکو ئەو هەول و بزاڤێن دهێنە کرن ژ پێخەمەتی تۆمارکرنا مێژوویا شانۆیا کوردی، گەلەک پترن ژ ئەوان شانۆنامەیێن دهێنە نڤیسین یان ژ زمانێن بیانی بۆ کوردی دهێنە وەرگێڕان کو هنەک ژ ئەوان دهێنە نمایشکرن. ئەڤ ڕەوشە ژی دوو دلییەکێ بۆ مرۆڤی دروستدکەت کو نە دویرە ئەگەرا ئەڤێ چەندێ یەک ژ ئەڤان دوو بناسێن خوارێ بن:

١– ئەو بۆچوونێن هنەک خەمخۆرێن هونەر و ئەدەبیاتێن کوردی دەردبڕن و، وەسا هزر دکەن کو شانۆیا، جیهانی، ب ڕەنگەکێ گشتی یا بەرەڤ کزی و لاوازیێ دچیت، ژبەر هندێ دەبیت لەز بهێتە کرن ژبۆ کۆمکرن و خرڤەکرنا ئەوان بزاڤێن لجەم کوردان هەبووینەو هەنە، ژبۆ دانانا شەنگست و ڕێبازا شانۆیا کوردی و، ئەوێ گولڤەدانێ ب هەموو پێنگاڤێن خوە یێن گەشەکرن و پێشڤەچوونێ ڤە وەکو سەرەتایەک تۆماربکەن، داکو بهێتە سەلماندن کو کوردان ژی ئەڤ ژانرا ئەدەبی هەبوویە و ئەو سەلیقا هونەری ئەفراندییە.

بەلکو ئەڤ هزرە ژی یارمەتیدەرەک بیت ژبۆ چەسپاندنا یەک ژ ستوینێن نەتەوەیی، کو ئەڤرۆ زێدەتر هەر ڕۆژەکا دی ڕەوشەنبیرو نڤیسکارێن کورد پێڤە دمژویلن.

٢– ئەو بزاڤێن لجەم هنەک شانۆکاران هەین، کو وەسا هزر دکەن کو شانۆیا کوردی یا د قەیرانەکێدا دژیت، و دەبیت هەموو هەول و تەقەلا بهێنەکرن داکو ژ ئەوێ کریزا کۆژەکدا دەربچیت و ژبۆ جێبەجێکرنا ئەڤێ ئامانجێ دەبیت ئالیکاری ژ لایەنێن پەیوەندیدارڤە بهێتەکرن و پێداویستییێن دارایی و تەکنیکی بۆ بهێنە بەرهەڤکرن.. ژبۆ کو هەژمارەکا زێدەتر دەقێن خۆماڵی بهێنە دانان و، هەژمارەکا هێشتا پتر ژ دەقێن خۆماڵی و وەرگێڕای یان ژی ئامادەکری بهێنە پێشکێشکرن. و ب ڕێکا ئەڤان بزاڤان ڤە بهێتە سەلماندن کو شانۆیا کوردی هەبوویە و دێ بەردەوام بیت، بەلێ ب مەرجەکێ سەرەکی، ئەو ژی هەبوونا پویتەدان و پالپشتیا بەردەوامە، ب رامانەکا دی مرۆڤ دشێت بێژیت کو شانۆیێ وەکو ئالاڤەکا دەستکرد دادنێن و دەبیت بەردەوام بهێتە قورمیشکرن، داکو بزاڤێ بکەت، و ئەگەر دەست ژێ هاتنە بەردان، ئەو دەزگایێ ئەنتیکە، ب کەرستەو ئەکتەرڤە، ب نڤیسکارو ڕێبەرڤە هەموو پێکڤە دێ هەلوەشییێن و ژناڤچن، ئانکو دێ ڕاوەستیت.

لدویڤ هەموو پێوەرێن زانستی و ئەزموونێن پراکتیکی یێن باوەرپێکری، تشتەکی ب ساناهی نییە مرۆڤ بکاریت دەمودەست یەک ژ ئەڤان بۆچوونێن سلال پەسەند بکەت، هەتا ئەگەر مەرجێن خۆیەتی و هنەک بەلگەیێن هونەری ژی تێدا هەبن. زۆربەی جاران ب تێروانینەکا یەک لایەنە یان ژی د هزرکرنەکا بەرتەسکدا تەماشای ئەڤێ برسگرێکا هەرە گرنگ و مەزن دهێتەکرن و، هێشتا ڤەکۆلینەکا گشتی، یان



عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری

لێگەریانەکا تەڤاڤ، یان تێروانینەکا تاڤەگر، یان ژی بۆچوونەکا تێکووز لسەر ڕێبازا شانۆیا کوردی نەهاتیە کرن. لەوما ئەڤ ڕێبازە هێشتا نەکەفتییە دقەوارەیەکا بابەتیانەداو، نەبوویە پیشەسازییەکا هونەری، تەنانەت پەنجەرکا بچویکا (تێکێت برینا) وێ ژی هێشتا نەبوویە تەرەفێ وێ تۆنێلا درێژا دناڤبەرا ڕەوشا جیهانا ئەڤێ هونەری و جەماوەرێ بەر فرەهێ کوردستانێدا.

لێ بەلێ ئەو بیروراییێن، هەتا نها، لسەر مێژوویا شانۆیا کوردی هاتینە نڤیسین ژی دوو بۆچوونێن جۆدا پەسەند دکەن:

١- مێژوویا شانۆیا کوردی، وەکو مێژوویا شانۆیا مللەتێن دراوسێ، ڕەهێن خۆ دناڤ کویراتیا کەلەپوورێ نەتەوەییدا دبەتەخوارێ. لدویڤ چاخ و سەردەمێن جۆدا جۆدا، ئالاڤ و دەستوور و نواندنێن وێ ژی (چ کێم یان زۆر) گۆڕانکاری بسەرداهاتینە، کو ئەڤە قۆناغەکا سەرەتاییە یان ژی دەروازەیەکا ئاساییە مێژوویا شانۆیێ پێکدهینیت، کو دەستپێکا وێ دیارنییە، لێ بەرهەمێن وێ یێن زارەکی نڤش لدویڤ نڤشی ماینە، و بەردەوامبووینەو، خۆ دگەهینە نێزیکی چارێکا یەکێ ژ سەد سالیا بیستێ و دویڤدا قۆناغا خەملا گەشا شانۆیا کوردی دەستپێدکەت و تێکست ودەپە و ئەکتەرو دیکورێستێن وێ خویا و ئاشکرانەو، هەولێن دانان و ڕێز بەندکرنا کرۆنۆلۆژیا وێ ژی هاتینە کرن.

٢- جوینا دوویێ، مێژوویا شانۆیا کوردی دزڤرینە ڤە بۆ بەلاڤکرنا یەکەم تێکستا شانۆنامەیا کوردی ل سالا (١٩١٩)ێ کو عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری نڤیسییە و دکۆڤارا (ژین)دا ل ستەنبۆلێ بەلاڤکرییەو، لدویڤدا دەقێن دی هاتینە نڤیسین و بەلاڤکرن و نمایشکرن، لێ ل سەرەتایا ئەڤێ دەسپێکێدا دگۆتنێ (پیەس) یان (تیاترۆ) یان (تەمسیلی) و... هەر د ئەڤی سەردەمیدا تیپێن هونەری هاتینە دامەزراندن، نەخاسمە پشتی دامەزراندنا خویندنگەهێن فەرمی ل شارێن کوردستانێ.

لڤێرە چەند پرسیارەکێن فەر دهێنە هزرا مرۆڤی، ئەو ژی ئەڤەنە، کو دەلیڤا کۆتاهی و دەستپێکرنێ چەوایە؟ ئەرێ راستە قۆناغەک قوت بوویە و قۆناغەکا دن دەستپێکرییە؟ ئەرێ پێکهاتەیێن قۆناغا یەکێ چ بووینە و چما نەمان و پێکهاتەیێن قۆناغا دوویێ چنەو چەوا پەیدابووینە؟

ئەڤ چەند پرسیارە و گەلەکێن دی یێن تەمامکەرێن ئەوان، دێ هێنە بەرسینگێ ڤەکۆلەر و تویژینەران و، پێدڤییە بەرسڤێن ئەوان بهێنەدان. د ئەڤێ دەلیڤێدا من دڤێت بەرسڤەکا پرسیار هەلگر بدەمەڤە، ئەوژی ئەڤەیە کو دیاردەیا ژ هەمیان پێشچاڤتر دناڤبەرا هەردوو قۆناغاندا، دیاردا نەخویندەواریێ بوویە. مرۆڤ دکاریت بێژیت کو ڕێژەیەکا زۆر یان ژی هەموو ئەکتەرو زارڤەکرو هەلسورێنەرێن قۆناغا یەکێ نەخویندەوار بووینە، دەق نەنڤسینە بەلکو یەکسەر دەقێن خۆ دگەل حالەتێ نمایشکرنێ دروستکرینە،ئانکو تەنها هزر هەبوویە، پێشوەخت ڕێککەفتینە کو دێ چ پێشکێش کەن و هەر یەکی زانییە دێ چ کەت. یان ژی هنەک جاران ئەو دەق وەکو ژانرێن دی (مەتەل، چیرۆک، ستران، داستان...) هاتینە ژبەرکرن و ب دەستکاریڤە هاتینە دووبارەکرن. و ئەڤە ژی حالەتەکێ ئاساییی بوویە دناڤ ئەدەبیاتێن مللی یێن کوردیدا (نەدویرە ئەڤە دیاردەیەکا گشتی ژی بیت).

لێ بەلێ پشتی خوێندەواری پەیدابووی ب تایبەتی دەمێ خویندنگەهێن فەرمی هاتینە دامەزراندن و ڕۆژنامەڤانییێ جهێ خۆ گرتی، هەموو تشت هاتنە گۆڕین و حالەتێ نڤیسین و تۆمارکرنێ پەیدابوو و هەلبەت ئەو تشتێ دهێتە نڤیسین دێ دەستکاری و جوانکاری ژی بسەرداهێنەکرن، و ژبلی کو ئەو کەسێ خوێندەواربیت دێ ڕابردوویەکا (ئەدەبی- هونەری) هەبیت و شارەزایەکا گشتگیرتر لدەڤ خۆیابیت و ژ هەموو لایانڤە بەرهەمێن وی دێ ڕێکوپێکتر و جوانتر و عەمردرێژتر بن.

ئەگەر ئەڤێ بەرسڤێ هنەک ڕاستی تێدا هەبیت، ئەم دکارین بسەلمێنین کو ڕێژەیا نەخوێندەواریێ ل قۆناغا یەکێدا ژ (٩٠٪) زیاتر بوویە و هێدی هێدی کێم بوویە، کو ژ دەستپێکا قۆناغا دوویێ هەتا ئەڤرۆ نێزیکی (٨٥) سالێ دبۆرن و هێشتا ڕێژەیا وێ ژ (٣٠٪) پترە لەوما ژی دکارین بێژین کو هەردوو دناڤ یەکدا تێکهەلبووینە و هەریەکێ ب سەرێ خۆ کاریە د ئەڤان (٨٥) سالێن بۆریدا کار بکەت و هەبوونا خۆ ژی هەبیت.

لێ خالا ژ هەمیان گرنگتر ئەوە، کو هەریەک ژ ئەڤان هەردوو جوینان نەشیایە جەماوەرێ بینەران بۆ خۆ ڕاکێشیت (مەبەستا مە جەماوەرێ خوێندەوار و نەخوێندەوارە). خالەکا دی یا بەرچاڤ ئەوە کو چ ژ ئەڤان هەردوو جوینان نەشیایە زال ببیت کو ڕێبازا یەکێ ڕێکێ ژ ئەوا نوی پەیدابوویی بگریت و نەهێلیت جهێ خۆ بگریت. یان ژی ڕێبازا نوی هەبوونا خۆ بچەسپینیت و هێدی هێدی بەرێکێ ژ بن پێێن ڕێبازا کەڤن بکێشیت و راستەوخۆ ڕوویبەرووی سەرجەم

جەماوەری ببیت و ئەزموونەکا گشتگیرا نیشتمانی تۆمار بکەت و وەک هونەرەکێ پیشەسازی بەرهەمدار بهێتە دناڤ قادا پێشڤەچوونا بلەزا مللەتی، کو ئەڤرۆ پتر هەر رۆژەکا بۆری زوی تشتان وەردگریت و چێدبیت زوی ژی دەست ژێ بەردەت.

***

هەر چەوا بیت ئەڤ هەردوو بۆچوونێن مە بەحس ژێ کری، دگەلەک لایانڤە هەڤدوو دگرنەڤە، لێ بەلێ د چەند ئالیێن کێمڤە دژێک جۆدانە وەکو: چەوانیا هەلبژارتنا تێکستێن شانۆنامێ و، بەشداربوونا ئەکتەران و، ئامادەکرنا کەرستەیان و، دەستنیشانکرنا جهێ نماشکرنێ... سەرەڕای جۆرێ رەخنەگرتن و، بزاڤا وەرگێڕانێ و، چەندێکیا بینەران و، هەتا دگەهتە دەمێ پێشکێشکرنێ و باوەشگرتنا تەماشەڤانان.

پشتی من گەلەک بابەتێن مێژوویا شانۆیا کوردی خویندین و، ئەو ڤەکۆلین و تویژینەڤەییێن لسەر هاتینە نڤیسین ڤاڤێرکرین.. ئەز گەهشتمە ئەوێ باوەڕیێ کو هێشتا شانۆیا کوردی یا دقۆناغەکا ساڤادا دژیت و، دەریزانکا خەملەکا تەڤاف نەبۆراندیە، بەلکو نەشیایە ژی لسەرپێ بڕاوەستیت و هەبوونا خۆ دجڤاکێدا بسەلمینیت.. هەرچەندە وەکو ژانرەکا ئەدەبی دناڤ مێژوویا ئەدەبیاتێن کوردیدا دهێتە نڤیسین و، دگەل هونەرێن جوانێن دی یێن کوردی دهێتە بەحسکرن و، گەلەک جاران ژی ل پەراوێزا ئەواندا ژی دهێتە ئەنجامدان.. دەمێ ل هۆلێن ئاهەنگان یان ژی ل بۆنە و هەلکەفتێن نیشتمانی و ل سەیرانگەهێن خۆشی و شادیا خەڵکیدا دهێنە پێشکێشکرن.

باوەڕ ناکەم ئەڤ قۆناغا نها شانۆیا کوردی تێدا دبۆریت، هۆسا ب ساناهی بدوماهی بێت و، دوەختەکێ نێزیکدا خەمخۆر وتاگیرێن وێ بشێن ژێ دەربچن چونکە:

١- نڤیسکار یان وەرگێڕێن شانۆنامێ لجەم مە نینە و ئەگەر ئەڤ کارە ژی هاتبیتە کرن، هنەک نڤیسکار و ئەدیبێن ژانرێن دی یێن ئەدەبی پێڕابووینە، وەکو: هۆزانڤان یان چیرۆکنڤیس یان فۆلکلۆریست و هنەک جاران ژی نڤیسکارێن ئارەزوومەند. و گەلەک جارێن دن ژی هونەرمەندێن دیکۆریست یان دەرهێنەر یان مۆسیقاژەن ب ئەڤی کاری هەستاینە.. لەوما قەیرانەکا بەرچاڤ د ئەڤی ئالیێ شانۆییدا هەیە و، جۆر و هەژمارێن تێکستێن شانۆنامەیێن کوردی چ خۆمالی یان وەرگێڕای، هەردەم دناڤبەرا کێش و بێشەکا بلندو نزمدا بۆریە.

٢- ئەکتەرێن پرۆفیشنال نینە، هەرچەندە کەسانێن خودان بەهرەو شیان و شارەزا ژی لجەم مە دزۆرن، لێ بەلێ نەشیاینە کارێ خۆیێ سەرەکی بکەنە شانۆکار، چونکە دەلیڤە لبەر ئەوان د تەنگن. زەحمەتە بکارن ژیانا خۆ ب درستی ژ بێخەمەتی ئەڤی هونەری تەرخان بکەن... هەرچەندە د ئەڤان سالێن داوییدا چەندین کادرێن ئەکادیمی ل پشکێن شانۆیێ یێن پەیمانگەهێن هونەرێن جوان ل کوردستانێ و ل دەرڤەی وەلاتی ژی دەردچن. ئەڤە ژی دێ کەلێنەکا مەزن پڕ کەتڤە هەر وەختەکێ پێویستی پێ هەبوو، لێ بەلێ زۆربەی ژ ئەوان ب کارێن دیڤە مژویلن ب تایبەتی مامۆستا یان فەرمانبەر یان ژی ل بازاری کاردکەن، دگەل هندێ ژی دا ئەوێ مامۆستا ژی وانەیا شانۆیێ و هنەک جاران وانەیا هونەری ژی نابێژیت. ئەوێ فەرمانبەر ل دەزگەهێن هونەری دانامەزرێت و تەنانەت ئەوێ ل بازاری ژی شۆل دکەت یێ دویرە ژ لایەنێ هونەریڤە. لەوما ژی رێژەیەکا گەلەک کێم ژ ئەوان پسپۆرێن ئەکادیمی دمینن کو ل ئالیێ هونەرا شانۆییدا مژویل بن.

ب رێکا ئەڤان پسپۆران ڤە هەتا رادەیەکا باش ئاریشە ئانکو قەیرانا هەبوونا ئافرەتا هونەرمەند د شانۆییدا نەمایە و، جیاوازییەکا گەلەک کێم دناڤبەرا ژن و مێراندا مایە.

٣- شانۆگەری هەر ژنڤیسینا دەقا وێ هەتا دگەهتە دەمێ نمایشکرنێ لسەر دەپێ شانۆیێ، دگەلەک پێنگاڤاندا دبۆریت، و چەند کەس تێدا پشکدار دبن. ب رامانەکا دی دێ شێین بێژین (شانۆ نیڤ ئەدەبە و نیڤ هونەرە) و ب کارەکێ دەستەجەمعی دهێتە پێشکێشکرن، و پێویستی ب هەڤئاهەنگییەکا تەڤاڤە کو دەبیت دناڤبەرا پشکداراندا هەبیت و، وەکو شۆلخەکا هەنگێ کار بکەن، چ وەکو پێکهاتەیێن گروپەکێ، یان ژی رێککەفتنەکا هونەری- فەرمی یا هەڤپشک دناڤبەرا ئەواندا هاتبیتە دروستکرن. لێ دناڤ مللەتێ مەدا کارکرن وەکو گروپ هێشتا حالەتەکێ سەرەتاییە و ب زەحمەت دهێتە قەبوولکرن، و تشتەکێ ئاسایی نییە لسەر هەر ئاستەکێ ژیانێ بیت وەکو گروپەک کارەکی ئەنجام بدەن.. ئەڤ دیاردەیە دناڤ رێزێن هەموو تەخ و چینێن جڤاکا مەدا دهێتە دیتن هەر ژ چەند کارکەرێن خانییەکی دروست دکەن هەتا دگەهتە دامودەزگەهێن حکومی. د ئەڤێ ڤەرێژێدا، ئەم دکارین رەوشا شانۆیێ شرۆڤەبکەین، و وەکو برۆسەکا تەکنیکی یا ئاڵۆز و هونەری یا نازک سەح بکەین، کو دێ چەند پێویستی ب هەڤئاهەنگی و ئالیکارییەکا شارەزایی و کارکرنەکا پسپۆری هەیە، هەتا ئەنجامەکا چاک و پێشکەفتی هەبیت.

ئەڤە ژی خالەکا دی یا ڤەمانا شانۆیا کوردییە، و هەڤبەندیەکا راستەوخۆ ب گولڤەدان و پێشڤەچوونا جڤاکێ کوردستانێ ڤە هەیە، لێ دەستنیشانکرنا ئەڤێ خالێ ژی نیڤ چارەسەرییەکا پێنگاڤا یەکێیە کو دەبیت بهێتە ئاڤێتن.

٤- هەتا نها (سالا- ٢٠٠٤)ێ هیچ تەلارەک یان بینایەکێ تایبەت کو هەموو پێداویستیێن شانۆیێ تێدابن، هێشتا ل شارێن کوردستانێ نەهاتیە دروستکرن. هەلبەت تەلارێ شانۆیێ دەبیت رۆژانە دەرگەهێ وێ ڤەکری بیت و شانۆگەری لێ بهێنە پێشکێشکرن و، لەوانەیە زێدەتر جارەکێ ژی بیت. و تشتەکێ ئاساییە ئەگەر شارەکێ هەژمارا دانیشتیێن وی نێزیکی مەلیۆن کەسان بیت یا زێدەترکو زێدەتر تەلارەکا شانۆگەریا رۆژانە تێدا هەبیت. لێ ئەڤ حالەتە هێشتا ل کوردستانێ پەیدانەبوویە... ئەڤە ژی



کۆما شانۆیا کوردێن تبلیسێ

ئەگەرەکا سەرەکییە کو شانۆیا کوردی نەشیایە ژ قۆناخا سەرەتاییا خۆدا دەربچیت، چونکە ئەڤ مەرجە کۆئەنجاما هەموو ئالییێن دی بخۆڤە دهەلگریت و پێوەرەکا دروستە ژبۆ هەبوون یان نەبوونا شانۆیێ.

د ئەڤی ئالیدا بۆچوونەکا هەڤدژ هەیە کو دبێژیت: شاشەیا بچویک و شاشەیا مەزن، ئانکو کەنالێن تەلەڤزیونێ و هۆلێن سینەمایێ هەڤرکیا شانۆیێ کرییە و نەهێلایە بەرەڤ پێشڤەبچیت، و دکەڤلیژانکەکێ تەسکدا مایەڤە. ئەڤ بۆچوونە ژی پێچەوانەی مەراما خۆیە، چونکە ئەڤ هەردوو لایەنە ژی هاریکارن ژبۆ پێشڤەچوونا شانۆیێ، چ ژ بوارێ هەڤئاهەنگیێ و هاریکارییێڤە و چ ژ ئالیێ ڤەگواستنێ ڤە. ئەڤە ژ ئالیێ تەکنیکیڤە، لێ ژ ئالیێ دەروونیڤە، دیتن و بینینا ڕاستەوخۆ، و خۆشیا جهەکێ کۆمەلایەتیێ ڕێکوپێک هەرگاڤ بێهنفرەتر و ب تام و چێژترو دلحەوینترە ژ دیتن و بینینا نەڕاستەوخۆ. هەر ژبەر ئەڤێ ئەگەرێیە کو چو جاران ڤەگواستنا یارییێن وەرزشی ب تایبەتی یارییێن (تەپاپێ-فۆتبول)ێ لسەر شاشێن تەلەڤزیونێ نابیتە ڕێگر کو خەلک و جەماوەرێ هاندەر نەچیتە یاریگەهان. ئەگەرا سەرەکیا ئەڤێ چەندێ ژی ئەوە کو خەلکی دڤێت ب هەموو حەزو هەستێن خۆ پشکدارییێ دریڤەچوونا یارییێدا بکەن. ب ئەڤی شێوەی شانۆیێ ژی ڕۆلێ خۆ هەیە دبزاڤتن و ورووژاندنا هەستێن بینەراندا، و دەمی بینەر پشکدارییێ د جۆلانەوەو ڕویدانێن وێدا دکەن و خۆ دناڤ بزاڤ و هەست و ئاخفتنا ئەکتەراندا دبینەڤە و مفای ژێ وەردگرن، هەر دوی دەمیدا ئامانجێن سەرەکی یێن شانۆیێ دهێنە بجهئانین.

لێرەدا ئەم دکارین ڕاستیەکا پڕ بها بسەلمینین، کو شانۆ ژبلی کو ژانرەکا ئەدەبیە و ژ هونەرێن جوانێن هەرە پێشکەفتی تێ هەژمارتن.. هەروەسا د هەمان وەختدا پیشەسازییەکا ب قازانجەو، د چەندین کردارێن پسپۆری و کارامەییدا دبۆریت و چەندین کەس پشکدارییێ تێدا دکەن و پلانێن ڤەوژارتی ژێرا دهێنە دانین هەتا دگەهتە ئەنجاما دوماهیێ ونرخا خۆ ژ پەنجەرکا بچویکا تکێت برینێ وەردگریت و بەرهەمێ خۆ لسەر دەپێ شانۆیێ پێشکێش دکەت.

ئەڤ پیشەسازییە، وەکو چەندین پیشەسازیێن دی هێشتا ل کوردستانێ نەهاتیە بەرهەمهێنان و هیچ کۆمپانیەک یان سەندیکایەکا تایبەت ب ئەڤی ئالیڤە نەهاتیە دامەزراندن. ئەڤە ژی نە ژ کێم و کورتی و بێدەستهەلاتیا شانۆییێیە، بەلکو ژ کێم نرخاندنا چێژ وەرگرتنێ و نەشارەزابوونا مللەتێ مەیە د ئالیێ تێرکرنا هەستان و ئاڤاکرنا کەسایەتیا هەڤوەلاتیێ هێزمەندو مفادار دا.

ل دوماهیا شرۆڤەکرنا ئەڤان بیروبۆچوونێن سلال، ئەز ب تشتەکێ فەر دزانم لسەر قۆناغا سەرەتاییا شانۆیا کوردی بڕاوەستم، داکو بشێم پتر بسەلمێنم کو هێشتا شانۆیا کوردی د قۆناغەکا سەرەتاییدا دەرنەچوویە و قۆناغا ڕاستەقینە هێشتا دەستپێنەکرییە و ژبۆ شرۆڤەکرنا ئەڤێ بۆچوونێ ژی ئەم دکارین ئەڤێ قۆناغا ساڤا بکەینە دوو جوین:

## جوینا یەکێ: شانۆیا گوندان

شانۆیا گوندان ژ کویراتیا کەلەپوورێ کوردی دەستپێکریە و دناڤ ڕەوشەنبیریا گوندیاندا تێکەلبوویە، ولدویڤ هەلکێشان و داکێشانا ژیانا خەلکی ئەو ژی (ئانکو شانۆ) د پێشکەفتن و پاشکەفتنەکا هەڤجووتدا دبۆری. ئەم دکارین ئەو هەموو بزاڤ و چالاکی و زارڤەکرنێن ب ناڤێ شانۆیێ هاتینەکرن هەر ژ دەستپێکێ هەتا سالا (١٩١٩)ێ ب شانۆیا گوندان ناڤبکەین و لدویڤدا ژی هەرا بەردەوام بوویە هاوتەریب دگەل شانۆیا نوی ئانکو دکارین بێژینێ شانۆیا شاری. هەرچەندە دوەختەکێ گەلەک درەنگ ئەڤ زاراڤێ (شانۆ) هاتیە دناڤ فەرهەنگا کوردیدا و، ئەوێ یەکەم جار بکارئینای (گۆران)ێ شاعیربوویە، لێ ئەو ناڤێن دن یێن دهاتنە گۆتن مەبەست ژێ ئەڤ ژانرێ ئەدەبی و هونەرا وێ بوویە. ژبلی ناڤ و ناڤنیشانێن ئەڤی هونەری گەلەک حالەت و ئالیێن دن ژی هێشتا ماینەو نەهاتینە ژێک ڤاڤێرکرن و، دووبارە دێ بێژین کو ئەڤە هەموو نیشانێن قۆناغا سەرەتایی یا شانۆیا کوردینە. دگەل هندێ ژی یا فەرە پتر لسەر شانۆیا گوندان بڕاوەستین و گرنگترین خاسیەت و سیماو نیشانێن وێ دیارو خویا بکەین، کو ب هزرا مە ئەڤەنە:

١- تێکستێن نڤیساندی نەبووینە، چونکە ڕێژەیەکا زۆر یان ژی ئەم دکارین بێژین هەموو ئەوکەسانێن ب کارێ زارڤەکرنێ ڕادبوون نەخوێندەواربووینەو، ئەو دناڤبەرا خۆدا لسەر بیرۆکەیا شانۆیی ڕێک دکەفتن و ژ ئەزبەکرن دئاخفتن و، ب سەلیقەیەکا ڕەوانا ناوچەیی هەڤپەیڤین و دەمەقالەیا ئەوان دهاتە دەربڕین. ژبەر هندێ، ژلایێ زمانیڤە، تشتەکی گەلەک

زەحمەت بوویە هەمان چالاکی دووجاران وەکو یەک بهێتە زارڤەکرن. هەرچەندە بابەتێن هەڤپشک هەبووینە و ناڤەرۆکا ئەوان یا پەسەند بوویە ل جەم گەلەک خەلکی، لێ جۆروچەوانیا دەربڕینێ یا جۆدا بوویە.

٢- زارڤەکەر یان ئەکتەر، هەر ئەو کەس بوونە، ئەوێن کەسایەتییەکا ترانەکەر ورویخۆش هەی دناڤ گوندیدا، چونکە د زۆرزان و زمانلووس و قسەخۆش بوون و، ب ساناهی دشیان رویدان و کەم و کورتی و قسوبری و پێدڤی و دەردێن کۆمەڵایەتی بکەنە بابەتێن سەرنج راکێش و دهەلکەفتن و بۆنەیێن هەمە جۆردا، ب رەنگەکێ زارڤەکرنێ بۆ خەلکی پێشکێش بکەن.

٣- شوێن و جهێن تایبەت نەبووینە ژبۆ ئامادەکرن و نمایشکرنا شانۆگەریان، بەلکو لدویڤ جڤین و خرڤەبوونا خەلکی جهەک دەستنیشان دکرو بزاڤا خۆ لێ پێشکێش دکر، گەلەک جاران ل کۆچک و دیوانان یان ژی لبەرسڤک و مەیدانێن نیڤا گوندی یان ژی ل کاخەکا سەیرانگەهان یان ل حوجرێن مزگەفتان دهاتنە پێشکێش کرن. تەنانەت ئەگەر جهەکی ژ ئەڤان جهان چالاکییەکا زارڤەکرنێ لێ دووبارە بباڤە، مەرج نەبوو، هەر ئەو گۆشە یان هەمان کەرستە بکارهاتبان، چونکە کەرستە ژی لدویڤ دەم و گاڤ و شوینێن جۆدا جۆدا دهاتنە گۆڕین.

٤- تەماشەڤانێن چالاکییێن زارڤەکرنێن گوندان خەلکەکێ کێم بوو وەکو هەژمار، لێ زۆربەی جاران زۆربەی خەلکێ گوندی بوون ب هویروگرڤە ب لاووپیرڤە، ئەڤە ژی رامانا ئەوێ هندێ ددەت کو ( ٩٠ ٪ ) ژ خەلکی گوندی یان ژی زێدەتر تەماشەڤانێن ئەوێ چالاکییێ بوون، ئەڤ رێژەیە ژی پێوەرەکا گرنگە ژبۆ بایەخدان یان پویتەدانا خەلکی ب کارێ زارڤەکرنێ و، گەلەک جاران وەکو شاباش یان ب خەلاتێن باش یارمەتیا زارڤەکەران دهاتە دان.

٥- جل و بەرگ و کەرستەیێن خۆگۆڕاندنێ ژ دەرمان و بەقەم و تەرتیڤێن ئەنتیکە، هەر ژ دەوروبەر دهاتنە دروستکرن، هنەکان شارەزایەکا تایبەت د ئەڤان کاراندا هەبوو، لەوما گەلەک جاران هەڤال و دۆستێن زارڤەکەران ل دەمێ خۆ گۆڕاندنێ و نمایشکرنێ ئەو نە دناسینەڤە. ئەڤە ژی هونەرەک بوو خودانێن وێ شانازی پێ دکر.

٦- هەر چ حالەتێ هاتبا نمایشکرن، چ رەخنە، داشۆرین، لێبۆکی... شەرم نەبوون، و پشتی زارڤەکرنێ ئەکتەری کەسایەتیا خۆ ژ دەست نەددا، بەلکو وەکو مرۆڤەکێ بەهرەمەند دهاتە دیتن.

ئەڤە و گەلەک سیماو نیشانێن دی یێن لاوەکی و ڤاڤێر هەبووینە کو ب درێژی دناڤ ئەوان گۆتار و ڤەکۆلینێندا هاتینە بەحسکرن کو ب کویرودویر لسەر پەیدابوون و مێژوویا شانۆیا کوردی ئاخفتینە، لەوما ژی لڤێرەدا ب تشتەکێ فەر نازانم ب درێژی بەحس بکەم نەخاسمە دەربارەی ژیانا کوردەواریا دناڤبەرا گوند و شاراندا.

## جوینا دوویێ: شانۆیا شاری

ئەو بزاڤێن هونەرییێن لایەنێ شانۆیێ ڤەدگرن، و ل شارێن کوردستانێ هاتینە کرن، دزڤرنەڤە بۆ سالێن پشتی شەڕێ جیهانیێ یەکێ، یان ژی هێشتا هێڤەتر، چونکە ل ئەوی دەمی رێژەیا خویندەواریێ زێدەتر ببوو و چاپخانە ژی پەیداببوو، و کتێب و رۆژنامە دهاتنە چاپکرن و بەلاڤەکرن. و هونەرێ شانۆیێ وەکو ژانرەکی ئەدەبی و هونەرەکی ئەوروپی کارتێکرن ل خەلکێ کوردستانێ کربوو ب رێکا مللەتێن دراوسێ، دەمێ ب رێکا ئەوان گەهشتیە کوردستانێ، یان ژی هنەک جاران راستەوخۆ تیمێن زارڤەکرنێ ل دەولەتێن دویرتر هاتینە و بەرهەمێن خۆ ل شارێن کوردستانێ نمایشکرینە. لێ بەلێ ئەڤ کارتێکرن و پەیوەندییە پتر لێهات دەمێ خویندنگەهێن فەرمی زێدەبووین و هاتوچۆنا خەلکێ کوردستانێ ژی بۆ وەلاتێن بیانی خورتتر بووی، چ ژبۆ خوێندنێ یان بازرگانیێ یان ژی هەر بۆ رێڤەبرنا کاروبارێن میری و خزمەتکرنا سەربازیێ.. لێ بەلێ پشتی بزاڤا شانۆیێ جهێ خۆ ژی گرتی دناڤ چەندین شارێن کوردستانێدا، هەتا دەمەکێ درێژ تێکەلی و تەڤلیهەڤبوونەک هەر هەبوو دناڤبەرا ئەوان بزاڤێن ب ناڤێ شانۆیێ دهاتنەکرن و، گەلەک زەحمەتە هەموو مەرجێن هونەرییێن تایبەت ب شانۆیێ ڤە دناڤ ئەوان کاراندا بهێنە دیتن و، ئەگەر هەبن ژی رێژەیەکا لەرزۆکا بلند و نزم ڤەدگرن. لسەر بنامەیەکی رەخنەیی- ئەکادیمی مرۆڤ دشێت چەندین جۆرێن درامایێ تێدا جۆدا بکەت. هەرچەندە هنەک کارێن پەیسک بلند ژی هاتینە ئەنجامدان، لێ هەژمارا ئەوان ناگەهتە رادەیەکا وەسا کو مرۆڤ بکاریت بێژیت بزاڤەکا شانۆیێ یا رێکوپێک پەیدابوویە، چونکە ئەگەر ئامارەکا گشتی دەربارەی ئەڤێ بۆچوونێ بکەین کو ئەو شارێن شانۆیێن کوردی تێدا هاتینە پێشکێشکرن وەکو: سلێمانی، هەولێر، کۆیە، دهۆک، زاخۆ، مهاباد، سنە، ئاکرێ، تەبلیس، کەرکووک، رواندوز.... ژبلی هنەک شارێن ئەوروپایی وەکو لەندەن و ستۆکهۆڵم و پاریس. ئەنجامێ دوماهیێ ژ پێشکێشکرنا شانۆیان ل هەر شارەکیدا ناگەهتە سالێ جارەکێ، شانۆیەک هاتبیتە نمایشکرن، ئەم دکارین بێژین ل هنەک ئەوان شاران (٥) سالان شانۆیەکا هاتیە نمایشکرن، ئەڤ چەندە ژی ئەوێ ئاکامێ ددەتە دەست کو شانۆیا کوردی هێشتا د قۆناغەکا سەرەتاییدایە... و ئەگەر ل هەر وەختەکی شانۆیەکا رۆژانە ل هەر شارەکێ کوردستانێ یان ژی ل دەرڤەی وەلاتی هاتە دیتن.. ئەڤە پێنگاڤا دوویێ دێ هێتە ئاڤێتن.... و ئەڤە تشتەکێ زەحمەت نییە و ئامانجەکا دویر ژی نییە، بەلکو هەموو پێداویستییێن ئەوێ چەندێ هەنە و وەسا هزر دکەم کو ئەو رۆژ یا نێزیکە.

**ژبۆ زێدەتر رۆنڤەکرنێ دێ بزاڤا شانۆیا کوردی ل چەند شاران دەینە خویاکرن:**

### هەولێر

ژبلی ئەو تیپێن ژ دەرڤەی شاری هاتین و شانۆگەری



**کۆما شانۆیا کوردێن تبلیسێ د پێشکێشکرنا پیەسا «زاڤایێ وەلاتێ دەر»دا**

پێشکێش کرین (هەلبەت ب زمانێ کوردی ژی نەبووینە). یەکەم هەول هاتیە دان دامەزراندنا (لیژنەیا فەن و تەمسیل) کو ل قوتابخانەیا (أربیل الأولی) بوویە ل سالا (١٩٢٠)ێ و ل سالا (١٩٢١)ێ دەست ب پێشکێشکرنا بەرهەمێن خۆ کرییە و، ئەو بەرهەم ژی زیاتر ژ ئامادەکرنا مامۆستاییێن ئەوێ مەکتەبێ بووینە. وەسا هزر دکەم کو ناڤ و جۆرێ کاری و چەوانیا دەرهێنانێ و بینەرێن یەکەم شانۆگەری ل هەولێرێ هاتیە نمایشکرن هێشتا ب دروستی ساغ نەبوویە ڤە.. و ئەگەر یەکەم شانۆیا ل هەولێرێ هاتیە پێشاندان ب ناڤێ (سەلاحەددین ئەیووبی) بێت ل سالا (١٩٢١)ێ، لێ شوینەوار، و ئالاڤێن هونەری یێن وێ بیروراییێن وی نابرنەڤە کو ئەڤ شانۆگەرییە ل سالێن سیهاندا هاتیە پێشکێشکرن. لێ بەلێ هەر ل وی ناڤێ (لیژنەیا فەن و تەمسیل) بوویە لیجنەی فنونی جەمیلە کو کارێن چاکترو نایابتر پێشکێشکرینە. هەرچەندە هەولێر یەک ژ شارێن پڕ بزاڤێن هونەرا کوردی دهێتە نیاسین لێ رێبازا پێشکێشکرنا شانۆگەریان هەرا بچر بچر بوویە و، چو جاران د پێنگاڤا یەکێ، ئەوا مە پێشترێ بەحس ژێ کری، دەرنەچوویە، ل سالا (١٩٣١)ێ (کچی کوردستان) هاتیە پێشکێشکرن، لێ زانیارییێن تەڤاڤ دەربارەی تێکست و ئەکتەرەکان و جۆری جلوبەرگ و ئەکسسوار نەکەفتینە بەر دەست، لەوما ژی ئەرشیفێ مێژوویا شانۆیا کوردی د (٥٠) سالێن دەستپێکێدا پتر جەخت لسەر ناڤێ شانۆگەریان دکەت، ئەڤە ژی ب ساناهی دهێتە ئەنجامدان.

### سلێمانی

دامەزراندناکۆمەلا زانستی یا کوردان ل رۆژا (٢٤)ێ شوباتا سالا (١٩٢٦)ێ سەرەتایەکا بنەجهبوویە ژبۆ پەیدابوونا شانۆیێ ل شارێ سلێمانییێ. ئەڤێ کۆمەلێ یەکەم شانۆگەری ب ناڤێ (عیلم و جەهل) ل رۆژا (٢٧)ێ تەمموزا سالا (١٩٢٦)ێ و بۆ ماوەیێ سێ رۆژان ل ماڵا (بەهرەخان)ێ خێزانا شێخ مەحموودێ نەمر پێشکێشکرییە. د ئەڤێ شانۆگەرییێدا مامۆستا وقوتابیێن مەکتەبا ئەوەل تێدا بەشداربوون و مامۆستا فوئاد رەشید بەکر دەرهێنەرێ وێ بوویە.

پاشان تیپا شانۆیا قوتابخانەی زانستی شانۆگەریا (نیرۆن) ل رۆژێن (٢٧–٢٨)ێن تەمموزا سالا (١٩٢٧)ێ پێشکێشکرییە. ولدویڤدا قوتابخانا کچان ل سلێمانییێ چەند شانۆگەرییەک پێشکێشکرینە، ژ ئەوانا: (ئینسان ئەوەی ئەیچینێ ئەوە ئەدرویتەوە) و (دایک) کو هەردوو ل رۆژا (١٩٣٠/٣/٢٠)ێ هاتینە نمایشکرن،

شانۆگەریا (دلداری و پەیمانپەروەری) ژی یەکەم شانۆگەرییا خۆمالی بوویە و ل شەڤا (١٩٣٣/٤/٢٨)ێ هاتیە پێشکێشکرن و هۆسا ئەڤ رێبازە بەردەوام دبیت و ل سالا (١٩٣٥)ێ دوو شانۆگەری دهێنە پێشکێشکرن (سەربازی ئازا) و (مەم و زین).. هەرچەندە یەکەم شانۆنامەیا کوردی ل ئەڤی شاری نەهاتیە نڤیسین و بەلاڤکرن و یەکەم شانۆگەریا کوردی ژی تێدا نەهاتیە نمایشکرن، لێ پترین هەژمارا شانۆگەیان تێدا هاتیە پێشکێشکرن و ئەگەر کرۆنۆلۆژیایەکا شانۆیا کوردی بهێتە ئامادەکرن، دویر نییە نێزیک نیڤەکا شانۆگەرییێن کوردی ل ئەڤی شاری و دەوروبەرێ وی هاتینە پێشکێشکرن و نیڤا دی ل هەموو شارێن کوردستانێ.

### مهاباد

مهاباد ژی یەک ژ ئەوان شارێن کوردستانێ بوویە، کو هەر زوی ئەڤ رەنگێ هونەری ل ئامێزگرتیە و پشتی دامەزراندنا کۆمەلا ژیانەوەی کورد ل (١٩٤٥)ێ تیپا نمایشی کوردستان دامەزراندییەو، ئەڤێ تیپێ چەند کارێن ژێهاتی پێشکێش کرینە ژ ئەوانا (دایکی نیشتمان) کو ئەڤ شانۆگەرییە نێزیکی چل رۆژان هاتیە نمایشکرن و زێدەتر ژ بیست هەزار کەسان دیتیە. هەروەسا ئەڤێ تیپێ چەند شانۆگەرییێن دی ژی پێشکێش کرن ژ ئەوانا (شۆڕشی ئارارات) و (خنکاندنی دکتۆر فوئاد) و چەندین شانۆگەرییێن دی. ل پشتی ژناڤچوونا کۆمارا کوردستانا دیموکراتی و ل سێدارەدانا سەرۆک و زۆربەی دامەزرێنەرێن وێ، هەیامەکی بزاڤا شانۆیی کزو سست بوو، لێ بەلێ ل سالا (١٩٧٢)ێ تیپەکا شانۆیی پێکهات و هێدی هێدی دگەل ئەو پێشکەفتن و گولڤەدانا هونەری و رەوشەنبیریا ل ئێرانێ دروستبووی ئەڤ تیپە ژی هێشتا پێشکەفت ب تایبەتی پشتی رووخانا رژێما پاشایەتی، ژ ئەوان چالاکیان ل سالا (١٩٧٥)ێ یەکەم فیستیڤالا شانۆیی موکریان ل مهابادێ سازکرا کو (٥) تیپ ژ شارێن مەریوان و بۆکان و مهابادێ بخۆ تێدا بەشداربوون. هەر د ئەڤێ سالێدا پەیوەندیا شانۆیێ دناڤبەرا شارێ مهاباد و شارێن بۆکان و کرمانشان موکمتر بوو، و ژ بەرهەمێن ئەڤێ هەڤکارییێ شانۆگەریا «گورگە هات و خەمی هاورد» هاتە

پێشکێشکرن ژ نڤیسینا نووسرەتی سەیافی کو نڤیسکارو دەرهێنەرەکێ ژێهاتی بوو و، یەکەم شانۆگەریا منداڵان بوو بهێتە پێشکێشکرن و ماسک تێدا بهێتە بکارئانین، هۆسا بزاڤا شانۆیی ل ئەڤی شاری بەردەوام بوو.

## دهۆک

هونەرێ شانۆیێ درەنگتر ژ شارێن دی یێن مە بەحس ژێ کری، ل دهۆکێ پەیدابوویە، کو ل دویماهیا سالێن سیهان بزاڤا وێ دەستپێکرییە و، پشتی هنگی تاک تاکە هاتینە پێشکێشکرن، چونکە بزاڤا شانۆیێ وەکو جهێن دی یێن کوردستانێ یا گرێدایبوو ب ڤەکرن و پێشکەفتنا قوتابخانێن فەرمی، لەوما ژی دەمێ تیپا خانەیا مامۆستاییێن گوندان هاتیە دامەزراندن سەرەتایەکا پڕ بەرهەم بوو و، بیاڤەکا باش بۆ ئەڤی هونەری دروستکر و ل سالێن کۆتایا چلان و دویڤدا تر چەندین شانۆگەری هاتنە پێشکێشکرن.

ل سالا (١٩٦٩)ێ دهۆک بۆ پارێزگا و دەزگاییێن پەروەردەیی و زانستی یێن بەرمشە لێ هاتنە ڤەکرن و رێک زێدەتر خۆشکر بۆ نمایشکرنا شانۆگەریان و سالێن حەفتیان و هەشتییان ب دروستی شانۆ هاتە دناڤ قادا ئەدەبی و هونەرێ کوردیدا، لێ وەکو هەموو شارێن دی یێن کوردستانێ نەگەهشتە قۆناغا سەرپێ ڕاوەستانێ کو ببیتە بزاڤەکا رۆژانە و بینایەو تەلار و شوینێن راهێنانێ و ئەکتەرێن پرۆفیشنال تێدا کار بکەن، لێ چەوا بیت، پاشەڕۆژەکا رۆناک چاڤەڕێێ ئەڤی هونەری دکەت ل شارێ دهۆکێ.

## تبلیس

تبلیس پایتەختێ کۆمارا گورجستانێیەو، ئاکنجییێن وێ مەلیۆنێک زێدەترە و، نێزیکی (٣٠) هەزار کورد تێدا دژین، کو وەکو هەژمار کێمن، لێ بەلێ وەکو بزاڤ پڕ خورتن و چالاکییێن هەژی هەنە، ژ ئەوان چالاکیان بزاڤێن شانۆیی. یەکەم شانۆگەری.. وەکو ئەم ئاگادرین-شانۆگەریا (قەلەن) ل سالا (١٩٢٨) ژلایێ چەند لاوێن کورد ل وێرێ هاتیە پێشکێشکرن، ئەڤە هەروەکو (مرازێ ئۆسۆ جەوەری) رەژیسۆرێ تیاترۆیا کوردی دبێژیت کو دناڤبەراسالێن (١٩٣٠)ێ و هەتا (١٩٥٠)ێ گەلەک پیەس هاتینە پێشکێشکرن و کارێن باش هاتینە کرن لێ تیاترۆیا تەڤاف کۆ گروپا کاری و ئەکتەر و شوین نەبوونە، هەتا ل سالا (١٩٧٩)ێ چاخێ کۆمەکا تیاترۆیا بێشکەفتی هاتیە دامەزراندن و د سالێن دەسپێکێدا ئەڤ پیەسە پێشکێشکرینە:

١- سنجۆ قیزا خوە ددە مێر، ژ نڤیسینا ئەسکەرێ بۆییک.

٢- جینار، ژنڤیسینا یۆگاییف.

٣- سیابەند و خەجێ، ژنڤیسینا تۆسنێ رەشید.

٤- هەلا هێ عەرەبە وەلنەگەرییایە، ژنڤیسینا ئوتیا ژوسەلییان.

٥- زاڤێ ژ وەلاتێ دەر هەروەسا (چقکێ سپیندارێ) و گەلەکێن دن وەکو (تاهر، زاهرو تابی).

هەژییە بێژین کو ئەڤێ کۆمێ خزمەتەکا باش کرییە کو سەروەرێ وێ (ئاندۆیی چلدەرگووشی) بوویە و ئەو ئارتستێن تێدا کارکرییە ئەڤەبوون: (نازا خاستی، نازا خەتۆ، کولیلکا ئەسۆ، گولچەرا ئووسف، بەسا مەموود، تەمەرا جەنگیز، لینا سەبری، گورامێ مراز، تیتالێ ئەڤدو، شالیکۆیێ سەفۆ، تیتالێ حەمید، تیتالێ پالۆ، ئیسکۆیێ ئووسف، شالیکۆیێ مراز، تێموورێ کەلەش، تەنگیزێ مەمێ).

***

ب ئەڤی رەنگێ سلال مرۆڤ دکاریت مێژوویا دەسپێکرنا شانۆیا کوردی ل هەر شارەکی تۆمار بکەت و پێنگاڤێن وێ و پەرەسەندنا وێ ژی دەستنیشان بکەت و، ب تەڤاڤبوونا کارەکێ هۆسا شەنگست و مێژوویا گشتیا وێ دێ هێتە خرڤەکرن و، ئالیەکی ژ ئەدەب و هونەرا کوردی ژ نەمان و وندابوونێ قورتال کەت، هەرچەندە هەتا رادەیەکا باش خەمخورێن ئەڤێ خزمەتێ هەبووینە و دێ هەبن چ ژ ئالیێ کەسیڤە کو هەولێن بەرچاڤ هاتینەکرن و هنەک ژ ئەوان دگەهنە پلەیا ئەفراندنێ، هەروەکو ل هەولێر و سلێمانیێ و کرمانشان و دهۆکێ دهێنەکرن، و هنەک بزاڤێن ئەکادیمی ژی هەنە و نامەیێن ماجستێرێ لسەر هاتینە ئامادەکرن. هەرچەندە لڤێرە و، دناڤ ئەڤێ نڤیسینێدا کو زێدەتر بیروبۆچوونێن من یێن کەسینە و ب پالپشتیا ئەوان پێنگاڤێن جوامێرێن دی ئاڤێتین ئەڤان بیروڕایان دەردبڕم، کو لڤێرە دیسان دەلیڤا هندێ نییە ئەوان بیروبۆچوونێن خۆ و کارێن هاتینە ئەنجامدان هەموویان شرۆڤە بکەم، لێ پشتی ڤەخویندنەڤەو پێداچوونێن ئەوان کاران، ئەڤ ئەنجامێن خوارێ بۆ من هاتە دەست و د ئەڤان خالێن خوارێدا دێ کورت کەمەڤە:

١- چو دەقێن شانۆنامەیان، بەری سالا (١٩١٩)ێ دیارنینە، لەوما شانۆناما (مەمێ ئالان) ئەوا عەبدورەحیم رەحمی هەکاری (١٨٩٠-١٩٥٨) د هەژمارێن (٥-٦) گۆڤارا (ژین)دا ب دوو ئەلقەیان ل ستەنبۆلێ بەلاڤکری دهێتە هەژمارتن یەکەم دەقا شانۆنامەیا کوردی.

٢- بەری سالا (١٩٢١)ێ چو زانیاری لبەردەست نینە کو شانۆگەرییەک ب زمانی کوردی کو مەرجێن هونەری تێدا هەبن (دەق، دەرهێنەرو دەرهێنان، ئەکتەر، جەماوەر) هاتبیتە پێشکێشکرن. ئەڤ بزاڤە ژی تەنها ل یەک شار نەبوویە بەلکو بزاڤەکا گشتی بوویە، لەوما ب سەرەتایەکا ئیجابی دهێتە دانان.

٣- د ئەڤان (٨٥) سالێن بۆریدا، هەر شوینەکا کوردستانێ هنەک هێمنی و ئاسایش بخۆڤە دیتبیت، یان ژی هەلمژینەکا ئازادیێ تێدا هەبووبیت، بزاڤا شانۆیێ ژی جهێ خۆ تێدا کرییەو، جەماوەرێ خۆ ژی هەبوویە، لەوما ژی ئەڤ بزاڤە پتر ل ئەوان سالێن پشتی شەڕێ جیهانیێ یەکێ بدویماهی هاتی هەتا دروستبوونا دەولەتا تورکیا نوی ل کوردستانا تورکیا دهێتە بەرچاڤ و، ل کوردستانا عیراقێ ب

دریژیا دەمێ دروستبوونا دەولەتا عیراقێ ل (١٩٢١)ێ و هەتا ئەڤرۆ کو کوردان هەمیشە رۆلێ خۆیێ سیاسی و کۆمەلایەتی و رەوشەنبیری هەبوویە دناڤ عیراقێدا ب تایبەتی پشتی شۆرەشا (١٤)ی تەمموزا سالا (١٩٥٨)ێ، و زێدەتر ژی پشتی رێککەفتنا (١١)ی ئادارا سالا (١٩٧٠)ێ. هەروەسا د ئەوان چەندین سالێن بەری و لسەر دەمێ دامەزراندنا کۆمارا کوردستانا دیموکراتی ل مهابادێ. دیسان کوردێن کۆمارێن سۆڤییەتیا بەرێ مفا ژ ئەوان مافێن کێمێن دەولەتێ بۆ نەتەوە و کێماتییێن دی دابینکربوون دیتبوو و، بزاڤەکا هونەری- ئەدەبی هەبوو، و چەند کاروچالاکی د ئەڤی بواریدا هاتینە ئەنجامدان و دناڤ بیبلۆگرافیا ئەدەب و هونەرا کوردیدا جهێ خۆ گرتینە.

٤- نڤیسکار و هونەرمەندێن شارەزایی یان پەیوەندی یان تێکەلبوون دگەل شارستانیەتا ئەوروپادا- ب رێکا ستەنبۆلێ- پەیداکری، هەر ئەو پێشەنگ و دانەربووینە د داناناشەنگستێن شانۆیا کوردی لدویڤ رامان و پێکهاتەیێن هونەروەریا ئەوروپادا، کو بوویە وەرچەرخانەکا گرنگ و، هونەرا زارڤەکرنا کوردی بەرەڤ ئاقارەکێ نوی یێ پێشکەفتی و زانستی بری.

٥- ژبلی ستەنبۆلێ ئەو بزاڤێن هونەری و چاکسازیێن ل بەغدا ژی دهاتنە ئەنجامدان، هەروەسا هاندان و پشتگیریا دەستهەلاتیا ئینگلیزی پشتی شەرێ جیهانیێ یەکێ کارتێکرنا راستەوخۆ هەبوویە لسەر ئەوێ وەرچەرخانێ، بەلکو پرەکا ناڤبەراست دناڤبەرا زارڤەکرنا کەڤن و ریالیستیەکا ساکارا رەخنەگردا دروست کریە.

٦- هەرچەندە شارێ هەولێرێ ب یەکەم شوێن دهێتە هەژمارتن، ژبۆ نمایشکرنا شانۆیا کوردی کو سالا (١٩٢١)ێ ب دەستپێکا وێ دهێتە زانین. لێ بەلێ ئەڤ شارە ب پلەیا یەکێ ناهێت کو بزاڤا شانۆیێ تێدا پێشکەفتی و هەژمارەکا زۆر ژ کارێن خۆمالی و وەرگێرایی پێشکێش کربیت، بۆ نموونە شارێ سلێمانیێ دووجار و ئەگەر زێدەتر نەبیت شانۆگەری تێدا هاتینە ئامادەکرن و پێشکێشکرن.

٧- شانۆگەری ب زمانێن دی ژی ل شارێن کوردستانێ هاتینە پێشکێشکرن وەکو شانۆگەریا (میری دیل) ل سالا (١٩٠٥)ێ ل هەولێرێ، یان ژی هونەرمەندێن کورد هەبووینە، شانۆگەری ب زمانێن دی پێشکێشکرینە، لێ بەلێ ناڤەرۆک و گیانەکێ کوردی تێدا بوویە و، ل دەرڤەی کوردستانێ هاتینە پێشکێشکرن وەکو (کورد قزی- کچە کورد) ل دەوروبەری سالا (١٨٧٧)ێ ل ستەنبۆلێ، کو ژ نڤیسینا مەدحەت ئەحمەد ئەفەندی (١٨٤٤-١٩١٢) بوویە. یان ژی میر سەیفەدین کرمانشاهی (١٨١٢-١٨٧٥) رۆلەکێ بەرچاڤ هەبوویە ل دامەزراندنا شانۆیێ ل ئیرانێ ب گشتی و، پاشان شانۆیا کوردی ژی ل رۆژهەلاتا کوردستانێ.

***


ئەڤە و مرۆڤ دکاریت چەندین ئەنجامێن دی ژی شرۆڤە بکەت و ب دریژی دەستنیشان بکەت، لێ ژبەر کورتیا دەلیڤا ئەڤی بابەتی، ئەز وەسا هزر دکەم کو ئەڤ گرۆڤ و بەلگە بەسن و تێرا سەلماندنا بۆچوونا مە دکەن، دمینیت ئەنجاما دوماهیێ بەحسبکەین کو هەر ئەو ئامانجا سەرەکی بوویە ژ نڤیسینا ئەڤی بابەتی ئەوژی ئەڤەیە:

هونەر و ئەدەبێ زارڤەکرنێ لناڤ کورداندا هەبوویە، لێ ب رەنگەکێ سادەو ساکار، چونکە زۆربەی ئەو کەسێن ب ئەڤی کاری دهەستان و جێبەجێ دکرن نەخوێندەوار بوون، لەوما ژی دکارین بێژین کو ئەڤە لایەنەکبوویە ژ ئەدەبێ مللی و فلکلورا کوردی و، دکارین وەکو سەرچاوەو ژێدەر بهەژمێرین، چونکە بیاڤ و پانتایەکا باش و لەبارو بنەجه ژبۆ هاتن و دامەزراندنا شانۆیا نوی خۆشکربوو، هەروەسا شانۆیا نوی وەکو ئەدەب و هونەر دهێتە هەژمارتن، ئەو بوویە یا ب رێکا ئەوروپا ڤە گەهشتیە دەڤەرا مە و هەموو مللەتێن رۆژهەلاتا ناڤەراست پێ داخبار بووینە وەکو (تورک، عەرەب، فارس...) و، لڤێرە یا فەرە بێژین کو هەموو ئەدەب و هونەرێن ل ئەوروپا پێشکەفتین ئەو بووینە یێن ب بنەما و بنچینە دزڤرنەڤە ژبۆ شارستانییەتا یۆنان و رۆمانا کەڤن و بەرە بەرە گۆرانکاری بسەردا هاتینە و پێشکەفتنەکا زانستی- ئەکادیمی بخۆڤە دیتیە.

لدویڤ ئەڤێ بۆچوونێ سالا (١٩١٩)ێ دهێتە هەژمارتن دەسپێکا پەیدابوونا شانۆیا کوردی (وەکو مە پێشتر بەحسکری) و رێبازا شانۆیا کوردی دوو ڤەرێژ گرتن؛ ئەڤا نوی، ئەوا ل شاران جهێ خۆ دگرت و ب هەموو تەرتیف و سەلیقەیێن خۆڤە (شانۆ) بوویە. و ئەوا کەڤن و ب رەنگەکێ سادەو ساکار دهاتە ئامادەکرن و پێشکێشکرن ل گوندان مایەڤە و بەردەوام بوو.. لێ خالا سەرەکی دناڤبەرا ئەواندا هۆکارێ (خویندەواری و زانستێ)یە، کو مللەت چەند خوێندەوار و دپلەیا زانستیدا پێشبکەڤیت و ئاستێ وی یێ رەوشەنبیری بەرەڤ پێشڤەبچیت، دێ پتر ژ سادەیا سەرڤە سەرڤە دویر کەڤیت و بزاڤا وی یا سەرەتایی و بەراهیێ دێ بیتە کەلەپوورێ وی یێ کو داهاتی لسەر دهێتە ئاڤاکرن. ئەڤ خالە دوورییانەکا گرنگە کو پشتی (کورد) ژی ژ پەیسکێن پێشکەفتنا شارستانی و رەوشەنبیریڤە هەلبچن.. دێ شانۆیا گوندان ژناڤچیت و نامینیت و دێ بیتە فۆلکلۆر و کەلەپوورەکێ جوان و ب مفاو، رێک دێ هێتە خۆشکرن بۆ خۆجهکرن و چەسپاندنا شانۆیا شاران کو دویڤدا ب دروستی دێ بیتە هونەرەکی سەرانسەری، لێ ئەگەر رەوشا شانۆیا کوردی ب ئەڤی تەرزی بچیت و نەشێت ببیتە هونەرەکێ رۆژانە و پیشەیەکێ سوودمەند و پیشەسازییەکا پر قازانج، ئەو ژی دێ هەر ب رێکا شانۆیا گوندانڤە چیت و ل پەراوێزا رەوشەنبیریا وەلاتیدا ژیت، کو ئەڤە ژی ئاستەکە، باوەر ناکەم کەس هەبیت خۆزیان بۆ بکێشیت..❖

# مایرهۆڵد و قۆناغەکانی نوێگەری

## شانۆی سیاسی لە مایرهۆڵدەوە بۆ برێخت



د. فازڵ جاف
(سوێد)

قسەکردن لەسەر شانۆی مایرهۆڵد، بێ ئاگاداربوون لەو ڕەوتە مێژووییەی ئەم کەڵە دەرهێنەرە شتێکی بێ مانایە، بەتایبەتی ئەمڕۆ زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد بووە بە وێستگەیەکی گرنگ لە قۆناغەکانی شانۆی نوێگەری.

مایرهۆڵد تەنیا بۆ ڕووسەکان، نەبووە بە قوتابخانەیەکی هونەری و قوتابخانەیەکی شانۆیی، بەڵکو ئەمڕۆ وەک قوتابخانەیەکی دیارو چالاک لە زانکۆو نێوەندە هونەری و ئەکادیمییەکاندا چەندین بڕوانامەی باڵای هونەری لەسەر ژیان و بەرهەم و ستایلی ئیشکردنی ئەم دەرهێنەرە بە قوتابیانی ئەو بوارە دەبەخشرێت.

ئەم وتارەی کە لەبەردەستماندایە لە دووبەش پێک دێت کە دەرهێنەرو ڕەخنەگری بەناوبانگی کورد (د. فازڵ جاف) لە ڕۆژنامەی (زەمان)ی لەندەنیدا بەزمانی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە، ئەم دوو بەشە، باس لە قۆناغەکانی نوێگەری دەکات، لە بزاڤی شانۆییدا، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، نوێگەری سیمایەکی زۆر دیاری ئیشکردنەکانی مایرهۆڵدە لە کرداری شانۆییدا.

مایرهۆڵد وەک دەرهێنەرێکی دیاری سەدەی بیست، توانی بە قووڵی لەو چەمکە بڕوانێت کە پێی دەوترێت شانۆی سیاسی، دەکرێت، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە بێت کە ئەوی تێدا ژیاوە، ئیتر ئەم ئاراستەیە درێژدەبێتەوە لەوەوە تا دەگاتە برێخت لە ئەڵمانیا کە ئەمڕۆ شانۆکەی برێخت وەک شانۆیەکی سیاسی دیار دەناسرێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش، نووسەرەکەی (د. فازڵ جاف) شانۆکارێکی کوردی زۆر دیارەو ئەمڕۆ وەک مامۆستایەکی زانکۆو ئەکادیمییەکی بواری شانۆ لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا لابۆرو ستۆدیۆی شانۆی هەیە، ئەوەی زیاتریش کە هانی داین بۆ وەرگێڕانی ئەم دوو بەشەی وتارەکە، (د. فازڵ) پسپۆریی ئەم نووسەرە کوردەیە لەو بواردا کە هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرایە لەبواری بایۆمیکانیک)ی لە میتۆدی مایرهۆڵددا، بێگومان ئەم لایەنەش زانستی بوونی تەواو دەبەخشێتە وتارەکەی نووسەر، وەک لە نووسینەکەشدا دیارە، پێدەچێت ئەم وتارانە چەندین وتاری تری بەدواوە بێ و بەشێوازی زنجیرەیی کە هەر بەشێکیان باس لە ڕەهەندێکی ئیشەکانی مایرهۆڵد دەکات، بەهیوای ئەوەی لەداهاتوودا بەشەکانی تری ئەم نووسینەمان دەست کەوێت و بیخەینەبەر دەستی خوێنەرانی کورد.

**کامەران سوبحان – عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(سلێمانی)**



مایرهۆڵد

تەکنیکی هونەری لە شانۆی مایرهۆڵددا وەک «هۆتۆن» بۆی چووە، پڕاوپڕ لەسەر بنەمای ئاوێتەکردنی جووڵەو وەستان و ڕیتم پێک هاتووە. لەم شانۆیەدا جووڵە زیاتر بایەخی پێ دراوە، بۆیە ئەو هەردەم خوازیاری ئەوە بووە کە چۆن ئەو ئاوێتەیە پێک بهێنێت.

دوای ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی بنەڕەتی جووڵە لە شانۆی مایرهۆڵددا، «هۆتۆن» دێت و باس لە شانۆیی «السمح ذوالقرنین» دەکات، وەسفی سینۆگرافیا و جلوبەرگی ئەکتەرەکان دەکات و دێتە ئەو بڕوایەی کە هەموو فیکرەیەک لەسەر شانۆ لە ڕێی جووڵەوە تەعبیری لێ دەکرێت و هەموو جووڵەیەکیش بە مەبەستی بەدی هێنانی ئەرکێکی دیاری کراو نەخشەی بۆ کێشراوە. هۆتۆن، کاتێک بۆ تێگەیشتن لەلایەنەکانی شانۆ ئەو جۆرە شێوازە شرۆڤە دەکات، بە شێوەیەکی وردەکاری باس لە چارەسەری شانۆ دەکات بۆ ڕۆڵە «غرامیەکان» لەو شانۆییەدا کە بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازیی هەیە لەتەک ئەوەی کە کاری لەسەر کراوە لەپێچەوانە کردنەوەی ئەو جۆرە ژووانانەدا.

ئەوەی کە بەشێوەیەکی تەقلیدی ڕووی داوە بریتییە لەم بەدوایەکدا هاتنە شانۆییەی لای خوارەوە: عاشقەکە دێتە ژوورەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە لە دڵدارەکەی نزیک دەبێتەوە و لە ئامێزی دەگرێت، بەڵام مایرهۆڵد کچە پاڵەوانەکە دەخاتە سەر «بنکە- القاعدة»یەکی لە پلێت دروست کراو، عاشقەکە بەسەر پەیژەکەدا سەردەکەوێت، دواتر بەدەم هاوارێکەوە بەردەبێتە خوارەوە، شرۆڤەکردنی جووڵە و دەلالەتی گرنگی، هۆتۆن دەگەیەنێتە دیراسەکردنی ئیشە تیۆرییەکانی مایرهۆڵد. ئەو لەکاتی وانەکانیدا سەبارەت بە بایۆمیکانیک چاودێریی مایرهۆڵدی دەکردو دواتریش لەسەر سیستەمی مەشقەکانی «ترینینج»ی فیزیایی مۆسیقا بۆ دانراوی دەوەستا.

دواتر «هۆتۆن» بە وردی باس لە بەدوایەکدا هاتنی بایۆمیکانیکی «ئەدا» دەکات، بەڵام پاش ئەوەی بە وردی و بە داڕشتنێکی لەبار، باس لە خودی چەمکی بایۆمیکانیک دەکات، دەچێتە سەر «تایلوری» و تیۆرەکانی ڕوودانی کاردانەوەکان لای «بافلۆف» و بەشێوەیەکی دروست کراو «مصطنع» هەوڵدەدات پەیوەستی بە مارکسیزمەوە بکات.

لە دەرەنجامیشدا ئاوێتەیەک فەراهەم دێت لە نەخشە و وەسفەکان سەبارەت بە «بایۆمیکانیک و بونیادگەری و هێماکاری» لەگەڵ نموونە هێنانەوە لەبارەی شتە نامۆکان سەبارەت بە مەسەلەی «فیۆدۆر کۆمیسار جیفسکی».

«هۆتۆن» زیرەکییەکی تەواو دەنوێنێت لە وەسف کردنی کەسێتی و ئیشەکانی مایرهۆڵدو داهێنانەکانی قۆناغی پاش شۆڕش. لەلایەک وەک شانۆکارێکی شۆڕشگێڕ و لەلایەکی دیکەشەوە، وەک کەسێکی هەلپەرست و ئەرستۆکراتی وەسفی دەکات، «هۆتۆن» دەڵێت: «مایرهۆڵد لەبەر ئەوەی کەسێکی داخراوو گۆشەگیربوو، نەیتوانیوە ببێتە مژدە دەرێکی جەماوەری و تەنانەت خۆشحاڵیی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر جۆرێک بووە لە هەلپەرستی، بەڵام «هۆتۆن» مایرهۆڵدی وەک «دەجال» و کەسێکی خۆگونجێنەر باس نەکردووە، بەڵکو مایرهۆڵد وەک شاعیرێک یاخود وێنەکێشێک ئیشی لەسەر شانۆکەی کردووە. «هۆتۆن» دەڵێت: «باس لە گۆشەنیگا سیاسییەکانی ناکەم و ناشڵێم کۆمۆنیستێکی خراپ بوو، بەڵکو تەنیا دەخوازم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هونەرەکەی لە هەرکات و هەر کۆمەڵگەو هەر شوێنێکدا بێت، گەشەو نەشونما دەکات».

لەکۆتایی ئەو بەشەدا کە بۆ مایرهۆڵد تەرخانی کردووە، «هۆتۆن» دەڵێت: «گومان لەوەدا نییە کە ئەو هەمیشە شێوازێکی کاریگەری هەبووە، بە هەرحاڵ و مەخابن، خۆ ئەمریکا هونەرمەندێکی وەک مایرهۆڵدی نییە».

«هۆتۆن»، هەروەها لەکاتی ئیشکردنیدا باس لە مایرهۆڵد دەکات، باس لەوە دەکات کە چۆن شانۆکەی شرۆڤە دەکردو لەگەڵ ئەکتەرەکان دیالۆگی لەسەر شانۆییەکە دەکردو باسی لە هەڵوێستە هونەرییەکان دەکرد.

گومان لەوەدا نییە کە بەدووڕو درێژی باس لە ڕەوتی داهێنانی مایرهۆڵدو ئیشەکانی کراوە، لە شانۆکانی کۆمیسار جیفسکی و ئەلیکزاندەرنیسکی.

«هۆتۆن» کاتێک باس لە قۆناغی هێماکاریی مایرهۆڵد دەکات، بە گەورەیی باس لە ڕۆڵی هێماکاریی فەڕەنسی دەکات کە کاریگەریی لەسەر مایرهۆڵد هەبووە، چونکە مەسەلەی هێماکاریی هونەرمەند وەک هێمایەک بۆ زیهنییەتی شاعیری، مەسەلەیەکی جیهانییە. یەکەمین ئەو

کتێبانەی کە لە سەرنجە سەرەتاییەکانەوە لەسەر مایرهۆڵد و داهێنانەکانی نووسراون، لە خۆرئاواو لەمیانەی شارەزایی ڕاستەوخۆی نووسەرانییەوە لە ئیشە هونەرییەکانی ئەو دەرهێنەرە مەزنەوە سەرچاوەیان گرتووە.

«هنتلی کارتەر» بە پێشەوای زانستی هونەریی شانۆی مایرهۆڵد دادەنرێت کە پێشتر باسمان لێوەکرد. ئەم ڕەخنەسازو ڕۆژنامەنووسە ئینگلیزە سێ کتێبی دەرکردووە کە دەتوانین لە میانەی ناونیشانەکانیانەوە ئەوە بخەینەڕوو کە تا چ ئەندازەیەک خوازیاری ئەوەبوو زانیاری زۆر سەبارەت بە شانۆی نوێی ڕووسی بزانێت. یەکەمین کتێبی کارتەر کە لە لەندەن دەرچووە بەناونیشانی «نەزعەنوێکانی دراماو هونەر»، تایبەتە بە شرۆڤەکردنی نەزعەنوێکانی چەندین جۆرە شانۆی ئەورووپی. بەشێکی ئەم کتێبە بۆ شانۆی ڕووسی تەرخان کراوە.

کارتەر لە سەردانەکانیدا بۆ شارە گەورەکانی جیهان، وەک ڕەخنەگرێک چاوی کەوتووە بەو هونەرمەندانەی کە هەوڵیان داوە بۆ زیاتر کردنی ئاراستەی نوێ بۆ هونەری شانۆو هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێ لەنێوان شێوە هونەرییەکان و خودی ژیان.

لەلایەنی کردارییەوە ئەم کتێبە بە یەکەمین هەوڵ دادەنرێت بۆ ناساندنی شانۆی بیانیی هاوچەرخ بە هونەرمەندانی و شانۆکارانی ئەمریکاو ئینگلتەرا. هەروەها هەوڵێک بوو بۆ هاندانی هونەرمەندان بۆ سەردانی مۆسکۆو شارە ئەورووپییەکان، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ئەو حاڵەتە ببینن کە کارتەر لە کتێبەکەیدا باسی کردووە.

کارتەر بۆیە جەختی لەسەر سەردانی مۆسکۆ کردۆتەوە، چونکە ئەو دەمە شانۆکانی مۆسکۆ نە لە ئەمریکاو نە لە ئینگلتەرادا نەناسراو بوون. ئەم کتێبە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر هاتەوە، بەڵام «گۆردون کریغ» لەکاتی وەستانی لە دژی تۆمەتەکانی «بالمیر» لە ساڵی (١٩١٤) دا، لە نامەیەکی درێژیدا، داکۆکی لە گۆڤاری «ماسک» و «هانتلی کارتەر» دەکات، ئەو ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو کتێبەی کارتەر سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێناوە، چونکە هەلێکی باش دەخاتە بەردەمی جەماوەری ئینگلیز بۆ ناسینی ئاراستە بووژێنەرەوەکانی شانۆی ئەورووپی.. کریغ لەو بارەیەوە دەنووسێت: «من ناچارم کە بڵێم، لەناڕەزاییتان لەم کتێبە تێناگەم، بەڕاستی ئەو ئەرکەی کارتەر بۆ خۆی دانا، تا ڕادەیەکی زۆر بەدیهێنانی ئاڵۆزو دژوارە، گەڕانی بەردەوامی ئەو بە شارەکانی وڵاتانی ئەورووپا و کۆکردنەوەی زانیارییەکان وێڕای دژواریی هەلومەرجەکان و کەمیی دارایی، ئەمەش وامان لێ دەکات، کە بڵێین بە ڕاستی ئەو هەڵوێستەی کارتەر جۆرێکە لە قارەمانێتییەکان کە ڕەنگە پێشتر لە جیهانی شانۆیی ئینگلیزیدا نەمانبیستبێت».

شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە توێژینەوەکەی کارتەردا، دواجاریش لە باسەکانی ئەم دواییەیدا لە بارەی شانۆوە دووبارەدەبێتەوە، ئەو بەردەوام هەوڵی داوە لە نزیکەوە ئاگاداری ئیشە شانۆییەکان و چالاکییە هونەرییەکانی بێت. کارتەر بەوپەڕی گۆڕانکارییەکانی ئەو دەمەی بواری شانۆی کۆدەکردەوە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ئەو وڵاتە دووچاری جەنگی ناوخۆ یان ئابڵوقەو کارەسات دەبوونەوە، ئەگەرچی ڕووداوو کارەساتێکی مالوێرانکەریش نەبوایە، بەڵکو هەر هێندەی هەستی پێ بکرایە.

کارتەر هیچ هاوکارییەکی نەدەکرا، بەڵکو هەر خۆی کاتێکی خۆشی بەسەر دەبرد لە مومارەسەکردنی پیشەکەیدا. ئەویش وەک «کریغ» پێی وابوو کە شانۆ زۆر لەوە گەورەترە بکرێتە سەنتەرێکی بۆشی گاڵتەوگەپ. لە کتێبی دووەمیشیدا بەناوی «شانۆو سینەمای نوێ»، کە لە ساڵی (١٩٢٤)دا لە لەندەن چاپ کراوە، کارتەر بایەخێکی زۆر دەدات بە کردەی گەشەسەندنی شانۆی ڕووسی لە دوای ساڵی (١٩١٧)وە.

لەوبارەیەوە خۆی وەسفی ئەو حاڵەتانە دەکات کە بە چاوی خۆی بینیویەتی.. ئەوەتا لە بارەی شانۆی ڕووسیی ئەو دەمەوە دەڵێت: «شانۆیەکی بەهێزو نوێخوازی لەو جۆرە لە هیچ وڵاتێکدا سەری هەڵنەداوە، شانۆیەک خاوەنی نەزعەیەکی ئامانجدار بۆ خودی ژیان، شانۆیەکی گشتگیر کە لە چەندین جۆرە تەرزدا دەبێتە نوێنەری بەرژەوەندییە مرۆڤایەتییەکان. شانۆی ڕووسی ڕاشکاوانە و بە هێزەوە زیاتر لە هەر دامودەزگایەکی دیکەی ڕووسیادا، تەعبیر لە زیهنییەتی ڕووسی و پەرۆشی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە دەکات. هەوڵەکانی لە پێناوی خولقاندنی ڕۆشنبیرییەکی نوێ و پێوەندیی نوێی مرۆڤایەتی و هەلومەرجی ژیانی نوێ و بەرجەستەکردنێکی نوێی فیکرو ئیش کردندا بەگەڕدەخات.

کارتەر پێی وابوو ئەو شانۆیەی کە لەمیانەیەوە تەعبیر لە پاڵنەرە دراماتیکییە نوێکان دەکرێت، تازە لە دایک بووە، بەڵام بڕیارە بەرەو گەشەسەندن هەنگاو بنێت، بەرەو هەبوونی لە خۆرئاواو ئەمریکا، لەوێندەر کە گۆڕانکارییە هاو وێنەکانی ئەوەی ڕووسیا بوونیان نییە.

ڕێگەکان و دۆزی شانۆ، هەلومەرجە مێژووییەکانی، هەروەها تایبەتمەندێتی و ڕەوتی ڕێکخراوەیی و تەکنەلۆژیی، نوێکردنەوەو دابو ڕێساکان، بایەخی ڕۆحی، ئابووری و کۆمەڵایەتی- کتێبەکەی کارتەر باس لە هەموو ئەو چەمکانە دەکات. ئەم زانیارییانەی کارتەر بەرامبەرە لەگەڵ هەموو ئەو

زانیارییانەی کە نووسەران و ڕەخنەگران نووسیویانە، ئەوانەی کە دوای شۆڕش سەردانی ڕووسیایان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە نەک هەر تێگەیشتن، بەڵکو نەیانتوانیوە تەنانەت هەست بە کاکڵەو ناوەڕۆکی گۆڕانکارییەکانی بکەن، چ لە وڵات و چ لە شانۆدا.

کارتەر دەڵێت: «شتێکی ڕەوا نییە ئێمە لەو بڕوایەدابین کە دەبێ کەرەستەسازیی پیشەییمان هەبێت تاکو لەم شانۆ نوێیەی ڕووسیا تێبگەین. ئەو شانۆیە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی ڕووسیاو ژیانی سەرجەم مرۆڤەکانە لەو وڵاتەدا، بۆیە ڕەخنە دەبێ هاو ڕەوتی گەشەسەندنی شانۆ بێت، بەپێی بۆچوونی کارتەر، ڕەخنە دەبێت بینینی نوێی گۆڕانکارییەکانی ژیان ڕاڤە بکات.

## مایرهۆڵدو شانۆی سیاسی

لەو سەرچاوانەی کە یارمەتیدەرمان دەبێت لە تێگەیشتن لە کەلەپووری هونەریی مایرهۆڵد لە خۆرئاوادا، بریتییە لە دیراسەکردنی شانۆی سیاسی، بەتایبەتی شانۆی «برێخت» و «بیسکاتۆر»، لەو کتێب و بابەتانەش کە لەو بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە، کتێبەکەی «کاترین بلیس ئیتۆن»، لەژێر ناوی «شانۆی مایرهۆڵدو شانۆی برێخت» کە لەلایەن دەزگای «گرین وۆرد بلیس» وە لە ساڵی (١٩٨٥)دا لە چاپ دراوە. کاترین لەم کتێبەدا باس لەوە دەکات کە شانۆی برێخت هەرچەندە پێوەندییەکی زۆری بە شانۆی داستانەوە هەیە کە لە بیستەکاندا لە ئەڵمانیا سەری هەڵداوە، بەڵام گومانیش لەوەدا نییە کە برێخت قەرزاری زۆرێک لەشانۆکارانی بەر لە خۆیەتی و مایرهۆڵدیش سەرچاوەی فیکرو ئیلهامەکانی خودی برێخت و چەندین لە ئەکتەرانی پێشەنگان بووە. لەو بارەیەوە بیسکاتۆر دەڵێت: «بێگومان هەموومان ڕوانیومانەتە ڕووسیا، کاریگەربووین بەوەی کە لەوێ ڕوودەدات، بەڵام ئایا بایەخێکی ئەوتۆ لەوەدا هەیە کە باس لە لاساییکەرەوەکانی مایرهۆڵدو تاییرۆڤ بکەین؟ لە ڕاستیدا لە هەموو سەردەمێکدا شتانێک هەن کە لە بۆشاییدا بێ هوودە دەسووڕێنەوە.

دیراسەکردنی بابەتی «پێشەنگی»ی شانۆی ئەڵمانی بەگشتی و شانۆی سیاسی بیسکاتۆر بەتایبەتی، وای لە تۆژەرەوەکان کردووە کە بەردەوام بگەڕێنەوە سەر مایرهۆڵد. هەروەک «ماریالی» وا دەبینێت کە مایرهۆڵد «تازەگەرێکی مەزن و دامەزرێنەری ئەو شانۆیەیە کە بە شانۆی ئەزموونگەری ناسراوە، بەڵام هەندێک بە هەڵە دەیخەنە پاڵ پێشینەکانی خاوەن تیۆرە پاشکەوتەکان لە بواری شانۆی بیسکاتۆردا.»

«ماریالی» پەردە لەسەر بیروباوەڕە هونەرییەکانی مایرهۆڵد هەڵدەداتەوەو ئاماژە بە مەعریفەی بەرفراوان و تۆژینەوەکانی دەکات لە بواری دابونەریتە میللییەکان کە شێوازی تایبەتی ئەویان دیاری کردو بەهۆیەوە لە وڵاتانی تریشدا ناسراو.

«ماریالی» لەکتێبەکەیدا «ئەزموونی بیسکاتۆر»، وەک هاوڕێیەکی «برێخت» و دژێکی سیستەمی هەمەگیری باس لە بیسکاتۆر دەکات و لەنێو شانۆکارانی سەردەمی خۆیدا هەر ئەویش بە نوێنەری شانۆی هەمەگیری ناو دەبات.

هەروەها «جۆن ویللیت»یش لە کتێبی «شانۆی ئەروین بیسکاتۆر»دا کە لە ساڵی (١٩٨٦)دا لە چاپ درا، بەشێکی ئاسایی تەرخان دەکات بۆ پێوەندییەکانی نێوان شانۆی بیسکاتۆرو شانۆی مایرهۆڵد، بەڵام بەشێکی دیکەی کتێبەکەی تایبەت دەکات بۆ ئەزموونەکانی شانۆی بیسکاتۆر لە قۆناغی سۆڤێتی نێوان ساڵەکانی (١٩٣١-١٩٣٦)دا، لەو بەشەدا باس لە مەسەلەی شانۆی سیاسی دەکات لەنێوان «تریتیاکۆڤ» و «مایرهۆڵد» و «بیسکاتۆر»دا. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەو پێوەندییە لە پەرەگرافێکی لاپەڕە (١٢٥)دا لە بارەی بیسکاتۆرەوە دەڵێت: «بیسکاتۆر لەسەر ڕێگەی گومڕابوونە، من دەزانم ئەو لە شانۆییەکانیدا دەخوازێت چی بڵێت، ئەو هێشتا دەرکی بە مەسەلە بنەڕەتییەکە نەکردووە، بیسکاتۆر لەو باوەڕەدایە کە دەتوانێت لەماوەی شەش مانگدا لە شارێکی وەک بەرلیندا شانۆیەکی شۆڕشگێڕ بهێنێتە بوون. لە پێناوی بەدی هێنانی ئەو ئامانجەشدا، هۆڵێکی نوێ بۆ نمایش ئامادە دەکات و هەموو هەوڵەکانی لەپێناوی دابینکردنی لایەنی ماددی و کەرەستەی پێویستی شانۆکەی بە گەڕ دەخات، ئەوەش دیدێکی یەکلایەنەیە و دەرهێنەر تیایدا ڕووبەڕووی چەندین مەسەلەی گرنگی دیکە دەبێتەوە.

تەختەی شانۆ، شانۆش بە گشتی بریتییە لەو چوار چێوەیەی کە تیایدا دەنگ و کردەکانی ئەکتەر بە گەڕ دەخرێن. بێگومان بیسکاتۆر نەیتوانی ئەمەیان بکات، من پێم وایە ئیشەکانی بیسکاتۆر لەو ئیشانە نەبوون کە کار لە جەماوەر بکەن و قەناعەتیان لە لا دروست بکەن.

## شانۆی مایرهۆڵد و بونیادگەری

ئەو بوارەی دی، کە لە خۆرئاوا بەگشتی و لە ئەمریکادا بەتایبەتی، تۆژینەوەی لەبارەوە کراوە، بریتییە لە «بونیادگەری». لە شەستەکاندا کە بەدواداچوون و دیراسەکردنی چەمکی بونیادگەری لە شانۆی ڕووسیدا

لەوپەڕی گەرمیدا بووە، کتێبێکی بەهاداری «کامیلاگرای» بەناونیشانی «ئەزموونگەریی مەزن لە هونەریی ڕووسیدا» لە لەندەن لە ساڵی (١٩٦٢)دا لەچاپ درا. «کامیلا» بەشێکی ئەم کتێبەی تایبەت کردووە بە مەسەلەی بونیادگەری، بەتایبەتی تیشکی خستۆتە سەر «ل. بۆبۆڤا» و «ستیبا نۆڤا». نووسەر هەوڵەکانی ئەم دوو شانۆ نووسە دەنرخێنێ لە گەشەپێدانی شانۆی مایرهۆڵدا.

لە ساڵی (١٩٨٣)دا کتێبێکی دیکە لە بارەی بونیادگەریی ڕووسییەوە دەرچوو، دەکرێت ئەو کتێبە بە هەنگاوێکی دیکە دابنرێت لەبارەی تێگەیشتن لە شانۆی «بیسکاتۆر»دا لەو کتێبەدا «کریستینا نودێر» بە دواداچوونێک بۆ ئاراستەی پەرەسەندنی بونیادگەری دەکات، هەر لە پێشنیارەکەی «ل. ف. ی تاتلین» وەکە پێشکەش مایرهۆڵدی کرد بۆ دووبارە دارشتنەوەی دەستەواژەیەک بەم شێوازەی لای خوارەوە: «دروست کردنی درەختێکی ئەفسووناوی سەرسوڕهێنەر پێویست بوو بۆ فیلمی «نافی جاری»، بۆ ئەو مەبەستەش «تاتلین» بەشی پێشەوەی کەشتییەک دروست دەکات و بەوەش مایرهۆڵد شپرزە دەکات»، ئیدی لەوە تێگەیشت کە بەشی پێشەوەی کەشتییەکە بەهۆی جەستە و جووڵەی ئەکتەرەکەوە لەسەر شانۆ جێی درەختە ئەفسووناوییەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە سینەمادا مانایەکی دیکە بەدەستەوە نادات، ئەم نووسەرە بەشێکی کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ «بیستن»، بەو ئیعتبارەی کە نێوەندێکی ئامادەو بچووک کراوەیە بۆ لێدوان لەبونیادگەری و بایۆمیکانیک لە ئیشەکانی مایرهۆڵددا.

هەروەها دەکەوێتە شرۆڤەکردنی ئەوەی کەمایرهۆڵد لە نمایشەکانی «السمح ذوالقرنین» و «موت تاریکلین» و «هبت الأرض»دا پشتی بە بونیادگەری بەستووە. نووسەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەوڵێکی دیکەیش لە ئارادا هەیە کە دەکرێت لە میانەیەوە یەکخستنی ئەزموونگەری بۆ شێوازە نوێکانی ژیان بەدی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە لەکەشو هەوای گشتیدا لەگەڵیدا دەگونجێت، واتە لەمیانەی شانۆوە.»

«کریستینا لۆدێر» کە باس لە بونیادگەریی مایرهۆڵد دەکات، چەمکێکی دیاری کراومان دەداتێ لەبارەی بایۆمیکانیکەوە. سیستەمی بایۆمیکانیک لای مایرهۆڵد ئامانجێکە بۆ لابردن و خۆ ڕزگارکردن لە جووڵە بێ سوودەکان و هەروەها ئاماژەو شێوە میکانیکییەکانی تەعبیر کردن لای ئەکتەر، لەم حاڵەتەشدا شێوازێک لە «تایلوریەت» لەلایەنە تیۆرییەکەوە فەراهەم دێت.

بونیادگەری ئەوە دەخوازێت کە ئەکتەر لە هەمان کاتدا دەبێ ئەندازیار بێت و هونەریش لەسەر بنەمای زانستی دابمەزرێ و ئەکتەریش لە نواندن و ئەدادا هۆشیار بێت.

## مایرهۆڵدو شانۆی «پێشەنگان»

بایەخی بنەڕەتیی زاراوەی «پێشەنگ» لە دیاری کردنی خودی زاراوەکەدایە، هەروەک چۆن هەمان حاڵەت لە زاراوەی «شۆڕشگێڕی»دا هەیە. ئەم دوو چەمکە بنەڕەتی و چالاکە لە قۆناغی هەردوو شۆڕشی (١٩٠٥- ١٩١٧)دا لای پێشەنگە شانۆییەکانی ڕووسیا بەرقەرار بووە. ڕۆبەرت ولیامز لە کتێبەکەیدا «هونەرمەندان لە شۆڕشدا» کە لە واشنتۆن و لە ساڵی (١٩٦٧)دا لە چاپ درا، دەڵێت: «ئەوەی وا لە هونەرمەند دەکات ناودارو ناسراو بێت، هەر تەنیا نوێگەری و ئینتیمای سیاسی نییە، بە قەدەر ئەوەی توانای داهێنانکاریی ئەو کەسەیە لە یەکخستنی هەموو ئەوانەدا لە یەک کیاندا کە ئەویش هونەرە. ئەو هونەرەی کە ڕەنگدانەوەی شۆڕشگێڕیی خودی سەردەمەکەیە.»

پێشەنگی لە شانۆی ڕووسیادا لە شەستەکان و حەفتاکان و بگرە لە هەشتاکانیشدا سەرنجی زۆرێک لە خەڵکی خۆرئاواو ئەمریکای بەلای خۆیدا ڕاکێشا، هەروەها ئیشی زۆری بۆ تەرخان کرا، کە بەشێک لەو ئیشانە باس لە نوێگەریی هونەری و شۆڕشگێڕیی ئاراستەی ڕیشەیی هونەری ڕووسیی سەدەی بیستەم دەکەن ، وێڕای هەموو ئەو توێژینەوانەی کە بە چاپ گەیەنراون لەو بارەیەوە، هەروەها پیشانگای زۆریش بۆ تابلۆکانی هونەرمەندان «ک مالیفتیش» و «ئەلیسینسکی» و وێنەکێشانی سەدەی بیستەم کرانەوە. «ولیامز » لەو کتێبەدا بە مەبەستی نمایش کردنی حاڵەتی سەردان و بەرتەسک بوونەوەی پێشەنگیی هونەری ڕووسی، لە بارەی هونەرمەندانی قۆناغی شۆڕش لەنێوان ساڵەکانی (١٩٠٥-١٩٢٥)دا دەنووسێت و لەوێوە تیشک دەخاتە سەر سیفەتە پێشەنگییەکانی هونەرمەندان و گۆشەنیگا سیاسییەکانیان. لەم کتێبەدا زاراوەی «هەنووکە - ساتەوەخت- اللحظة» لەلایەن نووسەرەوە بەشێوەیەکی مەجازی بەکاردەهێنرێت. ئەوە دیارە مەبەستی لەو قۆناغەیە کە دەکرێت بزاڤی تازەگەریی تێدا ڕوویدات.

ولیامز پێی وایە هونەری هاوچەرخ سێ قۆناغی سەرەکیی بڕیوە- ئیستێتیکا- ئایندەگەری و بونیادگەری، هەروەها بەپێی بۆچوونی ئەم نووسەرە، دەبێ مایرهۆڵد سەر بە هونەرمەندانی قۆناغی یەکەم، واتە «ئیستێتیکا» بێت، کە ئەوەش بە نەوەی توێژی مام ناوەندی و ڕۆشنبیرە پیشەییەکانی کۆمەڵگەی ڕووسی دادەنرێت، بەڵام ئێمە

دەبینین مـایرهۆڵد لەم قـۆناغـەدا زیاتر بەلای پێـشـەنگیـدا مەیلدارە و لە سۆراخی هۆکارو شێوازە نوێکاندایە بۆ ئاسان کردن و ئەبستـراکت لە هونەری شانۆدا. نووسەر زیاتر ڕۆڵی مــایرهۆڵد دەخــاتە ڕوو لە گــەشــەپێــدان و پەرەپێــدانی بونیادگەریدا. هەروەها بەپێی بۆچوونی ئەم نووسەرە، هەر ئەو شانۆیەش بوو کە مایرهۆڵدی بە جیهـان ناساند. مـایرهۆڵد لەمیـانەی ئەو شانۆیەوە گەیشتـە ئەو بڕوایەی کە جـووڵەی جەستەو بزاوتی ئەکتـەر لەسەر شـانۆ لە دایەلۆگ گرنگترن. ولیامز پێی وایە کە شانۆیی «بالا غانتشیک» قۆناغی دواترە لە گـەشــەســەندنی مــایرهۆڵددا، وەک دەرهێنەرێک. ئەو دەرهێنەرەی کە هەمیشە جەختی لەسەر بنەمای «ئیکتیفای زاتیی شانۆو بایەخی بینەر دەکردەوە لە «ئەدا» دا، بە ئیدراک و کار تێکردنەوە.

لەلایەن مـایرهۆڵدەوە سـاتەوەخـتی نوێگەری لە سـاڵی (١٩٠٦)دا دەست پێ دەکات و شانۆیی «بالا غـانتشـیک» هێمای ئەو قۆناغەیەتی.

نووسـەر لەسـەرەتاوە دەڵێت: «مـایرهۆڵد تێگەیشـتنێکی ئیـسـتێـتکیـانەی بۆ شـۆڕش هەبـووە نەک تێگەیشـتنێکی سیاسی. هەر چەندە شرۆڤە و باسەکانی ئەم کتێبە تاڕادەیەک تەمومژاوی و زیاتر لەوەی مێژوویی بێت، گشتگیر بوو، بەڵام بەشـێـوەیەکی دیار خـواست و هیـواکـانی مـایرهۆڵدی بۆ وەرگـرتنی پێگەی پێـشـەوایەتی خـسـتـۆتە ڕوو. لەبارەی مـەسـەلەی- کـردەی نوێگەریی ئیـسـتـێـتکی-دا نووسـەر تۆژینەوەیەکی جدیی خستۆتەڕوو کە لە ساڵی (١٩٨٨)دا بڵاوکرایەوە بەناوی «شۆڕشگێڕانی بواری شانۆ: مایرهۆڵد، برێخت، فیتکتفیتش».

«کریسـتـینا کیـبـۆجینسکایا»، لێکۆڵینەوەکـەی لەسـەر بنەمـای دیراسـەکـردنی هەلومـەرجی بۆچوونە شـانۆییـەکـان دادەنێت. بەلای ئەوەوە ناوەرۆکی شانۆ لە توانای گـەیاندنی فیکرەوە سەرهەڵدەگرێت. کـە تێگەیشـتنی ئەکتـەر لە ڕۆڵ و ئەداو میکانیزمی ئەو ڕۆڵەش بەشێک دەبێت لە شـانۆییەکە، بە ئەندازەیەکی یەکسـان، هەروەک هەمـان حـاڵەت لەکـاتی ئەدادا لەگەڵ وشەکاندا بەرجەستە دەبێت.

### سیفەتە دەروونییەکانی ئەکتەری دواڕۆژ

### بەشداریی بینەر لە ئەدای شانۆییدا قەدەری ئەکتەری نوێیە

«کریسـتـیناکیـبـۆجینسکایا» پێی وایە کـە خـوێندنەوە و تێگەیشتن لە جووڵەکان ، هاوکاریمان دەکات لە پەی بردن بە شێوازی نوێ بۆ ڕوئیامان لە ئاستی شانۆی «مایرهۆڵد» دا، بۆیە لەکـۆتایی ئەو بەشـەدا کـە بۆ (مـایرهۆڵد)ی تەرخـان کردووە، دەنووسێت: «مایرهۆڵد بەر لە هەموو شتێک هەوڵی دا شانۆ وەک شێوازێک بۆ تەعبیرکردن لە تێگەیشتنی نوێ بۆ واقیع بەکاربهێنێت، بۆیە حەزی بە بەرپاکردنی دیالەکتیک «جـدل» نەدا کـە بە تەبیـعـەتی حـاڵ بۆ خـۆی حـاڵەتێکی سیـاسییـە، بەڵکو ویستی حاڵەتی ئەکشنێکی توند و تیژ بخـوڵقـێنێت لەپێناوی دەرخسـتنی پەرچەکـردارەکـانی نێـو کۆمـەڵگە، بەڕادەیەکی کەمـتریش ویسـتی واقیع بگۆڕێت، ئەویش لە ڕێی ئەو گەشبینییە شۆڕشگێڕییەی کە بێگومان لەمیـانەی پەی بردن بە پاڵەوانە پۆزەتیڤەکانەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەروەک ئایدۆلۆژیا ئەو داخوازییەی هەبووە، هەر بۆ ئەو هۆیەش مــایرهۆڵد بە زوویی کـۆتایی هێنا بە قـۆناغی داهێنانکاری لە شانۆی سۆڤیێتی».

هەروەک لە سەرەتاشەوە باسمان کرد، لێدوان لەسەر شانۆی مـایرۆهۆڵد لە قـۆناغی یەکـەمی مـامـەڵە لەگـەڵ کـردنیـدا لە خۆرئاوا لە بیستـەکـان و سییـەکـاندا، بێگومـان مـۆرکـێکی وەسـفی لەخـۆ گـرتبـوو. زۆرینەی نووسـەران و ئەو گـەورە شـانۆکـارانەی کــە ســەردانی مـۆسکۆیان کــردووە، دواتر گۆشـەنیگا تایبـەتەکـانی خۆیان تۆمـارکـردووەو سـەبارەت بە پێـوەندی و دیدارەکـانیـان لەگـەڵ دەرهێنەرە ڕووسـیـیـەکـاندا نووسـیــویانە، ئەم تێکەڵ بوونەش یارمـەتیـدەریان بووە لە تێگەیشـتن و جیـاکـردنەوەی ئەو ژمـارە زۆرە لە فـێـرگـە و ڕێبازەکانی مامەڵەکردن لە تەک شانۆدا کە لەسەدەی زێڕینی شانۆ لە ڕووسیـادا سەریادا هەڵداو گەشەیان کرد، بەڵام ئەم تۆمـارانە بەدەربوون لە لێکۆڵینەوەی زانسـتی و ئەکـادیمی و تیـۆری و لە زۆر باردا وەک ڕیپـۆرتاژ دەخـرانە ڕوو. بۆ نموونە گەشەسەندنی خێـرای مایرهۆڵد لە شانۆدا یەکێک بووە لە لەمپەرەکانی لە ڕێیی لێکۆڵینەوە لەم دەرهێنەرە، چونکە ئەو لە شـانۆییـەکـەوە بۆ یەکـێکی دی چەندین جـۆر شـێـوازی بەکـارهێنا و چەندین جـۆر ئاوێتـەی لە شـێـوازە نوێکان لە نمایشـەکـاندا بەکـاردەهێنا کـە زۆر جـار دوای نمایشـەکـان لێکۆڵەرەوەکان دووچاری سەرسوڕمان دەهاتن لە ئاستی تێزە نوێیەکاندا.

لێکۆڵینەوەکانی کەلەپوورو شانۆی مایرهۆڵد چەمکی ئەدا لای ئەم کـەڵە دەرهێنەرە لە حـەفتـاکـاندا تەواوکـرا، واتە لە قـــۆناغی خـــوێندنی ئەکـــادیمی لە زانکـۆکـــانی ئەورووپا و لەســـەردەســـتی ژمـــارەیەک لێکۆڵەرەوەی وەک «براون، سیمۆنس، هۆڤر، گۆردون، لینش... تاد».

### ئەکتەری دواڕۆژ

گـەر بخـوازین بۆچوونەکانی بەشی یەکەمی ئەو کـتێـبە لە بارەی ئەزموون و بیرۆکەکانی مایرهۆڵد-ەوە کورت بکەینەوە، ئەوا بێگومان لە وشەی «ئەکتەری دواڕۆژ» باشترمان دەست

ناکەوێت کە مایرهۆڵد وەک زاراوەیەکی هونەری بەکاری هێناوەو بۆ تەعبیرکردن لەو شێوازەی کە لە ئامادەکردن و مەشق پێکردنی ئەکتەردا ڕەچاوی کردووە لە بارەی بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکانەوە. دیارە مایرهۆڵد یەکەم کەس بووە کە ئەو تەعبیرە شانۆییەی بەکارهێناوە لەمیانەی محازەرەیەکییەوە کە لە (١٢)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٢)دا داویەتی، ئەو دەمەی بیری لە ئاسۆکانی ئایندەی ئەو ڕێبازە کردەوە کە ئەکتەری مایرهۆڵدی ڕۆڵەکەی دەبینێت، سەرەڕای ئەو بۆشاییەی کە لە ئاکامی دژایەتی کردن و شاردنەوەی کەلەپووری مایرهۆڵد-دا کەوتە ڕەوتی بایۆمیکانیک، بەڵام هونەرمەندانی خۆرئاوا، هەروەک باسمان لێوەکرد، دانەبڕان لە خوێندنەوە و پەیکەڵ کردنی ئەو کەلەپوورە هونەرییەی مایرهۆڵد. لەم بەشەدا، ئێمە دەخوازین باس لە میتۆدی بایۆمیکانیک بکەین هەر لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی مایرهۆڵد-ەوە تا بەرجەستەبوونی بنەما گشتییەکانی ئەو میتۆدە، هەروەها پێوەندیی نێوان بایۆمیکانیک و غرۆتسیک ڕاڤە دەکەین.

مایرهۆڵد لە میتۆدی مەشق پێکردنی ئەکتەری کە بە بایۆمیکانیک ناو بردووە، لە ڕێی بەکارهێنانی تەواوی ئەزموونی بەرفراوانی شانۆیی بونیاد ناوە لە هەڵبژاردن و داهێنانی مەشقی تایبەت لەسەر بنچینەی زۆرترین سەرچاوەی دینامیکی، وەک: «سێرک، موزیک، هول، بۆکسێن، جمناستیک، مەشقەکانی سوپا، شانۆی چینی و شانۆی کابوکی، وێڕای ئەزموونی زۆرترین فێرگە شانۆییە تەقلیدییە دێرینەکان، مایرهۆڵد لەسەر ئەو بنەمایەنەو بەر لە شۆڕش توانی ژمارەیەکی زۆر لە مەشقەکان دەستەبەر بکات. بە دابەش کردنی هەر جووڵەو ئاماژەیەک لە مەشقەکاندا بۆ زنجیرەیەک لە جووڵەی پڕ لە وردەکاری، مایرهۆڵد توانی بنچینەکانی «تایلوریەت» لە ئابووریی جووڵە و تیۆری هەڵچوونەکانی دەروونناسی ئەمریکی (ولیام جێمس ١٨٤٢-١٩١٠) بەرجەستە بکات، ئەویش لە ڕێی تەیارکردنی ئەکتەر بەوەی کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەست بە تەواوی هەڵچوونەکانی بکات، ئەویش بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە تەوزیف کردنی ماسوولکەکانی، دیارە ئەوەش بەلای ئەکتەرەوە ئاسانکاریی کرد لە پەی بردن بە پێوەندیی نێوان توانا جەستەییەکانی خۆی و هەستە ناوەکییەکانی. ئامانجی بایۆمیکانیک بریتی بوو لە ئامادەکردنی ئەکتەری نوێ بەسەرجەم بنەماکانی جووڵەی شانۆیی، هەروەها ئاواتی ئەوەی دەخواست کە ئەکتەرەکانی لەوە زیاتر دووربینتر بن. میتۆدی بایۆمیکانیک لەسەر شێوەی پرۆگرامێکی نەمەتی بوو بۆ کەمترین داخوازیی ئامادەکاریی ئەکتەری سەردەمی شۆڕش، بەڵام لەبەر لەمپەرەکان.

لەڕێی ئامادەکاریی ڕاهێنەران و هەروەها لەبەر ئەوەی مایرهۆڵد خۆی وا هەستی دەکرد کە بایۆمیکانیکەکەی هێشتا تەواو نەبووە، بەڵام هەر لە خاوەندارێتیی تایبەتی شانۆی مایرهۆڵددا مایەوە. خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: «هێشتا میتۆدەکەمان بەرجەستە نەبوون، بەڵام ئێمە داڕشتنی بنەڕەتیمان لەلانییە و هەر کاتیش بمانەوێت دەرهێنان بۆ شانۆییەک ئەنجام بدەین، دەتوانین بە ئاسانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین، ئەوەش بە پشت بەستن بە میتۆدێکی دیاریکراوو تەواو مادی.

مایرهۆڵد پێی وابوو کە «ئەکتەری جاران بەپێی چینی دیاری کراو ئەدای نواندنی خۆی دەگونجاند، بەڵام لە ئایندەدا دەبێ دوورتر بڕوانێت و ئەداکانی بەپێی هەلومەرجەکانی بەرهەم هێنان ڕێکبخات، گەرچی ئەکتەر هەنووکە کردەی خۆی لە کۆمەڵگایەکدا دەنوێنێ کە وەک نەفرینێک، ناڕوانێتە ئیشی شانۆیی، وەک جاران ئەم ڕوانینە هەبووە، بەڵکو وەک پێویستییەکی دڵخۆشکەری ژیان دەڕوانێتە مەسەلەکە. لەم هەلومەرجە میسالییەی ئیشی هونەریدا، پڕاوپڕ پێویستی ئەوتۆ دێتە ئاراوە کە جۆرێک لە ئیدراکی نوێ فەراهەم بێت. دەتوانین بڵێین وتەکانی مایرهۆڵد تەواو لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیدا هاوڕەوت بوون، چونکە بنەماکانی بایۆمیکانیک لە ڕۆحی بەرهەمهێناندا لەسەرەتای بیستەکاندا ڕاڤە دەکرێت و بەهاوتایی لەگەڵ زانستە بنەڕەتی و ژمێرباریەکان. بۆ نموونە وتەکانی مایرهۆڵد لەسەر بنچینەی دەرهاویشتەکانی لێکۆڵینەوە لە بایۆمیکانیک لەبارەی جەستەی مرۆڤەوەیە و هەوڵی داوە بۆ پێکهێنانی کەسێتییەک کە لە توانایدا بێت، خوێندنەوەیەک بۆ میکانیزمی بونیادی خودی خۆی بکات کە دەتوانێت بە شێوەیەکی میسالی کۆنترۆڵ و بە هاوچەرخ بوونی خۆی بکات.

مرۆڤی هاوچەرخ کە لە هەلومەرجی بە ئامێرکردندا گوزەران دەکات، ناچار دەبێت کە میکانیزمی ڕەگەزە جووڵێنەرەکانی جەستەی خۆی بەکاربهێنێت. لەمیانەی بایۆمیکانیکیشەوە، بنەما بنچینەییەکانی ئەدای شیکاریی وردی هەر جووڵەیەک پێکدێت، وێڕای جیاکردنەوەی جووڵەکان بە مەبەستی بەدەست هێنانی تەواوی وردەکاری و نموونەیی بۆ «تایلوریەتی» جووڵەی بینەران.

«ئاماژە یاخود نیشانەی ڕەفز کردن- مانای چەسپاندنی خاڵی سەرەتاو کۆتایی جووڵەکە دەگەیێنێ. واتە وەستان لەدوای هەر جووڵەیەک و گواستنەوە بەپێی میتۆدێکی

ئەندازەیی». ڕەفز کردنیش لێرەدا واتە گەڕانەوە بۆ دواوە، هەموو جووڵەیەک لە بنەمادا بە گەڕانەوە بۆ دواوە و دواتر هەنگاونان دەست پێدەکات، ئەگەر لە (A)وە بۆ (B) جووڵەمان دەست پێکرد، دەبێ بەرەو خاڵی (C) بگەڕێینە دواوە و ئەوەش بۆ خۆی یاسایەکی گشتیی جووڵەیە. کاتێک دەخوازین چەکوشێک بوەشێنین سەرەتا چەکوشەکە بەرز دەکەینەوە و دواتر دەیوەشێنین، بە هەمان شێوە لە ڕاکردن و بازداندا، بڕوانە جووڵەی ئۆتۆمبێل و تفەنگ و ... تاد.

گەڕانەوە، وەرگێڕانی وشەی «ئۆتکاز» OTKAZ ی ڕووسییە و مانای «ڕەفز» کردن دەگەیێنێ. هەروەک ئاماژەشم پێ کرد، گەڕانەوە بۆ دواوە دەچێتە بازنەی یاسا گشتییەکانی جووڵەوە، بەڵام دەبێ ئەکتەر بەوپەڕی هۆشیارییەوە جووڵەکە بنوێنێ، بۆ ئەوەی ڕیتمێکی گونجاو لەگەڵ کۆی جووڵە بەدوایەکدا هاتووەکان بخوڵقێنێ و لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی کاتێک بۆ بینەر بخوڵقێنێ کە تێیدا ئامادە بێت بۆ بیرکردنەوەو پرسیار کردن.

گەڕانەوە بەرەو دوا، یاخود ڕەفز کردن تایبەتمەندێتییەکی دیکەی هەیە، ئەویش بریتییە لە ئامادە کاریی بۆ جووڵەی هەردوو لا، ئەکتەرو بینەرو هاوکاریی ئەکتەر دەکات لە پەی بردن بە هاوسەنگییەکی ڕاست بەر لە ئەنجامدانی جووڵە. لە هەمان کاتیشدا ئەکتەر دەتوانێت، ئاماژەی جووڵان بدات بە ئەکتەرە هاوڕێکەی «بڕوانە جووڵەی مار کاتێک پەلاماری نێچیرەکەی دەدات» وێڕای ئەوانەش، گەڕانەوە بەرەو دوا، مۆرکێکی ئیشارەت ئامێز هەڵدەگرێت کە ئەگەری زۆری جووڵەکانی دواتری ئەکتەری لێ دەخوێنرێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو جووڵەیەی کە گەڕانەوەی بەرەو دوای نەبووە و بە شێوەیەکی کتوپڕیش ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە جووڵەیەش هەست کردن بە چاوەڕوانی و ئاماژەو هەژاندن ناوروژێنێت.

کەواتە گەڕانەوە بۆ دواوە بە جووڵەی دوای خۆیەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوەی کە هەموو جووڵەکان دەبێ بە یەکترییەوە پەیوەست بن، گەڕانەوە بەرەو دوا بەشێوەیەکی ئۆرگانی ئەو ڕۆڵە دەبینێت. هەرچی کۆتایی جووڵەشە، واتە وەستان، بە زمانی ڕووسی پێی دەوترێت STOIKA واتە «ئامانج»، بە مانایەکی دی ئەو خاڵەی کە جووڵەکەی تێدا کۆتایی دێت و دەبێت جووڵەیەکی ئاشکراو ڕوون بێت و بە وێنەیەکیش کۆتایی بێت کە ناوەڕۆک و ئامانجەکەی بەبێ ئاڵۆزی و تەمومژ بخاتە ڕوو.

کردەی بوون و بەردەوامیی جووڵەکەش بە زمانی ڕووسی پێی دەوترێت «پاسیل PACIL» و دەکەوێتە نێوان بەدواوادا گەڕانەوەو ئامانج «کۆتایی».

یاسای بنچینەیی بایۆمیکانیکیش لە بارەی جووڵە بە دوایەکدا هاتووەکان لە «گەڕانەوە بۆ دواوە و باسیل و ئامانج» ستۆیکا پێکدێت. دیارە لە بەدوایەکدا هاتنی ڕێکوپێک هارمۆنیکای ڕیتم بەرهەم دێت.

## میکانیزمی شیعریەتی ئەدا

«ئەکتەری نوێ دەبێ چەشنی بزوێنەرێکی میکانیکیی ڕاستەقینە لەسەر تەختەی شانۆ دەربکەوێت».

لەم دەستەواژەیەدا دەنگی دامەزراندنی پێوەندییە ڕاستەوخۆکان دێتە گوێ لەنێوان بایۆمیکانیک و ستاتیکای بەرهەمی هونەری لەلایەک و لەنێوان میکانیزمی ئەدایەکدا کە بە شیعر داڕێژراوە و نەمریی گرتوتە خۆ لە لایەکی دیکەوە. هەموو ئەمانە لە کەشوهەواکانی سەردەمی مایرهۆڵددا فەراهەم هاتن، بۆیە دووبارە دەگەینەوە بەم بنەمایەی ئەدا کە بریتییە لە «A1 + A2N، لەم هاوکێشەیەشدا (A) بریتییە لەو ئەکتەرەی کە فیکرەیەکی هەڵگرتووە و ئاماژەو ئەرکی تایبەتی بۆ ئەدا کردن پێ سپێرراوە (A2)یش ئەکتەری جێبەجێکەرە کە گۆشەنیگای گشتی فیکرە (A-1) بەرجەستە دەکات. (N)یش خودی ئەکتەرەکەیە.

کەواتە ئەکتەر دەبێ مەشق بە جەستەی خۆی بکات، بە مەبەستی پێکهێنانی حاڵەتێکی جەستەیی ئەوتۆدا بێت کە بتوانێت لە یەک ساتەوەختدا هەموو ئەرکە دەرەکییەکان، بەبێ مەرج ئەدا بکات، لەبەر ئەوەی هونەری ئەکتەر خودی شێوە پلاستیکییەکانی فەزای شانۆکەیە، کەواتە ئەکتەر پێویستە لەسەری لێکۆڵینەوە بۆ میکانیزمی جەستەی خۆی بکات.

ئەمەش ئەرکێکی گرنگە، چونکە دەرخستنی هەر هێزێک، لەوانەش جەستەی زیندوو، دەچێتە ژێر باری یاسا یەکانگیرەکانی میکانیک. شتێکی ئاسایش دەبێت کە پێکهێنانی شکڵە پلاستیکییەکان لەلایەن ئەکتەرەوە لە فەزای شانۆدا دەبێتە خۆ پیشاندانێکی بەهێزی جەستەی مرۆڤ.

مایرهۆڵد لە باسێکیدا سەبارەت بە «ئەکتەری ئایندە» یاخود «ئەکتەری دوا ڕۆژ»دا کە (ف. فیدۆرۆڤ) بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت: «هەموو حاڵەتە سایکۆلۆژییەکان لەمیانەی کردە فسیۆلۆژییەکانەوە دیاری دەکرێن، بۆیە لەکاتی گەیشتندا بە ناسینی سروشتی حاڵەتی زاتیدا، ئەکتەر دەتوانێت بگاتە ئەو حاڵەتەی کە هەست بە هەژاندن بکات و دواتریش ئەو هەژاندنە بۆ بینەران بگوێزێتەوە بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەشداری کردن لە ئەداکەدا لە ڕێی ئاوێتە بوونیان لەگەڵ ڕۆڵەکاندا، بەمەش دەوترێت «نواندنی بینەر ڕاکێش». هەر ئەو هەژاندنەشە کە ناوەڕۆکی نواندن پێکدەهێنێت.

لە بەدوایەکدا هاتنی حاڵەت و هەلومەرجە سروشتییەکاندا ئەو خاڵانەی ورووژاندن پێکدێت کە لێوان لێون لە کۆمەڵێک هەستی دیاری کراو. لە کردەی «پێکهاتنی هەستەکانیشەوە»یە کە ئەکتەر بناغەیەکی بەتین بۆ گریمانەکانی دابین دەکات.

## مەشقی هاویشتنی تیروکەوان

لەبەدواداچوونی شرۆڤەی تایبەتی یاداشتەکانی یەکێک لە قوتابییەکانی مایرهۆڵد «ئیراست غارین»ە، «ئێدوارد براون» بەمجۆرە باس لە یەک لە مەشقەکانی بایۆمیکانیک دەکات کە بریتییە لە «هاویشتنی تیر بەکەوان»! «ئەکتەر کەوانە خەیاڵییەکە بە دەستی چەپییەوە دەگرێت، بەلادا دەڕوات و دەستی چەپی لەپێش خۆیەوەیەتی، بە دەستی ڕاستیشی ئاماژە بەشکڵی کەوانە دەکات. بۆ ئەوەی کە تیرەکە لە کیفە وەهمییەکەی سەرپشتی دەربێنێ، جووڵەی دەستی حاڵەتی جەستەی دەگۆڕێت، چونکە ئەو ساتە وەختە سەنتەری قورسایی هەنگاوێک بەرەو دواوە دەبێتەوە. بەدەستی یان بە هێمای دەستی تیرێک دەردەهێنێت، دەیخاتە بەرکەوانەکە، بەوەش جارێکی دی بە هەنگاوێک بۆ پێشەوە هاوسەنگییەکەی نوێ دەبێتەوەو تیرەکەش دەگرێتە نیشانەکە. کەوانە لە سەنتەری قورساییدا گرژدەبێتەوە و قاچی دێنێتە دواوە، تیرەکە دەردەپەڕێت و پرۆڤەکە بە هاوارێک کۆتایی پێ دەهێنرێت.

بەهۆی ئەم مەشقەوە کە بە مەشقە سەرەتاییەکان دادەنرێت، ئەکتەری خوێندکار بۆ خۆی شارەزایی لە فەزای شانۆ پەیدا دەکات و پەی دەبات بە هەست کردن بە کۆنترۆڵی زاتی و خۆی زیاتر لەسەر جووڵەی هاوسەنگی ڕادەهێنێ، ئەوەش تێدەگات کە سادەترین جووڵەی وەک جووڵەی دەستی بۆ نموونە، لەلایەن هەموو جەستەیەوە وەڵامی خۆی دەبێت و ئەو دەمەش مەسەلەی «دژە کردار» یان گەڕانەوە بۆ دواوە ڕوودەدات.

لەم مەشقەدا «پێش ئیمائە»، ئاماژەی دەستە جووڵاوەکە دوای دەرچوونی تیرەکە بۆ دواوە دەبێت، ئەم مەشقەش بە «زنجیرە جووڵەکان دادەنرێت لە نواندندا کە پێکدێت لە:

١- ورە بەرزی کە بریتییە لە تێگەیشتنی لۆژیکیی ئەو ئەرکەی کە دەرهێنەری دراماکە دایدەنێت، یان دەسپێشخەریی خودی ئەکتەرەکە دەبێت.

٢- پاساودان و لێکۆڵینەوە «التحقق» بریتییە لە زنجیرە ڕەنگدانەوەکانی جووڵە «ئاماژە» و دەنگە مەرجدارەکان.

٣- دژە کردار کە بریتییە لە هەڵوەشانەوەی ڕەنگدانەوە مەرجییەکان دوای ئەوەی کە لە ڕێی دەنگ و ئاماژەوە بەرجەستە دەکرێت (چوونە سەر زنجیرەیەکی نوێ لە ڕووداوە شانۆییەکان).

لەمەوە دەردەکەوێت کە «براون» لە داهێنانە سەرەتاییەکانی مایرهۆڵددا پەی بە ڕیشەکانی بایۆمیکانیک بردووە لەو بارەیەشەوە دەنووسێت:

لە سەرەتای ساڵی «١٩٠٥»وە کە مایرهۆڵد لە شانۆی «ستۆدیۆی مۆسکۆدا بوو بە دەرهێنەر، دەروازەی ئەو بۆ ئەدای نواندن بەشێوەیەکی ئاسایی لە ساتەوەختی بەر لە خودی ئەداکەوە لە هەردوو بواری جووڵەو ئاماژەوە دەستی پێدەکرد.

ساتەوەختی بەر لە ئەدا فاکتەرێکی کارایە بۆ بەهێزکردنی ئەدا بە پانتۆمایم و بێدەنگی و مۆسیقاکە لە نمایشی «المعلم بۆ بۆس»دا گەیشتە لووتکە، بەوەش زیهنیەتی بینەر ئاماژە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ئامانجە ناوەکییەکانی دەق. «ڕۆدنتیسکی» پێی وایە کە جەخت کردنەوەی مایرهۆڵد لەسەر ساتەوەختی بەر لە ئەدا، بۆ ئەوە هات کە دژایەتی بنەماکانی ستانسلاڤسکی بکات لە بابەتی «لەژێر دەق»دا.

## گەشەپێدانی داهێنانە کەسێتییەکانی ئەکتەر

بە کردنەوەی «ستۆدیۆ»یەک بۆ شانۆکەی لە شەقامی «برۆدنیسکی» لە شاری «پترسپۆرگ»دا، تواناکان دەرکەوتن بۆ بەکارهێنانی نەریتەکانی کۆمێدیای «دیل ئارتی» و شێوازەکانی ئەدا لە شانۆکانی خۆرهەڵاتدا. هەر لەو دەمەشدا مایرهۆڵد، بنەماکانی میتۆدی تایبەتیی بایۆمیکانیکی داڕشت. «لیتش» لە کتێبەکەیدا «فسیفۆڵد مایرهۆڵد» داهێنانەکانی مایرهۆڵد بۆ ئەکتەر دەکات بە پێنج بەش و بوارەوە.

گەڕان بەدوای ئەکتەری نوێدا، لەبەرئەوەی بەپێی تیۆریی مایرهۆڵد ئەکتەر داهێنەری سەرەکییە لەسەر شانۆ. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گۆشەنیگایەش لە بارەی توندوتیژی مایرهۆڵد لەگەڵ فێرخوازەکانیدا، «ڕۆبێرت لیتش» دەڵێت، مایرهۆڵد لە ساتەوەختی کردەی ئامادەکارییاندا هەمیشە هەوڵەکانی دەنرخاندن و داهێنانە کەسێتییەکانی گەشە پێ دەدان.

ئەو ئەفسانەیەی کە لە سییەکاندا دەرکەوت و ئاماژە بەوە دەکات کە مایرهۆڵد هەمیشە «کبت»ی ئەکتەرەکانی خۆی کردووە، بە مەبەستی ئەوە بووە کە ببێتە پاساوێکی بەرامبەرو تایبەت بۆ هەموو ئەو دەردەسەری و چەوساندنەوانەی کە دووچاری ئەم دەرهێنەرە گەورەیە هاتووە، دیارە ئەم ئەفسانەیەش لەلایەن هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ مایرهۆڵد-دا ئیشیان کردووە بەرپەرچ دراوەتەوە.

جگە لەوەش و بە مەبەستی چەسپاندنی هەڵەی ئەوتۆمەتانە، «لیتش» باس لە یاداشتەکانی چەند هونەرمەندێکی وەک «غارین» و «ئیلینسکی» و «بلوتشیک» و کەسانی تریش دەکات، هەروەها «یۆری یۆریڤ» نووسیویەتی کە ئەوە هەمیشە بەوپەڕی شکۆداری و سوپاس گوزارییەوە یادی ئیش کردنەکانی لەگەڵ مایرهۆڵد-دا دەکاتەوە». مایرهۆڵد بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم و لە یانەی شانۆدا بابەتێکی خوێندەوە بەناونیشانی «شانۆی هاوچەرخەوە»، بەپێی بۆچوونی «ن فولوکوف» ئەو بابەتە «سروودێکی ڕاستەقینە بوو بۆ مایرهۆڵد».

بەڕاستی مایرهۆڵد لە هەموو قۆناغە هونەرییەکانیدا مامۆستا و دەرهێنەر بوو. ئەو تێگەیشتن لە نەزعەی داهێنانی ئەکتەرو ئامادەکردنی خوێندکارەکانی بریتی بوو لە خەمی سەرەکیی لە ژیاندا.

لەبارەی شانۆی نێو شانۆ لای مایرهۆڵد، ئەوە پەیوەست بووە بە «پرۆسینیۆم»ەوە. برگەی بنەڕەتیی ئەدا لەسەر پرۆسینیۆم لە سیستەمی مایرهۆڵددا لە بنچینەدا بریتییە لە هاوسەنگی و هارمۆنیکای ڕیتمەکان کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەری مۆسیقی، هەروەک هەمان حاڵەت هەیە بۆ ڕۆڵ یان بۆ خودی شانۆییەک، ئەوەش ڕاستەوخۆ لە تواناکانی ئەکتەردا دەردەکەوێت لە «نواندن»دا، بۆیە دەبوایە هەموو خوێندکارەکانی تێیدا بە پلەی یەکەم شارەزاو کارامە بوونایە.

لێرەوە گەڕان بەدوای هونەری نوێی نواندندا دەست پێدەکات کە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمێدیای «دیل ئارتی»دا نموونەیەکی پێگەیشتووی سیستەمی مایرهۆڵد پێکدەهێنێ. ئەم دەرهێنەرە هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە ڕۆحی کۆمیدیای «دیل ئارتی»یەوە سەرگەرمی نوێکردنەوەی هونەریی ئەکتەر بێت.

## پانتۆمایم و تواناو کارامەیی جووڵەکان

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مایرهۆڵد بەردەوام بایەخ و تایبەتمەندێتییەکی تەواوی داوە بە جووڵە، چونکە کاکڵەو ناوەرۆکی شانۆ بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە «پانتۆمایم-نواندنی بێدەنگ»، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک بایەخی داوە بە پانتۆمایم، چونکە ئەکتەر لە پانتۆمایم-دا لە ڕێی جووڵەوە بینەر دەهەژێنێ.

مایرهۆڵد لە سەرەتای بیستەکاندا لەو باوەڕەدا بوو کە بایۆمیکانیک نەک هەر ئەکتەر، بەڵکو مرۆڤی نوێش دەخوڵقێنێ، چونکە بایۆمیکانیک هەر تەنیا کۆمەڵێک مەشق نەبوو، بەڵکو ئەو شتەیە کە بەشێوەیەکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی و جەستەیی هەموو ژانرەکانی کارتێکردن گرێ دەدات.

## گرێدانی توانای جەستەیی ئەکتەر بە توانا زیهنییەکانییەوە

بایۆمیکانیک بەو ئیعتیبارەی کە مەشقێکی نموونەیی «ترینینیغ»ە، ئەکتەری لەسەر دەرک کردن بە خودی ڕاهێنانەوە لە هەرسێ بوعدەکەوە، وێڕای ڕاهێنانی لەسەر ئەدای جووڵەکان بەوپەڕی کارامەیی و بە تەعبیرێکی ڕوون و ئاشکراو هەروەها بە هارمۆنیکایەکی زۆرەملێ «إلزامي» لەگەڵ ڕیتم و دینامیکیەتی جووڵەکان لەسەر شانۆ. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شتێکی گەورەتر لە مەشقی جەستەیی لەناخی مایرهۆڵددا بووە، هەروەک هەندێک لە قوتابییەکانی وەک «فالنتین بلوتشیک» باسی لێوە کردووە و بە «ئامێری مەشقی ڕێکوپێکی دەروونی و جەستەیی ئەکتەر» ناوی بردووە هەندێک لە چاودێرانی وەک «ل. لوزوفیک» دەڵێن: «بۆبایۆمیکانیک دەخوازرێت لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی فسیۆلۆژیی ئەو یاسایانە بکرێت کە وەک هەر زیندەوەرێک لەکاتی ئیشکردنیدا کۆنترۆڵی جەستەی ئەکتەر دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی کە بتوانێت بە کارامەییەکی گەورەوە هەموو جووڵەو ئاماژەکانی بەرجەستە بکات.

مایرهۆڵد لە توێژینەوەکانیدا لە ڕۆشنایی «تایلۆری»یەتەوە جووڵەی بە زنجیرەیەک کردەوە. ئەو جووڵەیەی سەر شانۆی کردووە بەو سێ بەشەوە کە باسمان لێوەکردن «ورە بەرزی، پاساودان، کاردانەوە».

پێگەی جوگرافیی ڕووسیا کە کەوتۆتە نێوان ئەورووپاو خۆرهەڵاتەوە، هەلومەرجێکی تایبەتی بۆ ئەزموونەکانی مایرهۆڵد دەستەبەر کرد، ئەو دەمەی کە توانیی لە شانۆکانی چین و ژاپۆندا کۆمیدیای تەقلیدی «دیل ئارتی» کارامەیی نواندن بەکاربهێنێت. ئەو بەشتێک لە «پرۆستسینیۆم دەستی پێکرد، هەروەک لە شانۆی ژاپۆنی-دا، ئەکتەر لە مەودایەکی نزیکەوە لە بینەر ڕۆڵەکەی دەبینێ و سەماو جووڵەو ئاماژەو وەستانەکان، ئەنجام دەدات، بینەریش دەیتوانی بە جوانی هەموو ئەوانە ببینێت.. ❖

# کلاوڕۆژنەکان



**عومەری عەلی ئەمین**
**(سلێمانی)**

## کلاوڕۆژنەی یەکەم

شانۆکەمان لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، بەسەردەمێکی زێڕیندا تێپەڕی، بزووتنەوەیەکی چالاک و گورج و گوڵ بوو، بەرهەمەکانی سەرکەوتوویيان دەبەخشی، لە جێگەیەکی بەرزەوە دەیانڕوانییە جەماوەری بینەرو مژدەی دواڕۆژێکی گەشیان دەدا. هەر لەو سەردەمەشدا توانی جەماوەری شانۆ بۆ خۆی پێبگەیەنێت کە سێیەم مەرجە بۆ دروست بوونی شانۆ، بەڵام ئەو ڕەوتە جوانە نەیگەیاندە سنووری دامەزراوی و پێگەیشتنی شانۆی کوردی، بەڵکو لەماوەی ئەو بیست ساڵەیدا بە چەندان ڕێبازو شێوازدا تێپەڕی وەک کلاسیکی و واقیعی و پێشڕەوی و بڕێختی واتە مەلحەمی و ئەزموونگەری و ئاهەنگسازی، نەبینرا لەسەر یەک ڕێباز بمێنێتەوە و دامەزراو بێت، کە لە ڕاستیدا ئەم تاقی کردنەوانەش هەوڵدان بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێبازێکی سەرکەوتووانەتر.

جا کە ئێمەش ئەم سەرمایە گەورەیەمان ناونابێت (شانۆی کوردی) کە مۆرک و سیمای شانۆیەکی کوردیی پێوە دیاربێت؛ ئەمە بەدی نەکراوە کە ئەو ناوەشمان لێناوە (شانۆی کوردی) ئەمە لەگەڵ ڕاستیدا نەگونجاوە. زۆربەی زۆری شانۆییەکانمان لە ڕابووردوو و ئێستاشدا بەدەگمەن نەبێت؛ بیانی بوون، کەچی کە باس دێتە سەرباس، هەر بە (شانۆی کوردی) ناودەبرێن. ئایا ئەوە ڕاستە دەقێکی (بیکێتی) ئێرلەندی پێشکەش بکرێت و ناوی لێ بنرێت (شانۆی کوردی) ؟ کە وەها بوو بەم پێیە کە گوێزرایەوە بۆ ئیتالیاش؛ دەکرێت ناوی بنرێت شانۆی ئیتالی، یان کە بردیان بۆ ڤێتنام؛ دەشێت ناوی لێ بنرێت شانۆی ڤێتنامی.

شانۆییەک کە تایبەتمەندێتیی نەتەوایەتی بگرێتە خۆ، لە ڕێگەی دەقەوە دەبێت، نەک تەکنیک. تەکنیک دەشێت جیهانی بێت، بەڵام دەق، تایبەتمەندێتی دەگرێتە خۆی، تایبەتە بە ژیانی گەلێکەوە، کە هیواو ئاواتەکانی دەردەبڕێت و خۆزگەو خواستەکانی و سەرکەوتن و داکەوتەکانی نیشان دەدات و لە کوێرەوەری و تەنگانەکانی دەدوێت، لەگەڵ ئەمانەدا موتوربەش کرابێت بە بیروباوەڕێکی جیهانییەوە، کە لەلایەن نووسەرێکی خۆولاتییەوە نووسرابێت کە بە تەواوەتی شارەزای مێژووی ژیانی گەلەکەیەتی.

شانۆی ئیتالی بەدەقی ئیتالی و شانۆی فەرەنسی بەدەقی فەرەنسی و شانۆی ئینگلیزی بە دەقی ئینگلیزی..تاد پێگەیشتووە. لە وڵاتی خۆشماندا هەرچەندە بەشی خۆمان



گەزیزە

خاوەنی دەقی کوردی و درامانووسی کوردین؛ بەڵام بەداخەوە دەقی کوردی تائێستا ڕێگەکەی بەرەو شانۆ؛ بەردەڵانییە و پڕیەتی لەتارمایی نەزانەکان.

هەوڵدانیش بۆ پێگەیاندنی شانۆی کوردی، هەر یەک ڕێگەی سەرەکی بەدی دەکرێت، ئەویش: برەودانە بەنمایش کردنی درامای شایستەی کوردی، کە ئەرکی شانۆکانە بە گەرمی پێشوازیی ئەم ڕایە بکەن.

لە کاتێکدا کە من زۆر لە زووەو بە پەرۆشەوە چ بە نووسین چ بەکردەوەش هاواری: (دەقی کوردی، شانۆی کوردی)م کردووە و بانگەوازم هەڵداوە، ئەو ڕاستییەش دەخەمە پێش چاو کە نمایشی دەقی کوردی ئاسان نییە و ماندوێتیی زۆری پێویستە. وەکو ئەوە نییە دەرهێنەرێک دوو سێ جار لەسەر شانۆیەکی بەغداد بیبینێت و لەدواییدا بە فۆتۆکۆپی کراوی بیهێنێتەوە شارەکەی خۆی و بە (حازری) و بە ئاسانی نمایشی بکات و بانگەشەی شانۆی کوردیشی بۆ بکات، نەخێر، دەقی درامای کوردی، چونکە نوێیە؛ پێویستی بە تەکنیکی هەمە جۆر هەیە، پێویستی بە دیکۆرو جل و بەرگ و ئێکسسوارو مۆسیقاو دەنگ و مکیاج و ڕاهێنانی تەواوی ئەکتەر هەیە... تاد کە جۆری ئەم پێداویستییانە هەمووی لە هەڵبژاردندا شارەزایی هونەری و بیرکردنەوەی تەواویان دەوێت. جگە لە ئەوەش کە بۆ کاری دەرهێنانی نمایشەکەش ئامادەکردن و پەیداکردنیان، لەخۆ بووردن و ماندووبوونێکی گەورەو گرانی پێویستە... بۆیە پاڵدانەوەو قاچ خستنە سەر قاچ؛ لەگەڵ سەرکەوتنی دەقی کوردی و پێگەیاندنی شانۆی کوردیدا، هەرگیز دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێت.

## کلاوڕۆژنەی دووەم

ڕەخنەی شانۆیی.. ڕەخنەی دروستکار، یەکێکە لە ڕیزی پێداویستییەکانی پێکهاتەی شانۆ کە پشت بە دوو بنەمای سەرەکی دەبەستێت: شارەزایی لە زانستی شانۆداو شارەزایی لە زانستی جوانیدا کە هەردووکیان بەهێمنی ئاماژە بۆ ناتەواوییەکان دەکەن و گەشە بەلایەنە سەرکەوتووەکانی دەدەن، ئیتر لەمە بترازێت واتە: نامۆیی بەناسنامەی ڕەخنە. هەر لەبەر گرنگیی خۆیشی بووە کە لەم سەردەمەی ئێستادا؛ لە خوێندنی کۆلێژە هونەرییەکاندا بەشی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان کراوە.

(ستانسلاڤسکیش) باوەڕی وایە کە، ڕەخنەگر لەبەر دەرگای هۆڵەکە ڕستە ئامادەکراوەکان و قاڵبەکانی گیرفانی دابنێت؛ ئەوسا بچێتە ژوورەوە، لەوێش لەسەر شانۆکە چیی بینی ئەوە بچنێتەوە.

ئەوەی لەم گۆڕەپانەی ئێمەدا بەدی دەکرێت، بەداخەوە ئەم جۆرەیان بەدەگمەنە، بەڵام ئەو جۆرەی کە سنووری ئەو خاسیەتانەیان شکاندووە و بەناوی ڕەخنەوە بڵاودەبنەوە و لەپێناوی فرە مەبەستی شەخسیدا بەکار دەهێنرێن و قازانج بە زۆر شت دەگەیەنن؛ شانۆ نەبێت، بوونی ئەم جۆرەیان بەداخەوە کەم نییە، کە شێوەی خۆ دەرخستن و ستایش و زەم و زەمکاری و ئازاردان و نوقورچ گرتن و ڕقەبەرایەتی و دۆستایەتییان،... تاد گرتۆتە خۆ، کە لەم سەردەمەی دواییەدا لایەنپەرستییەکی ئەوتۆشی تێکەوت؛ شێربەگوێگرتنیش هیچ حسابێکی بۆ نەدەکرا.

بەڵێ ئەم جۆرەیان کە بەناوی ڕەخنەوە بڵاودەکرێتەوەو پێچەوانەی پێشکەوتنی شانۆمانن؛ زۆر بە ئازارن، بەڵام بە ئازارترو بەسوێتر ئەوەیە، کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بە بایەخدان بە بڵاوکردنەوەیان؛ کێشەکە ئەوەندەی تر قورستر دەکەن، کە لەم ئاستەدا بەرژەوەندیی شانۆمان خۆزگە دەخوازێت کە ڕۆژنامەنووسانی بەرپرسیاری بەڕێز لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا خۆیان خاوەنی بڕیار بن لە بژاردنی ڕەخنە نامۆکانداو بڵاوکردنەوەی ڕەخنە ڕاستگۆو شایستەکاندا، کە ئەم کارەش هاوبەشی کردنێکی گەورەیە لە بەهێزکردنی ڕەخنەی دروستکارو پێشخستنی شانۆماندا، بەڵێ. دیموکراسییەت و سەربەستیی نووسین هەیە و فراوانە و پارێزراوە، خۆشمان بە پارێزەرانی ڕای ئازادەوە پابەندین... بەڵام ئەو نووسینانەی دەبنە هۆی خاوبوونەوەی ئەو چالاکییانەی کە لەپێناو سوودی گشتیدا ئەنجام دەدرێن، بەداخەوە دیاردەیەکە هەیە و لەگۆڕێدایە.. جا ئەگەر ئەو بژارکردنە بێت؛ چارەسەری گرانە.

## کلاورۆژنەی سێیەم

له (١٩٢٥)وه تا (١٩٦٩) که چل و چوار ساڵه مێژووی بزووتنەوەی شانۆمان ئەوسا گەیشتە ئاستی دامەزرانی تیپێکی شانۆیی، که ئەویش: (تیپی نواندنی سلێمانی) بوو.. کەچی تەنیا لەسەردەمی ڕاپەڕینیشدا چەندان تیپی شانۆیی دامەزران.. بێگومان ئەمە بیرکردنەوە دەورووژێنێت.. ڕاپەڕین ڕووی داو مێـژەدەزمەیەک لەسـەرمان لاچوو، ئازادییـەکی وەها فـراوان لە ولاتدا دروست بوو، چەندان هونەرمەندو هونەر دۆستانی دڵسۆز لە خزمەتی نیشتماندا، کۆمەڵ کۆمەڵ لەخۆشەویستی گەلدا یەکیان گرت و دەستیان کرد بە دامەزراندنی چەندین تیپی شانۆیی که ئەمەش جێگەی ڕێزە... بەڵام بەبێ ئەوەی زۆریان بیـر لەوە بکەنەوە کـە ئەم تیپانە پێویستیـان بە تاقیکردنەوەی پێشترو بەهرەو وزەی هونەری هەیە، بەتایبـەتیش کـە دامـەزراندنی ئەو تیـپـانە لەبارودۆخێکدا بوو؛ ولات بەسەردەمی گواستنەوەدا تێدەپەڕی و کـاروبارەکـان بەخـێـرایی و کـوتوپڕی دەهاتنە پێـشـەوە و گـۆڕانکارییـەکان بە کـەشێکی نا ئارامدا دەڕۆیشتن، کـە ئەم حـاڵەتانەش یارمـەتیی ئەوەیان نەدەدا بۆ گـەورەبوونی ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە تیـپێکدا هەبێت و ببێـتە مایەی درێژخـایەنی و بەردەوام بوون هەروەکـو چۆن لەو سـەردەمـەدا چەندین چالاکیی هەمـە جۆرو کـۆڕو کـۆمـەڵی جیـاواز هاتنە کـایەوە و دوای کـەمـێک دیارنەمـان، وەکـو چەندین گـۆڤـارو ڕۆژنامـەو پرۆژەی بە کـەڵکی تر کـە بەردەوامـیـان درێژەی نەخایاند.

## کلاورۆژنەی چوارەم

من دەچمە سەیری شانۆییەکانی لاوان و بەرهەمەکانیان و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم. لە ڕاستیدا ئەوان لەم چالاکییە هونەرییەیاندا؛ ناتوانن پێویستیان بە کەڵک وەرگرتن نەبێت لەتاقی کـردنەوەی هونەرمـەندانی پێش خۆیان، هەروەکـو چۆن هونەرمەندانی پێش خۆشیان بەبێ هاریکاری کردنی یەکتری لەگـەڵ ئەواندا؛ شـانۆ هەژار دەبێت. کـەواتە گـرنگ نرخی کـارەکـەیە کـە بەبێ ئەم هەرەوەزییـەی یەکـتـری؛ شـانۆ ڕادەوەستێت، بەو مـەبەستـەش باسی کـاری لاوان دەکـەین، ئەگەر لەمە بترازێت؛ زەمینەی بزووتنەوەی شانۆمان درزی تێ دەبێت، ئەوەش نیـشـانی دەدات کە دیاردەی لاوان و غـەیری لاوان؛ بۆ فـرە مـەبەسـتی تر دروست کـراون.. کـەواتە گـرنگ کارەکانە، گرنگ پەیام و نامەی بەرهەمەکانە. دە مادام شانۆ؛ یەک شـانۆیە و کـارەکـانیـش هەمـووی شـانۆ ئەنجـامی دەدات؛ بۆچی بەلاوان و غەیرە لاوان بەجیا باسیان بکەین؟

من کە سەرەنجی تابلۆیەک دەدەم؛ بیر لەوە ناکەمەوە کە ئەمە بەرهەمی لاوە یان نا؟ کە گوێ لە گۆرانییەک ڕادەگرم بە یادمـدا تێناپەڕێت کـە گـۆرانیـبـێـژەکە لاوە یان نا؟ کە شیعرێک دەخوێنمەوە ناپرسم ئاخۆ شاعیرەکە لاوە یان نا؟ هەروەها گەر دەچمە سەیری شانۆییەکیش بەو مەبەستە ناچم کـە ئەمـە کـاری لاوانە یان نا؟ بەڵکو دەچم بۆ سـەیرکـردنی کـاروبەرهەمێکی هونەری، گرنگیش ئەوەیە: نامە و پەیامی ئەو بەرهەمەم پێبگات و قایلیشم بکات.

## کلاورۆژنەی پێنجەم

خۆ ئەگەر لەم کلاورۆژنەیەوە ئەوە ببینین کە هۆی سستی و خاوبوونەوەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تەلەفزیۆن و سینەما؛ دەڵێین: نـکوڵی لەوە ناکـرێت، کـە تەلەفـزیۆن و سینەما لە چالاکییەکانیاندا، لەژمارەی هونەرمەندانی شانۆ هەڵدەمـژن، کـە ئەمـەش کـاری خـۆی هەیە بۆ سـەر بچووکبوونەوەی قەبارەی چالاکیی شانۆ، بەڵام بەو ڕادەیەش نییە کە پەکی بخات، بەڵکو تا سنوورێکە. لە کاتێکدا کە لە سەیرکردنی گۆڕەپانی شانۆکەماندا، وەها دێتە بەرچاو کە چالاکییـەکانی بەهۆی برەو و باوی تەلەفزیۆن و سینەماوە؛ ئەو دیاربوونەی کـەمـتـر بووەتەوە، یان شـانۆ ئەو دەورەی نەمـاوە، ڕەنگە ئەم مـەزەنەیە بە تەواوی لە جێگەی خـۆیدا نەبێت، چونکە شـانۆ وەک خـودی خـۆی ئاوەکـەی وشک ناکـات، ئەوەتا لە ولاتە پێـشـکەوتووەکـاندا سـینەمـا و تەلەفــزیۆن گــەلێک لێــرە باوترو لەبرەوتردایە؛ کــەچی شانۆکـانیـشـیـان هەر شانۆیە و هەر لە چالاکیی خۆیدایە، بەڵام کـەم و زۆرییـەکـەی بەو ڕادەیە نییـە کـە ئێـمـە مەبەستمانە، چونکە جەماوەری ڕابواردن و کات بردنە سەرو حـەسـانەوە لە هەمـوو جـیـهـاندا؛ لە جـەمـاوەری فـیکرو تێـڕوانینی ژیان زۆرترە، کـە شانۆ خۆی لە خودی خـۆیدا، فیکرو تێڕوانینە لەژیان.

## کلاورۆژنەی شەشەم

پرسیاری زۆر لەسەر ئەوە ورووژاوە کە بۆچی شانۆکەمان ئەو گەرم و گوڕییەی پێش ڕاپەڕینی نەماو خاو و ساردوسڕ بووەوە؟ سـەرەنجـەکـانی من لەم ڕووەوە بە کـورتی وەهای لێکدەدەنەوە:

پێش ڕاپەڕین ئازادی نەبوو، کەچی شانۆمـان گەش بوو. لەسـەردەمی ڕاپەڕیندا، ئـازادییـەکی زۆر هەیە، کـەچی شانۆمان بچووک بووەتەوە... جا ئەم پێچەوانییـەکارییە، ئاورمـان پێدەداتەوە بۆ لێـدوانی باسـێک کـە پێی بوترێت

(شانۆ و ئازادی) کە ئەمەش لێدوانێکی تایبەتی خۆی هەڵدەگرێت و لێرەدا دەرفەتی نییە.

بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە کە بۆچی شانۆمان بچووک بووەتەوە؟ لێکدانەوەکانم بە کورتی دەڵێت: کۆمەڵێک هۆکار گەلە کۆمەکێیان لە شانۆکەمان کرد: (١) دەسەڵات (٢) هونەرمەند (٣) بینەر.

(١) دەسەڵات: دەسەڵات لەپێناوی دۆست و لایەنگیر پەیداکردن و ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا؛ پەنجەی لەنێوەندە هونەرییەکە وەردا، کە شڵەقاندنی لە ئەنجامی ئەم کارەشدا، ڕەش بوو بە سپی و سپی بوو بە ڕەش و سوپایەک لەمشەخۆر و هەڵمەتەکاسەو نا هونەرمەند و هەلپەرست؛ دەروازەی ئەم نێوەندەیان لە گرێژنە بردو هاتنە ناوەوە.. ئیتر لە گۆڕەپانەکەدا هونەرمەندانی بەتواناو لێهاتوو و شایستە بەڕادەیەک ژمارەیان کەم بووەوە کە کاروبارەکەیان پێ هەڵنەسووڕا.

(٢) هونەرمەند: ئەگەر هونەرمەندان؛ خۆشەویستی هونەرەکەیان بپاراستایە و ئەو پێوەندی ڕێزو یارمەتییەی جارانیان درێژە پێبدایە، دەیانتوانی لە ئاستی هەموو شڵەقاندنێکدا شان بدەنە بەر تەلاری شانۆکەمان و ئەو گوناهی هەرەسەیان نەدەخستە ئەستۆی خۆیان.. ئەگەر خۆشەویستی نەبووایە؛ نە فەرهاد کێوی بێستوونی کون دەکردو نە داستانی مەم و زین و نە ڕۆمیۆ و جولێت و نەقەیس و لەیلا دروست دەبوون.

لەسەرێکی تریشەوە دەبێت ئەوە بڵێین: گرانی و ناهەمواری و باری سەختی ئەو ڕۆژگارە وەهای کرد کە هونەرمەندانیش وەکو هاووڵاتییانی تر، ڕوو بکەنە پەیدا کردنی ڕۆژانەی خۆیان و زۆربەیان بەرەو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆو دەسگا ڕاگەیاندنەکانی تر بچن، کە لەم بارو دۆخەشدا. شانۆ هەست بەبێ کەسییەک دەکات.

(٣) بینەر: ئەوەی کە جەماوەری بینەر دوای ڕاپەڕین لەسەر شانۆ بینییان و دەیبینین، زۆر ئاسایی و ساکارو بچووکتر بوون لەو داستانی قارەمانێتی و جوامێرییانەی کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا بەکارو کردەوە هاووڵاتییەکان ئەنجامیان دا، ئەمە جگە لە ئەوەی کە بینەر بەهۆی سەختی باری ژیانی ڕۆژانە و جێگە گۆڕکێ و ئاوارەیی و نا ئاسوودەییەوە، زۆر کەمتر دەیپەرژایە سەر هامشۆی هۆڵی شانۆکان.. ئێ خۆ جەماوەری بینەریش سێیەم مەرجە لە پێکهاتەی شانۆدا.

بەشێوەیەکی گشتی شانۆی هەر وڵاتێک بە بارودۆخێکی وەهادا تێپەڕێت لەو سەردەمەدا بەم جۆرەی لێدێت کە وەها چاوەڕوان دەکرێت دوای ئەو ماوەیە هەڵسێتەوە سەرپێ و بەرەو پێشکەوتنی گەورەتر بڕوات. ئەگەر سەیری شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)ی گەلانی ڕووسیا بکەین، دەبینین شانۆ گەشەکەی ڕووسیای قەیسەری شێوەیەکی وەهای لێبەسەر هات (ستانسلاڤسکی) و هاوڕێکانی بەجۆرێکی نائاسایی سەریان لێشێوا، تا (مایرهۆڵد) لە چلەکاندا ئیعتیباری بۆ ڕەت کرایەوە، لای خۆشمان ئەگەر ئەم جۆرە شێواوییەی ئێستامان درێژە بکێشێت ئەگەر وەکو ئەوێمان لێبەسەر نەیەت؛ باشە.

## کڵاوڕۆژنەی حەوتەم

هەر شانۆیەک، خۆی لە ئێش و ئازارو هیواکانی گەلەکەی خۆی جیاکردەوەو ئەرکەکانی خۆی فەرامۆش کرد؛ ئەوە شانۆیەکی دۆڕاوە. من بیرم بێت شانۆکەمان بە درێژایی تەمەنی لایەنگری مافی ڕەوای گەل و نیشتمانەکەی خۆی بووە.. خۆ ئەگەر ڕووی دابێت تاک و تەرایەک لەم ڕێڕەوە لای دابێت؛ ئەوە پێوەندی بە بزووتنەوەکەوە نییە، بەڵکو ئەو کەسانە خۆیان بەرپرسیارن.. شانۆش وەکو هونەرو بیروڕاو بۆچوونەکانی، بەهەمەجۆر ڕێبازی تایبەتی خۆی بە شێوازێکی هونەریی پەسەند دەردەبڕێت، بەڵام دوور لەوەی کە بکەوێتە کەش و هەوایەکی ڕاگەیاندنکارییەوە. جیاوازیی هەیە لەنێوان تیپێکی سەربازی و تیپێکی هونەریدا، هەریەکەیان بە یاسای ڕێبازو ڕێچکەی خۆی، بیروڕای خۆی دەردەبڕێت:

شانۆمان هەمیشە لەوەدا وریا بووە کە بە پەرۆشەوە بیێتە سەبووری و تەسەلایەک بۆ گەلەکەی خۆی کە لەنێو دەق و نمایش کردنەکانیدا، لە داهێنانکارییەکانیدا، ناڕەزایی و ناوچەوان گرژیی خۆی بەرانبەر ناحەزەکانی وڵات دەربڕێت و کارەساتەکانیان ڕیسوا بکات، بەڵام وەکو تمان بە پێڕەوکردنی یاسای ڕێچکە تایبەتییەکەی خۆی. خۆ ئەو جەماوەرە زۆرەی کە لەپێش ڕاپەڕیندا هەیبوو دەهاتنە سەیری نمایشەکانی، خۆ سەنگەرو پێشمەرگەیان نەدەدی، بەڵکو لە دووتوێی گفتوگۆو جموجووڵ و دیکۆرەکاندا؛ بیروڕاو ئاواتەکانی خۆیان دەدۆزییەوە، هەر لەگەڵ وشەیەکیان لەم بارەیەوە ببیستایە یان ئاماژەیەکیان بدیایە؛ هاڕەی چەپڵە هۆڵەکەی دەهەژاند. تۆ ناحەزی خۆت ڕیسوا بکەیت؛ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ؛ گرنگ ڕیسواکردنەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕایانەشدا، ئەو مەرگەساتانەی کە بەسەرماندا هاتووە، جار بووە کراون بەکەرەسەی دەقی درامی و کارێکی داهێنەرانەی شانۆیی کە چوونەتە سنووری ڕاستەوخۆییەوە، بەڵام بە ڕاستەوخۆییەکی زەق نا، بەڵکو ڕاستەوخۆییەکی هونەری، بە

شێوەیەکی ئەوتۆش کە لەجیاتی دڵۆپێک ئاو؛ پەرداخێک ئاویان داوە بە بینەرە تینووەکانی خۆیان. لە نموونەی ئەم کارە جوانانە کە خاڵێکی جوانن بەسەر ڕوومەتی مێژووی هونەرەکەمانەوە، شانۆیی (هەنگوین)ە کە لە ساڵی (١٩٨٩)دا پێشکەش کراو کاتی خۆی ڕادیۆ لەشاخ ستایشێکی گەورەی کردو داوای ئەم جۆرە شانۆییانەی کرد، هەروەها مۆنۆدرامای (دارتوو)ەکەی گەزیزە کە هەر لەو ساڵەدا پێشکەش کراو لەسەری تووشی لێپرسینەوەیەکی قورسی دامو دەستگاکانی ئەمن بوو.

سەبارەت بە پێداویستییەکانی گەشەکردنی شانۆشمان؛ پێشنیازو داواکارییەکانی لەمەوبەر کە ببوونە ویردی سەر زمانی هونەرمەندان؛ وەنەبێت نوێ بووبن و بەدی هێنانیان بە دەر لەتوانا بووبێت، بەڵام لەم سەردەمەدا وەکو بڵێیت شانۆکەمان شێواوییەکەی، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتبێت، لەبەر ئەمە بووژاندنەوەکەشی هەر مامەڵەیەکی تایبەتی پێویستە، بەڵای منەوە ئەم کارە پیرۆزەش، کاری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە و بەو نەبێت هەڵناسووڕێت و بەستراوە بەدەست و پەنجەی ئەوەوە.. لەم ڕووەوە پێشنیاز دەکەم: جگە لە دامودەستگای بەرپرسیاری شانۆ لە وەزارەت؛ لیژنەیەکی تری شانۆ دابمەزرێت تایبەت بۆ بووژانەوەی شانۆمان؛ لیژنەیەکی خاوەن دەستەڵات، ئەندامەکانی ڕابووردوو پاک بن، شارەزاو خاوەن ئەزموون و هونەر خۆشەویست بن، لەوانەی کە بە دوورەپەرێزی لە لایەنپەرستی ناسراون، کە بەهۆی دەست بەکاربوونی ڕاستگۆیانەی ئەم لیژنەیەوە دەتوانرێت شانۆکەمان ببووژێنرێتەوە.

هەرچەندە شانۆ خۆی مافی سەربەستیی تەواوی هەیە لە چالاکییەکاندا و فەرمان پێکردن و ئاماژەکاری ناگرێتەخۆ، بەڵام حاڵەتەکە تایبەتە و بەم شێوە تایبەتییەش نەبێت، ناگاتە سنووری بووژانەوەی پێویست.

## کلاوڕۆژنەی هەشتەم

کۆچ کردنی هونەرمەندانیش بۆ دەرەوەی وڵات، پێوەندیی بە بزووتنەوە شانۆییەکەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بەشی خۆی باسێکی بکەین.

هەر هونەرمەندە جۆرە بەهرەو توانایەکی تێدا هەیە، کەم یان زۆر، کەوا چاوەڕوان دەکرێت بیبەخشێت بە گەل و وڵاتەکەی. هونەرمەندێکیش کە زانی وڵاتەکەی بە قۆناغێکی ناسکی خۆدامەزراندن و خۆ دروست کردندا تێدەپەرێت و پێویستی بە هاریکاریکردنی و هاوبەشیی ئەو بەهرەو توانایەی ئەو هەیە؛ ئەرکی شایستەتی خۆیەتی کە لەو کارە پیرۆزەدا هاوبەشییەکی تەواو چالاک بکات، نەک لەم کاتە ناسکەدا وڵات بەجێ بهێڵێت و بڕوات.. خۆ مادام قەیرانی شانۆکەمان لە ئارادایە و بەمانەوەی ئەوانیش ئەو قەیرانە هەر درێژەی هەیە، لەبەر ئەوە ڕۆیشتن و نەڕۆیشتنیان گۆڕانکارییەک نابەخشێت، هەر چەندە ئەم کارە پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە.

لەسەرێکی تریشەوە گوایا (چالاکی)ی هونەرمەندی کۆچبەر لە ئەوروپا: تەختەی شانۆکە بینراوێکی سەما ئامێزە، یان نمایشکردنی تابلۆیەکی ئەوروپا شێوەیە لە شەمەندەفەرێکدا، یان وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆمەڵێکیانە بەجل و بەرگی عەسابەگەری ئەوروپاوەو ناردنی بۆ گۆڤارەکانی کوردستان: کێ ئازایە بییانناسێتەوە؛ ئەوەندە دۆلار خەلاتێتی...تاد کە ئەم جۆرە کارانە نە داهێنانکاری و نە بەرنامە و نەمەنهەجیشن بۆ خزمەتی شانۆی کوردی کە هەر ئەوەندە بزووتنەوەکە جووڵەیەکی تێکەوت، ئیتر کوڕگەل و کیژگەلی هونەرمەندانی بەتوانا، هێندە شانۆکەمان ئاوەدان دەکەنەوە؛ هەر چەپڵەیان بۆ لێبدرێت.

(برێخت)ی ئازادیخواز و هونەرمەندو خاوەنی شانۆی مەلحەمی کە لە ساڵی (١٩٣٣)دا، ئەڵمانیای نیشتمانی بەجێ هێشت؛ بە ئارەزووی خۆی نەبوو، بەڵکو هەڵاتووی دەستی سەرکوتکەرانی ڕژێمی نازییەکان بوو، دوای (١٦) ساڵیش لە (١٩٤٩)دا کە لە (پراگ و ڤییەنا و پاریس و لەندەن و ئەمەریکاو مۆسکۆ) گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاکەی خۆی تا درێژە بەکارە هونەرییەکانی خۆی بدات؛ ئەوسا ئەڵمانیا لە کۆت و زنجیری نازییەکان ئازاد ببوو، بەڵام لای ئێمە بە پێچەوانەی (برێخت)ەوە، ئەو هونەرمەندانە لەکاتێکدا وڵاتیان بەجێ هێشت؛ لە چەپۆکی ناحەزان ڕزگاری ببوو، لەشنەی جەژنی ئازادیدا دەژیا..❖



# لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی

و/ لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل

تا ئێستاش خەڵکانێک لەنێوماندا هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەموو ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەوانییەکان بریتین لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، بەو مانایەی هەموو ڕۆژنامەنووسان زۆر بەوردی لەو شتانە دەکۆڵنەوە کە لەبارەیانەوە دەنووسن. ئەم ڕایە بۆتە هۆی ئەوەی زاراوەی (لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی) ببێتە شتێکی بێمانا، هیچ جۆرە گومانێکی تێدانییە، تاوەکو یەکەم ڕۆژنامە دەخوێنینەوە کە دەکەوێتە بەر دەستمان، یا لە تەلەفزیۆنەوە تەماشای هەواڵەکانی ئێوارە دەکەین.

ئەو ڕاپۆرتەی لەبارەی باری کەشناسی دەخوێنرێتەوە و پێشکەش دەکرێت، یا ئەو بابەتەی باس لەوە دەکات کە چۆن دەتوانیت لەتاریکاییدا شتەکان ببینیت، یا ئەو ڕاپۆرتە قووڵ و دوورو درێژەی لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە لەبارەی پێکهاتەی سیاسی ئەنجومەنی یاسادانانی نوێی ویلایەت، کاتێک بە وردی تەماشایان دەکەین، هەست دەکەین زۆر لە سیماکانی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانیان تێدا نییە.

ئەوکاتەش گومانمان زیاتر دەبێت کاتێک ئەم هەواڵانە و هەموو هەواڵەکانی تری ئەو ڕۆژە بەبابەتی سەرەکی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەک بەراورد دەکەین کە لەبارەی ئەو پارێزگارەیە کە دووجار پارەو مەسروفاتی یەک سەفەری وەرگرتووە، سەفەرێک کە خەڵکانێکی تر پارەکەی دەدەن، بەڵام پارێزگار لە گەنجینەی پارێزگاشەوە پارەکەی وەرگرتۆتەوە. ئەم وتارە ئەوە پیشان دەدات، کە چۆن پارێزەر (٢٢) هەزار دۆلاری لەگەنجینەی پارێزگا لەسەفەرێکدا سەرف کردووە کە لەسەر حیسابی شوێنێکی تر بووە کە پارێزگارەکەیان دەعوەت کردووە تاوەکو وتارێکیان پێشکەش بکات.

دیارە ئەم چیرۆکە جۆرێکی دیاریکراوی توانایی تێدا خەرج کراوە کە جیاوازە لەو شتانەی تر کە باسمان کرد.

بەمانایەکی تر، ئەگەر گوتمان هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک لێکۆڵینەوەی وردیان تێدایە، باشە ئەی بۆچی ئەم جیاوازییە هەیە لەنێوان ئەوەی پێی دەگوترێت لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی و نێوان جۆرەکانی تری ڕاپۆرتە هەواڵ؟

باشە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی، هەروەکو کتێب و فیلمی سێکسییە کە ناتوانین پێناسەی بکەین، بەڵام هەر کاتێک بینیمان ئەوا ڕاستەوخۆ دەیناسینەوە؟ نەخێر هەرگیز ئەوە ڕاست نییە. باشترین پێناسە ئەوەیە کە ڕۆبەرت گرین-ی جێگری بەڕێوەبەری نووسینی پێشووتری ڕۆژنامەی نیوزدای پێشکەشی کردووە کە دەڵێت: (بریتییە لەو ڕاپۆرتە هەواڵەی کە کەسێک لەسەرەتادا بەهەوڵ و کۆششی خۆی بەدەستی دێنێت بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی هەندێک شتی گرنگی ڕێکخراو و



کەسەکان کە مەبەستیانە بەشاراوەیی بمێنێتەوە، ئەم کارەش لە سێ توخمی سەرەکی پێک دێت، یەکەم: دەبێت ڕۆژنامەنووسەکە خۆی بەهەوڵ و کۆششی خۆی ئەم لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەی ئەنجام دابێت، نەوەکو تەنیا ڕاپۆرتێک بێت لەسەر لێکۆڵینەوەیەک کە ڕۆژنامەنووسێکی تر ئەنجامی داوە. دووەم: دەبێت ئەو بابەتەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لەبارەیەوە دەکرێت تارادەیەکی زۆر لای خوێنەر گرنگ و بایەخدار بێت. سێیەم: دەبێت کارێکی وا بێت کە خەڵکانی پەیوەست پێیەوە هەوڵیان دابێت بیشارنەوە و ئاشکرا نەکرێت). ئەو نموونەیەی کە زۆر باوە و بەکاردێت بۆ سەلماندنی جیاوازی نێوان هەواڵی گشتی سیاسی و لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی، بریتییە لە هەردوو نموونەی (کاغەزەکانی پنتاگۆن- نهێنییەکانی جەنگی ڤێتنام) و ئەو لێکۆڵینەوانەی تایبەت بوون بە فەزیعەی وترگێت لەسەردەمی سەرۆک نیکسۆن-دا بڵاوکردنەوەی (کاغەزەکانی پنتاگۆن) لەلایەن ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزو هەندێک ڕۆژنامەی تر، ڕۆشناییەکی نوێ و گرنگ و پڕ لەبێزاری خستە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی ئەمریکا لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، چەندین مانگیان بەسەربرد لە شیکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتەی دەستیان کەوتبوو و خستنەوە نێو ڕەوتی گشتی ڕووداوەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەی وتەبێژانی حکومەت بڵاویان دەکردەوە و ئەنجامی ئەم بەراوردکردنە. ئەوە ئەوکاتە خزمەتێکی گرانبەها بوو ئەم ڕۆژنامەیە پێشکەشی خەڵکی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕۆژنامەوانی نەبوو، بەڵکو پیلانێکی ڕۆژنامەوانی بوو لە بارەی سیاسەتی گشتی وڵاتەوە، چونکە خودی (کاغەزەکانی پنتاگۆن)یش هەر لەلایەن حکومەتەوە دانرابوو، ئەوە کارێک بوو حکومەت ئەنجامی دابوو.

کەچی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکەی وترگێت، زۆربەی هەرە زۆری کاری خودی ڕۆژنامەنووسان بوو کە هەڵسان بەیەکەوە بەستنەوەی ڕاستییەکانی مەسەلەی چوونە نێو تەلاری وترگێت و ئەو ڕووداوانەی دواتر ڕوویاندا بوو، ئەم کارە هەموو ئەو خاڵانەی تێدا بوو کە گرین ئاماژەیان بۆ دەکات.

زۆربەی ڕۆژنامەکان بۆ خوێنەری خۆیان پرۆژەی لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی ئامادە دەکەن، لەپاڵ ئەوەشدا پرۆژەی تریش لەبارەی سیاسەتی گشتی ئامادەو بڵاودەکەنەوە. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکان زیاتر شت لەبارەی سیاسەتی گشتی بڵاودەکەنەوە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەموو ئەو تواناو ئامادەباشییەی کە پێویستن بۆ پرۆژەی لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی، پێویستن بۆ پرۆژەکانی سیاسەتی گشتیش وەکو؛ ئامادەیی بۆ کارکردنی زۆرو دوورو درێژ، پەیداکردنی شارەزاییەکی زۆر لە بابەتەکان بەشێوەیەک ڕۆژنامەنووس دەبێتە کەسێکی هەرە شارەزا لە بابەتەکە، دۆزینەوە و ئاشکراکردنی سەرپێچی کردنی یاساو پێوەرە ڕەوشتییەکان، یا تەنانەت نیشاندانی ڕەفتاری جوانیش، چونکە ئێمە لێرەدا تەنیا جەخت ناکەینەسەر ئەو هەڵانەی نێو دام و دەزگاکان، وەکو هۆی سەرنەکەوتنی سیاسەتی کشتوکاڵی لە ئەمریکا، یا بۆچی تاقیکردنەوەکانی قوتابیانی ئێمە لە ئەمریکا لاوازترە لە وڵاتێکی تر کە لە هەمان تەمەندان؛ ئێمە جگە لەو بابەتانە، جەخت دەکەینە سەر ئەو کەسانەش کە هەڵە دەکەن.

سەرنووسەر و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەتواناو شارەزاو خاوەنی مەعریفەیەکی زۆرن و دەتوانن بیربکەنەوە و چاوتیژن، دەتوانن لەڕێگای بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر جوانی ڕۆژنامەوانی لەبارەی سیاسەتی گشتی بەرهەم بێنن، بۆ نموونە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە: چ شتێک لەسیاسەتی فێرکردندا هەڵەیە؟ ئایا ئاوی شارەکەمان پاکە؟ ئایا باجی زەوی و زار بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەخەمڵێنرێت و لەخەڵکی وەردەگیرێت؟ پرسیاری لەم شێوەیە دەشێت لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی زۆر جوانی لێبکەوێتەوە لەبارەی سیاسەتی گشتی. کەچی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی، دەبێت لەو بیروبۆچوونەوە دەست پێبکات کە شتێک هەیە هەڵەیە، کەسێک هەیە هەڵەی کردووە، بێگومان کەمجار بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە لەژووری دەستەی نووسەراندا سەرهەڵدەدات، چونکە ئەم مەسەلانە زیاتر لەسەر شەقام و لەنێو خەڵکدا سەرچاوە دەگرێت، بەمانای ئەوەی ئەم هەواڵانە لای خەڵکە، ڕۆژنامەنووسی بەتوانا ئەو کەسەیە کە دێت لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕۆژنامەوانی لەم هەواڵانە دەکات و بەدوای وردەکارییەکاندا دەڕوات. جگە لەوەش دەشێت لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی لەبابەتی سیاسەتی گشتی ترسناک و مەترسیدار بێت، هەروەها قەبارەی ئەو زەرەرەی کە لێی دەکەوێتەوە زۆر زیاترو گەورەترە، بۆیە بەردەوام ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان ئەم ئەرکانە بە ڕۆژنامەنووسە خاوەن ئەزموونەکان دەسپێرن، لەوەشدا زۆر لەسەر حەقن، چونکە ئەوە بێنە پێش چاوی خۆت کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی بە چەند زنجیرەیەکی یەک لەدوایەک لەبارەی تیرۆری ڕێکخراو لەشارەکەتدا چەندە کێشە دەنێتەوە، کەچی لێکۆڵینەوە لەبارەی پیسبوونی ژینگەی شار هەندێک کێشەی کەم بۆ ئەوکەسانە دەنێتەوە کە لەسەریان دەنووسیت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی لەبارەی سیاسەتی گشتین، دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنن بۆ ڕاهێنانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی حەز دەکەن لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی ئەنجام بدەن.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە نهێنی و شێوازی وات پیشان دەدات یارمەتیدەرن بۆ ئەنجامدانی هەردوو جۆرە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، بۆیە بەردەوام ئێمە هەردوو جۆر بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی ناودەبەین.

## ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی دەبنەوە

بەداخەوە ئەو بەربەستانەی ڕێگرن لەبەردەم ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، گەلێک زۆرن و دەبێت ڕۆژنامەنووس بەردەوام ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بەربەستەکانیش ئەمانەن:

١- ئازادی گەیشتن بە زانیاری: بەڕاستی ئەستەمە ئەوکەسانە بدۆزیەوە کە ئامادەن قسە لەسەر کاری ناشیرین و ناشایستە بکەن بۆ ئەوەی بڵاوبکرێتەوە، یا تەنانەت هەر بۆ زانیاری کۆکردنەوەش، ئەوە جگە لەوەی کە زۆر زەحمەتە بەڵگەیەکی نووسراوی نێو سجلاتەکانت دەسکەوێت، بگرە ئەوە لە هەندێک حاڵەتدا کارێکی ئەستەمە، ئەگەر ئەوەشمان دەسکەوێت ماوەیەکی زۆر زۆر دەخایەنێت و ڕەنگە چەند مانگێکی بوێت و زۆر لەوە زیاتری تێدەچێت کە لەتوانامانداییە.

٢- فێری بەکارهێنانی ئامێری نوێ و ئاڵۆزبە، چونکە هەندێک ئامێرو کەلوپەل لە ئەنجامدانی کاری وا بەکاردێت کە پێشتر جۆرێک بوون لەخۆشگوزەرانی، بەڵام ئێستا بوونەتە بەشێک لە پرۆژەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی. ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ناتوانێت کۆمپیوتەر بەکاربێنێت بۆ نووسینی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی، یا بۆ وەرگرتنی زانیاری، یا ئەوەی نازانێت، چۆن دەتوانێت کۆمەڵێک بەڵگەنامە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە وەربگرێت و سوودیان لێ ببینێت، ئەوە بێبەش دەبێت لە شتێک کە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت.

٣- بێ ئاگایی لەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن: بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی ئەو بابەتانەی کە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیان لەبارەیەوە دەنووسیت، ڕەنگە یەکێک بێت لەبەربەستە هەرە ترسناکەکان، چونکە ئێمە زۆرجار کاتێک دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەین زانیارییەکی زۆر کەم و سەرەتاییمان لایە، ئەوە ئەگەر ئەوەندەشمان لابێت، زانیاری لەبارەی بابەتەکە، کەسە سەرەکییەکانی نێو مەسەلەکە، یاسای بەڕێوەچوونی کارەکان، چۆنیەتی گەمەکردن بەم یاسایانە، تەنانەت پێوانەکردنی ئەوەی ئایا ئەم بابەتە ئەوە دێنێت لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لەبارەیەوە بکرێت؟ بەمانایەکی تر، ئەو پێوەرە چییە کە بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاستییەکان بەکاری دێنیت؟ چۆن ئەو مادە خامە جیاوازانە دەگونجێت و ڕاوبۆچوونەکان لێک دەدەیتەوە؟



٤- پاڵەپەستۆ، دوو جۆرە پاڵەپەستۆ هەیە کە زۆر باون بۆ ئەوەی پەلە بکەیت لەبابەتێک یا دەسبەرداری بیت و وازی لێ بێنیت، ئەم دوو جۆرە پاڵەپەستۆیەش دوو ڕووی یەک دراون. یەکەمیان مەسەلەی کاتە، دووەمیان ئەو هەموو سکاڵاو نارەزاییەیە کە دەگاتە دەست سەرنووسەر یا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەلایەن ئەو دەزگاو ڕێکخراو و کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە دەکرێت. لەماوەی کارکردنم لە بەشی لێکۆڵینەوەی وردی ڕۆژنامەوانی بۆ ماوەی پازدە ساڵی تەواو، سەدان ڕۆژنامەنووس و نووسەری لێکۆڵینەوەی ورد باسی ئەو مەسەلەیەیان بۆ کردووم و ئەوەشم بۆ دەرکەوتووە کە ئەم جۆرە سکاڵایانە کارێکی هەرە باون.

٥- کات: کات دوژمنی هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانییە، چونکە ڕۆژنامەنووسان تەنیا لەلایەن دەزگاکانی خۆیانەوە پاڵەپەستۆیان لەسەر نییە، بەڵکو بەردەوام ڕووداوەکان وا ڕوودەدەن کە لەژێر کۆنترۆڵی ڕۆژنامەنووس بچێتە دەرەوە و زیاتریش جەختی لەسەر دەکرێتەوە کە دەبێت زووتر تەواوی بکات.

لەبەر ئەوەی بەردەوام دەزگایەکی تری ڕۆژنامەوانی بەدوای هەمان بابەتی تۆوەیە، یا گۆڕانکارییەک ڕوودەدات هەر هەموو هەوڵ و کۆششت بەفیڕۆ دەڕوات، یا کاتێک لە لێکۆڵینەوەکەتدا کەسێک تۆمەتبار دەکەیت، ئەویش دێت پێشت لێدەگرێت و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز دەکات و هەوڵ دەدات جێکەوتی مەسەلەکە بزر بکات. ئەوانە هەمووی دوو دڵی و دڵەڕاوکێ بۆ ڕۆژنامەنووسی وەکو ئێمە دروست دەکات کە کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەین، چونکە ئەو ڕۆژنامەو دەزگایەی تۆ کاری بۆ دەکەیت، لەڕێگای بڵاوکردنەوەو سەبقەوە کار لەخوێنەرو گوێگرو بینەرانی دەکات، نەوەکو لە ڕێگای بەدواداچوونی هەواڵێک کە دەزگایەکی تر بەر لە تۆ پێشکەشی کردووە.

٦- کێشە یاساییەکان: ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەران کاتێک ڕاپۆرتەکانیان دەنووسن، بەردەوام پێشبینی ئەوە دەکەن دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی بێن و بەوە تۆمەتبار بکرێن کە تایبەتمەندی کەسێکیان پێشێل کردووە، یا تەشهیریان پێکردووە. هەروەها دەبێت هەرگیز ئەوەت لەبیر نەچێت کە تۆ ئەو شتانە لەسەر هەندێک کەس دەنووسیت، بەردەوام دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی سنووری ئازادی هاوڕێیە ڕۆژنامەنووسەکانی ترت، چونکە هەر جارێک کە ڕۆژنامەنووسێک داوایەکی یاسایی دەدۆڕێنێت، یا ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە، یا داوای لێبووردن دەکات لەو شتانەی بڵاوی کردبوونەوە، ئەوە بەگشتی کار لە

ڕاستگۆیی هاوڕێیانیشی دەکات.

### ئەو بەربەستانەی سەرۆکی کار بۆتی دروست دەکات

زۆربەی ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی وا ئامادە نەکراون بتوانن لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی بەرهەم بێنن، بەشێک لەکێشەکە لەوەدایە کە ڕۆژنامە سەرقاڵی ڕووداوەکانی ڕۆژە، دواتریش ئامادەو نەخشەسازی و چاپکردن، ئەوانەش زۆرجار پاڵ بە سەرنووسەرەوە دەنێت زۆر سەرگەمی ئەو لێکۆڵینەوانە نەبێت کە ماوەی زۆریان گەرەکە و ڕۆژنامەنووسان داوای لێ دەکەن ڕەزامەندی پێشان بدات لەسەریان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن.

لێرەدا با بەیەکەوە نموونەیەکی گریمانکراو لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی وەربگرین کە لەبەردەستی سەرۆکی بەشی کاروباری ناوخۆدایە، ئەوکێشانەی ئێمە لێرەدا گریمانی دەکەین، هەمان ئەو کێشانەن کە لە هەموو ژوورێکی دەستەی نووسەراندا هەیە، بەڵام لەخۆشبەختیدا لەیەک کاتدا دووچاری هەر هەموویان نابینەوە.

هەنگاوی یەکەم: ئەو پەیامنێرەی تایبەتە بەکاروباری فێرکردن و پەروەردە، لەسەر حیسابی خۆی دەچێتە شاری سان فرانسیسکۆ تاوەکو ئامادەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بێت لەبارەی لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی فێرکردن، دەزگاکەی پێی وایە هیچ سوودێک لەکۆنگرەیەکی وادا نییە، بۆیە ئامادە نییە پارەی ئەم سەفەرە خەرج بکات و پەیامنێرەکە لەسەر حیسابی خۆی دەچێتە کۆنگرەکە. پەیامنێرەکە لەیەکێک لە دانیشتنەکاندا گوێی لێدەبێت لیژنەیەک لە لیژنەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پلەی تاقیکردنەوەکان و ڕێژەی سەرکەوتووان لەو قوتابخانانە زیاترە کە جیاوازی ڕەگەزی نێوان سپی پێست و ڕەش پێستی تێدایە، واتا ئەو قوتابخانانەی سپی پێست بەتەنیا و ڕەش پێست بەتەنیا تێدا دەخوێنن.

پەیامنێرەکە سەری سوڕما و پێی وابوو کە ڕەنگە ئەوە بابەتێکی باش بێت بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی.

هەنگاوی دووەم: ئەو پەیامنێرە دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بارەگای ڕۆژنامەکەی لای یاریدەدەری سەرۆکی بەشی کاروباری ناوخۆ پێشنیار دەکات لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەو ئەنجامە بکات کە لیژنەکە پێی گەیشتوون و گەشتێک بەسەر قوتابخانەکاندا بکات و ژیانی ڕاستەقینەی مامۆستایان بزانێت و قسە لەگەڵ قوتابیان و دایک و باوکیان بکات و ڕاوبۆچوونی ئەو شارەزایانەش وەربگرێت کە ڕاپۆرتی لیژنەکەیان ئامادەکردووە.

ئەگەرچی بەرپرسەکەی بەگومانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە، بەڵام ڕازی دەبێت لەکۆبوونەوەی بەیانی لەگەڵ سەرۆکی بەشی



فێرکردن باسی بکات. سەرۆکی بەشی فێرکردنیش بابەتەکە بەگومانەوە وەردەگرێت، بەڵام بەڵێن دەدات لەگەڵ سەرنووسەردا باسی بکات دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک و پاش کۆبوونەوەی سەرۆک بەشەکان لەگەڵ سەرنووسەردا، یاریدەدەری سەرۆکی بەشی کاروباری ناوخۆ بە پەیامنێرەکە ڕادەگەیەنێت کە دەتوانێت لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکات، بەمەرجێک لەکاتی دەوامی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیدا نەبێت لە ڕۆژنامەکەدا، واتا دەبێت لەکاتی حەسانەوەو پشووی خۆیدا ئەنجامی بدات.

هەنگاوی سێیەم: پەیامنێرەکە زۆر ئازایانە لەکاتی حەسانەوەو پشووی ڕۆژانەی خۆیدا بەدوای مەسەلەکەدا دەڕوات و سێ هەفتە کاری تێدا دەکات. ئەو پەیامنێرە بەختی هەیە، چونکە لەکاتی لێکۆڵینەوەو گەڕاندا سێ لێکۆڵەرەوەی حکومی دەناسێت کە ماوەی دوو ساڵ کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن و خەریکن دەگەنە ئەنجام. ئەو پەیامنێرە دوای ئەوەی ئەم دەسکەوتە چاوەڕوان نەکراوەی دەسکەوت، ڕۆژی پشووی ڕەسمی خۆی دەچێتە بارەگای ڕۆژنامەکەو بەدرێژایی ئەو ڕۆژە یاداشتێکی (١٠) لاپەڕەیی لە بارەی بابەتەکە ئامادە دەکات، جگە لە (٢٠) بابەتی تری پەیوەست بەمەسەلەکە بۆ ئەوەی لەماوەی سێ ڕۆژی دواتردا یەکە یەکە بڵاویان بکاتەوە. دواتر هەوڵ دەدات مۆڵەتی دوو هەفتە وەربگرێت تاوەکو لێکۆڵینەوەکانی تەواو بکات، ئەوە لەکاتێکدا دەزانێت کە پێویستی بەچوار هەفتەیە بۆ ئەوەی ئیشەکە جوانتربێت. پاشان بەسەرگەرمییەکی زۆرەوە یاداشتەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە دەست سەرنووسەر.

هەنگاوی چوارەم: سەرنووسەر داوا لە پەیامنێرەکە دەکات لەسەرخوانی نیوەڕۆ لەگەڵی دانیشێت، ئەوەشی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەوەندە سەرقاڵە بۆیە تەنیا لەکاتی نانخواردندا دەتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات. لەماوەی ئامادەکردنی خواردنەکەدا سەرنووسەر بەدەیان پرسیاری ئاراستە دەکات لەبارەی بابەتەکە (٩٠٪ی وەڵامی پرسیارەکانیش لەیاداشتەکەدایە، ١٠٪ یەکەی تریش پرسیاری سەیرو سەمەرەیە، یا لەدەرەوەی بابەتەکەیە). پاشان سەرنووسەر ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆژنامەکە نە کاتی ئەوەی هەیە مۆڵەتی پێبدات و نە پارەی ئەوەشی هەیە لە لێکۆڵینەوەی لەم شێوەیەی خەرج بکات.

هەموو ئەم قسانە هەشت خولەکی کاتی نانخواردنی خایاند، لەکاتی گەڕانەوەشیان لەکافیتریاوە بۆ نووسینگە، سەرنووسەر سوپاسی پەیامنێرەکە دەکات کە بەم سەرگەرمییەوە کار دەکات. دواتریش بەدەنگێکی بەرز لێی دەپرسێت ڕەنگە باش بێت ئاوا ماوە ماوە لەسەر نانخواردندا باسی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی بکەین بەیەکەوە، چونکە



وەکو ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات حەماسی لا دروست کردۆتەوە و قسە بەبەختی خۆبشی دەڵێت کە ناتوانێت جارێکی تر کار لەم لێکۆڵینەوانەدا بکات.

هەنگاوی پێنجەم: پەیامنێرەکە دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێت و هەست بەبێ دەسەڵاتی خۆی دەکات، دێت پێشنیارو یاداشتەکەی خۆی لەناو دۆلابێک دادەنێت و خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لەیەکێک لە کۆبوونەوەکانی باوکان لەم قوتابخانانە ئامادەبێت.

هەنگاوی شەشەم: دوای تێپەڕینی مانگێک، ئەو سێ لێکۆڵەرەوە حکومییەی ماوەی دوو ساڵ بوو کاریان دەکرد، ئەنجامەکانی خۆیان ڕاگەیاند، ئەنجامەکەش وتووێژی زۆری هەڵدەگرت، یەکێک لە پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەکەش لە ڕاپۆرتێکی کورتدا کە (٢٥) بۆسەیە، بابەتەکە بڵاودەکاتەوەو سێ هەڵەشی تێدا دەکات و ناتوانێت بەوردی لەو ئەنجامە تێبگات.

دوای دوو ڕۆژ، ڕێکخراو و گرووپێک خۆ پیشاندانێک لەبەردەم لێپرسراوی قوتابخانەکان و (بەڕێوەبەری پەروەردە) ساز دەکەن، چونکە لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گوتوویەتی ئەو ئەنجامانەی خراونەتە ڕوو (پێویستیان بەپێداچوونەوە هەیە). ڕۆژنامەنووسانی ئەم ڕۆژنامەیەش خۆپیشاندانەکە بڵاودەکەنەوە و ئەوەیان بەخەیاڵدا نایەت پرسێک بەو پەیامنێرە بکەن، بەڵکو تەنیا جەخت دەکەنە سەر لایەنی سیاسیانەی خۆ پیشاندانەکە و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە بەڕێوەبەری پەروەردە لە حاڵێکی خراپدایە.

ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵەرە حکومییەکان پێی گەیشتن و ئەم وتووێژەی نایەوە، زۆر بەکورتی لە لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەکەدا بڵاودەکرێنەوە، بگرە لەبەر ئەوەی شوێنێکی کەمی بۆ دادەنێن، بابەتەکە سەقەتیش دەبێت و پەیامنێرەکەش تێبینی ئەوە ناکات کە ئەم دوو بابەتە بڵاوکراونەتەوە، چونکە جێگاکەی هەم خراپە و هەم بچووکیشە.

هەنگاوی حەوتەم: ئەو پەیامنێرە لەلایەن ئەو سەرچاوانەی کە هاوکاریان دەکرد، دووچاری قسەی ناشیرین دەبێتەوە، چونکە جگە لەوەی بابەتەکان ئەوەندە کورتن کە بوار نییە بە درێژیی باسی کێشەکە بکەن، پڕن لەهەڵەش. ئەو کەسەی کە زۆریش تووڕە بووە بەڕێوەبەری پەروەردەیە. کاتێک پەیامنێرەکە دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژنامەکە و دوو بابەتەکە دەخوێنێتەوە، تووڕە و بێزار دەبێت و بەدوای ئەو یاداشتەدا دەگەڕێت کە کاتی خۆی ئامادەی کردبوو، بۆیە دێت جارێکی تریش یاداشتەکەی دەکاتە کورتە ڕاپۆرتێک و دەینێرێتەوە لای سەرنووسەر تاوەکو بڵاوی بکاتەوە.

هەنگاوی هەشتەم: سەرنووسەر زۆر تووڕە دەبێت و ئەم نووسراوەش ئاراستەی پەیامنێرەکە دەکات: (ئێمە دوو بابەتمان لەسەر ئەم مەسەلەیە بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی خۆی یەک بابەتی بەس بوو، چونکە خوێنەری ئێمە بایەخ بەم مەسەلەیە نادات، تۆ لەپێناو سەرچاوەکانت نانووسیت، پێشم وایە لەو کۆبوونەوەیەی مانگی ڕابردوو زیاتر لەکاتژمێرێک ئەوەم بۆ باس کردیت کە ئێمە نە کات و نە پارەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەمان هەیە، بە هەرحاڵ، خوێنەرانی ئێمە زیاتر بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە کاریان لێدەکات، وەکو دابەزینی شەعبییەتی بەڕێوەبەری پەروەردە، ئێستاش تکایە واز لەو بابەتە بێنەو با بگەڕێینەوە سەر نووسینی ئەو بابەتانەی کە پێشووتر بایەخت پێدەدان، بەهەرحاڵ پێم خۆشە هەر کاتێک حەزت کرد قسە بکەین، چونکە من بەوە ناسراوم کە سیاسەتی دەرگای کراوە بەکاردێنم).

هەنگاوی نۆیەم: لەماوەی ساڵێکدا پەیامنێرەکە ڕۆژنامەکە جێدەهێڵێت و دەچێتە نێو ئەو تیمەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەری پەروەردە کە ئاستی شەعبی لەدابەزیندایە وەکو ئەوەی لەڕۆژنامەکاندا باس دەکرێت. ڕاکردنی ئەم پەیامنێرە، سەرنووسەر و سەرۆک بەش و یاریدەدەرەکەی دووچاری سەرسوڕمان دەکات، چونکە نازانن ئەوان لەوە زیاتر دەبوایە چی بۆ ئەم پەیامنێرە بکەن.

لەکۆتاییدا سەبقی ڕۆژنامەوانی لەبواری فێرکردن کارێکە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت لەسایەیەوە پاڵپشتی لەو نووسینانەی خۆی بکات کە دەیاننووسێت.

## خۆت پڕ چەک بکە

درککردنت بە بوونی بەربەست و بەوەی ئەو بەربەستانە بەردەوام قوربانی خۆیان هەیە و دەبێت ڕووبەڕوویان ببیتەوە، یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی، ڕەنگە فەرامۆشکردنی ئەم بەربەستانە گران بکەوێتەوە، هەروەها ئەو دەسکەوتانەی لەسایەیانەوە بەدەستیان دێنیت زۆر گرنگن، هەم بۆ خۆت و هەم بۆ ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەیت و هەم بۆ خوێنەرانیش. لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆکە لەنێو دیموکراتییەتی ئێمەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، تەشهیر کە بەباوکی مێژوویی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت بەرپرسە لە بەخشینی ئەم هەموو گرێنتییەی ئەمڕۆ لەئارادایە، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە جەختکردنەوە لەسەر هەستکردنمان بەوەی پێویستیمان بەدەزگای ڕێکخراو هەیە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، ئەوەش یەکێک بوو لەو شتانەی ئەمریکا دایهێنا.

چاکەی هەرە گەورە لەوەی ئەمڕۆکە ئێمە دەیزانین، شێوازو

جۆری ئیشکردن و چۆنیەتی ئەنجامدان و بەڕێوەچوونیان، بۆ ئازایەتی و لەخۆ بووردەیی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگەڕێتەوە کە لەکارەکانی خۆیاندا هەوڵ و کۆششی زۆریان داوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی بابەتی وردو سیاسەتی گشتی بەیەکەوە ئەنجام داوە و هەر بەوەندە نەوەستاون کە پشت بەو ڕاپۆرتانە ببەستن کە لەلایەن پێوەندییە گشتییەکانەوە دەردەچێت و بەردەوام بەدوای حەقیقەتی مەسەلەکاندا چوون.

## باشترین چوار ڕۆژنامەنووس

ئەگەر هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانی و سیاسی گشتی ئەوەندە لە مەسەلەکان قووڵبوونەوە و هەموو ڕاستییە شاراوەکانیان ئاشکرا کرد، ئەوە ئەو شتانە چین کە لە هەندێکیاندا هەن و وامان لێ دەکەن لەبەرخۆماندا بڵێین: (ئای لەو بابەتە)؟! ئەوکاتە دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەگەر بەوردی بڕوانینە ژیانی پیشەیی و ڕۆژنامەوانییانەی چوار ڕۆژنامەنووس کە ئەمانەن: جیم ستیل، دۆن بارلیت، ڕۆبەرت گرین، لۆ کیلزەر، هەر چواریشیان خەڵاتی پۆلیتزەریان بەدەست هێناوە.

لەبەر ئەوەی هەریەک لەبارلیت و ستیل باشترین ڕۆژنامەنووسن لەم بوارەدا، بۆیە وا دەخوازێت هەندێک تیشکیان بخرێتە سەر.

ستیل و بارلیت ڕووبەڕووی بابەتی گەورەو سەخت بوونەوە، بابەتی وەکو ئەو دادوەرییەی کە دادوەرەکان پراکسیسی دەکەن، یا دادوەری دەزگای داهاتی ناوخۆ، یا پاشماوەی زبڵە ئەتۆمییەکان، یا ئەو شێوە ڕەفتارە تایبەتەی کۆنگرێس لەگەڵ هەندێک کۆمپانیادا دەیکات، کاتێک یاسایەک دەردەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەملیۆنەها دۆلاریان دەسکەوێت. لەهەمان کاتیشدا ملیۆنەها دۆلار لەدەست بدەین، یا ئەو گەندەڵییەی لەئەمریکا هەیە و بڕواناکرێت. بێگومان دیارە بارلیت و ستیل زۆر سوودیان لەوە بینیوە کە لەساڵی (١٩٧٠)وە لە ڕۆژنامەی (فیلادلفیا ئەنکوایرار) کاریان کردووە، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە لەهەموو ئەمریکادا بەوە ناودار بوو کە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی زۆر چاکی ئەنجام داوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. ئەم ڕۆژنامەیە بەشێوەیەکی ڕۆتینییانە کات و پارەو توانایەکی ڕۆژنامەوانییانەی وا بۆ کارمەندانی دابین دەکات، بتوانن ڕۆژنامەیەکی نایاب دەربکەن.

بارلیت و ستیل ڕۆژنامەگەرییەک پێشکەشی خەڵک دەکەن. وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییانە دەداتەوە کە هەموو خۆیانی لێ گێل دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن دەتوانرێت باشترین ڕۆژنامەی ئەمریکی بێت، واتا ئارەزووی پێوەندیکردن بەژیانی خوێنەرەوە، ئەوەش لەڕێگای دۆزینەوەی



ئەو بابەتانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەخەڵک دەکەن.

بەڵام مێژووی پیشەیی بۆب گرین، بەشی هەرە زۆری تاوەکو بەم دواییە وازی هێنا، هەر لە ڕۆژنامەی (نیوزدای) بوو وەکو ڕۆژنامەنووس و یاریدەدەری سەرۆکی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی، گرین بەردەوام سەرقاڵی ڕەوتی سەرەکی ڕووداوەکان بوو، بۆ نموونە:

١- باوکی ڕۆحی تیمێک بوو لە ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵەرەوە، لەساڵی (١٩٦٧)دا تیمێکی بەردەوامی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی (نیوزدای) دامەزراند کە یەکەم گرووپی لەم جۆرەیە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکیدا.

٢- نووسەری کتێبی (پیاوی دوپشک)ە، ئەوەش کتێبێکی زۆر سەرنجڕاکێشە لەبارەی مامەڵە دەرەکییە گومانلێکراوەکانی بانکەکانەوە.

٣- خۆی و تیمەکەی چەندین خەڵاتی نەتەوەیی و هەرێمایەتیان بەدەستهێناوە و دووجار خەڵاتی زێڕینی پۆلیتزەریان بەدەستهێناوە، یەکەمیان لەساڵی (١٩٧٠) کاتێک گەندەڵی لۆتگ ئایلاندیان ئاشکرا کرد کە تەنانەت یەکێک لە گەورە بەرپرسانی ڕۆژنامەکەی خۆشیانی تێوە گلابوو، ئەویتریان لەساڵی (١٩٧٤) لەبارەی بڵاوبوونەوەی هێرۆیین بوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە یەک ساڵی خایاندو لەبارەی چۆنیەتی هێنانی هێرۆیین بوو لەتورکیاوە و دواتریش کردنە نێو شادەماری منداڵانی لۆنگ ئایلاند.

٤- یەکێک بوو لەنێوان دوو، یا سێ کەس کە هەڵسان بەدامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسی و سەرنووسەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی کە ناسراوە بە (IRE) و بەیەکێک لەسەندیکا گرنگەکان دادەنرێت کە بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان دەکات.

٥- کەسی سەرەکی و بەرپرسی نووسینی ئەو ڕاپۆرتەی (IRE) بوو کەبەر لە ئەوکاتە بێوێنە بوو لەبارەی (پرۆژەی ئەریزۆنا) کە دوای شەش مانگ لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەیەو لەبارەی تیرۆرکردنی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی (ئەریزۆنا ڕیپۆبلیک) بەناوی دۆن بۆلز بوو.

هەردوو خاڵی دواتر کە پەیوەستن بەیەکەوە، پێویستییان بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە. لەساڵی (١٩٧٥)دا سەندیکای (IRE) بەهەوڵ و کۆششێکی زۆری گرین دامەزرا. لەساڵی (١٩٧٦)دا دۆن بۆلز کە ئەندامی دەستەی دامەزراندنی ئەم سەندیکایە بوو تیرۆر کرا، باشە کاردانەوەی ئەم سەندیکایە چۆن دەبێت کە تاکە ڕێکخراوە بۆ نووسەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی؟ گرین داوای کرد کە دەبێت بەرسفی سەندیکا کارێک بێت کە گرێنتی ببەخشێتە ژیانی هەموو

ڕۆژنامەنووسان، ئەویش لەسایەی بڵاوکردنەوەی نامەیەک کە کورتەکەی ئەوەیە (تۆ ناتوانیت بەکوشتنی ڕۆژنامەنووسێک ئەو بابەتە بکوژیت کە کاری تێدا دەکات).

گرین پێی وابوو نابێت سەندیکا بچێتە ئەریزۆناو بەدوای تۆڵە سەندنەوەدا بگەڕێت، بەڵکو کاری سەندیکا ئەوەیە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات لەبارەی ئەو گەندەڵی و باڵادەستییەی کە هەیە، ئەوەش کارێکە بەتاکە ڕۆژنامەنووسێک ناکرێت، بەڵکو کارێکە تەنیا ئەوکاتە ئەنجام دەدرێت کە بانگەشە دەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە ئەریزۆنا، ئەوەبوو سەندیکا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەریزۆناوە بانگهێشت کرا و نزیکەی (٣٠) ڕۆژنامەنووس و دەزگای ڕۆژنامەوانی بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر داوای گرین و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو لە ئەریزۆنا کاریان کرد.

زنجیرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە یەک لەدوای یەک بڵاودەکرانەوە، لەسەرجەم ئەمریکادا دەنگیان دایەوەو خەڵاتی ڕۆژنامەوانی جۆراوجۆریشیان پێدراو بوونە جێگای ڕەزامەندی خەڵکی ئەریزۆنا، چونکە ئەم ڕاپۆرتانە بوونە هۆی بڵاوکردنەوەی وشیاری زیاتر لە ئاست گەندەڵی سیاسیدا و پاڵی بەپیاوانی پۆلیسەوەنا زیاتر بەرەنگار و ڕووبەڕووی ببنەوە.

هەموو ئەوانەی لەم پرۆژەیەدا بەشدار بوون و من قسەم لەگەڵدا کردوون، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر گرین نەبووایە، ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوونەدەبوو، لەبەر ئەوەی گرین سەرۆکی تیمەکە و باوکی ڕۆحی ڕۆژنامەنووسان بوو، هەموویان نهێنییەکانی خۆیان لا دەدرکاند.

دوای بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکان، (٦) داوای یاسایی لەدژی سەندیکا بەرزکرایەوە، لەم شەش داوایە تەنیا یەکێکیان بوو بە دادگاییکردن، سەندیکاش دادگاییەکەی بردەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گرین و هاوڕێکانی زۆر بە وردی کاریان کردبوو، بەڵگەکانیان بڕواهێن بوون. گرین بەدرێژایی یەک ساڵ لەکاتی پشووی هەفتانەیدا لەنێو ویلایەتەکانی ئەمریکادا دەسووڕایەوە و کۆڕو سیمیناری پێشکەش دەکردو پارەی بۆ سندووقی بەرگری کردنی لەنێو سەندیکا کۆدەکردەوە و توانی زیاتر لە (٧٥) هەزار دۆلار کۆبکاتەوە.

ئەوکاتەی لەساڵی (١٩٧٨)دا سەندیکای (IRE) هاتە زانکۆی میسۆری لەویلایەتی کۆلۆمبیا، ژمارەی ئەندامانی لەچەند سەت کەسێک تێپەڕی نەدەکرد، تاکە ڕۆڵی فێرکارانەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو، چونکە لەم کۆنگرەیەدا وانەی ڕۆژنامەنووسیان دەگوتەوە، ئەوەش بەشدارییەکی گرنگ بوو لەبواری ڕۆژنامەگەریدا، لەم کۆنگرانەدا بەدەیان ناودارترین ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی



وانەیان بۆ سەدان ڕۆژنامەنووس شرۆڤە دەکرد کە چۆن دەتوانن بە بەکارهێنانی هەمان تەکنیک و ستراتیژ کاری ڕۆژنامەنووسی خۆیان بکەن، ئەم چالاکیانە شتێک بوون بەر لە ئەوکاتە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ئەنجام نەدرابوون.

لەوە بەدواوە سەندیکا کە فراوانبوو ژمارەی ئەندامانی گەیشتە سێ هەزار ئەندام و ئەلقەی لێکۆڵینەوەی لە بارەی بابەتی تایبەتی سازدەکرد و بوو بەخاوەنی ڕۆژنامە و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کە هەزارەها لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی تێدایە، سەندیکا کە ئەوەندە گەشەی کردووە بەشێوەیەک بۆتە سەرچاوەیەک بۆ هەموو کەسێک کە دەیەوێت لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە بنووسێت.

بەڵام لۆکلیزەر هەرگیز لەبواری ڕۆژنامەگەریدا نەیخوێندووە، چونکە پێدەچێت لەزانکۆی ییڵ میتۆدێک نەبێت بۆ خوێندنی ڕاپۆرتە هەواڵ، بۆیە کلیزەر بەشی فەلسەفەی تەواو کردووە.

من کیلزەر باش دەناسم، چونکە لەماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا لای من لەڕۆژنامەی (ستارتریبیۆن) کاری دەکرد، ئەوکاتە بۆم دەرکەوت ئەو باشترین کەسە لەوانەی کارم لەگەڵدا کردوون یان دەیانناسم، یا گوێم لەناویان بووە کە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام دەدات. ئەوەی کە مرۆڤ بزانێت لەشتێکدا هەڵەیەک هەیە، جیاوازە لەگەڵ ئەوەی سەرەڕای کەمی بەڵگە، بەڵام هەڵەکە بدۆزێتەوە. لەم بوارەدا کەس لە کیلزەر باشتر نییە، بۆ؟ مەسەلەکە لەشێوازی بیرکردنەوەی کیلزەر دایە، ئەو بەشێوەیەکی بازنەیی بیردەکاتەوە نەوەکو ڕاستەهێڵ، بەردەوام گومان دەکات و زانیارییەکان شی دەکاتەوە.

کیلزەر بەم شێوەیە شێوازی کاری لێکۆڵینەوەی خۆیمان بۆ باس دەکات: «کۆلۆمبۆت لەیادەکە ئەفەسەرێکی پۆلیسی نێو زنجیرەی تەلەفزیۆنی بوو کە چۆن زانیاری زۆر گەورەو گرنگی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەپیاو خراپەکە وەردەگرت. هەر ئەوەندەیە ئەو دەفتەرە بچکۆلەیەی خۆی دەربێنێت کە جگە لە ئەو متمانە بەکەسی تر ناکات و پرسیاری گونجاو بکات، ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ کردنەوەی تەلیسمی بوونی تەرمێک و تاوانێک.

لەبیرتە چۆن کۆلۆمبۆ بەردەوام سەردانی پیاوخراپەکەی دەکرد بۆ ئەوەی بە ئەدەبەوە هەندێک پرسیاری گونجاوی ئاراستە بکات؟ لەبیرتە چۆن تاوانبارەکە دووچاری شڵەژان دەهات کە چاوی بە کۆلۆمبۆ دەکەوت؟ تا ئەوکاتەی هەستی کرد کە پێویستە چیتر وەڵامی پرسیارەکانی نەداتەوە، لەبیرتە ئەوکاتەش کار لەکار ترازا بوو؟».

ئێمە لەنووسینگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی پیتەر فۆڵک بەڕابەرو پێشەنگی خۆمان دەزانین، ئێمە هەر بەتەنیا



لەسەر شێوازی ئەو کار ناکەین، بەڵکو هەر زوو بەزوو پەنا دەبەینە بەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێت کلیلی نهێنییەکان لەنێو تەرمی کــوژراوەکـــەدایە. بەو مـــانایانەی زۆرجـــار دوای لێکۆڵینەوەی وردو دوورو درێژی ڕۆژنامەوانی، لەکۆتاییدا پەنجەی تاوانباری بۆ کەسێک درێژ دەکرێت و بەکۆمەڵێک بەڵگەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە، ئەوەش کـــارێکە بەردەوام پێڕەوم کردووە، تا ئەوکاتەی دوو کێشەم دۆزییەوە:

یەکەم: هەندێک جار تەواو بە هەڵەدا چووم. جارێکیان پێموایە کە شتێکم دۆزیوەتەوە، ئەویش ئەوەبوو کە یاریزانی گۆڵف لەشاری دینفر جۆزیف بی شیانشیو گومانی ئەوەی لێدەکرێت هەندێک بۆندی بازرگانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا مۆرکردبێت کە خاوەنی ئیمتیازی یاریگای گۆڵفن. دواتر هەموو ئەو تۆمارانەی خانووبەرە کە کۆم کردبوونەوە بوون بەغوبار کاتێک ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد ناوی جۆزیف بی شیانشیو کە لە سجلاتەکاندا هاتووە خزمێکی نزیکی ئەوانە. ئەوەش کارێک بوو سەرنووسەرەکانم پێی دڵخۆش نەبوون، بۆیە پێم وایە ئەگەر دەرفەتی هەبووایە ڕاڤەکردنێکی بێگوناه هەیە لەمەسەلەیەکدا، هیوادارم لەزووترین کاتدا بگاتە دەستم.

کـــێـــشـــەی دووەم لەبارەی ئەو مـــاوە دوورو درێژەی چاوەڕوانییە تاوەکو دەتوانیت چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێکدا بکەیت کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی تۆیە و تەنیا ئەویش لەدرێژبوونەوەی ئەم ماوەیە سوودمەندەو تۆش لەدواکەوتنی ئەم چاوپێکەوتنەدا هیچ دەسکەوتێکت نییە.

لە ٩٩,٩ ٪ حاڵەتەکاندا ئەوکەسەی دەتەوێت بیدوێنێت هەرکە چوویتە نێو نووسینگەکەیەوە دەزانێت بۆ چی هاتوویت و پرسیاری چی لێدەکەیت. ئەگەر تاوانبار بێت، ئەوە تۆ دەرفەتی چەند هەفتەیەکی پێدەدەیت، تا بتوانێت لەو ماوەیەدا سیناریۆیەک دروست بکات و تۆش دەرفەتی ئەوەت لەدەست دەچێت لەناکاو ڕووبەڕووی ببیتەوە، بەشێوەیەک شتێکت بۆ باس دەکات دەتوانیت بزانیت ڕاستە، یا درۆ.

با من دوو یاسات پێ بڵێم کە زۆر کاریگەرن، بەڵام مەرج نییە، بەردەوام بەم شێوە حەرفییە بن.

ئەگەر کەسێک تاوانبار بێت، بێگومان دان بەتاوانەکەیدا نانێت، بەڵکو هانا دەباتە بەر درۆکردن. جۆری درۆکەی پەیوەستە بەکورتی و درێژی ئەو ماوە کاتییەی لەبەردەستیدایە بۆ هەڵبەستنی درۆکەی.

کۆڵۆمبۆ ڕاستەوخۆ ئەم درۆیانە دەکاتەوە تۆمەتبارکردن. خۆ ئەگەر کەسەکەش تاوانبار نەبوو، ئەوە درۆ ناکات و قسەکانی خۆی بەبەڵگەوە دەسەلمێنێت، بەوەش تۆ ماوەیەک و ماندووبوونێکی زۆرت بۆ دەگەڕێتەوە.

ئا لێرەدا کۆڵۆمبۆی ژیانی ڕاستەقینە جیاوازە لەگەڵ کۆڵۆمبۆی تەلەفزیۆن، چونکە هەموو تۆمەتبارێک تاوانبار نییە، زوو ڕووکردنە کەسی تۆمەتبار باش و خراپییەکەی وەکو یەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم سەرەداوی فەرحەتێک بچیت دەرگا لەسەر تۆمەتبارە گومانلێکراوەکەت بخەیتە سەر پشت، بۆیە لێرەدا دەبێت بەپێی بنەمای تەرمی مردووەکە کار بکەیت، بەم شێوەیە؛ دوای ئەوەی کۆمەڵێک تۆمەت کۆدەکەیتەوە، بەزووترین کات دەچیتە لای کەسی گومانلێکراو و پێی دەڵێیت: (زەحمەت نەبێت، ئەم بەڵگانە وا دەڵێن، فلانە کەسیش وا دەڵێت، لای ئێمەش گرنگە مەسەلە ڕوون بکەینەوە، من دڵنیام تۆ دەتوانیت لەوە تێبگەیت کە بۆچی سەرنووسەرەکەم دەیەوێت ئەوە ئاشکرا بکات کە بۆچی..).

ڕۆژنامەنووسان دەبێت بەردەوام زوو قسە لەگەڵ ئەو کەسە بکەن کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسییەکەیانە. چاودێری وشیارانە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی باش و پێشکەوتوو. دەبێت ئەوەش بزانیت کە هونەری چاودێریکردن، ئاوێتەیەکە لەزیرەکی و لێهاتوویی و ئەنجامی هزرو ڕاهێنانی ساڵانێکی زۆرە لەشارەزاییی..❖


**سەرچاوە**

........

**التحقيق الصحفي- أساليب و تقنيات متطورة، تأليف: جون أولمان. ترجمة: ليلى زيدان، مراجعة: أميرة فريد، مصر، الطبعة الأولى- ٢٠٠٠.**



# مێژووی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان



**د. فەرهاد پیربال**
**زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە**

«زۆر ترسم لێ نیشتووە (٥٢٥) ساڵ لەمەوپێش کاتێ گۆتەنبێرگ چاپی داهێنا، لە دوای خۆی وەسیەتی کرد پیت کە نابێت نەتەوەی کورد چاپخانەی هەبێت.»
**حافظ مصطفى موديرى مەسئوولى گۆڤارى (هيوا)**
**ژ٧، ک ٢، ١٩٥٨، ل٤**

لە سەدەی حەڤدەهەم بەملاوە ئاسووری و عوسمانلییەکان، لە سەدەی هەژدەهەم بەملاوە ئەوروپاییەکان، لە سەدەی نۆزدەهەمیش بەملاوە ئەرمەنییەکان هاتوون زمانی کوردییان خستۆتە دەفری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە. کورد- بۆ خۆی، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەر نەشیزانیوە چاپخانە چییە: ناوی چاپخانە و ڕۆژنامە تەنیا لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی-دا وە دیار دەکەوێ کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەڵێ:

**لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە**
**ئەگەرچی مەقصەدە و زانینی باوە...**

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەمانەوێ مێژووی یەکەمین چاپخانەی کوردی ببەستینەوە بە یەکەمین ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانەوە:

١- چاپخانەی میقداد- مەدحەت بەدرخان


ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) لە قاهیرە لە چاپخانەی عارەبان، لە چاپخانەی هلال چاپ کراوە، هەروەها ژمارە دوو و سێشی؛ بەڵام لە ژمارە چواری ئەو ڕۆژنامەیەدا نووسراوە کە (کوردستان) لە چاپخانەی سەربەخۆی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا چاپ کراوە «لمصرێ ل مطبعا جریدیا کوردستانێ طەبع بیە» ژمارە پێنجیش لە هەمان ئەو چاپخانە کوردییەی میقداد- مەدحەت-دا.

لەم دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەی ناوبراودا هیچ باسێک لە بارەی کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامەکە نەکراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە میقداد مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیدا بە ڕاستی چاپخانەیەکی سەربەخۆی بۆ بڵاو کردنەوەی (کوردستان) کڕیبێت.

لە هەمان دەور و زەمانیشدا، (فرج الله زكي الكردي)، کە دیارە ڕۆشنبیرێکی بە نەژاد کوردی میسر بووە، چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە و لەسەر هەر یەکێکیانی نووسیوە (مطبعة كردستان). ئێمە پێمان وایە ئەم دوو چاپخانەیە هەمان شت نین؛ بەڵام نەشمانتوانیوە بزانین ئەو چاپخانەیەی (زكي الكردي) چی بووە؟

شایانی باسە، ئەو چاپخانە جوانەمەرگەی میقداد- مەدحەت بەدرخان تەنیا دوو ژمارەی ٤ و٥ی ڕۆژنامەی کوردستانی پێ چاپ کراوە و بەس، چونکە دوای ئەوەی میقداد- مەدحەت دەگیرێت و دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، دیارە چاپخانەکەش دەستی بەسەردا دەگیرێت و لەناو دەچێ. بۆیە دەبینین ژمارە ٦ و٧ و٨ تا ١٩ لە «مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان طەبع بیە» لە ژنێف، ئەمەش لە لایەن برای ناوبراو، عەبدولڕەحمان بەدرخان(١)

هەر چۆنێک بێ ئەگەر برایانی بەدرخان و ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨- ١٩٠٢) چاپخانەیەکی سەربەخۆیان هەشبووبێت، ڕاستە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام زوو جوانە مەرگ کراوە و بەروبوومێکی ئەوتۆی نەبووە لە ژمارە ٤ و٥ زیاتر.



میقداد مەدحەت بەدرخان

٢- چاپخانەی ئیجتیهاد- ١٩٠٤

ڕووناکبیری کورد، د. عەبدوڵلا جەودەت (١٨٦٩- ١٩٣٢)، کاتێ لە دووره وڵاتدا ژیاوە لە ژنێف، لە ڕۆژی ٤/ ١٩٠٤/٨ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (اجتهاد) بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاو دەکاتەوە لە شاری ژنێڤ لە سویسرا، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەم چاپخانەیەشەوە پرۆژەی بڵاوکردنەوەی زنجیرە کتێبێک دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بە زمانی تورکیی عوسمانلی و فەرەنسی، کە تا ڕۆژی مردنیشی هەر مابوو.

لە ١٩٠٤/١٠/٣٠ بە فەرمانی باڵوێزی عوسمانی لە ژنێف بڕیار دەدرێت کە لە ژنێف دەری بکەن، ئیدی ناچار دەبێ لە ١٩٠٤/١١/٢ بچێتە شارێ لە فەرەنسا. عەبدوڵلا جەودەت کە هەموو سامانی خۆی خستبووە گەڕی ئەم چاپخانەیە، ئەم دەرکرانەی لە سویسرا کۆستێکی سەخت بوو، لەم ماوەیەدا (١٢) کتێبی نایابی بەهەر دوو زمانی فەرەنسی و عوسمانی چاپ کردبوو.

عەبدوڵلا جەودەت لە فەرەنساش ڕاوەدوونرا، لە ساڵی (١٩٠٥)دا چاپخانەکەی بردە قاهیرە، تاکو ساڵی (١٩١١) چەندین کتێبی بە زمانی عوسمانی بە چاپ گەیاند، جگە لە گۆڤاری ئیجتیهاد. پاشان، دوای لە ناوچوونی سوڵتان عەبدولحەمید و ڕاگەیاندنی شۆڕشی مەشرووطە (١٩٠٨)، گەڕایەوە ئەستەمبۆل و لە ڕۆژی ١٩١١/٦/١٤ بەمەلاوە دەستی کردە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئیجتیهاد و ژمارە (٢٤)ی دەرکرد.

ڕژێمی تازەی تورکە لاوەکان، لە هەمان ساڵدا، کتێبی «مێژووی ئیسلام» ی نووسراوەی عەبدوڵلا جەودەت قەدەغە دەکەن و کتێبەکەی دیکەشی دەسووتێنن و فڕێیان دەدەنە ڕووباری ئەستەمبۆڵەوە، پاشانیش لە هاوینی (١٩١٣)دا چاپخانەکەی لێ زەوت دەکەن. (٢)

لە ساڵی (١٩١٤)، دوای وەرگرتنەوەی چاپخانەکەی، ناوی گۆڤارەکەی دەکاتە (اشتیهاد) و پاشان (عالم) پاشان (اشهاد). ئینجا لە (١٩١٥/١١/١٣) دوایین ژمارەی (اجتهاد)، ژمارە (١٢٧) دەردەچێت، ئیتر ڕژێمی تورک بە تەواوی قەدەغەی دەکات، چونکە لە (١٩١٥) بەولاوە تورک بۆیان ساغ دەبێتەوە کە عەبدوڵلا جەودەت بە تەواوەتی دژی ڕژێمی تورکە لاوەکانە. (٣)

ئەم مێژوولکەیەی ئەم چاپخانەیەی (اجتهاد)ی عەبدوڵلا



جەودەتمان لەبەر دوو هۆ گێڕایەوە، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە بە چاپخانەیەکی کوردی لە قەڵەم دەدرێت و خاوەنەکەی کوردە؛ دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە چەندین کتێب و چاپەمەنی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لە بارەی کولتووری کورد بە چاپ گەیاندووە، هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دیکەش چ بە زمانی تورکی چ بە زمانی کوردی لەم چاپخانەیەی ئیجتیهادی ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵلا جەودەتەوە چاویان بە ژیان هەڵێناوە، لەوانە بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی (١٩١٣)دا. (٤)

٣- چاپخانەی «تعاون و ترقی»- ١٩٠٨

ڕووناکبیری کورد، زنار سیلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: «خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری دیکەی لە ساڵی ١٩٠٨ دا لە گەڕەکی گیوو بەگ پاشا لە ئەستەمبۆڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاو کردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند. (٥).


بەداخەوە تۆ بڵێی چاپخانەی «نجم استقبال» کە ڕۆژنامەی ژین (١٩١٨- ١٩١٩) و گۆڤاری کوردستانی (١٩١٩- ١٩٢٠)ی لێوە چاپ کراوە، هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی «تەعاون و تەرەقی» نەبێت؟ چونکە ئەو چاپخانەیەی (نجم استقبال)، کە بارەگاکەی لە نزیک (بابی عالی) لە شەقامی (ابو السعود) بوو لە ئەستەمبۆڵ، بەردەوام لە هەموو چاپەمەنییەکانی خۆیدا بانگەشە و پڕۆپاگەندەی بۆ کتێبە کوردی و گۆڤارە کوردییەکان دەکرد. تاقە چاپخانەیەکیشە کە لەو سەردەمەدا بانگەشەی بۆ چاپخانە و بڵاوکراوەکانی (اجتهاد) ی عەبدوڵلا جەودەتی کورد کردبێت. (٦) چاپی یەکەمی مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی بە پێشەکی هەمزە بەگ، ئەویش هەر لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ کراوە.

هەر چۆنێک بێ، بە بۆچوونی من، ئەگەر چاپخانەی (نجم استقبال) هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی «تەعاون و تەرەقی» نەبێت کە زنار سلۆپی باسی دەکات، ئەوا دەبێ چاپخانەیەکی سەربەخۆی دیکەی کوردان بێت، هی کۆمەڵەیەکی تر.

٤- چاپخانەی کوردستان- ١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣- ١٩٤٧) لە تافی لاوێتیدا مەڵبەندە ڕۆشنبرییە گەورەکانی وەکو تەورێز و یەریڤان و موسکۆ و پەترسبۆرگ و ئەستەمبوڵ هەمووی گەڕابوو. هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە خۆی فێری زمانی هیندی وعەرەبی و تورکی و فارسی و ڕووسی و فەرەنسی کردبوو. لە ئاکامی ئەم زمانزانین و دنیادیدەبییەی خۆی، لە ناو فارس و ئەرمەن و ڕووس و تورکاندا باش لە بایەخی چاپخانە وچاپەمەنی تێگەیشتبوو، بۆیە دوای ئەوەی ڕووسیای بەجێهێشت و چوو بۆ هیندستان بە ڕێگای ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبۆلی مەڵبەندی چاپەمەنی،





حوسێن حوزنی موکریانی

لەوێ خۆی فێری هونەری خۆشنووسی و زانستی و چاپخانە و چاپەمەنی کرد، ئینجا دوای ئەوە چووە ئەڵمانیا و لەوێ لە ساڵی (١٩١٥) دا چاپخانەیەکی بە (١٢٠) لیرەی تورک کڕی و لە هەمان ساڵدا گواستییەوە بۆ شاری حەلەب لە سووریا.(٧)

حوسێن حوزنی، لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە کوردەبییەکانی وەکو (کوردستان) و (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) خوێندبوویەوە دەیزانی کە پیتە عەرەبییەکان و ئەلفبای عەرەبی هێندە لە گەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی یەکتر ناگرنەوە، مەکینەی چاپی کوردی پێویستی بە چەند قاڵبێکی تایبەتی کوردی هەیە، هەر لە شاری حەلەب، هەندێ قاڵبی تازە بۆ دەنگە کوردییەکانی وەکو (پ)، (چ)، (ژ)، (گ)، (ڤ) ... دارشت، ئنجا بە خۆی و چاپخانەکە و ئەو قاڵبانەوە گەڕایەوە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە کوردییانە لە ناو مەکینەی چاپخانەکەی دابمەزرێنێ. دوای جێبەجێکردنی ئەو تاوانە مەزنە، یەکسەر هاتەوە حەلەب و دەستی کردە چاپکردنی کتێبی کوردی، یەکەم کتێب کە لەو چاپخانەیەی خۆیدا چاپی کرد، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو لەساڵی (١٩١٥) دا. (٨)

بەم شێوەیە حوسێن حوزنی موکریانی بە دامەزرێنی یەکەم چاپخانەی کوردی تەمەندرێژ لەقەڵەم دەدرێت لە مێژووی دامەزراندن و پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا.

ئەم چاپخانەیەی موکریانی، لەچاو چاپخانەکانی میقداد- مەدحەت (١٨٩٨) وعەبدوڵلا جەودەت (١٩٠٤) وتەعاون وتەرەقی (١٩٠٨)، جیاوازییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوە دایە:

١- لە هەموویان تەمەندرێژترە و تاکو ئێستاش هەروەک یادێکی ئەو مێژووە شکۆمەندە، پارێزراوە.

٢- لە هەموویان زیاتر بەرهەم و کتێب و بڵاوکراوەی پێ چاپ کراوە: لە ماوەی یەکەمین یازدە ساڵی تەمەنیدا ، زیاتر لە (١٥) کتێب و (٦) ڕۆژنامەی پێچاپ کراوە، تاکو ساڵی (١٩٧٠) ش زیاتر لە (٨٠) بڵاوکراوەی پێچاپ کراوە.

٣- بەشی هەرە زۆری ئەو بڵاوکراوانەی بە چاپی دەگەیاندن بە زمانی کوردی بوون، لە کاتێکدا کە چاپخانەکانی پێش خۆی بەشی هەرە زۆریان بە زمانی عوسمانلی بوون.

٤- چاپخانەکەی موکریانی قاڵبی دەنگە تایبەتە کوردییەکانی بۆ دروست کرا بوو، لە کاتێکدا ئەوانی پێش خۆی نەیانبوو و کەم و کورتی تەکنیکیان هەبوو.

شایانی باسە، موکریانی، لە ساڵی (١٩٢٥) دا لەسەر داخوازیی سەید تەهای شەمزینی قایمقامی ئەوسای ڕەواندز، چاپخانەکەی لەشاری حەلەبەوە دەگوازێتەوە شاری ڕەواندز و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی (١٩٢٦- ١٩٣٢) (٩) لە ساڵی (١٩٤٧) بەولاشەوە چاپخانەکە بەسەرپەرشتی برا بەهەشتییەکەی، گیوی موکریانی دەگوازێتەوە هەولێر و ناوی لێدەنرێت: چاپخانەی کوردستان.

بەم شێوەیە، بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیرو نووسەرانی کوردستانی -عیراق ساڵانی پەنجا و شەستەکان لەم چاپخانەیەی کوردستاندا لە دایک بوون.

٥- چاپخانەکەی میجەرسۆن- ١٩١٨

ئینگلیزەکان کاتێ هاتنە عیراق و کوردستانی عیراقیان داگیرکرد، ژمارەیەک چاپخانەی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، یەکێک لەو چاپخانانەیان لە کەرکووک دانا و ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان لە ساڵی (١٩١٨)دا پێ بڵاوکردەوە، یەکێکی دیکەشیان، لەسەر پێشنیاری میجەرسۆن، لە سلێمانی دانا: میجەرسۆن لە ڕۆژی (٢٩)ی نیسانی (١٩٢٠) بەملاوە کەوتە سەر بەکارهێنانی ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامەی پێشکەوتنی تاکو ساڵی (١٩٢٢) پێبڵاوکردەوە.

ڕۆژی (٣٠) ی ئەیلوولی (١٩٢٢)، کاتێ شێخ مەحموود شاری سلێمانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئینگلیزەکان ڕایان کرد و نەیانتوانی چاپخانەکەیان لە گەڵ خۆیان ببەن، شۆڕشگێڕانی لایەنگرانی شێخ مەحموود دوو ئۆرگانی (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان)یان بە هەمان ئەو چاپخانەیەی میجەرسۆن چاپ و بڵاو کردەوە. (١٠) لایەنگرانی شێخ مەحموود، دوای بۆمبابارانەکەی (٢٤)ی مارتی (١٩٢٣) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، چاپخانەکەیان لە گەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ناو ئەشکەوتی (جاسەنە) و ڕۆژنامەی (بانگی هەق)یان پێدەردەکرد، بەڵام لە مایسی (١٩٢٣) دا ئینگلیزەکان و سەر لە نوێ هێنایانەوە سلێمانی (١١).

ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ دیسان کورد ئینگلیزیان لە سلێمانی دەرپەڕاند و چاپخانەکە کەوتەوە دەست شێخ مەحموود و (ئومێدی ئیستقلال)یان لە ساڵی (١٩٢٣)دا پێ بڵاو کردەوە. لە کۆتایی مایسی (١٩٢٤)دا ئینگلیز سلێمانییان داگیرکردەوە چاپخانەکە سەرلەنوێ کەوتەوە دەست ئینگلیز: لە ڕۆژی (١٨) ی ئابی ١٩٢٤دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ بڵاوکردەوە.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم چاپخانەیەی میجەرسۆن هەمان ئەو چاپخانەیەیە کە ناونرابوو (چاپخانەی بەلەدیە). بەڵگەی ئەم

قسەیش ئەوەیە کە ئینگلیزەکان لە ڕۆژی (١٩٢٦/١/٢١)، لە ڕێگەی شارەوانی سلێمانییەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ژیان)، واتە چاپخانەکەیان سپاردبووە شارەوانی سلێمانی.

لە ڕۆژی (١٩٣٢/٥/٦) بەملاوە، دوای کۆچی دوایی حوسێن نازمی بەڕێوەبەری چاپخانەکە، پیرەمێردی نەمر سەرپەرشتیکردنی چاپخانە و ڕۆژنامەکەی گرتە دەست. لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگەستی (١٩٣٤) بەملاشەوە، چاپخانەکەی بە کرێ گرت و خستییە سەر ناوی خۆی: پیرەمێرد چەندین کتێب و (٥٣٨) ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیان)ی بەم چاپخانەیەی (مێجەرسۆن/بەلەدیە) چاپ کرد. لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٣٧) دا پیرەمێرد عەقدی چاپخانەکەی لەگەڵ شارەوانی سلێمانی تەواو ببوو، شارەوانی چاپخانەکەی لە پیرەمێرد سەندەوە و خستییە ژێر ڕکێفی خۆی.

بەم شێوەیە، دەردەکەوێ کە تاکو ساڵی (١٩٣٧) تەنیا دوو چاپخانە لە کوردستانی عیراقدا هەبووە: چاپخانەی (کوردستان) لە هەولێر و چاپخانەی (مێجەرسۆن/بەلەدیە) لە سلێمانی. پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکەین کە لە سەرەتای ئەم ساڵانەی سییەکاندا جەلادەت بەدرخان لە شاری دیمەشق سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (هاوار) و (زنجیرەی کتێبی هاوار) بوو، بەڵام چاپخانەکەیان (مطبعة الترقي) لەوە ناچێ سەر بە هیچ ڕووناکبیر و گرووپێکی کورد بووبێت.

لە ئاکامی ئەم ڕوونکردنەوانەدا ڕێگە بە خۆمان دەدەین بڵێین: ئەگەر چاپخانەکەی مێجەرسۆن و موکریانی نەبوونایە، ئەوا هیچ یەکێک لە نووسەران و ئەدەبیاتی کوردی ساڵانی (١٩٢٠ و ١٩٣٠) دروست نەدەبوون، ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە، ئەوا نووسەران و ئەدەبیاتی ساڵانی (١٩٤٠-١٩٧٠) نەدەبوون. کەواتە: «هەموو نووسەران و ئەدەبیاتی کوردی ساڵانی (١٩٢٠ و ١٩٣٠) تا دەگاتە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەمڕۆشمان لە چاپخانەکەی مێجەرسۆن و موکریانییەوە لەدایک بووینە». ئەو دوو چاپخانەیە دایکی هەموومانن؛ وەک چۆن گۆگۆڵ دایکی ڕیالیزم بوو، بە قسەی داستایۆفسکی، لە ڕووسیا.

پیرەمێردی دنیادیدە و ڕووناکبیر بە بێ چاپخانە نەدەحەوایەوە؛ شانازی بە چاپخانەی کوردانەوە دەکرد و لە بایەخی چاپخانە باش تێدەگەیشت بۆیە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا (ژین) ژ (٨١٧) لە ساڵی (١٩٤٦)، نووسیویەتی: «کورد سەحافە و سەقافەی هەیە». لە ڕۆژی (١٩٣٧/٩/٢٠) سەفەرێکی بەغدای کرد و لەوێ چاپخانەیەکی تازەی کڕی و هێنایەوە سلێمانی. لە ڕۆژی (١٩٣٧/٩/٢٠) بەملاوە درێژەی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) دایەوە (١٣)

ساڵح قەفتان لە پێشەکی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (زانستی) دا دەڵێ: ئێستا شوکر لە شارەکەماندا دوو چاپخانە هەیە، پیاو لە تەنگانەدا دانامێنێ، هەرچەند ڕەفیقی خۆم مەطبەعی بەلەدیە بوو، بەڵام چونکە ناتوانێ لە هەفتەیەکدا ڕۆژنامەی (ژیان) و مەجەللەکەی منیش لە چاپ بدا، بام دایەوە لای چاپخانەکەی پیرەمێرد، چوومە خزمەت



پیرەمێردی موحتەرەم، خوا حەقە تەکلیفەکەی قبووڵ کردم و بێ ئەوەی ئەرکێک یا مەسرەفێک بخاتە سەرم بۆی لە چاپ دام» (١٤)

بەم شێوەیە، پیرەمێرد و چاپخانەکەی، ڕێگا و ئاوات و کاروانێکی تازە بوون بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تازە و ژیانێکی ئەدەبی تازە..❖

**پاریس: ٧ /١٩٩١**

**سەرچاوەو پەراوێز**

...............


**١- ژمارە ٢٠ و٢١ سەر لەنوێ لە میسر چاپ کراون، بەڵام ناوی چاپخانەکەی نەنووسراوە. ژمارە ٢٢-٢٣ هەر لە میسر لەچاپخانەی (هندیە) چاپ کراون. ژمارە ٢٤-٢٧ لە لەندەن و لە فۆلکستۆن لە بریتانیا چاپ کراون، ژمارە ٢٨ و ٢٩ لە چاپخانەی (انتقام) لە فۆلکستۆن چاپ کراون.**

**Encydopedie de L Islam, victionnaire -٢ geog, Ethnog, et biog. des peuples muslnans, Suplement Paris 1933.p. 54-64**

**٣-گۆڤاری اجتهاد لە ١٩١٨/١١/١ سەر لە نوێ ژمارە (١٢٨)ی لێ بڵاودەکرێتەوە تاکو ژمارە (١٤٤)، لە ساڵی (١٩٢٢) بە یەکجاری ڕادەگیرێ و عەبدوڵڵا جەودەتیش دوو ساڵ حوکم دەدرێ.**

**٤- ژمارە (١)ی (ڕۆژی کورد) لەچاپخانەی (حقوق). ژمارە سێیەمیشی لەچاپخانەی (محمود بگ) لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە.**

**٥- زنار صلوبي: في سبيل كردستان، ترجمة من الكردية: ژضوان علي، منشورات ژابطة كاوه، دارالكاتب بيروت: ١٩٧٨، ص ١٨.**

**٦- بروانە ژمارە ٣ و ٤ و ٥ی ژین (١٩١٨-١٩١٩) بەرگی دواوەی.**

**٧- جەلیل جەلیل: نهضة الاكراد الثقافية، ص ٦١**

**٨-مەغدید حاجی: یادی حوسێن حوزنی موکریانی، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە ١٢٥٧، ساڵی ١٩٧٣.**

**٩- مەغدید حاجی: کاروانە سەختەکەی چاپخانەی کوردستان، کاروان ژ، ٢٣، هەولێر: ١٩٨٥، ل ١٣-١٥.**

**١٠- کەمال مەزهەر: چمکێک لەبارەی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد). بەشی یەکەم، د.ڕ. ب. ک. بەغدا: ١٩٨٥، ل ١٥٣.**

**C.J EDMONDS Kurds, Turcs and -١١ Arabs, London: 1957, p.332.**

**١٢- کەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.**

**١٣- مستەفا ساڵح کەریم: دیوانی پیرەمێرد، سلیمانی، ل ٣٦-٣٩.**

**١٤- گۆڤاری (زانستی )، ژمارە (١)، ٢٢ شوباتی ١٩٣٨ لە سلێمانی، ل ٢-٣.**



# یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەغداد - تێگەیشتنی ڕاستی
# «خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە»



کەمال ڕەئووف محەمەد
(هۆڵەندا)

کەمال مەزهەر ئەحمەدی لێکۆڵ، ساغی کردۆتەوە؛ «تێگەیشتنی ڕاستی؛ بەغداد (١٩١٨/١/١-١٩١٩/١/٢٧ز) یەکەم بڵاوکراوەی کوردیی دەزگای پڕۆپاگەندەی سیاسیی بریتانیایی داگیرکەری عێراقی ئێستەیە! بەپێی ئاشناکردنەکەی ئەو، ڕۆژنامەکە بەدرێژایی شەست و حەوت ژمارەی، شوناسنامەی خۆی بە (ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەک بوون و سەربەستیی کوردان) نواندووە. سەرەتا حەوتۆیی دووجار- شەممەو سێ شەممە- بە دوولاپەڕە و لە ژمارە بیستیشەوە؛ (١٩١٨/٣/١١) تا ڕاوێستانی، بەچوار لاپەڕەو لە ژمارە بیست و یەکیشەوە؛ (١٩١٨/٣/٢٥)، حەوتۆیی و دووشەمموان دەرچووە.

ڕۆژنامەکە هەرگیز نێوی سەرپەشت- چاودێر- و ڕێبەری چاپخانە، تەنانەت- بێ لەجارێ- هەرگیز نێوی نووسەرەکانی ئاشنا نەکردووە.

ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی» تەواو کوردیی کە پێش (ئاگربڕی جەنگ ١٩١٨/١٠/٣٠ز) دەرچووە، لە ڕووی سیاسییەوە بۆ یەک مەبەست - سەرکەوتنی بریتانیا و ژێرکەوتنی بەرەی ئەڵمانیای دوژمنی- دوو هێڵی یەکگرتووی هەبووە:

یەکەم: بە گوتارو هەواڵ و وێنەوە پڕوپاگەندەی بۆ بریتانیای مەزن و هاوپەیمانەکانی کردووە، دوای کەوتنی ڕژێمی قەیسەری ڕووسیای هاوپەیمانی و هەڵکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز)، بە پڕۆپاگەندەوە بەرهەڵستی بەڵشەفییەکانی کردووە! لە هەمان ڕایەڵەی پەیامە سیاسییەکەیشیدا؛ بریتانیای مەزنی بە سەرکردەی هەرە بەتوانا، دادپەروەری بێ وێنە، ڕستگاریخوازی گەلانی عەرەب و کوردو ئەرمەن نواندووە و لەلایەکەوە کەنەدا و نیوزیلەندە و میسرو هیندوستان-گۆیا لەبەری حەساونەتەوە- لەلایەکی دیییەوە بۆ دۆستیی ئیسلام و عەرەب، یارمەتی دانی عەرەبی «حیجاز و مەککە»ی کردووە بە بەڵگەو شایەت! لە ڕیزی بایەخدانی تایبەتیش بە عێراق، هەمیشە ئاماژەی بۆ عەرەب و کورد کردووە!

دووەم: بەسەر گوتارەکانیەوە، گەلی کوردی کوردستانی نێوەند- کە خۆی ئەوهای نووسیوەو تا ئەوڕۆ بە هەڵە بە باشوور نێودەبرێ - هانی دەدات بۆ هەرای چەکدارانە و بێ جوداییش بنەماڵەی شێخان، سەرخێڵەکان، خوێندەواران، تەنانەت ڕەنجبەر و هەژاران تیژ دەکات تا تورکانی عوسمانی- هاوپەیمانی ئەڵمانیا- دەربکەن و پشت بە سۆزو توانای بریتانیا ببەستن و سەربەستییان جێبەجێ بکەن، بەڵام- وەک کوردانی کوردستانی خۆرهەڵات و باکووریش هاندەدات - چ گفتێکی لەمەڕ دوا ڕۆژی گەلی کورد و



د. کەمال مەزهەر

کوردستانی گەورە نەداوە و کە دەشڵێ: (کورد لە ئێستەوە دەبێت پەلە بکەن تا لەنێو موعاهەدەی سولْحدا نێویان بێ) و دوای ئەو هەموو تێرکردنەش گۆیا؛ (حوکوومەتی ئینگلتەرە زۆر کوردانی خۆش دەوێ و لە هەموو دەوڵەتەکانی دی پتر کورد دەناسێ) ئەوجا هاتووە و دەڵێت؛ (موحتەمەلە زۆر یارییەیان بدا!!)

ئەوی یەکجار گرنگەو مایەی سەرسامیشە- بە ڕۆشنایی ئاماژە نەکردنی لێکۆڵ- توخنی باس کردنی (ڕێککەوتنی بریتانیا و کورد- باشوور!!) و دامەزراندنی یەکەم حوکومەتی کوردستان؛ (١٧/ ١١/ ١٩١٨ز) نەکەوتووە!!

بەنێوی کۆمەڵیشەوە- بەهەمان هۆش و مەبەستەوە- چۆن لە گوتارە سیاسییەکاندا کوردی بە (قەومێکی کۆن و مەغدوور) زانیوە، لە مێژووی نەتەوەییشی ورد بۆتەوە و گۆشەی «تاریخ و مەشاهیری کورد»ی بۆ نیشاندانی سەدەکانی نێوەندو میرنشینەکان و دامەنی دەسەڵاتگرە بەنێو بانگەکانی گرتووە، تەنانەت لە ڕۆژگاری دێرین و کۆنی ئاخاوتووە و جارێ بە هەڵەوە «میدیی» بەزیف و جارێ «ئاریی» نەژادی نێو بردووە، هەتا کەڵکی لە لێکۆڵینەوەکانی مێژووناسان، شوێنەوارناسەکان وەرگرتووە و وێنەی ئەو کردەوەیەشی گوتارێکی دوو بەشەیە بەسەر نێوی «تەئریخی قەومی کوردو ئاساری عەنتیکە- ئەنتیکە» و «قەومی کورد»ەوە!

لەڕووی زمان و ئەدەبی کوردەوە، چۆن تا سەر بەشێوە ئاخاوتنی- بابان/K- سلێمانییەوە خۆی نواندووە، زمان و ڕێنووسی ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی عوسمانی- کوردی تێکەڵی عەرەبی و فارسی- بەکاربردووەو لەدوا ڕۆژگاری خۆیشیدا کردو کۆششی بۆ دەستکاریی و چاک و ئاسان کردنی ئەو ڕێنووسە نیشان داوە. لەلایەکی دییەوە بە باڵای ئەدەبی کورد دا هاتووە و بەتایبەتیش شاعیرە بەنێو بانگەکانی سەدەکانی ڕابوردووی بەسەر کردۆتەوە و کەم و زۆر وێنەی بەرهەمە نایابەکانیانی لەگۆشەی تایبەتی «ئەدەبیاتی



کورد»دا درەوشاندۆتەوە. لە ئەو بارەیەوە جەختیشی کردووە کە بیروڕای ئەوروپایی و بەتایبەتی تورکەکان- گۆیا کورد ئەدەبیاتی نییە- ناپەسەندەو دەڵێت؛ (کورد ئەدەبیاتێکی نازک و ڕەنگین و شیرینیان و خوسووسەن لەشیعردا هەیە)، تەنانەت بڕیاری داوە؛ (ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ، دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەعزێکیان ساڵێکی تەرزی تازەی شیعر بوون و شیعریان تێکەڵاوی ئەحواڵی ئیجتیماعیی کردووە!)، هەروەها لە ڕایەڵەی ئاشناکردنی شاعیرەکاندا؛ (نالی) لەڕیزەی (موتەنەببی) عەرەب و (مەولەویی) لەڕیزەی (ئیبنوهانی) و (مستەفا بەگ؛ هیجری- کوردی) لەڕیزەی «فزوولی» و (حاجی قادری کۆیی) لە ڕیزەی (کەمال نامیق بەگ)ی تورکدا داناوە!

ئەوی جێگەی سەرنجی تایبەتیشی بووبێ، حاجی قادری بە وێنەیەکی بەرز؛ (موتەجەددید، موهەییجی حیسسیاتی وەتەنیی و قەومیی، نیشان داوەو جوانان- لاوانی پێ هورووژاندووە بۆ وریابوونەوەی نەتەوەیی و پێیان دەڵێت؛ (ئەگەر کوردێکی عاقڵ بەدیققەت تەماشای... حاجی قادر بکا، هیچ وەختێ لە یارییەدانی قەومی پاش ناکەوێ! ئەمەلمان هەیە کە جوانانی ئازادو قەومپەروەری کورد لە موستەقبەلێکی نزیکدا بۆ بلندیی قەومی خۆیان سەعیی بکەن!

ڕۆژنامەکە چەند جارێ ڕەخنەگیرانە، بایەخی داوە بە نووسین و چاک کردنی کوردیی و گرنگی ئەوەیشی بۆ ژیانی ڕۆشنبیریی بە پێویست زانیوە و چارەنەکردنی بە (عەیبە) لە قەڵەم داوە و گوتوویەتی (حەقیقەتەن کوردەکان تا ئەمڕۆ نووسینێکیان بۆ خۆیان نەهێنا ناوەوە و موحتاجی خەڵق بوون، حەتتا کینایێتی زمانی خۆیان تەرک کردووە، بەلوغەت و خەتی فارسیی مەرام پێک دەهێنن، ئەمە بۆ قەومێک زۆر عەیبە!).

ڕۆژنامەکە لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەنووسییەوە- وەک لێکۆڵ ڕوونی کردۆتەوە- لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارێکی پێشووی کوردی پەسنی ڕۆژنامەنووسیی هەیە؛ ڕەنگ و ڕووی جوانی، مانشێتی گەورە، بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووداوەکان، دەگمەنیی هەڵەی چاپی، بەڵگەی ڕاستین!

## کارگێڕەکانی ڕۆژنامەکە و لێکۆڵ

لێکۆڵی ڕۆژنامەکە لە ڕایەڵەی کرد و کۆششدا بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی (ون بوونی نێوی کارگێڕەکان)ی ڕۆژنامەکە، لەپێشدا بیروڕاکانی، ئەوجا- دوای پرس کردن- وەڵامی کۆنە ئەفسەرێکی سیاسیی بریتانیایی شارەزای گێڕاوەتەوە کە سەر ئەنجام بڕیاری داوە (سۆن Soane) سەرپەرشت و (شوکری فەزلی) نووسەری بوون و دوودڵیشە لە ئەوەی لە دوو کەس

پتر بووبن!

لێکۆڵ کاکڵەی بیروڕاکانی و ئەنجامەکەی ئەوها نواندووە کە نووسیویەتی:

– وردبوونەوە لە چەند ڕاستییەک و بەراوردیان، گومان لە بەشداریی دوو کەس ناهێڵن. یەکەمیان مێجەر «K/!!» سۆن و دووەمیان شوکری فەزڵی! لەوانەیە هەر ئەم دووانەش بەجووتە دەستەی نووسەر و کارگێڕی بووبن!.. کە ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستیی» دەخوێنیتەوە، هەست بەدوو کەسی جیاواز دەکەیت، یەکێکیان بۆ کورد سووتاوەو بە زمان و هەستی ڕۆژهەلاتییەوە دەنووسێ! ئەمیان وەک گوتمان – مێجەرا!– سۆن، هەرچی ئەوی دیکەیە زۆر لەوە دەکا شوکری فەزڵی بێ!

جگە لەو– شوکری فەزڵیی– کوردێکی دی شک نابەین ئەو ساڵەی «تێگەیشتنی ڕاستی» تێدا دەرچووە، لەبەغدادا بووبێ و نووسین و دەرکردنی ڕۆژنامەی لەدەست هاتبێ. جەمال بابان تاکە کوردی عێراقە لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ، ناچار دامودەزگای گۆڤارە تاقانەکەی پێچایەوە!

– جگە لەسۆن و شوکری فەزڵی، بیری پشکنەر– د. کەمال/K– لە ئەم باسەدا تا ڕادەیێ بۆ نۆئێل دەچێ هیچ نەبێ، چونکە بەڕادەی سۆن بایەخی بەکوردو کوردستان دەداو وەک ئەو یەکێ بوو لە ئەفسەرانی لەشکری ئینگلیز لەعێراقدا، بەڵام نۆئێل پتر بیری لەهۆزو سەرەک هۆزانی کورد دەکردەوە، ئەم بەر لە سۆن بووە بە حاکمی نیوچەی سلێمانی، کەچی وەک ئەو بیری لەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی نەدەکردەوە، هەرچەندە پتر لە ئەو پەرۆشی بۆ کورد نیشان داوە!

–بۆ ساغ کردنەوەی ئەم ڕاستییانە، پەنام بردە بەر زۆر کەسی شارەزاو خوێندەواری کوردی ئەو سەردەمە. هەر لە ئەم بارەیەوە نامەیەکی تایبەتیم بۆ مامۆستا تۆفیق وەهبی نارد، بەڵکو ئەوو ئەدمۆنس بتوانن یاریدەیەکم بدەن.. مامۆستا وەهبی دەڵێت؛ (جوابی ئەو کاغەزەی ناردبووم بۆ میستەر ئەدمۆنس هاتەوە، دەڵێت کە؛ ئەو سەردەمەی «تێگەیشتنی ڕاستی» دەرچووە، خۆی لەگەڵ کاروباری کوردستان پێوەندی نەبوو، «تێگەیشتنی ڕاستی» ئۆرگانی پرۆپاگەندەی سیاسی بریتانی بوو، میستەر سۆن سەرپەرشتی بوو، بەڵام باوەڕ ناکات، کە مێجەر نۆئێل دەستی تێدا بووبێ! دەشڵێت؛ دەشێ (شوکری فەزڵی)یەکی بووبێ لەسەرەک نووسەرەکانی!).

### لێکۆڵ و سۆن

د. کەمال مەزهەر ئەحمەدی لێکۆڵ، لە ڕایەڵەی باس و پەراوێزەکانیدا (سۆن)ی ئەوها ئاشنا کردووە: (مێجەر سۆن لەهەموو ئینگلیزی ئەو سەردەمەو بگرە پێش ئەو سەردەمەش



پتر شارەزایی کورد و وڵاتی کوردو زمانی کوردی بوو. بەر لە شەڕی یەکەم بەچەند ساڵێ، هاتبووە نێو کورد و لەنزیکەوە دەرسی نیشتیمانی و نەریتی کوردبوون و پێوەندی لەگەڵ زۆری نێوداریان بەستبوو، بەرهەمی گەورەو بایەخداری دەربارەیان بڵاوکردبووەوە، سۆن زمانی کوردی هێندە دەزانی، مامۆستا ئەمین زەکی بەگ بڵێ «بەقەدەر کوردێک کوردی دەزانی و لەعالمێکی کورد پتر شارەزایی زمانەکەمان بوو!». کوردیزانینی سۆن گەیشتبووە ڕادەیێ «قورئان»ی پیرۆزی بە باشی لەعەرەبییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی).

لێکۆڵ لە ئەو ئاستەدا وێنەیەکی گوتاری بڵاوکراوەی سۆن لە «پێشکەوتن– سلێمانی؛ ١٤/ ١٠/ ١٩٢٠»دا هێناوەتەوە کە تێیدا چەند ئایەتێکی (قورئان)ی وەرگێڕاوە. دوای ئەوە جارێکی ئیمزاکراوی (سۆن)ی لە ئەو ڕۆژنامەیەوە، وەرگرتووە، کە گۆیا شێوەی پەخشانێکی کوردی پەتییە! ئەوجا پتر باسی (سۆن) دەکات و دەڵێت: (سۆن حەزی دەکرد زمانی کوردی پێش بکەوێ و ببێتە زمانی نووسین. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نیازەی پەنای بردە بەر گەلێ کاری بە ئەنجام. هەر کەبووە حاکمی سیاسی سلێمانی، کوردی کردە زمانی خوێندن و نووسین پێوەندی نێوان دەزگاکانی میریی، بەخێرایی کتێبی ئەلیفبای کوردی چاپ کردو خۆی بەسەر فێرگەکاندا دەگەڕاو زۆر گەرم مامۆستاو شاگردانی ئەو قوتابخانانەی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی هان دەدا. جگە لەوە، سۆن کەوتە هاندانی نووسەرو شاعیرانی کورد بۆئەوەی پەتی پتر بنووسن. بۆ ئەم مەبەستەی پێشکەوتنێکی ڕێک خست و نووسینێکی زەکی سائیبی کردە دووەم لەگەڵ ئەوەش کە لەتاریکبینی و ورە بەردان و «گەڕان بەدوای عیزرائیل» بەولاوە هیچی دی تێدانەبوو، بەڵام هەمووی لەبەرگێکی ساکاری پەتیدا پێشکەش کراوەو مێجەر سۆنیش عەوداڵ و کوژراوی ئەوەبوو!).

لێکۆڵ لەمەڕ شیعرە یەکەمەکەی ئەو گرەوە کە بە کوردییەکی پەتی بایەخی بەکشت و کێڵ داوە هەروەها لەمەڕ هاندانی نووسەر جەمال عیرفان بۆ نووسین لەمەڕ لۆکەو تووتن و ئەو بابەتانە دەبێتەوە و ئەوجا دەڵێت؛ (ڕاستە مێجەر سۆن دەیویست داهاتی بوودجەی کارگێڕیی شار پتر بکات کە هەموو کاروباری نێوچەکەی پێ هەڵدەسووڕێنرا، بەڵام خۆ هیچ کام لەحاکمە سیاسییەکانی دی، تەنانەت نۆئێلیش کەوا ناسرابوو کوردی خۆش دەوێ، وەک ئەو بیریان نەدەکردەوەو ڕەفتاریان نەکرد!).

لێکۆڵ پتر لەسۆن دەئاخێوێت و دەڵێت؛ (بە ئەم جۆرە پێویستە لە هەموو قوژبن و لایەنێکەوە سەیری سۆن بکرێ؛ وەک مرۆڤێک کە ئەویش مەبەستی بوو ببێتە «لۆرانسی کورد»، وەک فەرمانبەرێک و وەک پیاوێکی ئازاو زاناو




محەمەد ئەمین زەکی بەگ

شارەزا!).

ئەوجا لێکۆڵ لایەنی ڕۆژنامەنووسی نێوبراوی گرتووە و لێی نووسیوە؛ (سەرباری هەموو ئەمانەش، سۆن دەستی باڵای لەمەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو؛ یەکێ بوو لە بەرپێوەبەرانی «Basra Times» کە یەکەم ڕۆژنامەیە ئینگلیزەکان لە بەسرەدا دوای گرتنی، دەریان کرد. هەرکە بوو بەحاکمی سیاسی سلێمانی، یەکسەر دەستی دایە دەرکردنی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن» کە بە بارست و ناوەڕۆک لەگەڵ «تێگەیشتنی ڕاستی» هیچ جیاوازییەکی نییە! ئەم ڕاستییانە بەسەر یەکەوە گومان لەئەوەدا ناهێڵن کە مێجەرسۆن دەست و دەوری گەورەی لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا هەبووە!).

لێکۆڵ لەڕووی شوێنی ڕۆژنامەکە لەبەرامبەر مێژووی کورد دا، دەبێژێت؛ (ئەم لایەنە لە «تێگەیشتنی ڕاستی»دا باش ڕەنگی داوەتەو لە ئەمەدا شارەزایی زۆری مێجەر سۆن.. دەوری دیاری هەبووە!).

لە مەڕ بایەخی ڕۆژنامەکەش بە ئەدەبیاتی کوردی، لێکۆڵ نووسیویەتی؛ (لە ژمارە بیستی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا، گوتارێکی گەورەو گرنگی دەربارەی ئەدەبی کوردی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا هەوڵی داوە بە بەڵگەو بەراوردەوە، بەرزیی ئەو ئەدەبە بخاتە بەرچاو. ئەمەیان یەکەم گوتاری درێژیەتی دەربارەی ئەدەبی کوردی و دوورنییە مێجەر سۆن نووسیبێتی.. جۆری قسەو شێوازی دارشتنی وادەڵێن!).

لێکۆڵ لەمەڕ بایەخی ڕۆژنامەکە بۆ چاک کردنی ڕێنووسی کوردی و بەتایبەتی لە ڕایەڵەی نیشاندانی گوتارێکی ڕۆژنامەکە کە نووسیویەتی؛ (ئەوروپاییەکان بۆ خوێندن و نووسینی زمانی شەرقییەکان زۆر موشکیلات دەکێشن! ئێمە لەبەر ئەمە، ساڵێکە لە نووسینی کوردیدا بە مووافەقەتی فەننی ئینشاکانی بەعزێ ئیستیلاحمان قوبووڵ کرد.. سەرو بۆرو ژێری حەرفەکان بە «ه»، «و»، «ی» دەنووسین و تاد).

بەرامبەر بە ئەوە، لێکۆڵ دەڵێت؛ (ئەم قسانە زۆر لەئەوە دەچێ هی مێجەر سۆن بن! وادیارە سۆن کە چەند بەرهەمێکی بایەخداری لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی هەیە، نیازی وابووە بەپێی پێویست ئاڵوگۆڕیش لە ڕێنووسی ئەو زمانە بکا، بەداخەوە کاری سیاسی زۆرو نەخۆشی قورس و مردنی، زۆر مۆڵەتیان نەدا.

جێگەی باسە لێکۆڵێ نێوبراو لە ئاستی کوتە گوتارەکانی- بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکە-و بژارکردنیان، هێندێ پەراوێزی نووسیوە گۆیا ڕەنگبێ هی سۆن بن.. بۆ وێنە:

١- لەباسی نەیاریی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا بەرامبەر رووسیای بەلشەفی، ئەو هەڵوێستەی بەراوردی هەمان هەڵوێستی «پێشکەوتن- سلێمانی» کردووەو ڕەفتارەکە بەهی سۆن دەزانێت!

٢- لەنیشاندانی پەندێکی دەستکاریکراودا کە بەشێوەی (شوێن کڵاوی لارکەوتن) نیشان دراوە.

٣- لەمەڕ باس نەکردنی «ئەلفازی تورکی» لەپاڵ «ئەلفازی عەرەبی و فارسی»، لێکۆڵ نووسیویەتی؛ «چونکە بەلایەوە زمانی ڕۆمیانە- تورکانە/K-و ئەوانیش دوژمنی ئینگلیزن. ئەم پشت گوێ خستنەی زمانی تورکی لەکاری سۆن دەکات کە گومان لەوانەیە ئەم گوتارە ئەو نووسیبێتی!).

٤- لەمەڕ شارەزایی سۆن لەمێژوودا، لێکۆڵ نووسیویێتی؛ (سۆن تەواو شارەزای مێژووی کوردبووە. مامۆستا ئەمین زەکی بۆ باسی نەژادی کورد کەڵکی لەنووسراوەکانی سۆن وەرگرتووە!).

٥- لێکۆڵ دارشتنی گوتارێکی سیاسی (تێگەیشتنی ڕاستی- ژ ٤٠» بەنووسراوی سۆن دادەنێت!

## لێکۆڵ و شوێنی شوکری فەزلی

د. کەمالی لێکۆڵی «تێگەیشتنی ڕاستی»، لەمەڕ شوکری فەزلی، بە ڕۆشنایی دەورکردنەوەی هێندێ سەرچاوە، بیرورای نواندووە و لێی نووسیوە؛ (شوکری فەزلی «١٨٨٢-١٩٢٦ز» یەکێکە لەنووسەرە نێودارەکانی عێراقی پێش و پاش شەڕی یەکەم. بەدایک عەرەب و بە باوک کورد- ساغ بۆتەوە لە هەردوو سەرەوە کورد/ K- هەرچەند بەغداد مەڵبەندی خێزانی ئەم پیاوە بووە، بەلای کەمەوە بیست ساڵ تەمەنی لە کوردەواریدا بەسەر برد، بەتایبەتی لە سلێمانی و دەوروبەریدا. بە ئەم جۆرە «کوردییەکی باشی دەزانی و تەواو شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتی کورد بوو!». کوردیزانینی شوکری فەزلی گەیشتبووە ڕادەیێ شیعری پێ دەنووسی و شەڕە شیعری لەگەڵ شاعیرێکی بەدەسەڵاتی وەک شێخ ڕەزا دەکرد! بەر لەشەڕی یەکەم دەست پێ بکا، ئەم پیاوە لەسەر کوردی دەنووسی. لەئەو زنجیرە گوتارەی کە لە «لغە العرب/ لوغەتولعەرەب»دا بەنێوی «کوردی ئیمڕۆ»وە بڵاوی کردۆتەوە، وەک شارەزایێ «باسی ئافرەت و پیاو و خێزان و جل و بەرگ



و ئایین و نەریتی کورد»ی کردووە! زۆر پێ دەچێ یەکەم کەسی خۆمانە بێ کە هەوڵی داوە وشەی کوردی بەتیپی لاتینی بنووسێ، هەر لە ئەو گوتارەیدا گەلێ وشەی پەتی و لاتینی نووسیوە!

جگە لەمانە شوکری فەزڵیش وەک مێجەر سۆن، دەستی لە ڕۆژنامەنووسیدا بالآبوو. بەرلەوەی شەڕی یەکەم دەست پێ بکا، گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و شیعری لە ڕۆژنامەی (التعاون/ ئەلتەعاوون) و «الزهور/ ئەلزوهوور»دا بلاوکردەوە.

وەک گوتمان لە گۆڤاری (لغة العرب)دا گوتاری دەنووسی. کە ئینگلیز لەسالآنی شەڕدا «العرب/ ئەلعەرەب» ی عەرەبی و (ایران/ ئێران» و (ظفر عراق/ زەفەر عێراق»ی فارسییان دامەزراند، شوکری فەزڵی بووە بە نووسەرێکی چالاکیان.

ئەمانە گومان لەئەوەدا ناهێڵن کە شوکری فەزڵی یەکێک بووە لەسەر پەرشتیکەرانی «تێگەیشتنی ڕاستی» «K/!».

ڕاستە هیچ بەڵگەیێ لە ئەو ڕۆژنامەیە خۆیدا بۆ ساغ کردنەوەی ئەم ڕاستییە بەدەستەوە نییە، بەڵام لە هەمان کات هیچ بەڵگەیەکی بەشداریشی لە چاپەمەنییەکانی دی ئینگلیزدا بەرچاو ناکەوێ جگە لە ئەو کوردێکی دی شک نابەین.. تاد).

جێگەی باسە، لێکۆڵ دیسان لە ڕایەڵەی باسەکانی ڕابوردوودا، هەروەها ئاشناکردنی کوتە گوتارەکانی ڕۆژنامەکەدا، هێندێ پەراوێزی لەمەڕ شوکری فەزڵی خۆی و توانای نووسیوە، بۆ وێنە:

١- لەزمان ڕۆفاییل بەتتییەوە، دەگێڕێتەوە؛

(شوکری فەزڵی لەگەڵ ئەوەش لایەنگیری ڕژێمی دوای سەردەمی عوسمانی بوو- واتە سەردەمی بەریتانیا/ K- بەڵام ڕقی لە مادییەتی ڕۆژئاوا دەبۆوە و ئامانجی ئەوەبوو لە ڕۆژهەڵاتدا هێزێ بتوانێ بەرەنگاری بوەستێ!

٢- لێکۆڵ نووسیویەتی: (ڕۆفاییل بەتتیی لەبەرگی یەکەمی «لغة العرب- ١٩٢٦)دا ئیشارەیەکی کردووە بۆ ئەوەی کە شوکری فەزڵی لە «تێگەیشتنی ڕاستی»دا کاری کردووە!

٣- لێکۆڵ نووسیویەتی، (شوکری فەزڵی دەمێ ساڵ بوو تێکەڵی کاروباری ڕۆژنامەنووسی ببوو، دەستی لەدەرکردنی هەموو ڕۆژنامەدا- پێش و پاش داگیرکردنی عێراق- هەبوو کە ئینگلیز لەبەغدادا بەعەرەبی و فارسی چاپیان دەکرد!).

٤- لەمەڕ شوێنی ڕۆژنامەکە و بایەخدانی بەمێژووی کورد، لێکۆڵ وەک نێوی سۆنی پێش خستووە، نووسیویەتی: (بەرادەیەکی کەمتر شوکری فەزڵی دەوری دیاری بینیوە!!).

٥- لە گۆڤاری «لغة العرب-س،٣، ج٥، تەشرینی دووەمی ١٩١٣»ەوە لێکۆڵ گێڕاویەتییەوە: (بیست ساڵی لەنێو کورد دا بردە سەرو گەڕانێکی تەواو بەو نێوچەیەدا گەڕا!).

٦- هەر لە هەمان گۆڤارو ژمارە و ساڵەوە، لێکۆڵ گێڕاویەتییەوە؛ (بەنێوی کوردی ئیمڕۆوە- الکرد الحالیون- زنجیرە گوتاری بلاوکردۆتەوە، وەک شارەزایێ باسی ئافرەت و پیاوو خێزان و جل و بەرگ و ئایین و نەریتی کوردی کردووە، گەلێ وشەی کوردی بەتیپی لاتینی نووسیوە، وەک کورتەک Kourtak، دۆم Dom، سێ براکە Se- Brakeh و گەلێکی دی!).

٧- لێکۆڵ لەنیشاندانی چەند ڕستەیەکی گوتارێکی سیاسیدا ئەم پەراوێزەی داناوە؛ («بێ سەربی و بێ دەربی هەموو ولاتی خەمبارکرد، بێ ئیشی و بێ بازاڕی خەڵقی لەگیانی خۆی بێزار کرد!» لەنووسینی باسی یەکێ دەکا دەستی لەشیعردا هەبێ! ژمارەکانی تێگەیشتنی ڕاستی پڕن لە نموونەی وا کە ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی دی بەشداری شوکری فەزڵییە«K/!» لەبلاکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیەدا!!).

٨- لەڕایەڵەی گوتارێکی سیاسی ڕۆژنامەکەدا کە نووسراوە (ئێمە ئەگەرچی- ئێمەی کورد/K- لەبەغدا کەمین)، لێکۆڵ پەراوێزێکی بۆ گرتووە و نووسیویەتی؛ (دیارە ئەمە نووسینی مێجەر سۆن نییە، لەنووسینی شوکری فەزڵی دەکا، گەر وابێ خۆی بەکورد داناوە!!).

### لێکۆڵ و ئەنجامی

لێکۆڵینەوەکەی لەمەڕ هەردوو نێوبراوان ئەوەهای نواندووە کە نووسیویەتی: (... بێگومان «سەربازێکی نەناسراو»ی شارەزای ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و دڵسۆزانە بۆکورد دەوری گەورەی لە دەرکردنی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا بینیوە.

ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن، گومان لە ئەوەدا ناهێڵن کە ئەو سەربازە شوکری فەزڵی بووە.. بێ خۆفرۆشتن و مەبەستی خراپ یەکێکی وەک شوکری فەزڵی وێنەی ئینگلیزی بەڕەنگی دڵگیرو عوسمانی بەڕەش دەکێشا.

مێجەر سۆن دەستی بالآی لەدەرکردن و بەڕێوەبردنی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا هەبوو. بوونی مێجەر سۆن لە دوو سەرەوە کاری کردبووە سەر شێوازو ناوەڕۆکی «تێگەیشتنی ڕاستی». بەهۆی ئەوەوە لایەنی ئینگلیز پەرستی پترو زیرەکانەتر لەسەر لاپەڕەکانی ڕەنگی دابۆوە!

واپێدەچێ لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەم و ئاڵوگۆڕە تازەکانی نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەبوو «تێگەیشتنی ڕاستی»ش یا ڕێبازی خۆی بگۆڕێ یا لەکاربکەوێ. ئینگلیزەکان ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد. وا دیارە بە باشیان زانی ڕۆژنامەیەکی دی کوردی لەیەکێ لەشارەکانی کوردستاندا دابمەزرێنن، ئەوەبوو سۆن دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن» لەشاری سلێمانیدا!).


تێگەیشتنی ڕاستی

## پەراوێزێ بۆ لێکۆڵینەوەکانی لێکۆڵ
## پێوەندی نۆبیل و سۆن

بێ درێژکردنەوەو لەبەر ڕۆشنایی هەموو سەرچاوە ئینگلیزییەکانی ڕۆژگارەکەو دواتر، هەروەها سەرچاوە کوردییەکان، تەواو ڕوونە کە نوێتر لە (١/١٠/١٩١٨)دا بووە بە فەرمانڕەوای سیاسی نێوچەی کەرکووک و لەئەوێ دەمێدا گوتوبێژی نهێنییانەی لەگەڵ حەفیدزادە مەحموود کردووە تا لە (١٦/١١/١٩١٨)دا گەیشتۆتە سلێمانی و «ڕێککەوتننامەی بریتانیا و کورد»ی لە (١٧/١١/١٩١٨)دا ئاشکرا کردووەو جاڕی داوە؛ (بریتانیا باوەڕی هێناوە دەسەڵاتی حوکوومەتی کوردستان لەسنووری زێی گەورەوە تا دیالا- بێ کەرکووک و کفری- دابمەزرێ و حەفیدزادە مەحموود حوکمداری کوردستانە).

نویێل لە ئەوێ دەمێوە تا (١/١/١٩١٩) وەک نوێنەری بریتانیا و ڕاوێژکاری حەفیدزادە مەحموود لە سلێمانیدا بووەو ئەوجا لە (١/٤/١٩١٩)دا دەستی داوەتە گەشتێکی سیاسی بەنێو کوردستانی باکووردا و گەشتەکەی- دوای ڕزگاربوونی لەتەڵەکانی حوکوومەتی تورکەکەمالییەکان- تا مانگی ئەیلوولی (١٩١٩)ی خایاندووە!

لەلایەکی دیبیەوە- با نویێل و سۆن پێوەندییان بە کێشەی سیاسی کوردەوە هەبووبێ- ئەوە نویێل وەکو سۆن کوردیزان نەبووە، بەڕادەیێ لەسەردەمی (ا.ح. کوردستان-١٩١٨)دا، بە ڕەزامەندی حەفیدزادە مەحموود، ڕۆشنبیری کورد ڕەفیق حیلمی کوردی فێر کردووە!.

بە کورتی ئەم بەڵگانە هەموو لایەنگیریی تەواوەتییە بۆ ڕای لێکۆڵ کە میجەر نۆبێل پێوەندی بە (تێگەیشتنی ڕاستی)یەوە نەبووە.

هەرچەندە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی چ کوردی، هەروەها هەردوو ڕۆژنامەکەی بەغداد و سلێمانی، بە ئاشکرا یان بە ئاماژەیێ (بەشداریی سۆن) یان نەنواندووە، ئەوە لەلایێ باری سیاسی و شارەزایی سۆن لەکاروباری کوردو کوردستان و زمان و ئەدەب و مێژوو و کۆمەڵیدا، هەروەها بە ڕۆشنایی



ئاماژەکەی ئیدمۆندز و لێکۆڵینەوەکانی لێکۆڵ، باوەڕ بەهێزە بۆ بەشداریی، بەڵام ئەو باوەڕە تەواو پتەو و ڕاست دەبێ کە دەبیندرێ- شایەتێکی ڕۆژگار- کوردێکی کرماشانی، ئێرانپەروەرێکی کۆمەنیست و ئەڵقە لەگوێی سۆڤییەت (ئەبولقاسمی لاهووتی) لەکاتی خۆیدا ڕاپۆرتێکی بەنێوی (کوردستان و کورد)ەوە نووسیوەو لە (١٩٢٣)دا بە ڕووسی بڵاوی کردۆتەوەو تێیدا (تێگەیشتنی ڕاستی و پێوەندی سۆن) دەسەلمێنێ کە دەبێژێ؛ (هەر دوای داگیرکردنی بەغداد لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە میجەرسۆن- ڕاستتر سەرهەنگ/K- دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بەشێوەی کوردەکانی باشووری کورد).

لاهووتی باسی ئەو پێوەندییە و کاریگەریی ڕۆژنامەکە پتر ڕوون دەکاتەوەو دەبێژێ؛ (ئەم ڕۆژنامەیە لە کوردستاندا دەنگی دابۆوە و دەورێکی گەورەی بۆ بزواندنی هەستی نەتەوەیی کورد دەبینی! تێگەیشتنی ڕاستی زۆر زیرەکانە ئامادە دەکراو شارەزاییەکی باشی لە هەست و نەست و باری دەروونی کورددا هەبوو. ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەستەنبووڵ نەیاندەتوانی ئەو دەورە بگێڕن کە ڕۆژنامەکەی میجەر سۆن دەیگێڕا، چونکە ئەوەندەی ئەو زانیاری و هەواڵ و بەڵگەی دەست کەوت، کوردەکان، لاوەکان خەونیشیان پێوە نەدەبینی، بۆیە، چالاکی و زانیارییەکانی ئەمان لە هەواڵە گشتی و دەزگە ئاواڵەکان بەو لاوە تێ نەدەپەڕین.


سۆن؛ لە ڕۆژنامەکەیدا مێژووی بزووتنەوەی کوردی لێک دەدایەوەو گەلێ نموونەو بەڵگەی لەبارەی سیاسەتی توندو تیژو بێ بەزەییانەی تورکەوە بەرامبەر بە کورد دەهێنایەوە و تۆمار دەکرد. هەروەها گوتارو باسی دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان و نێودارانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی بەدەستی تورک لەنێو براون، بڵاودەکردەوە. هەروەها باس و خواستی هەواڵ و تەقەللا مێژووییەکانی خێڵ و هۆزە کوردەکانی دەخستە پێش چاوی خوێنەران بەتایبەتی باسی هەواڵەکانی هۆزەکان بۆ ڕستگاربوون لەباج و سەرانەی دەوڵەت. لێرەدا ئەوەیشی لە بیر نەدەکرد باسی ئەو پەلامارانەی تورک بگێڕێتەوە کە مەبەستی سەرکوت کردنی هۆزەکانی نێوچە جۆر بەجۆرەکانی کوردستان بوو!

هەموو ئەو لایەنانە، شارەزایانەو بەگەلێ بەڵگەو نموونەی زەقەوە دەخرانە بەر چاوی خوێنەرانی ڕۆژنامەکە وەک مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد.

ئا بەم شێوەیە مێجەر سۆن ئەو بزاڤەی پێ گەیاند کە ئەوڕۆ داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات لەژێر چاودێری و مەندات- ئینتیداب/K-ی ئینگلیزدا!).

کەواتە دڵنیابووین کە (سۆن) دامەزرێن و بەشداری ئەم ڕۆژنامەیە بووە!





## کێشەی کارگێڕەکانی ڕۆژنامەکە

ئەگەر لە پێوەندییەکەی سۆن، هەروەها (شوکری فەزلی) دڵنیابین- پتریش باسی دەکەم- ئایا لێکۆڵ گوتەنی؛ (جگە لە ئەو دووانە؛ کوردێکی دی شک نابەین ئەو ساڵەی «تێگەیشتنی ڕاستی» تێدا دەرچووە، لەبەغداد دا بووبێ و نووسین و دەرکردنی ڕۆژنامەی لەدەست هاتبێ!!).

ڕاستییەکەی لێکۆڵ وەکو- لەبەر بێ سەرچاوەیی و هەواڵی ڕاست- بۆی هەیە ڕایەکی ئەوتۆ بنوێنێ، ئەوە ڕەواشە کە بە بیروبڕیارێکی ڕەهاوە باسەکە وەربگرین و چاونۆڕی کەسی دی نەکەین!! یان بەشی گومان بۆ بەشداریی کەسانی دی نەهێڵینەوە، چونکە هێندێ بەڵگە بەدەرەوەن کە ڕەنگبێ کوردانی دی هەبووبێ..

بۆ وێنە مامۆستا محەممەد بەشکە- باشقەی کوردو یەکێکی دانەری کتێبی (ئەووەڵەمین کیتابی قیرائەتی کوردی- بەغداد (١٩٢٠) کە لەسەرەتای فەرمانڕەوایی سۆن و تا (٣ی مایسی ١٩٢٠)دا مامۆستای دەرزی ئینگلیزیش بووە لە قوتابخانەی سلێمانیدا، ئەوکاتە لەبەغدادا بووە، هەر لەهەمان سەردەمدا کوردێکی دی، دووەم کەسی دانەری کتێبی نێوبراو کە بە (محەمەد زەکی) نێو براوە، دەبێ ئەویش دانیشتووی بەغداد بووبێ، هەروەها چاوەنۆڕ دەکرێ پارێزەر- ڕۆژنامەڤانی ناسراوی کورد (عەبدولکەریم سلێمانی/ عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵلای حەمە کەرکووکی)ش لەبەغدادا بووبێ بەتایبەتی دوای داخستنی گۆڤارە کوردی و تورکییەکەی؛ (ڕۆژی کورد؛ ١٩١٣-١٩١٤ز) و ڕستگاربوونی لە بەندیخانەو پەتی سێدارەو گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، ئەوجا دامەزرانی بە (مەئموری ئیمزا)، ئەوجا ئەندامی دادگەی سەرەتایی سلێمانی: ١٩١٤-١٩١٥ز)، کە لەڕیزی کارمەندەکانی دادگەی سلێمانی (ا.ح. کوردستان) و سەردەمی فەرمانڕەوایی (سۆن)دا هەرگیز نێوی دەرنەکەوتووەو لەساڵی (١٩٢٠)دا بەغدادنشین بووە.

هەڵبەت، چونکە نێوی ئەو کەسانە بە ڕۆژنامەکەوە؛ (تێگەیشتی ڕاستی) نییە و دەنگێکی ڕاست بۆ پشت گرتنی تێکەڵی یەکێکیان نەبیستراوە، دیارە بڕیاردانی تێکەڵی و بەشدارییان پەسەندنییە بۆیە وەکو کێشەیێ دەمێنێتەوەو چاودێریشی لێ نابڕێ.

## سۆن و شوکری فەزلی و شوێنیان؟

ئەگەر لێکۆڵ شوێنی هەردووکیانی نیشانە کردبێ و دڵنیای کردبێن کە هەردووکیان کۆمەڵەکەی ڕۆژنامەکە بوون، ئەوە لێکۆڵ د. کەمال مەزهەر سەرنجی دوو باسی گرنگی نەداوەو لەبەر ڕۆشناییان نە ئاخاوتووەو کەڵکی لێ وەرنەگرتوون تا شوێنیان پتر بناسرێتەوە.

ئەو دووباسە ئەمەن:

یەکەم: لێکۆڵ وەکو باسی پێوەندی ڕۆژنامەڤانی (ش. فەزلی) کردووەو هەر خۆیشی ئاگاداری کردووین کە سێ ژمارەی گۆڤاری کوردی- تورکی بەغدادی (بانگی کورد)ی دەست کەوتووەو قەبارەی لاپەڕەکانیشیانی دیاری کردووە، ئەوە سەرنجی سێ گوتاری تورکی گرانبەهای (ش. فەزلی) نەداوەو بە کەڵکی خۆی نەهێناوە!.

(ش. فەزلی لەگۆڤاری (بانگی کورد)دا ئەم گوتارانەی هەیە.

- ژ. ١، ٢٦/کانوونی ثانی/ ٣٢٩ (ر= ١٩١٣ن، ل٥-٧ گوتاری (تاریخ اکراد برنظر/ سەرەنجێکی مێژوویی کوردان)ی هەیە و لەمێژووی دێرینی کورد ئاخاوتووەو دەڵێ: (کورد ئارییە و حوکوومەتی سەربەخۆی هەبووە. ماد حوکمدارییەکی کوردە، پاشان کورد بووە بە ئیسلام. ئەبو موسلیم خۆراسانی بەسەرکردەیەکی کورد هێناوەتەوە. نێوی دەوڵەتەکانی کورد «بەنی عەننان»ی خانەقین و «بەنی حەسنەوی» بەرزنجە و شارەزوور و «بەنی مەروان»ی دیار بەکرو «ئەتابەکیەکان»ی لوڕستان و باسی کەریم خانی زەندی هێناوەتەوە.

- ژ٢، ١٥ شوبات ٣٢٩ «ر=١٩١٣ز» لە ٢٥-؟ گوتاری (أدبیات اکراد ده برنظر/ سەرنجێکی ئەدەبییانی کورد)ی نووسیوەو ناساندنێکی گشتییە بۆ ئەدەبییات کە تەرجومانی شەخسیەتی مەعنەوی، هەستی کۆمەڵی، ڕۆشنبیری، سیاسی میللەتە.

نووسەر دەشگێڕێتەوە کاتێ ئایینی ئیسلام لە ئاسیاو ئەفریقا و ئەوروپادا تەشەنەی کردو چەسپا؛ چۆن ئازادی و برایی و دادپەروەریی و یەکسانیشی بڵاوکردەوە، زەبری بەر ئەدەبییاتیش کەوت و کوردیش کەوتە بەر زەبری ئەدەبییاتی عەرەب و فارس و تورک.

- ژ٣، مارت ٣٣٠ «ر=١٩١٤ز»؛ ل ٤٩-٥٤



بەنێونیشانی (عهد اسلامد، تأريخ اكراد/ مێژووی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا) و دەگێڕێتەوە کە: بەشی زۆری مێژوونووسەکانی عەرەب، کوردیان بەعەرەب و ڕەگەزی سامی لەقەڵەم داوە، یان هێندێکیان بە ڕەگەز عەجەمی داناوە.

نووسەر دەڵێ؛ زاناکانی ئەوروپایی دەڵێن؛ کورد لە (بەرەبابی ئاری)یە. هەروەها دەگێڕێتەوە کە؛ کورد بە بنەما ئیسلامییەکەی خۆیەوە، میرنشینەکانی خۆی پشتاوپشت لەدەست نەدا.

هەروەها نووسەر درێژتر باسی حوکوومەتی «بەنی حەسنەوی» کردووە!

- ژ٤، ٢٤ مارت ٣٣٠ «ر= ١٩١٤ز» ل٧٣-٧٥ بەنێونیشانی (ابوالنجم بدر و اوغلی هلال/ ئەبوو نەجم بەدرو هیلالی کوڕی)ەوە گوتارێکی درێژی بۆ باسی حوکوومەتی «حەسنەوی» و بەتایبەتیش (ئەبوو نەجم بەدرو هیلالی کوڕ)ی و فەرمانڕەوای شارەزوور نووسیوە.

لەلایەکی دییەوە- لێکۆڵ سەرنجی دوا ڕۆژو یادگاری بڵاوکراوەی نەداوە- گۆڤاری بەغدادی (دیاریی کوردستان؛ ژ٢، ١٩٢٥/٣/٢٨) بە ئیمزای (ش)ەوە، شیعرە ناسراوەکەی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێ:

**ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی**
**فیکری وردیشی دەوێ هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی**

دیسان لە دیاریی کوردستان- ژ٦، ١٩٢٥/٥/٢٩) بە ئیمزای (ش)ەوە گوتارێکی عەرەبی (الشعب الكردي لايموت/ گەلی کورد نامرێ)وە بڵاوکردۆتەوە. لە ئەم گوتارەیدا- بەهۆش و بیری زانستی و مێژوویی و نەتەوەیی خۆیەوە- لەمەڕ زیندوویێتی گەلەکەی دە ئاخێوێ و دەڵێ: (بێگومان هەستی- وجوودی- گەلی کورد لەسەدەی بیستدا بەڵگەیەکی مادی ساغە بۆ تواناو شایستەیی مانی. گەلانێکی بەهێزو دەوڵەتانێکی فیلەتەن لە جەنگەی ژێندا داڕزان و پاکۆ بوون یان لەنێو گەلانی دیدا توانەوە، کەچی ئەم وەک کێوێکی سەرکەش، ئازایانە مایەوەو بەکوێرایی ملۆزمانیش هەر دەمێنێ، چونکە پیاوانی زانا، خوێندەواری پێگەیشتووی هەیە کە هەیانە فێرگە باڵاکانی ئەستەنبوڵ. ئەوروپایان دیتووە و ڕۆژگاریان تاقی کردۆتەوە و چاک دەزانن لە کوێوە باڵ دەخورێ!

هێندێ نەزان بەلاف و گەزافن و دەبێژن گۆیا کورد مێژووی ئەدەبییاتی نییە. ڕۆژنامەنووسی چرووپری بەڵگەی ساغەو وەڵامی دەمەوەریی پووچیان دەداتەوە. یادگارەکان ڕەوان دەینوێنن کە کورد لەمێژووی دێرین و نێوەندیدا خاوەند دەوڵەت و لەدوا ڕۆژگاری و سێبەری دەوڵەتی عوسمانیشدا میرنشینی هەبووە. باری دواییش بەزەبری شیر نەبووە، بەڵکو مایەی ڕێککەوتن و خۆشەویستی بووە بۆ ئیسلام. ساتێکیش ڕۆژگار ئەو دەوڵەتەی هەڵگێڕایەوە گەلی کوردی بەشەکەی هەرێمی مووسڵ چونکێ پێوەندیی ئیسلامەتی و ئابووری لەگەڵ گەلی عێراق هەبوو، بەچاوی ڕێزو سۆزەوە نواڕییە حوکوومەتی عێراق!).

(ش. فەزڵی) هەروەها لەدوا ڕۆژی ژینی و پێش مردنی، یەکێ بووە لەرێزی چوار ئەندامی لیژنەی بەرپرسیاری وەرگێڕاندن و دانانی کوردی سەر بە وەزارەتی مەعاریف- زانستی عێراق کە لەدەوروبەری مانگی (شوباتی/ ١٩٢٦)دا دامەزرا. ساتیعولحوسەری ڕێبەری گشتی دەزگای مەعاریف کە ئەو باسەی گێڕاوەتەوە- خۆیشی بەپێی لێکۆڵینەوەو بەڵگەی ڕاست. ناحەزی زمان و پێشکەوتنی خوێندەواریی کورد بووە و کێشەیەکی گەورەی بۆ لیژنەکە نایەوەو پەکی خست- نووسیوێتی گۆیا (ش. فەزڵی) (لەبەرەی تۆفیق وەهبی نارازیدا نەبووە!!)، هەڵبەت باوەڕ بە قسەیشی ناکرێ!.

دووەم: ئەم باسە- گوتیشم لێکۆڵ هەرگیز توخنی نەکەوتووە- کە هێندێکی لەژیاننامەی (سۆن)دا نووسراوە، بەڕاستی ناسکییەکەی لەئەوەدایە؛ سنووری مێژوویی (هەبوون و نەبوونی پێوەندیی و تێکەڵی لەڕۆژنامەکە دەردەکەوێ) و دەوری خۆی و کەسێکی دی وەک (ش. فەزڵی) پتر ساغ دەبێتەوە.

بۆ دڵنیابوون و چاک ناسینی ڕاستیش ناپەسەندی نابینم مەتنی قسەو باسەکانی کاربەدەستێکی ناسراوی ئینگلیز؛ شایێت و نووسەرێکی دیار (مس بێل-Bell) بنوێنم کە نووسیوێتی: (لەکانوونی یەکەمی ١٩١٧دا «خانەقین»مان گرت، بەڵام هێندەی ئەم باژێرە پەرێشان و لێ قەوماوبوو، لەهیچ لایەکی عێراقدا هاوتایان تووش نەهاتبوو.. ڕووسەکان درەوی کێڵگەکانیان کردبۆوە، ئەوجا تورکەکانیش پاکیان کردەوە. ئەوی بەتەنێ بەجێیان هێشتبوو؛ برسێتیی و نەخۆشیی بوو!.

کاروباری ئیدارە دەمو دەست هێندێ لە جەنگێ پتر بوو کە دەبوو بۆ ڕیشەکێشی تەنگانەکان بکرێ. ئەم جەنگە ئەفسەرێ (مێجەر سۆن) گێڕای کە وێڕای شارەزایی لەنێوچەکەداو ناسیاری توندو تۆڵی لەگەڵ خەڵکەکە، کوردی زانێکی دانسقە بوو. چەند مانگێ ڕەنجێکی بێ وچان و گەورەی دا بۆ بەجێ هێنانی ئەرکێ کە لەبەرەوە چەند گەورە دەبوو، سەرکەوتنی دەستگیر دەکرد. کوردەکانی پەرەوازەی هەردوو بەری سنوور، هەر هێندەی کۆمەک و کارگوزاری ئیدارەیان پێ زانی، لەچیاکانەوە برسێتی و گرانەتا هرووژمیان هێنایەوە بەشکو لەخێوەتەکان و خەستەخانەکانمدا بەشیان بەر بکەوێ و بێنەوە سەر خۆیان.

مێجەر سۆن کە کردو کۆشش هێزی لێ بری و پەکی خست، بەر لەئەوەی لەسەرەتای هاویندا- بە بەڵگەوە ڕەنگبێ



ڕێکەوتی مانگی حوزەیران/ ١٩١٨ بێ/K- ناچار بێ مۆڵەتی ساڵێ وەربگرێ و بڕوات، جەنگەکەمانی بردەوە. لەجێگەیشیدا مێجەر گولْدسمیت لە «سەماوە»وە ڕاگواسترایەوە و دامەزرا!).

مس بێل لەشوێنێکی دی کتێبی خۆیدا باسی کردۆتەوەو دەڵێ؛ ( لە ئەم دوایییانەدا سۆن لەمۆڵەتی ساڵەکەی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی هاتەوە- دەشێ دوای سەری ساڵی (١٩١٩) و پێش ڕاگرتنی ڕۆژنامەکە بووبێ/K-و لە ڕێگەیشیدا بەرەو فەرمانە تازەکەی- سلێمانی/K- باری کفری و کەرکووکی وردکردەوەو هێڵە سیاسییەکانی بۆ کێشا کە پێویست بوو بگیرێتە بەر!).

ئەمێستە ئەگەر ئەو دوو باسە فەرامۆش کراوانە بە جوێ بدەینە بەر نەشتەرێکی تیژ، جارێ لەمەڕ یەکەم، بەشێوەیەکی نوێ، ڕووی هێزو توانای ڕۆشنبیریی «چ گیانی نەتەوەیی»ش. فەزڵی دەناسینەوەو دڵنیا دەبین کە توانای مێژووناسینی ئەم لە هی (سۆن) کەمتر نییە، بۆیەکا بۆمان هەیە بڵێین ئەو بڕوایەی لێکۆڵ کەمتر کاریگەر دەبێ کە نووسیویێتی؛ (تێگەیشتنی ڕاستی.. زۆربەی باسە مێژووییەکانی وەک سەر گوتار بڵاو دەکردەوە.. لەمەدا شارەزایی زۆری مێجەر سۆن و بە ڕادەیەکی کەمتر شوکری فەزڵی دەوری بینیوە!).

پتریش- هەروەک وێنەیێ دەیگرمەوە- دەڵێم ئەم گوتەیەی لێکۆڵ کە دەڵێ؛ (تێگەیشتنی ڕاستی لەگۆشەی: تەئریخ و مەشاهیری کورددا بەدرێژیی باسی چەند ئەمارەتێکی قوورونی وستای ئەو سەردەمانەی کوردستانی کردووە!)، ئەم بابەتانە هەروەکو بابەتەکانی بڵاوکراوەی (بانگی کورد) نییە کە لەساڵی (١٩٢٥)یشدا دیسان- کورتبتڕانە- ئاماژەی بۆ کردوونەتەوە؟

من پتر درێژەی نادەمێ و باسەکە بۆ ژیریی خوێندەوار بەجێ دەهێڵم و چمکی باسی دووەم دەگرم کە تەواو ڕاستیمان لەدڵدا دەچەسپێنێ و ئەوەیە:

سۆن لەنێوان ماوەی کاروباری خانەقینی دوورە بەغداد و گەڕاندنەوەی لە ئوسترالیادا، ئەوپەڕییەکەی هەر (٥-٦) مانگێ پێوەندی بەڕۆژنامەکەوە هەبووە. دیارە- خۆیشی زیندوو بووایە- پەسەند ناکرێ ببێژرێ لە ئوسترالیاوە خەریکی گوتار نووسین و چاودێریی ڕۆژنامەکە بووە، کەواتە ئەرکی گەورە بەشی کەسی دووەمەو یەکێکی دی وەک (ش. فەزڵییە!)

من- بە یارمەتی لێکۆڵ خۆی- زەبری ئەو دوور کەوتنەوەی (سۆن) چاک بە ڕۆژنامەکەوە دەبینم.

لێکۆڵ نووسیویێتی؛ (لە ژمارە سی و چوارەوە- واتە تا ژمارە سی و سێی (١٩١٨/٦/١٧)/K- گۆشەی: ئەدەبییاتی کورد نەماوە! وا دیارە زۆر بوونی هەواڵەکانی شەڕ بە تایبەتی لە مەیدانی عێراق و فەلەستین و سووریادا و نزیک بوونەوەی کۆتایی شەڕ، بوونە هۆی ئەم ڕاوێستانە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی دی «تێگەیشتنی ڕاستی» تەنها بۆ باسی شەڕو پێشکەوتنی لەشکری ئینگلیز تەرخان کراون. ڕێشی تێ دەچێ ئینگلیز ویستبێتیان وریابوونەوەی کوردو بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە سنوورێکی تەسکدا تێنەپەڕێ و چالاکی شوکری فەزڵییان لە ئەم مەیدانەدا بەزۆر دیبێ بۆیەکا وا لە پڕێکدا ئەو گۆشەیەیان ڕاوێستاند!!).

ئا ئەو (ڕاوێستانە)ی گۆشەی باس کراو، هەروەها گۆشەی «تەئریخ و مەشاهیری کورد» کە ئەمیان لە (١٩١٨/٤/٨)دا تا.. چەند ژمارەیێ بڕی کردووە، هەموو ئەنجامی سەفەرو دوورکەوتنەوەکەی سۆنە نەک هۆکانی دی، چونکی کەسێ وەکو سۆن شارەزاو چاودێری ئەو باسانە نییە و بێ کەسێکی ئەوتۆ، بڵاوکردنەوەی ئاستەمە و (ش. فەزڵی) ئەو دەرفەتە و لێک حاڵی بوونەی جارانی سۆنی لێ بڕاوە. خۆ لە ئەوەش پتر- لێکۆڵ گوتەنی- ڕۆژنامەکە پتر بەلای ڕۆژنامەیەکی هەواڵگریدا ملی ناوە!

ئەم بارەی ڕۆژنامەکە چ (ش. فەزڵی) لە ئەم قۆناغەی دوورە (سۆن)یدا، دەمانباتە بەردەم باسێکی دی کە شایانی ڕوون بوونەوەیە و ئەوەش باسی (چاودێریی- ڕەقابە)ی ڕۆژنامەکەیە..

ئا. تێ. وێڵسن فەرمانڕەوای سەربازیی گشتی بریتانیا لەعێراقی داگیرکراودا، لەکتێبی خۆیدا نووسیویێتی؛ (کەمێ دوای داگیرکردنی بەغداد، ڕۆژنامەی «بەغداد تایمس»مان بە ئینگلیزی و عەرەبی دەرکرد و وەکو «بەسرە تایمس» چاودێریی- ڕەقابەیان دەکرا، بەڵام من خۆم بایەخی زۆرم پێ دەدان و هانی نووسەرەکانم دەدا هەر چ داهێنان و جوانکاری و دەست پێشخەرییەکان هەیە، سڵ نەکەنەوە و بینوێنن و زۆر نەگەڕێنەوە بۆ لای سەرەوکارەکانیان و چاودێریی- ڕەقابە).

هەڵبەت لەبەر ئەو ڕۆشناییە، «تێگەیشتنی ڕاستی» ئەوی لەگەڵ «بەغداد تایمس» خۆی نواند، دیارە ئەم ڕۆژنامە کوردییەش چاودێری هەبووە ئەگەرچی تا ڕادەیەکی سنوور بۆ کێشراو، بەریان لێ نەگیراوە.

ئەوە بە دڵنیاییەوە (سۆن) لە ماوەی نیشاندراوماندا خۆی سەرپەرشت- چاودێر بووە! ئەدی لەماوەی دووریی لە «ئوستراليا»دا کێ تێکەڵ و چاودێری جێ نشینی بووە؟

مێجەر گولْدسمیتی جێگری سۆن- نێویشی لەمەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا دەرنەکەوتووە- وێڕای نەشارەزایی لە زمانی کوردیداو فارسی زانی، ئەمە یەک لە «خانەقین»دا تێکەڵی کوردەواری بووە و هەواڵی نییە کە شارەزایی لەمێژوو، ڕۆشنبیریی کورددا هەبووبێ بۆیەکا چاودێری ئەوە یەکجار بەدووردەزانرێ!



کاپیتان هۆلت دوای دامەزراندنی (ا.ح. کوردستان) تێکەڵی کوردەواری بووە و وێ دەچێ لە ئەو هەلەدا فێری کوردی بووبێ کە لەدوا ڕۆژی نزیکدا بوو بە کوردی زان و مامۆستای قوتابخانە، هەروەها گوتار نووسێکی جوانی (پێشکەوتن- سلێمانی)، هەڵبەت ئەمیش چاوە نۆڕ ناکرێ!

کاپیتان فاریل.. چاودێری گشتی؛ نازیری کاروباری مەعاریف و خوێندن- تورکی و عەرەبی زان بووە- تا ڕادەیێ ڕەنگبێ چاوەنۆڕ بکرێ، بەلام هەرە کەسی چاوەنۆڕ کراو (مس بێل)ە کە وێڕای شارەزایی لەژین و ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبدا، دەسەلاتدارو گەرم تێکەڵی کاروباری سیاسی و بەتایبەتیش ڕۆژنامەنووسی بووە.

ئا. تێ. وێلسن لە دانراوی خۆیدا گەلێ بە بالای شارەزاییەکەی لەعەرەبی و ڕۆژنامەنووسیدا هاتووە!.

جێگەی باسە ئەم ژنە یەکێ بووە لە کاربەدەستە ئینگلیزە سەرسەختەکان بەرامبەر بەگەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی!

هەرچۆنێ بێ، لە ئەم بارەیەوە هێندە توانا هەیە- بێ بڕیاردان- ببێژرێ کە دوای سەفەرەکەی سۆن کار بەدەستێکی دی ئینگلیز- با کوردیشی نەزانیبێ- چاودێری ڕۆژنامەکە بووە!

کاکڵەی قسەوباس، بەتایبەتی لەمەڕ شوێنی (سۆن)ی ئینگلیز و (ش. فەزلی) کورد ئەوەیە؛ یەکەم ئەگەر دامەزرێن و سەرپەرشت- چاودێری ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»ە و ئەوپەڕی ٥-٦ مانگێ پێوەندی پێوە هەبووە، ئەوە بەڕای من ئەوپەڕی تێکەڵی و پێوەندی لە ڕۆژنامەکەدا- گریمان هەفتەی جارێکیش لە خانەقینەوە بەفڕۆکە چووبێ بۆ بەغدادو سەرپەرشتی ڕۆژنامەکە- بەتەنێ ئامۆژگاری و چاودێری بووە نەک زۆرتر گوتار نووسین. چۆن لە ڕۆژنامەکەی سلێمانیدا ئەم کردەوەیەی پێوە دیارە. لەپاڵ ئەوباسە، ڕام وەیە زۆریی لە شارەزایی، زمانزانی، دۆستایەتی بۆ ئینگلیزو ناحەزی بۆ عوسمانی (ش. فەزلی)ش هاودەنگی بووە بۆیە لە سنووری مەبەستی گشتی سیاسەتیاندا، دەرفەتی بۆگێڕانەوەی تواناکانی، نواندنی بیروڕاکانی ڕەخساندووە. دیاریشە دوای سەفەرەکەی، ئەو بارە گۆڕدراوە بەڕادەیێ ڕۆژنامەکە ڕووی لە ڕۆژنامەیەکی هەواڵگریی کردووە.

بۆ (ش. فەزلی، بڕوام بەهێزە کە ئەو گوتار نووس، وەرگێڕ، خاوەندی گۆشەکانی ««تەئریخ و مەشاهیری کورد» و «ئەدەبیاتی کورد»و هاوتایانە. ئەمە وێڕای کاروباری ڕاستنووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە، بۆیەکا بێ هیچ گومانێ- قۆناغی سەفەری سۆن بەڵگەیە- ئەرکی هەر گەورە لە ڕووی نووسین و کاروباری ڕۆژنامەکەوە بەشی ئەم بووە. من پێم وایە کە زمان و زانست و هۆش و بیرو نەخشەکانی گوتارەکان- پێچەوانەی ڕای لێکۆڵ- بەری (یەک کەس نەک دووە) و ئەویش هەر (ش. فەزڵییە).

من بە هەموو هێزمەوە، ئەمێستە، دەنگی تەواوەتی بۆ بڕیاری لێکۆڵ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەدەم- وێڕای هێندێ ڕاراییشی- کە نووسیویتی؛ (سەربازێکی نەناسراوی شارەزای ئەدەب، مێژوو، سیاسەت، دڵسۆزانە بۆ کورد، دەوری گەورەی لەدەرکردنی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا بینیوە.. ئەویش شوکری فەزڵییە!)..❖

**سەرچاوە و تەماشاکراو(*)**

**١/٢/ - : ئەحمەد - کەمال مەزهەر (تێ گەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا)؛ بەغداد ١٩٧٨.**

**٦/١ - : ئەمین - نەوشیروان مستەفا (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات)؛ سلێمانی/ ١٩٩٩.**

**٤٠/١ : نەریمان- مستەفا سەیید ئەحمەد (فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد)؛ بەغداد ١٩٨٦.**

**٤١/١/ : هاوار: م. ڕەسووڵ - پیرەمێردی نەمر، بەغداد ١٩٧٠.**

**٣/٢/ - : ادمونز: س. ج - کرد و ترک و عرب، بغداد ١٩٧١ (ترجمة جرجيس فتح الله).**

**٥/٢/ - : بيل: هس گوترد - فصول من تأريخ العراق القريب، ط٢، بغداد ١٩٧١ (ترجمة جعفر الخياط).**

**١٤/٢/ - : الحصري: ساطع - مذكراتي في العراق، ج١، بيروت ١٩٦٧.**

**١٧/٢/ - : سون: إ.ب، «ميرزا غلام حسين الشيرازي» - رحلة متنكر في بلاد مابين النهرين وكردستان، ج١، بغداد ١٩٧٠ (ترجمة و حواشي فؤاد جميل).**

**٢٧/٢/ - : ويلسن: ت.أ - بلاد مابين النهرين، بغداد ١٩٦٩ (ترجمة جعفر الخياط).**

**(*) ئەم سەرچاوە و تەماشاکراوانە - وەک بابەتەکە خۆی - لە کتێبێکی تایبەتمەندان کە هێشتا تەواو نەکراوە و لیستی سەرچاوەکانی ئەوها ڕیزکراوە.**

خاوەنی ئیمتیاز:
**شەوکەت شێخ یەزدین**
سەرنووسەر:
**ئازاد عەبدولواحید**

# ڕامان

Concessioner
**Shewket Sh. yezdeen**
Editor inchief
**Azad Abdul-wahid**

**بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری (ڕامان) دەری دەکات**

ژمارە: 84 / 85 خولی دووەم مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتیی ئازادە نرخی (1000) دینارە ساڵی هەشتەم/ مایس - حوزەیران /2004


## ناوەڕۆک


• **سەروتار**
– (ڕامان)ێ لە ئێستا و ئایندەمان.......... سەرنووسەر 3
• **پێڕست** 4
• **دۆسیە**
– یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەغداد – تێگەیشتنی ڕاستی.......... کەمال ڕەئووف محەمەد 6
– مێژووی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان.......... د. فەرهاد پیرباڵ 16
– لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی.......... و/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل 20
• **ئەزموون**
– کلاوڕۆژنەکان.......... عومەر عەلی ئەمین 28
• **لێکۆڵینەوە**
– مایرهۆڵد و قۆناغەکانی نوێگەری.......... د. فازڵ جاف 33
– شانۆیا کوردی دناڤبەرا هەبوون و نەبوونێ دا.......... ئەحمەد قەرەنی 43
– خەون بە پایزەوە.......... دانا ڕەووف 51
–شانۆی ئایندەگەری.......... بورهان قەرەداغی 63
– میتۆدەکانی ئارتۆ مەوداکانی هۆڵ.. هزر.. هێما.. هەڵچوون.......... ژیلوان تاهیر باپیر 70
• **مێژووی شانۆ**
– شانۆی ڕۆژهەلات.......... و/ لە فارسییەوە: محەمەد نزار 79
• **چاوپێکەوتن**
– دیالۆگێکی کراوە لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکاری خاوەن ئەزموون (تەها بابان)... ئا: ئازاد عەبدولواحید–مەحموود زامدار 88
– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەندی پێشەنگ (سەفوەت جەڕاح).......... ئا: موحسین محەمەد 110
• **دیمانە**
– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی شاری کەرکووک (جەلیل زەنگنە).......... ئا: ڕامان 118
• **ڕاپرسی**
– لە هەولێری پایتەخت هونەرێکی شانۆیی هەبوو، چی بەسەر هات؟.......... 124
• **بەدواداچوونی ڕاپرسییەکە**
– بەدواداچوونی «هونەرێکی شانۆیی لە هەولێر هەبوو».......... کەمال غەمبار 128
• **ڕەخنەی شانۆیی**
– گەڕانێک بەدوای ئەوانەی توونی بابا چوون.......... حەیدەر عەبدولڕەحمان 130
• **شانۆکارانی بیانی**
– درامانووسانی جیهان.......... مەهدی مەجید جاف 134
• **وتار**
– شانۆی نەتەوەیی کورد.......... سەباح عەبدولڕەحمان 147
– گەمەی ئیستێتیکا لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا.......... یووسف عوسمان حەمەد 150
– ڕیتم و گۆڕانکاری.......... ئا: کامەران حاجی ئەلیاس 152
– شەکسپیر و پاڵەوانی تراژیدی.......... هیوا سوعاد یوونس 157
– ڕەوانبێژی لە شانۆگەرییەکانی برێخت–دا.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 160
– گرفتەکانی درامای «جەژنی پینەدۆزەکان» گرفتی ئەمڕۆی ئێمەن.......... کاوە عەبدولکەریم شێروانی 164
– سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دراما.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح 168
– شانۆ لە سەرەتاوە تا.......... و – ئا: حسێن هیمەتی 173

E- mail: gulanme @ gulan-media. net

تەلەفۆنەکانی گۆڤاری (ڕامان):
E- mail: raman @ raman-media. net
(٢٢٣٢٣٨٥)
(٢٢٣٠٥٨٢)
مۆبایلی سەرنووسەر: (٤٤٩٤٦٦٢)

ناوونیشانی گۆڤاری (ڕامان):
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

بەڕێوەبەری هونەری:
سەرکەوت وەلی

- شانۆی (نو)ی یابانی...................................... و/ م. پەروەر 176
- هونەری شانۆ لە سەردەمی (ئێلیزابێث)دا........................... ڕێبین سەعدی 183
• یاداشت
- هەولێر.. شانۆ و شانۆکاران...................................... مەغدید حاجی 186
• گۆرانی و مۆسیقا
- ئۆپەرێت...................................................... باکووری 193
• سینەما
- مێژووی پەیدابوون و گەشەکردنی هونەری سینەما.......................... کاروان محەمەد 197
• شانۆنامەی خۆماڵی
- ئەوانەی توونی بابا چوون......................................... ئەحمەد سالار 209
- ژەنەڕاڵ......................................................... کامەران سوبحان 218
- میوانی ئەم ئێوارەیە............................................... گەزیزە 223
- زەوی........................................................... برایم فەرشی 229
- جوانەمەرگ....................................................... ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە 238
• شانۆنامەی وەرگێڕدراو
- بۆباخچییەکان یادگاریان نییە..................................... و/ خالید عوسمان 241
- شانۆی زەماوەند.................................................. و/ لە فارسییەوە: ئیبراهیم حەسەنی 250
• شانۆنامەی ئامادەکراو
- دەنگەکان................................. ئا: حیکمەت ئەلحاج.. و/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل 253
• سیناریۆ
- نۆرەی ئەشقێنی................................. و/ لە فارسییەوە: فەوزیە سوڵتان بەگی 258
• ئۆپەرێت
- سروودی بەرزی.................................................. ئەحمەد تاقانە 269
• شانۆی بووکەشووشە
- گورگ و برسێتی................................................. ئا: لەتیف نوعمان 273
• شانۆنامەی منداڵان
- دارستانا گیانەوەران............................................... نیهاد سەعدوڵڵا 274
• بەدواداچوون
- شانۆنامەی (مێشەکان).............................................. نەجاتی عەبدوڵڵا 279
• تیراژ (283 - 302)
• کتێب
- شانۆی مۆبایل و دەربڕینگەرێتی جەستە........................ لێدوانی: ئەردەڵان ساڵح 303
- بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی شانۆی نەوژەندا.................. لێدوانی: جوان حوسێن 306
- شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی.................. لێدوانی: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە 309
- ڕیالیزم لە شانۆدا.............................. لێدوانی: عەتا عەبدوڵڵا سەعید 311
- بیکیت.................................................... لێدوانی: هەردی عەلی 313
• ئەلبوومی ڕامان (316 - 317)
• زاراوەسازی
- چەند زاراوەیەکی شانۆیی تایبەت بە (دیکۆر و تەختەی شانۆ)......................... و/ مەهدی حەسەن 318
- لاسایی کردنەوە..................................... ئا: د. موحسین ئەحمەد عومەر 321
• دوا پەنجەرە
- تەنگژەی شانۆی کوردی هەر تەنیا نەبوونی دەق نییە.......................... ئازاد عەبدولواحید 322